# هێڵـــنج

# ژان پول سارتەر

# هێڵـــنج

وەرگێڕانی

ئەسکەندەر مەحموود کانی تووەیی

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **هێڵنج (ڕۆمان)**
- **نووسینی: ژان پۆل سارتەر**
- **وەرگێڕانی:** ئەسکەندەر مەحموود کانی تووەیی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** ڕێمان
- **نرخ:** ٤٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠دانە
- **چاپخانە:** موکریانی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٤)ی لە ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب** (٧١٣)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## سوپاس نامە:

زۆر سوپاسی مامۆستا (قادر عەزیز) و (عوسمان مەحمودە درێـژ) دەکـەم کـە بەردەوام پیشتیوانم بوون لە کارەکانمدا. (وەرگێڕ)

## ڕوونکردنەوەیەك لەسەر (هێڵنج)[1]

**بەرکوڵ:**

ئەو کورپێژگەیەی کە بەئاواتەوەیە ببێتە پاڵەوانی مشتەکۆڵە، دەریا ساڵار، یان گەڕۆکی بۆشاییگەری، **بابەتی واقیعی** هەڵدەبژێرێت. ئەگەر نووسەر **بابەتی خەیاڵی** هەڵدەبژێرێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەم دوو قەڵەمڕەوە دەکاتە هاوشێوە[2].

دەکرێ سارتر بە دوایین نووسەری پێش شەڕ و یەکەمین نووسەری دوای شەڕی فەڕەنسا بناسرێت. دەتوانرێت بە نووسەرێك لە قەڵەم بدرێت کە زیاتر بەهۆی ڕۆمانی **هێڵنج**ەوە لە ساڵانی بەرەبەری **١٩٣٩**دا درەوشاوە[3]، شەڕ ڕێبازی نووسینی لێ پساند و لە پاش ڕزگاربوونی فەڕەنسا، سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە نووسین. ئەمە بۆچوونێکی دژوار نییە: بەر لە **١٩٣٩**، ژمارەیەکی تاڕادەیەك کەمی خەڵك قەدری سارتەریان دەزانی، لە دوای شەڕ، ئەو نە تەنیا بەهۆی نووسینی شانۆوە کاریگەریەکی بەربڵاوی بەجێهێشت، بەڵکوو باوبوونی خێرای ((مۆدە))ی ئەگزیستانسیالیستی لە ساڵانی دوای شەڕدا، ڕوخسارێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەی لێ نەخشاند. بەڵام ئەگەر سەیری ڕێبازی نووسەرایەتی سارتەر بکەین، بێ ئەوەی بەبێ ویستی خۆمان وایدابنێین کە شەڕ دابڕانێکی لە ڕەوتی پەروەردەبوونیدا پێکهێنا، هەر

---

١- ئەم ڕوونکردنەوەیە، بەشی یەکەمی ڕەخنەیەکە بەناوی سارتر: هێڵنج و مێشەکان (نوسراوی کێت گور) مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد، کە وەکوو نامیلکەیەك لە زنجیرەی ((کۆمەڵە توێژینەویەك لەسەر ئەدەبیاتی فەڕەنسا)) (Stuaies in French Literature)دا بڵاوکراوەتەوە، نیشانەکانی کتێب ناسینەوەکەی بەم شێوەیەیە: Ld navsee andles movches London: Warda tnoid keith Gore sarter (Publisners) Ltd, 1974 هیوادارم کە ئەم ڕوونکردنەوەیە یارمەتی زیاتری خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتن لە هێڵنج.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە: لە پەراوێزەکاندا لەو شوێنەی کە هاوشێوەی فەڕەنسایی یان ئینگلیزی دەستەواژەکان هاتووە، بێژەی دەرەوەی کەوانە فەڕەنساییە و بێژەی نێوکەوانەکەش ئینگلیزییە. ئەگەر هاوشێوەیەك تەنیا و بەبێ کەوانە بێت، فەڕەنسی بوونی بە F، ئینگلیزی بوونی بە هێمای E دیاری کراوە. (وەرگێڕ)

٢- ڕوونکردنەوەی ژان پۆل سارتر لە بارەی وشەکانەوە، ڕۆژنامەی لۆمۆند (شەممە ١٨ی نیشانی ١٩٦٤).

٣- ساڵی دروستبوونی شەڕی دووەمی جیهانی.

زۆر زوو بەو دەرەنجامە دەگەین کە بەڕاستی بەردەوامییەکی ئاشکرا لە کارەکەیدا هەیە. ئـەم واتایە کاتێك ڕوون دەبێتەوە کە بەردەوامیی داهێنانەکانی سارتر لەبەرچاو بگرین: **هێڵنج** لـە ١٩٣٨دا، **دیوار** لە ١٩٣٩، **بابەتی خەیاڵی** و یەکەمین شانۆی بە ناوی **باریۆنا** لە ١٩٤٠دا و **مێشەکان** و **هەبوون و نەبوون**-کە لە ماوەی چەند ساڵدا هەر لە بەرەگەی داهێناندا بوو- لـە ١٩٤٣دا و شتی تریش.) بەم شێوەیە سارتر لەم ڕووەوە دوایین نووسەری بەر لە شەڕ و یەکەمین نووسەری دوای شەڕە کە بە هەڵبەستنی پردێك بەسەر کـەلێنی سـاڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥دا بـە مراد دەگات.

هەڵبەستنی پردی لەم شێوەیە پێویستیی بە بەردەوامبوون و هـەروەها گونجاوییـە لەگـەڵ پێگەی گۆڕان بەسەرهاتوودا-هـەر لـەم ڕووەشـەوە پێکـەوەهێنانی **هێڵـنج** و **مێشـەکان** لـە توێژینەوەیەکی تاقانە و بایەخداردا شیاوی سەرنجە. سارتر لە ساڵانی بەر لە شـەڕدا لـە ڕووی فێرکـاریی و پیشـەوە فەیلەسـووف بـوو، زۆر هـۆگری لایەنـە کۆمەڵایەتییـەکان نـەبوو. "سیاسەتپەرێز بووم و خۆم لە هەموو جـۆرە دەروەسـتییەك لادەدا." (...)[1] تەنانـەت سـاڵی مەترسیداری ٤-١٩٣٣ش[2] ، هەر ئەو کاتەی کە ئەو لە بەرلین دەژیا، قەناعەتی پێنەهێنا کە بە سیاسەتەوە پابەند بێت. **هێڵنج** گێڕانەوەی ئەو پێگەیەیە لەو ڕووەوە کە خەسڵەتی فەلسەفی و تاکەکەسی هەیە: بەو واتایە کە ئەزموونی ئانتوان ڕووکانتن[3] بانسروشتی (میتافیزیکی)یە و سەروکاری لەگەڵ هەبوونی تاکە کەسی ئـەودا هەیـە. ئـەو ئاسـوودەییەی کـە ئـەو بەدوایـدا دەگەڕێ لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکان و لەگەڵ مرۆڤی تر دەست نادا، بـەڵکوو بە یارمەتی خولڤاندنی هونەری لـە خـەڵوەتی تەنیاییـدا بـەدی دێـت -بـۆ نموونـە نووسـینی ڕۆمانێك دەتوانێ وەها پێویستبوونێك بە هەبوونی وی ببەخشێ کە لە بارودۆخ و هەلومەرجی دیکەدا نییەتی. لە **مێشەکان**دا، ئۆرێست[4] ئاگـاداری مەسـەلەی هاوشـێوەبوونە، بـەڵام ئـەو ڕێگاچـارەی کـە ئـەو دەیدۆزێتـەوە جیاوازییـەکی ئاشـکرای لەگـەڵ ڕێگەچـارەی ویسـتراوی

---

١- وتاری ((پۆل ئیزان)) لە بەرگی چوار کۆمەڵە وتاری سارتر بە ناوی پێگەکان.

٢- کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی هیتلەر و حیزبی نازی. (وەرگێڕ)

٣- کەسایەتی یەکەمی ڕۆمانی هێڵنج کە ڕووداوەکان لە زمانی ئەوەوە دەگێڕدرێنەوە. (وەرگێڕ)

٤- Oreste: پاڵەوانی شانۆی مێشەکان. (وەرگێڕ)

ڕووکانتندا هەیە، لەبەر ئەوەی چاوی هیوای بڕیوەتە کارکردن لەنێو کۆمەڵی مرۆڤەکاندا و بە شێوازێکی دەزانێت کە ئەو لە پێویست بوونی خۆی دڵنیا دەکات.

بەردەوامبوونی لە نووسینێکەوە بۆ نووسینێکی تر لە وێکچوونی دڵەڕاوکەی نێو نووسراوەکانیڕا دیارە و ئەم دڵەڕاوکانەش بە نۆرەی خۆیان کۆمەڵە ئەندێشەیەك دووبارە دەکەنەوە کە لە نوسراوە فەلسەفییە ڕووتەکانی ساڵانی بەر لە شەڕ و هەروەها لە **هەبوون و نەبووندا**، ساڵی ١٩٤٣ دەربڕدراوە. جیاوازی تارادەیەك لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە کاتێکدا لە ڕۆماندا، لەسەر شێوازی دەفتەری بیرەوەرییە تایبەتییەکان، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ئەزموونی زۆرینەی کەسی بە لادانی هەموو شتێکی دیکە سوود وەربگیرێت، ئەو نەریتە شانۆییە کە سارتر کاری تێدا دەکات لە خۆگری ئەوەیە کە مرۆڤ ((لەکاتی کارکردندا)) لە جیهانی مرۆڤگەلی تردا نیشان بدات. ئەم جیاوازییە هەروەها سەبارەت بە سارتر دەرەنجامی کامڵبوونی ئەوە لە گۆشە نیگایەکی کەسی و چاوگێڕانێکدا بۆ جیهان، بەرەو ئەو گۆشەنیگایە کە بە واتابوونی هەبوونی تاك تەنیا بریتییە لە هەبوونی وەها جیهانێك کە مرۆڤگەلی دیکە لەخۆ دەگرێت و تێیدا، دەبێ کاری کاریگەر لە هاوبەشی لەگەڵ ئەواندا ئەنجام بدرێت. بە وتەیەکی تر، کاتێك کە پێکەوە سەیری **هێڵنج** و **مێشەکان** دەکەین، خاڵێکی پێکەوە گرێدراو لە پەروەردەکردنی سارتردا دەردەخات(...).

ئێستا دەچینە سەر باسی بەستێنی بەدیهێنەری هێڵنج.

* * *

ئەم زەمینەیە پێوەندییەکی تووندو تۆڵی هەیە لەگەڵ بیروڕاکانی سارتردا سەبارەت بە بابەتی خەیاڵی. ئەڵبەتە خودی هێڵنج بریتییە لە ڕۆمانێکی بەرهەمهێندراوی خەیاڵ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو دوو داهێنانە فەلسەفییەی کە سارتر لە کاتی کارکردن لەسەر ڕۆمانەکەی هێنایەدی ناویان خەیاڵ (بڵاوکراوەتەوە لە ١٩٣٦دا) و بابەتی خەیاڵیی (بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٤٠دا)یە. هەروەها ژیاننامە خۆ نووسەکەی، **وشەکان**، نەك هەر هەمان گرینگی وشەکان لە ژیانی سارتردا بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات، بەڵکوو هەروەها باس لە پێوەندییەك دەکات کە لە زەینی ویدا لەنێو ئەو وشانە و جیهانی خەیاڵیدا هەیە کە وروژاندوویەتی بۆ کارەکە. مەبەستمان لە دەستەواژەی ((جیهانی

خەیاڵی)) ڕوون دەکەینەوە، ئەگەرچی تەنیا بەهۆی ئەوەی کە سارتر لە بابەتی خەیاڵیدا ئەم (یاسا گەورەیەی خەیاڵ) دەردەبڕێت کە ((جیهانی خەیاڵی هەبوونی نییە))[1] (ل٢١٥)

ئەو لە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەیدا دەڵێت کە جیهان بریتییە لە گشتییەکی ئۆرگانیك کە تێیدا هەر شتێك شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و بەستراوەتەوە بە هەموو شتەکانی ترەوە، بەڵام جیهانی خەیاڵی، جیهانی شتی ناڕاستەقینەیە کە بوونی خۆیان قەرزداری ئەو کەسەن کە دەیانهێنێتە خەیاڵوزو-لەم ڕووەوە، ئیمکانی ئەوە نییە کە ئەوان لە شوێنێکی تایبەت بن، لەبەر ئەوەی کە ئەو خەیاڵەی کە بوونیان قەرزدارییەتی مادی نییە و تاکە پێوەندییەك کە دەتوانن هەیانبێت لەگەڵ ئەو خەیاڵەدایە کە پێوەیەوە سەرمەدی و هەمیشەیین(ل١٧٠). سارتر بە هیچ جۆرێك نکۆڵی لە شتی ناڕاستەقینە ناکات: ((شتی ناڕاستەقینە، هاوشێوەی بابەتێکی ناچالاك بوونی هەیە، بەڵام بوونی نکۆڵی لیٚ ناکرێت))(ل١٨٠) وادەرناکەویٚ لەبەر ئەوەی شتی ناڕاستەقینە بوونیان هەیە، کەواتە هەبوونیان لەلای ئێمە بە هەمان شێوەی شتی ڕاستەقینەیە، شتی ڕاستەقینە کۆمەڵە شتێکن کە دەکەونە نێو دەرك و تێگەیشتنی ئێمەوە (ئێمە مێز دەبینین) ئەمە لە کاتێکدایە کە شتی ناڕاستەقینە دەتوانن تەنیا لەبەر ئەو بناغەیە جێگیر بن کە ئێمە دەیناسین و ئەم گەواهیەی زیاتر بە ڕاپەڕینی شتی ناڕاستەقینە بۆ ئێمە، لە ڕووی بیٚ توانایيمان لەسەر دەرك پێکردنی زەمەنی ناڕاستەقینە پشتڕاست دەکرێتەوە: جیهانی ناڕاستەقینە پەیوەندییەکی شێوە ئەرك و زەرووری هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینە نییە کە ئەزموونی دەکەین. دەرەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە ئێمە خۆمان لە دۆخێکی نامۆدا دەبینینەوە: لەلایەکەوە، دەتوانین بەبەکاربردنی خەیاڵمانەوە شتی ناڕاستەقینە بەدەست بێنین و لەلایەکی دیکەشەوە وای دانێین کە ئێمە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونمان هەیە وشتی ناڕاستەقینە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونی نییە. ئەم بەرهەمەی خەیاڵمان بە ناچاری لە ڕیشەوە لە ئێمە جودایە. دەرەنجام: ((جیهانی خەیاڵی ڕاستەو ڕاست جیاکراوەیە، من جگە لە بە ناڕاستەقینەکردنی خۆم ناتوانم پێی بگەم))(ل١٧٥).

---

١- ژمارەی لاپەڕە پەیوەستە بە دەقی سەرەکییەوە. (وەرگێڕ)

ئەگەر بمەوێت خۆم دابێنمە خەیاڵەوە کە لەسەر یەکێك لە لێوارەکانی ((دوورگەکانی دەریای باشوور))[1] لەبەر خۆرەتاو ڕاکشاوم، دەبێ لە ڕوویەکەوە بزر ببم (بۆ نموونە لەم ژوورەوەدا کە دەکەوێتە بەریتانیاو لێیەوە باران دەبینم کە بە لێشاو بە پەنجەرەکەدا دەچۆڕێتەوە) و هەم لێواری خەیاڵی و هەم ئەو (خۆ)یەی کە لەسەری ڕاکشاوە بەدەست بێنم. هەر ئەمەیە کە ئەگەر کەسێك وەژوور کەوێت، دەڵێ من خۆم وا دەنوێنم کە دەڵێی ((چەندەها فەرسەنگ دوورم.)) گرینگی ئەم خاڵە بۆ مەبەستەکانمان زۆرە. سارتر ڕوونی دەکاتەوە کە شتێکی خەیاڵی، هەرچەندە کە ئامادەش بێت، بەڵام دیسانەوە لەبەر دەستمان دوورە- نەدەتوانین دەستی لێ بدەین و نە گۆڕان بەسەر دۆخیدا بێنین. ئەگەر بمانەوێت بۆمبای خەیاڵی بەسەر تێزاری خەیاڵیدا فڕێ بدەین، دەبێ بۆ ئەم کارە ببینە تیرۆریستی خەیاڵی. بەدەستەواژەیەکی دیکە، خەڵکی ڕاستەقینە ناتوانن کار لە شتی خەیاڵی بکەن. ئەم واتایە مادامەکی کە قسە لەسەر دنیای وەهمی تۆ یان من ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام بەجۆرێکی دیکە خۆی دەنوێنێ ئەو کاتەی کە خەیاڵ بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمێکی هونەری بەکار ببرێت. بەم حاڵەشەوە، شتی خەیاڵ بەهۆی دەربڕینییەوە لە قاڵبی شانۆ، وێنەکێشان، سەمفۆنیا و ڕۆماندا دەگوازرێتەوە و بە خەڵکانی تر ڕادەگەیەندرێت. لە بەشێکدا لەبابەتی خەیاڵی کە بەتایبەتی باس لە بەرهەمێکی هونەری دەکات (ل٤٦-٢٣٩)، سارتر ئەم خەیاڵە دەکاتە خاڵی مەبەستی خۆی کە ((بەرهەمی هونەری کارێکی ناڕاستەقینەیە.)) ئەگەر ئێمە دەتوانین بڵێین کە وێنەی شارڵی هەشتەم شتێکە، ئەوە نابێ لەو ڕاستییە غافڵ ببین کە ئەو شتە هاوشێوەی تابلۆی وێنەکێشان نییە کە بە ڕەنگ داپۆشراوەو چوارچێوەیان تێگرتووە و ئێمە بە دیوارییەوە هەڵدەواسین.

تا ئەو کاتەی کە ئێمە سەیری شتی مادی (تابلۆ، رەنگ وشتی دیکە) دەکەین، ئەوە شارڵی هەشتەم نابینین چونکە ئەو دوانە هەرکامیان دەچنە نێو بازنەیەکی ئاگادارییەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە شتی مادی لەبەردەستی ئاگاداری ڕاستەقینە بەخشی ئێمەدایە، ((شارڵی هەشتەم)) دەتوانین تەنیا بە کرداری ئاگاداری خەیاڵ سەیری بکەین و ئەمەش پێویستی بە لادانی جیهانی مادییە. ڕێك وەکوو ئەوەی کە تیرۆریستی خەیاڵی پێویستە تاکوو بۆمبێکی

---

[1] - کۆمەڵە دوورگەیەك لە باشووری زەریای هیندیدا. (وەرگێڕ).

خەیاڵی بەسەر تێزارێکی خەیاڵیدا بەرداتەوە. بە هەمان شێوە تەنیا ئەو ئاگادارییەی کە گوازراوەتەوە نێو قەڵەمڕەوی ڕوخسارە خەیاڵییەکان دەتوانێ ڕوخساری خەیاڵی شارڵی هەشتەم ببینێ. لە ئەنجامدا لەکاتی قسەکردن لەسەر (بابەتی ڕاستەقینە)) و ((بابەتی خەیاڵی)) لە هونەردا دەبێ وریابین. بە گوتەی سارتر، ئەو باوەڕە هەڵەیە کە وێنەکێش لە سەرتادا بیرۆکەیەکی لەسەر شێوەی ڕوخسارێکی خەیاڵی هەیە کە دواتر لەسەر تابلۆکەی دەیکاتە ڕاستەقینە. ڕەنگە ڕاست بێت کە وێنەکێش کارەکەی بە ڕوخسارێکی خەیاڵییەوە دەست پێدەکات کە هەوڵ دەدات بە بۆنەی کێشانەوەی وێنەوە، بە ئێمەی ڕاگەیەنێت، بەڵام ڕاست نییە کە دیمەنی وی بریتی لە ڕوخساری خەیاڵی بۆتە ڕاستەقینە. لەبەر ئەوەی بابەتی ڕاستەقینە لەسەر تابلۆکەیە و بە هەمان ئەندازە ڕوخساری خەیاڵی نییە کە ئەوەیتر پەڵە ڕەنگەکان، شارلی هەشتەم بوو. کاری وێنەکێش دابینکردنی شتێکە کە سارتر بەرژەوەندی مادی ((لێکدەداتەوەو بەهۆی سەیرکردنییەوە دەتوانین ئەو ڕوخسارە خەیاڵییە ئەزموون بکەین کە وێنەکێش خوازیاری ڕاگەیاندنیەتی بۆ ئێمە، بەڵام ڕوخساری خەیاڵی، هەرچەندە خاوەنی نواندنیش بێت))، بەڵام دیسانەوەش لەسەر حاڵەتی ڕوخساری خەیاڵی دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە وێنەکێشی ڕاستەقینە دەیلوێنێ کە تەماشای ئەو شتە ناڕاستەقینەیە بکەین کە هەرگیز نەمدیتووەو قەتیش نایبینم، چونکە ناتوانرێت بگوترێ کە ئەوە لە نێو وێنەکێشراوەکەدا، یان بەڕاستی لە هەرجێبەکی جیهاندا بوونی هەیە. کەواتە ئەو چێژەی کە وەری دەگرین دەرەنجامی سەیرکردنی ڕەنگی سەر تابلۆکە نییە بەڵکوو لە پرۆسەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەهۆی بەریوانی کردنی وێنەکێشی ڕاستەقینە لێی تێدەگەین. بە وتەیەکی تر هونەرمەند لەبەرهەمی هونەریدا شتێکی ناڕاستەقینە دەخولقێنێ کە لەسەر شێوەی شتێکی ناڕاستەقینە بە ئێمەی ڕادەگەیەنێت. ئەوەشی کە سەبارەت بە وێنەکێشان ڕاست دەردەچێت ڕەنگە بە شێوازێکی ڕوونتر دەربارەی ڕوخسارە هونەرییەکانی دیکە وەکوو ڕۆمان و شیعر و شانۆ ڕاست بێت. ئۆلیڤێر تویست[1] نە کەسێکی ڕاستەقینەیە و نە تەنیا وشەی چاپکراو کە ئەگەر نوسخەیەك لە ڕۆمانی ئۆلیڤێر تویست بکەینەوە دەیبینین، ئەو کەسێکی خەیاڵییە کە دیکنز بە بەکارهێنانی

١- ناوی پاڵەوانی ڕۆمانێك بەم ناوە لە نووسینی چارلز دیکنز نووسەری بەریتانیایی، ١٦١٦-١٥٦٤. (وەرگێڕ).

نواندنی سەر زارەکی پێمان ڕادەگەیەنێت. بە هەمان شێوەش، ئەکتەری سەر تەختەی شانۆی هاملێت[1] نییە، بەڵکوو مرۆڤێکە کە جەستەی، دەنگی و هاوشێوەی نوێندراوی مادی کەسایەتی خەیاڵی و خولقێندراوی شکسپیەر بەکاردەبات. هاملیا لە کەسایەتیدا نابێتە ئەکتەری ڕاستەقینە. دەبێتە پێچەوانەی، ئەکتەری ناڕاستەقینە تاکوو کەسایەتییەکی ناڕاستەقینە بە ئێمە ڕابگەیەنێت: بەو واتایەی کە ئێمە کاتێك دەست دەکەین بە (دیتنی) هاملێت کە لە دیتنی لۆرێنس ئۆلیڤێر[2] بووەستن، ڕێك هاوشێوەی ئەوەی کە سەرنجمان ئاراستەی ڕەنگی سەر تابلۆکەیە ناتوانین شارلی هەشتەم ببنین.

بەڵام ڕەنگە دڵگیرترین نموونەی ناڕاستەقینە بوونی بەرهەمی هونەری لە مۆسیقادا پەیدا بکەین. کاتێك کە دەچینە کۆنسێرتێك، دەچین تاکوو گوێ لە پارچە مۆسیقایەك بۆ نموونە سەمفۆنیای حەوتەمی بتهۆڤن بگرین. ئەگەر ئەندامانی ئۆرکێستر هەڵەی زۆر ئەنجام نەدات، ئەگەر ڕێبەر ئەوەندە جموجۆڵی جەستەیی خوارو خێچ نەکات، هەروەها شتی تر)، هەردووکیان خۆیان لە بیردەکەن و من ئەوندە ئاگام لەخۆم دەبێت کە دەڵێی لەنێو خودی سەمفۆنیای حەوتەمدام، بەڵام لە ڕاستیدا چۆن دەتوانرێت وابێ؟ ڕوونە کە هیچ پێوەندییەکی بە ئۆرکێستر و ڕێبەرەوە نییە، ئەوان جێبەجێکارن و بەس، دەشکرێ کەسانی تر بکرێنە شوێنگرەوەیان. هەروەها پێوەندی بەو شەپۆلە دەنگانەوە نییە کە ئێمە دەرکیان دەکەین، چونکە ئەمانە دیاردەی مادین کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەیە، ئەوانە ئومێدواری مادین کە تاقیکردنەوەی ئەو شتە بۆ من دەلوێنێ کە بە سەمفۆنیای حەوتەم دەیناسین. سەمفۆنیا لەسەر نوکی داری دەستی ڕێبەر، لە نێو ئامێرەکانی مۆسیقادا، لەسەر لاپەڕەکانی نۆتە، یان بەڕاستی لە هۆڵی کۆنسێرتدا نییە و هاوشێوەی وێنەکێشان یان ڕۆمان یان شانۆ، ناڕاستەقینەیە و تەنیا لە قەڵەمڕەوی بابەتی خەیاڵیدا بوونی هەیە. ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین لە نێو خودی سەمفۆنیادا ئامادەبین کە خۆمان بگوازینەوە بۆ نێو قەڵەمڕەوی بابەتی خەیاڵی-لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بێت و بۆ ئاسانکردنی ئەو کارە و خۆپاراستن لە بەزاندنی جیهانی ڕاستەقینەیە کە زۆرکەس لەکاتی گوێگرتن لە مۆسیقا چاوەکانیان دەنوقێنن. لە

---

١- پاڵەوانی شانۆیەك بەم ناوە لە نووسینی ویلیام شکسپیر. (وەرگێڕ)

٢- ئەکتەۆی بەناوبانگی بەریتانیایی لە دایکبووی ساڵی ١٩٠٧. (وەرگێڕ)

ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە لەو کاتەدا کـە پارچـە مۆسـیقا لـە گـوێگری ڕاسـتەقینە بـزرە و لەبەردەستدا نییە، خودی خۆی دەداتە ئێمە. لێرەدا دیسانەوە ئەو بەرهەمـە هونەرییـەی کـە ئێمە هاوشێوەی بەرهەمی هونەری تێیدەگەین شتێکە لەبەردەست دوورە کە ناکرێـت کـرداری ئێمە هیچ کامیان کاری تێ بکات. ئـەو نموونـە جۆراوجۆرانـەی کـە سـارتر دەیانهێنێتـەوە، هەموویان جەخت لەسەر ئەم واتایە دەکەنەوە کە بەرهەمی هونەری لەسـەر شـێوەی تایبـەتی بوونی هەیە. ئەوە بۆ هونەرمەندە خوڵقێنەرەکە بوونی هەیە، ئەوە هەروەها بـۆ ئـەو کەسـەی سەیری وێنەکێشراوەکە دەکات، ڕۆمان دەخوێنێتەوە، گوێ بۆ سەمفۆنیا دەگرێ، هەروەها هی تر، بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بوونی هەیە هەمیشە شتێکی ناڕاستەقینەیە و ئەمـەش بـە واتای ئەوەیە کە بەرهەمی هونەری هەر کە خوڵقێندرا لەبەردەسـتی هونەرمەنـد و گـوێگر و خوێنەرەکانی دەچێتەدەر و تەنانـەت لـە نوێنـدراوە مادییەکـەش دەچـێتە دەرێ و سـەربەخۆ دەبێت.

هونەرمەند و ئاراستەکراوەکان خەڵکانی ڕاسـتەقینەن و کاریگـەریان تـەنیا لـە جیهـانی ڕاستەقینە دەبێت: سەمفۆنیای حەوتەمی بتهۆڤن لە هەموومان پارێزراوە. ئەگەر هـەوڵ بـدەم کـە پێـوەی خـەریك بم، ڕەنگـە لێکدانەوەیـەکی خـراپ لـە وێـژراوی بتهـۆڤن یـان ڕەنگـە ((سەمفۆنیای یەکەم))ی خۆم بەدەستەوە بدەم، بەڵام بۆ ئێوە سـەمفۆنیای حەوتـەمی بتهـۆڤن هەر بەو شتە دەمێنێتەوە کە بەردەوام بووە. تا ئەو جێیەی کە قسە لەسەر نوانـدنی مادییـە، سەربەخۆیی بەرهەمی هونەری لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئۆلیڤێر تویست، بۆ نموونە، کتێبەکە لەسەر تاقە نییە. ئەگەر هەموو بەرگەکانی کتێبی ئۆلیڤێر تویسـت لـەناو بچـووایە، بـوونی ئۆلیڤێر تویست هیچ بۆم کەم نـەدەبۆوە: لەناوچـوونی کتێبـە ڕاسـتەقینەکان ناتوانێـت هـیچ کاریگەرییەکی هەبێت بۆ سەر کەسایەتی ناڕاستەقینە.

دەرەنجامی ئەم هەمووە دەبێتە ئەوەی کە بەرهەمی هونەری لەدەست سنووورداری و گەمارۆ و بارودۆخ و هەلومەرجی جیهـانی ڕاسـتەقینە ڕادەکـات. هـەر کـە هونەرمەنـد خوڵقانـدی، بەشێوەیەکی ڕەهاو بۆ هەتا هەتایە، دەبێتە دەست پێ نەگەیشتوو و لە گۆڕان نەهاتوو.

*　　*　　*

بەڵگەی وەها دیدێك بۆ بەرهەمی هونەری، بۆ خـودی سـارتر زوو ئاشـکرا دەبێـت. بـەر لەمە، لەمیانەی دەربڕینی ئـەم خاڵـە کـە بـێ توانـایی ئێمـە وەکـوو خـەڵکانی ڕاسـتەقینە

مادامەکی کە تەنیا سەروکاری لەگەڵ جیهانی خەیاڵەکانەوە هەیە کاریگەری نابێت بۆ سەر شتی خەیاڵی و گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوە قسەکەمان لەسەر سارتر ڕاست دەرنەدەچوو. یەکێك لە باشترین کتێبەکانی، وشەکان، هاوکارییەکی زۆر بە ڕوونکردنەوەی پەروەردەکردنی خۆی دەگەینێ و نیشان دەدات کە دنیای وەهمەکان تاکوو چ ڕادەیەك بەشێکی سەرەکی بووە لە ئەزموونی منداڵیی خۆی. بە دەستەواژەی سادە، ئەو بەڵگەیەی کە دەیداتە ئەو ئەوەیە کە لە ئەنجامی مردنی باوکی لەوکاتەدا کە ئەو لە تەمەنی منداڵیدا بوو و گەڕانەوەی دایکی بۆ ماڵی دایك و باوکی، ئەو کەوتە بارودۆخێکی نالەبارەوە کە تێیدا شوێنێکی ئەرکی نەبوو. لە یەك ڕووەوە، ئەو لە خێزان وەدەرهاویشترا، لەبەر ئەوەی خێزان لە دایك و باوك و یەك یان چەند منداڵ پێکدێت و لەمبارەی منداڵەوە، دایکی بوو نەك ئەو. لەوەش زیاتر، خێزان لانکی ڕاستەقینە بوو کە مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو لە دەرەوەی خێزان بوایە، هەروەها دەکەوتە دەرەوەی ڕاستەقینەش: ((من منداڵێکی درۆزن بووم، بۆ تێکوەردانی زەلاتەش کەچکێکی درۆزنم بەدەستەوە دەگرت، هەستم دەکرد کە کرداری بەخوو ڕەوشتم گۆرانی بەسەردا دێ و هەڵدەگەڕێتەوە)) (وشەکان، ل٦٧)، ئاشکرایە، کە منداڵێکی درۆزن بە هەمان ئەندازە ناتوانێت زەلاتە تێکوەردەری ڕاستەقینە بەدەستەوە بگرێت کە تیرۆریستی ڕاستەقینە نازانێت بۆمبی خەیاڵی بهاوێژێ لەبەر ئەوەی کە کردارەکان کۆمەڵە شتێکن کە کۆمەڵە دەرەنجامێکیان لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەیە، منداڵی درۆزن تەنیا توانای خووڕەوشت و هەڵسوکەوت و جوڵەی هەیە، واتە ئەو ((کردار))انەی کە لە دەرەنجامەکانیاندا ڕووتاونەوە(...) بە وتەیەکی تر، سارتری کەم تەمەن هەروەکوو شتێکی خەیاڵی بوونی هەبوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە کەسانی وەکوو باپیری وەکوو بڵێی بوونێکی ڕەهای زەرووری لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەبێت بەو واتایەی کە مەزەندە کردنی جیهان بەبێ وی لە کردن نەهاتبوو، سارتر خۆی بە زیادە دەزانی، کەسێك کە ئەگەر دیار نەمابا بزر بوو و هەستی پێنەدەکرا، کەسێك کە هەبوونی لە هیچ ڕوویەکەوە بوونی لە جیهانی ڕاستەقینەدا زەروور نەبوو.

کەواتە ڕەنگە سەرسووڕهێنەر نەبێت کە وشەکان گرینگییەکی وەهایان بۆ وی دروست بووە. لە وشەکاندا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن چۆنی شێوەزار و وتارەکانی گران لاڕوس[1] مرۆڤەکانی ((ڕاستەقینە)) و گیاندارانی ((ڕاستەقینە))ی دەخستە بەرچاوی وی. ((وێنەکان جەستەکانیان بوون و دەقیش، هەناسە و جەوهەری تایبەتیان بوو، (...) لە باخچەی ئاژەڵاندا مەیموونەکان کەمتر مەیموون بوون، لە باخی لۆکسامبۆرگدا مرۆڤەکان کەمتر مرۆڤ بوون.)) (وشەکان، ل٩-٣٨) ئەم تێڕوانینە زۆر مەزەندە باوەڕانە و (ئایدیالیستی)یە، هەر جارەی کە پەڕەکانی زانستنامەی لاڕوس هەڵدەدرێنەوە، دیمەنەکان ڕێك بە شێوەی جاران بەدیار دەکەون و ئەمەش شتێکی زیاتر لەوەیە کە بکرێت دەربارەی مەیموونە ڕاستەقینەکان یان مرۆڤە ڕاستەقینەکان بگوترێت.

ناچاری و لە سەدا سەد بوونی مرۆڤەکان و مەیموونەکان لە زانستنامە ڕاستەقینەکانە. ئەمەش قسە دەربارەی دەقی هاوڕێی وێنەکان-و دەربارەی چیرۆکەکان.

سارتر هاوشێوەی هەموو منداڵان وا ڕاهاتبوو کە گوێ بۆ چیرۆکبێژی دایکی بگرێت، بەڵام بۆ وی بووە دۆزینەوەو شایەدێك ئەوکاتەی کە سەرەنجام کە بووە خاوەنی کۆمەڵە کتێبێکی خۆی و دایکی لە بری چیرۆکگێڕانەوە، لەسەر کتێب چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە. ڕوونکردنەوەی لەبارەی هۆکاری ئەم حاڵە زۆر سەرنجڕاکێشە کاتێك کە ڕێبازی دواتری خودی وی بێنینەوە یاد و هەروەها دەسبەجێتر لەوە بۆ مەبەستی ئێمە، لە ڕووی ئەو دەرەنجامەی کە ئەو بۆ هێڵنجی دابین دەکات. گوتاری لە وشەکاندا ئاوایە: بەرە بەرە چیرۆکی پێشتر دروستکراوم لە بەرامبەر چیرۆکی لەناکاو بۆ هاتوو هەڵبژارد، بەرامبەر بە یەك لە دوای یەکی وردو بێ خەوشی وشەکان هەستیار بووم! لە هەر جارەی خوێندنەوەدا، وشەکان هەمدیسان دەهاتنەوە، هەمیشە لەسەر یەك ماڵ و بە هەمان ڕێکی، من چاوەڕێیان بووم. لە چیرۆکەکانیدا- ماری (دایکی) کەسایەتییەکان بە ڕێکەوت دەژیان، هاوشێوەی خودی ئەو: ئەوانە کۆمەڵە چارەنووسێك بە دەست دەهێنن. من لە مەڕاسیمی ئێوارەخوانێکی ڕەبانیدابووم! لە گەڕانەوەی سەرمەدی ناوەکان و ڕووداوەکاندا بەشدار بووم.
(وشەکان، ل ٦-٣٥)

---

1- Grand Larovsse فەرهەنگی زانستنامەی چەند بەرگی بە زمانی فەڕەنسایی. (وەرگێڕ)

ئەو چیرۆکانەی کە دایکی دەیگێڕانەوە، لە هەر گێڕانەوەیەکدا لە ڕووی گشتییەوە لە سەریەك حاڵەت بوون-دەکرێ وا دابنرێت کە شاپور و شاهدوخت لەوە بەدوا بە بەختەوەری ژیان، بەڵام شێوازی گێڕانەوە سەبارەت بە باڕودۆخ و حاڵەتەکان جیاوازی هەبوو، بەستراوەتەوە بە دەسبەتاڵی، خولّق و خوی دایکی، ڕادەی هۆشیاری سارتر و شتی تر. ناچاری مرۆڤەکان و مەیموونەکانی نێو زانستنامەکەی هاوتای لەنێو چیرۆکە چاپکراوەکەدا دەدۆزییەوە، لەوێ کە ڕێی ڕووداوەکان، تەنانەت یەك بە یەکی وشەکان جارێك بۆ هەمیشە جێگیر دەبوو و کەواتە ئەمە چۆنییەتییەکی ڕەهای بەخۆوە دەگرت. لەم ڕووەوەیە کە بەراورد لەگەڵ ئێوارەخوانی ڕەبانی، ئەو جێیەی کە ڕێوڕەسم یان دروشمەکان داوا لە قەشە و بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسم دەکات و لەو پەڕیدا لە جیهانی ئیدناڵدا هەیە. دواتر، کاریگەری چیرۆکی چاپکراو بۆ سارتر لە سینەمادا پشت ڕاست دەکاتەوە: لە سینەمادا، سەرەڕای ئەوەی کە چەند جارێك کە فلیمەکە دەبینن، مرۆڤی زیرەك هەمیشە لە دڵبردنی کچی گەنج کامیاب دەبێت، ئەوسا پاڵەوانە ژنەکە ڕێك بەر لەوەی شەمەندەفەر بیکاتە دووکەرت دەتوانێ ڕابکات، بەڵام ڕەگەزێکی زیادەش هەیە! سارتر بەر لە هاتنی فلیمەکانی قسەکەر شارەزای سینەماکان بوو و ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ئەزموونی ئەودا فلیمەکان بە سەختی لەگەڵ مۆسیقادا گرێ درابوون. لە سینەمای بێدەنگدا، پیانۆژەن کاری تەنیا هاوڕێیەتی کردن و کارەکانی سەر پەردە نەبوو، بەڵکوو ڕایدەگەیاندن.

خۆم بە پێشگۆ هەست پێدەکرد بەبێ ئەوەی بتوانم پێشگۆیی شتێك بکەم: بەر لەوەی مرۆڤە شەڕەنگێزەکەی فلیمەکە کارێکی خراپ بکات، کارە خراپەکەی دەهاتە نێو منەوە، کاتێك کە لە کۆشکدا هەموو شتێك خۆی ئارام دەنواند، دەنگە شومەکان ئامادەبوونی پیاوکوژی ئاشکرا دەکرد. ئەو کابۆیانە، ئەو چەکدارانە، ئەو پۆلیسە نهێنیانە چەندە بەختەوەر بوون: دوارۆژیان لەوێ بوو، لەنێو ئەو مۆسیقایەدا لە پێشەنگی هەواڵدەردا و فەرمانی بەسەر زەمەنی ئێستادا دەکرد.

(وشەکان، ل۲-۱۰۱)

لە سینەمای بێدەنگدا، تەنیا ناکرێ بگوترێت کە مۆسیقا لە بری وشەکان جێگیر دەبوو، وشەکان تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە کە لەگەڵ کرداری ئەکتەرەکاندا هاوکات بێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە مۆسیقا، بە حوکمی توانای بەسەر پێشگۆییدا ئەوەی کە لەسەرڕوبەرندی ڕوودان دایە خەسڵەتێکی ڕەها دەداتە ڕووداوەکان کە ئەوان لە خاکی بوونی ئەو حاڵەدا خاوەنی نەبوون.

بەم شێوەیە دەکرێ پەی ببردرێت کە چۆن چۆنی بوونەوەرە خولقێنراوەکان بە بەریوانی خەیاڵ (وشەکان، مۆسیقاو شتی تر) لەبەرچاوی سارتر بە کەرەستەیەك دەهاتنە بەرچاو بۆ هێنانە جیهانی نەك هەمان ئەو شتەی کە بوونی هەبوو بەڵکوو شتێکی وا کە بەهۆی بوونی ئەوەوە بە شێوازێکی ڕەها بوونی هەبوو. دەڵێن: ((هەموو شتێك لە سەرمەدا ڕووی دەدا، چونکە منداڵێکی خەیاڵی بووم، بە یاریدەدەری خەیاڵ بەرگریم لە خۆم دەکرد)) (وشەکان، ل٩٢). خەیاڵ ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە بەرهەمی خەیاڵی داهێنی-چیرۆکی بەسەرهاتی و هاوشێوەی کە بوونی خۆیان بەو قەرزار بوون و لەبەر ئەوەی وەکوو بەرهەمی خەیاڵی بە شێوەی ڕەها بوونیان هەبوو بە هەمان شێوە بوونێکیان پێ دەبەخشی کە بۆ خۆیان لێی بەهرەمەند بوون: ((لەکاتێکدا کە شتی ڕاستەقینەم بە وشەی ڕاستەقینەو نووسینی قەڵەمێکی ڕاستەقینە دەنەخشاند، سەیر دەبوو ئەگەر بۆ خۆشم ببوومایەتە ڕاستەقینە)) (وشەکان، ل١٣٣). سارتر ئەو کوڕیژگەیەی کە لە پێگە تایبەتییەکەیدا کە هەستی دەکرد بوونی لە هیچ ڕوویەکەوە زەرور نییە، ڕووی دەکردە بابەتی خەیاڵی و بەرهەمی نووسراو کە لێی دەوەشێتەوە تاکوو ئەو زەروریەتە بە بوونی ببەخشێت کە ئەگەر وانەبێ نییەتی، بەڵام ئەو کارە بێ خەوش نییە! کرداری خەیاڵ (...) کردارێکی سێحر ئامێزە، ئەفسوونێکە بۆ بەدیارخستنی تیشێك کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، شتێك کە مرۆڤ گەرەکیەتی، بەجۆرێك کە بتوانێت ببێتە خاوەنی. لەم کردارەدا هەمیشە شتێکی دیکتاتۆریانە و منداڵانە هەیە، شێوازێك لە پشت تێکردن لە بوونی مەبەستی مەوداو دژوارییەکان.

(بابەتی خەیاڵی، ل١٦١)

ژیان بە بریوانی خەیاڵ، بەرگری کردنێکە لە بەرامبەر هەستی ئەوەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە مرۆڤیان ڕەوا نەدیوە، بەڵام وەکو بەرگری، لەم ڕووەوە نادڵخۆشکەرە کە هەر ئاوا بریتییە لە نکۆڵی کردنی جیهانی ڕاستەقینە و لە خۆگری وازهێنانە لە کۆشش بۆ ژیان لە قەڵەمڕەوی خەڵکانی ڕاستەقینە و شتە ڕاستەقینەکان. جگە لەمەش، ئاواتی سەردەمی منداڵی سارتر بۆ گەیشتن بە ناوبانگی پاش مردن لە پلەی نووسەرێکی ناوداردا، نموونەیەکی ترە لە کۆششەکانی دی بۆ ڕاکردن لەبەر ڕاستەقینە. ناوبانگی پاش مردن بەگوێرەی پێناسە شتێکە کە نووسەری زیندوو ئەگەری نییە بیناسێت، لە ئەنجامدا، بیر خەریکی پێوەی تەنیا ڕەنگدانەوەی پشت تێکردنی نووسەرە لە کارکردی خۆی وەکوو کەسێك کە پتر لە هەموو شتێك سەروکاری لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا هەیە. هەروا کە زەمەن تێدەپەڕێ و سارتر زیاتر دڵ دەبەستێت بە پابەندبوون

بە ئەدەبیات. ئەو گۆشە نیگایە دوور دەکەوێتەوەو بەرەو ئــەو ڕایــە دەڕوات کــە نووســەر ڕۆڵێکــی ئەرێنی لە زەمــەنی هەنوکــەدا دەگێــڕێ و دەبــێ کارەکــەی دەربــارەی مەســەلەگەلی دیــاریکراو و بەرچاوی جیهانی دەوروبەری دابین بکات، بەڵام ئەم پڕۆسەیە پڕۆسەیەکی درێژماوەیە. ئەو بۆ خــۆی لەو ساتەوەختەدا کە سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە تاك ناتوانێ لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە-واتە لە ڕێگای بەرهەمە خەیاڵییەکانەوە- بگاتە ئامانج و ڕزگاری، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٤دا دایدەنێ. قســەی لەمبارەیەوە لە وتووێژێکدا کە ڕۆژنامەی لۆمۆند لە نیسانی ١٩٦٤دا بڵاوی کردەوە بەم شێوەیەیە:

ڕزگاری لە هیچ شوێنێك نییە. ئەندێشەی ڕزگاری ئەندێشەی یەك ڕەهایــە و ڕەهــای نیــورۆز[١]، ماوەی چل ساڵان منی خستە سەنگەرەوە. ڕەهای داوە ڕۆیشت. ئەرکەکان ماونەتەوە، ئــەرکی زۆر، کە لە نێویاندا ئەدەبیات لە هیچ ڕوویەکەوە جیاکراوە نییە.

هەرچۆنیك بێت، سارتر تاکووو ماوەیەکی تاڕادەیەکی دوور لە ڕێبازی خۆیدا ناگاتە ئەم قۆناغە لە پەروەردەکردنی خۆی. هێڵنج و مێشەکان هەردووکیان کۆمەڵە هەنگاوێك لە کامڵبووندا ڕێگا بۆ ئەو قۆناغە دەکەنەوە.

## هێڵنج

لە یەك ڕووەوە، هێڵنج ڕۆمانێکی زۆر سادەیە: بە دەرکەوتنی ڕووکانتن لەم واتایــە دەســت پێــدەکات کــە پێوەنــدی نێــوان ئــەو و شــتەکانی دەوروبــەری پێوەندییــەکی پەرێشــانکەرە، ئەنجامەکەشی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاوە لە قەڵەمڕەوی بابەتی خەیاڵیدا، چونکە ئەو قەڵەمڕەوە لە ڕیشەدا لە جیهانی مادی سەربەخۆیە. دۆزینەوەی ڕێگــە چــارە ئەوەنــدە ئاســان نییە و لە میانەی لێکۆڵینەوەدا ئێمە لە چەندین ناوەڕۆك کە کەم و زۆر هــەموویان پەیوەنــدی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە بەوە ڕێگا دەبەنە ئەو مەسەلە گەلانەی کــە لــە ((دەرەنجــام))دا

---

١- بە فەرەنسایی nevrose و بــە ئینگلیــزی Neurosis: نیــۆرۆز بــە زنجیرەیــەك کــەم و کــوڕی مێشــك و ئەعساب دەگوترێ کە بە سەرچاوە گرتووی جەستەیی ناسراوەیان لەناوچووی دەمارە مێشکی ئاشکرای نییــە. لە دیاردەکانی نیۆرۆز، حاڵەتی دڵەڕاوکێ و دوو دڵی و ترسە. نیۆرۆز پێکەوە گرێدانێکی نزیکی هەیــە لەگــەڵ دەروونی نەخۆشدا، بەڵام گۆڕان بەسەر کەسایەتیدا ناهێنێ. (وەرگێڕ)

باسمان کرد. تا ئەو جێیەی کە باس لەسەر خەریکبوونی بیری خودی سارترە، ئەو بۆخۆی ئاڵقەی پێوەندی لەگەڵ ڕۆمانەکەیدا دروست دەکات:

لە تەمەنی سی ساڵیدا توانیم کە لە هێڵنجدا-بڕوا بکەم زۆر ڕاستگۆیانە- بوونی بێ هۆ و نالەباری هاوڕەگەزەکانم بنووسم و بوونی خۆم دەرهاوێژم. من ڕووکانتن بووم، لە کەسایەتی ویدا، بەبێ خۆپەسەندی، ڕەگ و ڕیشەی ژیانم نیشان دەدا، لە هەمان کاتدا، بۆ خۆم بووم، مرۆڤێکی هەڵبژێردراو، ڕووداونووسی دۆزەخەکان، فۆتۆ مایکرۆسکۆپی[1] شووشەیی و پۆلایەك کە لەسەر شیلەکانی پرۆتۆپلازمی[2] خۆم نوشتابوومەوە.

(وشەکان، لل ۱۰-۲۰۹)

کەواتە، توێژینەوەی ئێمە لەسەر هێڵنج ئەم هاوشێوەیە دووبارە دەکاتەوە و هەروەها کۆششێکە بۆ جیاکردنەوەی ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی دیکە، تاکوو نیشان بدات کە چۆن چۆنی ئەمانە پێکەوە گرێدراون و ڕوونی بکاتەوە کە ئەمانە چۆن هەموویان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو دەرفەتە بۆ ڕووکانتن دەڕەخسێنن کە سەرەنجام بە دەرەنجامێك بگات سەبارەت بە جیهانی دەوروبەری.

یەکێك لەو شتانەی کە خوێندنەوەی هۆشیارانەی هێڵنج بە باشی ئاشکرای دەکات ئەوەیە کە ڕەگەزی جۆراوجۆری ڕۆمانەکە هەموو ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن تاکووو یارمەتی ڕووکانتن بدەن لە تێگەیشتنی سروشتی ئەزموونی سەرەتای خۆیدا: ڕاستە کە کۆمەڵە دیمەنێك وەکوو وەسفکردنی شەقامی تورن پرێد لە ڕۆژێکی بەیانی یەکشەممەدا، دیدار لە پێشانگای وێنەکان، دیتنەوەی دووبارەی ئانی، یان ڕیسوایی ((زانست وەرگر)) هەموو دیمەنی سەربەخۆن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکامیان کاتێك کە ڕوو دەدەن، تیشك دەخەنە سەر دۆخی بیرکردنەوەی ڕووکانتن و هەروەها بۆ ڕێگای پێشتر و ئاماژە بەرەو تێگەیشتنی وردتری پێگەی وی دەکەن. هەر ئەو

---

Photo Microscope -۱: ئامێرێکە کە بریتییە لە مایکرۆسکۆب و کامیرای وێنەگرتن، بۆ وێنەگرتنی شتی وردیلە و بچووك. (وەرگێڕ)

Proto Plasmigue -۲: پەیوەستە بە پرۆتۆپلازم (Proto plasme) و بریتییە لە مادەیەکی ڕەوان و بێدەنگی زیندووی خانەکانی گیایەك یان گیاندارێك کە لە دوو بەشی سیۆتۆپلازم و ناوك پێکهاتووە... بە کورتی سەرچاوە لە فەرهەنگی فارسی موعین.

بابەتە سەرەتایەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕووکانتن ((کاغەزی بێ مێژوو)) بەوەها وشەگەلێك دەست پێدەکات: ((واباشترە کە ڕووداوەکان ڕۆژانە بنووسرێنەوە، بۆ تێگەیشتنیان دەفتەرچەیەکی بیرەوەرییەکانی هەبوو، درێخی لە ناکۆکییە بچووکەکانی و کاروباری ڕاستەقینەی بچووك نەکرد هەرچەندە کە بە کەم بایەخ خۆیان بنوێنن و لە هەمووی گرنگ تر ڕیزبەندی کردن (هێڵنج، ل٦٥)، قسە ڕێك لەسەر تۆمارکردنی کاروباری واقیع نییە، چونکە، هەروا کە ڕووکانتن ڕوونی دەکاتەوە، مەبەست لە وەسفکردن ئەوەیە کە ((چۆن)) ئەو دەرك بە جیهانی دەوروبەری دەکات، ئەو بەدوای دەربڕین یان ڕوونکردنەوەدا دەگەڕێت و بۆیەش هەڵوەستە لەسەر ئەزموونەکانی دەکات. کەواتە ئەگەر لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا دەنوسێت: ((هیچ، بوونم هەبوو)) (هێڵنج، ل٢٠٦)، نابێ وای دابنێین کە هیچ شتێکی تایبەت لەو سێ شەممەی مەبەستدا ڕووی نەدا، بەڵکوو دەبێ وای دابنێین کە بابەتی چەند وشەیەك دەرخەری دۆخی زەینی نووسەرە لەو ڕۆژە تایبەتییەدا. کاری ئێمە بریتییە لە بەدواداچوونی پرۆسەکانی بیرکردنەوەی ڕووکانتن و لێکدانەوەیان، هەروەها کە بەرەوپێش دەچین، بۆ ئەوەی کە بتوانین بەڵگەکانی بابەتی جۆراوجۆردا لەو خاڵەی کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا ڕوودەدات بەرز بنرخێنین. هەروەکوو شێوازێك پێویست بەوە ناکات کە خۆمان بەو جۆرەی کە ڕۆمانەکە پێشکەشمان دەکات، زیاد دڵمان خەریك بکەین. ((پێشەکی بڵاوکەرەوە))، پەراوێزەکانی چەند لاپەڕەی یەکەم، ڕێك دانراون و بەو مانایە نییە کە ئێمە دەبێ ئەوەندە باکمان بەوە هەبێت کە زانست وەرگرەکە ناوی ئۆژویە پ... بوو، یان تەنانەت دڵ نیگەرانی بەڵگەکانی ئەوەبین کە بۆچی کەسێك دەستنووسەکەی ڕووکانتنی لەنێو کاغەزەکاندا دۆزیوەتەوە: هۆیەك بۆ ئەو گریمانەیە نییە کە ڕووکانتن شێت بوو یان خۆی کوشت و تەنانەت ئەگەر شتیش بوو یان خۆی کوشت، گرنگییەکی بۆ تێگەیشتنی ڕۆمانەکە نییە، چونکە خودی کتێبەکە نە ڕێگا بەرەو شێتی دەبات و نە بەرەو خۆ کوشتنیش و کەواتە دەبێ ئەو دوو ڕووداوە بە بەڵگەکانی دەرەوەی ڕۆمانەکە دەرببڕدرێت.

هێڵنج لە زۆربەی بەشەکانیدا ڕاپۆرتی ڕووداوگەلێکە کە ڕووکانتن تاقییان دەکاتەوە، گەرچی ئەو دەتوانێت دەفتەری بیرەوەرییەکانی تەنیا لە پاش ئەزموونە گێڕدراوەکانی بنووسێتەوە، ئاواتی وی بۆ تۆمارکردنی ئەو ئەزموونانە بەجۆرێك لە جۆرەکانی تاکووو ڕادەی

پۆڵوان ڕاستەوخۆ دەگاتە دەرەنجامی ئەو گێڕانەوەیە کە لە زەمەنی ئێستادایە و لە هەموو ڕوویەکەوە ئاڕاستەکراوی بێ هۆکارە.

بەڵام ئەم قسەیە دەربارەی یەکەمین بابەتی دەفتەری بیرەوەرییەکان ڕاست دەرناچێت، ((کاغەزی بێ مێژوو)) باس لە مەبەستی یاداشت کردنی ئەو شتانە دەکات بەو شێوەیەی کە ڕوو دەدەن، بەڵام هەر بۆخۆی کۆششێکە بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە لەمەوبەر تاقیکراوەتەوە: ((ئەوەی کە لە ڤەنەم ڕوویدا، کاردانەوەیەکی ڕوونی لەدوای خۆی جێنەهێشت، شتێك بوو کە بینیم و دڵی تێکەڵ هێنام، بەڵام ئیدی نازانم کە خەریك بووم سەیری دەریان دەکرد یان وردە بەردەکان))(هێڵنج، ل٦٦). برەوی پیتی پێوەندی ((بەڵام)) بۆ جەخت کردنەوە بە نەبوونی پێوەندی نێوان دڵ تێکەڵ هاتن و کرداری سەیرکردن دێت. تەنیا کاتێك کە خودی دەفتەری بیرەوەرییەکان دەست پێدەکات ڕووکانێ دەست دەکات بە تۆمارکردنی ((بەرچاو بوون)). جیاوازی لەنێوان تۆمارکردن و لێکدانەوە لە دەستەواژەیەکدا بە باشی نیشان دراوە کە ئەو دەربارەی جیاوازی لە نێوان ئەو ڕووداوانەی کە لەدوا سەیریان دەکات و ئەوەی کە مرۆڤەکانی نێو کافتریاکە دەیانگێڕنەوە، ڕادەردەبڕێت. یەکەم وەسفکردنی ((بەرچاو)) هەیە:

ڕۆژی شەممە دەوروبەری چواری دوای نیوەڕۆ، لەسەر پیادەڕۆی تەختەیی کارگەی بیناسازی هێڵی شەمەندەفەر ژنۆچکەیەك بە جلی شینی ئاسمانییەوە بەدەم پێکەنینەوە غاری دەدا و دەستە سرێکی ڕادەوەشاند. لە هەمان کاتدا ڕەش پێستێك بە باڵتۆیەکی ڕەنگ قەیماغی، پێڵاوی زەرد کڵاوی سەوزەوە بە فیتو لێدان لە سوچی شەقامەکە بایدایەوە. ژنۆچکەکە هەروا کە دەڕۆیی، لەژێر ئەو فانۆسەی کە بەموحەجەرەکەوە هەڵواسراوە و شەوانە هەڵی دەکەن تووشی ڕەش پێستەکە بوو.

پاشان ((لێکدانەوە)) دێت:

ئەگەر چوار یان پێنج کەس بووینایە، پێموایە کە بە بەریەککەوتنەوە، سەرنجمان بۆ ئەو ڕەنگە جوانانە، بەو مانتۆیە شینە جوانە کە وەکوو لێفەی توکی قوو خۆی دەنواند، بەو پالتۆ ڕوونە و هەروەها شووشە فانۆسە کە ڕادەکشا و پێکەنینمان بەو دوو ڕوخسارە منداڵانەیە دەهات کە بەهۆی سەرسوورمانەوە لە دوور دەم و چاوە بەدیارکەوتبوو.

(هێڵنج، ل٧٤)

ئـەم ڕووداوە ئامـاژە بـە هۆکـاری ئـەزموونی هێڵـنج دەدات. لـە بـاڕودۆخی لـەباردا، لێکدانەوەی ئێمە بۆ شتەکان بەو مەرجەیە کە ئەوان ئاوێتەی کۆی گشتی ئەزموونی مرۆییمان دەکەن. ئەو ژنەی کە لەگەڵ ڕەش پێستدا تێك هەڵدەنگوێت زنجیرەیەك کرداری بەردەوام نییـە، بەڵکوو ڕووداوێکی (ئۆرگانیك)ە کە بۆنموونە، پێکەنیناوییە لەو ڕووەوە کە ئێمە دەیبینین و لە چوارچێوەی مرۆییدا تێیدەگەین: سەرسووڕمانی ژنەکە، کۆششەکانی ڕەش پێستە کە بـۆ خـۆ پاراستن لە تێهەڵەنگوتن و شتی تر. لەبەر ئەوەی کە ژیانی ڕووکانتن لـە گۆشـەگیریدا بەسـەر دەبرێت، ڕووداوەکان و شـتەکان بـەرەو ئـەوە چـوون کـە لـە بەڵگـە مرۆییـەکانیان دابـبڕێن. ڕووداوەکان هەر کە کامڵ دەبن لەبەر یەك هەڵدەوەشێن چونکە نابنە بەشێك لە کۆمەڵەی ڕێژە و بۆنەکان، وەکوو ئەو کاتەی کە یەکێك چیرۆکەکە بۆیەکێکی تر دەگێڕێتەوە:

پاشان (دیمەنەکە بەگشتی) لەبەریەك هەڵوەشا و تەنیا فانۆسەکە و موحەجەرەکە و ئاسمـان مانەوە! هێشتاش جوان بوو، ماوەیەك دوای ئەوە فانۆسەکە پێ بوو، با دەستی بـە هـەڵکردن کرد، ئاسمان تاریك بوو! هەر هیچ نەمایەوە.

(هێڵنج، ل٧٤)

ئەگەر بێت و ئەم حاڵە بدەینە شتەکان، بەڵگەیەکی کاریگـەرتر بەخۆیـەوە دەگرێـت. ڕووکـانتن ئەوە دەدۆزێتەوە کە ئەگەر شتەکان ئیدی لـە جۆرێـك پێوەنـدی لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا دەرکیـان پـێ نەکرێت، سەرەتا دەگەنە سەر ئەوەی کە خۆیان هاوشێوەی شـتی سـەربەخۆ لـەو مانایـەی کـە بـە شێوەیەکی گشتی پێیان دەدەین بەسەر ویدا دەسەپێنن. کێلۆنی دەرگـا کێلـۆنێکی دەرگایـە، واتـە شتی کانزایی دروستکراوی مرۆڤـەکان بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان بگەنـە ئامـانجێکی دیـاریکراو (لـە ڕۆژێکەوە بچنە ژوورێکی تر و شـتی تـر). ئەگـەر بێـت و کێلـۆنی دەرگـا خـۆی لـە بـەدیهێنانی پێداویستییەکانی مرۆڤ بدزێتەوە، ئەوە بوونێکی تر بەخۆوە دەگرێت.

شتەکان نابێ دەست لێبدەن (لەمس)، چونکە زیندوو نین. مرۆڤ بەکاریان دێنێت، لە جێـی خۆیـان دادەنێتەوە، لە نێویاندا دەژیا! ئەوان بە سوودن، هەر ئەوەندە و بەس. بـەڵام ئـەوان دەسـتم لێـدەدەن و ئەمەش لەگەڵیدا هەڵناکرێ. دەترسم لەگەڵیاندا پێك بگەم (تەماس). دەڵێی گیانداری زیندوون.

(هێڵنج، ل٧٨)

ئەمە هۆی سەرهەڵدانی هێڵنجی ڕووکانتنە لە ((کاغەزی بێ مێژوو))دا، ئەو جێیەی کـە ئەو بۆ یەکەمدا ناوی وردە بەردێکی درۆزن دەبات کـە نەیـدەتوانی لـە دەسـتیدا ڕایبگرێـت،

ناتوانێ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدات کە هەستی پێ دەکات. هەر کە بەوە دەزانێ کە شتەکان ((جۆرێك کەسایەتی))یان هەیە (هێڵنج، ل٦٩)، دەتوانێ سەبارەت بە کاردانەوەکەی کەمێك وردتر بێت:

ئێستا تێدەگەم، ئەو شتەی کە یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە قەراغ دەریادا، لەکاتی بەدەستەوە بوونی ئەو وردە بەردە هەستم پێکرد، باشتر دەیهێنمەوە یاد. بەجۆرێك دڵ تێکەڵ هاتنی تام شیرین بوو. چەندە دڵتەزێن بوو! لە وردە بەردەکەوە دەهات، دڵنیام، بە وردە بەردەکەدا تێپەڕی و هاتە نێو دەستەکانی منەوە، بەڵێ، خۆیەتی، ڕێك خۆیەتی. جۆرێك هێڵنج لەنێو دەستەکاندا.

(هێڵنج، ل٧٨)

بەریەك کەوتنی جەستەیی لەگەڵ شتێکی دەرەوەی خۆی، هەستی هێڵنج ((بەناوچەیی کراو)) لە هێڵی بەریەك کەوتندا -دەستەکان- وروژاوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هێڵنج لە ڕووکانتن کە دەستەکان بەشێکن لەو سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو وادەنوێنێ کە لە وردە بەردەکەوە سەرچاوە دەگرێت. وردە بەردەکە بەری دەکەوێت (لەمس) و هەروەها هێڵنج دەنێرێتە نێو دەستەکانیەوە: ئەزموونی هێڵنج بە ئاشکرا دەرەنجامی دارمانی پێوەندی باوی نێوان ڕووکانتن و جیهانی شتەکانە و ئەو شتانەش پێویست ناکات کە لە دەرەوەی خۆی بن، هەروەکوو کە لە ئاوێنەدا بە تێڕامانەوە سەیری خۆی دەکات و ڕوخساری خۆی هاوشێوەی شتێك دەبینێ، دیارە:

هەموو شتێك لەم ڕوخسارە تێناگەم. هی خەڵکانی تر مانای هەیە. هی من نا. تەنانەت ناتوانم بڕیاربدەم کە جوانە یان ناشیرن. پێموایە ناشیرینە، لەبەر ئەوەی وایان پێ گوتوم، بەڵام ئەمە کارم تێ ناکات. بەڕاستی تەنانەت دادەچڵەکێم کە کەسێك بتوانێ وەها چۆنیەتییەکی پێ بدات، وەکو بڵێی پارچە خۆڵێك یان تاشەبەردێك بە جوان یان ناشیرین ناو ببەین.

(هێڵنج، ل٨٥)

چۆنیەتییەکانی جوانی یان ناشیرینی ئەڵبەتە تەنیا لە چوارچێوەی مرۆییدا مانایان هەیە، ڕێك وەکوو ئەوەی کە ڕوخسارەکانی مرۆڤەکانی تر واتایەکیان هەیە لەبەرە ئەوەی کە تێیاندا شتێکی زیاتر لە بێ خەوشی تایبەتمەندییەکانی دەرەکی و جەستەیان دەبینین. ڕوخساری تۆ بۆمن واتایەکی هەیە، چونکە وەکوو بوونەوەرێکی مرۆیی دەنوێنێ. ڕوخساری من واتایەکی

بۆ من هەیە چونکە شتێکە کە خەڵکانی تر منی پێ دەناسنەوە-و من تەنیا هەر منی جەستەیی نیم، بەڵام ڕووکانتن لە مرۆڤەکانی تر و دوورەپەرێز بووە و ڕوخساری جگە لە کۆمەڵە چرچ و لۆچ و توك و دەمار و شتی تر هیچی دی نییە:

چاوەکان، دەم و لوت بزردەبن! ئیدی هیچ شتێك بە مرۆیی نامێنێتەوە. لۆچە ڕەنگ قاوەییەکانی دوولای هەڵبەزیوی تادارانە لێرەکان، قڵشەکان، کۆمەڵە قولەبەك هاوشێوەی ئەوانەی کە جرجەکوێرە بە هەڵکەندنی خۆڵ دروستیان دەکات. کوڵکی ئاوریشمی سپی لەسەر قووڵایی پانی گۆناکان کێشراوە، دوو تاڵ موو لە کونە لووتەکان هاتوونە دەرێ! هەموو ئەمانە هاوشێوەی نەخشەیەکی بەرجەستەی زەوی ناسی (جیۆلۆجی)یە. (هێڵنج، ل٨٦)

بەم شێوەیە یەکەمین بیست لاپەڕەی ڕۆمانەکە بۆمان ئاشکرا دەکات کە هێڵنجی ڕووکانتن نەك لە هەمان پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەرییەوە، بەڵکوو هەروەها لە پێگەیەوە لە بەرامبەر مرۆڤەکانی تر سەرچاوە دەگرێت. ناسینی ئێمە بەتاڵ بوونی گەدەی لە میان یەکەمین وەسفکردنی لە هێڵنجی لە دیمەنی کافتریای ڕاندۆڤی (شمینۆ زۆر بەرفراوان دەبێت) هەرچەندە ڕاستە کە بە هەمان شێواز کە وەکو وردە بەرد لە قەراغ دەریای هەڵگرتووە تاقی ناکاتەوە. ئەمجارەیان هێڵنج پەیوەستە بە هەستەوەرییەکانی هەستی جۆراوجۆرەوە کە لە هۆڵی دوورتریش دەبن: ڕەنگەکان، دەنگەکان، جووڵەکان، قایشی پانتۆڵی ئادۆڵف لەسەر تەختی کراسەکەی هاوشێوەی پەڵەیەکی وەنەوەشەیی دەبینرێت. کراسەکە، لەسەر تەختی دیوارە چکلێت ڕەنگەکە، پەڵەیەکی شینە. دیوار سنوور بۆ ئەو دەوروبەرە دادەنێ کە ڕووکانتن تێدایە و لەو ڕووەوە کە ئێستا هەستی هێڵنج لە تەواوی جیهانی مادی دەوروبەری دێت و نەك لە تاکە شتێك، ئیدی سنووردار نییە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بەڵکوو شتێکە کە لەخۆی گرتووە: ((هێڵنج لە دەروونی مندا نییە: ئەو لە سەر دیوار، لەسەر قایشی پانتۆڵ، هەروەها لە تەواوی دەوروبەرم هەست پێدەکەم)) (هێڵنج، ل٩٠).

بەڵام ڕووکانتن لە ڕاستیدا یەکسەر ناگلێتە نێو ئەم هێڵنجەوە، لەبەر ئەوەی کە ئیدی توانای بینینی خۆهێنان و بردنی ئادۆڵفی بۆ پاش و پێشەوە نییە لە پشت بارەکە، داوا لە گارسۆن[1] دەکات کە گۆرانی دڵخوازی بخاتە سەر کە لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا گرنگییەکی

١- گارسۆن: خاوەن چێشتخانە. ((وەرگێڕ))

زۆری هەیە، کاسێتێك بەناوی Some these days هەر کە مۆسیقا دەست پێدەکات، دەست دەکا بە کارتێکردنی ڕووکانتن-و کاتی نووسین دەربارەی ئاوازی مۆسیقاکە کۆمەڵە دەستەواژەیەك بەکاردەبات کە وێکچوونێکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ دەستەواژەی وشەکان، ئەوسا کە سارتر کاردانەوەی سەردەمی منداڵیەی لە بەرامبەر چیرۆکەکان و لە بەرامبەر سینەما وەسف دەکات:

جاریٚ جاز[1] خەریکی ژەنینە. ئاوازێك لە گۆڕێ نییە، تەنیا نۆتەکانن، هەزاران جووڵەی بچووك. ئەوان قەرار و ئارامیان نییە، سیستەمێکی لە گۆڕان نەهاتوو ڕەشیان دەکاتەوە و لەناویان دەبات، بێ ئەوەی کە هەرگیز دەرفەتیان پێ بدات، بێنەوە سەرخۆیان و بۆ خۆیان بوونیان هەبێت.

(هێڵنج، ل٩٢)

ئەوەی کە کار لە ڕووکانت دەکات، ڕێك ئەم سیستەمە لە گۆڕان نەهاتووەیە کە دەچێتە دوای ئەو دەنگە ڕاستەقینانەی کە ئەو دەیانبیستێت: ((بەرەبەرە خەریکە گەرم دادێم و هەست بە شادمانی دەکەم.)) مۆسیقاکە لەم ڕووەوە دەتوانێت خاوەنی ئەو دەرەنجامە بێت کە بە شێوازێکی لەبنەوە جیاواز لە جیهانی ئەو شتانەی کە لەودا هێڵنج دروست دەکەن هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەیر ئەوەیە کە ڕووکانتن بە قسەیەك وەسفی مۆسیقاکە دەکات کە لە شتی جیهانی مادی زیاتر پایەدارتر و جێگیرتر دەنوێنێ: مۆسیقا شریتێکی پۆلاییە و لە کاریگەری پزیشکی ئاژەڵان و کچەکەی وەلا دەکەوێ کاتێك کە دێنە نێو کافتریاکەوە: ((مۆسیقاکە جەستە نادیارەکانیان دەقڵێشێنێتەوە و دەچێتە دەرونیانەوە.)) ڕووکانتن باکی بەوەنییە کە بۆچی جیهانی مادی دەبێ بەم شێوەیە پێگەی کەم ببێتەوە، جگە تا ئەو جێیەی کە سەرنج دەدات کە جیهانی مادی لەگەڵ زەمەندا لە جیابوونەوە نەهاتووە (زەمەنێك کە جیهان تێیدا داڕماوە)(هێڵنج، ل٩٣). گەرچی قاوانەکە لە جیهانێکی مەحکومی زەمەندا دەسووڕێتەوە، بەڵام مۆسیقاکە سەربەخۆ لەو جیهانە دەنوێنێ و ئاوازی ژنە ڕەش پێستەکە، وەکو بەشێك لە

---

١- یەکێك لە ئاوازە مۆسیقییەکان کە لە سەدەی ١٩ی زاینیدا لەنێو ڕەش پێستەکانی ئەمەریکادا بووە، بار و دەربڕی هەستی توند و کاریگەری ڕەش پێستەکان لە کۆت و بەند و دووره ولاتیدا و بە ئامێری هەوای لێدان جێبەجێ دەکرێت. پاشان بەرەبەرە لە سەرانسەری ئەمەریکا و ولاتانی ئەوروپایی بووە باو. ((وەرگێڕ))

مۆسیقادایە، ئێستا نا ئێستا دێت: ((ئەمە خۆی بە ناچار دەنوێنێ، ئای کە زەرووڕەت و پێویستی ئەم مۆسیقایە توندە.)) سروشتییە کە ڕووکانتن تەنیا لە جیهانی زەمەندا دەتوانێت گوێبیستی دەنگەکان ببێت-ئەو بەشێکە لەو جیهانە و دەبێ ماوەیەکی زەمەنی چاوەڕێ بکات تاکوو دەرزییەکە لەسەر قاوانەکە جوولە بکات و بگاتە خاڵێك کە دەنگەکان بێنەدی، بەلام ئاواز پێویست ناکا چاوەڕێ بکات تاکوو ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنی تێپەڕێت، خۆی بە گوێیان دەگەیەنێ، چونکە بەشێکە لە یەك لە دوای یەکێکی جێگیری دەنگەکان و لە جێگیربوون لەو یەك لە دوای یەکەدا چارەی نییە. کاتێك دەچینە سینەما، دەزانین کە پاڵەوانی پیاو پاڵەوانی ئافرەت لە زیانگەیاندنی ئەو شەمەندەفەرەی کە دەگاتە جێ ڕزگار دەکات، چونکە دەرهێنەر شتەکانی بەو شێوەیە ڕێکخستووە و نەك لەبەر ئەو هۆیانەی کە پەیوەستن بە زەمەنەوە: بەدوای یەکدا هاتن لە هەر کاتێکی ڕۆژدا کە دەیبینن، یان بەڕاستی لە هەر خێراییەك کە فلیمەکە لە پڕۆجیکتۆردا بسووڕێنێتەوە، وەکو یەك مالْ دەچێت. ڕووکانتن بەهۆی ناچاری ئاوازی Some these days دڵی خۆی داوەتێ، بەهۆی ئەوەوە کە دەزانێ هەر کە یەکەمین نۆتە بەرگوێ کەوت، دەبێ دوا بەدوایدا بێت. هەروەها کە گوێ بۆ گۆرانی گوتنی ئافرەتە ڕەش پێستەکە دەگرێت، لەناکاو هێڵنجەکەی بزر دەبێت. کاتێك کە بە یەکجاری لە چنگی هێڵنجدا بوو نووسی: ((ئەوە من کە لە دەروونیدام))، ئێستا دەڵێ: ((من دەروونی مۆسیقام.)) هەروا کە لە ئاگاداربوونی جیهانی شتەکان دەوەستێت و بەرەو قەڵەمڕەوی مۆسیقا پەلکێش دەکرێت، هێڵنج بزر دەبێت. بە وتەیەکی تر هێڵنج نەك هەر ئەوە بە پێوەندی نێوان ڕووکانتن و جیهانی مادی، بەڵکوو هەروەها بەستراوەتەوە بە ئەو جیاوازییە لە سروشتی بوونی ئەو جیهانە و بوونی مۆسیقا. ئەو چۆنیەتی ئەم جیاوازییە بە بەرەوپێش چوونی زەمەن ڕوونتر تێدەگات.

لەم نێوەندەدا، دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕێگایەکی نوێ دەگرێتەبەر و بە ڕواڵەت لەگەڵ خەڵکدا زیاتر لە شتەکان سەروکاری هەیە. بە هەمان شێوەی کە پشکنینی ڕوخساری لە ئاوێنەدا نیشانیدا، ڕووکانتن لەوە ئاگادارە کە خەڵکیش هی جیهانی شتەکانن. بەشی دواتری هێڵنج لە ڕووی زۆرەوە، هەڵوەستەیە لەسەر ئەو ئاگاداربوونە. شیاوی سەرنجە کە دەسپێکی ئەم قۆناغە نوێیە لە پەرەوەردەکردنی ڕۆمانەکە هاوشێوەی شێوازێکە کە بۆ جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی لە نێوان وەسفی بەرچاو و لێکدانەوە بەکاربرا و بەر لەمەش بینیمان،

هەرچەندە ئەمجارە وێکچوون بە ئاشکرایی بابەتی پێش نییە. بابەتی پێشدا لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا، ڕەنجی لووسی، خزمەتکاری هوتێلی ڕووکانتنی گێڕابۆوە. ڕۆژی ڕەشی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە مێردە گەنجە جوانەکەی بەرەو لەناوچوون دەچێ، نەك هێندە بەهۆی ژنداری بەڵکوو بەهۆی مەی خواردنەوە و ناتەندروستی، بەڵام ڕووکانتن هەست دەکات کە لووسی لە رەنجکێشاندا خۆ وروژین نییە:

قرچۆکانە ڕەنج دەکێشێت. لەوانەیە سەبارەت بە چێژەکانیشی قرچۆکە. لەخۆم دەپرسم کە ئایا جاری وایە نایەوێت خۆی لەدەست ئەم ڕەنجە یەکنەواختە و لەو بۆڵەبۆڵەی کە هەر بە نەگوتنی گۆرانی دەست پێدەکات، ڕزگار بکات و ئایا حەزناکات کە بە ڕێك و پێکی ڕەنج بکێشێ و خۆی لە بی ئومێدیدا نوقم بکات.

کەواتە، لووسی لە دۆخی ئاساییدا، ڕەنجی ڕێکدەخات، ئەوە هاوشێوەی مەزەندەیەك لێدەکات کە لە هەندێك شت شایستەترە. کاتێك کە ڕووکانتن لە دوای گوێگرتن لە Some of these days لە کافتریل دەچێتە دەرێ و لە جووت سایدی نۆید پیاسە دەکات، شتەکان لە حاڵێکی دیکەدان. ئەو لەو ڕزگاربوونە لە هێڵنج، پتر لە هەمووان بەڕامبەر جووت سایدەکە هەروەکوو شێوەیەکی دنیای هەستیارە: ((لەم گەڕەکەی جووت سایدی نوێر کەس ژیان بەسەر نابات. (هێڵنج، ل٩٧). ئەو بە جۆرێك لە گوتاری باش ڕادەکات، چونکە هەرچەندە بە ئاشکرا هی جیهانی بوونەوەرە مارییەکانە و دەم و چاوی بە مرۆڤەکان قەرزارە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە بوونیەیدا سەربەخۆیە لە هەردووکیان و لە ئەنجامدا بوونێکی هاوشێوەی بوونی پارچە مۆسیقای هەیە: ((بێ خەوشی دەوروبەرم زاڵ بووە بەسەرمدا، هیچ شتێك زیندوو نییە، باگەی دێ هێڵەکان بە تەقەتەق ڕادەکەنە نێو شەوەوە. جووت سایدی نوێر قەڵافەتی و زێوی شەقامەکانی بوروژوای نییە کە دڵفڕێنی بۆ ڕێبواران دەکات)) (هێڵنج، ل٩٨). پاشان زیاتر دەڵێ: ((جووت سایدی نوێر نامرۆییە. هاوشێوەی مادەیەکی کان. هاوشێوەی سێ گۆشەیەك.)) دەشتوانرێت درێژەی بدرێتێ: وەکو Some of these days.

کاتێك کە دڵخۆش لە ڕزگاربونی لە هێڵنج بە جووت سایدەکە بەڕێدا دەڕوات و حەز دەکات کە دەیتوانی لە بێ خەشیی تایبەتی دەوروبەری بەهرەمەند ببێت، بۆی دەردەکەوێت کە دوو کەس، لووسی و مێردەکەی، خەریکی مقۆمقۆن. هەروا کە زیاتر دەچێتە پێشەوە،

پیاوەکە پاڵ بە ژنەکەوە دەنێت و لەلای دەڕوات. ڕووکانتن لەو گۆڕانەی کە لە حاڵی لووسیدا ڕوویداوە تووشی سەرسوورمان دەبێت. دەیناسێتەوە، بەڵام تەنیا لە ڕووی جەستەییەوەدا.

بەڵێ، خۆیەتی، لووسییە، بەڵام ڕەنگی گۆڕاوەو بێ تاقەت و بە سەخاوەتێکی شێت ئاساوە ڕەنج دەکێشێ. (...) بەڵام لەجێی خۆی ناجوڵێت، دەڵێی وەکو شتەکانی دەوروبەری بۆتە بەرد. بۆ ساتێك لەخۆم دەپرسم کە ئایا دەربارەی وی بە هەڵەدا نەچووم، ئایا ئەمە سروشتی ڕاستەقینەی نییە کە لە ناکاو لە بەرامبەردا ئاشکرا بووە...

(هێڵنج، ل١٠٠)

لووسی بە نوقم بوون لە ڕەنجدا، خۆی لە بوونی کردەیی و پۆزەتیڤی ڕۆژانەی ڕەواندۆتەوە و ڕای کردۆتە نێو قەڵەمڕەوێکەوە کە تێیدا ئەوەندە لە ڕاستەقینە دوور کەوتۆتەوە کە کاتێك چاوی بە ڕووکانتن دەکەوێت تەنانەت ناشی ناسێتەوە. لووسی نوێنی کانزایەکی بەخۆگرتووە، ڕێك وەکوو Some of these days، وەکوو شریتێکی پۆڵایی دەچوو، ڕێك وەکوو کە دەنگی ناقوس (زەنگ) سەختتر و کەمتر لە مرۆڤێك لە دەنگە دەنگی خانەکی بوو، ئیدی بە خەیاڵی ڕووکانتندا دەهات.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێ کە جیاوازی نێوان شتی مادی و پارچە مۆسیقایەك خاوەنی وێکچوونێکە لە جیاوازی نێوان خەڵکدا لە ئەزموونی ناسراوی ژیانی ڕۆژانەیاندا و خەڵك لەو ساتەوەختانەدا کە خۆیان لەبیر دەبەنەوەو لێدەگەڕێن کە ڕەنجی بێ خەوش، بۆ نموونە، لەسەر بوونیان. کاتێك کە ڕووکانتن لە پەنجەرەی کتێبخانەوە سەیری دەرەوە دەکات و کۆمەڵە ئافرەتێك دەبینێ کە سەگەکانیان بە دەوری پەیکەری گۆستاڤی ئێمپێرازدا دەسووڕێننەوە، ئەوان لە خەڵکانی هاوشێوەی لوسیێ دەژمێرێت. ئەوان وەکوو لووسی لە گوێرەی ڕێبازی بڕیاردراوی هەڵسوکەوت، هەست و شتی تر ژیان بەسەر دەبەن. دەرەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە ئەوان لە پەیکەری بەرهەمێکی هونەریدا نابینن، بەڵکوو پەیکەری پیاوێك دەبینن کە دڵ ئاسوودەیان دەکات و زەمانەت دەکات کە ئەوان لە ژیان بەوەها شێوازێك لەسەر هەقن: ((ئیدی لێپرساوی بەرگری کردن ئەندێشە پیرۆز و بەنرخەکان نین کە لە باوکیانەوە وەریانگرتوون. پیاوێکی فافرن خۆی کردۆتە پاسەوانی ئەو ئەندێشانە)) (هێڵنج، ل١٠١). هەر ئەمەیە قسە دەربارەی زانست وەرگر کە ئاواتی بەرزی بۆ خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی کتێبخانەی گشتی لە پیتی A تاکووو Z، بەدیهێنەری ڕێزێکی گەزافئامێزە کە بە زانست و

بەهاكانی مرۆڤی ئەنجامی دەدات و وادەزانیّ كە ئەمانە بـەهاوكاری قسـە چـاكراون و دەبنـە سەرمەدی و لە كەسانی وەكوو گۆستاڤ ئێمپتڕازدا بەرجەستە دەبن.

وەها متمانەیەك، هەروەكوو دەبینین، بیّ جێیـە، لەگـەڵ هـەموو ئەمەشـدا، ڕاسـتیەكەی ئەوەیە كە پیرێژنەكان، هاوشێوەی زانست وەرگر، لەمبارەیەوە نموونەی چوونە ڕیزی بەرفراوانترن لە مرۆڤەكاندا، واتە ئاواتی ئەوەی كە ژیان بە شێوەیەكی گشتی و ژیانی خۆیان بە شێوەیەكی تایبەتی وەرگری پێشگۆیی لە قەڵەم بدەن و بە چارەنووسی پەیڕەوكراو لە ڕێگایەكی دیاریكراو بزانن. ڕووكانتن بۆخۆی بە دوور نییە لەم چوونە ڕیزەوە و بیرخەریك بوونی بە بابەتی ڕووداوەكە نیشاندەری ئەم واتایەیە. كاتێك كە لە پەنجەرەیەكی ترەوە سەیری دەریّ دەكـات، ئـەمجارە لـە ژوورەكەی میوانخانەكەیدا، شەیدای جووڵەكانی پیرێژنێك لە شـەقامی خـوارەوە دەبێـت. ئـەو دەتوانیّ ببینێت كە پیرێژنەكە ئامانجی كـام ڕێگایەیـە، ئـەو دەزانـیّ كـە پیرێژنەكـە لـەدوای ماوەیەكی دیاریكراو لەسەر پێچی شەقامەكە دەسووڕێتەوە و لەبەر چاوان ون دەبێـت: ((مـن داهاتوو دەبینم. داهاتوو لەویّ، كەوتۆتە نێو شەقامەوە. ئەوەندە ڕەنگ كاڵ بـۆوەتر نییـە لـە زەمەنی ئێستا. چ زەرووره كە بەدی بێت؟ بەدی هاتنی چەشنێكی زیاتری دەداتیّ؟)) (هێڵنج، ل١٠٥)

خاڵێك دێتە پێشیّ كە تێیدا ئەو ئـیتر نـاتوانیّ دڵنیابێـت كـە ئایـا سـەیری جووڵـەكانی پیرێژنەكە دەكات یان پێشبینیان دەكات. ئێستا و داهـاتوو ناسـنامەی جیایـان بـزر دەكـەن: ((ئەوە زەمەنە، زەمەنی چاكی ڕووت، ئارام دێتە دی، بە چارەڕەشـی دامـان دەنـیّ و كاتێـك دێت، دڵمان تێكەڵ دێت چونكە بۆمان دەردەكەوێت كە لەمێژە لەویّ بووە)) (هێڵنج، ل١٠٦). بێگومان ئەم قسەیە ڕاستە، زۆر هەیە كە ئێمە بیّ توانایین لـە پێشـگۆیی داهـاتووی ڕووداو، بەڵام هەر كە ڕووداو كاملّ بوو داهاتووی ئەوەندە بەشێكە لێی كە شێوەی ناچارییەكی تـەواو بەخۆ دەگرێت و لەم ڕووەوە و لەمێژە لەویّ بووە.)) هەر كە ڕووداو بێتە پێش، ئیدی پێوەنـدی بە ئێستا و داهاتووەوە نییە بەڵكوو پێوەندی بە ڕابردوو یان مێژووەوە هەیە. ڕووكانتن كاتێـك ڕوونتر پەی بە ڕاستی ئەم خاڵە دەبات كە لە دوای بە ئامانج گەیشتن لە دوورخستنەوەی خۆی لەبەر پەنجەرە، لەسەر قەرەوێڵەكەی ڕادەكشێت و هەوڵ دەدات، تاكوو ڕوخسارە خەیاڵییەكان لە ژیانی ڕابردووی بوروژێنیّ. بۆی دەركەوتووە كە بە تێپەڕبوونی زەمـەن بـانگ كردنـی ئـەو ڕوخسارە خەیاڵیانە زۆر ئەستەمتر بوو. ئـەوەی كـە ئـەو بـەزۆری دەیدۆزێتـەوە ئەوەیـە كـە

ڕوخساره خەیاڵییەكان مل دەدەنە ئەوەی كە جێیەك بە بیرەوەرییەكان بسپێرن. هەم ئەو پیاوە عارەبەی كە لە مەكناس پەلاماریدا و هەم ئەو پزیشكەی كە لە باكۆ دەیناسی چاوێكیان نابینا بوو. كاتێك كە ئەو هەوڵ دەدا تاكوو هەردووكیان بێنێتەوە یاد، ئەوەی دەیبینێ چاوی نابینایە، بەڵام ئایا ئەو چاوە نابینایەی پیاوەكە مەبەستی ئەوە؟ و ئایا دەیبینێت؟ ئەو ڕووبەڕووی نەبوونی دڵنیایی، ئیدی ناتوانێت دڵنیا بێت كە تەنانەت ئاوا بەسەر وروژاندی پارچە پارچە، بیرەوەرین یان دزینەوەی لە سەدا سەد: ((جگە لەوەش لە زۆر بواردا خودی ئەو پارچە ڕوخسارە خەیاڵیانەش بزر بوونە: تەنیا وشە ماونەتەوە)) (هێڵنج، ل١٠٨).
بیرەوەرییەكان و ڕوخسارە خەیاڵییەكان ڕابردووی وی بوون و مادامەكی كە دەیتوانی ئەوان لە گشتیاندا بەبیر بێنێتەوە، وادەردەكەون كە هێشتاش پێوەندیان لەگەڵ ئەودا هەیە. دەكرا ڕووكانتنی ئێستا لەگەڵ ڕووكانتنی ڕابردوو هاوشێوە لە قەڵەم بدرێت، بەڵام هەر كە بیرەوەرییەكانی بێ واستەیان بزر دەكات و لە پەیكەری وشەكاندا، ڕوخسارێكی عەقڵانی وەردەگرن لەبەری هەڵدێن. ئەو ڕووداوانەی كە بە پەریوانی وشەكان دەوروژێن هاوشێوەی پارچە مۆسیقایەك لە جیهانی زەمەنی مادیدا بوونیان نییە. كەواتە، ڕووكانتن كە لە ڕابردووی خۆی دابڕاوە لە زەمەنی ئێستادا زیندانی دەبێت:

هیچ كاتێك وەكوو ئەمڕۆ بەم توندییە هەستم نەكردووە كە ڕەهەندی شاراوەم نییە، سنووردارم بە جەستەمەوە، سنووردار بە بیری سووك كە وەكو بڵقی سەرئاو لێی سەر دەكەون. بیرەوەرییەكانم بە زەحمەتی ئێستا دروست دەكەم. من بۆیلۆ دەروونی زەمەنی ئێستا ڕاو نراوم و پەڕاوێز كراوم. بێ سوود لە هەوڵدام كە ڕەگەڵ ڕابردوو بكەمەوە: ناتوانم لەبەر خۆم ڕابكەم. (هێڵنج، ل١٠٩)

ئەوەی كە ڕووداوەكانی ژیانی ڕابردووی ڕووكانتن تاكووو چ ڕادەیەك لەوی پچڕاون و دابڕاون بە هاتنە ناوەوەی زانست وەرگر ڕوون دەبێتەوە. زانست وەرگر هاتووە تاكووو كۆمەڵەی وێنەكان و پۆست كارتەكانی وێنەگیراوی ڕووكانتن ببێنێت و ئەمانە بەدیدەی دی دەرخەری وێنەی ئەو جێگایانەیە كە ڕووداوەكان لەوێ دێنە پێش.

ئەو وای دادەنێت كە لەبەر ئەوەی ڕووكانتن لەو شوێنانە بووە، كەواتە بەناچاری كۆمەڵە ڕووداوێكی هەبووە. ڕووكانتن تاكوو ئێستا هەروای داناوە. لەناكاو گومان لە دڵیدا دروست دەبێت: ((پێموایە درۆ دەكەم، من لە تەمەنی خۆمدا بچووكترین بەسەرهاتم نەبووە، یان باشتر

بلێم کە تەنانەت ئیدی نازانم مانای ئەم وشەیە چییە)) (هێلنج، ل١١٣). زانست وەرگر کە سەرلەنوێ دەکاتەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە هۆکارەکانی گومانی بدۆزێتەوە و زوو بەو دەرەنجامە دەگات کە ئەوەی بە بەسەرهاتی دەزانی هیچ نەبوو، جگە لە کۆمەڵە ڕووداوێك کە بۆی هاتۆتە پێشێ. بەسەرهاتەکان لە ژیانی ڕاستەقینەدا نایەنە پێش، ئەوان دەتوانن تەنیا وەکوو چیرۆك بوونیان هەبێت: ((بەسەرهاتەکان لە کتێبەکاندا هەن و بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە لە کتێبەکاندا وەرگێڕدرێنەوە، ڕەنگە لە ڕاستیدا ڕوو بدەن، بەڵام نەك بەهەمان شێوە. هەر بەم شێوازە ڕووداوە بوو کە ئەوەندە دڵم پێوەی بەندە)) (هێلنج، ل١١٥). کەواتە هەڵەی ڕووکانتن ئەوەبوو کە کەماڵی ڕواڵەتی ئەو چیرۆکانەی کە خەڵك دەیانگێڕنەوە یان لە کتێبەکاندا دەیاننووسن، لە ڕووداوەکانی ژیانیدا بۆیان بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە. گریمانەی وی ئەوەبوو کە ئەزموونی ئێمە لە بەشە شیاوەکانی دیاریکردنی ناسنامە و سەربەخۆ دروست دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕاستیدا فەرمانی ژیانمان بریتییە لە ڕەوانبوونێکی بەردەوام کە تێیدا ساتێك ئاوێتەی ساتێکی تر دەبێت و کاتێك کە ئەم ژیانە بەسەردەبەین هیچ ڕووداوێك خاوەنی دەسپێك و ئەنجامی ڕواڵەتی نییە. تەنیا ئەوکاتەی کە سەیری ڕابردوو دەکەیت، دەتوانین ژیانمان لەسەر شێوەی گشتییەك ببینین و ڕووداوێکی ژیاو بگۆڕین بۆ بەسەرهاتێك: ((سەردەسووڕێنم، لە پشتمەوە، لە ڕوخسارە جوان و خۆش ئاوازە یەکسەر لە ڕابردوودا ڕۆدەچێت بچووك دەبێتەوە، لەکاتی ئاوابوونی خۆی هەڵدەقرچێت و ئێستا کۆتایی لەگەڵ دەستپێکدا دەبێتە یەك ((هێلنج، ل١١٦)).

لە ئەنجامدا دەتوانیت لە پڕوپوچترین ڕووداو بە کۆمەك وەرگرتن لە پڕۆسەی سادەی گێڕانەوەی بەسەرهاتێك دروست بکەین. بەڕاستیش، لە ڕوانگەی ڕووکانتنەوە هەمان ئەو کارەیە کە زۆربەی خەڵك دەیکەن، لەلایەکەوە، ئەوان کاتێکی زۆر بۆ گێڕانەوەی ژیانیان هاوشێوەی زنجیرەیەك لە چیرۆك بەسەردەبەن، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوان هەوڵ دەدەن تاکوو ژیانیان وا بەسەر ببەن کە دەڵێی چیرۆکێکە کە دەیگێڕنەوە. ((بەلام دەبێ هەڵبژێری: ژیان بەسەر بردن یان گێڕانەوە)) (هێلنج، ل١١٧).

ژیان بەسەربردن بریتییە لە هەبوونی ئەزموونگەلیك کە کەم و زۆر خۆ و شانس بەدوای یەکدا دێن و تەنیا کاتێك ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە، واتایەکی گشتگیر بەخۆ دەگرن.

وادانانی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ وەکوو چیرۆك دەچێت، گریمانەی ئەوەیە کـە کۆتـایی هـەر ئێستا بوونی هەیە و، کەواتە، ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ بـەجۆرێك لـە پێشـەوە دیـاریکراوە. ڕووکانتن دەنووسێت: ((من گەرەکم بوو کە ساتەکانی ژیانم هاوشێوەی سـاتەکانی ژیانێـك کـە دەیهێننەوە یاد بەدوای یەکتریدا بێن و ڕێکوپێك بن. دەکرێ مرۆڤ بە هـەمان ئەنـدازە هـەوڵ بدات کە زەمەنی لێ دەستێننەوە)) (هێڵنج، ل١١٩)).

بێگومان ڕووکانتن بەهۆی گۆشەگیرییەوە لە خـەڵکانی تـر و بـێ ڕووداوبـوونی ژیـانی لـە ئەندامی ئەو گۆشەگیرییەدا، تێگەیشتووە کە ناتوانرێـت ژیـان بـەم شـێوازە بەسـەر ببرێـت. دانیشتوانی بۆڤیل نموونەگەلێکی زۆر باشن لە خەڵکانێك کـە لـەم حاڵـە نەگەیشـتوون. ئـەو شێوازەی کە بەهۆیەوە، لە میانەی پیاسەکردنی پەیامی ڕۆژی یەکشەممە سەروخواری شەقامی توورنی تەی کرد، هەر کام خۆی وا قبوڵ دەکات کە دەڵێی شوێنێکی دیاریکراو و جێگیری لـە پێگەی کۆمەڵایەتیدا گرتووە، شایەدی بۆ ئەم مانایە دەدات. پێگەیان لە زنجیرەی پلەداریـدا، پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکانی تر دیاری دەکات، ئەو کـارکردەی کـە لەگـەڵ ئەوێـدا گونجـاوە، ڕۆڵێك دیاری دەکات کە دەبێ بیگێڕن-بـە وتەیـەکی تـر، ڕێگـای ژیانیـان بەڕاسـتی پێشـتر دیاریکراوە، چیرۆکێکە کە پێشتر گێڕاویانەتەوە، زەمەنی هەنووکە بەسـتراوەتەوە بـە زەمـەنی ڕابردووەوە. زەمەن هەڵگەڕاوەتەوە: ئەوان لە بری ئەوەی لە ڕابردوویانـەوە بـەرەو داهاتوویـان جووڵە بکەن، داهاتوویان، (کۆتـایی چـیرۆکەکەیان) بـەو جـۆرە دەبیـنن کـە بـوونی ڕابـردوو ئێستایان دەسەپێنێ.

ئەزموونی ڕووکانتن لە کۆتایی ئەو یەکشەممەیەی مەبەستی ئێمە بۆمان دەردەخات کە ئەم پرۆسەیە لە ڕووی ژیانی حاڵی حازرەوە تا چ ئەندازەیەك لـە کـران نـەهاتووە. لـە ناکـاو ئـەو هەستەی لا دروست دەبێت کە ئەو بەزوویی دەبێتە خاوەنی بەسـەرهات. لـەکاتی ڕۆیشـتندا، بەخۆی دەڵێت کە کاتێك بگاتە خاڵێکی دیاریکراو، شتێك ڕوودەدات، چـونکە هـیچ شـتێك، لەڕاستیدا ڕوو نادات، بڕیار دەدات کە دەبێ ئەو خاڵە دوورتـر بێـت و سـەرەنجام کـە دەگاتـە بەردەمی کافتریای مابلی بەو دەرەنجامە دەگات کە ئەو شتەی ئەو بـەرەو لای دەچـوو دیمـەنی خەزێنەداری دانیشتووە لە پشت سندوقی نێو کافتریاکە. حاڵی حازر لە هەناسـەی خۆیـدا زۆر لە باوکەوتوون و ڕووکانتن کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە بەڕاستی بـەو دەرەنجامـە دەگـات کـە هەستی بەسەرهات نەك لە حاڵی حازر بەڵکوو لە ئاگاداری بەرامبـەر بەسـەرهاتی زەمەنـەوە

دێت: ((لەناکاو هەست دەکەین کە زەمەن بەردەوامە، کە هەر سات بۆ ساتێکی تر ڕێگای دەکات، ئەمەیان بۆ ئەوی تر و هەر ئاوا تا کۆتایی)) (هێڵنج، ل١٤٢). مرۆڤ بۆنی دەردەکەوێت کە زەمەن وا خەریکە دەیباتە نێو دەروونی داهاتووەوە، بەرەو شتێك دەچێتە پێشیّ، بەوەها شێوازێك کاردەکات کە داهاتوو پابەند بکات، بیّ ئەوەی بزانیّ داهاتوو چی دەبێت. لەم هەلومەرجەدا زەمەن سەرەوبن نابێت، بە پێچەوانەوە: ((هەستی بەسەرهات هەمان هەستی لە هەڵگەڕانەوە نەهاتووی زەمەنە)) (هێڵنج، ل١٤٣).

ئانی، دوڵبەری (خۆشەویست) ڕابردووی ڕووکانتن، بەرامبەر بەو کۆششە بیّ مەیل نەبوو کە بە جۆرێکی وا زەمەن بگوزەرێنیّ، تاکووو هەستێکی لەو شێوەیە بەدی بێنیّ و ڕووکانتن پێمان دەڵیّ ئەو کاتانە لەبەر ئەوەی لە عەدەنەوە سەفەری دەکرد بۆ جیبۆتی تاکوو بیست و چوار سەعاتە لەگەڵ ئانیدا بەسەر ببات، ئانی هۆکارێکی دەخولقاند کە ئەوان تاکووو ئەو یەك کاتژمێرەی کە ماوە لە حاڵی شەڕدا بمێننەوە: (شەست چرکە، ڕێك ئەو ماوەیە کە پێویستە تاکوو مرۆڤ هەست بکات چرکەکان یەك یەك تێدەپەڕن)) (هێڵنج، ل١٤٣).

هەر ئەو زانینەی ئەوەی کە دەبیّ تاکووو کاتژمێرێکی تر لێك جیاببنەوە بەدیهێنەری هەستی لە هەڵگەڕانەوە نەهاتووی زەمەن و ئاگاداربوونی توونت بوو لە ڕووداوەکە، بەڵام ئەم حاڵە بۆ ئانی کۆششێکی ئەوەندە نەبوو لە تاقیکردنەوەی هەستی ڕووداو بەڵکوو زیاتر ئاواتی خولقاندنی ساتە کاملەکان بوو.

بابە بیرمان بێتەوە کە ڕووداوەکە تەنیا دەتوانیّ چیرۆك بێت و لەو ڕووەوە دەبیّ لە جیهانی ڕاستەقینە پچڕابێت. لەبەر ئەوەی کە کاملّی[1]، چۆنیەتییەکی بەدەست هاتووە، ئەو ساتە کاملانەی کە ئانی لە هەوڵدایە پێیان بگات، دەبیّ لە هەمان ناوەرۆکی بەسەرهاتەکاندا بوونی هەبێت. گوتاری ڕووکانتن دەربارەیان پشتڕاستکەرەوەی ئەمەیە. چیرۆك شتێکە کە هەر کە گێڕدرایەوە یان نووسرایەوە، بە سەربەخۆ لە گێڕەرەوە یان نووسەربوونی هەیە. لەمبارەیەوە چیرۆك وەکوو پارچە مۆسیقایەك دەچێت کە نۆتەکانی لە زنجیرەی یەك لە دوای یەکی جێگیردا بەدوای یەکتریدا دێن.

1- (Prefection).

ڕێوڕەسمەکان چالاکیەکی تری مرۆڤە کە هەمان تایبەتمەندیان هەیە. لە ڕێوڕەسمەکاندا، بە گوێرەی ڕێکخستنێکی لە گۆڕان نەهاتووەوە، کۆمەڵە جوڵەیەك ئەنجام دەدرێن و کۆمەڵە قسەیەك دەکرێن. ڕوخساری ڕێوڕەسمەکان سەربەخۆیە لە جێبەجێکارانی. ئاواتی ئانی بۆ بەدیهاتنی ساتە کاملەکان، لە کۆششێکدا بە هەڵگەڕانەوەی ژیانی لەسەر شێوەی ڕێوڕەسم بەدیارکەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕێوڕەسمەکان لە دەرەوەی زەمەندان و لەوپەڕی ڕاستەقینەدان، تاکاتێك کە ئێمە لە جیهانی ڕاستەقینە و حوکم دراو بە حوکمی زەمەن ژیان بەسەردەبەین، ئەو ناتوانێ هیوایەکی بۆ بە ئاکام گەیشتن هەبێت. ڕووکانتن دەنووسێت: ((لە ناوەڕاستی ئەو ڕێوڕەسمانەدا کە ئانی هەر ئەو کاتە دای دەهێنان، پەلقاژەم بوو و وەکوو داوی جاڵجاڵۆکە بە قۆڵە درێژەکانم دەمپساند. لەو کاتانەدا ئەو ڕقی لەمن بوو)) (هێڵنج، ل١٥١)، ئانی لە هیچ ڕوویەکەوە بەوێژدان نەبوو، نە بەهۆی ئەوەوە کە ڕووکانتنی مرۆڤی ڕاستەقینە، نەیدەتوانی لێکدانەوەی نێو زەینی وی بزانێت، بەڵکوو هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە بە گریمانەی سروشتی بەدەست هاتووی ڕێوڕەسمەکان، ناکرێ لەو ئەزموونەی کە تێیدا دەژین بخولقێنین. ڕووکانتن وەڵامی بانگهێشت کردنەکەی بۆ چوونە پاریس و چاوپێکەوتنی دەداتەوە، لەبەر ئەوەی وەکو بۆخۆی دەڵێت هێشتاش دڵی لەلایەتی، بەڵام هەروەها بێگومان تاڕادەیەك بۆ پەی بردن بەوەی کە ئایا تێڕوانینی ئانی بۆ ساتە کاملەکان بۆتە شتێکی تر یان نا.

لەم نێوەندەدا ڕووکانتن دەگەڕێتەوە سەر هەڵوەستەکانی دەربارەی خەڵکانی تر کە لە دەوروبەری لە بۆڤیل دەیانبینێت. کاری چاوگێڕان بە کۆمەڵگای شاردا لە سەیرکردنی پەیکەری ئیمپڕازەوە دەستی پێکردبوو و بە دیتنی بورژواکان لە میانەی ڕاڕەوی بەیانی یەکشەممەیان لە شەقامی تورێن برێدەوە درێژەی پێ درابوو. ئەو چاوپێداگێڕانە بە هاتنی دوکتۆر ڕۆژی، پیاوێکی دڵنیا لە پێگەکەی لە جیهاندا، بۆ خواردنگەی کامی کە ڕووکانتن خەریکە لەوێ نان دەخوات، قۆناغێك واوەتر دەچێت: ((ئەو ڕوخسارێکی هەیە کە من ناوی دەنێم ڕوخساری جوانی پیاوێك ژیان و هەڵچوون ڕازاندویانە و چرچ و لۆچی لێ دروست کردووە، بەڵام دوکتۆر لە ژیان تێگەیشتووەو زاڵ بووە بەسەر هەڵچوونەکانیدا))(هێڵنج، ل١٥٥). متمانە بەخۆبوونی دوکتۆر ڕۆژێ، ئەوەندە زۆرە کە دەتوانی متمانە بە خەڵکانی تر ببەخشێت، بەڵام دەبێ ئەوەش زیاد بکرێت کە ئەم بەخششە بەردەوام لەسەر بوونیادی باڵادەستی خۆی ئەنجام دەدرێت. ئەو کەسێکی ئەوتۆیە کە، لەبەر ئەوەی ژیاوە و دەزانێ

کوێرەوەری چییە، لەو باوەڕەدایە کە خاوەنی پاشەکەوتێکە لە ئەزموون کە ئێستا دەتوانێت بیخاتە بەردەستی خەڵکانی تر.

ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئەو ڕابردووی بەکاردێنێت تاکوو فەرمانڕەوایی بەسەر حاڵی دەوروبەرەکانیدا بکات. پڕۆسەی لە حاڵی حازردا ژیان ئیدی ناتوانێت بونی هەبێت لەبەر ئەوەی خەڵکانی هاوشێوەی دوکتۆر ڕۆژێ لە بری بەرەوپێشچوون بۆ نێو داهاتووەوە، بەردەوام دەگەڕێنەوە دواوە:

حەز دەکەن بە ئێمە بسەلمێنن کە ڕابردوومان بە فیڕۆ نەچووە، کە بیرەوەرییەکانیان کەڵەکە بوون و بە نەرمی و ئاسانی بۆتە بیرمەندی. ڕابردووی بەکەڵك! ڕابردووی بڕینی گیرفانێك، کتێبی ڕۆح زێڕین و پڕ لە قسە و بڕیاری جوان. ((باوەڕبکەن، من لە ڕووی ئەزموونەوە قسە لەگەڵ ئێوەدا دەکەم، ئەوەی دەیزانم لە ژیاندا فێری بووم.)) ئایا ئاوایە کە ژیانی لە ئەستۆی گرتووە بیر لە شتێکی تر بکەنەوە؟ ئەوان نوێ بە کۆنە دەردەبڕن-و کۆنیش بە ڕووداوی دیسان کۆنتر دەربڕیوە، هاوشێوەی ئەو مێژوونووسانەی کە لە لێنین یەك ڕوبسپیری ڕوسی و لە ڕوبسپیریەك کڕامولی فەڕەنسایی دروست دەکەن: لە کۆتاییدا، هەر سەریان لە هیچ دەرنەچووە....

(هێڵنج، ل١٥٩)

ئەزموونیان لە ژیان، لە کردەدا کەرەستەیەکە کە بەهۆیەوە دەتوانن خۆ لە ژیانی حاڵی حازر بپارێزن و ئەو گریمانەی لە خۆگرتووە کە جیهانی دەوروبەریان گۆڕانی بەسەردا نایە و دەتوانرێت هیواداری کە هەروا دەمێنێتەوە. ئەم گریمانەیە تەنیا کاتێك دێتەدی کە لەلایەن هەموانەوە قبوڵ کرابێت. ڕووکانتن کە ژیانی لە تەنیاییدا دەگوزەرێت و دەوروبەری لە مرۆڤی دیکە بەتاڵە، دڵنیا نییە کە ئەم گریمانەیە مومکین بێت، بە تایبەتی کاتێك کە خۆی لە شارێکدا دەبینێتەوە، کە ئەم گۆڕانی بەسەردا هێناوە. ئەو لە قۆناغی پێشتری دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی: ((لە کافتریاکاندا هەمیشە هەموو شتێك لە دۆخی ئاساییدایە و بەتایبەتی لە کافتریای مابلی، بەهۆی بەڕێوەبەرەکەیەوە موسیۆ فاسکڵ کەمایە پووچی ئاشکراو دڵ ئاسوودەکەرێکی لە قەڵافەتدا هەیە.))(هێڵنج، ل٧٢).

ئەو کەواتە بە توندی پەرێشان دەبێ ئەو کاتەی کە لە بەیانییەکی تەماویدا دەچێتە کافیتریای مابلی تاکوو قاوەڵتیەك بکات و دەبینێ تارادەیەك چۆڵ و بێ ئامادەبوونی دڵ

ئاسوودەکەری بەڕێوەبەرەکەیەتی کە بە پێچەوانەی نەریتی خۆی لە بالآخانەکەی نەهاتۆتە خوارێ. ڕووکانتن دێتە خەیاڵییەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە موسیۆفاسکڵ مردبا، بەڵام زیاتر لەو ئەگەرە، گوێ بەوە دەدات کە هەڵنەکردن لەگەڵ نەریتدا، بەجۆرێك بوونی شتەکان بە شێوەیەکی گشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە: ((پێموایە لە بلقیەوەیە کە دنیا لە ڕۆژێکەوە هاوشێوەی رۆژێکی تره. ئەمڕۆ وای خۆ دەنوانند کە دەیویست هەڵگەڕێتەوە، کەواتە هەرشتێك، ئەگەری ئەوە هەبوو هەرشتێك ڕووبدات)) (هێڵنج، ل١٧١). ئەگەر ڕووکانتن تەنیا بتوانێت موسیۆفاسکڵ دووبارە ببینێتەوە، جارێکی تر دڵی ئاسوودە دەبێت، بەڵام کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ کافتریای مابلی، دەبینێت کە بە تەواوی چۆڵە. لەم بۆ ئاشکرابوونە ترس دایدەگرێت: ((موسیۆفاسکڵ ئەوەندەی کە پێدەچوو دڵ ئاسوودەکەر نییە. ڕەنگە هەر شتێك وەکوو خۆی دەنوێنێ، وانەبێت. چۆن بزانێت کە شتەکان کاتێك ئەو پشتی تێکردن گۆڕانیان بەسەردا نایە؟)) ڕەنگە ئەو تەنیا کاتێك دڵنیا بێت کە ئەوان دەست بگرن بە ناسنامەی خۆیانەوە کە چاویان تێ ببڕێت و لەبەر خۆیەوە ناوەکانیان دووبارە بکاتەوە: ((من بە توندی بە خۆمم دەگوت: ئەمە چرایەکی غازییە، ئەوە قاپێکی ئاو خواردنەوەیە و بەهێزی نیگام هەوڵم دەدا ئەوان بگۆڕم بۆ شێوەی ڕۆژانەیان))(هێڵنج، ل١٧٢). بەڵام تەنانەت پرۆسەی ناوبردنەکانی ناسنامە بەخشی شتەکان پێیان، خۆنەرمییان زامن ناکات - ئێمە بەڵگەیەکمان نییە لەسەر ئەوەی کە جیهان ئەوەندەی کە مەزەندەی دەکەین ڕام بێت.

یان بە وتەیەکی وردتر، ئەوەندەی کە بانگەشە دەکەین کە وادەزانین ڕاوە. ڕووکانتن لەو ئاگاداریەدا تەنیا نییە کە پێویست ناکا کە جیهان بە شێوازی دانراو و بەو جۆرەی کە خومان پێوەگرتووە بوونی هەبێت و هەروەها لە زانینی ئەو خاڵە تەنیا نییە کە ئێمە بۆ خۆمان لە ئامێرێکی جێگیری ڕێکخراودا لە دەوروبەرمان، پێگەیەکی زەرووری و پێویستمان نییە. هەر بۆ ئەمەشە کە کەسانی وەکوو دوکتۆر ڕۆژێ پلەیەکی ئەوەندە بەرز دەدەنە ئەزموون: ((ئەزموون)) دوایین بەرگرییانە. دوکتۆر حەز دەکات بڕوای پێی هەبێت، حەز دەکات چاوی بەڕووی واقیعیەتی هەڵنەکراو لەگەڵیدا وابکات: کە ئەو تەنیایە، بێ بەش، بەبێ ڕابردوو، بە زەینێکی سڕ و جەستەیەکەوە کە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت))(هێڵنج، ل١٦١). ئەوەی کە ڕەنگە درەوشاوەترین دیمەنی هێڵنج بێت - دیداری ڕووکانتن لە پێشانگای وێنە لە مۆزەخانە- شایەدی نموونەگەلێکیترە لەم گوتەیە. خاڵێکی مانادارە کە ڕووکانتن دەچێتە مۆزەخانە لەبەر

ئەوەی لێوەشاوەیی جەستەیی ڕوخساری ئۆلیڤێر بلوینی سەرسامی کردووە، بۆی دەردەکەوێت کە بلوینی لە ڕاستیدا مرۆڤێکی زۆر جەستە بچووکە، بەڵام وێنەکێش ئەوی بەو جۆرە کێشابوو کە بە قەد و باڵا خۆی بە قەبە دەنواند: ((هێزی هونەر چەند جێی ستایشە! لەم پیاوە وردیلەیە و دەنگ ناسکە هیچ شتێك نەدەگەیشتە داهاتووەکان جگە لە ڕوخسارێکی هەڕەشە ئامێز، شکڵ و شێوەی شکۆدار و چاوی خوێناوی گاسەك))(هێڵنج، ل۱۹۳). ئۆلیڤێر بلوینی وەکوو ڕاستەقینە و وەکوو ئەوەی کە خۆی دەنوێنێ دوو شتی جیاوازە. لەمبارەیەوە وەکوو هەموو بلوینییەکانە کە وێنەی ڕوخساریان لە پێشانگاکانە: هەر کامێکیان هاوشێوەی ئەوی دیکە بوو، بەڵام هەرکامیان ڕۆڵی کەسێکی دەگێڕا کە، بە پێچەوانەی خەڵکانی ترەوە، ڕەگەزێکی ماهوی[1] بوو لە کۆمەڵگادا، کە ڕۆڵی بەخشندەی جۆرێك زەرورەتی ڕەها بوو بۆ بوونی: پاکۆم، کە سەرنجی بۆ ئەرکی خۆی مافی بوونی بەو دابوو، لە پلەی باپیرەیەکدا کە ناوەکەی گرنگی نەبوو، بەرجەستە بەخشی ئەزموون بوو: ((یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر بە ئەندازەی پێویست بەرەوپێش نەچوو بووم: ئەزموون زۆر زیاتر بوو لە بەرگری کردن لە بەرامبەر مەرگدا، ئەزموون مافێك بوو: مافی پیرەکان))(هێڵنج، ل۱۸۳). پاروتینی پزیشك کە لە هەموو کەس تەنانەت لە شۆڕشگێڕەکان دەگەیشت و دەیزانی چۆن چۆنی ئاڕاستەیان بکات و بیانهێنێتە سەر ڕێگای ئەرك، خودی ئۆلیڤێر بلوینی کە سەرەڕای بالاکورتی، ئەرکەکانی و مافەکانی هەردووکی دەزانین. ڕووکانتن لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ وەها زنجیرەیەك لە بوڕوژوا پایەدارەکان، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەبدریت کە گومان لە مافی هەبوونی بکات، بەڵام بەهۆی فێڵێکەوە کە لە نەفس و نیگاری ئۆلیڤێر بلوینیدا بەکاربراوە دەزانێت کە وێنە ڕوخسارەکان تەنیا گۆشەنیگایەك دەکەنە هەمیشەیی کە خاوەنەکانیان دەیانویست خەڵکانی تر بەرامبەریان هەیانبێت. ئەوان گەرەکیان بوو بە شێوازێکی جیاواز لە خەڵکانی تر ببیندرێن: ئەگەر مایەپووچن لەو ڕووەوەیە کە کەمتەرخەم بەو ((ناڕاستگۆییە))ن کە سارتر لە ڕیزبەندی دواتر بە تێروتەسەلی دەیڕازێنێتەوە، لەو ڕووەوەیە کە ئاواتیان بە جیاوازی نواندن ئەوە لەخۆ دەگرێت کە هەم لە خۆیان و هەم لە خەڵکانی تری بشارنەوە کە بوونیان زەروورتر نییە لە بوونی کەسێکی دیکە.

---

[1]- ماهو، نەمزانی بە کوردی چییە بۆیە وەکو خۆی فارسیەکەم دانایەوە. ((وەرگێڕ))

دیدار لە پێشانگای نەقش و نیگار لەگلە بڕیاری ڕووکانتندا بۆ تەرك كردنی ژیاننامەیەكدا ناپەیوەست نییە كە دەربارەی ماركی دۆلۆبوون دەینووسێت. لە خۆی دەپرسێت: ((من كە توانای ئەوەم نەبووە كە لێگەراوم خۆڕاگرم، چۆن دەتوانم هیوام بە ڕزگاركردنی ڕابردووی كەسێكی دیكە هەبێت؟))(هێڵنج، ل١٩٦)). بۆی دەردەكەوێ ئەو كە لە ڕووی مرۆییەوە بوونێكی زەرووری نییە، ناتوانێت بوونێكی زەرووری بە ڕولیۆن ببەخشێت. هەمان كرداری نووسینی ژیاننامە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی: ئەو كاغەزەی كە لەسەری دەنووسێت لە زەمەنی ئێستادا بوونی هەیە، هەروەهاش ئەو وشانەی كە نوسیوونی-هەرئاوا كە مەرەكەبەكە وشك دەبێتەوە، ئەم وشانە نەك دەبنە هەمان بەش لە جیهانی مادی كە هەمیشە لە زەمەنی نوكەدا بوونیان هەیە، بەڵكوو خۆیان لەوی جودا دەكەنەوە. لە ناكاو پەی بە خاڵێك دەبات كە تاكووو ئێستا بە مێشكیدا نەهاتووە: ((ماهییەتی ڕاستەقینەی زەمەنی ئێستا ئاشكرا دەبوو: هەر ئەوە بوو كە هەیە و هەرچییەكی كە ئێستا نەبوو، بوونی نییە))(هێڵنج، ل١٩٦). بە وتەیەكی تر، تاكە ئەو شتانەی كە بوونیان هەیە، شتگەلی مادین. كەواتە خودی ڕووكانتن تەنیا دەتوانیّ لە ڕووی مادییەوە بوونی هەبێت، بەڵام هیچ كامێك لە ئێمە تەنیا وەها بوونی نییە. كاتێك كە دەڵێین من، گەڕانەوە بە شێوەیەكی ئاسایی زیاتر بۆ زەینمە تاكووو جەستەم. هەروا كە سارتر لە شوێنێكی دیكەدا دەڵێت: ((ئاگاداری و جیهان لە یەك كاتدا دراون: جیهان كە بە حوكمی زات لە دەرەوەی ئاگادارییە، بە گوێرەی زاتی خۆی بەوەوە بەسراوەتەوە.))[١]

كەواتە زەینم لە جەستەم لە پێشترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو ئاگاداریەم كە ئێمە وەكوو زەین و جەستە هەردووكیان بوونمان هەیە. لە هەمان ئەو خاڵەدا كە ڕووكانتن ئاگار دەبێت كە ئێمە لەسەر ئەم دوو ئاستەدا بوونمان هەیە، بۆ جارێكی تر خۆی لە چنگی ئەزموونی هێڵنجدا دەبینێتەوە. رەنگە ئەمە سەرسووڕهێنەر نەبێت: بەشی دوورو درێژی دەفتەری بیرەوەرییەكان كە بە زۆری لەسەر كەسانی تر هەروەكوو بابەتی هەڵوەستە جێگیر بووە، ئەوی گێڕاوەتەوە بۆ مەسەلەی بوونی جیهانی مادی و مەسەلەی پێوەندی خۆی بەو جیهانە مادییەوە. ئەمجارە بەتایبەتی هێرشی هێڵنج توندە. هەموو ئەوەی سەبارەت بە بابەتی ڕووداوەكە، ساتە كامڵەكان، زەمەن، مایە پووچەكان و شتیتری نووسیوە، ئامادەكارییەك بووە بۆ دەركی ئەوەی

١- ((مەزەندەیەكی بوونیادی هۆسرێل))، كۆمەڵە وتاری پێگەكان، بەرگی١، پاریس، ١١٣٤، ل٣٢.

لە پاش وازهێنان لە کتێبەکەی لە بەشی ڕولیۆندا-تاکوو ئێستا پاساوێك بۆ بوونی- ئەو تەنیاییە، ڕووبەڕووی جیهانی شتەکان و بەم شێوەیە بەندکراوی زەمەنی نووکە، بەڵام دەزانێت کە نە لە ئێستادا دەتوانێت زەروورەیەتێك بۆ بوونی بدۆزێتەوە نە لە ڕابردوودا و نە لە داهاتووشدا. ((مارکی دوڕولیۆن هاوپشکم بوو، ئەو بۆ بوون پێویستی بەمن هەبوو و من بۆ هەست نەکردن بە بوونم پێویستیم بەوی هەبوو))(هێڵنج، ل١٩٩). ئەم ڕستەیە پێش دەرەنجامی دەستەواژەیەکە کە دەگاتە پلەی وڕێنەی هەوا کە ڕووکانتن هەوڵ دەدات تاکووو بۆخۆی بوون بکاتەوە کە کاتێك قسە لەسەردا هەبوون ((دەکەین دەبێ ڕێك لە چی تێبگەی، ئەزموونی هەنوکەی هێڵنج بەردەوام بەهۆی دەرك کردن (بینایی و ساوانی و شتی تر) شتەکان وروژاوە. ئەمجارەیان، ئەزموون شێوازی جیاواز بەخۆ دەگرێت: ((ئەو شتەی کە چاوەڕوانی دەکرد هەراسان بوو، بەڕوومدا بازیدا، لە دەروونمدا ڕەوان بوو، لێی پڕ دەبم- هیچ نییە! ئەو شتە منم. بوون، سەربەست بوو، ڕزگاری بوو، بەڕوومدا شەپۆڵ دەدات، من هەم))(هێڵنج، ل٢٠٠). کاتێك کە ڕووکانتن وردەبەردەکەی لەسەر زەوی هەڵگرت، هێڵنج لە ڕاوەستان بە کاریگەری وردە بەردەکە هەروەکو شتێك لەودا هەروەکوو ئاگاداری سەرچاوەی گرت. کاتێك کە هێڵنج لە هەموو شوێنی کافتریاکە سەرچاوەی گرت، دیسانەوە بەهۆی دەرك کردنی ڕووکانتن لە دەوروبەری بەهۆی جیهانی مادییەوە بوو. ئێستا جیاوازی لەوەدایە کە ئەو شتەی هێڵنجی هێنایەدی خودی ڕووکانتنە، بەجۆرێك کە دەڵێت ((من هەم))، ((من)) دەیگەڕێنێتەوە بۆ جەستەی و نە ئیدی بە ((من))ی ئاگاداری یان زەین:

دەستم دەبینم کە لەسەر مێزە بڵاو دەبێت- منە. دەکرێتەوە، پەنجەکان لە نوشتاوەیەی دێنە دەر و ڕاست دەبنەوە. دەستم بە پشتدا کەوتووە. ورگە زلەکەیم نیشان دەدات. وەکو گیاندارێکی لەسەر پشت کەوتوو دەچێت. پەنجەکان، قاچەکانیەتی. (...) هەست بە دەستم دەکەم. ئەو دووگیاندارەی کە لە کۆتایی قۆڵەکانم دەجولێت، منن.

(هێڵنج، ل٢٠٠)

دەستی ڕووکانتنی وەکوو جەستەیە و هەم ڕووکانتن وەکوو زەین نییە، لەمبارەیەشەوە ڕووکانتن کارێکی لە دەست نایە، لەبەر ئەوەی جەستە شتێکە کە ئەو بەرپرس و هۆکاری دەسپێکی نییە. هەر ئەم قسەیە دەتوانرێت لە بارەی ئەندێشەکانی ئەو بگوترێت: ((جەستە هەر کە جارێك دەستی بە ژیان کرد ئۆتۆماتیکی ژیان بەسەر دەبات، بەڵام کاتێك دەگەینە

ئەندێشە، منم کە درێژەی پێ دەدەم، بـڵاوی دەکەمـەوە. مـن هـەم بیردەکەمـەوە کـە بـوونم هەیە.))(هێڵنج، ل٢٠١). ئەو وەکوو جەستە، تەنیا بوونی هەیە، وەکو زەیـن، بـوونی هەیـە، چونکە بیردەکاتەوە کە بوونی هەیە. کەواتە بیرکردنەوەکانی (ئەندێشە) بە هەمان ئەندازە ئەون کە جەستەی ئەوە: ((بیرکردنەوەی من، خودی منە.)) کەواتە، لە ڕوویەکەوە، جەستە بۆ بوونی بەردەوامی دیسانەوە بەستراوەتەوە بە زەین، چونکە ئەگەر بمانتوانیبا لە بیرکردنـەوە بوەسـتین بەناچاری لە هەبوون دەوەستین، بەڵام ئەڵبەتە ئەمە لە کرِان نەهاتووە. لە ئەنجامدا، خۆمان لەو دۆخە دەبینینەوە کە وەکوو ئاگاداری بەرپرسی بوونی خۆیەکانی جەستەییمانین، لە کاتێکدا کە لە هەمان کاتدا پابەندبن بە بوونی جەستەیی بەردەوامانەوە تاکووو بتوانین هـەر ئـاوا وەکـوو ئاگاداری بوونمان هەبێت. لەو ڕووەوەیە کە گرینگی چارەنووسی لووسین، ئەو کیژۆڵەیەی کە بێ خۆیان کردووە و کوشتوویانە، کە بەم شێوەیە لە هەمان کاتـدا بـوونی هەیـە و بـوونی نییـە: ((جەستەی هێشتا بوونی هەیـە، گۆشـتە بریندارەکـەی. ئـەو ئیـدی بـوونی نییـە))(هێڵنج، ل٢٠٣). گەرچی پیاوکوژی شێت پەلاماری جەستەی کیژۆڵەکەیدا، بەڵام ئەوە زەینیەتی کە لە هەبوون وەستاوە.

ئەم خاڵە ڕووکانتن بە دەرەنجامێك دەگەیەنێت کە بوونی دەستەواژە لە یـەك کەموکوڕییـە: لەلایەك، ئـەو تکایـەی کـە دەسـتدرێژکار لێـی ئاگـادارە تـەنیا بـەهۆی ((خـۆی)) مـادی، دەردەبڕدرێت، لەلایەکیتریشەوە، لە بوونەوەرێکی کامڵدا، لەناوبردنی ئاگاداری بە پەلاماردانی ((خۆی)) جەستەیی نامومکینە.

ئەم خاڵە هەروەها ڕێگا بۆ ئەو پشـت ڕاسـتکردنەوەی بۆچـوونی دەبـات، دەربـارەی ئـەو کەسانەی کە بە مایە پووچ ناویان دەبات: ((کاکم واهەست دەکات کە بونی هەیـە. نـا، ئـەو کاکە لێوەشاوەیەی کە تێدەپەڕێت، لووت بەرزو نەجیب وەکوو نیلوفـەر، هەسـت ناکـات کـە بوونی هەیە (...) کاکی لێوەشاوەی هەروەکو نیشانەی لژیۆن دوئور بوونی هەیـە، هـەروەکوو سمێڵ بوونی هەیە، هەموو هەر ئەمە))(هێڵنج، ل٢٠٤). کاکە خۆی بـە قـەد یـەك نیشـانەی لژیۆن دۆنور و سمێڵێك (ئەڵبەتەش بە قەد هەموو ئەوەی کە ئەوان دەردەخات) کەم کردۆتـەوە تاکوو بتوانێت پێناسەیەکی ڕوونی لەخۆی هەبێت و لە بەڵگە لاوەکییەکانی شێوەی نارِازیکەر ڕابکات کە لە ڕاستیدا ئێمە بە دانەوە بوونمـان هەیـە. بەشـی لـە پێناسـە هـاتووی بوونمـان، جەستەمان (خۆمان وەکوو شت)، لەکاتێکدا کە ئاگاداری (ئەوەی بە منی مـاهوی دەژمێـرم)

شتێکە کە پێناسە وەرناگرێت کاکی لێوەشاوە پەنادەباتە بەر پشت ڕازانەوەی نیشانسمێلەکانی، هەندێك بەهاوکاری پەشیمان بوونەوەی بەردەوام لە ئەزموونیان بەرگری لەخۆم دەکەن و هەندێکیش بە کۆمەکی زنجیرەیەك ئەرك و ماف، پاساو بۆخۆیان دەهێننەوە: ((ئەو نیشانەی لژیۆن دۆنوری هەیە، مایە پووچەکان مافی هەبوونیان نییە: من بوونم هەیە چونکە ئەوە مافی خۆمە))(هێڵنج، ل٢٠٤). بەلاّم بێ توانایی ڕووکانتن لە سازشکردنی دوو ڕوخساری بە ڕەواڵەت نەشیاوی بوونمان، بەرەو ترس و لەرزێکی دەبات کە تەنیا کاتێك دەچیە نێو ((باری دۆلامارین)) سەرهەڵدەدات. جارێکی تر، بەهاوکاری پارچە مۆسیقایەك لەدەست هێڵنجەکەی ڕزگاری دەبێت. بەرلەمە، کاتێك کە لە کافتریای ڕاندۆڤ دۆشمینۆ گوێ بۆ ئاوازی Some of these days دەگرت، شێوازێك کاری تێکردبوو کە بەهۆی مۆسیقاوە دەتگوت بەجۆرێکی زەردتر لە هەبوونی مرۆڤەکانی نێو کافتریا بوونی هەبوو. ئێستا، لەبەر ئەوەی گویی لە ئاوازی When the low moon begins to beam دەبێت هەمان هەستی بۆ دروست دەبێت، بەلاّم دەتوانێت لە زەمینەی ڕووداوە تازەترەکاندا ئاوێتەی بکات. پەی دەبات کە ژنە گۆرانبێژەکە بە هەمان شێوەیە بوونی هەبوو کە ئەویان هەر کەسێکی دیکە بوونی هەبوو. ((بەلاّم ئیناها، ناتوانرێت بگوترێت کە ئەو بوونی هەیە))(هێڵنج، ل٢٠٦). بەهەر تەقدیرێك نەك بە شێوەی باوە ((ئەوە)) ئەڵبەتە مۆسیقایە کە لەسەر شێوازی ئەوپەڕی جیهانی لەباربوونی هەیە، جیهانێك کە لە خۆگری مرۆڤەکان، شتەکان، یان تەنانەت قاوانی مۆسیقایە: ((من کە گوێ دەگرم، بوونم هەیە. هەموو شتێك پڕە، هەموو جێیەك بوون، ئەستوور و قورس و شیرین، بەلاّم لە پشت هەموو ئەم شیرینییەدا، دەست پێنەگەیشتوو، نزیکی نزیك، ئەی هاوار ئەوەندە دوور، گەنج، بێ بەزەیی و لەسەرخۆ، بەلاّم بەشێوازیکی تایبەت، بەجۆرێکی وردتر، کە ڕووکانتن جارێ ڕوونی ناکاتەوە.

لە بری ئەوە، لە پاش کورتە بابەتێك (هیچ. بوونم هەبوو)، کە ڕەنگدانەوەی بێ توانایی بەردەوامی لە تێگەیشتنی واتای بوونە، دەرفەتێك دەڕەخسێت کە لەکاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ زانست وەرگردا لەلایەکی دیکەڕا دەگاتە سەر مەسەلەکە. ئەم دیمەنە هاوشێوەی دیمەنی پێشانگای وێنەکان، دیمەنێکی درەوشاوەیە و ئۆتۆماتیکی بۆ خوێنەر بە نرخە، بەلاّم ئەم دیمەنە هەروەها پشکی خۆی دەداتە پەروەردەکردنی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە، بەم جۆرە کە بۆمان هۆکارەکانی شێوازی ژیانی زانست وەرگر ئاشکرا دەکات. زانست وەرگر لە کرداردا بە

قەد خودی ڕووکانتن تەنیای تەنیایە، بەڵام ئامادە نییە ئەم ڕاستییە قبوول بکات: ((مرۆڤ دۆستی)) ڕایگەیاندووە، دەربڕی بڕوایەتی بەوەی کە ئێمە دەتوانین لە هاودەمی لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا و بە بریوانی ڕێزگرتنی ((بەهاکان))ی مرۆیی، پاساومان بدۆزینەوە. ئاواتی بۆ ڕێکوپێك خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی کتێبخانەی گشتی شێوازێکە کە هیوای پێیەتی مانابداتە بوونی: جارێ ئەو خەریکی پەروەردەکردنی خۆیەتی، سەرەنجام پەروەردە دەکرێ و پاشان بەشداری لە هەموو دەستەکەوتەکانی مرۆڤدا دەکات. زانست وەرگر بێ ئەوەی ئاگی لێ بێت، قوربانی مایەپووچەکانە! ئەو بەهایانەی کە ئەو هێندە بە گەورەیان دەزانێت بەهاگەلێکن کە بە هاوکارییەوە ئەوان ڕاستەقینەی بوونی خۆیان لە خۆیان دەشارنەوە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵە شتێکن کە بەوانەوە دەسڕۆیشتوویی زۆر دەدەنە بوونەوەرگەلی وەکوو زانست وەرگر. مرۆڤ دۆستی وی ڕەنگدانەوەیەکە لەم بەهایانە و هەروەها بەرگری کردن لە بەرامبەر تەنیاییدا: مرۆڤ دۆستی هاوشێوەی بڕوابوون بە مافەکان یان ئەزموون، شێوازێکی دیکەیە کە بەهۆیەوە مرۆڤ مۆر لە خۆی و خەڵکانی تر دەدات و لە زنجیرە پلەی کائیناتدا پێگەیەك دەداتە خۆی. ئەوەی زانست وەرگر بۆی دەرناکەوێت ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ هەموو ئەمەشدا یەکسەر زیادەیە، ڕووکانتن بەڕوونی ئەم خاڵە دەبینێت، وەها ڕاستییەك کە نە کەمتر لە زانست وەرگر، لەبارەی خودی ئەوەوە ڕاستە: ((حەزدەکەم هەستم بڕۆم، بچمە شوێنێك کە تێیدا بەڕاستی لە شوێنی خۆم بم، جێیەك کە لەگەڵیدا بگونجێم... بەڵام شوێنی من هیچ جێیەك نییە، من زیادەم))(هێڵنج، ل٢٣٢). بێ پەردەیی ئەو ڕاستییە لە دەرخستنی مرۆڤ دۆستی پێداگرانەی زانست وەرگر، ڕووکانتن ئەوەندە بێزار دەکات کە تووشی هێرشێکی دیکەی هێڵنج دەبێت.

بەرەبەرە شتەکان لە شوێنی شیاوی خۆیان جێگیر دەبن. ڕووکانتن ئێستا دەبینێ کە زانست وەرگر شتێکی بە نرخی بۆوی ئاشکرا کردووە. ڕووکانتن لەمیانەی نووسینی دەفتەری بیرەوەریەکانی، لەو هەستی پێناسە نەکراوی کە لە کاتی هەڵگرتنی وردە بەرد تاقیکردۆتەوە بەرەوپێش چووە، بە قۆناغی هەستکردن بەوەی کە شتەکان بەشێوازێکی جیاواز لەخۆی بوونیان هەیە گەیشتووە و سەرەنجام دەستی گەیوەتە ئاگاداری ئەو کەلێنەی نێوان دوو لایەنی دژبەیەکی بوونمان. ئێستا ئەو دەبینێت کە هێڵنج هیچ نییە جگە لە دەرك کردنی ڕاستەقینەی بوون بە شێوەیەکی یەکسەرە بە ئاگابوون: ((کەواتە ئەمە هێڵنج! ئەم بێ پەردەییەی کوێرکەرە؟ چەندە لە زەینمدا بۆی گەڕام! چەندە شتم دەربارەی نووسی! ئێستا دەزانم: من هەم

—جیهان هەیە- منیش دەزانم کە جیهان بوونی هەیە، هەمووی هەر کەمە))(هێڵنج، ل٢٣٣)، بەڵام ئەم دەرك كردنە ئەو لە هێڵنج قوتار ناكات. زانست وەرگر هەستی هەماهەنگی لەگەڵ جیهاندا دەكات چونكە ئەو گوتەكان و ئەو بەها گەلانەی كە مرۆڤەكان هەروەكوو بەرگری لە بەرامبەر جیهاندا دۆزیویانەتەوە، بۆی بەكاردەبات، بەڵام ئەگەر ئەو گوتە و بەهایانە ئیدی جێی قبوڵ كردن نەبن، هەروەكوو كە ڕووكانتن قبوڵیان ناكات، چی دەبێت؟ ئایا تەنانەت دەتوانین وشەكان بە شێوەیەكی دڵخۆشكەر بەكاربەرین، ئەو وشانەی كە نەك هەر ئەوەی كە بە بەریوانیان بەهاكان بگوازینەوە، بەڵكوو هەروەها مۆرگەلێكن كە ئێمە، وەكو مرۆڤەكان، هەوڵ دەدەین تاكووو پەیوەندییان بدەین بە جیهانی مادییەوە؟ ئەم پرسیارانە كە ڕووكانتن دەیانكات، هێڵنج بەهێز دەبێت چونكە شتەكان زیاتر لە جاران نامۆ خۆیان دەنوێنن.

ئەگەر شتەكان خۆیان لە ناوەكانیان ڕزگار بكەن، ئیدی شتی تاك نین دەگۆڕێن بۆ بەشێك لە بوون لەلایەنی گشتی. ڕووكانتن كاتیٚ: لە تێگەیشتنی ئەم خاڵە نزیك دەبێتەوە كە لە ڕوانینی دەریا، وەكو شتێكی جیاواز دەرك پیٚ دەكات و ڕەنگە شتێك هەرەشە ئامێزتر لەو ئاستی سەوزی ئاسوودەكەری كە بە شێوەیەكی گشتی ڕیٚ نابەینە ئەوپەڕی، بەڵام بەڕاستی ڕاستەقینە كاتێك دەست بە دەركەوتن دەكات كە سواری ترامـوا دەبێت و پەی دەبات كە كورسییەكە، وەكوو بڵێی، وەڵامی ناوەكەی دەداتەوە: ((بە ورتە ورت، كەمێك وەكو كۆنترۆڵ كردنی جندۆكە، دەڵێم: ئەمە كورسییە، بەڵام وشەكە لەسەر لێوەكانم دەمێنێتەوە: خۆی لە ڕۆیشتن و جێگیربوون لەسەر شتێك دەپارێزێت. هەر ئاوای كە هەیە دەمێنێتەوە))(هێڵنج، ل٢٣٧).

هەروەكوو كە پرۆست لە (سێبەری كچە عازەبە پشكوتووەكان[1])دا دەڵێت: ((ناوەكان كە دەرخەری شتەكانن، هەمیشە بە چەمكێكی عەقڵی وەڵام دەدەنەوە كە بۆ هەستەوەریەكانی ڕاستەقینەی ئێمە نامۆیە و ناچارمان دەكات كە لەم هەستەوەریانە هەموو ئەو شتانەی كە لەگەڵ ئەم چەمكەدا نەگونجێت بپەڕێنین.)) ئەزموونی نووكەیی ڕووكانتن ئەوەیە كە ئەو شتە وردانە كە لە كاتی ناولێنانیاندا دەیان پەڕێنین، ڕیٚ: هەمان پارچەیە گرینگە، بەم بەڵگە

1- Arombre des jeunes fillps enflevrs، دووەمین بەش لە ڕۆمانی بەناوبانگی مارسیل پرۆست (١٩٢٢-١٨٧١) نووسەری فەڕەنسایی بەناوی گەڕان بە دوای زەمەنی ون بوودا. ((وەرگێڕ))

سادەیەی کە وشەکان لە هەمان قەڵەمڕەوی کە پێگەی هەبوونی شتەکانە بوونیان نییــە و لــەم ڕووەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە بەوەی تایبەتی ((شت بوون))ی ئەوانە لێیان بنرێــت. ڕووکــانتن دەنووسیٚ: ((شتەکان خۆیان لە ناوەکانیان قوتار کردووە ئــەوان لــەوێن، بــەو شــکڵ و شــێوەی سەیرەوە، دزێو، زەبەلاح، پێکەنیناوی خۆیان دەنوێنن کە ناویان بنێین کورسی یان بابــەتێکیان دەربارە بڵێین: من لە ناوەڕاســتی شــتەکاندام، نــاو وەرنــەگرەکان))(هێڵنج، ل٢٣٧). ئەوەشــی دەربارەی شتەکان ڕاستە دەتوانێت لەبارەی مرۆڤەکانــەوە ڕاســت بێــت! ئۆتۆمــاتیکی بــوونی جووڵەکانی مرۆڤێك کە بەرامبەر ڕووکانتن دانیشتووە، مرۆڤ بوونی دەسڕێتەوەو وەکــوو شــتی لێدەکات. ڕووکانتن ئیدی توانی نامێنێت و لە تراموماکە دادەبەزیٚ.

بەڵام سەرەنجام، بەهۆی ئەو پچڕانەی کە لــە نێــوان وشــەکان و شــتەکاندا هاتۆتــە پــێش، ڕووکانتن وای بۆ دەچیٚ کە لە واتای هەموو ئــەو ڕووداوانــەی کــە ڕوویــان داوە تێگەیشــتووە، لەدوای ئەوەی کە یەکەمین وردە بەردی لە قەراغ دەریا هەڵگرتۆتەوە. هەروەکوو کە لە بــاخی میللی دادەنیشێت و چاودەبڕێتە ڕەگی درەختی شا بەڕووەکە، لەوی تەنیا وەکوو ڕوخسارێك لە بــوون ئاگــادارە: ((وشــەکان لەبەرچــاو ون ببــوون و، بەوانــەوە، بەڵگــەی شــتەکان، شــێوازی بــەکارهێنانیان، نیشــانەکانی چاوســاغێکی سســت کــە مرۆڤــەکان لەســەر ڕووکەشــیان کێشاویانە))(هێڵنج، ل٢٣٩). بەشێوەیەکی باو وشەکان هەروەکوو پەردەیەك لە نێوان ئێمــە و بووندا کاردەکەن و کەواتە ئێمە لە پێشویست بوونی ئەم خاڵە دەرباز دەکەن کە بەستمان ئــەو کاتەی کە وشەی ((هەبوون)) بەکاردەبەین چییە. هەرچەندە هــەبوون دەوران دەوری گرتــوین و بەڕاستی ئێمە بەشێکین لێی، لێکدانمان لەگەڵ جیهان بە بەریوانی وەسفکردن، ریزبەندی، ڕێژەو پێوەندی و شتی دیکە ئەنجام دەدرێت کە لەبەر ئەوەی لە قاڵبی وشەدا دەردەبــڕدرێن مــومکین نییە هەرگیز لە ڕاستەقینەدا لەگەڵ شتەکان بکەن. ئەوەی ڕووکانتن ئێستا بــۆی دەردەکــەوێت ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە لە کێشانی دیمەنی جیهان هاوشێوەی زنجیرە شتێکی نــاولێنراو کــە لــە خۆی گرتووین و لە خزمەتماندان دەســتهەڵگرین، لەگــەڵ شــتێکدا کــەمتر لــە بــوونی چــڕیدا ڕووبەڕوو نین: ((جۆراوجۆریی شتەکان، تاك بوونیان، جگە لە نموونە بوو، لیکێــك، ئــەم لیکــە تواوبۆوە، کۆمەڵیٚ: وەکوو مادەی ســەرەتایی و نــەرم و ڕێــك نــەخراو مــابۆوە-هــەموو ڕووت، بەشێوازێکی ڕووتی ترسهێنەر و دزێوەوە))(هێڵنج، ل٢٤٠). هەور کە ڕووداوەکانی پێشتر ئێمە نەدەدەن بۆ چاو تیٚ بڕینیان، ڕاستە کە قەڵــەمڕەوێکی تــریش هەیــە: ((لــە دنیــای دیکــەدا،

بازنەکان و ئاوازی مۆسیقا، هێڵی بێ خەوش و وردیان دەپارێزن))(هێڵنج، ل٢٤٠). هەر شتێك کە نەگاتە پلەی بێ خەوشی بازنە یان پارچە مۆسیقایەك، بە ناچاری بەشێوەی کەموکوڕی بوونی هەیە. لەوەش زیاتر، تەنانەت بەهیچ جۆرە زەرووڕەتێك بوونی نییە. درەختێکی شابەڕوو تەنیا کاتێك دەتوانێ مانای بۆمان هەبێت کە بتوانین بەش بەشی بکەین و مۆرێکی لێدەین. هەر کە پێگەی تاکی خۆی بزر دەکات و لە بوونی گشتیدا پەلکێش دەکرێت، ئیدی زیادەیە، ڕاستییەك کە بە هەمان ئەندازە دەبارەی مرۆڤ ڕاستە کە لە بارەی درەختەوە: ((زیادە، درەختی شا بەڕوو، لەوێ بەرامبەرم، کەمێك لەلای چەپ. (...) و من کاڵ بۆوە، سیس بۆوە، دزێو، هەرەسکەر، لەکاتێکدا کە بیری تارم هەڵدەدایە ئەملاوئەولا-منیش زیادە بووم))(هێڵنج، ل٢٤١).

ئەزموونی ئەودیو سروشت (میتافیزیکی) ڕووکانتن گەیشتۆتە لووتکەی. لەپاش گێڕانەوەی دیمەنی باخی میللی، بەو ئاگاداریەی لەوەی ubsurde (پوچ)، ناعەقڵانی، ناماقوڵ، مەحاڵ گوێ پێ نەدەر (بێ دەربەست) ناوی دەبات، دەگات و هەوڵدەدات دەری ببڕێت کە بۆچی برەوی ئەم وشەیە بە کەلك دێت:

بازنە پووچ نییە، بە سووڕانەوەی پارچە هێڵێکی ڕاستەوخۆ بە دەوری یەکێك لە نوکەکانیدا، بە ڕوونی شیاوی ڕوونکردنەوەیە، بەڵام هەروەها بازنە بوونی نییە. ئەو ڕەگە، بەوێنە، لە ئاستێکدا بوونی هەبوو کە نەمدەتوانی ڕوونی بکەمەوە. (...) ئەم ڕەگە، بە ڕەنگەکەیەوە، ڕوخساری، جوڵەی بەستەڵۆکی، لە ژێر هەر جۆرە ڕوونکردنەوەیەدا بوو.
(هێڵنج، ل٢٤٢)

ئەم جیاوازییە لەگەڵ زەمینەی ئەوەی کە پێشتر بینیمان دەگونجێت. بازنە پوچ نییە و وەرگری ڕوونکردنەوە و دەبڕێنە لەبەر ئەوەی کە داهێنانی یەکالا عەقڵە، دەتوانرێت مەزەندەگەی یەکالا بە دیاری کردنی عەقلانی کەم بکرێتەوە تاکوو بەم شێوەیە لەگەڵ تێگەیشتنی عەقڵدا پێشەوە، بەڵام ڕەنگی دارەکە لە بەردو و هۆ لەژێر ڕوونکردنەوەدایە! سەرەتا ئەوەی کە ڕوونکردنەوەی لە قەڵەمڕەوی عەقڵدا بوونی نییە-عەقڵ، قەڵەمڕەوی بوونی ڕەگی درەخت نییە، دووەم ئەوەی کە ڕەگی درەخت، هەروەکوو بەشی بوون، هەر ئاوا دراوە و کەواتە لە ڕوونکردنەوە نەهاتووە. ئەو هەروەها، هەروەکوو دیتمان، زیادە نییە، بە وتەیەکی تر، بوونی لە هیچ ڕوویەکەوە زەروور نییە: ((کاری سەرەکی، هەمان ئیمکانە. مەبەستم

ئەوەیە کە بە گوێرەی پێناسە، بوونی دەستەواژە لە زەروورەتەوە نییە. هەبوون بە شێوەیەکی سادە واتە لەویٚ بوون، بوونەوەرەکان بە دیاردەکەون، لێدەگەڕێن لەگەڵیاندا تێك هەڵـەنگوین، بەڵام هەرگیز ناکرێت ئەوان بە دەرەنجامی وەرگیرێن.))(هێڵنج، ل٢٤٤). ڕەنگە ئەگەر بڕیار بوایە ڕووکانتن شتێك داهێنیٚ کە بکرێت لە شتێکی تر دەرەنجامی وەربگیرێت، شتێکی دەدۆزییەوە کە لە ئیمکانی هەبوون ڕادەکات. هەر ئاوا ئەو لە داهێنان (دۆزینەوەی وەها شتێك سەرکەوتوو نابێت. گەرچی هەوڵ دەدات تاکووو بە کۆمەکی جووڵە دانان لەو ڕۆڵەدا بکات، زوو بۆی دەردەکەوێت کە ناتوانرێت خودی جووڵە لە جیهانی هەبوون جودا بکرێتەوە. جیهانێك کە تێیدا ئەگەر شتێك بۆ شتێك بێتە پێشیٚ، دەبیٚ لە دەرەوەی شتەکەدا هۆکارەکە بدۆزرێتەوە. ئەم قسەیە دەربارەی درەختەکان ڕاستە: ((ماندوو پیر و بەنابەدڵی درێژەیان بە هەبوون دەدا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە لاوازتر بوون لەوەی کە بمرن، چونکە مردن دەیتوانی تەنیا لە دەرێڕا بۆیان بێت. )) بەڵام ڕووکانتن زیاتر دەڵێت: ((تەنیا ئاوازە مۆسیقیەکان دەتوانن مەرگی خۆیان هەروەکوو زەروورەتێکی دەروونی خۆیاندا لووت بەرزانە هەڵگرن، بەڵام ئەوان بوونیان نییە))(هێڵنج، ل٢٤٨)، ڕووکانتن کاتێك گەیشتە ئەم خاڵە، بڕوای وایە کە ئەو لە هەرچییەك کە دەتوانیٚ دەربارەی هەبوون بزانێت ئاگاداری هەیە، بەڵام، لە ڕاستیدا ئەو پڕۆسەیەکی کە ئەو تەی کردووە هێشتا کاملٚ نییە. هۆیەکی ئەوەیە کە، لە ڕوونکردنەوەدا ((جۆرێك حاڵەتی پیلانگێڕانانە)) کە لە کاتی چوونە دەرەوە لە باخی میللیدا لێی ئاگادارە، بە ئاکام نەگەیشتووە. جگە لەمەش، ڕوونە کە ناتوانێت بە گوتنی ئەوەی کە مۆسیقا بوونی نییە کۆتایی پیٚ بهێنیٚ و بیخاتە لایەك: ئەم واتایە کە مۆسیقا پێشتر بە چەمکی بازنەوە پەیوەست کراوە، هەروەها ئەوەی کە ئاسوودەیی لە ئەزموونی هێڵنج پتر لە جارێك لە ئەنجامی گوێگرتن لە مۆسیقا بەدەست هاتووە، دەرخەری ئەوەیە کە هێشتا هەموو ئەوەی مەبەست دەبارەی بابەتەکە نەگوتراوەی و لە هەر ڕوویەکەوە، هەروەکوو کە ئێستا دەیبینین، دیداری ڕووکانتن لەگەڵ ئانیدا ڕەهەندێکی دیکە دەخاتە سەر ئەوەی کە پێشتر دۆزیویەتییەوە، چونکە ئاشکرا دەبێت کە لە ماوەی دابڕانیان ئانی، لە بواری ئەو شتانەی بۆخۆی خوازیاریان بووە، تاکووو ڕادەیەکی زۆر بە هەمان شێوازی ڕووکانتن گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم وێکچوونە لە ڕوونکردنەوەی ئانیدا دەربارەی ئەو ساتە کاملانە بەدیار دەکەوێت کە سەردەمانێك ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنان، بەڵام ئیتر باوەڕی پێیان نییە. بەڕێکەوت ڕوونکردنەوەکەی نیشان دەدات

که لەمبارەیەوە چەندە لە سارتری کوردا نزیك دەبێتەوە. لە ((دەرەنجام))ەکەماندا زنجیرەیەك وشەمان گێڕانەوە کە تێیاندا سارتر بانگەشە دەکات کە بەلای ئەوەوە وێنەکانی گران لاڕوس ڕاستەقینەتر لەو شتانە بوون کە دەیکردنەوە (مەیموونەکانی نێو وێنەی مەیموونەکان لە مەیموونەکانی باخچەی ئاژەڵان مەیموونتر بوون، هەروەها شتی تر).

ئانی هەر ئەم کاردانەوەیەی لە بەرامبەر وێنەگەلی مێژووی فەڕەنسا نووسین مشکیلە هەبوو: ئەوان، بۆ نموونە، لە هەبوونی چۆنیەتییەکدا هاوبەش بوون کە لای وێنەکانی زانستنامەیان، بەڕاستی، لەلای وشەکانی کتێبێك هاوبەشە-دەکرا، هیوایان پێ ببەستێ، کە لەو شوێنەی بۆیان دیاری کرابوو، بەدی هاتن، بەڵام وێنەکان تایبەتمەندییەکی تریان هەبوو، کە دەبووە هۆی ئەوەی وەکوو دەرخستنی ئەوەی کە ئەو بە پێگە مومتازەکانی ناودەبردن ببینێت: ((پێگەگەلێك بوون کە چۆنیەتییەکی کەم وێنە و گرانبەهایان هەبوو، ئەگەر وات پێ باشترە خاوەنی سەبك (شێواز) بوون))(هێڵنج، ل٢٦٧). ڕووداوە بە وێنەکراوەکان لەبەر چاوی ئانی بە زەرورەتی نەخاوەنی زۆرترین گرنگی مێژوویی خۆیان دەنواند، هەروەها نە ئەو ڕووداوانەی کە ئاشکراتر لە هەمووان وەرگری دەرخستنی وێنەیی بوون. کەواتە ئانی دەرەنجامی وەرگرت کە ئەو ڕووداوانە بە جۆرێك سروشتی تایبەتیان هەبێت کە دەیگۆڕێت بۆ پێگەگەلی وەها بێ وێنە تاکووو بۆ بە وێنەبوون بەکاربێن.

شتێك کە بەڕاستی دەکێشرا مەرگ بوو، ئەمەش ئانی ڕاکێشا بۆ ئەو بڕوایە کە دەبێ مەرگ یەکێك لەو شتانە بێت کە دەچنە پاڵ بەدەست هێنانی پێگەی بێ وێنە (مومتاز) لە ئەنجامیدا، ئانی باوکی کە دەمرێت بیردەکاتەوە کە مومکینە کە دەرفەتێکی بۆ هاتبێتە پێشێ کە بۆ خۆی پێگەیەکی بێ وێنەی ژیان بەسەر ببات. بە هیوا ناگات، لەبەر ئەوەی دەبینێ کە دایك و پوری لە تەنیشت قەرەوێڵەکە دەگرین، بەڵام نە شتێکی دیکە، هەرچەندە هەوڵ دەدات کە هەڵومەرجەکە بە شێوەی هەڵومەرجێکی بێ وێنە ببینێت، بەڵام کردنی ئەم کارە بۆی نامومکینە و بەو دەرەنجامە دەگات کە پێویستە چارەسەرێك بکرێت کە هەڵومەرجێکی مومتاز، ساتێکی کامڵ بەدی بێنێت: ((سەرەتا نیشانەکانی هەواڵدەرن. پاشان هەڵومەرجی بێ وێنە، ئارام ئارام، شکۆمەندانە، دەچێتە نێو ژیانی خەڵکەوە. پاشان ئەم پرسیارە دێتە پێشێ کە بزانین ئایا مرۆڤ گەرەکییەتی ساتێکی کاملی لێ دروست بکات یان نا))(هێڵنج، ل٢٦٨). ئانی لەمبارەیەوە لەگەڵ ڕووکانتندا هاوڕایە کە پێگە و هەلومەرج،

هەوێنێك دابین دەكات كە دەبێ بەدەستی بێنێ، تاكووو ساتێكی كامڵ بەدی بهێندرێت، بەڵام ئانی پێشنیاری ڕووكانتن بۆ واتا قبوڵ ناكات كە ساتی كامڵ بریتییە لە بەرهەمێكی هونەری. لەلای دی ساتی كامڵ زیاتر بریتییە لە ئەركێك: ((دەبوایە هەلومەرجە بێ وێنـەكان بكرێنـە ساتی كامڵ. ئەمە كارێكی ئەخلاقی بوو))(هێڵنج، ل٢٦٨). ئەوەی كـە بـە هـەرحاڵ ڕوونـە بریتییە لە وێكچوونی ساتە كامڵەكان لەگەڵ ڕووداوەكاندا، و لەو بە واتا نـەرێنی ئـەوەی كـە ئەگەر ئەوە نییە هیچ كامیان لە ژیانی ڕاستـەقینەدا بوونیـان هـەبێت. ڕێـك هـەروەكوو كـە ڕووداو تەنیا وەكو چیرۆك دەتوانێت بوونی هەبێت، واتە كاتی تەماشاكردنی ڕابردوو، بەهەمان شێوە دەتوانرێت ساتی كامڵ بەو ناونیشانە بژمێردرێت كـە بەشـێك لـەو هەلومەرجـەی كـە خەریكی ژیانە نەبێت. ئانی وایدەزانی كە بە كۆمەكی كاركردن بەشـێوەیەكی دیـاریكراو، بـە هاوكاری نەیكردن ئەو ڕێڕەسمانەی كە ڕووكانتن هەرگیز توانای تێگەیشـتنیانی نـەبوو، سـاتی كامڵی كەوین، یان ڕق لێبوون، یان مردن دەبێتە ڕاستەقینە: ((وامدەزانی كە مرۆڤ دەتوانێـت ڕق یان مردن لەخۆی ڕەنگ بداتەوە. چ هەڵەیەك! بەڵێ، بەڕاستی وامدەزانی ڕق بوونی هەیـە، كە بەسەر خەڵكدا دادەبارێ و بەسەر خۆیاندا بەرزدەكاتەوە، ئەڵبەتە، تەنیا من كە ڕقم هەیە، ئەوین دەردەبڕم و ئەو منە هەمیشە شـتێكە، هەویرێكـە كـە بـەردەوام لێـك دەكێشـتەوە و دەكشێتەوە...))(هێڵنج، ل٢٧١). بەم شێوەیە، ئانی و ڕووكانتن هەردووكیان گەیشتوونەتە ئەو دەرك پێكردنە كە بوونی جیهانی مـادی و بـوونی خۆیـان هـەروەكوو بەشـێك لـەو جیهانـە، ڕاستەقینەیەكە كە بە ناچاری ئەوان لە هەر جۆرە ئاواتێك بۆ خولقاندنی شتێكی ڕەهـا ژێـوان دەكاتەوە، بەڵام، هەروەكوو كە ئانی وەبیردێنێتـەوە، ئـەو دوانـە بـە نـەی كردنـی ڕێگگـەلی جۆراوجۆر ڕێنوێنی كراون بۆ ئەو دەرك كردنە:

دەزانی، كاتێك كە ئێمە وەكوو كارەسات خولقێن یاریمان دەكـرد، تـۆ كەسـێك بـووی كـە ڕووداو بۆی ڕوودەدەن، من كەسێك بووم كە دەبوومە هۆی ڕوودانیان. دەمگوت: ((من مرۆڤی ئەهلی كردارم.)) بەبیرت دێت؟ ئێ، ئێستا تەنیا دەڵێم: هیچ كـەس ناتوانێـت ئـەهلی كـردار بێت.

(هێڵنج، ل٢٧٢)

ڕووكانتن چاوەڕوان بوو كە ڕووداوەكان بۆی ڕوو دەدەن، ئـانی دەیویسـت هۆیـەك دروسـت بكات كـە ڕووداوەكـان (پاشـانیش سـاتە كامڵـەكان) ڕوو بـدەن. ئـانی گەیشـتۆتە كۆتـایی

وەرچەرخانی خۆی، ئاواتی وی بۆ بـەدیهێنانی ئـەو ڕووداوانـەی کـە دەبـێ بچـێتە ئەوپـەڕی لێوارەکانی هەبوونی ناسراو، ئاواتێکی نەهاتووە دی. ئەگەر کردار ناتوانێـت دەرەنجامگـەلێك بەدەست بێنێت کە هیوامان پێ بەستوون، کەواتە ژیانی کردار ئیـدی لایـەنێکی نییـە: ((بـە قورسی دووبارەی دەکاتەوە: من... خەریکم لە خۆم زیاتر تەمـەن بەسـەر دەبـەم.))(هێلـنج، ل٢٧٢). ئەو تەنیا بەخۆی ڕەوا دەبینێ کە ئەو پیاوەی ژیانی لەگەڵدا بەسەر دەبات بیناسـێت و تێدەکۆشێ تاکووو ژیانی ڕابردووی ((ڕێك بخات)) بە شێوەیەکی پلان و نەخشەیەك برەوی پێ بدات.

ڕووکانتن، بە نۆرەی خۆی، لە وەها بنبەستێکدا نییە، کاتێك کە ئەم بۆچوونەی خسـتەڕوو کە ساتی کامڵ بەرهەمێکی هونەرییە، بێ گومان ئانی لە بەزاندنی گوتەی دیدا لەسەر هـەق بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووکانتن بە ئاڕاستەیەکی دروستدا بیری دەکردەوە، بەر مانایە کە سـاتە کامڵەکان، ڕووداوەکان، هەروەها بەرهەمە هونەرییەکان هەموو لە دەرەوەی جیهانی مـومکین کە ئێمە ژیانی تێدا بەسەر دەبەین بوونیان هەیە. بەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ڕووکانتن بەر لـە جێهێشتنی بۆڤیل، نەبوونی مۆسیقای بە هۆکارێك لێکـدابۆوە بـۆ ئـەوەی کـە نـەتوانێت بـە نموونەیەکی سوودمەندی شتێك کە لە ئیمکـان ڕادەکـات بـژمێرێت. ئێسـتا کـە بـە تێبینـی بەرهەمی هونەری بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە، لەوانەیە سەرە داوێکـی دەدۆزێتـەوە بـۆ خەوشـی بەڵگەهێنانـەوەی خـۆی ئەوکاتـەی کـە ئـانی دەربـارەی کۆششـەکانی خـۆی لـە بەوەڕاستگێڕانی ساتە کامڵەکان لە هۆڵی شانۆدا قسەدەکات کە خودی سـارتر لەوانەیـە لـەو ڕووی ڕێوڕەسمەوە قسەیان دەبارە دەکات. ئانی دەڵێت کە ئەگەر ساتێکی کامڵ بوو، کەسـێك بوونی هەبێت مومکین بوو، تەنیا بۆ بینەران بوونی هەبێت:

بەڵام دەزانی، ئەوان لە نێویدا نەدەژیان، لەبەردەمیان ڕادەخرا. ئایا وادەزانـی کـە ئێمـەی ئەکتەر لە نێویدا دەژیەین؟ لە کۆتاییدا، ئـەو لـە هـیچ کوێیـەك نـەبوو، نـە لـەملای ڕیـزی گڵۆپەکانی بەردەم تەختە و نـە لەلایەکـەی دیکـە بـوونی هـەبوو و لەگـەڵ ئەوەشـدا بیریـان لێدەکردەوە.

(هێلنج، ل٢٧٤)

بە وتەیەکی تر، ڕەنگە بەرهەمی هونـەری بـە جـۆرێکی جیـاواز لـەو شـێوەیەی کـە بـە شێوەیەکی بار لە جیهانی مومکین دەیناسین هەبێت. ئایا، بۆ نموونە بۆ هەر کەسـێك کـە لـە

شانۆ ئەگەری هەیە کە دەبارەی شتێك (ساتی کامڵ کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا) بیر بکاتەوە ئەگەر ئەوە بە جۆرێك بوونی نەبێت؟

وەڵام هەرچییەك بێت، یەکسەر بەدەست نایە. ڕووکانتن و ئانی هەموو ئە شتانەیان بە یەکتری گوت کە دەبوایە بیڵێن، هەر کامێکیان پتر لە بەشێك لە ڕابردووی ئەوی تر نییە. ئێستا کە ڕووکانتن هەم ئانی و هەم مارکی دوور لیۆنی لەدەستداوە و لە سەروبەندی بەجێهێشتنی بۆڤیلە، ئەو هەستەی هەیە کە هەم تەنیا و هەم بە تەواوی لە دنیادا بڕاوە. دەنووسێت: ((ئەمڕۆی ژیانم کۆتایی پێهات.)) دیسانەوەش: ((سەرانسەری ژیانم لە پشتمەوەیە((هێڵنج، ل٢٨٠). بیردەکاتەوە کە لەمە بەدواوە هاوشێوەی ئانی تەنیا لە خۆی تەمەن درێژتر دەبێت، بەڵام بەر لەوەی رۆیشتنی کۆتایی لە بۆڤیل پەیوەندییە مادەکان بپسێنێ، دووکار دوایینی هەیە! پیاسەیەکی تر دەکات بۆ تەماشا کردنی شار، هەروەها ئەو کتێبانەی وەریگرتوون دەیانگەڕێنێتەوە بۆ کتێبخانە. کاتێك کە لە شوێنێکی بەرزەوە سەیری بۆڤیل دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەستەکانی دەربارەی شار و خەڵکەکەی. ئەوان، هاوشێوە پێشبینییەکانی خۆیان کە لەسەر دیواری پێشانگای وێنەکان بوونە هەمیشەیی، دڵنیان کە جیهان هەمان ئەوەیە کە دەیبینن لە بوونی بەو شێوەیەی کە بۆ ڕووکانتن خۆی نواندووە بێ ئاگا دەبن. ئەوان چی دەکەن ئەگەر شتەکان لە نواندنی ناسراویاندا بە دیارنەکەوت، ئەگەر شتەکان لە ناکاو تووشی گۆڕانی هیولاسانیان بەسەردا بێت، یان ئەگەر بەجۆرێکی سادەتر، لەناکاو خەڵك بە ئاگا بێن لە ((جۆرێك حاڵەتی ترسهێنەر کە بە قورسی نیشتۆتە سەر شتەکان))(هێڵنج، ل٢٨٣). کاتێك کە ئەو رۆژە بگات و مرۆڤەکان هاوشێوەی ڕووکانتن، لەگەڵ ڕاستی هەبووندا ڕووبەڕوو ببنەوە، ئەو دەزانێ کە کاردانەوە چی دەبێت: ((پاڵ بە دیوارێکەوە دەدەم و هەروا کە تێپەڕ دەبن بەسەریاندا دەقیژێنم: ئێوە چیتان بە زانستەکەتانەوە کردووە؟ کەرامەتی ئێوە وەکوو بیرمەند لە کوێیە؟))(هێڵنج، ل٢٨٤). بەڕاستی لە کوێیە؟ وەڵامەکە، لە ڕوویەکەوە، زانست وەرگر دەیداتەوە، هەر ئەوەی کە بڕوای بە زانست، مرۆڤ دۆستی، کەرامەتی مرۆیی هەروەکوو نایەکی بیرمەند تاکوو ئێستا کامڵ نەبووە. کاتێك کە زانست وەرگر لە کاتی هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵێکی خوێندکار کە کتێبخانەی گشتی خافڵگیر دەکەن، سووك و چرووکی دەکەن، لێی دەدەن، ئەوسا کە کتێبخانە دەری دەکەنە دەرێ: بە وتەیەکی تر، بەدەستی هەمان ئەو مرۆڤانە وەردەرنراوە کە باوەڕی پێیان هەبوو و لە زانستێك

جیابۆوه، که زەمانەتی بەهاکانی دەکردن و هەروەها هیواردارببوو که خودی وی پاساو بدەن. مرۆڤ زیاتر لەوەی که نایەکی بیرمەندبێت، نایەکی شکاوە، چونکه زانست نەیتوانیوه ئەو پشتیوانیه بداته وی که پێویستی بووه و ئەوی له جاران زیاتر تەنیا کردووه. ڕووکانتن دەنووسێ: ((بەداخەوه دەبم که لەگەڵیدا نەچووم، بەڵام حەزی لێ نەبوو، ئەو بوو که داوای لێکردم به تەنیا بەجێی بهێڵم: ئەو خەریك بوو دەستی به فێربوونی تەنیایی دەکرد))(هێڵنج، ل٢٨٥).

تەنیایی ڕووکانتن کەمتر نییه، بەڵام لانی کەم ئەو له هەموو ئەوەی که وەکوو بڵێی واتای دەدایه ژیانی بێ بەش نەبووه. ئەو تەنانەت دەتوانێ چێژ لەو هەلومەرجه هەنوکەییەی ئێستای وەربگرێت که تێیدا تاڕادەیەك لە دەوروبەری خۆی دابڕاوه: ((چێژ لەو فەرامۆشییه لە سەداسەده وەردەگرم که تێی کەوتووم. من له نێوان دوو شاردا، یەکێکیان هیچم دەربارەی نازانێت، ئەویتر ئیدی نامناسێتەوه))(هێڵنج، ل٢٩٦). بەڕاستی، ئەو بەرەبەره پەی دەبات که وەها به تەواوی لەبیرکراوه که ئیدی ناتوانێ له ناسنامەی خۆی دڵنیا بێت: ((ئێستا کاتێك دەڵێم من، نێو بەتاڵ دێته بەرچاو))(ئێلنج، ل٢٩٧). هەر چەندەی دابڕانی زیاتر لێی ئاشکرا ببێت، زیاتر هەستی خۆی بزردەکات، تا ئەوەی که سەرەنجام، ((من ڕەنگی کاڵ دەبێتەوه، ڕەنگی کاڵ دەبێتەوه و سەرەنجام دەکوژێتەوه))(هێڵنج، ل٢٩٧). لەگەڵ ئەمەشدا به ئاگابوون دەمێنێتەوه، هەرچەنده وەکوو ((به ئاگابوون لەوەی)) من ڕەنگ کاڵ بۆتەوه، هەرچەنده بە ئاگایی لەوەی که بۆخۆی زیادەیه. کەواته، به ئاگا بوونی خۆی وا نابەردەوام، بەڵام هەمیشه به ئاگا له شتێك دەناسێت: شەقام، دوکان، ئانی، ئاوازێك. به ئاگایی کاتێك ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوه که ڕووکانتن، له بەردەم کافتریای ڕاندۆڤ و شمینۆدا، خۆی فڕێدەداته نێو دەروونی به ئاگابوونەوه و ئەو دوانه جارێکی تر دەبنه هاوکات. ئەم هاوکاتیه دوبارەیه، نه ڕووکانتن و نه بەئاگابوونی له زیادەبوون ناگێڕێتەوه. واخۆی دەنوێنێ که دەڵێی ئەو بییەوێ و نەیەوێ به هەمان دۆخی ئانی کەم ببێتەوه که هەر ئەو پتر له خۆ تەمەن درێژییه و بەس. به هەرحاڵ، له چالاکی له جیهاندا شتێك بەدەست نایه: ((کردنی شتێك یانی خولقاندنی بوون- و هەروەها بوون به ئەندازەی پێویست هەیه))(هێڵنج، ل٣٠٢).

بەم شێوەیه، ڕووکانتن به حاڵێکی کەسەراوی و خەمۆك دەکەوێ و لەبەر ئەوەی گارسۆنی کافتریاکه پێشنیار دەکات که قاوانی Some of these days بخاته سەر، بەبێ تاقەتییەوه

قبولّی دەکات. بیردەکاتەوە کە مۆسیقا ناتوانێ سێبووری دەربێت، بەڕاستی ئـەو کەسـانە بـە سووك دەزانێ کە لە حالّ و هەوای ڕۆمانسیانەدا بڕوایان وایە کە جوانی دەتوانێـت قـەرەبووی چێژەکان یان ئازارەکان بکاتەوە. مۆسیقا، یان هەر ڕوخسارێکی دیکە لە هونەر، لـە جیهـانی ڕاستەقینەدا بوونیان نییە و کەواتە ناتوانێت کاریگەری هەبێت بۆ جیهـانی ڕاسـتەقینە. بـەر لەمە بینیمان کە لەلای ڕووکانتن مۆسیقابوونی نییە. ئەو هێشتاش ئەمە بەڕاست دەزانێـت و لەگەلّ هەموو ئەمەشدا سەرگەردان و بێزارە. گوێی لە ئاوازەکە دەبێت، بەلاّم ئەو بوونی نییە، ئەگەر بڕیار بوایە کە قاوانەکە بشکێنێ، واتە ئەو شتەی کە بوونی هەیـە، لـەم ڕووەوە هـیچ کارێك ناکاتە سـەر ئاوازەکـە، لەبـەر ئـەوەی کـە بـەردەوام بـە جۆرێـك ئەوپـەڕی جیهـانی لەبەردەستی ئێمەدایە: ((کاتێك کەسێك بیەوێ بیگرێت تووشـی جگـە لـە بوونـەوەر نابێـت، بەلّکوو لەگەلّ بوونەوەری بێ مانادا لێك هەلّدەنگوێت... بەلاّم ڕەنگە، هەروەکوو کە لە کاتی قسەکردن لەسەر بابەتی خەیالّیدا دیتمان، هەلّەیە کە بنەمای ناسراوی هـەبوون لەسـەر ئـاواز هەلّگرین و بەرەبەرە ڕووکانتن مەزندەیەك لەو ئەگەرە دێتە زەینیەوە کـە دەنووسـێت: ((ئـەو بوونی نییە. ئـەو هەیـە.)) ئەوسـا درێـژەی دەداتـێ: ((هـەروەها منـیش گـەرەکم بـوو کـە هەبم))(هێلّنج، ل٣٠٤). ئەو لە جیهانی قاوانەکانی گرامافۆندا بوونی هەیـە، حـەزدەکات لـە جیهانی مۆسیقادا بێت: ((لەوپەڕی هەبووندا، لـەو جیهانـەی تـری کـە دەکـرێ لـە دوورەوە ببیندرێ، بێ ئەوەی کە هەرگیز لێـی نزیـك ببییـەوە))، لـە جیهـانی کەسایەتییەکانی نێـو وێنەکێشراوەکاندا یان ڕۆمانەکاندا، لە قەلّەمڕەوەی هەبوون گەلێکدا کە خولّقێنراون، کە هەن، بەلاّم لەم جیهانەی مومکیندا بوونیان نییە، لە جیهانی خەیالّیدا.

ئەوە قەلّەمڕەوەی Some of these daysـە. ڕووشاوی سـەر قـاوان خەوشـێکە لەسـەر قاوانەکە، بەلاّم هیچ کاریگەرییـەکی لەسـەر ئاوازەکـە نییـە. قاوانەکـە زیـانی بەردەکـەوێ، دەشکێ، بەدیار نامێنێ: ((بەلاّم لە پشت بوونەوەرێك کە لە زەمـەنێکی نوێکـەدا دەکەوێتـە زەمەنێکی نوێکەی تر، بەبێ ڕابردوو، بەبێ داهاتوو، لە پشت ئەم دەنگانـەوە کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ ناخۆشتر دەبن، پێستیان دادەمالّدرێ بەرەو مردن هەلّدەخلیسکێن، ئاواز بـە هـەمان حالّـەوە دەمێنێتەوە، گەنج و پتـەو، هاوشـێوەی شـایەدێکی بـێ بـەزەیی))(هێلّنج، ل٣٠٥). لەگـەلّ هەموو ئەمەشدا ئاواز کە لە جیهانی ئەوپەڕی بووندا هەیە، بەهۆی مرۆڤێکەوە خولّقێندرا کە کەمتر لە ڕووکانتن زیادی نەبوو! ئەمەریکاییەکی قەلّەو کە موفلیس بوو، مەسەلەگەلی مرۆیی

تری هەبوو، لەگەڵ هەمەوو ئەوەشدا ئەم ئاوازەی خوڵقاند کە وەکوو شـێوەی ناچـار و زەرووری بوونی هەیە، پارچەیەك لە زەرووورەتی خۆی دەداتە خوڵقێنەری و یارمەتی دەدات، هەرچـەندە تاڕادەیەك، کە لە ئیمکانی خۆی ڕابکات. ئەوەشی کە دەربارەی بەسەرهاتی جوولەکەکە ڕاستە هەروەها دەربارەی ئەو ئافرەتە ڕەش پێستەی کە ئاوازەکە دەچڕێ ڕاستە:

دوو کەس ڕزگاریان بووە! پیاوە جولەکەکە و ئافرەتە ڕەش پێستەکە. ڕزگاریان بووە. ڕەنگە وایان زانیبێت کە تاکووو کۆتایی لەدەست چوون، لەنێو هەبووندا نوقم بـوون. لەگـەڵ هـەمـوو ئەمەشدا هیچ کەس نەیدەتوانی بەو جۆرەی کە من بەم سۆزەوە بیریان لێدەکەمەوە، بـیرم لـێ بکەنەوە. هیچ کەس، تەنانەت ئانیش. بۆمن ئەوان وەکوو مرۆڤی مردوو، کەمێك هاوشـێوەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانن، ئەوان خۆیان لە گوناهی هەبون پاڵاوتووە.

(هێڵنج، ل٣٠٨)

لە گونـاهی هـەبوون پـاڵێوراون چـونکە، هـەروەکوو دیتمـان، هـەبوون کەمکوڕییەکـە، لەکاتێکدا کە مۆسیقا بێ خەوشە و بەدوورە لە کەموکوڕی جیهانی مومکین. پیاوە جولەکەکە و ئافرەتە ڕەش پێستەکە بە چڕینی ئاواز و گوتنی شتێکیان خوڵقاندووە کە بە شێوەیەکی بـێ خەوش و زەروور بوونیان هەیە، هەر ئەوەی کە تەنیا لە پشت جیهـانی مومکینـدا لـە کـڕان هاتووە، چڕەر و گۆڕانیبێژیش بە هاوکاری بـەری هێنـانی ئاوازێـك کـە هـەبوون زەروورییـە، هەرکاتێك تاڕادەیەك بوونێکی زەرووریان هەیە. ڕووکانتن پرسیار لە خـۆی دەکـات: ((کەواتـە ئایا مرۆڤ دەتوانێ پاساو بۆ بوونی خۆی بێنێتەوە؟))(هێڵنج، ل٣٠٨). ڕەنگە بکرێت کـە ئـەو بە شێوازێکی زەرووری بوونی هەبێت و بەم شێوەیە لەو ئەگەرە ڕابکات کە بەدیهێنەری هێڵنج بوو، کە بە چڕینی مۆسیقا بە ئامانج ناگات، لەبەر ئەوەی کە ئەو گۆڕانیبێژ نییە. نووسـینی کەرەستەیەکی لەبەردەستدایە، بەڵام نەك نووسینی مێژوو: ئەو ئێستا بۆی دەردەکەوێ کـە لـە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی مارکی دورولبۆن و لە دینی وی هەروەکوو پاساوێك، هەڵە بـووە: ((بوونەوەرێك قەت ناتوانێ هەبوونی بوونەوەرێکی دیکە پاساو بدات))(هێڵنج، ل٣٠٨). ئـەم خاڵە بەپێی پێویست ڕوونە: هەبوونێکی مومکین ناتوانێت هەبوونێکی مـومکینی دیکـە لـە ئیمکانی دووربخاتەوە. لێرەوەیە کە دەرەنجام وەرگرتنی ڕووکانتن لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو لـە دانەیە ڕومانێك بنووسێت: ((دەبێ لـە پشـت وشـەی چـاپکراوەوە، لـە پشـت لاپەڕەکانـەوە، مەزەندەی شتێك بکەی کە بوونی نەبێت، کە لە سەرووی بوونەوە بێت. بۆ نموونە، مێژوویـەك

که قەت ئەگەری ڕوودانی نەبوو‌بێت، ڕووداوێك.)) ژیاننامەی مـارکی دورولبـۆن لـە حـوکمی کتێبێکدا دەربارەی هەبوونی مومکین شتێکی ترە، سـتاندالٚ، لـە ڕێگـای نووسـینی ڕۆمـانی سوور و ڕەش لە کەسایەتی ژولێن سورێلدا کەسایەتییەکی خولقاند کە هەرچەندە بەدیهێنـەری ئەم خەیاڵە بێت کە هەروەکوو مرۆڤێکی مـومکین بـوونی هـەبێت، هـەرگیز نەیـدەتوانی لـە ڕاستەقینەدا بەوەها شێوەیەك بوونی هەبێت! لەمبارەیەوە ژولێن وەکوو بازنە، پارچە مۆسیقا، سێ گۆشەیەك دەچێت. ئەگەر بڕیار وابێت کە ڕووکانتن ڕۆمانێك بنووسێت، لە هەمان پێگـەی ستاندالٚدا، یان خولقێندراوەکان Some of these days دادەنرێن:

کەسانێکیش دەبن کە ئەم ڕۆمانە دەخوێننەوە و دەڵێن: ((ئـانتوان ڕووکـانتن نوسـیوویەتی مرۆڤێکی قژ سوور بوو کە لە کافتریاکاندا دەسووڕایەوە))، ئەوانیش بـیر لـە ژیـانم دەکەنـەوە هەروەکوو چۆن من بیرم لە ژیانی ئـەو ئافرەتـە ڕەش پێسـتە دەکـردەوە: بیرێـك لـە شـتێکی گرانبەها و نیمچە ئەفسانەیی.

(هێڵنج، ل٣٠٩)

ئەویش بە یاریدەدەری خولقاندن بەرهەمێکی هونەری کە هەبوونی بە خەیاڵی وی قەرزارە، لە گوناهی هەبوون دەپاڵێوێت.

## پێشکەش بە بیدستر

((ئەو مرۆڤێکی وایە کە گرنگی کۆمەڵی نییە، ئەو تەنیا تاکێکە.))

لوی فردینان سلین

کلێسە

# پێشەکی بڵاوکەرەوە

ئــەم دەفتەرچــەیە لــەنێو کاغــەزەکانی ڕووکانتنــدا دۆزراوەتــەوە. ئێمــە بــەبێ هــیچ دەستێوەردانێك بڵاویان دەکەینەوە و لاپەڕەی یەکەم بێ مێژوو، بەڵام ئێمە بـە گـوێرەی چـەند بەڵگەیەك دڵنیاین کە ئەم لاپەڕەیە چەند هەفتە بەر لـە دەسـپێکی دەفتـەری بیرەوەرییـەکان نووسراوەتەوە. کەواتە دەبێ بـەلانی زۆرەوە لـە سـەرەتای مـانگی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٢دا نووسرابێت و لەو کاتەدا کـانتوان ڕووکـانتن لـە سـەفەر بـۆ ئـەورووپای ناوەڕاسـت، ئەفریقای باکوور و خۆرهەڵاتی دوور گەڕابۆوە و سێ ساڵ بوو کە لە شاری بۆڤیلی بەسەردەبرد، تاکووو توێژینەوە مێژووییەکانی دەربارەی مارکی دورولبۆن لەوێ بە ئەنجام بگەیەنێت.

# کاغەزی بێ مێژوو

باشتر وایە کە ڕووداوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بنووسرێنەوە، بۆ تێگەیشتنیان دەفتەری بیرەوەرییەکانت هەبێت، درێخی نەکرێت لە ناکۆکییە بچووکەکان و کاروباری نوکەیی ورد، هەرچەندەش خۆیان بە کەم بنوێنن و لە هەمووشی گرینگتر ڕیزبەندییان بکەی. دەبێ بگوترێ کە ئەم مێز و شەقام و خەڵك و کیسەی توتنەم چۆن چۆنی دەبینم، چونکە هەر ئەمانەن کە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. دەبێ داوێن و ماهییەتی ئەم گۆڕانە بە وردی دەستنیشان بکرێت.

بۆ نموونە، لێرە قوتویەکی کارتۆن هەیە کە شووشەی مەرەکەبەکەی منی تێدایە. دەبێ هەوڵ بدەم بڵێم پێشتر چۆن دەمدیت و ئێستا چۆن چۆنی ئەو باشە، لەسەر شێوەی ڕاستەگۆشەیەکی هاوتەریبە کە لەسەر بەستێنی... گەمژانەیە، ناکرێ هیچ شتێکی دەربارە بگوترێ. دەبێ خۆ هەر لەمە بپارێزرێت، نابێ شتی سەیر لەو شوێنەدا دابنێی کە هیچ نییە. پێموایە نووسینی دەفتەری بیرەوەرییەکان وەها مەترسییەکی هەبێت: مرۆڤ زێدەگۆیی لە هەموو شتێکدا دەکات، گوێ قوڵاغە، بەردەوام ڕاستی دەشێوێنی. لەلایەکی دیکەوە بێ گومان هەرساتێك ئەو ئەگەرە هەیە ئەو هەستەی پێری -ڕێك لە پێوەندی بەم قوتووە یان هەر شتێکی دیکەوە- دیسانەوە تووشم بوو. دەبێ هەمیشە ئامادەبم، ئەگینا دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەیە لەنێو پەنجەکانم هەڵبخلیسکێت، نابێ هیچ شتێك[1] بەڵکو دەبێ بە وردییەکی زۆرەوە وردەکارییەکانی هەموو ئەو شتانە بنووسم کە ڕوو دەدەن. بە دلنیاییەوە ئیتر ناتوانم بابەتێکی ڕوون دەربارەی ڕووداوەکانی شەممە و پێری بنووسم، لەبەر ئەوەی زۆر لێیان دوورم. تەنیا دەتوانم هەر ئەوە بڵێم کە هەردووك جارەکە شتێك کە بە ڕووداوی ناودەبەن لە ئارادا

---

١- ئێرە وشەیەك خەتی بەسەردا هاتووە ((گۆڕین)) یان ((دەستهەڵبەست)) ئەو وشەیەی لەسەری نووسراوە ناخوێندرێتەوە.

نەبوو. ڕۆژی شەممە منداڵەکان خەریك بوون یاری پلە پلەیان[1] دەکرد و من حەزم دەکرد وەکوو ئەوان بەردێکی بچووك فڕێ دەمە نێو دەریاوە. لەو ساتە وەختەدا ڕاوەستام، وردە بەردەکەم فڕێدا و ڕێی خۆمم گرت. ڕەنگە شکڵ و شێوەم سەرسامانە بووبێت، چونکە منداڵەکان لە دوامەوە پێکەنین.

ئەمە سەبارەت بە دەرێ. ئەوەی کە لە دەروونمدا ڕوویدا، شوێن پێیەکی ڕوونی بەجێهێشت، شتێك بوو کە دیتم و دڵی تێکەڵ هێنام. بەڵام ئیدی نازانم کە خەریك بووم سەیری دەریام دەکرد یان وردە بەردەکە. بەردەکە پان بوو، دیوێکیان وشك بوو و دیوەکەی تری تەڕو قوڕاوی. بە پەنجەی کراوەوە ڕۆخەکەیم گرتبوو، تاکوو پیسم نەکات. پێڕێ، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو. هەروەها ئەو ڕێکەوتانە و بە هەڵە تێگەیشتنانەی یەك لە دوای یەك هاتنە پێش کە سەریان لێدەر ناکەم، بەڵام نیازی ئەوەم نییە کە بۆ خافڵاندنی خۆم بیانهێنمە سەر کاغەز. بەهەرحاڵ دڵنیام کە ترسابووم یان تووشی هەستێکی لەو بابەتە ببووم. ئەگەر دەکرا بزانم لەچی ترساوم، ئەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوم کردبوو.

سەیرە کە بە هیچ جۆرێك ئامادەنیم کەخۆم بە شێت بزانم و تەنانەت بۆشم ڕوونە کە شێت نیم: ئەم گۆڕانکاریانە هەموویان پەیوەستن بە شتەکانەوە. لانی کەم ئەمە شتێکە کە دەمەوێ لێی دڵنیا ببم.

کاتژمێر دەو نیو[2]

بەڵێ، لەوانەیە سووکە شێتییەکم تووش بووبێت. ئیدی ئاسەواری نەماوە. کۆمەڵە هەستێکی سەیر کە یەك دوو هەفتە لەمەوبەر تووشیان ببووم، ئێستا بە تەواوی پێکەنینم پێیان دێ: ئیدی کارم پێیان نییە. ئەمشەو خۆم لە دنیادا زۆر ئاسوودە و بورژوائاسا هەست پێدەکەم. ئێرە ژوورەکەمە ڕووەو باکووری خۆرهەڵاتە. لە خوارێ، شەقامی موتێڵە و کارگەی

---

١- Ricochets: جۆرە یاریەکی منداڵانە و تازە لاوانەیە و ئەویش بریتییە لە هەڵدانی پارچە بەردێکی لوس لەسەر ئاو یان مەلەوانگە یان دەریاچە یان دەریا بەجۆرێك کە بەردەکە چەند جارێك بەر ئاوەکە دەکەوێ و هەڵدەبەزێتەوە تاکوو سەرەنجام ژێر ئاوا دەکەوێت. ((وەرگێڕ))

٢- دیارە کە دەبێ دەو نیوی شەو بێت. ئەو ڕستەیەی کە بەدوایدا دێت زۆر لە دواترە لە ڕستەی پێشوو. بە بیروباوەڕی ئێمە ئەم ڕستەیە لانی کەم ڕۆژی دواتر نووسراوە.

بیناسازی وێستگەی تازەی شەمەندەفەری لێیە. لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە تیشکی سوور و سپی کافتریای ڕاندۆڤود شمینۆ لە سوچی جوت سایدی ڤیکتۆر نوار دەبینم. شەمەندەفەری پاریس هەر ئێستا گەیشت. خەڵك لە وێستگەی کۆنەوە دێنە دەرێ و لەسەر شەقامەکان پەرش و بڵاو دەبن. گوێم لە ڕەنگی پێ و قسە دەبێت. کۆمەڵێك چاوەڕێی دوایین تڕامـوا دەکەن. ئەم ژمارەیە بە دڵنیاییەوە لە دەوری چرای غازی ژێر پەنجەرەی من کۆمەڵێکی خەماویان پێکهێناوە. دەبێ چەند خولەکێکی دیکە چاوەڕوان بکەن: تڕاموا تاکوو کاتژمێر دە و چل و پێنج خولەك نایە. خۆزگە ئەمشەو فرۆشیارە گەڕۆکەکان پەیدا نەبن: ئەوەندە حەز دەکەم بمەوێ و ئەوەندەم بێ خەوی چەشتووە. تەنیا یەك شەوی خۆش بەسە کە هەموو ئەم نارەحەتیانە بشواتەوە و بیانبا.

یازدە چارەك کەم: ئیدی شتێك نییە کە لێی بترسم، ئەگەر بڕیار وابوو بێن، تاکوو ئێستا هاتبوون. مەگەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕۆژی هاتنی پیاوێکی خەڵکی ڕوئان بێت. هەموو هەفتەیەك دێت. ژووری ژمارە دووی لە نهۆمی یەکەم بۆ تەرخان دەکەن، هەر ئەوەی کە گولدێنی تارەتی هەیە. هێشتاش ئەگەری ئەوە هەیە کە سەر و کەللەی پەیدا ببێت. زۆربەی کاتەکان بەر لە نووستن بیرەیەك لە ڕاندۆڤود شمینۆ دەخواتەوە. دەنگە دەنگێکی ئەوتۆی نییە. مرۆڤێکی وردیلە و پاك و خاوێنە. سمێڵی بریقاوەی ڕەش و کڵاوگیسی[1] لەسەرە. ئەوەتانێ.

ئێ، کاتێك بیستم لە قادرمەکان وەسەر دەکەوێ دڵم گوشرا، ئەی کە دەنگی پێی دڵ ئاسوودەکەر بوو: دەبێ لە چ شتێکی ئەم دنیا ڕێك و پێکە بترسێ؟ پێموایە حاڵم باش بووە. ئەمەش تڕاموای ژمارە ٧ ((ئاباتوار-گڕان سێن)).

بە لەقەلەق دەگاتە جێ. دووبارە بەڕێ دەکەوێتەوە. ئێستا، لێوالێو لە جانتا و منداڵی نوستووە، بەرەو لای گڕان باسێن و کارگەکان لە ڕۆژهەڵاتی تاریکدا ڕۆدەچێت. ئەمە تڕاموای پێش کۆتاییە، دوانیان کاتژمێرێکی دیکە دەگاتە جێ.

---

١- جۆرە کڵاوێکە وەکوو قژی سەر. ((وەرگێڕ))

دەڕۆم دەخەوم. حالّم باش بووە. دەست لە نووسینی ڕۆژ بە ڕۆژی کارتێکراوییـەکانم لـەنێو دەفتەرچەی جوانی نوێ هەڵدەگرم، وەکوو کارێك کە کیژۆڵە منداڵەکان دەیکەن، تەنیا لە یەك ڕووەوە نووسینی دەفتەری بیرەوەرییەکان ڕەنگە باش بێت، یانی کاتێك کە[1]

١- دەقی کاغەزی بێ مێژوو لێرەدا کۆتایی پێدێت.

## دەفتەری بیرەوەرییەکان

## دووشەممە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢

ئیدی گومانم نییە کە شتێکم بەسەر هاتووە. وەکو نەخۆشییەك دەچێت، نەك وەکوو دڵنیاییەکی ئاسایی یان کارێکی زەروور. لەژێر مشتومالْ و بەرەبەرە جێی گرت. من کەمێك خۆم بە سەیر و کەمێك نارەحەت هەست پێکرد، هەمووی هەر ئەمە. هەر کە جێی خۆی گرت ئیدی جووڵە ناکات، ئارام و بێدەنگ دانیشت و من توانیم قەناعەت بەخۆم بێنم کە هیچم نییە و ئەوە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی درۆینە و ئێستا خەریکە سەرهەڵدەدات. پێموانییە مێژوو نووس بوون کەسایەتییەکی توێژەری دەروونناسیی بە کەس بدات. لە چوارچێوەی کارماندا، ئێمە تەنیا سەر و کارمان لەگەڵ هەستەوەرییە گشتییەکاندا هەیە کە ئەوان بە وشەی گشتی وەکوو ((هەلپەرستی)) و ((بەرژەوەندخوازی)) ناودەبەین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆزە ناسینێکم لەخۆم هەبێت، ئێستا کە دەبێ بەکاری ببەم.

بۆ نموونە، لەنێو دەستەکانمدا شتێکی تازە هەیە، شێوازێکی تایبەتی بۆ گرتنی سەبیلەکەم یان چنگاڵەکەم. یان ئەوە چنگاڵەکە ئێستا شێوازێکی تایبەتی بۆ گرتن وەرگرتووە، نازانم. هەر ئێستا کە خەریك بووم دەهاتمە ژووری، لەناکاو لە جێی خۆم ڕاوەستام، لەبەر ئەوەی شتێکی ساردم لە نێو دەستمدا هەست پێکرد کە بە جۆرێك کەسایەتی کە پەیدام کردبوو، سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام. دەستمم لێك کردەوە، تەماشام کرد: تەنیا کێلۆنی دەرگاکەم گرتبوو. ئەمڕۆ بەیانی کاتێك لە کتێبخانەدا ((زانست وەرگر))[1] هات تاکووو سڵاوم لێ بکات، دە چرکەی خایاند تاکووو ناسیمەوە. ڕوخسارێکی نەناسراوم دەدیت، ئەوەندەش نەدەکرا ناوی بنێی ڕوخسار و ئەوسا دەستی وەکوو کرمێکی قەڵەو لەنێو دەستمدا بوو. یەکسەر بەرەڵام کرد و قۆڵی شل و شۆق وەکوو یەکەمجاری لێهاتەوە. لەنێو کۆڵان و شەقامیش دەنگە دەنگێکی گوماناوی زۆر بلاوە. کەواتە لەمیانەی ئەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا گۆڕانێك ڕوویداوە، بەڵام لە کوێ؟ ئەمە گۆڕانی داڕوتاوەیە کە لەسەر هیچ شتێك جێگیر نابێت. ئایا

---

١- Avtodidacte نازناوی ئۆژۆیەپ... (Oeiere...) کە لەم دەفتەرەی بیرەوەرییەکاندا بەزۆری باس دەکرێت. ئەو سکرتێری مەحکەمە بوو. ڕووکانتن لە ساڵی ١٩٣٠دا لە کتێبخانەی بۆڤیل ناسیاوەتی لەگەڵدا پەیداکردبوو.

من گۆڕاوم؟ ئەگەریش من نەگۆڕابم، کەواتە ئەی ئەم ژوورە، ئــەم شــارە، ئــەو، سروشــتە کــە گۆڕاوە، دەبێ هەڵبژێری. پێمولیە کە ئەوە خودی منم کــە گــۆڕانی بەســەردا هــاتووە! ئەمــە سادەترین ڕێگەچارەیە و هەروەها ناخۆشترینیش، بەڵام سەرەنجام دەبێ ئەوە قبوڵ بکەم کە من لەژێر ئەم گۆڕانکارییە لە ناکاوانەدام. شتێك کە هەیە من زۆر بەدەگمەن بیردەکەمەوە، کەواتە تۆپەڵەیەك لە گۆڕانی بچووك بێ ئەوەی هەستیان پێ بکــەم لــە دەروونمــدا کەڵەکــە دەبێــت و پاشان، ڕۆژێك لە ڕۆژەکان، شۆڕشێکی ڕێکوپێك ڕوودەدات. ئەمە هەمان ئەوەیە کە هەروەکوو لایەنی ناهەموار و ناسازگاری داوەتە ژیانم، بۆ نموونە کاتێك فەڕەنسام بەجێهێشت، زۆر کەس دەیانگوت کە ڕۆیشتنم بەهۆی پاڵنەرگەلێکی لەناکاوەوە بووە. کاتێکیش کە یەکسەر لــەدوای شەش ساڵ سەفەر گەڕامەوە بۆ فەڕەنسا، دیسانەوە ئەگەری ئەوە هــەبوو کــە باســی پاڵنــەری لەناکاو بکەن. بۆ جارێکی دیکە خۆم لەگەڵ مێرسیە لە نووسینگەی ئەو پلەدارە فەڕەنســاییە دەبینم کە ساڵی پار لەپاش ڕووداوی پێترۆ دەستی لەکارکێشایەوە. مێرسیە لەگــەڵ شــاندێکی شوێنەوارناسیدا بەرەو بنگاڵ بەڕێکەوت، من هەمیشە حەزم کردبوو بچمە بنگــاڵ و مێرســیە هەمیشە پێداگری دەکرد کە لەگەڵیدا بچم. ئێستا هۆیەکەی لەخۆم دەپرسم. پێمولیە سەبارەت بە پورتال دڵنیا نەبوو و هیوای بەمن بوو کە ئاگام لێی بێت. هیچ هۆکارێکم بۆ ڕێگری نــەبوو و تەنانەت ئەگەر لەو کاتەدا مەزەندەم کردبێت کــە ســەبارەت بــە پورتــال چ شــتێکی لــەژێر سەردایە، دیسانەوە دەبووە هۆکارێکی دیکە تاکووو بە تامەزرۆییەوە بانگهێشــتنەکەی قبــوڵ بکەم. شەلەل ببووم، نەمدەتوانی بەم وشە قسە بکەم. هەروا بێدەنگ بووم و لــە پەیکــەرێکی بچووکی خێمری ڕامابووم، کە لەسەر مێزی یاری کاغەز لە پەنا تەلەفۆنەکە بوو. دەتگوت پڕ بووم لە لێنف[1] یان شــیری شــیلەتێن، مێرســیە بەســەبر و خۆڕاگرییــەوە، فریشــتە ئاســا کــە توورەییەکی کەم لە پشتییەوە شاردرابۆوە گوتی:

((ئاخر دەبێ لە ڕووی ئیدارییــەوە تــەکلیفم ڕوون ببێتــەوە. دەزانم کــە ســەرەنجام وەڵامــی ئەرێنی دەدەنەوە: کەواتە باشترە یەکسەر قبوڵی بکەی.))

---

١- لە فیزۆلۆژیدا شلەیەکە کە پێکهــاتووە لــە فرۆکــەی ســپی و شــلەی پلازمــا لــە جەســتەی مرۆڤــدا، بــە دەستەواژەیەکیتر پێکهاتەی خوێنە بەبێ خرۆکەی سوور. ((وەرگێڕ)). سەرچاوە: فەرهەنگی فارسی عەمید.

ڕیشی بە ڕەنگی خەنەیی تێر و زۆر بۆنخۆشە، بە هەر جووڵەی سەری، شەپۆلێك لە بۆنی عەتر بە لووتم دەکەوت و پاشان، لەناکاو، لە خەوی شەش ساڵی وەخەبەر دەهاتم.

پەیکەرەکە لە دیدمدا ناشیرین و گەمژانە خۆی نواند و هەستم کرد کە بە تەواوی بێ تاقەت بووم. سەرم لێی دەرنەدەچوو، بۆچی لە هیند و چینم. چیم دەکرد لەوێ؟ بۆ قسەم لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا دەکرد؟ بۆچی بەو شێوازە سەیرە بەرگم پۆشیبوو؟ شەوق و زەوقم مردبوو. ئەم شەوق و زەوقە ساڵەهای ساڵ منی لەخۆیدا نوقم کردبوو و بەرەو پێشی بردبوو. ئێستا هەستم دەکرد نێو بەتاڵم. تازە ئەوە لە هەمووی خراپتر نەبوو: لە بەرامبەرم بیرێکی زل و بێ تام، سست و ڕووت هەبوو. بەباشی نازانم چی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەندە دڵی تێکەڵ دەهێنام، نەدەکرا سەیری بکەم. تەواوی ئەوانە لەگەڵ بۆنی ڕیشی مێرسییە بۆم ئاوێتە ببوو. خۆمم کۆکردەوە، بەڕاستی زۆری قەڵس کردبووم و ڕقم هەستابوو و بە شێوازێکی وشك وەڵامم دایەوە:

((سوپاست دەکەم، پێموایە گەشت کردن بۆمن بەسە: ئێستا دەبێ بگەڕێمەوە فەڕەنسا.))

دوو بەیانی بە پاپۆڕ بەرەو مارسی بەڕێ کەوتم.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم و ئەگەر هەموو ئەو نیشانانەی کە کەڵەکە دەبن و باس لە ئاواز و بوونی تازەی ژیانم دەکەن، کەواتە دەترسم. نە ئەوەی کە ژیانم لێواوێکە، یان بە بایەخ یان گرانبەها. بەڵکوو لە شتێك کە دەیەوێ لە دایك ببێت، لەنێو چنگیدا بمگرێ و ڕامکێشێ و بمبات-نازانم بۆ کوێ- دەترسێم. ئایا دیسانەوە دەبێ لە هەموو شتێك دوور بکەومەوە، دەست لە توێژینەوەو کتێبەکەم هەڵبگرم؟ ئایا چەند مانگ یان چەند ساڵی تر، هیلاك و ماندوو، لەنێو وێرانەی نوێدا چاو دەکەمەوە؟ حەزدەکەم تاکووو درەنگ نەبووە باش لەخۆم بگەم.

سێ شەممە ۳۰ کانوونی دووەم

هیچی تازە نییە.

لە کاتژمێر نۆوە تاکووو یەك لە کتێبخانەدا کارم کرد. بەشی ۱۲ و بابەتی پەیوەست بە نیشتەجێ بوونی رۆلیۆن لە ڕوسیا تاکووو مردنی پاولی یەکەمم ڕێکخست. ئێستا هەمووی تەواو بوو. ئیدی تاکوو پاکنوس دەکرێت کارم پێی نییە. کاتژمێر یەك و نیوە، لە کافتریای مابلیم، بابۆڵەیەك (ساندویچ) دەخۆم، هەموو شتێك تاڕادەیەك لە حاڵی ئاسایی دایە. جگە

لەوەش، لە کافتریاکاندا هەموو شتێك هەمیشە لــە حاڵــەتی ئاســایی دایــە و بەتایبــەتی لــە کافتریای مــابلی، بــەهۆی بەڕێوەبەرەکەیــەوە کــاك فاســکڵ کــە مایەپووچــی لەسەداســەد و دڵشاسوورەکەرێکی لە شکڵ و شێوەی دایە. بە زوویی کاتی نووستنی دوای نیــوەڕۆی دێــت و چاییەکانی هەر لە ئێستاوە پەمەیی بوون، بــەڵام هەڵســووکەوتی هێشــتاش زینــدوو و بڕیــار دەرانەیە. بەنێو مێزەکاندا ڕێ دەکا و خۆماڵیانە لە کڕیارەکان نزیك دەبێتەوە:

((هەموو شتێك رێك وپێکە، کاکە؟))

لە دیتنی ئەم هەموو سەر گەش و گۆلێەی وی زەردەخەنە دەکەم: کاتێك کــە کافتریاکــەی چۆڵە، کەللەشی بەتاڵ دەبێت. لە کاتژمێر دوو تاکوو چوار کافتریــا چــۆڵە و ئــەو کاتــە کــاك فاسکڵ گێژ و وێژ چەند هەنگاوێك دەنێت، گارســۆنەکان گڵۆپــەکان دەکوژێننــەوە و ئــەو لــە دەروونی بێ ئاگاییدا دەڵێت: ئەم پیاوە هەر کاتێك تەنیا بێت، خەوی لێدەکەوێ.

هێشتا بیست دانەیەك کڕیار ماونەتەوە، پیاوی عــازەب، ئەنــدازیارەکان، کارمەنــدەکان. ئەوان لە کۆمەڵە پانسیونێکدا[1] کە بە ((سفرەخانە))ی خۆیــانی نــاودەبن، بــە پەلەپــەل نــانی دەخۆن و لەبەر ئەوەی پێویستیان بە کەمێك ڕازاندنەوە هەیە، لەپاش نان خواردن دێنە ئێرە و قــاوە دەخۆنــەوە و یــاری وەرەقــەی پۆکــەرئاس دەکــەن، کــەمێك دەنگــە دەنــگ دەکــەن، هاتوهاوارێکی لاواز کە ئازارم نادات. ئەوانیش، بۆ هەبوون، ناچارن لە دەوری یەك کۆببنەوە.

من بۆخۆم بە تەنیا دەژیم، تەنیای تەنیا. قەت قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم، هــیچ ناســتێنم، هیچ نادەم. زانست وەرگر ناژمێردرێت. بۆچی، فرانسواز، خاتوونی خاوەنی کافتریای ڕانــدۆڤود شمینۆشە، بەڵام مەگەر قسەی لەگەڵدا دەکەم؟ جاری وایە، لە دوای نانی ئێواریێ کە بــیرەم بــۆ دەهێنێت، لێی دەپرسم:

((ئەمشەو دەرفەتت هەیە؟))

هیچ کاتێك ناڵێ نا و من بە دوایدا دەچمە یەکێك لە ژوورە گەورەکانی قاتی یەکەم کە بۆ ماوەیەك یان ڕۆژانە بەکرێی دەدات. پارەی نــادەمێ: بــە زەوقێکــی دوولایەنــە عەشــق بــازی دەکەین. چێژی لێ وەردەگرێت (ڕۆژێ پێویستی بە پیاوێك هەیە و جگە لــەمن زۆری دیکــەش هەن) و من بەم جۆرە خۆم لە هەندێك خــەمۆکی دەپــاڵێوم، کــە هۆکانیــان نــازانم، بــەڵام بــە

---

١- میوانخانەیەك کە خواردن و خزمەتی خەڵك بکات و مانگانە کرێی لێی وەربگرێت. ((وەرگێڕ))

زەحمەت چەند وشەیەك لە نێوانماندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. سوودی چییە؟ هەر کەسەی بەرەو کاری خۆی، جگە لەمەش، لە دیدی ئەودا من بەر لە هەر شتێك کڕیاری کافتریاکەی ئەوم. لەکاتی جل داناندا دەڵێ:

((بەڕاست، ناوی خواردنەوەی ئیشتیا هێنەری بریکۆنزی بیستووە؟ لەبەر ئەوەی لەم هەفتەیەدا دوو کڕیار داوایان دەکرد. کیژۆڵەکە نەیدەزانی چییە، هات پێم ڕابگەیەنێت. ئەوان گەشتیار بوون، دیاربوو لە پاریس خواردبوویانەوە، بەڵام من حەز ناکەم شتێك بکڕم کە نایناسم. ئەگەر کێشەتان بۆ دروست نەبێت باگۆڕەوییەکانم دانەنێم.))

بەر لەمە-تەنانەت زۆر دەمێك لە دوای ئەوەی ئانی لەلای رۆیشتبوو- بیرم لەوی دەکردەوە. ئێستا ئیدی بیر لە کەس ناکەمەوە، تەنانەت ئاخ بۆ ئەوە هەڵناکێشم کە بە دوای وشەدا بگەڕێم. کەم و زۆر بە تووندی دەرونم هەیە، شتێك بە جێگیری ڕاناگرم، لێی دەگەڕێم بڕوات. زۆربەی کاتەکان، بیرەکانم چونکە بە وشەکانەوە گرێ نادرێت، تەماوی دەنوێنن. شکڵی شاراوەو سەیر بە خۆوە دەگرن و پاشان بزر دەبن: یەکسەر لە بیریان دەکەم. لەم گەنجانە سەرم دەسوڕمێت: هەروەها خواردنەوەی قاوەکەیان، چیرۆك گەلی ڕوون و ڕاست نوێن دەگێڕنەوە، ئەگەر لێیان بپرسن دوێنی چیان کرد، ناپەشۆکێن: بە چەند وشە هەموو شتێکیان بۆ دەگێڕنەوە. ئەگەر من لە شوێنی ئەوان بوومایە، لاڵە پەتە دەبووم. ڕاستە کە لە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستاوە ئیدی کەس پەرۆشی ئەوە نییە کە کاتەکەم چۆن بەسەر دەبەم. مرۆڤ کە بە تەنیا ژیان بەسەر ببات، ئیدی تەنانەت نازانێ چیرۆك گێڕانەوە چییە: ڕاست نوێنی هاوکات لەگەڵ هاوڕێیاندا بزر دەبێت. لێدەگەڕێ ڕووداوەکانیش تێپەڕن، کۆمەڵە مرۆڤێك دەبینێ کە لەناکاو قووت دەبنەوە، قسە دەکەن و پاشان دەڕۆن، لە مەسەلەی بێ سەروبندا نوقم دەبن: شایەدێکی پڕوپووچی لێ دەردەچێت، بەڵام لەبری ئەوە هەموو شتێکی ناڕاست نوێن، هەموو ئەو شتانەی کە هیچ کەس لە کافتریاکان بڕوایان پێ ناکات بۆی دێن. بۆ نموونە شەممە دەوروبەری چواری دوای نیوەڕۆ، لە پیادەڕۆی تەختەیی کارگەی بیناسازی هێڵی ئاسن ژنوچکەیەك بە جلی شینی ئاسمانییەوە بەدەم پێکەنینەوە بە گوڕگەلۆقە ڕایدەکرد و دەستەسڕێکی ڕادەوەشاند. لە هەمانکاتدا ڕەش پێستێك بە پاڵتۆیەکی درێژی ڕەنگ قەیماغی، پێڵاوی زەردو کڵاوی سەوزەوە بەدەم فیتو لێدانەوە سوچی شەقامەکەوە بای دەدایەوە. ژنۆچکەکە هەروا کە دەڕۆیشت، لەژێر ئەو فانۆسەی کە بە محەجەرەکەوە هەڵواسراوە و شەوانە

هەڵی دەکەن لەگەڵ ڕەش پێستەکەدا تێکهەڵدەنگون. کەواتە لە یەك کاتدا، لەژێر ئاسمانێکی ئاگر شێوەدا، ئەو محەجەرەیە کە بە توندی بۆنی داری شێداری لێدەهات، ئەم فانۆسە، ئەو ژنۆچکەیە قژ زەردە لەنێو باوەشی ڕەش پێستێکدا لەوێ بوون. ئەگەر چوار یان پێنج کەس بووینایە پێموایە بە بەریەك کەوتن، بە تەواوی ئەو ڕەنگە ناسکانە، بە مانتۆی شینی جوانی کە وەکوو لێفەی تووکی قوو وابوو، بە باڵتۆی درێژی ڕوون، سەرنجمان بۆ لای ئەمانە و شووشە سوورەکانی فانۆسەکە ڕادەکێشاو لەسەر سوورمانی ئەو دوو ڕوخسارە منداڵانەیەدا کە بە دیارکەوت، بە پێکەنین دەکەوتین. کەم ڕوو دەدات کە مرۆڤ بە تەنیا پێکەنینی بێت: تەواوی دیمەنەکە بە چەکێکی زۆر بەهێز و تەنانەت توند و تیژ، بەڵام بێ خەوش بۆم زیندوو بۆوە. پاشان لەبەر یەك هەڵوەشاو تەنیا محەجەرەو فانۆس و ئاسمان مانەوە: هێشتاش جوان بوو. ماوەیەك دوای ئەوە فانۆسەکە پێ بوو، با دەستی کرد بە هەڵکردن، ئاسمان تاریك بوو: بەهیچ جۆرێك هیچ نەمایەوە.

لە هەموو ئەمانەدا شتێکی زۆر نوێ نییە، ئەم هەستە بێ ئازارانەم قەت لە خۆم نەڕەواندوونەوە. بەپێچەوانەوە. بۆ هەست پێکردنیان ئەوەندە بەسە کە کەمێك تەنیا بی، تەنیا ئەوەندە کە لە کاتی گونجاودا مرۆڤ خۆی لەدەست ڕاستنوێنی دەرباز بکات، بەڵام من نزیك لە خەڵك، لە ئاستی تەنیاییدا دەمامەوە، بە ئیرادەیەکی پتەو کە لەکاتی هاتنە پێشی مەترسی پەنا ببەمە نێویان: بەڕاستی، تا ئێرە تازە کاربووم. ئێستا، لە هەموو شوێنێك کۆمەڵە شتێك هەیە، وەکوو ئەم پەرداخە بیرەیە، لێرە، لەسەر مێزە. کاتێك دەیبینم، حەز دەکەم بڵێم: یاری ڕاگرن، من ئیدی یاری ناکەم. باش تێدەگەم کە زۆر بەرەوپێش چووم. پێموایە کە ناتوانرێت تەنیایی ((مەبەست هەبێت)) مەبەستم ئەوە نییە کە ژێر قەرەوێڵەکەم بەر لە نووستن سەیر دەکەم یان لە کردنەوەی لەناکاوی دەرگای ژوورەکەم لە نیوە شەودا ترس دام دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ قەراری و دڵەڕاوکێم هەیە: نیو کاتژمێرە کە خۆم لە سەیرکردنی ئەم پەرداخە بیرەیە دەپارێزم. سەرەوە، خوارەوە، چەپ، ڕاست سەیر دەکەم، بەڵام نامەوێ خودی ئەو ببینم، باشیش دەزانم کە لە هەموو نەگورتییەکانی دەوروبەرم هیچ یارمەتییەکم پێ ناگات: زۆر درەنگ بووە، ئیتر ناتوانم پەنا ببەمە نێویان. لەوانەیە بێن و دەستێك لە شانم بدەن و بڵێن: ((ئێ، مەگەر ئەم پەرداخە بیرەیە چی لێهاتووە؟ وەکو ئەوانی ترە. لێوار خڕو دەسکدارە بە قەڵغانێکی بچووك و نەخشێندراوەوەو لەسەریشی بێڵێك و لەسەر قەڵغانەکە نووسراوە

Spatenbrav هەمووی ئەوانە دەزانم، بەڵام دەزانم کە شتێکی تریش هەیە. تاڕادەیەك هیچ، بەڵام ئیتر ناتوانم ڕوونی بکەمەوە کە چی دەبینم. بۆ هیچ کەس. ئەوەتانێ! ئارام ئارام دەخلیسکێمە ژێر ئاو، بەرەو ترس. من لەنێو ئەم دەنگە شادومان و عەقڵانیانە تەنیام. هەموو ئەو مرۆڤانە کاتی خۆیان لەسەر ئەوە دادەنێن کە ئەوەی لە ویژدانیاندایە ڕوون بکەنەوە، ئەوسا بە خۆشحاڵییەوە پشتڕاست بکەنەوە کە ڕاوبۆچوونیان یەکە. ئای کە چەندە گرنگە بۆیان کە هەموو پێکەوە بە جۆرێك بیر بکەنەوە. ئەوەندە بەسە کە ببینین چۆن خۆی مۆن دەکات، کاتێك یەکێك لەو مرۆڤانەی کە چاوی ماسی ئاسایان هەیە و دەزانی نیگایان سەیری دەروونی خۆیان دەکات و ناتوانرێت هیچ کۆکییەکیان لەگەڵدا هەبێت بە نێویاندا تێدەپەڕێ. کاتێك تەمەنم هەشت ساڵان بوو و لە باخی لۆکسامبۆرگ یاریم دەکرد، یەکێك هەر لەم مرۆڤانە بوو کە دەهات لە ژوورێکی بچووکی پاسەوانی بە مەجەریەکەوە نووساو بەدرێژایی شەقامی ئۆگۆست کۆنت دادەنیشت. ئەو قسەی نەدەکرد، بەڵام جاری وابوو لاقی درێژ دەکرد و بە تۆقیوی تێی ڕادەما. ئەم پێیە لە نێو پۆتیندا بوو، بەڵام پێیەکەی دیکەی لە نەعلەدا بوو. پاسەوانەکە بە مامی گوت کە ئەو پیاوە پێشتر مامۆستای ڕێکخەری قوتابخانە بووە. لەبەر ئەوەی بە بەرگی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای زاناو نووسەرە گەورەکانەوە بۆ خوێندنەوەی نمرەکانی سێ مانگی چووبووە پۆلەکانەوە، خانەنشینیان کردبوو. ئێمە زۆری لێ دەترساین، چونکە هەستمان دەکرد کە تەنیایە. ڕۆژێکیان ڕووەو ڕۆبێرت زەردەخەنەی کردو لە دوور ڕا قۆڵەکانی بۆ درێژ کرد: هێندەی نەمابوو ڕۆبێرت ببوورێتەوە. ترسی ئێمە لە شکڵ و شێوەی نەگبەتاوی یان لەرزینەی مالی نەبوو کە لە ڕۆخی یەخەکەی دەخشا: بەڵکوو هەستمان دەکرد کە ئەو لەسەریدا بیرۆکەی قرژاڵی پەروەردە دەکات. ئەمەش ئێمەی دەترساند کە مرۆڤێك بتوانێت دەربارەی ژووری بچووکی پاسەوانی، بۆقەکانی یاری ئێمە و دەوەنەکان، بیرۆکەی قرژاڵی پەروەردە بکات.

کەواتە ئایا ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە چاوەڕێم دەکات؟ جاری یەکەمە کە تەنیایی دڵتەنگم دەکات. حەزدەکەم بەرلەوەی زۆر درەنگ ببێت و بەر لەوەی کوڕیژگەکان بتۆقێنم، لەبارەی ئەو ڕووداوەوە کە بۆم ڕوودەدات لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم. خۆزگە ئانی لێرە بوایە.

سەیرە: دە لاپەڕەم پڕکردونەوەو ڕاستیەکەم نەگوتووە- لانی کەم هەموو ڕاستییەکە. کاتێك لەژێر مێژوودا دەمنووسی ((شتێکی تازە نییە)) ویژدانم نارەحەت بوو: ڕاستییەکەی

ڕووداوێکی بچووك، کە نە شەرماویە و نە زۆرباش، ئامادە نەدەبوو بێتە دەرێ. ((شتێکی تازە نییە)) پێم سەیرە کە چۆن دەتوانین کە بە پێدانی مان بەلایەنی خۆمان درۆ بکەین. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت، دەکرێ بگوترێ کە بە ڕواڵەت شتێکی نوێ نەهاتۆتە پێش: ئەمرۆ بەیانی، کاتژمێر هەشت و چارەگ کە خەریك بووم لە هوتێلٚ پرینتانیا دەهاتمە دەرێ، تاکوو بچمە کتێبخانە، حەزم دەکرد ئەو پارچە کاغەزە هەڵگرمەوە کە لەسەر زەوی کەوتبوو، بەڵام نەمتوانی. هەموو هەر ئەمە. ئەمە تەنانەت ڕووداوێکیش نییە. بەڵێ، بەڵام ئەگەر تەواوی ڕاستییەکەتان بوێت، ئەم ڕووداوە کاریگەریەکی قوڵی لەسەر من دانا: وامزانی کە ئیتر سەربەست نیم. لە کتێبخانەدا هەرچەندە هەوڵمدا تاکوو بتوانم خۆم لە چنگی ئەم بیرە قوتار بکەم، نەکرا. لە کافتریای مابلی، ویستم لەبەری ڕاکەم. هیواداربووم کە لە نێو ڕووناکیدا بزر ببێت، بەڵام لەوێ، دەروونم، بە حاڵی قورس و بە ئازار مایەوە. هەمان بیر لاپەڕەکانی پێشووی پێ پڕکردمەوە.

بۆچی قسەیەکم لەوێ نەکرد؟ ڕەنگە لەبەر لووت بەرزی، پاشانیش، کەمێکیش بەهۆی چڵمی، وارانەهاتووم، ئەوەی کە بۆم ڕوودەدات بۆ خۆمی بگێڕمەوە. هەر ئەوەیە کە زنجیرەی ڕووداوەکان بەدروستی نادۆزمەوە، بۆم دەرناکەوێ چ شتێك گرینگە، بەڵام ئێستا هەمووی تەواو بووە: ئەو بابەتانەی کە لە کافتریای مابلیدا نووسیمن سەرلەنوێ خوێندمنەوەو شەرمم کرد، من نە نهێنیم دەوێت، نەجیهانەکانی ڕووحی، نە قسەی لە کڕان نەهاتوو، نە کچەی زەبم نە قەشە تاکوو ڕۆڵی هەبوونی ژیانێکی مەعنەوی یاری بکەم.

بابەتگەلێکی زۆرم نییە بیانڵێم: نەمتوانی کاغەزەکە لەسەر زەوی هەڵبگرمەوە، هەر ئەمە. من زۆرم پێ خۆشە کە شا بەڕوو، لەتکی کۆنە، هەروەها بەتایبەتی کاغەز لەسەر زەوی هەڵبگرمەوە. پێمخۆشە هەڵیان بگرمەوەو لەنێو مشتدا بیانگرم، وەکوو منداڵان، بە کەمترین شتێك دەیانبەنە لای دەم. ئانی زۆری ڕق هەڵدەستا کاتێك کە دەیدیت لە سووچێك پارچە کاغەزێکی قورس و گرانبەها، بەڵام بە ئەگەری زۆر ئاڵودە بە پاشەڕۆ دەگرم بەرزی دەکەمەوە. هاوین یان سەرەتای پاییز، لەنێو باخەکاندا پارچە ڕۆژنامەیەك پەیدا دەبێت کە تیشکی خۆر برژاندونی، هاوشێوەی گەڵای مردو و وشك و لەشکان هاتوون، ئەوەندە زەردن کە دەڵێی لەنێو ترشی پیکریکدا تەڕکراون. هەندێك پارچە کاغەزەکان لە زستاندا وردو پلێشاوەو پەڵەدارن، ئەوان دەگەڕێنەوە زەوی. هەندێکیان ئیدی کە زۆرتری و تەنانەت بریقاوەو سپی و تێرۆکراون،

هاوشێوەی قوو ئارام و بەویقارن، بەڵام زەوی لە ماوەیەك لەمەوبەرەوە لەژێرڕا بە داوێوەی کردوون. ئەوان لوول دەخۆن، خۆیان لە قوڕ و قاڵ دەتەکێنن، بەڵام کەمێك لەولاتر بۆ هەمیشە دەکەونە سەر زەوی. هەموو ئەوانە بۆ هەبوون چاکن. جاری وایە تەنیا بە سەیرکردنیان لە نزیك ڕا، فێڵیان لێدەکەم. جاری واشە وایان دەدڕم تاکوو گوێم لە جرەجری درێژخایانیان بێت، یان ئەوەی، ئەگەر زۆر وتەڕ بن ئاگریان تێ بەردەدەم و ئەمە کارێکی ئەستەمە، پاشان لەپی دەستی قوڕاویم بە دیوار یان قەدی درەخت دەسڕمەوە. کەواتە ئەمڕۆ خەریك بووم سەیری پۆتینی ڕەنگ سووری ئەفسەرێکی سوارچاکم دەکرد کە لە سەربازگە دەهاتەدەرێ. هەر ئاوا کە بە نیگام بە دوای پۆتینەکانەوە بووم، پارچە کاغەزێکم دیت کە لە پەنا قۆڵتێك کەوتبوو. پێموابوو ئێستا ئەو ئەفسەرە بە پاژنەکەی کاغەزەکە لەنێو قوڕدا پان و پلێش دەکاتەوە، بەڵام نا: بەیەك هەنگاو بەسەر قۆڵت و کاغەزەکەدا بازیدا. چوومە نزیك: لاپەڕەیەکی کاغەزەکە هێڵی بەسەردا هاتبوو کە لەوانەیە لە دەفتەرچەی قوتابخانەیان لێکردبێتەوە. باران تەڕ و خوار و خێچی کردبوو و وەکوو دەستی سوتاو، بە بلۆق و هەڵامسان داپۆشرابوو. هێلێ سووری ڕۆڤەکەی ڕەنگ و ڕووی نەمابوو و وەکوو پەڵەیکی ڕەنگ پەمەیی لێهاتبوو. مەرەکەب تۆپەڵە تۆپەڵە بڵاوببۆوە. بنی لاپەڕەکە لەبن قوڕدا بزرببوو. چەمانەوە، هەر لەو کاتەوە لەبیری دەست لێدانی ئەم هەویرە نەرم و تازەیە کە لەژێر پەنجەکانمدا دەبێت هەنگوتکێکی خۆڵەمێشی چێژم وەردەگرت... نەمتوانی. بۆ ساتێك هەر ئاوا بە چەماوەیی مامەوە، خوێندمەوە ((پڕکردنەوە: کوندە پەپووی سپی))، پاشان بە دەسبەتاڵی ڕاست بوومەوە. من ئیدی سەربەست نیم، ئیدی ناتوانم ئەوەی گەرەکمە بیکەم. شتەکان نابێ ((دەست لێ بدەن))، چونکە زیندوو نین. مرۆڤ بەکاریان دەبات، لە شوێنی خۆیانیان دادەنێتەوە، لە نێویاندا دەژیا! ئەوان سوودبەخشن، هەر ئەمەو بەس، بەڵام ئەوان دەستم لێ دەدەن، ئەمەش هەڵناکرێ لەگەڵیدا. دەترسم لە گەڵیاندا بەریەك بکەوم، دەڵێی گیانداری زیندوون.

ئێستا تێدەگەم، ئەو شتەی کە یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر، لە قەراغ دەریا، لەکاتی بەدەستەوەبوونی ئەو بەردە بچووکە هەستم پێکرد، باشتر دێنمەوە یاد. جۆرە دڵ تێکەڵ هاتنێکی تام شیرین بوو. چەندە دڵتەزێن بوو و لە وردە بەردەکە دەهات، دڵنیام، لە وردە بەردەکە تێپەڕی و هاتە نێو دەستەکانم، بەڵێ، خۆیەتی، ڕێك خۆیەتی: جۆرێك هێڵنج لەنێو دەستەکاندا.

بەیانی پێنج شەممە، لە کتێبخانەدا.

کەمێك پێش کە لە قادرمەکان دەهاتمە خوارێ، دەنگی لویسم بیست کە لەمیانەی بە بریقە خستنی قادرمەکاندا، خەریك بوو بۆ سەدەمین جار لەلای خاتوونی خاوەن هوتێلەکە دەردی دڵی دەکرد. خاتوون بە زەحمەت و کورت کورت قسەی دەکرد، لەبەر ئەوەی هێشتا ددانە دەستکردەکانی نەخستبووە نێو دەمی. بە جلی ماڵەوەی ڕەنگ پەمەیی و نەعلەوە، تاڕادەیەك ڕووت و قووت بوو. لویس وەکوو جاران پیس بوو، ناوە ناوە لەدەست خشاندن ڕادەوەستاو لەسەر چۆکان قیت دەبۆوە تاکووو سەیری خاتوون بکات. یەك بەندو بە حاڵەتێکی ئاقلانەوە قسەی دەکرد. دەیگوت:

((زۆر زیاتر پێمخۆشە بچێت بەدوای ئافرەت بازیدا، چونکە ئەو کارە زیانی پێ ناگەیەنێت، منیش باکم نییە.))

باسی مێردەکەی دەکرد: ئەم ژنۆکە ڕەنگ ڕەشتاڵەی دەوروبەری تەمەن چل ساڵان بە پاشەکەوتی گەنجێکی قۆزی بۆخۆی پەیدا کردبوو، کە لە کارگەی لوکوانت لە بەشی خستنە سەریەکی ئامێرەکان کاردەکات. لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا چارەڕەشە. مێردەکەی نەلێی دەدا و نە ناپاکی لەگەڵدا دەکات: مەی خۆرەوەیە، هەموو شەوێ بەسەرخۆشی دێتەوە ماڵێ. حاڵ و دۆخی خراپە. لە ماوەی سێ مانگدا، دیتوومە کە ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕاوەو لەناوچووە. لوسی پێیوایە هی مەی خواردنەوەیە، من پێموایە نەخۆشی سیلی گرتووە. لوسی دەیگوت: ((دەبێ خەفەت لە دڵ بڕەوێنییەوە.))

دڵنیام کە ئەم مەسەلەیە دادەتاشێ، بەڵام ئارام ئارام، بە خۆڕاگری: خەم لە دڵ دەڕەوێنێتەوە، نەدەتوانێ خۆی سەبووری بدات نەخۆی بداتە دەست ئازار. زۆر کەم بیری لێدەکاتەوە، زۆر زۆر کەم، ناوە ناوە، بەمشەخۆری ئازار و دەژیا. بەتایبەتی وەختێك کە لەگەڵ خەڵکدایە، چونکە دڵی دەدەنەوەو هەروەها لەبەر ئەوەی بە شێوازێکی ئارام و بەویقارەوە باسیان کردو بە حاڵەتی ئامۆژگاریکەر کە بەخۆی دەگرێت، کەمێك سەبووری دەدات. کاتێك لەنێو ژوورەکاندا بەتەنیا دەبێت دەبیستم لە بن لێوانەوە دەیلێتەوە، تاکووو خۆی لەبیرکردنەوە بپارێزێ، بەڵام تەواوی ڕۆژێ گرژو تاڵە، زوو ماندوو دەبێت و نێوچاوانی تێك دەنێ.

دەستی لە قوڕگی دەدات و دەڵێ:

((لێرەیە، ڕەت نابێت.))

قرچۆکانە ڕەنج دەکێشیّ، ڕەنگە سەبارەت بە چێژەکانیشی قرچۆك بێت. لەخۆم دەپرسم کە ئایا جاری وایە نایەویّ لەو ڕەنجە بەردەوامە، لەو بۆڵە بۆڵەی کە بە نـەگوتنی گـۆرانی دەسـت پێدەکاتەوە، خۆی ڕزگار بکات و ئایا حەز ناکات کە بە ڕێکوپێکی ڕەنج بکێشێت و خۆی لـە بیّ ئومێدیدا نوقم بکات، بەڵام ئەم کارە بە هەر جۆرێك بێت بۆی مومکینە: تووشـی شـەلەل بووە.

پێنج شەممە دوای نیوەڕۆ

((مارکی دورلبۆن زۆر دزێو بوو. شاژن ماری ئانتوانت حـەزی دەکـرد کـە بـە عەنتـەری ئازیزی بانگی بکات. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، ئافەرتەکانی دەربار هەموویان هی وی بوون. نە ئەوەی وەکوو ڤۆسیکانون بوزین ئەم لەبەر دڵان بوونەی بە قۆشمەیی بەدەست هێنابێت: بەڵکوو بەهێزی موگناتیسی قوربانییە پەری ڕوخسارەکانی بە خراپترین شێوەی شـەیدایی دەخشـاند. ئەو پیلان دەگێڕیّ، رۆڵێکی کەم و زۆر گوماناوی لە مەسەلەی گەردن بەند دەگێڕیّ، لە سـاڵی ١٧٩٠دا لە پاش هەبوونی کۆمەڵە بۆنەیەك لەگەڵ میرابۆ-تونۆرۆ نرسیا بـزر دەبێـت، سـەرو کەللەی لە ڕوسیا قوت دەبێتەوەو لەویّ یارمەتی کوشتنی پاوڵی یەکـەم دەدات. لـە ڕوسـیاوە سەفەر دەکات بۆ دوورترین وڵاتەکان، بۆ هیند، چین و تورکستان. دەست دەکات بە قاچاغی و سیخوڕی. لە ١٨١٣دا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. لـە ١٨٤٦دا دەگاتـە دەسـەڵاتی ڕەهـا: تاکـە مەحرەمی دوشیس دانگوڵمە. ئەم پیرێژنە هەوەس بازە کە لە بەندی بیرەوەرییەکانی ترسـناکی منداڵی دایە، بە دیتنی وی ئارام دەگریّ و زەردەخەنە دەکات. بـە یاریـدەدەری ئـەم ژنـە لـە دەربار دەگاتە دەسەڵات و دەسڕۆیشتوویی.

لە ئاداری ١٨٢٠دا لەگەڵ مادمازێل رۆڕوکلوردا کە شـۆخ و شـەنگێکی تەمـەن هـەژدە ساڵانە زەماوەند دەکات. مارکی دورلبۆن تەمەنی حەفتا ساڵەیە، لەوپەڕی پلەی شانازی و لـە لوتکەی ژیاندایە. حەوت مانگ دوای ئەوە بە تۆمەتی ناپاکی قۆڵبەست دەکرێت و دەکەوێتـە چاڵەڕەشەوە و هەر لەویّ لەپاش پێنج ساڵان زیندانی، بیّ ئەوەی دادگایی بکرێت، دەمرێت...

ئەم یاداشتەی جێرمەن بێرژێم بە کەسەرەوە خوێندەوە. لە ڕێگای ئەم چەند دێڕەوە بوو کـە سەرەتا لەگەڵ مارکی دور لبۆندا ئاشنا بووم. بەلامەوە چەندە خەڵەتێن و یەکسەر چەندە بـەم چەند وشەیە کەیفم پێی هات؟ لەبەر خاتری ئەوە، بەهۆی ئەو کابرایەوە من لێرەم. کاتێك لـە سەفەر گەڕامەوە، دەمتوانی بـە ئاسـانی لـە پـاریس یـان ڤارسـی بمێنمـەوە، بـەڵام زۆربـەی

بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە نیشینگە درێژخایەنەکانی مارکی لە فەڕەنسا، لە کتێبخانەی شارەوانی بۆڤیلە. مارکی خاوەنداری ماردم بوو. بەر لە شەڕ، هێشتا یەکێك لە وەچەکانی، ئەندازیارێکی نەخشەدانان بەناوی ڕولبۆن ((کامپومیرە، لەم شارۆچکەیەی بەسەردەبرد کە کاتی مردنی لە ساڵی ١٩١٢دا میراتێکی زۆر گرنگی بۆ کتێبخانەی بۆڤیل بەجێهێشت: نامەکانی مارکی، بەشێك لە دەفتەرێکی بیرەوەری و کاغەزگەلێکی جۆراوجۆر. من هێشتا چاوم بە هەموانیاندا نەخشاندووە.

خۆشحاڵم لەوەی کە ئەم یاداشتانەم دۆزیونەتەوە. دە ساڵ دەبوو کە دووبارە نەم خوێندبوونەوە. پێموایە خەتەکەم گۆڕاوە: ئەو سەردەمە ڕێك و پێکترم دەنووسی. ئەو ساڵە چەندە مارکی دورلبۆنم خۆشدەویست! دەکەمە بیری شەوێکەوە-شەوێکی سێ شەممە: تەواوی ڕۆژەکەم لە کتێبخانەی مازارین کارکردبوو، لەسەر نامە گۆڕینەوەکانی لەمیانەی ٩٠-١٨٧٩ پەیم بە باڵادەستی بردبوو، لە هەڵخەڵەتاندنی نرسیا دونیان تاریك داهاتبوو، لە شەقامی ماین دەچوومە خوارێ و لەسەرپێچی شەقامەکە گەتەی شابەڕووم کرێ. زۆر دڵخۆش بووم. بە بیرکردنەوەی شکڵ و شێوەی گرژ و مۆنی کە ڕەنگە نرسیا لەکاتی گەڕانەوە لە ئەڵمانیا گەڕابۆوە، لەبەر خۆمەوە پێدەکەنیم. ڕوخساری مارکی وەکوو ئەم مەرەکەبە دەچێت: لەو کاتەوەی کە بە ئەوەوە خەریك بووم، ڕەنگی زۆر زیاتر بزرکاوە.

چونکە یەکەم لە دەسپێکی ساڵی ١٨٠١وە ئیدی هیچ سەر لە هەڵسوکەوتی وی دەرناکەم. ئەمە لە کەم و کووڕیی بەڵگەنامەکان نییە: نامەکان، پارچەیەك بیرەوەری، ڕاپۆرتی مەحرەمانە، ئەرشیفی پۆلیس، بەپێچەوانەوە، لەم بەڵگەنامانەم زۆر هەیە. ئەو شتەی کە ئەم شایەدانە کەمیان هەیە، یەکالای و پێکەوە ژیانە. دژ بە یەکن، بەڵام لەگەڵ یەکتریشدا یەك نین. پێناچێت کە پەیوەست بن بە کەسێکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوونووسانی تر لەسەر بنەمای زانیاری لەم بابەتە کار دەکەن. چۆن دەرەقەتی دێن؟ ئایا من پشکێنەرترم یان کەم هۆش؟ جگە لەمەش، ئەگەر پرسیار بەم شێوەیە بخرێتە ڕوو، بە تەواوی دڵساردم دەکات. بەڕاست من بە دوای چیدا دەگەڕێم؟ هیچ نازانم. ماوەیەکی زۆر ئەم مرۆڤە، ڕۆلبۆن، زیاتر لەو کتێبە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوم، کە بڕیارە بنووسرێت، بەڵام ئێستا، ئەم مرۆڤە... ئەم مرۆڤە خەریکە بێ تاقەتم دەکات. دڵم بە کتێبەکەوە بەستووە. دەکرێ بگوترێ کە هەرچەند تەمەنم هەڵدەکشێت، پێویست بوونی نووسین زیاتر لە خۆمدا هەست پێدەکەم.

دیاره دەتوانرێ قبوڵ بکرێت کە ڕۆڵبۆن ڕۆڵێکی چالاکی لە کوشتنی پاوڵی یەکەمدا هەبووە، پاشان ئەرکێکی سیخوڕی کردنی گرنگ لە بەرژەوەندی تێزاردا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی لە ئەستۆ گرتووەو بەردەوام لە بەرژەوەندی ناپلیۆن ناپاکی لەگەڵ ئەلێکساندەردا کردووە. ئەگەری هەیە کە لە هەمان سەردەمدا نامە گۆڕینەوەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ کۆنت دارتڕادا دروست کردووەو بە ناردنی زانیاری کەم بایەخ بۆوی، قەناعەتی پێکردبێ بە ئەمەکداری خۆی. هیچ کام لەمانە نییە کە ئەگەریان نەبێت، فوشە لە هەمان سەردەمدا دەستی کردبوو بە گەمەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر. لەوانەیە هەروەها مارکی بەدوای قازانجی خۆیدا لەگەڵ میرنشینەکانی ئاسیادا کڕین و فرۆشتنی تفەنگی هەبووبێت.

بەڵێ، لەوی وەشاوەتەرە کە ئەم هەموو کارانە بکات، بەڵام بەڵگە لەبەر دەستدا نییە کە ئەنجامی دابن: بەرە بەرە خەریکە باوەڕ دەکەم کە قەت ناتوانرێت هیچ شتێك بسەلمێندرێ. ئەمانە گریمانەگەلێکی ماقوڵن کە ناچارییەکانیان مەبەستە، بەڵام بەباشی ئاگادارم کە لە منەوە سەرچاوە دەگرن، تەنیا شێوازێکن بۆ بە یەکپارچەکردنی زانیارییەکانی من. هیچ تیشکێك لەلای ڕۆڵ بۆنەوە نایە. فەرمانە ڕاستەقینەکان خاو و خلیسك و تەمبەڵ و مۆن خۆیان بە وردبینییەکی زۆر پتەوەوە کە دەمەوێ ئەو سیستەمە بەوان بدەم دەگونجێنێت، بەڵام ئەم سیستەمە لە دەرەوەی فەرمانی ڕاستەقینەدا دەمێنێتەوە. هەست دەکەم کە کارێك دەکەم کە دەرەنجامی خەیاڵێکی لەسەدا سەدە. بەوەشەوە، دڵنیام کە کەسایەتییەکانی ڕۆمان ڕاستەقینەتر خۆدەنوێنن، یان هەرچۆنێك بێت دڵپەسندترن.

هەینی کاتژمێر سێ

کاتژمێر سێ بۆ هەر کارێك کە مرۆڤ بیەوێ بیکات هەمیشە یان زۆر درەنگە یان زۆر ساتێکی غەریبە لە دوای نیوەڕۆدا. ئەمڕۆ لەگەڵیدا هەڵناکرێ. خۆرەتاوێکی سارد تۆز و خۆڵی شووشەی پەنجەرەکان سپی دەکات. ئاسمانێکی ڕەنگ بزڕکاو بە پەڵەی سپییەوە. ئەمڕۆ بەیانی ئاوی جۆگەکان بەستبووی.

لە نزیك سۆبەکە، بە حاڵەتێکی خاو و قورسەوە خەریکی هەرسکردنم. لە پێشەوە دەزانم کە ئەمڕۆ بە فیڕۆچووە. کارێکی بەسوود مەگەر دوای تاریك داهاتنی دنیا ناکەم. بەهۆی خۆرەتاوەوەیە. خۆرەتاو پارچە تەمە چڕە سپییەکە کە لە هەوادا بەسەر کارگەی بیناسازیدا هەڵواسراوە، دەکاتە ڕەنگێکی زێڕینی پوکاوە، بە ڕەنگێکی زەردی بزڕکاوەوە دەڕژێتە نێو

ژوورەکەمەوەو لەسەر مێزەکەم چوار تیشکی تاریك و درۆزنانە ڕادەخات. سەبیلەکەم بە زێڕاو زێڕکفت کراوە، کە سەرەتا نیگا بە ڕەواڵەتی شادی بۆلای خۆی پەلکێش دەکات: کە سەیری دەکەی، زێڕاوەکە دەتوێتەوەو تەنیا هێڵێکی باریکی گەورەی بێ ڕەنگ لەسەر پارچەدارێك دەمێنێتەوە، هەموو شتێکیش هەروایە، هەموو شتێك، تەنانەت دەستەکانی من. کاتێك خۆر بەمجۆرە بشنێتەوە، باشترین کار نووستنە، بەڵام دوێنێ شەوێ ئەوەندە نوستبووم کە ئێستا هیچ خەوم نایە.

ئاسمانی دوێنێم زۆر خۆشدەویست، ئاسمانێکی تەسك، تاریك داهاتوو لە باران، کە خۆی وەکوو ڕوخسارێکی پێکەنینانوی و دڵگیر بە شووشەی پەنجەرەکانەوە دەگوشی. ئەم خۆرە پێکەنیناوی نییە. بە تەواوی بە پێچەوانەوە، دەکەوێتە سەر هەموو شتێك کە من خۆشم دەوێت، سەر ژەنگ و ژاری کارگەی بیناسازی، سەر میلەکانی ڕزیوی محەجەرەکە، تیشکێکی قرچۆك و ماقووڵ[1]، هاوشێوەی نیگایەکە کە مرۆڤ لە پاش شەوێك بێ خەوی دەخاتە سەر بڕیارگەلێك کە شەوی ڕابردوو بە تامەزرۆییەوە داونی، یان سەر لاپەڕەگەلێك کە یەك بەندو بەبێ هێڵ بەسەردا هاتن نووسیویەتی. چوار کافتریای جوت سایدی ڤیکتۆر نوار کە شەوانە لە تەنیشت یەك دەدرەوشێنەوەو شتێك زیاتر لە کافتریایەکن-چونکە حەوزە دەستکردەکان، پاپۆڕەکان، ئەستێرەکان، یان چاوە گەورە سپییەکان- سەرنجڕاکێشی شاراوەیان بزر کردووە.

ڕۆژێکی تەواو بۆ هەڵوەستە کردن لە حاڵی خۆیدا: ئەم تیشکە ساردانە کە خۆر هاوشێوەی دەرمانێکی بێ لێبووردە دەیخاتە سەر هەموو خولقێنراوەکان، لە ڕێگای چاوەوە دێتە نێو منەوە، دەروونم بە تیشکی هیلاککەر ڕووناك بۆتەوە. دڵنیام کە چارەگە سەعاتێك بەسی بێت، تاکووو بگەمە ئەوپەڕی بێزاری لە خۆم. زۆر سوپاس، نامەوێ. ئەو بابەتانە سەرلەنوێ ناخوێنمەوە کە دوێنێ سەبارەت بە نیشتەجێ بوونی رۆلبۆن لە سان پترسبۆرگ نووسیمن. بە ڤۆڵی هەڵواسراوەوە هەر ئاوا دادەنیشم و یان بەبێ زەوقی چەند وشە دەنووسم، باوێشك دەدەم، چاوەڕێم شەودابێت. دنیا کە تاریك دابێت، من و مشتەکان لە بەرزەخ دێینە دەرێ.

ئایا رۆڵبۆن دەستی لە کوشتنی پاوڵی یەکەمدا هەبووە یان نا؟ ئەمە پرسیاری رۆژە: گەیشتوومەتە ئێرەو ناتوانم بەبێ کۆتایی هێنان بە پرسیارەکە زیاتر بچمە پێشێ. بەگوێرەی

---

١- دەقە سەرەکیەکە بەم شێوەیەیە: Uneivmiere avare et raisonnable.

گوتەی چرکۆف، کۆنت پالَن پارەی دابوویە. چرکۆف دەلَیت کە پیلانگیران زۆربەیان قەناعەتیان بە لەسەرکارلادان و بەندکردنی تیزار هەبوو. (لە راستیدا وادەردەکەوێ کە ئەلێکساندەر لایەنگری وەها رێگە چارەیەك بووە)، بەلاّم پالَن ویستویەتی کاری پاولّ یەکسەرە بکات. ئەرکی پەلکێشکردنی تاك بە تاکی پیلانگێران بۆ کوشتنی خرابووە ئەستۆی رۆلبۆن.

((ئەو چووە سەردانی هەرکامیان و بەهێزێکی بێ وێنەوە لاسایی ئەو دیمەنەی کردەوە کە بڕیار بوو ڕووبدات، بەم شێوەیە ئەو ورووژاندنی مرۆڤ کوشتنی لە واندا بەدی هێنا یان پەروەردە کرد.)) بەلاّم من گومانم لە چرکۆف هەیە. ئەو شایەدێکی ئاقلّ نییە، جادوگەرێکی ڕەوشت سادەو مرۆڤێکی نیمچە شێتە: حالّەتی ئەهریمەنی دەداتە هەموو شتێك، من بە هیچ جۆرێك مارکی دۆرلبۆن لەم رۆلّە میلۆدڕاماتیکیەدا نابینم. لاسایی دیمەنی کوشتنەکەی کردۆتەوە؟ قسەیەکی چەندە بێ دەربەستانە! ئەو لەسەرخۆیە و بەشێوەی گشتی بەزۆر کەسێك بۆ کارێك پەلکێش ناکات: شتێك نیشان نادات، زیرەکانەوە بە دزییەوە دەست دەکات بە چرپاندنی بابەتێك لە زەینی خەلّکانی تردا و شێوازی ڕەنگ بزرکاوی و بێ ڕەنگی وی تەنیا سەبارەت بە هاو مەشرەبەکانی، واتە پیلانگێران کە بەلّگە و لۆژیکیان بە گوێدا دەچێت یان سیاسەتوانان، ئەگەری سەرکەوتنی هەیە. مەرام دۆشاریەر دەنووسێت: ((ئادمار دۆرلبۆن لەکاتی قسەکردندا بە وشەکانی وێنەی نەدەکێشا، ئەندامانی لەشی نەدەجولاّندن، ئاوازی دەنگی نەدەگۆڕی. چاوی بە نیوەکراوەیی ڕادەگرت و بە زەحمەت دەکرا لێواری دەرەوەی بیلبیلەی خۆلّەمێشی لەنێو برژانگەکانی بدۆزرێتەوە. تەنیا چەند سالّێکە وێراوم دان بەمەدابنێم کە ئەو پتر لە توانای بێزارکەر بوو. شێوازی قسەکردنی کەمێك هاوشێوەی نووسینی ئابە مابلی دەچوو.))

ئەوەش پیاوێکە کە بە توانای لاسایی کردنەوەی... بەلاّم چۆن دەیتوانی ئافرەتان فریو بدات؟ جگە لەوەش سێگور چیرۆکێکی سەیر دەگێڕێتەوە کە پێموایە ڕاست بێت:

((لە سالّی ١٧٨٧دا لە میوانخانەیەك لە نزیك مولن، پیرەمێردێك لە هاوەلاّنی دیدرۆ و لە پەروەردەکراوانی فەیلەسووفەکانی چاخی ڕۆشنگەری فەڕەنسا لە سەروبەندی مەرگدابوو، قەشەکانی ئەو دەوروبەرە وەڕز ببوون: هەر کارێکیان بەبێ سوودی تاقیکردبۆوە، بەلاّم پیرەمێردەکە لە جێبەجێکردنی دوایین ڕێوڕەسمی ئایینی گیانەلاّدا خۆی بە دوور دەگرت، چونکە وجودی بوو. مارکی دورلبۆن کە ڕێی کەوتبووە ئەوێ و باوەڕی بە هیچ نەبوو، گرەوی

لەگەڵ قەشەی مولن کرد کە دوو کاتژمێر نەخایەنێت کـە ئـەو هەسـتی مەسـیحی بـوون بـۆ نەخۆشەکە بگەڕێنێتەوە. قەشە گرەوەکـەی کـردو دۆڕانـدی: لـە کاتـژمێر سـێی بەرەبەیانـدا نەخۆشەکە سپێردرایە دەستی مارکی دورلبۆن، لە کاتژمێر پێنجدا، دانی نا بە گوناهەکـەی و لـە کاتـژمێر حەوتـدا کۆچـی دوایـی کـرد. قەشـە پرسـیاری کـرد: ئایـا تـۆ لـە هونـەری ڕووبەڕووبوونەوەدا ئەوەندە باڵادەستی کە لـە ئێمـە باڵادەسـتتری؟ مـارکی دورلبـۆن وەڵامـی دایەوە: من ڕووبەڕووی نەبوومەوە بەڵکوو لە دۆزەخم ترساند.))

بەڵێ، ئایا لە کوشتنی پاوڵدا دەستێکی کاریگەری هەبوو؟ ئەو شەوە، دەوروبەری کاتژمێر هەشت، ئەفسەرێکی هاوڕێی گەیاندیە بەردەرکی ماڵەکەی. ئەگەر دووبارە چووە دەرێ، چـۆن توانی بەبێ سەرئێشە لە سان پترسبۆرگ تێپەڕیت؟ پاوڵی نیوە شێت فەرمانی دەرکردبـوو کـە هەموو ڕێبواران جگە لە مامانەکان و دوکتۆرەکان لـە دوای کاتـژمێر نـۆی شـەو قۆڵبەسـت بکەن. ئایا دەبێ مرۆڤ بە ئەفسانەیەکی وەها پووچ هەبێت کە ڕۆلبۆن بۆ گەیشـتن بـە کۆشـك خۆی بردە سەر شکڵ و شێوەی دایەنەکان؟ هەرچۆنێك بێت، وەها کارێك لـەوی دەوەشـایەوە. ئیدی، بە ڕواڵەت سـەڵمێندراوە کـە لـە شـەوی کوشـتنەکەدا لـە ماڵەکـەی نـەبوو. ڕەنگـە ئەلیکساندر زۆر گومانی خراپی لێی بووە، چونکە کاتێك گەیشتە سەر تەختی پاشـایەتی لـە یەکەمین کارەکانی ئەوەبوو کە بە بیـانووی شـاراوەی ئـەرکێك لـە خۆرهـەڵاتی دوور مـارکی لەخۆی دوور بخاتەوە.

مارکی دۆرلبۆن بە تەواوی بێ تاقەتم دەکات. هەڵدەستم لەو ڕووناکییە ڕەنـگ بزرکـاوەدا دەجوڵێم، دەیبینم کە لەسەر دەست و قۆڵەکانی چاکەتەکەم گۆڕانی بەسەردا دێت: ناتوانم بڵێم کە چەندە لە دڵم دەدات. باوێشك دەدەم. لەسەر مێز، گڵۆپەکە هەڵدەکەم: ڕەنگـە شـۆقی دی بتوانێ شەڕ لەگەڵ شۆقی خۆردا بکات، بەڵام نا! گڵۆپەکە تەنیا تیشکێکی خڕی کز لە دەورەی پێچکەکەی بڵاو دەکاتەوە. دەیکوژێنمەوە، هەڵدەستم. لەسەر دیواری کـونێکی سـپی هەیـە! ئاوێنە. ئەمە تەڵەبە، دەزانم کە خـەریکم خـۆمی پێـوە دەکـەم. پێوەبـووم. شـتێکی ڕەنـگ خۆڵەمێشی هەر ئێستا لە ئاوێنەکەدا بەدیارکەوت. دەچمە پێشـێ و سـەیری دەکـەم، ئیـدی ناتوانم دوور بکەومەوە.

ڕەنگدانەوەی ڕوخسارمە. بەزۆری لە ڕۆژە بەفیڕۆ چووەکاندا، دەمێنمەوە و سەیری دەکـەم. هیچ شتێك لەو ڕوخسارە تێ ناگەم. هی خەڵکی تر مانای هەیە. هی من نا. تەنانەت نـاتوانم

بڕیاربدەم کە جوانە یان دزێو. پێموایە دزێوە، لەبەر ئەوەی وایان پێگوتووم، بەڵام ئەمە کارم تێ ناکات. بەڕاستی تەنانەت دادەچڵەکێم کە کەسێك بتوانێت، وەها چۆنیەتییەکی پێ بدات، وەکوو بڵێی کوڵۆیەك یان پارچە بەردێك بە جوان یان دزێو ناو ببەین.

بەهەرحاڵ شتێك هەیە کە دیتنی خۆشە، لەسەر نەرمایی گۆناکان، لەسەر نێوچاوان، بڵێسەیەکی سوور و جوان هەیە کە جامی سەرم دەکاتە ڕەنگ زێڕین. ئەم بڵێسەیە، قژمە. سەیرکردنی دڵگیرە. لانی کەم ڕەنگێکی ئاشکرای هەیە! خۆشحاڵم کە قژ سوورم. ئەو قژ سوورییە لەوێ لەنێو ئاوێنەدایە، بەرچاوە، دەبریقێتەوە. هێشتا خۆش شانسم: ئەگەر لەسەر نێوچاوانم تاڵەمویەکی تاریك هەبووایە و ناتوانن ڕەنگی خۆیان لە نێوان بەڕوویی و زەرد دیاری بکەن، ڕوخسارم لە شاراوەییدا بزر دەبوو و تووشی سەرگێژەی دەکردم. نیگام بە مەلولی لەسەر ئەم نێوچاوانە و گۆناکانەوە بە ئەسپایی دێتە خوارێ: بەر شتێکی ڕەق ناکەوێت و لە لمدا ڕۆ دەچێت. ئەڵبەتە لەوێ لوتێك، دووچاو، دەمێك هەیە، بەڵام هەموویان بێ واتاو تەنانەت دەرخەری مرۆیین. لەگەڵ ئەوەشدا ئانی و ڤێلین حاڵەتێکی زیندوویان لەمندا دەدیت، لەوانەیە زۆر لەگەڵ ڕوخسارمدا ڕاهاتووم. کە منداڵ بووم پوورە بیژوا پێی دەگوتم: ((ئەگەر زۆر لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکەی، مەیموونێکی تێدا دەبینی.)) بە دڵنیاییەوە من لەوەش زیاتر تەماشای خۆمم کردووە: ئەوەی دەیبینم زۆر نزمتر لە پلەی مەیموون، لە قەراغی دنیای گیایی و لە ئاستی مەرجانە، نکۆڵی ناکەم کە زیندووە، بەڵام ئەمە نە ئەو زیندووبوونەیە کە ئانی بیری لێدەکردەوە: کۆمەڵە لە لەرانێکی لاواز دەبینم، گوشتێکی بێدەنگ دەبینم کە وێڵ و بەرەڵا دەپشکوێ، ترپەی دێت. بەتایبەتی چاوەکان کە لەم نزیکەڕا تۆقێنەرن. ئەوان شووشەیی، نەرم، نابینا، دەورە سوورن، دەڵێی پولەکە ماسین.

بە هەموو قورساییمەوە پاڵ دەدەمەوە سەر قاپە چینیەکە، ڕوخسارم ئەوەندە دەبەمە پێشێ کە بەر ئاوێنەکە دەکەوێت. چاوەکان، لوت و دەم بزر دەبن: ئیدی هیچ شتێك بەمرۆیی نامێنێتەوە، کۆمەڵە لۆچێکی ڕەنگ قاوەیی دوولای هەڵبەزیوەی گەرمی لێوەکان، قڵیشەکان، کۆمەڵە قوبەیەك وەکوو ئەوانەی کە جرجەکوێرە بە خاك هەڵکەندن دروستیان دەکات. تاڵە موویەکی ئاورێشمینی سپی بەسەر گۆنا پانە ڕژدەکەیدا کێشراوە، دوو تاڵە موو لە کونە لووتی هاتوونە دەرێ! هەموو ئەمانە وەکوو نەخشەیەکی بەرجەستەی زەوی ناسی (جیۆلۆجی)یە و سەرەڕای هەموو شتێك، ئەم دنیایە ناڕاستەقینەیە ئاشنایە بۆم. ناتوانم بڵێم

که وردەکارییەکانی دەناسمەوە، بەڵام کۆی گشتی هەستی شتێکم دەداتێ کە پێشتر دیتوومە و بیری کردووم: نەرمە نەرمە دەخلیسکێمە نێو خەوەوە.

دەمەوێ خۆم کۆ بکەمەوە: هەستێکی توندو تیژ ڕزگارم دەکات. بەدەستی چەپم زللە لە ڕومەتم دەدەم، پێستەکەی ڕادەکێشم، شکلۆکە بۆ خۆم دەردێنم. تەواوی لاڕووم خۆبەدەستەوە دەدات، نیوەی چەپی دەم خوار و خێچ دەبێت و دەئاوسێت و ددانێك دەردەخات، کاسەی چاو لەسەر گۆیەکی سپی، لەسەر گۆشتێکی ڕەنگ پەمەیی و خوێناوی دەکرێتەوە. ئەمە ئەو شتە نییە کە بەدوایدا دەگەڕام: نەهیچ شتێکی قایمە، نە هیچ شتێکی تازە، شتێکە نەرم و شاراوە کە لەمەوبەر دیتوومە! بەچاوی کراوەوە دەخەوم، هەر لە ئێستاوە ڕوخسارم گەورە دەبێت، لەنێو ئاوێنەدا گەورە دەبێت، خەرمانەیەکی گەورەو ڕەنگ بزرکاوە کە لە نێو ڕووناکاییدا دەخلیسکێت.

هاوسەنگیم لەدەست دەدەم و هەر ئەمە لە خەو ڕام دەپەڕێنێ، دەبینم کە بە قاچی لێك بڵاوەوە لەسەر کورسییەك دانیشتووم و هێشتاش گێژ و وێژم، ئایا خەڵکانی دیکەش لەکاتی هەڵسەنگاندنی ڕوخسارياندا تووشی ئەم هەموو زەحمەتە دەبن؟ وای بۆ دەچم کە من ڕوخساری خۆم، هاوشێوەی هەستکردنی جەستەم، بەهۆی هەستێکی لاڵ و ئامێری دەبینم، بەڵام ئەی خەڵکانی دی چۆن؟ بۆ نموونە رۆلبۆم، ئایا ئەویش بە سەیرکردنی ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەدا خەوی لێدەکەوێت؟ ئەو ڕوخسارەی کە مەدام رۆژانلی لە وەسفکردنیدا دەڵێت: ((ڕوخسارێکی وردو هەڵقرچاو، پاك و پاکیزە، خڕوێکە نیشان و خاوەنی شەرەنگێزییەکی ئاشکرا کە هەرچەندەی هەوڵی دەدا بیشارێتەوە، بەڵام هەر بەرچاو دەکەت. (مەدام رۆژانلی زیاتر دەڵێ کە) ئەو گرنگییەکی تایبەتی بە ڕازاندنەوەی قژی دەدا و من هیچ کاتێك بەبێ کڵاوگیس نەمدیتووە، بەڵام ڕومەتەکانی لەسەر ڕەنگێکی شین هەڵگەڕاو بوو کە خۆی لە ڕەشی دەدا چونکە ڕیشی پڕ بوو و حەزی دەکرد بۆخۆی بیتاشێت و ئەم کارەشی بە نەزانی ئەنجام دەدا. وا ڕاهاتبوو لەسەر شێوەی گریم سپیاوی قورقوشم لە ڕوخساری هەڵسوێت. مارکی دۆ دانژویل دەیگوت کە بەو هەموو ڕەنگە سپی و شین هەڵگەڕاوەیەوە، وەکوو پەنیری ڕوکفۆر دەچوو.))

وای بۆ دەچم کە زۆر خۆش بووە، بەڵام بەچاوی مەدام دۆشارێر کە وای دەنواند. پێموایە ئەو بێ شەوق و زەوق دەهاتە پێش چاوی ئەو ژنە. ڕەنگە تێگەیشتن لە ڕوخساری خودی مرۆڤ بۆ خۆی نامومکین بێت. یان رەنگە لەبەر ئەوەیە کە من تەنیام. ئەو کەسانەی کە لە نێو

کۆمەڵێ مرۆڤدا ژیان بەسەر دەبەن فێربوون کە چۆن خۆیان لە ئاوێتەدا ببینن، بە هەمان شێوە کە لەبەرچاوی هاوڕێیاندا بەدەر دەکەوێ. مـن هاوڕێیـەکم نییـە! ئایـا لەبـەر ئەمەیـە کـە گۆشتەکەم ئەوەندە ڕووتە؟ دەڵێی بەڵێ، دەڵێی سروشتی بەبێ مرۆڤەکان.

لەمە زیاتر شەوق و زەوقی کارکردنم نییە، ناتوانم هیچ کارێکی دیکە بکـەم جگـە لـەوەی چاوەڕوانی شەو بکەم.

کاتژمێر پێنج و نیو

حاڵم خراپـە! حـاڵم زۆر خراپـە! تووشـی بـووم، تووشـی ئـەو چـەپەڵە، تووشـی هێڵـنج. ئەمجارەشیان بەجۆرێکی نوێ: لەنێو کافتریایەك گرتمی: تاکوو ئێستا کافتریاکان تاکـە پەناگـەم بوون، چونکە پڕن لە مرۆڤـی نـورانی! ئیـدی تەنانـەت ئەمەشـم نابێـت. نـازانم کاتێـك لـە ژوورەکەمدا گیربخۆم، دەبێ بۆ کوێ بچم.

بۆ هاوئامێزی هاتبووم، بەڵام هێشتا دەرگام نەکردبۆوە کە مادلین، گارسۆن، هاواری کرد:

((خاتوون لێرە نییە، چۆتە شار بۆ کڕین.))

هەستم بە داتەپینێکی جنسی زۆرکرد، قدی قدییەکی درێژخایـەن و نالـەبار. لـە هـەمان کاتدا هەستم کرد کراسەکەم لەگۆی مەمکانم دەخشێ و گێژاوێکی خاو و ڕەنگاوڕەنگ لەخۆی گرتم، پڕی پێداکردم، گێژاوێك لە تەم، لە ڕووناکـایی نێـو دووکـەڵ، لـەنێو ئاوێنەکانـدا، لـە کاتێکدا کە کورسییەکان لەو ژێرەوە دەدرەوشانەوە و نەمدەزانی بۆچی لـە وێـن و بۆچـی بـەو جۆرە بوو. لەبـەر دەرگـابوو؟ ڕاڕا بـووم و پاشـان گێـژاوێك گەیشـتەجێ، سـێبەرێك بەسـەر میچەکەدا تێپەڕی و هەستم کرد کە بەرەوپێش پاڵ دەنرێم. شەپۆل ئاسـا دەجـولام، تـەمێکی نوورانی کە لە یەك کاتدا لە هەموو لایەك ڕا دەهاتە دەروونمەوە، گێژو وێژی کردبووم. مـادلین بە شەپۆل لێدان هات تاکووو پاڵتۆیەکەم داکەنێ و من هەستم کـرد کـە قـژی بردۆتـە دواوەو گوارەی لە گوێیان کردووە: نەمدەناسییەوە. تەماشای گوپـە گـەورەکانیم کـرد کـە بـەردەوام دەهاتنە لای گوێچکەکانی. لە قولایی گوپەکاندا، لەژێر هەڵبـەزیوەیی گۆناکانـدا، دوو دانـە پەڵەی ڕەنگ پەمەیی کەوتبوو و دەتگوت لەسەر ئەو گۆشـتە دامـاوەدا بـێ تاقـەت ببـوون. گوپەکان لێك کشانەوە، تاکوو بناگوێ، ئەوسا مادلین زەردەخەنەی کرد:

((حەزت لە چییە، موسیۆ ئانتوان؟))

ئەو کاتە هێڵنج پڕی پێدا کردم، کەوتمە سەر کورسییەکە، ئیدی تەنانەت نەشمدەزانی لەکوێم، دەمدیت کە ڕەنگەکان بە خاوی بەدەورمدا دەسووڕێن. دەمویست بڕشێمەوە. ئەوەتانێ: لەوە بەدواوە، هێڵنج وازی لێنەهێناوم، ڕایگرتووم.

پارەکەمدا. مادلین ژێر پیاڵەکەی هەڵگرتم و بردی. پەرداخەکەم لەسەر مەڕمەڕی زەوی، حەوزێکی بچووك لە بیری ڕەنگ زەرد کە بڵقێکی لەسەری سەرەوە لەخۆگرتووە. کورسییەکە لەو جێیەی کە دانیشتووم شکاوەو بۆ ئەوەی هەڵنەخلیسکێم ناچاری بنی پێڵاوەکانم بە زەویەوە پاڵدەم، هەوا ساردە. لەلای ڕاست خەریکن لەسەر پارچەیەکی خوری یاری پەڕێن دەکەن. کاتێك هاتمە ژوورێ نەمدیتن، هەر ئەوەندە هەستم کرد کە بەستەیەکی شیلەتێن لەوێیە. نیوەی لەسەر کورسی، نیوەی لەسەر مێزی دواوە، بە چەند جووت پۆلی بە جووڵە، پاشان مادلین کاغەز و پارچە و لەنێو قاپێکی دارینەدا ژێتونی[1] هێنا. سێ یان پێنج کەس دەبن، نازانم چەند کەسن، ناوێرم تەماشایان بکەم. ئیسپرینگن دەروونم شکاوە: دەتوانم چاوەکانم بجوڵێنم، بەڵام سەرم نا. سەرم نەرم نەرم، دەکرێ وەکوو خۆی لێ بێتەوەو دەڵێی تازە خراوەتە سەر گەردنم، ئەگەر بیسووڕێنم، دەکەوێتە سەر زەوی. بەڵێ، گوێم لە دەنگی هەناسەبڕکێ دەبێت و ناوە ناوە بە تیلەی چاوان تیشکێکی سوور و داپۆشراو بە مووی سپی دەبینم. ئەمە دەستێکە. هەرکات خاتوونی خاوەن کافتریا دەچێت بۆ شت کڕین، کوڕە مامەکەی لە پشت پێشخوانەکە شوێنی دەگرێتەوە. ناوی ئادۆڵفە. کاتێك خەریك بووم دادەنیشتم دەستمکرد بە تەماشاکردنی و هەر ئاوا تەماشام دەکرد چونکە نەمدەتوانی سەرم بسووڕێنم. بە تاکە کراسەوەیە و قایشی پانتۆڵەکەی ڕەنگ ئەرخەوانییە. قۆڵەکانی تاکووو سەر ئانیشك هەڵداوەتەوە. قایشی پانتۆڵەکەی لەسەر کراسی شینەوە بە زەحمەت دەبینرێت، ڕەنگی تەواو تێکچووەو لەنێو ئاوێکدا تواوەتەوە.

بەڵام ئەمە لەسەری بێ فیزی دروێنە: ڕاستییەکەی لێناگەڕێ فەرامۆشی بکەن، بە کەللەڕەقی مەڕئاسایی بێزارم دەکات، دەڵێی، لەسەر ڕێگای وەنەوشە بوون، بەبێ لە دەستدانی نیيەتی خۆی لە شوێنێك ڕاوەستابوو. مرۆڤ حەزدەکات پێی بڵێ: ((یالڵا، وەنەوشە بە ئیدی

---

١- پوڵەکەی لە ئێسك دروستکراو یان کانزایەك کە لە قومارخانەکاندا یان کافتریاکان لە بری پارە بەکاردێت. ((وەرگێڕ))

کەس لەمبارەیەوە قسە نەکات.)) بەڵام نا، بە حاڵەتی هەڵواسراوەوە لە کۆششی ناتەواویەوە جێگیرماوەتەوە، جاری وایە شینی لە خۆگرتووی بەسەریدا دەخشێ و بە تەواوی دایدەپۆشێت. چەند ساتێك ناتوانم ببینم، بەڵام ئەمە شەپۆلێکی بەسەرچووە و بەس. زوو بە زووش شینەکە پەڵەپەڵە کاڵ دەبێتەوەو دەبینم کۆمەڵە دوورگەیەکی بچووك لە ئەرخەوانییەکی ڕاڕا سەرلەنوێ بەدیار دەکەوێتەوە. ئەمانە پان دەبن، یەك دەگرن و قایشی پانتۆڵەکە دروست دەکەنەوە.

ئادۆڵفی ئامۆزا چاوی نییە! پێڵوە هەڵئامساوە هەڵگەڕاوەکانی تەنیا کەمێك لەسەر سپێنی چاوی دەکرێنەوە. بە خەواڵوویی، زەردەخەنە دەکات، جاری وایە، هاوشێوەی سەگێك کە خەون ببینێت بە ئەسپایی دەجوڵێ، دەنقێنێ و هەوڵێکی لاواز دەدات. کراسە لۆکەییە شینەکەی لەسەر ئاستی دیوارە چکلێتیەکە شادومانە بەرجەستە خۆی دەنوێنێ. ئەویش هێڵنج دەهێنێ. یان باشترە بڵێم خودی هێڵنجە. هێڵنج لە دەروونی مندا نییە: هێڵنج لەوێ لەسەر دیوار، لەسەر قایشی پانتۆڵ، لە تەواوی دەوروبەرم هەست پێ دەکەم. لەگەڵ کافتریاکەدا یەکە، ئەوە منم کە لە دەروونیدام.

لەلای ڕاستم، تاقمی شیلەتێن دەست دەکات بە گاڵەگاڵ و قریوە، جووتە قۆڵەکانی دەجولێنێت. ((سەیرکە، ئاتوی تۆ ئەوەتا-ئاتو چییە؟)) بڕبڕەیەکی پشتی بەرزو ڕەش لەسەر یاریکە دەچمێتەوە: ((ها ها ها!))، ((چی؟ ئاتو ئەوەتا، ئەو هەر ئێستا یاری بەوی کرد.)) ((نازانم، نەمدیت...))، ((بەڵێ، هەر ئێستا یاری ئاتوم کرد.)) ((ئاه، کەواتە دڵ ئاتورە.)) بە ئارامی گۆرانی دەڵێ: ((دڵ ئاتووە، دڵ ئاتووە، دڵ ئاتووە.)) گوترا: ((ئەمە چییە؟ کاکە؟ ئەمە چییە، کاکە؟ هەڵی دەگرم!)).

دیسانەوە بێ دەنگی-تامی شیرینی هەوا، لەبن زارم. بۆنەکان، قایشە پانتۆڵ.

ئامۆزا هەستا، چەند هەنگاوێکی نا، دەستی خستنە پشتییەوە، زەردەخەنە دەکات، سەری بەرزدەکاتەوەو لەسەر بنی پاژنە پاڵ دەداتەوە دواوە. لەو حاڵەدا، خەوی لێدەکەوێت. لە حاڵەتی بەرزو نزمیدا لەوێیە، هێشتا زەردەخەنە دەکات، گوپی دەلەرزن. خەریکە دەکەوێ. دەچەمێتەوە دواوە، دەچمێتەوە، دەچەمێتەوە، دەم و چاوی ڕووەو میچ سووڕاوەو پاشان، لە ساتەوەختی بەربوونەوەدا، لێهاتووانە خۆی تووند بە رۆخی پێشخوانەکەوە دەگرێت و هاوسەنگی وەردەگرێتەوە. لە دوای ئەوە، سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە. من کە بەسمە. بانگی گارسۆن دەکەم. ماردلین، تکایە قاوانێکم بۆبخە سەر گرامافۆن. هەر ئەوەی کە دەزانی

پێمخۆشە Sompof these days ((باشە، بەڵام ڕەنگە ئەم برایانە ناڕەحەت بکات، ئەم برایانە کە یاری دەکەن، کەیفیان بە مۆسیقا نایە، بەڵام دەچم لێیان دەپرسم.))

زۆری لەخۆم دەکەم و سەرم دەسووڕێنم. چوار کەسن. مادلین بەسەر سەری پیرەمێردێکی سوور ڕوخساردا دەچمێتەوە کە چاویلکەیەکی بێ دەسك و دەوروبەر ڕەش و سەرلووتی هەیە. ئەو کاغەزەکانی لەسەر سینگی دەشارێتەوەو لەژێر چاویلکەکەوە سەیرێکم دەکات. ((فەرموو، کاکە.))

زەردەخەنەی ددانەکانی کرمەڵۆك بوون. دەستە سوورەکە هی ئەو نییە، هی پەنا دەستییەتی، مرۆڤێکی بێ سمێڵی ڕەش. ئەم سمێڵ دارە کونە لووتی گەورەن، کە دەتوانێ بۆ تەواوی خێزانێك پەمپی با لێ بدات و نیوە دەم و چاوی خواردووە، بەڵام بەم بە وەسفەش، بە کەمێك هانکە هانك لە دەم ڕا هەناسە هەڵدەکێشێ. گەنجێکیشیان لەگەڵدایە کە دەم و چاوی لە سەگ دەچێت. یاریکەری چوارەمم بۆ ئاشکرا نابێت.

کاغەزەکان بە سووڕانەوەوە دەکەونە سەر پارچە خوریەکە. پاشان دەستەکان ئەنگوستیلە تێدا دێن هەڵیان دەگرن و نینۆکەکانیان پارچەکە دەڕوشێنن.

دەستەکان لەسەر پارچەکە پەڵەی سپی پێك دەهێنن و هەڵامساو و تۆزاوی دێنە بەرچاو. هەرئاوا کاغەزی دیکە دەکەون، دەستەکان دێن و دەچن. خەریك کەرێکی چەندە سەیر: وێکچوونی لەگەڵ یاری یان مەڕاسیم یان ڕاهاتندا نییە. پێموایە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی زەمەن ئەو کارە دەکەن، بەڵام زەمەن زۆر فراوانە، ناهێڵی پڕی بکەنەوە. هەرچەندەی تێی پەستن، وەلادەکەوێ و لێی دەکێشتەوە. بۆ نموونە، ئەو جوڵەیەی دەست سوورەکە بە ڕاڕایی کاغەزەکان هەڵدەگرێت: شل و شۆقە. دەبێ ئەوە هەڵکۆڵرێت و درزی تێ بکرێت.

مادلیمن دەسکی گرامافۆنەکە دەسووڕێنێ. خۆزگە هەڵە نەکات و وەکوو چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئاوازی ((کاڤالیریا ڕوستیکانا)) نەخاتە سەرێ، بەڵام نا، خۆیەتی، ئەم ئاوازە لە یەکەمین هێڵی ڕاستکردندا دەناسم. دەمارێك لەگەڵ ئاوازەکەدایە. لە ١٩١٧دا گوێبیست دەبووم کە سەربازە ئەمەریکاییەکان لەنێو شەقامەکانی لاڕۆشێل بە فیتوو لێیان دەدا. دەبێ مێژووەکەی هی بەر لە شەڕ بێت، بەڵام تۆمارکردنی زۆر نوێترە. بە هەرحال کۆنترین قاوانی کۆمەڵەکەیە، قاوانێکی مارك پاتە بۆ دەرزی یاقوت.

به زوویی ئاوازی ئاهەنگەکە دێت: زیاتر هەر ئەم ئاوازەم پێ خۆشەو شێوازی لە ناکاوی کە بەهۆیەوە خۆی، هاوشێوەی هەڵدێرێك لە بەرامبەر دەریادا، بۆ پێشەوە فڕێ دەدات. جارێ مۆسیقای جاز لێدەدرێت، ئاوازێك لە ئارادا نییە، تەنیا نۆتەکانن، هەزاران جوولەی بچووك. ئەوان قەرار و ئارامیان نییە، سیستەمێکی لە گۆڕان نەهاتوو دروستیان دەکات و لە ناویان دەبات، بێ ئەوەی هەرگیز دەرفەتیان بداتێ کە بێنەوە سەرخۆ و بۆ خۆیان بوونیان هەبێت. غاردەدەن، پەلە دەکەن، لەکاتی تێپەڕیندا بە لێدانێکی بەهێز بەر من دەکەون و دەبنەوە نەبوو. زۆر حەزدەکەم ڕایانگرم، بەڵام دەزانم ئەگەر لە ڕاگرتنی یەکێکیاندا سەرکەوم، جگە لە ڕوخسارێکی دزێو و بێ تاقەت شتێکی دیکە لە نێو پەنجەکانمدا نامێنێتەوە. دەبێ مردنیان قبوڵ بکەم، تەنانەت دەبێ ئەو مەرگەم بوویێت، کەمتر کاریگەرییەك بەم توندی و بەهێزییە دەناسم.

بەرەبەرە خەریکە گەرم دادێم و هەست بە خۆشی دەکەم. ئەمە هێشتا شتێکی لە ڕادەبەدەر نییە، تەنیا کەمێك خۆشی هێڵنجە: لە بن چاڵێکی لیج، بن زەمەنی ئێمە پان دەبێت-زەمەنی قایشی پانتۆڵە ئەرخەوانییەکان و کورسییە شکاوەکان- لە ساتێکی بەر فراوان و نەرم دروست کراوە کە هاوشێوەی پەڵەی ڕۆن لەلای لێوارەوە بۆ دەرەوە گەورە دەبێت. هێشتا لە دایك نەبووە پیرە، دەڵێی بیست ساڵە دەیناسم.

خۆشییەکی دیکەش هەیە: لە دەرێ، ئەو شریتە پۆڵاییە هەیە، ماوەی زەمەنی تەسکی مۆسیقا، کە سەرانسەری زەمەنی ئێمە تەی دەکات، ئەو لە خۆی دوور دەخاتەوەو بە تیرە وشك و بچووکەکانی دەیقەڵیشێتەوە، زەمەنێکی دیکە هەیە.

((موسیۆ ڕانرۆ بە ڕاڕایی یاری دەکات، تۆ بیللی (ئاس) فڕێ دەدەی... دەنگەکە دەخلیسکێ و بزر دەبێت هەموو شتێك سنووری شریتی پۆڵایی نابەزێنی. نە ئەو دەرگایەی کە دەکرێتەوە، نە ئەو هەوایە ساردەی کە لە ئەژنۆیانم دەدات، نە هاتنی پزیشکی ئاژەڵان لەگەڵ کچە بچووکەکەیدا: مۆسیقا جەستە شاراوەکانیان دەقەڵشێنێت و دەچێتە ئەو پەڕیانەوە. کیژۆڵەکە هێشتا دانەنیشتووە کە مۆسیقاکە دەیگرێت: خۆی توونـد ڕادەگرێت، چاوی ئەبڵەق دەبن، لە کاتێکدا کە مشتی لە مێزەکە دەخشێنێ، گوێ دەگرێت. تاکووو ماوەیەکی کەمتر ژنە ڕەش پێستەکە دەست دەکات بە گۆرانی گوتن، ئەمە ناچار خۆی دەنوێنێ، ئەی کە زەرورەتی ئەم مۆسیقایە بەهێزە: هیچ شتێکیش ناتوانێت لەو کارە ڕای بگرێت، هەر شتێك کە

لە ئەم زەمەنەوە بێت، زەمەنێك کە جیهان تێیدا وارِماوە، بە دڵخوازی خۆی، بە خەرمان ڕادەوەستێت. ئەگەر ئەم دەنگە جوانەم خۆشدەوێت، زیاتر هەر لەبەر ئەمەیە: نەك لەبەر پڕمایەییەتی نە لەبەر کەسەری، بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵە ڕووداوێکە کە کۆمەڵە نۆتەیەك زۆر لە مەوبەرەوە ئامادەیان کردوون، دەمردن تاکووو ئەو لە دایك ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا دڵگرانم، بە کەمترین شتێك ئەگەری ئەوە هەیە قاوانەکە بووەستێ! ئیسپرینگێك ڕاکێشن یاخود ئامۆزا ئادۆڵف دەنگی لێوەبێت. چەندە سەیرو بێزارکەرە کە ئەم ڕەقییە ئەوەندە لە شکان هاتووە. هیچ شتێك ناتوانێت بیوەستێنێ و هەر شتێك دەتوانێت بیشکێنێ.

دوایین زەخمەی[1] ئامێرەکە ون بوو. لە بێدەنگییەکی کورتدا کە دوا بەدوای دێت بە تووندی هەست دەکەم کە خۆیەتی، کە شتێك ڕوویداوە.

بێدەنگی.

Some of the days

You'll Miss me honey؟

ئەوەی کە هەر ئێستا ڕوویدا ئەوەیە کە هێڵنج بە دیار نەما. کاتێك دەنگ لەنێو بێدەنگیدا بەرزبۆوە، هەستم کرد کە جەستەم ڕەق بوو و هێڵنج بزر بوو. لەناکاو: ئەم جۆرە ڕەق و داگیراویە تارِادەیەك بە ئازار بوو. لە هەمان کاتدا مۆسیقا بەرفراوان دەبێ و هاوشێوەی گێژەڵووکەی دەریایی هەڵدامسا. بریقاوەیی کانزاییەکەی[2] هۆڵەکەی دەئاخنی و زەمەنی داماوی ئێمەی لەسەر دیوارەکان ورد دەکرد. من دەروونی مۆسیقای لەنێو ئاوێنەکاندا کۆمەڵە گۆیەکی ئاگراوی خلۆر دەبنەوە، ئاڵقەی دووکەڵ دەوریانداون و دەیسووڕێنن، لە کاتێکدا کە زەردەخەنە بە تووندی ڕووناکایی جاری وایە دادەپرشێ و جاری وایە ئاشمرِای دەکات. پەرداخی بیرەکەم بچووك بۆتەوە، لەسەر مێزەکە دەبێتە قووبە: کەڵەکەبوو و زەرووری خۆی دەنوێنێ، دەمەوێ هەڵیگرم و بیکێشم، دەستم درێژ دەکەم... خوایە! ئەوەی کە لە هەموو شتێك زیاتر گۆڕاوە جوڵەکانمن. ئەم جوڵەیەی قۆڵم وەکوو تەمێکی شکۆدار لێك کشایەوە نەرم و سووك چووە نێو درێژایی گۆڕانی ڕەش پێستەکە، وامهاتە بەرچاو کە خەریکم سەما دەکەم.

---

١- ئالەتێکی بچووکە کە ئامێری مۆسیقای پێ لێدەدەن. ((وەرگێڕ))

٢- لە دەقی سەرەکیدا ئاوایە: Transearence Metalliavssa.

ڕوخساری ئادۆلْف لەوێ لە بەرامبەر دیواری چکلێتی ڕەنگەوەیە، زۆر خۆی نزیك دەنوێنێ. لەوکاتەدا کە دەست و دەم و چاوی، سەریم دیت، ئەو سەرە خۆڕایی و زەرورەتی دەرەنجامێکی هەبوو، پەنجەکانم لەسەر پەرداخەکە دەگوشم، سەیری ئادۆلْف دەکەم: دلْخۆشم.

((ئەوەتانێ!))

دەنگێك لەسەر دەنگە دەنگەکەوە بەرزدەبێتەوە، ئەوەی تەنیشتمە کە قسە دەکات، ئێستا پیرەمێردەکە ژێ ئاسا تێی تەقاندووە. گوێپەکانی لە بەرامبەر چەرمی قاوەیی کورسییەکە خۆی بە پەلْەیەکی وەنەوشەیی دەنوێنێ. کاغەزێك لەسەر مێزەکە دەخەوێنێ، کچی دینار.

بەلاْم ئەو گەنجەی کە شکلْ و شێوەی سەگی هەیە زەردەخەنە دەکات. ئەو یاریکەرەی دەم و چاوی سوورەکە بەسەر مێزەکەدا نوشتاوەتەوە، بە نیگای سەرەو ژوورەوە چاودێری دەکات و ئامادەی خۆفرێدانە.

((ئەوەتانێش.))

دەستی گەنجەکە لە تاریکیدا دێتەدەرێ، بۆ ساتێك سپی و تەمبەلْ لە هەوادا دەگەڕێ، پاشان وەکوو باشوو کە خۆی دادەهێلْێ و کاغەزێك لەسەر پارچەکە دەگوشێت. دەم و چاو سوورەکە هەلْدەپەڕێ.

((ئاه! ئاتووی لێدا[1].))

سێبەری پاپازی کوپ لە کەلێنی پەنجە ڕەقە قوچاوەکانەوە بەدیار دەکەوێ، پاشان هەلێدەگێڕێتەوە بۆ لای دەم و چاوی و یارییەکە بەردەوام دەبێت. پاپازێکی جوان کە لە دوورە دەستەوە ئامادەکراوەو بەهۆی ڕێکخستنی زۆرەوە جوولەی زۆری نادیارەوە ئامادەکراوە. ئەویش بە نۆرەی خۆی بەدیار نامێنێ، تاکووو ڕێکخستنەوەی دیکە و جولەیتر لەدایك بن، پەلامارەکان، دژەهێرشەکان، بەرز و نزمی شانس، یەك دنیا ڕووداوی بچووك دەشێوێم، جەستەم وەکوو ئامێرێکی ورد کە لە مالْی پشوودان دایە هەست پێدەکەم. من ڕووداوی ڕاستەقینەم هەبووە. هیچ وردەکارییەکانم بە بیرنایە، بەلاْم زنجیرەی ڕێك و دۆخەکان دەبینم. لە دەریا پەڕیومەوە، شارەکانم تەی کردوون، چوومە سەرووی ڕووبارەکان یان لە شەڕەکاندا ڕۆچووم و هەمیشە بەرەو شارەکانی دیکە ڕۆیشتووم. بوومە خاوەنی کۆمەلْە ژنێك، لەگەلْ

---

١- بردیەوە. ((وەرگێڕ))

مرۆڤەکاندا لێکمداوەو هیچ کاتێك نەمتوانیوە بگەڕێمەوە دواوە، هەروەکوو چۆن قاوانی گڕامافۆن ناتوانێ بە سەروبنی بسووڕێتەوە. هەموو ئەمانەش منیان بۆ کوێ ڕادەکێشا؟ بۆ ئەم خولەکە، بۆ ئەم کورسییە، بۆ نێو ئەم بڵقە تیشکییە کە پڕە لە زەمزەمەی مۆسیقا.

And when you le are me

بەڵێ، من کە ئەوەندەم پێخۆشبوو لە ڕۆمان لە تەنیشت ڕووباری تیبر دانیشم، یان شەوانە لە بەرشەلۆنە سەد جار لە ڕامبلاس سەرکەوم و بێمە خوارێ، من کە لە نزیك ئانکور، لە دوورگەی باری دۆپڕاهکان دار هەنجیرێکی هیندیم دیت کە ڕەگەکەی لە دەوری نوێژگەی ناگاس گرێ دابوو، من لێرەم، لە هەمان ئەو ساتە وەختەدام کە ئەم یارپچیانە تێیدا ژیان بەسەر دەبەن. لە کاتێکدا کە شەوی لاواز لە دەرێ دێ و دەچێت، گوێ بۆ گۆرانی ژنێکی ڕەش پێست دەگرم.

قاوانەکە ڕاوەستا.

شەو ڕاڕاو بە شیرینییەکی بێ تامەوە هاتۆتە ژوورێ. کەس نایبینێت، بەڵام لەوێیەو سەر گڵۆپەکان دادەپۆشێت، شتێکی چڕ لە هەوادا بەرلوت دەکەوێ. خۆیەتی، هەوا ساردە. یاریچییەك باقە کاغەزێکی تێکەڵ و پێکەڵ بەرەو کەسێکی دی پاڵ دەنێ و ئەو کۆیان دەکاتەوە. کاغەزێك بەجێ دەمێنێ. بۆ نایبینینن؟ نۆی کوپەیە. سەرەنجام کەسێك هەڵیدەگرێت، دەیداتە گەنجە دەم و چاو سەگییەکە.

((ئاه! نۆی کوپەیە!))

ئێ، دەمەوێ بەڕێکەوم و بڕۆم. پیرەمێردە دەم و چاو سوورەکە لەکاتێکدا کە نووکی قەڵەم دارێك دەمژێت بەسەر کاغەزێکدا دەنوشتێتەوە.

مادلین بە چاوی ڕوون و نێو بەتاڵەوە سەیری دەکات. گەنجەکە بەردەوام نۆی کوپە لەنێو پەنجەکانیدا دەسووڕێنێت. خوایە!..

بە چ زەحمەتێك لە جێی خۆم هەڵدەستم، لەنێو ئاوێنەدا، لەسەر سەری پزیشکی ئاژەڵان، ڕوخسارێکی نامرۆیی دەبینم کە دەخلیسکێت.

هەر ئێستا دەچمە سینەما.

هەوا دەمهێنێتەوە سەرخۆ: تامی قەند یان بۆنی شەڕابی ڤێرمۆت نادا، بەڵام ئەی هاوار کە چەندە سەرمایە.

کاتژمێر حەوت و نیوە، برسیم نییە و سینەما کاتژمێر نۆ دەست پێدەکات، چی بکەم؟ دەبێ بەخێرایی ڕێگا تەی کەم تاکوو گەرمم بێتەوە. دڵ بە گومانم! لە دوامەوە جووت ساید ڕێ دەباتە چەقی شار، بە خشڵ ئاساکانی گەورەو ئاگرینی شەقامەکانی ناوەندی، بۆ پاڵە پاڕامونت، بۆ ئەمپریال، بۆ فرۆشگاکانی ژاهان. ئەمانە بە هیچ جۆرێك (لەم ناوەن: کاتی خواردنەوەی پێش نان خواردنە، دیارە لە شتەکان، گیاندارەکان لە سەگەکان، لە مرۆڤەکان) لە هەموو ئەم تۆپەڵە شل و شۆقانە کە ئۆتۆماتیکی دەجولێن، بە ئەندازەی پێویست دیتوومە.

بۆ لای چەپ دەسووڕێمەوە، نیازم هەیە بچمە نێو ئەو کونەوە، لەوێ ڕۆبچمە بن ڕیزی چرا غازییەکان: دەمەوێ ڕاست جووت سایدی نوار تا دەگاتە شەقامی گالۆنی بگرم و بڕۆم. شنەیەکی بەستەڵۆك لە کونەکەوە هەڵی کردووە: لەو بەرە جگە لە بەرد و خۆڵ هیچی تری لێ نییە. بەردەکان ڕەقن و لەجێی خۆیان جووڵە ناکەن. پارچەیەك لە ڕێگاکە بێزارکەرە! لە پیادەڕۆی لای ڕاست، تۆپەڵەیەکی غازیی خۆڵەمێشی بە زنجیرەی ئاگرینەوە دەنگێکی هاوشێوەی بەر یەك کەوتنی سەدەف لەخۆی دەردەدات: ئەمە وێستگەی شەمەندەفەری کۆنە. ئامادەبوونی گیانی بە سەد مەتری یەکەمی جووت سایدی خوار بەخشیوە-لە جووت سایدی ڕێدوت تاکوو شەقامی پاڕادی-، لەوێ دوازدە دانەیەك عامودی کارەباو، لە تەنیشت یەك، چوار کافتریای دروست کردووە، ڕاندۆڤود شمینۆ و سێ دانەی دیکە، کە لە تەواوی ڕۆژدا بێ ڕەونەقن، بەڵام شەوانە پێ دەبن و کۆمەڵە لاکێشەیەکی نورانی دەخەنە سەر شەقام. سێ حەمامی تیشك زەردی دیکە دەگرم، چاوم بە پیرێژنێك دەکەوێت لە فرۆشگای کەلوپەل فرۆشی و مورووفرۆشی ڕا باش دێتە دەرێ. لەچکەکەی بەسەریدا دەداو دەست بە غاردان دەکات: ئێستا تەواو بوو.

من لەسەر ڕۆخی پیادەڕۆی شەقامی پاڕادی لە تەنیشت دوایین عامودی کارەبام. تیشکی قیرتاوەکە لە پڕێکدا نامێنێ. لەوبەری شەقام، تاریك و قوڕ و لیتەیە. لە شەقامی پاڕادی تێدەپەڕم، قاچی ڕاستم دەکەوێتە نێو چڵکاوێکەوە، گۆرەویەکەم بە تەواوی تەڕ دەبێت. سەیرانگە دەست پێدەکات.

لەم گەڕەکەی جووت سایدی نوار کەس نەدەژیا. ئێرە ئاو و هەوایەکەی بە ئەندازەیەك قورس و خاکەکەی ئەوەندە بێ بەروبوومە کە ئیمکانی جێگیری و گەشەکردنی ژیان نییە. سێ کارگەی دارتاشینی برایانی سولی (برایانی سولی تاقەی تەختە کوتانی کڵێسەی سێنت سیل

دۆلاوی دابین کردووه که سەد هەزار فرانك تێچووی بوو.) بە هەموو دەرگاو پەنجەرەکانییەوە ڕووەو خۆرئاوایە، بەرەو شەقامی ئارامی ژان بێرت کوڕوا کە پڕی دەکەن لە هات و هاواری پرخە پرخ. لە جووت سایدی ڤیکتۆر نوار سێ دانە پشتیان دیارە کە دیوارەکان پێکەوەی گرێداون. ئەم بینایە تاکوو چوارسەد مەتر پیادەڕۆی لای چەپ هاوسنوورە. کەمترین پەنجەرەو یان تەنانەت پەنجەرەی هەورەبانیش نییە.

ئەمجارەیان هەردووك قاچم کەوتنە نێو جۆگەی ئاوەوە لە شەقام تێپەڕ دەبم: لە پیادەڕۆی ئەوبەرە عامودێکی کارەبا بە تەنیا، هاوشێوەی فانۆسی دەریایی کە کەوتبێتە دوورترین خاڵی گۆی زەوی، محەجەرەیەکی خراپ و شکاو و ڕووناك دەکاتەوە.

چەند پارچە ئافیشێك هێشتاش بە تەختەکانەوە نووساون. ڕوخسارێکی جوانی سیغناغ لە ڕق و تووڕەیی، لەسەر دیمەنێکی ڕەنگ سەوز کە وەك ئەستێرە قەڵشیوە، خۆی مۆن کردووە، لەژێر لووتییەوە کەسێك بە قەڵەم دار سمێڵێکی قەیتانی کێشاوە. لەسەر پارچەیەکیتر هێشتا دەتوانرێت وشەی Puratre بە پیستی سپی بناسرێتەوە. دڵۆپەی سووری لێ دەتکێت کە ڕەنگە دڵۆپە خوێن بن. ڕەنگە ڕوخسار و وشەکە هی ئافیشێك بن. ئێستا ئافیش دڕاوە، ئەو شیرازەیە سادەوە پێویستەی کە پێکەوەی گرێ دەدان دیار نەماوە، بەڵام یەکگرتوویەکی دیکە بە دڵخوازی خۆی لەنێو دەمی خوار و خێچدا، دڵۆپە خوێنەکان، پیتە سپییەکان، و شتی تر، Utre بەرقەرار کردووە. دەڵێی شەوقێکی خراپکارانە و نائارام هەوڵ دەدات تاکوو بەهۆی ئەم نیشانەگەلە نهێنیاویانە خۆی دەرببڕێت. لە کەلێنی تەختەکەڕا دەتوانرێت شۆقی گڵۆپەکانی هێڵی شەمەندەفەر ببیندرێت. دیوارێکی درێژ لە پشت محەجەرەکەوەیە.

دیوارێکی بەبێ درز، بەبێ دەرگا، بەبێ پەنجەرە کە دووسەد مەتر لەولاتر لە بەرامبەر ماڵێك کۆتایی پێ دێت. لە سنووری کاری عامودەکە چوومە دەرێ، دەچمە نێو کۆنە ڕەشەیەك. کاتێك دەبیستم سێبەری ڕقەکانم لە تاریکیدا دەتوێتەوە، هەست دەکەم لە ئاوێکی بەستراودا ڕۆدەچم. لەبەرامبەرمدا، لەو خوارەی خوارانە، لە پشت ڕیشاڵی ئەستووری ڕەشەوە، ڕەنگ بزرکاوییەکی شێوە ڕوخسارێك دەبینم: ئەمە شەقامی گالوانەیە. سەر دەسووڕێنم، لە پشت دار عامودەکە، لەو دوورە دەستانە، تێبگەی و تێنەگەی تیشکێك دیارە: وێستگەی شەمەندەفەرە بە چوار کافتریاوە. لە پشتمەوە لە پێشمەوە خەڵکانێك خەریکن لە مەیخانەکان مەی دەخۆنەوەو یاری کاغەز دەکەن. لێرە لە تاریکی زیاتر هیچی لێ نییە. ناوە ناوە، با

دەنگی زەنگێکی تاك و تەنیا لە دوورەوە دەخاتە بەر گوێم. دەنگە دەنگی ماڵەکان، هاڕەی ئۆتۆمبیلەکان، قیژەکان، وەڕینی سەگەکان. هیچ کاتێك لە شەقامە ڕووناکەکان دوور ناکەوێتەوە، لە هەر کوێیەك کە گەرم و نەرم بێت دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم زەنگە تاریکی دڕەدات و تا دەگاتە ئێرە: بە دەنگە دەنگەکانی دیکە ڕەقتر و کەمتر مرۆییە. ڕادەوەستم تاکوو گوێی بۆ هەڵخەم. سەرمامە، گوێچکەکانم تەزیون، بە دڵنیاییەوە سوور سوورن، بەڵام ئیدی هەست بەخۆم ناکەم، بێ خەوشی دەوروبەرم زاڵ بووە بەسەرمدا و هیچ شتێك زیندوو نییە، با گڤەی دێ، هێڵی شەق و شیر هەڵدێتە ناو شەوەوە. جووت سایدی نوار شکڵ و شێوەی دزێوی شەقامە بوڕوژواکانی نییە کە دڵڕفێنی بۆ ڕێبواران دەکەن. هیچ کەسێك ئاوڕی لە ڕازندنەوەی نەداوەتەوە: تەنیا سەرەوبن بوویەکە. سەرەوبنی شەقامی ژان برێت کومەوا و شەقامی گالوانی. دانیشتووانی بۆڤیل لە دەوروبەری وێستگەکە هێشتا کەمێك خەریکی دەبن، جار جارە لەبەر خاتری گەشتیاران پاك و خاوێنی دەکەنەوە، بەڵام پاشان یەکسەر وازی لێ دەهێنن و ئەویش یەکسەر و کوێرانە بەرەوپێش خۆی تاو دەدات. تاکوو بەرسینگی شەقامی گالوانی بکەوێت. شار لە بیر خۆی بردۆتەوە. هەندێکجار لۆرییەکی بارهەڵگری گەورە و ڕەنگ خاکی بە تەواوی خێراییەوە بە هاڕەیەکی بریسکە ئاسا پێی دا تێپەڕ دەبێت. مرۆڤ کوژیشی تێدا نابێت، لەبەر ئەوەی نە مرۆڤ کوژی هەیە و نە قوربانی. جوت سایدی نوار نامرۆییە. هاوشێوەی مادەیەکی کانزایی. وەکو سێ گۆشەیەك. لە خۆش شانسییەوەیە کە وەها جوت سایدێك لە بۆڤیل هەیە. بە شێوەیەکی گشتی جگە لە پایتەختەکان لە شوێنی دیکە وەها جێیەك وەگیر ناکەوێ -لە بەرلین نزیك نویکوولێن یان هەروەها لە دەوروبەری فریدێریکهاین لە لەندەن لە گرینێچ. کۆمەڵە والانێکی ڕاست و پیس، لە ناوەڕاستی ئاڕاستەی هەوادا، پیادەڕۆی پانی بێ دار و درەخت. ئەوان هەمیشە لە دەرەوەی شارن، لە گەڕەکە سەیرەکانی کە شاریان تێدا دروست دەکەن، لە نزیك عەمباری کالاکان، گەراجەکانی تڕاموا، کوشتارگەکان و مەخزەنەکانی غاز. دوو ڕۆژ لە دوای بارینی لێزمە ئاسا کە تەواوی شار لەبەر هەتاو تەرەو گەرمایەکی شێدار دەدات، هێشتا ساردن و پڕ لە قوڕو قاڵ و گۆمەکانیان پڕ لە ئاون. تەنانەت کۆمەڵە گۆمێکیان هەیە کە ئاوەکەیان تەنیا مانگێك ولە ساڵدا، ئەویش لە مانگی ئابدا بە وشکی و بێ ئاوی دەبن. هێڵنج لەوێ لە تیشکی زەڕو زەنگدا بەجێما. شادمانم: ئەم سەرمایە زۆر بێ خەوشە، ئەم تاریکییەی شەو زۆر بێ خەوشە، ئایا خودی من

شەپۆلێك لە هەوای بەستەلۆك نیم؟ كە نەخوێنم هەبێت، نە لێنف، نە گۆشت. كە لەم ڕێڕەوە درێژەدا بەرەو ڕەنگ بزرکاوی ئەوبەر لە ڕۆیشتندام. كە جگە لەسەرما شتێكی تر نەبم.

مرۆڤەكان دەگەنە جێ. دوو واتە سێبەر. بۆ دەبێ بێنە ئێرە؟

ژنۆچكەیەكە قۆڵی پیاوێك ڕادەكێشێ. ژنەكە بەدەنگێكی توند و ناسك قسە دەكات. با ناهێڵێ لە قسەكانی تێبگەم. پیاوەكە دەڵێ:

((بێدەنگ دەبی یان نا؟))

ژنەتیو هەروا قسان دەكات. لە پڕێكدا پیاوەكە بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنێت. دڵ بە گومان سەیری یەكتری دەكەن، پاشان پیاوەكە دەستەكانی دەخاتە نێو گیرفانەوە و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ملی ڕێ دەگرێ و دەڕوات. كابرا بزر دەبێت. مەودای نێوان من و ژنەكە سێ مەتریش نابێت. لەناكاو كۆمەڵە دەنگێكی ڕووشاو لەبەریەكی هەڵدەوەشێنێ و لە پاش پچڕان لەوی سەرانسەری شەقامەكە بە توندییەكی لەڕادەبەدەرەوە پڕ دەكات:

((شارل، تكات لێدەكەم، دەزانی چیم پێگوتی؟ شارل، بگەڕێوە، ئیدی توانام نییە، زۆر چارەڕەشم!)) ئەوەندە بە نزیكیدا تێدەپەڕم كە دەتوانم دەستی لێ بدەم. ئەو... بەڵام چۆن دەكرێ بڕوا بكرێت كە ئەم گۆشتە سوتێنەرەو ئەم ڕوخسارەی تادار لە ئازار؟... لەگەڵ ئەوەشدا لەچكەو مانتۆ و خاڵە گەورە ڕەنگ شەڕابییەی دەستی ڕاستی دەناسمەوە، خۆیەتی، لووسییە، ئافرەتە كارەكەرەكە. ناوێرم پشتگیری خۆمی بۆ دەربڕم، بەڵام ئەگەر پێویست بكات دەبێ بتوانێ داوای ئەم پشتگیرییە بكات: هەروا كە چاوم لە سەرییەتی، بە ئارامی بە پەنایدا تێدەپەڕم. چاوەكانی ڕاشكاوانە سەیرم دەكەن، بەڵام پێناچێت ببینێ، دەڵێی كە ڕەنج و ئازاردا تواوەتەوە. چەند هەنگاوێك دەهاوێژم، ئاوڕدەدەمەوە... بەڵێ خۆیەتی، لووسییە، بەڵام پوكاوەتەوەو ئاگای لە خۆ نییە و بە سەخاوەتێكی شێت ئاساوە ڕەنج دەكێشێت. ئێرەیی پێ دەبەم. لەوێ ڕاست ڕاوەستاوەو قۆڵی لێك بڵاوكردوون، دەڵێی چاوەڕوانی ئەوەیە داخی بكەن. زاری لێك دەكاتەوە، خەریكە بخنكێ. هەست دەكەم دیوارەكانی دەروبەری شەقامەكە بەرزتربوونەتەوەو لێك نزیك بوونەتەوەو لوسی لەبن بیرێك دایە. ماوەیەك چاوەڕێ دەكەم. دەترسم لەگەڵ زەویدا تەخت ببێت: دڵناسكتر لەوەیە كە لەگەڵ ئەم خەمە نائاساییەدا هەڵ بكات، بەڵام جووڵە ناكات، دەڵێی وەكوو هەموو شتەكانی دەوروبەری بۆتە بەرد. بۆ ساتێك

لەخۆم دەپرسم کە ئایا دەربارەی وی بە هەڵەدا نەچووم، ئایا ئەوە سروشتی ڕاستەقینەی نییە کە لەناکاو لە بەرامبەرمدا ئاشکرا بووە...

لوسی ناڵەیەکی بچووك دەکات. دەستی بۆ قوڕگی دەبات و چاوە سەرگەردانەکانی دەگلۆفێت دەنا، هێزی ئەم هەموو ڕەنجکێشانە لەخۆ ناگرێت. لە دەرێ ڕا بۆی دەگاتە جێ... لەم جووت سایەدە. دەبێ شانەکانی بگرێت و بەرەو ڕووناکایی، بۆ نێو خەڵك و شەقامە دڵنەواز و پەلەیی ڕەنگ ببردرێت: لەوێ مرۆڤ ناتوانێ بەو توندییە ڕەنج بکێشێت: لەوێ لوسی نەرم دەبێت، شکڵ و شێوەی دڵنیا و ئاستی ئاسایی ڕەنجەکانی وەردەگرێتەوە. پشتی تێدەکەم. بە هەرحاڵ مرۆڤێکی خۆش شانسە. من کە لەو سێ ساڵەی ڕابردوودا زۆر زیاد ئارام بووم. لەم گۆشەگیرییە کارەسات خولقێنانەدا هیچ شتێك جگە لە کەمێك بێ خەوشی و خۆشی پووچ نابێتە بەشم.

ڕێی خۆم دەگرم و دەڕۆم.

پێنج شەممە کاتژمێر یازدەو نیو

ماوەی دوو کاتژمێر لە شوێنی خوێندنەوە کارم کرد.

بۆ سەبیلەکێشان هاتمە خوارێ بۆ گۆڕەپانی هیپوتك، گۆڕەپانێکی خشت ڕێژکراو بە خشتەی ڕەنگ پەمەیی. دانیشتوانی بۆڤیل شانازی پێوە دەکەن لەبەر ئەوەی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم. لە شوێنی چوونە ناوەوەی شەقامی شاماد و شەقامی سوسپدار، کۆمەڵە زنجیرێکی کۆنە ڕێگا بە ڕووی هۆکانی گواستنەوەدا دادەخەن. ئەو خاتوونانەی کە بۆ پیاسەپێکردنی سەگەکانیان دێن، بە کڵاوی تاقیەوە[1]، بە پەنا دیواردا نەرم نەرم ڕەت دەبن. ئەوان بە دەگمەن ڕۆژی ڕووناك دێنە دەرێ، بەڵام بە تیلەی چاو نیگای بەرزی، ڕازی کچانە دەگرنە پەیکەری گۆستاڤ ئێمپڕاز، پێویست ناکات ناوی ئەم دێوە کانزاییە بزانن، بەڵام لەسەر ریدینگێت[2] و کڵاوتیستوانەییەکەی بۆیان دەردەکەوێ کە لە ئەشراف بووە. بەدەستی چەپ کڵاوەکەی گرتووەو دەستی ڕاستی لەسەر قوبەیەك کتێبی قەوارە گەورە داناوە. کەمێك وەکوو ئەوەیە کە باپیرەیان لە قاڵبێکی کانزاییدا، لەوێ، لەسەر پێچکە دانراوە.

١- جۆرە کڵاوێکە. ((وەرگێڕ))

٢- جۆرە بەرگێکی پیاوانە هاوشێوەی پاڵتۆ. ((وەرگێر))

پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر تەماشای بکەن، تاکوو تێ بگەن ئەو لە هەموو بابەتەکاندا هاوشێوەی ئەوان، ڕێك وەکوو ئەوان، بیری کردۆتەوە، ئەو مەبەست و زانستی بەرفراوانی کە لە کتێبی پلیشاوەوە لەژێر دەستە قورسەکەی دەرکێشراوە، خستۆتە خزمەتی بیری بوودەڵە و هەژارانە و پتەوی ئەوانەوە. خاتوونە ڕەشپۆشەکان سەبووریان دێت، دەتوانن بە خەیاڵی ئاسوودەوە خەریکیماڵدارییەکەیان بن، سەگەکانیان بەرنە پیاسە: ئیدی بەرپرسیاری بەرگری کردن نین لەو ئەندێشە پیرۆز و بەنرخانەی لە باب و باپیرانیانەوە وەریانگرتوون. پیاوێکی کانزایی خۆی کردۆتە پاسەوانی ئەو ئەندێشانە.

ئینسکلۆپیدیایەکی گەورە چەند دێڕێکی بۆ ئەو کەسە تەرخان کردووە، ساڵی پار خوێندمەوە. بەرگەکەم لەسەر کەلێنی پەنجەرەکە دانابوو، لەودیو شووشەکەوە دەمتوانی کاسەی سەری سەوزی ئیمپڕاز ببینم. زانیم کە سەردەمی شکۆداری ژیانی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠دا بوو. سەرپەرشتیاری قوتابخانە بوو. کۆمەڵە شتێکی ڕازاوەی درۆینی کێشاو سێ کتێبی نووسی: لەبەر دڵان بوون لەنێو یۆنانییە کۆنەکاندا (١٨٨٧) هونەری فێرکردنی ڕولن (١٨٩١) و وەسێت نامەیەکی شاعیرانە لە ١٨٩٩دا. بە مردنی لە ساڵی ١٩٠٢دا، لایەنگران و موریدەکانی تازەیەبار کرد.

پاڵم بە پێش کتێبخانەوە داوە. مژ لە سەبیلەکەم دەدەم کە مەترسی کوژانەوەی هەیە. خاتوونێکی پیر دەبینم کە سەروکەللەی لە ڕێڕەوی ژێر تاقەکەوە بەدیار دەکەوێت و بە حاڵەتێکی زیرەکانە و ناشیرینەوە چاو بە ئیمپڕازدا دەخشێنێ. لە ناکاو قیڕوسیای لێدەکات، بە تەواوی خێراییەوە کە قاچەکانی یارمەتی دەدەن شوێنەکە تەی دەکات و بۆ ساتێك بەدەم جووڵاندنی شەویلاگەکانییەوە لە بەرامبەر پەیکەرەکەدا دەوەستێ. پاشان تێی دەتەقێنێ، لەسەر تەختی خشتە ڕێژکراوە پەمەیەکە، بە ڕەش خۆی دەنوێنێ و لە کەلێنی دیوارێکەوە بزر دەبێت.

ڕەنگە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ ئەم گۆڕەپانە بەخشتە پەمەیی و خانووەکانییەوە، شوێنێکی پڕ جموجۆڵ بووبێت. ئێستا حاڵەتێکی وشك و خراپی هەیە، کەمێك قێزەونە، هۆیەکەی ئەو کابرایەیە کە لەو سەرەوە لەسەر پایەکەی ڕاوەستاوە. کاتێك خەریك بوون قاڵبی ئەم زانایەیان لە کانزا دروست دەکرد، کردیانە جادوگەر.

لە ڕووبەڕووەوە سەیری ئیمپتڕاز دەکەم. چاوی نییە. تیێ بگەی و تیێ نەگەی لووتێکی هەیە. جوزامێکی[1] سەیرکە چاوی وایە هاوشێوەی نەخۆشییەکی گیرەوە بەسەر پەیکەرەکانی گەلێکدا دادەبارێ ڕیشی خواردووە. خەریکە سلاو دەکات. ئێلەگەکەی لە دەوروبەری دلێ پەڵەیەکی گەورەی بە ڕەنگی سەوزی ڕوون هەیە. بەناپاك و ئازاردیدە دێتە بەرچاو. زیندوو نییە، نا، بەلام بێ گیانیش نییە. هێزێکی شاراوەی لێ دێتە دەرێ! وەکوو بایەك وایە کە بۆ دواوە پالم دەنێت: ئیمپتڕاز حەزی دەکرد لە گۆڕەپانی هیپوتك وەدەرم نێن. من تاکوو ئەم سەبیلە تەواو نەکەم ناڕۆم.

سێبەرێکی بلند و لاواز لەناکاو لە دواوەمەوە قووت دەبێتەوە. ڕادەچلەکێم. بە پێکەنینەوە دەڵێ:

((ببوورە کاکە، نەمدەویست سەرگەردانت بکەم، بابزانم لێوەکانت دەجولێن. بە دلنیاییەوە خەریکبووی وشەکانی کتێبەکەتت دووبارە دەکردەوە. بەدوای ئەلێکساندەردا دەگەڕای.)) بە واقی وڕماوەوە سەیری زانست وەرگر دەکەم، دەڵێی سەری لە واق وڕمانم سووڕماوە.

((کاکە، بۆ نابێ وردبینی بکرێت و لە پەخشاندا خۆ لە ئەلیکساندەر دووربگیرێت؟))

کەمێك لەپێش چاوی داکەوتووم. دەپرسم لەم کاتەی ڕۆژدا چی دەکات لێرە. بۆم ڕوون دەکاتەوە کە ئەمڕۆ بەرپرسەکەی مۆڵەتی پێداوەو ڕاستەوخۆ هاتۆتە کتێبخانە. ئیدی ئەوەش کە نانی نیوەڕۆ ناخوات و تاکوو کاتی داخستنی کتێبخانە خەریکی خوێندنەوە دەبێت. ئیدی گوێ بۆ قسەکانی ناگرم، بەلام لەوانەیە لە بابەتی یەکەمی دابڕاوە لەبەر ئەوەی لەناکاو دەبیستم: ((...کە مرۆڤێکی وەکوو تۆ بەختەوەری نووسینی کتێبی هەبێت.))

دەبێ شتێك بلێم، ڕاڕایانە دەڵێم:

((بەختەوەری...))

چەمکی وەلامەکەم بە هەڵە وەردەگرێت و قسەکەی ڕاست دەکاتەوە:

((کاکە، دەبوایە بمگوتایە: لێوەشاوەی.))

---

١- جۆرە نەخۆشییەکە کە لە سالی ١٨٧٠دا لەلایەن هانسنەوە دۆزرایەوەو لـە ئاسـیا و ئـەفریقا و هەنـدێك شوێنی ئەوروپادا هەیە و دوو شێوەیە، جۆرێکیان جۆرە پەڵەیەکی مسییە کە لەسـەر پشـت دروسـت دەبـێ و پاشان دەبێتە برین. سەرچاوە فەرهەنگی عەمید. ((وەرگێڕ))

به قادرمەکاندا سەردەکەوین. حەزم بۆ کارکردن ناچێت. کەسێك (ئۆژنی گڕاندە)[1]ی لەسەر مێزەکە داناوە. کتێبەکە لەلاپەڕەی بیست و حەوتەوە کراوەتەوە. بەبێ ویستی خۆم هەڵی دەگرم و دەست دەکەم بە خوێندنەوەی لاپەڕەی بیست و حەوت و پاشانیش بیست و هەشت:

ناوێرم لە سەرەتاوە دەستی پێ بکەم. زانست وەرگر چاپوکانە چووە سەر ڕەخنەکانی کتێبی پەنا دیواری دوو بەرگ کتێب دەهێنێ و لەسەر مێزەیان دادەنێ. وەکوو سەگێك دەچێت کەئێسکێکی دۆزیبێتەوە ((چی دەخوێنییەوە؟))

پێموایە دوو دڵە لە گوتنی: کەمێك هەڵوەستە دەکات، چاوە گەورە شێواوەکانی دەسووڕێنێ، پاشان بە حاڵەتی ناچار کتێبەکانم بۆ ڕادەدێرێ. ئەوان بریتین لە (خەڵووزی بەردی ئارس و کانەکانی خەڵوزی بەردی ئارس) لە نووسینی لار بالتریە و (هیتۆ پادزا یان فێربوونی بە سوود) لە نووسینی لاستێکس. ئێ؟ نازانم چ شتێك نارەحەتی دەکات: ئەم نووسینانە کە بەلای منەوە زۆر ئابڕومەندن. بۆ ئاسوودەبوونی ویژدان، لاپەڕەکانی هیتۆ پادزا هەڵدەدەمەوەو هیچ شتێك جگە لە بارەی بەرزی تێدا نابینم.

کاتژمێر سێ

وازم لە ئۆژنی گڕاندە هێنا، لەسەر ئیش دانیشتم، بەڵام هیچ شەوق و زەوقێکم تێدا نەبوو. زانست وەرگر کە دەبینێت شت دەنووسم، بە تامەزرۆییەکی رێز ئامێز سەیرم دەکات. جار جارە سەرم بەرزدەکەمەوە، یەخەی شڕ و شۆڵی دەبینم کە ملە جوجکەییەکەی لێ هاتۆتە دەرێ. جلێکی کۆنی لەبەردایە، بەڵام کراسەکەی وەکوو بەفری سپی وایە. لەسەر هەمان ڕەفە کتێبێکی دیکەی هەڵگرتووە کە لە شتەودرا ناونیشانەکەی دەخوێنمەوە: منارەی کڵێسەی کوریك، ڕووداوە مێژووییەکانی نۆرماندی نووسینی ماد مازێل ژولی لاودنی. هەمیشە لە خوێندنەوەی زانست وەرگر بێ دەنگ دەبم.

لە پڕێکدا ناوەکانی دوایین ئەو نووسەرانە، دێنەوە یاد کە ئەو ڕیزبەندی کردوون: لامبێر، لانگلوا، لاربالتربە، لاستێکس، لاوێرنی. شتێکم بۆ ئاشکرا بووە پەی بە شێوازی زانست وەرگر دەبەم: ئەو بەڕیزەبەندی ئەلف و بێ خۆی فێردەکات.

---

١- لە ڕۆمانەکانی بەلزاك. ((وەرگێڕ))

بەجۆرە دەستخۆشی لێکردنێك چاودێری دەکەم. دەبێ چ ئیرادەیەکی هەبێت تاکوو وەها نەخشەیەکی پان و بەرین بە ئەسپایی و سەرسەختانە جێبەجێ بکات! حەوت ساڵ لەمەوبەر (پێی گوتم کە حەوت ساڵە موتالا دەکات) رۆژێکیان بە فیزەوە هاتە ئەم تەلارە. کۆمەڵە کتێبێکی زۆری بەسەر کردەوە کە دیوارەکانیان داپۆشیبوون و لەوانەیە وەکوو ڕاستیناگ گوتی: ((زانستی مرۆڤ لەنێو ئێمەی دوو کەس دایە.)) پاشان ڕۆیشت یەکەمین کتێبی ڕەخنەی یەکەمی لەوپەڕی لای ڕاستەوە هەڵگرت، بە هەست کردنی رێزو ترسی ئاوێتە بە ئیرادەیەکی لەبن نەهاتووەوە لاپەڕەی یەکەمی کردەوە. ئەمڕۆ گەیشتۆتە پیتی L. K لە دوای L لە پاش K. لە پڕێکدا لە خوێندنەوەی نیام بالانەوە چۆتە سەر خوێندنەوەی تیۆری کوانتۆم و لە نووسینێك لەبارەی ئەمیر تەیموورەوە هاتۆتە سەر نامەیەکی کاتۆلیکی لەبەر پەرچدانەوەی داریۆنیزم ساتێکیش ڕانەوەستاوە. هەموو شتێکی خوێندۆتەوە. نیوەی زانینەکانی سەبارەت بە بکرزایی و نیوەی لە بەڵگەکانی دژی پارچە پارچەکردنی گیاندارانی زیندوو لە مێشکدا عەمبار کردووە. لە دواوەی و بەرەو ڕووی جیهانێك ڕاخراوە. ئەوسا ڕۆژێك دادێت کە بە داخستنی دواین کتێبی ڕەخنەی دوایی لە ئەوپەڕی دەستی چەپ بەخۆی دەڵێ: ((کێ ئەمبارچی؟)) کاتی عەسرانەی هاتووە. بە حاڵەتێکی بێ گوناهانە پارچە نانێك بە کەرتە شوکولاتێکی گالاپتێر دەخوات. پێڵوەکانی داکەوتوون و دەتوانم لە دەرفەتێکدا برژانگە چرانە چەماوەکانی تەماشا بکەم کە دەڵێی بژۆڵی ئافرەتانەن. بۆنی توتنی کۆنە دەدات و هەر کاتێك هەناسە دەردەدات ئەو بۆنە لەگەڵ بۆنی خۆشی شوکولات ئاوێتە دەبێت.

(هەینی، کاتژمێر ٣)

ئەگەر کەمێك زیاتری بخایاندایە، دەکەوتمە داوی ئاوێنەوە. خۆی لێ دەپارێزم، بەڵام دەکەومە داوی پەنجەرەوەوە. پەك کەوتوو، بە قۆڵی هەڵواسراوەوە دەچمە بەر پەنجەرە. ((کارگەی بیناسازی))، ((مەجەرە))، ((وێستگەی کۆن))، ((وێستگەی کۆن))، ((مەجەرە))، ((کارگەی بیناسازی)). باوێشکێکی وادەدەم کە چاوم بە ئاو دێن. سەبیلەکەم بەدەستی ڕاستمەوەیە و کیسە توتنەکەشم بەدەستی چەپمەوەیە. دەبێ ئەم سەبیلە پڕ بکەم، بەڵام توانایم نییە. قۆڵەکانم ڕەتەڵ دەبەن، نێوچاوانم بە شووشەی پەنجەرەکەوە دەگوشم. ڕقم لەو پیرێژنە هەڵدەستێت. بە کەللەڕەقی و بە چاوی ون بووەوە دارە دارە دەکات. جاری وایە بە ترسەوە ڕادەوەستێ، دەڵێی مەترسییەکی نەبینراو بەرێ دەکەوێت. گەیشتۆتە ژێر پەنجەرەکەی من. با

داوێنەکانی بە ئەژنۆیانەوە دەنووسێنێ. ڕادەوەستێ و لەچکەکەی ڕێك دەخات. دەستەکانی دەلەرزن. دووبارە بەڕێدەکەوێتەوە. ئێستا لە دواوەڕا دەیبینم. هەزار پێی پیر، پێموایە دەیەوێ بەلای ڕاستدا لەنێو جوت سایدا باداتەوە. دەبێ سەد مەترێك تەی بکات: بەو خێراییە دە خولەك دەخایەنێت. دە خولەك کە دەبێ هەر ئاوا بەنێو چاوانی بە پەنجەرە نووساوەوە ڕاوەستێ و سەیری بکەم. بیست جار ڕادەوەستێ، دووبارە بەڕێدەکەوێتەوە، ڕادەوەستێتەوە... من داهاتوو دەبینم. ئایندە لەوێ، کەوتۆتە سەر شەقام. ئەوەندە ڕەنگ کاڵ بۆوەتر نییە لە زەمەنی ئێستا. چ پێویست دەکات کە ببێتە ڕاستەقینە؟ وەڕاست گەڕانی چ شتێکی زیاتری دەداتێ؟

پیرێژنەکە بە هەنگاونان دوور دەکەوێتەوە، ڕادەوەستێ، تاڵە موویەکی خۆڵەمێشی ڕادەکێشێ کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتۆتە دەرێ. بەڕێدا دەڕوات، ئەو لەوێ بوو، ئێستا لێرەیە... ئیدی نازانم لە کوێم: ئایا جووڵەکانی دەبینم، ئایا پێشبینیان دەکەم؟ ئیدی ئێستا لە داهاتوو جیاناکەمەوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وریا دەبێت، بەرە بەرە وەڕاست دەگەڕێ. پیرێژنەکە لە شەقامی چۆڵدا بەرەو پێش دەڕوات، جێگۆڕکێ بە پێڵاوە گەورە پیاوانەکانییەوە دەکات. ئەمە زەمەنە، زەمەنی پاکی ڕووت، بە ئەسپایی بەدی دێت، بە چاوەڕێی جێمان دێڵێ و کاتێك دێت، دڵمان تێکەڵ دێت لەبەر ئەوەی پەی دەبەین کە زۆر لەمێژە لەوێ بووە. پیرێژنەکە لە پێچی شەقامەکە نزیك دەبێتەوە، ئیدی جگە لە پەڵەیەکی ڕەش هیچی تر نییە. زۆرباشە، قبوڵمە کە ئەمە شتێکی تازەیە، چونکە ئەو کەمێك لەمەوبەر لەوێ نەبووە، بەڵام ئەم شتە سیس و بێ شۆقە و هیچ هۆکاری سەرسوڕمان لەخۆ ناگرێت. ئەو دەڕوا کە لەسەر پێچی شەقامەکە باداتەوە-لەمیانەی سەرمەدییەکەدا.

خۆم لە پەنجەرەکە دەکەمەوەو بە ڕەتەڵ بردن لە نێو زۆردا ڕێ دەکەم، ئاوێنەکە دەمخاتە داوەوە، سەیری خۆم دەکەم، قێزم لە خۆم دەبێتەوە: سەرمەدییەکی دیکە، سەرەنجام لە وێنەی خۆم ڕادەکەم و دەچم لەسەر قەرەوێڵە دەکەوم. سەیری بن میچ دەکەم، دەمەوێ بخەوم.

ئارام ئارام، ئیدی هەست بە خلیسکان و دەستبەر کەوتنی زەمەن ناکەم. لەسەر میچەکە کۆمەڵە ڕوخسارێکی خەیاڵی دەبینم. سەرەتا ئاڵقەی ڕووناکی، پاشان چەند خاچێك. لێرەو لەوێ باڵەفڕە دەکەم. پاشان ڕوخسارێکی خەیاڵی دیکە پەیدا دەبێت. ئەمەیان لە قوڵایی چاوانمدایە. ئەمە گیاندارێکی بە چۆك داهاتووە، لاقەکانی پێشەوەو تێرەکەی دەبینم. ئەوی دیکەی تەم دای پۆشیوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەیناسمەوە: حوشترێکە کە بە بەردێکەوە

بەستراوەتەوە کە لە مەڕاکێش دیتوومە. شەش جاری یەك لە دوای یەك کەوتە سەر چۆکان و هەستایەوە، منداڵە گەڕۆکەکان پێدەکەنین و بەهاوارکردن و ئەیان دەدا.

دوو ساڵ لەمەوبەر، زۆرباش بوو: ئەوەندە بەس بوو کە چاوەکانم بنووقێنم و یەکسەر سەرم وەکوو پووڕەی هەنگ دەست بە ویزە ویز بکات. ڕوخسارەکان، درەختەکان، ماڵەکان، ژنێکی ژاپۆنی خەڵکی قامائیشی کە بە ڕووتی لەنێو بەرمیلدا خۆی دەشووشت، پیاوێکی ڕووسی مردو کە بەهۆی برینی گەورەو زارێکی زلی بەتاڵ بوو، هەموو خوێنەکەی لە قوڵتێکدا لە پەنای کۆببۆوە-هەموو ئەمانەم دەدیتەوە. تامی کۆسکۆس[1]، بۆنی ئەو ڕۆنەی کە نیوەڕۆیان شەقامەکانی بۆرگسیان پڕ دەکرد، بۆنی ڕازیانەیەك کە لەنێو شەقامی نێوان پێچ دەخوات، ئاوازی نەس شوانە یۆنانییەکانم دەدیتەوە. دڵم دەخرۆشا، ئەم شادییە لەمێژە رزیوە. ئایا ئەمڕۆ دووبارە لە دایك دەبێتەوە؟

خۆرێکی گەرم هاوشێوەی وێنەی تیشکی فانۆسی (ئسلاید)[2] جادویی بە وشکی لە سەرمدا دەخلیسکێ. پارچە ئاسمانێکی شینی بەدوادا دێت، لە پاش چەند جوڵەیەك لە جوڵە دەکەوێت و تەواوی دەروونم دەکاتە زێڕین. لەکام ڕۆژەی مەراکێشی (یان جەزایری، یان سوریایی) لە ناکاو ئەم درەوشاوەییە جودا بۆوە؟ خۆم لەنێو ڕابردوودا بەرەڵا دەکەم.

مێکناس چۆن بوو ئەو چیانشینەی کە لە پشت کۆڵانێکەوە لە نێوان مزگەوتی بێردن و گۆڕەپانێکی دڵڕفێندا کە دار توویەك سێبەری بەسەردا دەکرد ئێمەی ترساند؟ ئەو بەرەو لامان هات. ئانی لەلای ڕاستم بوو. یان لای چەپم؟

ئەو ئاسمانە و ئەو خۆرە فریودان بوو و بەس. بۆ سەدەیەمین جارە کە خۆم گرفتار دەکەم. بیرەوەرییەکانم هاوشێوەی پارە ئاسنەکانی تورەکەی پارەی شەیتانە! کە دەیکەنەوە، جگە لە گەڵای وشك هیچیتری تێدا نادۆزنەوە.

تەنیا چاوێکی گەورەو کوێر و رەنگ شیری لەو چیانشینە دەبینم. ئایا بەڕاستی ئەم چاوەش هی ئەوە؟ ئەو پزیشکەی کە لە باکۆ بنەمای منداڵ لەبەر بردنی ئاوە ئاوەی دەوڵەتی بۆ ڕوون دەکردمەوە ئەویش یەك چاوبوو و کاتێك دەمەوێ ڕوخساری بێنمەوە یاد دیسانەوە

---

١- جۆرە خواردنێکی ئەفریقای باکوورە. ((وەرگێڕ))

٢- جۆرە پڕۆجیکتۆرێکی کۆن. ((وەرگێڕ))

هەمان گۆی سپییە بە دیار دەکەوێت. ئەم دوو پیاوە، وەکو نورنەکان[1] تەنیا یەك چاویان هەیە کە بە نۆرە لەنێو خۆیاندا بەکاری دەبەن.

سەبارەت بە گۆڕەپانی شاری مێکناس، کە هەموو ڕۆژێك دەچوومە ئەوێ، مەسەلەکە سادەترە، ئێستا ئیدی بە هیچ جۆرێك نایبینم، ئەوەی ماوەتەوە هەر ئەم هەستە شاراوەیەیە کە گۆڕەپانێکی دلڕفێن بوو، و ئەم چوار وشەیە کە بە شێوازێکی لە جیابوونەوە نەهاتووەوە پێکەوە گرێدراون: گۆڕەپانێکی دلڕفێن لە مێکناس، بێگومان ئەگەر چاوەکانم بنوقێنم یان ئەگەر سەیری خالێکی شاراوە لەبن مێچ بکەم. دەتوانم دیمەنەکە لە نوێ دروست بکەمەوە: درەختێك لە دوورە دەست، تارماییەتی تاریك و خرپن بەرەو لام غار دەدات، بەلام هەموو ئەمانە لەبەر خاتری مەبەستی ئێستام دادەهێنم. ئەو پیاوە مەڕاکیشییە بالابەرز و لاواز بوو، جگە لەوەش من تەنیا کاتێك دیتم کە دەستی لێدام. بەم جۆرە هێشتا دەزانم کە ئەو بالابەرز و لاواز بوو: کۆمەڵە زانیارییەکی کەم و دیاریکراو لە تۆماری مێشکمدا ماوەتەوە. بەلام ئیدی هیچ شتێك نابینم: هەرچەندەی کە ڕابردوو بپشکنم، ناتوانم جگە لە پارچەیەك لە ڕوخساری خەیاڵی زیاتری لێ بێنمەدەرێ و بە دروستی نازانم کە ئەوان چ شتێك دەردەخەن و یان ئەوەی کە هەبوون یان خەیاڵن.

جگە لەوەش لە زۆر ڕوانگەوە خودی ئەو پارچە ڕوخسارە خەیاڵییانە ون بوون! تەنیا وشە ماونەوە! من هێشتاش شارەزام کۆمەڵە چیرۆکێك بگێڕمەوە، بە باشیش بیانگێڕمەوە (کاتێك پێی چیرۆك گێڕانەوە لەنێودا بێت، تەنیا لە خاوەن پلەکانی زۆران بازی و پیشەیی پەکم دەکەوێ.)) بەلام ئەم چیرۆکانە لە کۆمەڵە لاشەیەك زیاتر هیچی تر نین. بە مرۆڤێك هەڵدەلێن کە ئەم یان ئەو کارە دەکات، بەلام ئەو کەسە من نیم، من لایەنی هاوبەشم لەگەڵیدا نییە. ئەو سەفەر بۆ کۆمەڵە ولاتێك دەکات-دەلێی هیچ کاتێك لەوانە نەبووم- کە من هیچ زانیارییەکم دەربارەیان نییە. جاری وایە، لە چیرۆکەکەمدا، وادێتە پێشێ کە کۆمەڵە ناوێکی جوان کە لە ئەتلەسەکاندا پەیدا دەبن دەردەبڕم، وەکوو ئاڕانخویس، یان کۆنتربۆری. ئەوانە چەند ڕوخسارێکی خەیاڵی نوێ لەمندا بەدی دێنن، هاوشێوەی ئەو ڕوخسارە خەیاڵیانەی کە ئەو

---

١- لە ئەفسانەکانی ئەسکاندیناڤیاییدا، یەکێك لە سێ خواکانی چارەنووسە. ((وەرگێڕ))

خەڵکانەی قەت سەفەریان نەکردووە، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی خۆیان دروستی دەکەن: من دەربارەی وشەکان خەیاڵ پلاوی دەکەم، هەر ئەمە.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا لە بەرامبەر سەد چیرۆکی مردوو، یەك دوو چیرۆکی زیندوو دەمێننەوە. من ئەمانە بە پارێزەوە دێنمەوە یاد، ئەویش هەندێك جارو نە زۆر زۆر، لە ترسی ئەوەی کە مەبادا کۆنیان بکەم. یەکێکیان دەردەکێشم. دیمەن و مرۆڤەکان و هەڵسوکەوتەکان دووبارە دەبینم. لە ناکاو دەوەستم: هەستم بە کۆنییەك کرد، بینیم کە وشەیەك لەژێر پێکهاتەی هەستەوەرییەکاندا دەردەچێت. مەزەندە دەکەم کە ئەم وشەیە بە زوویی شوێنی چەند ڕوخساری خەیاڵی دەگرێتەوە کە زۆرم خۆشدەوێن. یەکسەر ڕادەوەستم، بە توندی بیر لە شتێکی دیکە دەکەمەوە، حەزناکەم بیرەوەرییەکانم کۆن بکەم. بێهودەیە، جارێکی تر کە دەیانهێنمەوە یاد، بەشی زۆریان بەستەڵۆك بووە.

جووڵەیەکی شاراوە دەکەم کە هەستم بڕۆم وێنەکانی مێکناس لە نێو سندوقێکدا کە لەژێر مێزەکەم پاڵم پێوەناوە بدۆزمەوە سوودی چییە؟ ئەم بزوێنەرانە ئیدی لە تۆماری مێشکمدا هیچ کاریگەری نییە. یەك دوو رۆژ لەمەوبەر، لەژێر مەرەکەب وشك کەرەوەدا وێنەیەکی کاڵ بۆوەم دۆزییەوە. لە نزیك کارێزێك ژنێك زەردەخەنەی دەکرد. بۆ ماوەیەکی کورت سەیری ئەو کەسەم کرد، بێ ئەوەی بیناسمەوە. پاشان لە پشتی وێنەکە خوێندمەوە: ((ئانی. پوورتسماوس، ٧ی نیسان ٢٧.))

هیچ کاتێك وەکو ئەمڕۆ بەم توندییە هەستم نەکردووە کە ڕەهەندی شاراوەم نین، سنووردارم بە جەستەم و سنووردار بە بیری سووك کە وەکو بڵقی سەرئاو پێیدا سەر دەکەون. بیرەوەرییەکانم بە زەمەنی ئێستا بنیات دەنێم. من بەرەو زەمەنی ئێستا ڕاونراوم و وەلانراوم. بێهودە لە هەوڵدام بە ڕابردووەوە گرێ بدرێمەوە: ناتوانم لە خۆم ڕاکەم.

لە دەرگا دەدەن. زانست وەرگرە. لە بیرم چووبۆوە. بەڵێنم پێدابوو کە وێنەکانی گەشتەکانی نیشان بدەم. ڕەزای خواتەوە.

لەسەر کورسی دادەنیشێ. پشتە پانەکەی بە پشتی کورسییەکە دەکەوێت و بەشی سەرەوەی جەستە ڕەق و تەقەکەی بۆ پێشەوە دەچەمێتەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕادەپەڕم و گڵۆپەکە پێدەکەم.

((مەگەر پێویست بەوانە هەیە، کاکە؟ هەر بەو جۆرەی کە بووین باش بوو.))

((نا بۆ دیتنی وێنەکان.))
کڵاوەکەی لێوەردەگرم کە نازانێ چی لێ بکات.
((بەڕاست کاکە دەتەوێ نیشانیانم بدەی؟))
((ئەڵبەتە.))

ئەمە تەگبیرێکە کە بیرم لێ کردۆتەوە: هیوادارم کاتێك سەیری وێنەکان دەکات بێ دەنگ بێت. ڕۆدەچمە ژێر مێزەکە، سندووقەکە لەبەردەم پێڵاوە بۆیەکراوەکانی پاڵدەنێم، باوەشێك پۆست کارت و وێنەی لەسەر ئەژنۆیان دادەنێم! ئیسپانیا و مەڕاکێشی ئیسپانیایی، بەڵام لە شکڵ و شێوەی دەم بە پێکەنین و کراوەیەوە بۆم دەردەکەوێ کە بەڕاستی بە هەڵەدا چووبووم کە هیوادار بووم بێدەنگی ڕاگرم. سەیری دیمەنێك دەکات لە سان باستیان کە لە لووتکەی ئیگلدۆدە گیراوە، بە پارێزەوە لەسەر مێزی دادەنێتەوە و بۆ ساتێك بێدەنگ دەبێت، پاشان ئاخ هەڵدەکێشێت:

((ئاه، کاکە، تۆ مرۆڤێکی خۆش شانسی، ئەگەر ئەوەی دەیڵێن ڕاست بێت، ئەوە سەفەر باشترین قوتابخانەیە، ڕای جەنابیشت هەروایە کاکە؟)) جووڵەیەکی کپ دەکەم. خۆشبەختانە کۆتایی بە قسەکەی نەهێناوە.

((بە دڵنیاییەوە سەفەر دەبێــتە هۆی گۆڕانکاری زۆر. ئەگەر ڕۆژێك یان ڕۆژگارێك بڕیار بووایە سەفەر بکەم، پێموایە حەزم دەکرد کە بەر لە بەڕێکەوتن بچووکترین نیشانەی کەسایەتیم یاداشت دەکرد تاکوو بتوانم لەکاتی گەڕانەوەدا بەراوردی ئەوە بکەم کە چی بووم و بوومەتە چی. خوێندومەتەوە کە هەندێك لە گەشتیاران شکڵ و شێوە و هەڵسوکەوتیان گۆڕانێکی وەهای بەسەردا دێت کە نزیکترین کەسوکاریان نایان ناسنەوە)) بەزەین بڵاوی دەست بە کۆمەڵە وێنەیەکی زۆردا دەهێنێت. یەکێکیانیان هەڵدەگرێ و بێ ئەوەی سەیری بکات لەسەر مێزەکەی دادەنێت. پاشان دەچێتە نێو ناخی وێنەی دواتر کە پەیکەری ژرۆم لەسەر کورسی دانیشتوو نیشان دەدات کە کڵێسەی گشتی بورگس.

((ئایا ئەم پەیکەرەی مەسیحت دیتووە کە لە بورگس لە پێستی گیاندار دروستیان کردووە؟ کاکە، کتێبێکی سەرسووڕهێنەر هەیە سەبارەت بەم پەیکەرانەی کە لە پێستی گیاندار و تەنانەت پێستی مرۆڤ دروست کراون. هەروەها پەیکەری ((عەزرا ڕەشپۆش))؟ لە بۆرگس نییە، لە ساراگووسایە؟ بەڵام ڕەنگە دانەیەکیش لە بۆرگس هەبێت؟ ئەوانەی سەردانی

دەکەن ماچی دەکەن، وانییە؟ واتە هەمان ئەوەی کە لە ساراگووسایە و لەسەر تەختە بەردێك شوێن پێی نەخشاوە؟ تەختە بەردێك لە نێو کونێکدا کە دایکان منداڵەکانیان بەوێدا ڕۆدەبەن؟))

بە حاڵەتێکی ڕەق و تەقەوە بە دوو دەستەکانی منداڵێکی خەیاڵی ڕۆدەباتە ئاوەوە. دەڵێی دیارییەکانی ئەردەشێر ڕەت دەکاتەوە.

((کەمێك هەناسە لێبڕاوانە شەویلاگەی گەورەی ولاخ ئاسای بەرەو لام سێرە دەگرێت. بۆنی تووتن و ئاوی بۆگەنی لێ دێت. چاوە واق وڕماوەکانی هاوشێوەی گۆی ئاگرین دەدرەوشێنەوە و قژی تەنکی فەرمانەیەك لە تەم دەخاتە دەوری کەللەسەری. چونکە ئەم کەللەسەرە سامۆیدەکان، نیام-نیامەکان، ماداگاسکارییەکان، هەروەها فۆئگینەکان سەرسووڕهێنەرترین ڕێوڕەسم ئاهەنگ دەگێڕن. باوکە پیرو منداڵەکانیان دەخۆن. بە ئاوازی دۆم دۆمی تەپڵ ئەوەندە بە دەورەی خۆیاندا دەسووڕێنەوە کە لە هۆش خۆیان دەچن. خۆدەدەنە دەست سەرسامی ئامووك[1].

مردووەکانیان دەسووتێنن. بە ڕووکراوەیی لەسەر سەربانەکانیان دادەنێن. ئەوان لەنێو بەلەمێکدا کە بە مەشخەڵ هەڵکراوە بەرەو ئاوی ڕووبار بەڕێدەخەن. دایك لەگەڵ کوڕ، باوك لەگەڵ کچ، برا لەگەڵ خوشکدا، هەر ئاوا بەڕێکەوت سەرجێی دەکەن. خۆیان سزادەدەن، خۆیان دەخەسێنن. بە پارچەی دارین لێوارەکانی ژێرەوەیان لێك دەکێشنەوە، خاڵی دێوەزمە لەسەر پشتیان دەکوتن.

((ئایا دەتوانرێت، هاوڕێ لەگەڵ پاسکاڵدا[2]، بگوترێ کە داب و نەریتەکان، سروشتی دووەمی مرۆڤن؟)) چاوەڕەشەکانی بڕیونە چاوەکانم و خوازیاری وەڵامێکە. دەڵێم: ((بابزانم سەبارەت بە چییە.))

هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت.

---

١- سەرسامی و شێتی خراپکار ئامێزی کە بە زۆری دانیشتووانی نیمچە دوورگەی مالایا گرفتاری دەبن. ((وەرگێڕ))

٢- پاسکال: زانای ماتماتیك، فیزیك، فەیلەسوف و نووسەری فەڕەنسایی، ١٦٦٢-١٦٢٣. ((وەرگێڕ))

((منیش هەر ئەمەم بەخۆم دەگوت، کاکە، بەڵام من زۆر بێ متمانەم بەخۆم، مرۆڤ دەبێ هەموو شتێکی خوێندبێتەوە.))

بەڵام بەدیتنی وێنەی دواتر شاگەشکە دەبێت. هاوار دەکات:

((سگۆڤیا، سگۆڤیا! من کتێبێکم دەربارەی سگۆڤیا خوێندۆتەوە.))

بەجۆرە ویقاریکەوە زیاتر دەڵێ:

((کاکە، ناوی نووسەرەکەیم لەبیر چۆتەوە، جاری وایە تووشی لە بیرچوونەوە دەبم. ن... نو... نود...))

بە توندی پێی دەڵێم: ((مەحاڵە، تۆ تەنیا گەیشتوویتە لاڕوونی...))

یەکسەر لەو قسەیە پەشیمان دەبمەوە کە کردم: لەبەر ئەوەی هیچ کاتێك ئەو دەربارەی شێوازی موتالای هیچی بەمن نەگوتووە. ڕەنگە ئەم کارە بۆ وی کەینێکی شاراوە بێت. بەڵێ، دەبینم کە گرژ دەبێ، لێو شۆڕ دەکات. پاشان سەری دادەخات و دە دوازدە پۆست کارت بەبێ دەربڕینی وشەیەك سەیر دەکات، بەڵام لەپاش سی چرکە بە باشی دەبینم کە لە تاسەیەکی زۆرەوە تووردراوەو ئەگەر قسە نەکات دەتەقێ:

((کاتێك فێربوونەکەم تەواو بکەم (شەش ساڵی دیکەم بۆ داناوە) ئەگەر دەرفەتم بدەنێ، لەگەڵ سەفەری ساڵانە بۆ خۆرهەڵاتی نزیك.)) بە ئاوازە دەنگێکی نەرم و چەورەوە دەڵێ: ((حەزدەکەم لە هەندێك خاڵدا زانیارییەکانم گەشە پێ بدەم و هەروەها حەز دەکەم کە شتێکی چاوەروان نەکراو، شتێکی تازە، واتە لە ڕاستیدا هەندێك ڕووداو بۆم ڕوو بدەن.))

دەنگی نزم کردۆتەوەو حاڵەتێکی فێڵبازانەی بەخۆ گرتووە.

بەسەرسووڕماوییەوە دەپرسم: ((چ جۆرە ڕووداوێك؟)) ((هەر جۆرێك کە بکرێت، کاکە. بە هەڵە سواربوونی شەمەندەفەر لە شارێکی نەناسراودا دابەزین. بزر کردنی کیسە باخەڵ بە هەڵە قۆڵبەست کردن، بەسەربردنی شەو لە نێو زینداندا. کاکە، پێموایە دەکرێ ئەوا باسی ڕووداو بکرێت: ڕووداوێك کە لە ئاستی ئاسایی دەردەچێت، بێ ئەوەی کە بەشێوەیەکی زەرووری لە ڕادەبەدەربێت. خەڵك باس لە جادوی ڕووداوەکان دەکەن. ئایا بە ڕای جەنابت ئەم لێکدانەوەیە دروستە؟ دەمویست پرسیارێکت لێ بکەم کاکە...

((چییە؟))

سوورهەڵدەگەڕێ و زەردەخەنە دەکات.

((بەڵام ڕەنگە خۆتێهەڵقورتان بێت...))

((نا، فەرموو.))

بەرەو لام دەچەمێتەوەو بە چاوی نیوە قوچاوەوە دەپرسێ:

((ئایا جەنابت ڕووداوی زۆرت بەسەرهاتوون، کاکە؟))

بێ ویستی خۆم وەڵام دەدەمەوە:

((چەند دانەیەك.))

ئەوسا خۆم دەکێشمەوە تاکوو هەناسە بۆن ناخۆشەکەی لێم نەدات. بەڵێ، ئەم قسەیەم بەبێ ویستی خۆم درکاند، بێ ئەوەی بیرم لێ کردبێتەوە. ڕاستییەکەی بە شێوەیەکی گشتی لەوەی کە ئەم هەموو بەسەرهاتەم هەبوون تاڕادەیەك شانازی بەخۆمەوە دەکەم، بەڵام ئەمڕۆ، ئەم وشانە گوتراو و نەگوتراو زۆر ڕقم لە خۆم هەڵدەستێ: پێموایە درۆ دەکەم، من لە تەمەنی خۆمدا. بچووکترین بەسەرهاتم نەبووە، یان باشتر وایە بڵێم کە تەنانەت ئیدی نازانم مانای ئەم وشەیە چییە. لە هەمان کاتدا هەمان دڵساردی دەکەوێتە سەر شانەکانم کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە هانۆی ترشی بووم، کاتێك کە مێرسیە پێداگری دەکرد لەگەڵیدا بڕۆم و منیش بەبێ وەڵام لە پەیکەرێکی خەمیرێك ڕامابووم. بیری لەوێیە، ئەو تۆپەڵەیە سپییە گەورەیەی کە لەو کاتەدا ئەوەندە دڵی تێکەڵ هێنابووم: چوار ساڵ دەبوو کە نەمدیتبوو. زانست وەرگر دەڵێ: ((دەکرێ تکایەکت لێ بکەم...)) ئەی هاوار! کە یەکێك لەو بەسەرهاتە باشانەی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام ئیدی نامەوێ وشەیەکیش لەمبارەیەوە بدرکێنم.

بەسەر پشت و شانە باریکەکانیدا دەنوشتێمەوە و پەنجەم لەسەر وێنەیەك دادەنێم و دەڵێم: ((ئەوێ سانتیلانەیە، جوانترین گوندی ئیسپانیا.)) ((هەمان سانتیلانەی زێدی جیل پلاس[1]؟ پێموانەبوو هەبێت. کاکە! ئاه، قسەی جەنابت چەندە بەسوودە. ئێ دیارە کە زۆرت سەفەر کردوون.)) لە پاش پڕ کردنی گیرفانەکانی زانست وەرگر لە پۆست کارت و وێنە و دیمەن، پاڵم پێوەناو لە کۆڵ خۆم کردەوە. ئەو شادر شەنگوڵ و کەیف خۆش ڕۆیشت و منیش گڵۆپەکەم کووژاندەوە. ئێستا بە تەنیام. نەك تەنیای تەنیا. هێشتا ئەو بیرەم لە پێشەو چاوەڕوان دەکات.

---

١- پاڵەوانی ڕۆمانیك بە هەمان ناو لە نووسینی نووسەری فەڕەنسایی ئالێن ڕنە لوساژ. ١٧٤٧. ((وەرگێڕ))

خۆی خڕ هەڵداوەو هاوشێوەی پشیلەیەکی فڕین لەوێ ماوە، هیچ شتێك ڕوون ناکاتەوە، جوڵە ناکات و بە گوتنی ((نا)) کۆتایی پێ دێنێ. نا، من بەسەر هاتێکم نەبووە.

سەبیلەکەم پڕ دەکەم، پێی دەکەم. لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕادەکشێم و پاڵتۆیەك دەخەمە سەر قاچەکانم. لەوێ کە ئەوەندە هەست بە خەمباری و ماندوویی دەکەم، سەرم دەسووڕمێت. تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بوایە کە من هیچ بەسەرهاتێکم نەبووە، دیسانەوە چ سوودی بۆ حاڵم هەبوو؟ یەکەم ئەوەی کە ئەمە تەنیا بابەتێکە پەیوەست بە وشەکانەوە. بۆ نموونە هەمان مەسەلەی وێکناس کە کەمێك لەمەوبەر بیرم لێدەکردەوە: مەڕاکیشیەك خۆی پێدادام و دەیویست بە چەقۆیەکی گەورە لێم بدات، بەڵام من مستێکم بۆ ڕاوەشاندو بەر سەری کەوت... پاشان بە عەرەبی دەستی کرد بە ناڵە و هاوار و سەروکەللەی کۆمەڵێکی ڕشکن پەیدا بوو، کە تاکوو بازاڕی عەتارەین ڕێمان کەوتن. ئێ، دەتوانن ئەمە هەر ناوێکی لێ بنێن کە حەزتان لێیە، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەمە ڕووداوێك بوو کە ((بەسەرمن هات)).

دنیا تاریك داهاتووە و ئیدی بە دروستی نازانم کە سەبیلەکەم پێیە یان نا. تڕامواپەك تێدەپەڕێ: بریسکەیەکی سوور لەسەر میچەکەیە. پاشان ئۆتۆمبیلێکی قورس کە خانووەکە دەهەژێنێ. دەبێ کاتژمێر شەش بێت.

من بەسەرهات گەلێکم نەبووە. مەسەلەکان، ڕووداوەکان، تووش بوون، هەرچییەکی گەرەکتان بێت بۆم هاتۆتە پێش، بەڵام بەسەرهات نا. ئەمە مەسەلەیەکی پەیوەست بە وشەکانەوە نییە، وا خەریکە تازە تێدەگەم. شتێك هەیە کە زیاتر لە شتەکانی دیکە دڵم پێوەی بەستبۆوە-بەبێ ئەوەی کە بەدروستی ئاگام لێی بێت. ئەو شتە عەشق نەبوو، خوانەکا. شانازی و سامانیش نەبوو. ئەمە بوو... بەڵێ، من وامدەزانی کە لە ساتە دیاریکراوەکاندا ئەگەری ئەوە هەبوو ژیانم چۆنیەتییەکی دەگمەن و بە نرح بەخۆوە بگرێت. هەلومەرج لە ڕادەبەدەر پێویست نەبوو. خوازیاری کەمێ ڕێکوپێکی و وردبینی بووم و بەس. ژیانی هەنوکەییم شتێکی ئەوەندە شکۆداری نییە، بەڵام ناوە ناوە، بۆ نموونە کاتێك لە کانەکاندا مۆسیقایان دەژەنی، من دەگەڕامەوە بۆ دواوەو بە خۆمم دەگوت: پێشتر، لە لەندەن، لە مێکناس، لە تۆکیۆ من ساتی بەرز و خۆشم بەخۆوە دیوە، کۆمەڵە بەسەرهاتێکم هەبووە. ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە ئێستا لە من وەرگیراوەتەوە. لە ناکاو، بەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا، هەر ئێستا پەی دەبەم کە ماوەی دە ساڵان درۆم لەگەڵ خۆمدا کردووە. بەسەرهاتەکان لەنێو

کتێبەکاندان و بە دڵنیاییەوە هەرچییەکی کە لە کتێبەکاندا دەگێڕدرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕاستیدا ڕووبدەن، بەڵام نەك بە هەمان شێوە. هەر بەم شێوازەی ڕوودان بوو کە ئەوەندە دڵم پێوەی بوو.

یەکەم ئەوەی کە سەرەتاکان دەبێ سەرەتای ڕاستەقینەبن. ئەی هاوار! ئێستا بە ڕوونی دەبینم کە چیم دەویست. سەرەتاکانی ڕاستەقینەکە هاوشێوەی دەنگی پڕزایەڵەی ترومبێت و یەکەمین نۆتەکانی ئاوازێکی جاز کە لەناکاو بەدیار دەکەوێت، کۆتایی بە بێزاری دەهێنن و ماوەی زەمەنی پتەو دەکەن، ئەو شەوانەی کە دواتر باسیان دەکەم: ((پیاسەم دەکرد، یەکێك لە شەوەکانی مانگی ئایار بوو.)) خەریکین پیاسە دەکەین، مانگ تازە سەری وەدەرناوە، تەمبەڵ و دڵ ئاسوودە و کەمێك نێو بەتاڵین. پاشانیش لە ناکاو بیردەکەینەوە: ((شتێك ڕووی داوە.)) گرنگ نییە چی: دەنگێکی بچووکی شکان لە تاریکیدا، سێبەرێکی باڵ سووك کە بە شەقامدا تێدەپەڕین، بەڵام ئەم ڕووداوە بچووکە هاووێنەی ئەوانی دیکە نییە. لە ناکاو دەبینم کە لەو پێشەوەیە تارماییەکی گەورە هەیە کە هێڵی تەنیشتی لە تەمدا ون بووەو هەروەها بەخۆمان دەڵێین: ((شتێك دەست پێدەکات.))

شتێك دەست پێدەکات تاکۆتایی پێ بێت: ڕووداوەکە ناهێڵێ لێکی بکێشنەوە، تەنیا مردن واتای دەداتێ. بەرەو ئەو مردنە، کە ڕەنگە مردنیش نەبێت، بێ گەڕانەوە لێك دەکێشم. هەر ساتێك تەنیا بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە ساتەکانی تر بهێنێت. لە قوڵایی دڵەوە بەهەر ساتێکەوە دەنووسیم: دەزانم کە ئەو ساتە تاقانەیە و شوێنگرەوەی نییە-و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ لەناوبردنی هیچ جووڵەیەك لە منەوە ڕوو نادات. ئەو دوایین خولەکی کە- لە بەرلین، لە لەندەن-لە باوەشی ئەم ژنەدا بەسەری دەبەم کە پێرێ شەو تووشی بووم- خولەکێك کە بە توندی خۆشم دەوێت، خەریکە ئەو ژنەم خۆشبووێت کە- کەمێك دواتر کۆتایی دێت و من ئەمە دەزانم. بەزوویی بەرەو وڵاتێکی تر بەڕێ دەکەوم. ئیدی نە هەرگیز ئەو ژنە دەبینمەوە نە ئەو شەوە، هەر ساتێك دەپشکنم، هەوڵدەدەم تاکوو وزەی دەرکێشم، هیچ شتێك نییە کە تێپەڕێت و نەیگرم و بۆ هەتا هەتایە لە خۆمدا نەیهێڵمەوە، هیچ شتێك، نە ناسکی ئەو چاوە جوانانە، نە هات و هاواری شەقام، نە ڕووناکایی بەرەبەیان: لەگەڵ ئەوەشدا خولەکەکە تێپەڕدەبێ و من ڕای ناگرم، حەزدەکەم تێپەڕێ. پاشان لەناکاو شتێك دەشکێت. ڕووداوەکە کۆتایی پێ هاتووە، زەمەن ڕێڕەوی شلی ڕۆژانەی دەست پێ دەکاتەوە. ئاوڕ دەدەمەوە، لە

پشتمەوە، ئەو ڕوخسارە جوان و شۆخە یەکسەر لە ڕابردوودا ڕۆدەچێت. بچووك دەبێتەوە، لەکاتی ئاوابوونی خۆیدا هەڵدەقرچێت و ئێستا کۆتایی لەگەڵ دەسپێکدا دەبنە یەك. لەو کاتەیدا کە بەچاو بەدوای ئەو خاڵە ڕەنگ زێڕینەدا دەڕۆم، بیردەکەمەوە کە ڕازی دەبم-تەنانەت کە هێندەشی نەمابێ بمرم، سامانێك یان هاوڕێیەکم لەدەست دابوو- کە هەموو شتێك سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە، لە هەمان هەل و مەرجدا، لە سەرەوە تا ژێرەوە، بەڵام بەسەرهاتەکە نە دووبارە دەست پێدەکاتەوە نەدرێژ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت.

بەڵێ، ئەمە هەمان ئەوەیە کە دەمویست-ئەی هاوار! هەر ئەوەی کە هێشتاش دەمەوێ. کاتێك کە ژنێکی ڕەش پێست گۆرانی دەڵێ زۆر شادومانم! ئەگەر ژیانی خودی من بابەتی ئەو ئاوازە بوایە نەدەگەیشتمە چ کۆمەڵە لوتکەیەك.

ئەو بیرە هێشتاش لەوێیە، بیری ناو وەرنەگر. بە ئارامی چاوەڕێ دەکات، ئێستا دەڵێی دەیەوێ بڵێ:

((بەڵێ؟ هەمان ئەو شتەیە کە تۆ دەتویست؟ باشە، ئەمە ڕێك هەمان ئەو شتەیە کە تۆ هەرگیز نەتبووە (بە بیرخۆتی بێنەوە کە بە وشەکان فێڵت لە خۆت دەکرد. فریوخواردنەمانی گەشتەکان، ڕووداوە ئەویندارییەکان لەگەڵ سۆزانییەکاندا، کێشەکان، باق و بریقەکان، ئەمانەت بە بەسەرهات ناودەبرد) و هەمان ئەو شتەیە کە هەرگیز ناتبێت-و نە کەسێکی دیکەی جگە لەخۆت.))

بەڵام بۆچی؟ بۆچی؟

**نیوەڕۆی شەممە**

زانست وەرگر منی نەدیت کە چوومە هۆڵی خوێندنەوەوە. ئەو لە کۆتایی تەلارەکە لەسەر مێزێك دانیشتبوو، کتێبێکی لەپێش خۆی دانابوو، بەڵام نەیدەخوێندەوە. بەدەم پێکەنینەوە سەیری پەنا دەستی دەکرد، کوڕێکی خوێندکاری چڵکن کە بەزۆری دێت بۆ کتێبخانە و کوڕەکە ماوەیەك لێگەڕا تاکوو تەماشای بکەن، پاشان بەشێوازێکی مەترسیدارەوە زمانی دەرهێناو نیشانی وی دا. زانست وەرگر سوور بۆوە، یەکسەر سەری خۆی خستە سەر کتێبەکە و نوقمی موتالا بوو.

گەڕامەوە سەر هەڵوەستەکانی و دوێنێم. بە تەواوی وشك ببووم: باکم نەبوو کە هیچ بەسەرهاتێك بوونی نییە، تەنیا دەمویست بزانم داخۆ ئەگەری ئەوە هەیە بەسەرهات بوونی هەبێت.

ئەو شتانەی کە بیرم لێکردنەوە ئەمانەن: بۆ ئەوەی لاپرەسەنترین ڕووداو ببێتە بەسەرهاتێك، دەبێ و هەر ئەوەندە بەسە کە دەست بکرێت بە گێڕانەوەی. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە خەڵك فریودەدات: مرۆڤ هەمیشە گێڕەرەوەی چیرۆکە، ئەو لەنێو چیرۆکەکانی خۆیداو چیرۆکەکانی دیکەدا ژیان بەسەر دەبات، هەرچییەکی بۆی ڕوودەدات لەمیانەی ئەو چیرۆکانەدا دەبینێت و هەوڵدەدات ژیانی بە جۆرێکی وا بەسەر ببات کە دەڵێی خەریکی گێڕانەوەیەتی.

بەڵام دەبێ هەڵبژێری: ژیان بەسەربردن یان گێڕانەوە. بۆ نموونە کاتێك کە لە هامبۆرگ بووم، لەگەڵ ئەو ئێرێنایەدا کە گومانی خراپم لێی هەبوو و لێم دەترسا، ژیانێکی سەیرم دەگوزەراند، بەڵام من لەنێو ئەو ژیانەدا بووم، بیرم لێ نەدەکردەوە. ئەوسا شەوێك، لە کافەیەکی بچووکدا لە سان پۆلی بۆ چوونەوە دەستاو لەلام ڕۆیشت. تەنیا مامەوە. گرامافۆنێك لەوێ بوو کە ئاوازی بلواسکای دەچڕی. دەستم کرد بەوەی کە بۆ خۆم ئەوە بگێڕمەوە کە لە پاپۆڕ دابەزیبووم-بەخۆمم گوت: ((شەوی سێهەم، هەروا کە خەریکبووم دەچوومە نێو هۆڵێکی سەماوە بەناوی ئەشکەوتی شین، چاوم بە ژنێکی باڵابەرزی نیوە سەرخۆش کەوت. ئەو ژنەش هەمان ئەو کەسەیە کە لەم ساتەدا لەکاتی بیستنی بلواسکای چاوەڕوانی و بەزوویی دەگەڕێتەوە لای ڕاستم دادەنیشێ و دەستم لە ملی دەکات.)) ئەوسا بە توندی هەستمکرد کە بەسەرهاتێکم هەیە، بەڵام ئێرێنا گەڕایەوە، لە پەنام دانیشت و دەستی لە ملی کردم و من پێم ناخۆش بوو بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانم. ئێستا تێدەگەم: هۆیەکەی ئەوەبوو کە دەبوایە لە نوێوە دەست بە ژیان بکەم و هەستی هەبوونی بەسەرهات ون ببوو.

کاتێك کە ژیان بەسەر دەبەین، هیچ شتێك ڕوو نادات، دیمەنەکان دەگۆڕێن، مرۆڤەکان دێنە ناوەوەو دەچنە دەرێ، هەمووی هەر ئەمە. هەرگیز دەسپێکێك لە گۆڕێدا نییە. ڕۆژەکان بە بەلاش و بێ هۆ لەسەر ڕۆژەکانی دیکە زیاد دەبن، ئەمە زیادبوونێکی بێ کۆتایی و یەکنەواختە. ناوە ناوە کۆیەکی بچووك لێدەدەین! دەڵێین: سێ ساڵە کە سەفەر دەکەم، سێ ساڵ دەبێ کە لە بۆڤیلم. کۆتاییەکیش لە ئارادا نییە: هەرگیز ژنێك، هاوڕێیەك، شارێك بە

یەکجاری بەجێ ناهێڵین. جگە لەوەش هەموو شتێك هاوشێوەی یەکە: شەنگهای، مۆسکۆ، ئەلجەزیرە لە پاش دوو هەفتە هەموو وەکو یەك دەچن. جاری وایە-بە دەگمەن- پێگەکەمان دیار دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لەگەڵ ژنێکدا ژیان بەسەر دەبەین، لەگەڵ مەسەلەیەکی چەپەڵدا دەرگیرین. ئەویش بۆ ساتێك. دوای ئەوە، ڕەوتەکە سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە، جارێکی تر دەست دەکەینەوە بە کۆکردنەوەی ڕۆژەکان! دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە و نیسان، ئایار، حوزەیران. ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦. ژیان بەسەربردن هەر ئەمەیە، بەڵام کاتێك ژیان دەگێڕینەوە، هەموو شتێك دەگۆڕێ، بەڵام گۆڕانێك کە هیچ کەس هەستی پێ ناکات: هۆیەکەی ئەوەیە کە خەڵك باس لە چیرۆکی ڕاستەقینە دەکەن. دەڵێی چیرۆکە ڕاستەقینەکان دەتوانن بوونیان هەبێت. ڕووداوەکان بەیەك ئاراستەدا دێنە پێش و ئێمە ئەوان لە ئاراستەی هەڵگەڕاوەدا دەگێڕینەوە. وادێتە بەرچاو کە لە سەرەتاوە دەست پێدەکەین: ((شەوێك لە شەوە جوانەکانی پاییزی ١٩٢٢ بوو. من سکرتێری نووسینگەیەك بووم لە مارووم.)) لە ڕاستیشدا لە کۆتاییەوە دەستمان پێکردووە. کۆتایی لەوێیە، نەبینراو و ئامادە و هەم ئەوە کە گرانی و سەنگینی و بایەخی سەرەتایەك دەداتە ئەم چەند وشەیە. ((لە دەرێ پیاسەم دەکرد، بێ ئەوەی هەست پێ بکەم لە گوندی چووبوومە دەرێ، بیرم لە کێشە مادییەکانم دەکردەوە.)) ئەم ڕستەیە، ئەگەر تەنیا بە هەمان شێوەی کە هەیە لەبەرچاو بگیرێت، مانا وابەدەستەوە دەدات کە ئەو کابرایە دەستەو یەخەیە، تووڕە، و سەدان فەرسەخ لە بەسەرهاتەکە دوور بووە، ڕێك لەو حاڵەدا و خولقێك کە مرۆڤ لێ دەگەڕێ ڕووداوەکان تێپەڕن بێ ئەوەی بیانبینێ، بەڵام کۆتایی لەوێیە، کۆتاییەك کە گۆڕان بەسەر هەموو شتێکدا دەهێنێ. بۆ ئێمە، ئەو کابرایە هەر ئێستا پاڵەوانی چیرۆکە.

گازەندەو گرفتارییە مادییەکانی زۆر بەنرختر بووە لە هی ئێمە و شۆق و حاڵەکانی داهاتوو هەموویانی خستۆتە سەر ڕەنگی زێڕین. چیرۆکە سەرەوبنەکەش بەرەو پێش دەچێت: ئیدی ساتەکانی خۆ و شانسی لەسەریەك کەڵەکە نابن، ساتەکان لە چنگی کۆتایی چیرۆکدا گرفتارن کە ڕایان دەکێشێ و هەرکامیشیان بە نۆرەی خۆیان ساتی پێشەنگ بەرەو خۆی پەلکێش دەکات: ((شەو داهاتبوو، شەقام چۆڵ بوو.)) ئەم ڕستەیە لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە پەڕێندراوەو خۆی بە زیادە دەنوێنێ، بەڵام ئێمە ناهێڵین کە تێیدا گیربخۆین و وەلای دەنێین: ئەمە زانیارییەکە کە دواتر لە نرخەکەی دەگەین. ئەو هەستەشمان هەیە کە پاڵەوان

وردەکارییەکانی ئەو شەوە بە جۆرێك بەسەر ببات کە دەڵێی پێشگۆیی و بەڵێنن، یان تەنانەت ئەو تەنیا ئەوانەی کە بەڵێن بوون بەسەربرد و سەبارەت بەوەی کە پێشگۆیی بەسەر هاتەکەی نەدەکرد کوێر و کەڕ بوو. ئێمە فەرامۆشی دەکەین کە داهاتوو هێشتا لەوێ نەبوو، کابرا لە شەوێکدا پیاسەی دەکرد کە نیشانەی داهاتووی تێدا نەبوو، شەوێك کە ئاوازی تێکەڵ و پێکەڵی پێشکەش دەکرد و ئەویش هەڵی نەدەبژارد.

من حەزم کردووە کە ساتەکانی ژیانم هاوشێوەی ساتەکانی ژیانێك کە دەیهێننەوە یاد بە دوای یەکتریدا بێن و رێکوپێك بن. دەکرێ مرۆڤ بە هەمان ڕادە هەوڵ بدات کە زەمەن لە دەمی بگرێتەوە.

(یەکشەممە)

ئەمڕۆ بەیانی لە بیرم چووبۆوە کە یەکشەممەیە. هەروەکوو جاران چوومە دەرێ و شەقامم تەی کرد. ئۆژنی گراندەم لەگەڵ خۆمدا هێنابوو. پاشانیش، لە پڕێکدا، هەر کە خەریك بووم دەرگای باخی میلییم دەکردەوە، هەستم کرد کە شتێك هێمام دەداتێ.

باخەکە چۆڵ و ڕووت بوو، بەڵام... چۆن بڵێم؟ شکڵ و شێوەی ئاسایی خۆی نەبوو، زەردەی بەڕوودا دەدام. ماوەیەك هەروا پاڵم بە دەرگا ئاسنەکەوە دابۆوە، پاشان، لە ناکاو، زانیم کە ئەمڕۆ یەکشەممەیە. یەکشەممە هاوشێوەی زەردەخەنەیەکی کەمی سەر درەختەکان، لەسەر چیمەنەکان بوو. نەدەکرا وەسفی بکرێت، دەبوایە زۆر بە توندی بگوترێ: ((ئەمە باخێکی میللییە، زستان، بەیانییەکی یەکشەممە.))

دەرگای مەجەرەبیم بەرەڵاکرد و ڕووم بەرەو لای ماڵ و شەقامەکانی بورژوا سووڕاند و بە دەنگێکی نزم گوتم: ((یەکشەممەیە...))

یەکشەممەیە! لە پشت شوێنەکانی بارخستنەوە، لە ڕۆخی دەریا، نزیك شەمەندەفەری بارهەڵگر، دەوران دەوری شار عەمباری بەتاڵ و ئۆتۆمبیلی بێ جووڵە لە نێو تاریکیدان، لە هەموو ماڵەکاندا، پیاوەکان لە پشت پەنجەرەکانیانەوە ڕیش دەتاشن، سەریان بۆ پشتەوە ڕاگرتووە، جاریوایە بە تێڕاماوی سەیری ئاوێنە دەکەن و جاری واشە ئاسمان سارد، تاکوو بزانن ئایا هەوا باش دەبێت. سۆزانی خانەکان دەرگاکانیان بەڕووی یەکەمین موشتەرییەکانیان، گوندییەکان و سەربازەکان، دەکەنەوە. لەنێو کڵێسەکاندا، لەبەر ڕووناکی مۆمەکاندا، پیاوێك لەبەردەم ئافرەتە بە چۆك داهاتووەکاندا شەڕاب دەخواتەوە. لە هەموو دەوروپشتەکان، لەنێو

دیواره بێ کۆتاییەکانی کارگەکان، ڕیزی درێژی ڕەش بەڕێکەوتوون، ئەوان بە هێواشی بەرەو ناوەندی شار بەرەوپێش دەچن. شەقامەکان بۆ وەرگرتنیان، شکڵ و شێوەی ئەو ڕۆژانەیان بەخۆوە گرتووە کە یاخی بوون سەری هەڵداوە! هەموو دوکانەکان، جگە لەوانەی کە کەوتوونەتە شەقامی تورن برێد، کرکرە ئاسنینەکانیان داگرتووە. زۆری پێناچێت کە ستوونە ڕەشەکان بە حاڵەتی بێدەنگەوە هێرش بۆ ئەو شەقامانە دەبەن کە خۆیان وەکوو مردوو لێکردووە: لە پێشەنگی هەموانیان کرێکارانی هێڵی ئاسنی تۆرڤیل دێن و ژنەکانیان کە لە کارگەکانی دروستکردنی سابوونی سان سمخۆرن کار دەکەن، پاشان لاپرەسەنە بورژواکانی ژۆکتبویل، ئەوسا کرێکارانی چلینی پینۆ، پاشان کرێکارەکانی هەمە کارەی گەڕەکی سان ماکسناس، پیاوەکانی تیەڕاش لە دوای هەمووان بە تڕاموای کاتژمێر یازدە دەگەنە جێ. بەزوویی کۆمەڵی ڕۆژانی یەکشەممە لە نێو دوکانە قفڵ دراوەکان و دەرگا داخراوەکان لەدایك دەبێت.

کاتژمێرێك زەنگی دەونیو لێدەدات و من بەڕێدەکەوم: یەکشەممەکان لەم کاتەدا، چ هات و هاوارێك دەکرێ لە بۆڤیل ببیندرێت، بەڵام نابێ لە دوای کۆتایی هاتنی ئێوارەخوانی ڕەبانی ئەعزەم زۆر درەنگ بگەیە جێ.

کۆڵان ژۆزیفین مولاری مردووە، بۆنی مردوخانەی لێدێت، بەڵام هاوشێوەی هەمو یەکشەممەکان، سیخناغە لە هات و هاوار، هات و هاواری هەڵکشان و داکشان. دەسووڕێمەوە بۆ نێو شەقامی پرێزیدێنت شامار کە خانووی سێ قاتی بە کرکرەی سپی درێژی هەن. زەنازەنای یەکشمۆیان ئەم شەقامی نووسینگانەی پڕ کردبوو. لە ڕێڕەوی ژێلە دەنگە دەنگەکە زیاتر دەبێت و من دەیناسمەوە! ئەمە دەنگە دەنگێکە کە مرۆڤەکان دروستی دەکەن. پاشان لەناکاو، لەلای چەپ، دەڵێی تەقینەوەیەك لە تیشك و دەنگ دروست دەبێت. گەیشتمە جێ: ئێرە شەقامی تورن بریدە. کارێك جگە لەمە نابێ بکەم کە لە نێو هاوڕەگەزەکانمدا جێگیر ببم و بەرێزان، برایانی ئەعیان ببینم کە کڵاوەکانیان بۆ ڕێزگرتن لە یەکتری لەسەر دادەگرن.

هەتاکوو هەر ئەم شەست ساڵەی دوایی هیچ کەس نەیدەوێرا چارەنووسی موعجیزەئاسای شەقامی تورن برێدی کە ئەمڕۆکە دانیشتوانی بۆڤیل بە (پڕادۆی بچووك) ناوی دەبەن، پێشبینی بکات. من نەخشەیەکی ساڵی ١٨٤٧م دیتووە کە شەقامی تورن برێد تەنانەت تێشیدا دیار نەبوو. ئەو سەردەمە بەدڵنیاییەوە کۆڵانێکی تاریك و بۆگەن بووە، بە ئاوی بۆگەن

کە لەنێو کەلێنە بەرد ڕێژکراوەکان سەرو نێوزگی ماسییەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، بەڵام، لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٣، ئەنجوومەنی میللی دروستکردنی کڵێسەیەکی لەسەر گردی مونمارتێر بە کارێکی بە سوودی گشتی ڕاگەیاند. چەند مانگ دوای ئەوە، ژنی سەرۆکی شارەوانی بۆڤیل خەونی دیت: سێنت سیسیل، قدیسەی پارێزەری لێ نازڵ بوو و سەرزەنشتی کرد. ئایا دەکرا لەگەڵیدا هەڵبکرێ کە نوخبەکانی کۆمەڵگای بۆڤیل هەموو یەکشەممەیەك بۆ چوونە کڵێسەی سان ڕنە یان کڵێسەی سان کلۆدین و گوێگرتن بۆ ڕێوڕەسمی ئێوارەی ڕەبانی لەگەڵ دوکاندارەکان خۆیان قوڕاوی بکەن؟ ئایا ئەنجوومەنی میللی سەر مەشقێکی دانەنابوو؟ بە بەرەکەتی پشتیوانی خواوەند، بۆڤیل ئێستا پێگەیەکی ئابووری پلە یەکی هەبوو. ئایا شیاو نەبوو کە کڵێسەیەك بۆ سوپاسگوزاری لە دەرگای خواوەند دروست بکرێت. ئەم سروشە ڕووبەڕوی قبوڵکردنی چاکە بۆوە: ئەنجوومەنی شار دانیشتنێکی مێژوویی سازکرد و کۆسقۆن کۆکردنەوەی هاوکارییەکانی گرتە ئەستۆ. مایەوە هەڵبژاردنی شوێنەکە. بنەماڵە کۆنە بازرگانەکان و خاوەن کەشتییەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بیناکە لە لووتکەی کودتور، ئەو شوێنەی کە ئەوان لێی نیشتەجێ بوون دروستبکرێت، ((بۆ ئەوەی سێنت سیسیل پاسەوانی بۆ سەر بۆڤیل بکات، هەروەکو کە کڵێسەی ساکرە کوردۆ ژزۆ پاسەوانی سەر پاریس بوو.)) ئەمجار بووە پیاوەکانی جووت سایدی ماریتیم، کە هێشتا بە ژمارەکەم بەڵام زۆر دەوڵەمەند بوون، ناڕەزاییان دەربڕی: ئەوەی پێویست بوو دەیاندا، بەڵام دەبوایە کڵێسەکە لە گۆڕەپانی مارینیان دروست بکرێت. ئەگەر ئەوان پارەیان بۆ کڵێسەیەك دەدا، دەیانویست بتوانن سوودی لێ وەربگرن. ئەوان پێیان ناخۆش نەبوو کە تامی دەسەڵاتیان بەو بورژوا پڕ فیزانە بچێژن کە بە چاوی تازە پێگەیشتووەکان سەیریان دەکردن. ئۆسقۆف تەگبیرێکی کرد: کڵێسەکە لە ناوەڕاستی ڕێگای لا کۆتۆڤۆر و جوت سایدی ماریتیم دروست کرا. لە گۆڕەپانی هال ئۆمۆر کە ناوی شووشتنەوەی گۆڕەپانی سان سیسیل دۆلامری پێ درا. ئەم بینا زەبەلاحە کە لە ساڵی ١٨٨٧دا دروست کرا، کەمتر لە چواردە ملیۆن فرانکی تێنەچوو.

شەقامی تۆرن برێد کەپان، بەڵام پیس و بەر ئاو بوو، یەکسەر دەبوایە لە نوێ دروست بکرایەوەو دانیشتووانی بە توندی بەرەو پشت گۆڕەپانی سێنت سیسیل ڕاونران. پڕادۆی بچووك-بەتایبەتی بەیانیانی یەکشەممە- بووە ژوانگەی ڕازاوەکان و بەناو بانگەکان. کۆمەڵە دوکانێکی جوان یەك یەك بە ڕووی ڕێڕەوی نوخبەکاندا کرانەوە. ئەو دووشەممانەی جەژنی پاك،

تەواوی شەوی نوشێل و هەموو یەکشەممەکان تاکوو نیوەڕۆ کراوەن. لە پەنا قەسابێکی گۆشتی بەرازی ژۆلین کە پیراشکیە[1] گەرمەکانی بەناوبانگە، شیرنەمەنی فرۆشی فولون کەلوپەلی بەناوبانگ پێشکەش دەکات، شیرنەمەنی بەتام و خۆشی شێوە مزرامی لە گۆی ئەرخەوانی کە سەرەکەی وەنەوشەیەکی شەکەتی لەسەرە. لە جامخانەی کتێب فرۆشی دۆپانیدا نوێترین بڵاوکراوەی پلۆن، چەند کتێبێکی هونەری هاوشێوەی تیۆرییەکی دەربارەی پاپۆڕەوانی یان نامەیەك دەربارەی بادەوانەکان، مێژوویەکی گەورەو وێنەداری شاری بۆڤیل و هەروەها چاپە لوکسیە جوانەکانی کە بە شێوازی گرانبەها دروست کراوە: کونیگسمارك بە بەرگی چەرمی شینەوە، کتێبی کوڕەکانی من نووسینی پۆل دومیٚ بە بەرگی چەرمی زەرد و خۆڵەمێشی و گوڵی ئەرخەوانییەوە. دوکانی گیسلن (درومانی بیٚ وێنە، مۆدێلە پاریسییەکان) گوڵ فرۆشی پیەژوا لە ئاسەوارفرۆشییەکەی پاکن جیا دەکاتەوە. ئاڕایشگای گۆستاڤ، کە چوار مانێکۆیستی[2] هەیە، نهۆمی یەکەمی بینایەکی تازە دروستکراوی ڕەنگ زەردی گرتووە.

دوو ساڵ لەمەوبەر، لەسەر سووچی بن بەستی مۆلن ژمۆ و شەقامی تورن برێد، دوکانێکی بیٚ شەرم هێشتا ڕێکلامی بۆ مێش کوژێك بە ناوی توپونە دەکرد. ئەو دوکانە کاتێك کە ماسی ڕۆنیان لە گۆڕەپانی سێنت سیسیل جاڕدەدا برەوی پێدرابوو، سەد ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێدەپەڕی. بە دەگمەن شووشەکانی جامخانەکەیان دەشووشت: بۆ دیتنی کۆمەڵێك مرۆڤۆچکەی مۆمی لە پشت تەم و مژەوە، دەبوایە هەوڵ بدەی. مرۆڤۆچکەکان بەشی سەرەوەی جەستەیان بەرگی سووریان لەبەردا بوو و دەرخەری مشکەکانی بیابان و ناومالٚ بوون. ئەم گیاندارانە بە گۆچان کوتانەوە لە پاپۆڕێك دادەبەزین، هێشتا پێیان نەگەیشتبووە سەر وشکایی کە کچێکی لادێی کە بە شێوەیەکی دلڕفێن بەرگی پۆشیبوو، بەڵام ڕەنگ بزرکاو و چڵکن بوو، مێش کوژی توپونەی پێهەڵدەپرژاندن و ڕاوی دەنان. من ئەو دوکانەم زۆر خۆشدەویست. حاڵەتێکی بیٚ شەرم و بیٚ حەیا و دزێوی هەبوو، مافی ئافات و پۆخەڵییەکانی لەمەودوای دوو هەنگاوی گرانترین کڵێسەی فەڕەنسای بیٚ شەرمانە دێنایەوە یاد.

---

١- پیراشك: جۆرە نانێکی شیرینە. ((وەرگێڕ))

٢- ئەو کەسەی کە ئاڕایشی دەست دەکات. ((وەرگێڕ))

فرۆشیاری پیری دەرمانە گیاییەکان ساڵی پار مردو برازاکەی موڵکەکەی فرۆشت. تێکدانی چەند دیوارێك بەس بوو: ئێستا تەلارێکی بچووك دروستکراوە، بە ئاوی لابونیوئیر. ساڵی پار هانری بۆردۆ گفتوگۆیەکی دەربارەی شاخەوانی لەوێ ئەنجامدا.

لە شەقامی تورن برێد نابێ بە پەلە بی: خێزانەکان بە ئارامی ڕێگا دەبڕن. جاری وایە ڕیزێك پێش دەکەوین، چون تەواوی خێزانێك چوونەتە نێو دوکانی فولون یان پیەژوا، بەڵام لەکاتی دیکەدا دەبێ ڕاوەستێ چونکە دوو خێزان، یەکێکیان هی ئەوەی کە بەدەستی سەرەوەدا دەڕواو ئەویتر هی ئەو ستوونەیە کە لە خوارێ ڕادێت، تێك هەڵەنگوتون و بە توندی دەستی یەکتریان گرتووە. من هێواش هێواش بەرەوپێش دەچم. سەروگەردەنێك لە هەردووك ڕیزەکە بەرزترم و کڵاوەکان دەبینم، دەریایەك کڵاو. زۆربەیان ڕەش و ڕەقن. جاری وایە کڵاوێك دەبینرێت کە لە کۆتایی قۆڵێکدا هەڵدەفڕێ و بریقەی سەرێك بەدیار دەخات. پاشان، لەدوای چەند فڕینێکی قورس، دەچێتەوە سەر جێگای خۆی. لە ژمارە ١٦ی شەقامی تورن برێد، ئۆربنی کڵاوفرۆش، پسپۆڕی کڵاوە بە روخی سەکەری، کڵاوی گەورەو سووری تایبەت بە ئوسقۆفە ئەعزەمەکان هەروەکوو هێمایەك لەبەر دەرکی دوکان هەڵواسیوە، کە گوڵۆنکە زێڕینەکانی لە دوو مەتری زەوییەوە هەڵواسراوە.

کۆمەڵەکە ڕادەوەستن: ڕێك لە ژێر گوڵۆنکەکان گرووپێك پێك هاتووە. ئەوەی پەنادەستم چاوەڕێ دەمێنێتەوە، قۆڵی ڕەتەڵان دەبات: دڵنیام کە ئەم پیرەمێردە جەستە بچووکە ڕەنگ بزرکاوە و لە شکان هاتووە وەکوو قاچی چینی، کوفیەی سەرۆکی ژووری بازرگانییە. بە مرۆڤێکی ترسێنەر دێتە بەرچاوم، چونکە قەت قسە ناکات. ئەو لەسەر کوتوڤۆر لە خانوویەکی خشتەیی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات کە پەنجەرەکانی هەمیشە چوار تاقەن. تەواو بوو: گرووپەکە لەبەر یەك هەڵوەشا، دووبارە بەرێدەکەومەوە. گرووپێکی دیکەی نوێ پێکهات، بەڵام ئەمەیان شوێنێکی کەمتر دەگرێت: هێشتا پێکنەهاتووە کە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر جامخانەی دوکانی کیسلن. ڕیزەکە تەنانەت ڕاشناوەستێ: مقۆمقۆیەکی کەم دروست دەبێت، بە پەنا شەش کەسدا تێدەپەڕم کە دەستی یەکتریان گرتووە: ((سڵاو کاکە، سڵاو کاکە گیان، چۆنن؟ تکایە کڵاوەکانتان لەسەر بکەنەوە کاکە، سەرماتان دەبێت. سوپاس خاتوون، گەرما نییە. ئازیزم، دوکتۆر لوفرانسوات پێ دەناسێنم. دوکتۆر، زۆر دڵخۆشم بە ناسینتان، مێردەکەم هەمیشە لەبارەی دوکتۆر لوفرانسواوە قسەم لەگەڵدا دەکات کە چەندە بە باشی چاودێری کرد،

بەڵام تکاتان لێدەکەم، کڵاوەکانتان لەسەر کەنەوە دوکتۆر، لەو سەرمایەدا نەخۆش دەکەوی، بەڵام دوکتۆر زوو چارەسەری خۆی دەکات ئەی بابا خاتوون، ئەوە دوکتۆرەکانن کە لە هەموان خراپتر تووش دەبن. دوکتۆر مۆسیقازانێکی بەرجەستەیە. ئەی هاوار دوکتۆر، نەمدەزانی، ڤیالۆن دەژەنی؟ دوکتۆر زۆر بە توانایە.)) پیرەمێردی تەنیشت من بە دڵنیاییەوە کوفیەیە، یەکێك لە ئافرەتەکانی گرووپەکە، ئەو ڕەشتاڵە، خەریکە بە چاو دەیخوات و لە هەمانکاتدا زەردەخەنە بە ڕووی دوکتۆردا دەدات. دەڵێی بیر دەکاتەوە: ((ئەمە کاك کوفیەی سەرۆکی ژووری بازرگانییە، شکڵ و شێوەیەکی چەندە ترسێنەری هەیە، زۆر سارد دێتە بەرچاو.)) بەڵام کاك کوفیە بە شیاوی نەزانیوە کە سەیری شتێك بکات: ئەمانە خەڵکی جووت سایدی ماریتیمن، بە مرۆڤ ناژمێردرێن. لەو کاتەوەی کە دێمە ئەم شەقامە، تاکوو کڵاو بەرزکردنەوەکانی یەکشەممە ببینم، فێربووم کە خەڵکی جووت ساید لە خەڵکی کۆتۆڤۆر لێك جیا بکەمەوە. هەر کاتێك کەسێك پاڵتۆیەکی لێوار نوێی لەبەردایە و کڵاوی لبادی نەرمی لەسەرە و کراسێکی سپی درەوشاوەی پۆشیوە، کاتێك لە ڕۆیشتنندا شکڵ و شێوەی دەگۆڕێت، ئەگەری هەڵەیەك نییە: ئەو لە خەڵکی جووت سایدی ماریتیمە. خەڵکانی کۆتۆڤۆر لە شکڵ و شێوەی لەڕو لاوازی لە وەسف نەهاتوویانەوە دەناسرێنەوە. شانی باریکیان هەیە و حاڵەتێکی بێ باکانە لە ڕوخسارە داتەپیوەکانیاندایە. ئەم برایە قەڵەوەی کە دەستی منداڵێکی گرتووە، دڵنیام کە هی کۆتۆڤۆر: ڕوخساری خۆڵەمێشی و بوینباغەکەشی وەکوو گوریس گرێ دراوە.

پیاوە قەڵەوەکە لێمان نزیك دەبێتەوە: لە کاك کوفیە ڕادەمێنێ، بەڵام کەمێك بەر لەوەی بە پەنایدا تێپەڕێ، ئاوڕ دەداتەوە و دەست دەکات بە گاڵتەکردنی باوکانە لەگەڵ کوڕە بچووکەکەیدا. چەند هەنگاوێکی دیکە دەنێت، بەسەر کوڕەکەیدا چەماوەتەوە، چاوی بڕاونەتە چاوەکانی ئەو، لەو کاتەشدا جگە لە باوك هیچی تر نییە، پاشان لە پڕێکدا، بە تووندی سەر بۆ لای ئێمە دەسووڕێنێ، چاو بە پیرەمێردە جەستە بچووکەکەدا دەگێڕێ و بە جووڵەی قۆڵی سڵاوێکی وشك دەکات. کوڕیژگەکە کە شڵەژاوە، کڵاوەکەی لەسەر سەر لانادات! ئەمە کارێکی پەیوەستە بە گەورەترەکانەوە.

لەسەر سووچی شەقامی باس دۆڤیل، ڕیزی ئێمە تووشی ڕیزی ئەو بڕوادارانە دەبێت کە لە ڕێوڕەسمی ئێوارەی ڕەبانی دێنەدەرێ: دە دوازدە کەس پێك دەکەون و بەدەم سووڕانەوەوە سڵاو لە یەکتری دەکەن، بەڵام کڵاو لادانەکان ئەوەندە خێرایە کە ناتوانم وردەکارییەکانی ببینم.

لەسەر سەری ئەو حەشاماتە قەڵەو و ڕەنگ بزڕکاوەدا، کڵێسەی سان سیسیل پەیکەری زەبەلاحی سپییەکەی هەڵکردووە: سپییەکی گەچ شێوە بەسەر ڕووبەری ئاسمانێکی تاریکدا ((کڵێسە لە پشت ئەم دیوارە درەوشاوانەوە، کەمێك لە تاریکی شەو لە ورگیدا دەپارێزێت. دووبارە بەرێدەکەوینەوە، ئەمجارە بە تەرتیبێك کە کەمێك گۆڕاوە. کاك کوفیەیان لە پشت منەوە پاڵ ناوە. خاتوونێك بە جلی شینەوە بە کەلەکەمەوە نووساوە. ئەو لە ڕێوڕەسمی ئێوارەی ڕەبانی دێتەوە. چاوانی لێك دەنێت، لە گەڕانەوە بۆ نێو ڕووناکایی بەیانی کەمێك تێڕاماوە. ئەو پیاوەی کە لە پێشییەوە دەڕوات و ملێکی باریکی هەیە مێردییەتی.

لە پیادەڕۆی بەرامبەر، ئەو پیاوەی کە بن باڵی ژنەکەی گرتووە، چەند وشەیەکی بە گوێدا چرپاندو زەردەخەنەی کرد. ژنەکە یەکسەر و بە وردبینییەوە ڕوخساری ڕەنگ قەیماغی لە هەموو حاڵەتێك دەسڕێتەوە و کوێرانە چەند هەنگاوێك دەنێت دەربارەی ئەم هێمایانە ناکرێ بە هەڵەدا بچن: نیازیان هەیە سڵاو لە کەسێك بکەن. لە ڕاستیدا، ساتێك دوای ئەوە، پیاوەکە دەستی بۆ هەوار ڕادەوەشێنێ. کاتێك پەنجەکانی دەگەنە کڵاوە مبارییەکەی، بۆ ساتێك هەڵوەستە دەکات و پاشان بەناسکی دەکەوێتە سەر کڵاوەکەی. لەمیانەی ئەوەدا کە کابرا کڵاوەکەی بە ئارامی هەڵدەگرێت و هەروەها سەری بۆ هاوکاری کردنی لادانی کڵاوەکە کەمێك دادەنەوێنێ، ژنەکەی بازێکی بچووك دەداو زەردەخەنەیەکی گەنجانەی دەکەوێتە سەر ڕوخساری. سێبەرێك بە کڕنۆش بردنەوە لە پەنایاندا تێدەپەڕێت، بەڵام زەردەخەنە جمکەکانی ئەوان لە ڕوخساریان ناسڕدرێتەوە. تا چەند ساتێك بەهۆی جۆرێك تایبەتمەندی موگناتیسی ماوە، لەسەر لێوەکانیان دەمێنێتەوە. کاتێك کە کاکە و خاتوون بە تەکمدا تێدەپەڕن، ئارامی خۆیانیان وەرگرتۆتەوە، بەڵام هێشتاش حاڵەتێکی شاد لە دەوری دەمیان ماوەتەوە.

تەواو بوو: قەرەباڵغی کەمترە، کڵاو لادانەکان کەمتر دەبێتەوە، درەوشاوەیی جوانی جامخانەکان کەم دەبێتەوە. من گەیشتوومەتە کۆتایی شەقامی تورن برێد. ئایا لە شەقام بپەڕمەوەو پیادەڕۆی بەرامبەری شەقامەکە لەملایەوە تەی بکەم؟ بیردەکەمەوە کە بەسمە، بە ئەندازەی پێویست لەو کەللە ڕەنگ پەمەییانە و ئەو ڕوخسارە باریك و کەسایەتی و ڕەنگ کاڵ بۆوانەم دیتووە.

دەمەوێ لە شەقامی مارینیان بپەڕمەوە. کاتێك کە خەریکم بە پارێزەوە خۆم لە ڕیزی خەڵك دەپچڕمەوە، سەری پیاوێکی ڕاستەقینە لە نزیك من لە کڵاوێکی ڕەشەوە دێتەدەرێ.

ئەمە مێردی ئەو خاتوونەیە کە جلی شینی لەبەردایە. ئاه، سەرێکی درێژی چەندە جوان، بەو قژە کورتە پڕەی کە لەسەری ڕواوە! سمێڵێکی ئەمەریکایی چەند جوان، کە تاڵە مووی ڕەنگ خۆڵەمێشی تێدا بڵاوە. بەتایبەتی چ زەردەخەنەیەك، چ زەردەخەنەیەکی بەرزی رۆشنبیرانە! هەروەها شوێنیٚ: لەسەر لووت! چاویلکەیەکی بیٚ دەسکە.

ڕووی لە ژنەکەی کردو گوتی:

((ئەوە پلاندانەری نوێی کارگەیە. نازانم لێرە چی دەکات. گەنجێکی باشە، بە شەرمەو دەبێتە هۆی خافڵانم.)) پلاندانەری گەنج لە پەنا جامخانەی دوکانی گۆشت فرۆشی بەرازی ژۆلین ڕاوەستاوە. ئەو هەر ئێستا دووبارە کڵاوەکەی لەسەر ناوەتەوە، هێشتا پەمەیی پەمەییە، چاوی دانەواندوون، حاڵەتێکی دزێوی هەیە، کەیف لەسەرو ڕوخساری دەباریٚ. لەوانەیە یەکەمین یەکشەممە بێت کە وێراوە بە شەقامی تورن برێودا تێپەڕیٚ. وەکو کوڕێك دەچێت کە تازە بەشداری لە یەکەمین ڕێوڕەسمی ئێوارەی ڕەبانیدا کردووە. دەستەکانی لە پشتییەوە کردوونە قولاپە و ڕوخساری بە شەرمێکی شاگەشکە خولقێنەوە بەرەو جامخانەکە سووڕاندووە. بیٚ ئەوەی ببینێت، سەیری ئەو چوار سوسیسە دەکات کە لە شیلەوە دەدرەوشێنەوە لەسەر کەوەر ڕازاونەتەوە.

ژنێك لە دوکانی گۆشت فرۆشییەکە دێتەدەریٚ و بن باڵی دەگریٚ، هاوسەرەکەیەتی کە وێڕای پێستی چرچی گەنج گەنجە. ئەوەندەی پێی خۆش بێت دەتوانیٚ لە دەوروبەری شەقامی تورن برێد بسووڕێتەوە، بەڵام هیچ کەس لەجیاتی خاتوونێك وەری ناگریٚ. بریسکەی گوماناوی چاوەکانی، ئاشکرای دەکەن. خاتوونە ڕاستەقینەکان نرخی شتەکانیان نەدەدا، ئەوان گەزافکار جوانیان خۆشدەوێت، چاوەکانیان گوڵی جوانی بیٚ گوناهن، گوڵەکانی گەرمخانە.

ڕێك لەکاتی لێدانی زەنگی کاتژمێر یەك دەگەمە ڕێستوڕانی ڤێزلیز. هەروەکوو جاران، پیرەمێردەکان لەوێن. دووکەسیان هەر لە ئێستاوە دەستیان کردووە بە خواردنی خواردنەکەیان. چوار کەسیان خەریکن یاری کاغەز دەکەن و خواردنەوەی ئیشتیاهێنەر دەخۆنەوە. ئەوانی دیکە، لەمیانەی ڕازاندنەوەی مێزەکانین، ڕاوەستاون و سەیری یاری ئەوان دەکەن. بەرزترینیان کە ڕیشێکی بادراوی هەیە، دەڵاڵی پشکەکانە. یەکێکی دیکە، پلەداری خانەنشینی ئیدارەی ناونووسینی هێزی دەریاییە. هاوشێوەی بیست ساڵەکان دەخۆن و دەخۆنەوە. یەکشەممەکان

خواردنی کەلەم دەخۆن. ئەوانەی درەنگ هاتوون، ئەوانە لە پرسیاریان دەگرن کە خەریکی خواردنن:

((چی؟ هەمان خۆراکی کەلەمی یەکشەممە؟))

دادەنیشن و دڵخۆشانە ئاخ هەڵدەکێشن:

((ماریت گیانم، بیرەیەکی بێ کەف و خواردنی کەلەم.))

ئەم ماریتە کچێکی کەتەیە، کاتێك خەریکم لەسەر مێزێك لە کۆتایی چێشتخانە دادەنیشم، ڤیرمۆت بۆ پیرەمێردێکی ڕوخسار سوور تێدەکات کە تووشی کۆخەیەکی توند دەبێت. پیرەمێردەکە بەدەم کۆخەوە دەڵێت: ((یالڵا، زیاترم بۆ تێکە.))

بەڵام ماریتیش تووڕە دەبێت: ئەو هێشتا دەستی لە تێکردن هەڵنەگرتبوو.

((وامن خەریکە تێدەکەم. چیتە؟ وەکو مرۆڤێکی کە هێشتا بریندار نەبووەو هات و هاوار دەکات.)) ئەوندی تر دەدەنە قاقای پێکەنین.

((باش چارەی کردی!))

دەلاڵی پشکەکان بەدەم ڕۆیشتنەوە کە دادەنیشێ، شانەکانی ماریت دەگرێ:

((ئەمڕۆ یەکشەممەیە، ماریت. دوای نیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەت دەچییە سینەما؟))

((ئەی بابە! ئەمڕۆ پشووی ئانتوانتە. دەبێ ئێرە هەڵسووڕێنم و باسی هاوڕێی کوڕیش لە گۆڕێ نییە.))

دەلاڵی پشکەکان بەرامبەر پیرەمێردە پاك و خاوێنە ڕیش تاشراوەکە دانیشت کە شکڵ و شێوەیەکی چارەڕەشانەی هەبوو. پیرە مێردە ریش تاشراوەکە یەکسەر دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی شاگەشکە خولقێن. دەلاڵی پشکەکان گوێی بۆ ناگرێت: بە شکڵ و شێوەی بزێوی دەکات و ڕیشی خۆی ڕادەکێشێ. ئەوان قەت گوێ بۆ قسەی یەکتری ناگرن.

من ئەوانەی پەنام دەناسمەوە: کاسبکارە وردە و پردەکانی گەڕەکن. یەکشەممەکان کارەکەرەکەیان مۆڵەت دەدرێت. بۆیە دێنە ئێرەو هەمیشە لەسەر ئەو مێزە دادەنیشن.

مێردەکە گۆشتی ئاوداری پەراسووی مانگا دەخوات. ناوە ناوە لە نزیکەوە سەیری دەکات و بۆنی دەکا. هاوسەرەکە دەست بۆ خواردنەکە دەبات. ئەو ژنێکی سوورەی بە هەیکەلی تەمەن چڵ ساڵانە بە گیپی سووری توکدارەوە. لەژێر بلوزە ئەتڵەسییەکەیەوە مەمکی جوانی

تورتی هەن. وەکو پیاوەکان لەسەر هەر خواردنێك شووشەیەك شەڕابی بۆرۆدوی سوور فڕ دەکات.

دەمەوێ ئۆژنی گڕاندێ بخوێنمەوە. نەك لەبەر ئەوەی چێژێکی زۆری لێوەردەگرم: بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە دەبێ کارێك بکەم. بەڕێکەوت کتێبەکە لێك دەکەمەوە: دایك و کچ باس لە عەشقی تازە سەرهەڵداو لە دڵی ئۆژنیدا دەکەن: ئۆژنی دەستی ماچ کرد و گوتی:

((دایە گیان، تۆ چەندە جوانی!))

ڕوخساری پیری دایك، کە بەهۆی ڕەنجی درێژخایەنەوە لۆچی کردبوو، بە بیستنی ئەم وشانە گەشایەوە.

ئۆژنی پرسی: ((پەسەندی دەکەی؟))

خاتوو گڕاندێ لە بری وەڵام، زەردەخەنەی کرد، پاشان، لە دوای ساتێك بێدەنگی، بە دەنگی لەسەرخۆوە گوتی:

((کەواتە هەر لە ئێستاوە دڵی خۆتت دۆڕاندووە؟ ئەم کارە پەسەند نییە.))

ئۆژنی درێژەی دایە: ((پەسەند نییە؟ بۆ؟ بۆ پەسەندی دەکەی، نانون پەسەندی دەکات، بۆچی من پەسەندی نەکەم؟ یالا دایە، وەرە بامێزەکەی بۆ خواردنی نیوەڕۆ بڕازێنینەوە.))

کاری درومانی وەلانێ، دایکیشی وایکرد و پێی گوت:

((تۆ شێتی!)).

بەڵام ئەو بە بەشداربوون لەگەڵ شێتی کچەکەیدا، چێژی لە پاساودانی وەردەگرت.

ئۆژنی، بانگی نانونی کرد.

((دیسان چیت دەوێ خاتوون؟))

((نانون، بۆ نیوەڕۆ قەیماغت هەیە؟))

کارەکەری پیر وەڵامی دایەوە: ((ئاها! بۆ نیوەڕۆ، بەڵێ.))

((باشە، قاوەی پڕ مایەی بدەیە، لە موسیۆگڕاسنم بیستووە کە لە پاریس قاوەی پڕ مایە دروست دەکەن. قاوەی زۆر تێکە.))

((بفەرموو لە کوێ پەیدای بکەم؟))

((بیکڕە.))

((ئەی ئەگەر ئاغا ببینێ چی؟))

((ئەو لە کێڵگەیە...))

لەو کاتەوەی کە هاتوومە ژووری ئەوانەی تەکم بێدەنگ بوون، بەڵام لە ناکاو دەنگی مێردەکە زنجیرەی خوێندنەوەی پچڕاندم.

مێردەکە بە گەشی و نهێنی ئامێزەوە گوتی:

((بەڕاست، بینیت؟))

ژنەکە ڕادەچڵەکێ و تەماشای دەکات، بە جۆرێکە کە لە خەیاڵێکەوە بێتە دەرێ. مێردەکە دەخواو دەخواتەوە. پاشان بە هەمان حاڵەتی زیرەکانەوە دەست پێدەکاتەوە:

((ها، ها!))

ساتێك بێدەنگی. ژنە دووبارە نوقمی خەیاڵ بۆوە. لەناکاو دەلەرزێ و دەپرسێت:

((ئەوە دەڵێی چی؟))

((سۆزان، دوێنێ.))

ژنەکە دەڵێ: ((ئاه بەڵێ، چووبوو ڤیکتۆر ببینێ.))

((چیم پێ گوتبووی؟))

ژنەکە بەبێ تاقەتی قاپەکەی وەلا دەنێ.

((باش نییە.))

لێواری قاپەکەی بەو پارچە کرکراگە کە لە دەرێ هەڵمساون، ڕازاندۆتە. مێردەکە زنجیرەی بیری بەردوام دەبێت.

((ئەو ژنەی کە...))

بێدەنگ دەبێ و زەردەخەنەیەکی شاراوە دەکەوێتە سەر ڕوخساری. لە بەرامبەر ئێمە دەلاڵی پیری پشکەکان کەمێك بە هەناسەبڕکێوە قۆڵی ماریت دەلاوێنێتەوە. لە دوای ساتێك:

((ئەمەم یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر پێ گوتبووی.))

((چیت پێ گوتبووم؟))

((بەسەرهاتی ڤیکتۆر، کە سۆزان دەچێتە سەردانی.))

مێردەکە لە ناکاو بە حاڵەتێکی سەرسامانەوە دەپرسێت:

((مەسەلە چییە؟ پێت خۆش نییە؟))

((باش نییە.))

پیاوەکە بە گرنگییەوە دەڵێ: ((ئەمەیان جیاوازە، وەکوو ئەو کاتانە نییە کە هاکار لێرەبوو. دەزانی هاکار لە کوێیە؟))

((بۆ لە درمرمی نییە؟))

((با، با، کی پێی گوتی؟))

((بۆخۆتت گوتت، رۆژی یەکشەممە.))

ژنەکە ئەو پارچە نانە هەویرە دەخوات کە لەسەر سەرمێزی کاغەزی کەوتووە. پاشان، لە کاتێکدا کە بەدەستی کاغەزی سەر رۆخی مێزەکە ساف دەکات، بە لالەپەتی دەڵێ:

((دەزانی، تۆ بە هەڵە داچووی، سۆزان زیاتر...)) پیاوەکە بە زەین بڵاوییەوە وەڵام دەداتەوە:

((ڕەنگە، ئازیزم، ڕەنگە.)) بە نیگای بەدوای ماریتدا دەگەڕێ، ئاماژە دەداتێ.

((هەوا گەرمە.))

ماریت خۆمانانە پاڵ بە رۆخی مێزەکەوە دەدات.

ژنەکە بەناڵەوە دەڵێ: ((ئۆها! بەڵێ، هەوا گەرمە. مرۆڤ لێرە دەخنکێ و جگە لەمەش گۆشت گایەکەی چاك نییە. ئەمە بە خاوەن کافەکە دەڵێم. وەکو جاران نییە. ماریت گیان، کەمێك پەنجەرەکە بکەوە.))

مێردەکەی دێتەوە سەرخۆ:

((بەڕاست، چاوەکانت نەدیت؟))

((چ کاتێك، ئازیزم؟))

پیاوەکە بەبێ تاقەتی لاسای دەکاتەوە:

((چ کاتێك، ئازیزم؟ خۆتی خۆتی: لە هاویندا کاتێك بەفر دەبارێت.))

((دەتەوێ بڵێی دوێنی؟ ئەها.))

پیاوە پێدەکەنێ، سەیری دوورە دەست دەکات، زۆر توونت و بە جۆرێك هەوڵەوە دەخوێنێتەوە:

((چاوانی پشیلە بەسەر خۆڵەمێشەوە.))

ئەوەندە ڕازییە کە دەڵێی لەبیری چۆتەوە ویستوویەتی بڵێ چی: ژنەکەش بە نۆرەی خۆی و بەبێ زیرەکی دێتەوە سەرخۆی.

((هاها، زلەی خراپکار.))
بە لاپیتکەی بچووك لە شانی مێردەکەی دەدات.
((زلەی خراپکار، زلەی خراپکار.))
پیاوەکە بە دڵنیایی زیاترەوە دووبارەی دەکاتەوە:
((پشیلەیەك لەسەر خەلوارە.))
بەڵام ژنەکە ئیدی پێناکەنێ.
((نا، بەڕاستی، دەزانی، ئەو جیدییە.))
پیاوەکە بەرەو پێشەوە دەنوشتێتەوە، بە سرتە چیرۆکێکی درێژ بۆ ژنەکە دەگێڕێتەوە. ژنەکە بۆ ساتێك بە زاری قژەوە گوێ دەگرێت، ڕوخساری کەمێك کێشراو و شادە، وەکوو کەسێك کە دەیەوێ مژێك لێداو بداتە قاقای پێکەنین. پاشان، لەناکاو، خۆی دەکێشێتەوە دواوەو پڕ بە دەستەکانی پیاوەکەدا دەکات.
((ڕاست نییە، ڕاست نییە.))
پیاوەکە بە ئاوازە دەنگێکی ئاقڵانە و گران و سەنگینەوە دەڵێ: ((گوێ بگرە گیانەکەم، بۆخۆی ئەمەی گوت: ئەگەر ڕاستی نەبوو ئەی بۆ وایگوت؟))
((نا، نا.))
((بەڵام بۆ خۆی وای گوت: گوێ بگرە، وای دانێ کە...))
ژنە دەداتە قاقای پێکەنین:
((من پێدەکەنم، چونکە خەریکم بیر لە ڕنە دەکەمەوە.))
((ئا.))
پیاوەکەش پێدەکەنێ. ژنەکە بە دەنگێکی نزم و گرنگەوە درێژە بە قسەکەی دەدات:
((کەواتە ئەو سێ شەممە تێگەیی.))
((پێنج شەممە.))
((نا، سێ شەممە، دەزانی کە لەبەر...))
ژنەکە جۆرێك شێوە هێلکەیی لە هەوادا دەکێشێ. بێدەنگی درێژ. مێردەکە هەویری نانەکە لە ساسەکەدا دەخوسێنێ. ماریتس قاپەکان دەگۆڕێ و شیرینیان بۆ دەهێنێ. منیش

دواتر شیرینی دەخۆم. لەناکاو ژنەکە، کەمێك خەیاڵاوی و بە زەردەخەنەیەکی لەخۆباییانەوە و کەمێك داچڵەکیو لەسەر لێو بە دەنگێکی کێشراوەوە دەڵێ:

((ئۆه نا، چ جۆرە قسەیەك!))

دەنگی ئەوەندە شەهوەتاوییە کە پیاوەکە حاڵی دەگۆڕێ و بە دەستە خرپنەکەی پشتەملی ژنەکە دەلاوێنێتەوە. ژنەکە بەدەم پێکەنینەوەو بە دەمی پیرەوە دەڵێ:

((شارل، وازبێنە، خەریکە ئیشتیام هەڵدەستێنی، ئازیزم.))

من هەوڵ دەدەم تاکوو دەست بکەمەوە بە خوێندنەوە: ((دەبێ لە کوێ بەدەستی بێنم؟))

((بیکڕە.))

((ئەی ئەگەر ئاغا بمبینێ چی؟))

بەڵام دیسانەوە دەنگی ژنەکە دەبیستم کە دەڵێت: ((بەڕاست دەمەوێ مارت بە پێکەنین بێنم، دەمەوێ بۆی بگێڕمەوە...))

ئەوانەی تەنیشتم بێ دەنگ بوون. لەدوای شیرنەمەنی، ماریت هەڵوژەی بۆ هێنان و ژنەکە بە ناسکی خەریکی دەرهێنانی دەنکەکانە بە کەوچك. مێردەکە چاوی بڕیوەتە بن میچ و بە پەنجە مارشی سەربازی لەسەر مێزەکە لێدەدات. دەڵێی دۆخی لەباریان بێدەنگییە و قسە، سوکە تایەکە کە ناوە ناوە دەیانگرێت.

((ئەی لە کوێ پەیدای بکەم؟))

((بیکڕە.))

کتێبەکە دادەخەمەوە، دەمەوێ بڕۆم ڕێگا تەی کەم. کاتێك لە چێشتخانەی ڤزلیز چوومە دەرێ، دەوروبەری کاتژمێر سێ بوو. دوای نیوەڕۆم لە تەواوی جەستەی قورسم هەست پێدەکرد. دوای نیوەڕۆی من نا، هی ئەوان، دوای نیوەڕۆیەك کە سەد هەزار کەسی بۆڤیلی دەیانویست بەهاوبەشی بەسەری ببەن. لەم ساتەدا، لە دوای نانی نیوەڕۆی تێروتەسەلی یەکشەممە، خەریکبوون لەسەر مێز هەڵدەستان و بۆ ئەوان شتێك مردبوو. لاوێتی شادومانەی یەکشەممە بەسەر چوو بوو. ئێستا دەبوایە مریشك و شیرنەمەنی هەزم بکرێت و بۆ چوونە دەرەوە بەرگ بپۆشرێت.

زەنگی سینەمای سینە ئەلدڤاڕادۆ لە هەوای پاکدا دەنگی دایەوە. ئەم دەنگەی زەنگی ناوەڕاستی ڕۆژ، دەنگێکی ئاشنای یەکشەممەکانە. پتر لە سەد کەس لە پەنا دیواری سەوز

ڕیزیان بەستبوو. ئەوان کاتی تاریکی ئارام، ئاسوودەیی، هەروەها بیٚ دەربەستی یان بە تاسەوە چاوەڕیٚ دەکرد، کاتیٚك کە پەردەی سینەما، کە وەکو بەردیٚکی سپی ژیٚر ئاو دەدرەوشایەوە، لە بریان قسەی دەکردو خەیاڵی دەهۆنییەوە. ئارەزووی بیٚهودە! شتیٚك لەواندا بە حاڵەتیٚکی داخراوەوە دەمایەوە، زۆر دەترسان کە نەکا یەکشەممەی جوانیان بە فیٚڕۆ بچیٚت، زۆری نەدەخایاند کە وەکوو هەموو یەکشەممەیەکی دیکە دەخلیسکان: فلیمەکە بە قسەی قۆڕ دەردەچوو، ئەوەی پەنایان سەبیلەی دەکیٚشا یان تفی لەنیٚو ئەژنۆیەکانی دەکرد، یان ئەوەی کە پەکی دەکەوت و قسەی باش باشی نەدەکرد، یان ئەوەی کە، دەتگوت بە ئەنقەست، ڕیٚك لەمرۆژەدا کە جاریٚك چووبوونە سینەما، کە لە کە هیٚشتانەکەیان دەستی پیٚدەکردەوە. بەزوویی، هاوشیٚوەی هەر یەکشەممەیەکی دیکە، تووڕەیی بیٚ زمانی شاراوە لە هۆڵی تاریکدا دەڕوا.

شەقامی ئارامی برسانم تەی کرد. خۆر هەورەکانی بلاٚوە پیٚکردبوو، هەوا خۆش بوو. خیٚزانیٚك خەریکبوو لە ڤیٚلایەك بەناوی ((شەپۆل)) دەهاتەدەریٚ. کچەکە لە پیادەڕۆ قرتیٚنەکانی دەستەوانەکەی دادەخست. دەکرا بگوتریٚ کە تەمەنی سی ساڵ دەبیٚت. دایکەکە لەسەر یەکەمین قادرمە ڕاوەستابوو، بە حاڵەتیٚکی ئاسوودە خاترەوە سەیری پیٚش خۆی دەکرد و هەناسەی قوڵی هەڵدەکیٚشان. لە باوکەکە تەنیا دەمتوانی پشتە زلەکەی ببینم. بە سەرکونی کلیلەکەدا دوولا هاتبۆوەو دەرگای دادەخست. تاکوو گەڕانەوەیان ماڵەکە بە چۆڵی و تاریکی دەمایەوە. لە خانووەکانی دراوسیٚ کە هەر ئیٚستا کیلۆنەکانیان فڕیٚدرابوو و تاڵ بوون، کەلوپەل و تەختی ژوورەکان بە ئارامی جرقەجرقی دەکرد. بەر لە چوونە دەرەوە، ئاگری سۆبەی ژووری نان خواردنیان کوژاندبۆوە. باوکەکە لەگەڵ دوو ژنەکە کەوت و خیٚزان بەبیٚ درکاندنی وشەیەك بە ڕیٚکەوت. بۆ کویٚ دەچوون؟ ڕۆژانی یەکشەممە خەڵك دەچنە گۆڕستان، یان سەردانی خزمان، یان ئەگەر ئازادی ئازادبن، دەچنە سەیران بۆ سەیرانگاکانی قەراغ دەریا. من ئازادبووم: شەقامی پرسانم گرت و ڕۆیشتم کە دەگەیشتە سەیرانگای قەراغ دەریا.

ئاسمان لەسەر ڕەنگی شینی بزرکاو بوو، چەند قوبە دووکەڵیٚك، چەند دانە باڵندەی ماسی خۆرکەی تیٚدابوون. ناوە ناوە هەوریٚکی سەرگەردان بە بەردەم خۆردا تیٚدەپەڕی لە دوورە دەست، محەجەرەی سپی چیمەنتۆیم دەدیت کە بە دریٚژایی قەراغ دەریادا کشابوو. دەریا لە نیٚو کەلیٚنی تۆڕەکانەوە دەدرەوشایەوە. خیٚزانەکە لەلای ڕاستەوە چووە سەر شەقامی ئۆموونیە

هیلر کە بەرەو کۆتۆڤۆر سەردەکەوێت. دیتمن کە بە هەنگاوی لەسەرخۆوە وەسەر دەکەون، لەسەر ڤیرتاوی درەوشاوەوە سێ پەڵەی ڕەشیان پێك دەهێنا. من بۆ لای چەپ سووڕامەوەو چوومە نێو حەشاماتێکەوە کە لەسەر لێواری ئاوێتەبوونی حەشامەتەکە لە بەیانی زیاتر بوو. وادەهاتە بەرچاو هێزی پاراستنی ئەو پلە کۆمەڵایەتییە لێوەشاوەیان لە دەست دابوو کە بەر لە خواردنی نانی نیوەڕۆ شانازیان پێوە دەکرد. بازرگانان و پلەدارەکان لە تەنیشت یەکتری پیاسەیان دەکرد. لێدەگەڕان کە کارمەندە هەژارەکان نوقورچك و شانیان لێدەن و تەنانەت بەرەو لایەکیش پاڵیان پێوەنێن. ئەعیان، تایبەتەکان، پیشەیی لەو حەشامەتە شیلەتێنەدا تواونەوە. مرۆڤگەلێکی تاڕادەیەك تاك و تەنیا مابوونەوە کە ئیدی نوێنەری هیچ کەسێك نەبوون.

چاڵێکی تیشکی لە دوورە دەست بەرچاو دەکەون. ئەمە دەریا بوو لە کاتی داکشاندا. چەند پارچە بەردێکی هاوئاستی ئاو بە نوکەکەیان ئەو ئاستە نورانیەیان کون دەکرد. لەسەر لمەکان چەند بەلەمێکی ماسیگرتنی لێ بوو، لە نزیك ئەوان، کۆمەڵە شەشپاڵوویەکی بەردینی پێوەنووساو بەشێوەیەکی لێك بڵاو لە بەندگەکە دانرابوون تاکوو لە شەپۆلەکان پارێزگاری لێ بکەن. لەنێو کەلێنی نێوانییەوە دەریا دەنەڕێنێ. لە شوێنی هاتنە ناوەوەی لەنگەرگای دەرەوە، سێبەری پاپۆڕێکی پاککەرەوە لەژێر ئاسمانێك کە خۆرەتاو سپی کردبوو دیار بوو. هەموو شەوێك تا نیوە شەو نەڕەی دێت و دەناڵێ و هەراو هۆریایەکی دۆزەخی بەرپا دەکات، بەڵام یەکشەممەکان کرێکاران لە وشکایی دەست بە سەیران دەکەن، تەنیا پاسەوانێك لەسەر عەرشەکە هەیە: پاپۆڕەکە دەکوژێتەوە.

خۆر ڕووناك و درەوشاوە بوو: وەکو شەڕابی سپی ناسك. ڕووناکییەکەی ئەوەندە بە جەستەکان ناکەوێ، سێبەر و بەرجەستەیی پێ نەدەدان: ڕوخسارەکان و دەستەکان هاوشێوەی پەڵەی ڕەنگ زێڕینی کەم ڕەنگ خۆیان دەنواند. دەتگوت هەموو ئەو پیاوە پاڵتۆ لەبەرانە خەریك بوون لە چەند پەنجەیی زەویدا شەپۆلیان دەدا. جاری وابوو با کۆمەڵە سێبەرێکی بەسەرماندا دەڕەتاند، کە وەکوو ئاو دەلەرزی، ڕوخسارەکان بۆ ساتێك بێ شۆق دەبوون و دەچوونە سەر ڕەنگی گەچ.

یەکشەممە بوو. لە نێوان محەجەرەکەی رۆخی دەریاو پەرژینی ڤیلاکان، حەشامەت لە شەپۆلی بچووکدا بەڕێوەبوو و دەچوو تاکوو لە پشت بینایەی گەورەی کۆمپانیای تڕانش

ئاتلانتیك لەنێو سەدان ڕووباردا بزرببێت. چەندە منداڵ هەبوو! لەنێو گاسکەدا، لە باوەشەکاندا، دەست لە نێو دەستی گەورەترەکاندا، یان دوو دوو، سێ سێ ڕەق و تەق لەپێش باوك و دایکەکانیاندا بەڕێدا دەڕۆیشتن. چەند کاتژمێرێك لەمەوبەر هەموو ئەو ڕوخسارانەم دیتبوون کە لە گزنگی بەرەبەیانی یەکشەممەدا تاڕادەیەك سەرکەوتوو خۆیان دەنواند. ئێستا نوقم لە تیشکی خۆردا، ئیدی هیچیان زیاتر لە ئارامش، بێ دەربەستی، جۆرێك کەللەڕەقییان دەرنەدەبڕی، جووڵەکانیان کەم ببۆوە: هەرچەندە دیسانەوە تاق و لۆقە کڵاوەکان لەسەر سەر هەڵدەگیران، بەڵام ئەمجارە بەبێ ڕەونەق و بەبێ شادومانی تووڕەی بەیانی بوو. خەڵك هەموو خۆیان کەمێك لە دواوە گرتبوو. سەرەکانیان ڕووەو ئاسمان، نیگاکانیان بڕدرابووە دوورە دەست و خۆیان دابووە دەستی با کە دەچووە نێو پاڵتۆکانیانەوەو پاڵی پێوە دەنان. ناوە ناوە پێکەنینێکی وشك کە یەکسەر دەخنکێ، هاواری دایکێك، ژانو، ژانو، دەکرێ بێیە ئێرە. پاشان بێدەنگی بۆنی تووتنی ناسك: فرۆشیارەکانن کە جگەرە دەکێشن. سالامبۆ، عائیشە، جگەرەکانی ڕۆژی یەکشەممە ڕۆژی چەند ڕوخسارێك کە زیاتر بەرەڵا کرابوون، پێموایە کەمێك خەمم دەدیت! بەڵام نا، ئەم خەڵکانە نە خەمبار بوون نە دڵشاد. خەریك بوون وچانیان دەدا. چاوە تێڕاماو و سەرگەردانەکانیان دەریاو ئاسمانیان دەخستە ژێر کاردانەوەوە. بەزوویی دەگەڕێنەوە ماڵێ، خەڵکی ماڵێ پێکەوە فنجانێك چا لە دەوری مێزی ژووری نان خواردن دەخۆنەوە. دیارە دەیانویست بە کەمترین مەسرەف ژیان بەسەربەرن، دەست بە جووڵە و وشە و بیرکردنەوەکانیانەوە دەگرن، لەسەرپشت لە ئاودا مەلە دەکەن: ئەوان هەر ئەم یەك ڕۆژەیان هەبوو، تاکوو لۆچەکانیان، هێڵی پەنا چاوەکانیان، ئەشکەنجە بە ئازارەکانی سەرچاوە گرتوو، لە کاری هەفتانەیان ساف و لوس بکەنەوە. هەر ئەم یەك ڕۆژە. هەستیان دەکرد کە خولەکەکان بەنێو قامکەکانیاندا ڕادەکەن. ئایا کاتیان دەبێت کە بۆ لەنوێ دەست پێکردنەوە لە بەیانی دووشەممەدا لاوێتی پێویست کۆبکەنەوە؟ هەناسەی قوڵیان هەڵدەکێشا لەبەر ئەوەی هەوای دەریا گیان پڕوکێنە: تەنیا هەناسە هەڵکێشانیان، کە هاوشێوەی هەناسە هەڵکێشانی نوستووەکان ڕێك و قووڵ بوو، هێشتا گەواهی بۆ زیندووبوونیان دەدات. من بە دزییەوە ڕێم دەکرد، نەمدەزانی لە ناوەڕاستی ئەم حەشامەتە کارەسات بارەی لە ماڵی پشووداندا بە جەستەی ڕەق و لەسەرخۆم چێ بکەم. دەریا ئێستا لەسەر ڕەنگی بەردی پان بوو، ئارام ئارام سەردەکەوتن. لەکاتی شەودا هەڵکشانی دەریا دەستی پێدەکرد. ئەمشەو سەیرانگای قەراغ

دەریا چۆڵتر دەبێت لە جووت سایدی ڤیکتۆ نوار. لە پێشەوە و لەلای چەپ، ڕووناکییەکی سوور لە ڕێڕەوی پاپۆڕەکاندا دەدرەوشێتەوە.

خۆر نەرم نەرمۆکە لە دەریادا ڕۆدەچوو. لەکاتی تێپەڕبووندا پەنجەرەی خانوویەکی دارینی هەڵ دەکرد. ژنێك، کە بەهۆی تیشکەوە چاوی ئەبڵەق ببوون، سست و بێ تاقەت دەستی بە چاوانەوە گرت و سەری لەقاند و بە پێکەنینێکی ڕاڕاوە گوتی: ((گاستۆن، هەتاو لە چاوم دەدات.))

مێردەکەی گوتی: ((بڕۆ بابە! هەتاوەکەی باشە، گەرم ناکاتەوە، بەڵام دەچەسپێت.))

ژنەکە ڕووی بۆ لای دەریا سووڕاند و گوتی: ((وامزانی بینیم.))

پیاوەکە گوتی: ((بە هیچ جۆرێك ناکرێ، لەنێو هەتاودایە.)) بە دڵنیاییەوە دیارە باسی دووڕگەی کائیبووتیان دەکرد کە لووتی باشووری لە نێوان پاپۆڕە پاککەرەوەکە و لەنگەرگای بەندەری دەرەوەڕا دەدیترا.

شەوقەکە کزتر بوو. لەم کاتە ناپایەدارەدا شتێك هەواڵی هاتنی خۆرئاوابوونی دەدا. هەر لە ئێستاڕا ئەم یەکشەممەیە خاوەنی ڕابردوویەك بوو. ڤێلاکان و و محەجەرەی خۆڵەمێشی هەروەکوو بیرەوەری زۆر نزیك خۆیان دەنواند. ڕوخسارەکان یەك یەك حاڵەتی دەستبەتاڵییان لە بەین دەچوو. چەند دانەیەکیان تاڕادەیەك نەرم و کەم ڕەنگ بوون.

ژنێکی ئاوس پاڵی بە پیاوێکی قژ زەرد دایەوە کە ڕوخسارێکی قەبەی هەبوو و گوتی:

((ئەوێ، ئەوێ، ئەوێ، سەیرکە.))

((چ شتێك؟))

((ئەوێ، ئەوێ، باڵندەی دەریایی.))

کابرا شانی هەڵتەکاند: باڵندەی دەریایی لە ئارادا نەبوو. ئاسمان تاڕادەیەك ساماڵ ببوو و لە ئاسۆدا کەمێك پەمەیی ڕەنگ بوو.

((گوێم لە دەنگیان بوو، گوێڕادێرە، هاوار دەکەن.))

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

((دەنگی خشەخشێك، شتێك بوو.))

چرایەکی غازی درەوشایەوە. پێموایە ئاگر هەڵکەری چرا گازەکە تێ پەڕی.

منداڵەکان وریا دەبن، چونکە ئەو هێمای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەدات، بەڵام ئەم درەوشاوەییە جگە لە دوایین تیشکی خۆر هیچی تر نەبوو. ئاسمان هێشتا ڕوون بوو، بەڵام زەوی لە سێبەری ڕووندا ڕۆچووبوو. حەشامەت کەمتر دەبوو. پرخەی دەریا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبسترا. ژنێکی گەند کە بە هەردووك دەستان پاڵی بە محەجەرەکەوە دابوو، ڕوخساری مانگە شەویانەی کە سووڕاوی لێوەکان هێڵێکی ڕەشی لەسەر کردبوو، بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە. بۆ ساتێك لە خۆمم پرسی کە ئایا لەسەروبەندی خۆشەویستی مرۆڤەکاندا نەبووم، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمە یەکشەممەی ئەوان بوو نەك هی من.

یەکەمین چرایەك کە داگیرسا فانۆسی دەریای کائیبووت بوو. کوڕێژگەیەك لە نزیك منەوە ڕاوەستاو بە حاڵەتی شەیداییەوە گوتی: ((ئۆه، فانۆسی دەریایی)) ئەوسا هەستم کرد کە دڵم بە هەستێکی گەورەوە پڕ بوو لە ڕووداوەکە.

بۆ لای چەپ دەسووڕێینەوە و لە ڕێگای شەقامی ڤۆلییەوە دەگەڕێینەوە بۆ پڕادۆی بچووك. کە پردێکی ئاسنینیان بەسەر جامخانەکاندا داداوەتەوە. شەقامی تورن برێد ڕووناك، بەڵام چۆڵە. شکۆی کورتی بەرەبەیانی خۆی لەدەست داوە. لەم کاتەدا ئیتر هیچ شتێك لە شەقامەکانی تەنیشتی جیا ناکاتەوە. بایەکی تاڕادەیەك بەهێز هەڵی کردووە. گوێم لە دەنگی قرچە قرچی کڵاوی ئاسنینی ئۆسقۆفی ئەعزەم دەبێت.

تەنیام. زۆربەی خەڵکی گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان، خەریکن ڕۆژنامەی عەسر دەخوێننەوەو گوێ لە ڕادیۆ دەگرن. یەکشەمەیەك کە ڕووەو کۆتاییە، بن تامی خۆڵەمێشی بۆ بەجێهێشتوون و لە ئێستاوە بیریان لەسەر دووشەممەیە، بەڵام بۆمن نە دوو شەممەیەك لە ئارادایە نە یەکشەممە: تەنیا کۆمەڵە ڕۆژێکن کە بە نارێکی یەکتری پاڵ دەنێن و پاشان لەناکاو، دۆزینەوەگەلێکی ئاوا.

هیچ شتێك نەگۆڕاوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێك بە جۆرێکی جیاواز بوونی هەیە. ناتوانم وەسفی بکەم، وەکوو هێڵنجە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێك بە پێچەوانەوە: سەرەنجام بەسەرهاتێکم بۆ دێتە پێشێ و کاتێك پرسیار و وەڵام لەخۆم دەکەم، دەبینم کە بەمجۆرە بۆم دێتە پێشێ کە من بۆخۆمم و لێرەم. ئەوە منم کە دڕ بە شەو دەدەم. وەکوو پاڵەوانی ڕۆمانێك دڵخۆشم.

شتێك دەیەوێ ڕووبدات: لە سێبەرەکانی شەقامی باس دۆڤیی شتێك چاوەڕێم دەکات، لە دێ، ڕێك لە سووچی ئەو شەقامە ئارامە دایە کە ژیانم دەست پێ دەکات. خۆم دەبینم کە بە هەستی پێزانینەوە بەرەو پێش دەڕۆم. لە سوچی شەقامەکە جۆرە بەردێکی سپی چاوساغە. لە دوورەوە خۆی بە ڕەشی ڕەش دەنواند و لە هەر هەنگاوێك کە دەینێم کەمێك سپیتر دەبێت. ئەو جەستە تاریکە کە بەرەبەرە ڕوون دەبێت کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەر لەسەرم جێدەهێڵێ: کاتێك بە تەواوی سپی و ڕوون ببێت، من ڕێك لە پەنای ڕادەوەستم و ئەوسا ڕووداوەکە دەست پێدەکات. ئەو ماوەیەی فانۆسی دەریاییە کە لە تاریکیدا دێتە دەرێ ئێستا بە ڕادەیەك نزیکە کە دەترسم: بۆ ساتێك دەکەومە بیرکردنەوەوە کە بگەڕێمەوە دواوە، بەڵام پچڕاندنی ئەم ئەفسوونە لە کردن نەهاتووە. دەڕۆمە پێشێ، دەستدرێژ دەکەم، دەست لەبەردە ڕێنوێنەکە دەدەم.

ئەوەتا شەقامی باس دۆڤیێ و پەیکەری ئەستووری کلێسەی سێنت سیسیل کە لە تاریکیدا دیارەو پەنجەرە نەخشێندراوەکانی دەدرەوشێنەوە. کڵاوی کانزایی قرچە قرچ دەکات. نازانم داخۆ دنیا لە ناکاو بەستراوەو دەگوشرێت یان منم کە لە نێو دەنگەکان، و شێوەکاندا یەکگرتوویییەکی بەم بەهێزییە بەرقەرار دەکەم: تەنانەت ناتوانم مەزەندەشی بکەم کە هەر شتێکی دەوروبەرم جگە لەوەی هەیە ببێت.

بۆ ساتێك ڕادەوەستم. چاوەڕێ دەبم. هەست بە ترپەی دڵم دەکەم. بە چاوەکانم گۆڕەپانە چۆڵەکە دەگەڕێم. هیچ شتێك نابینم. بایەکی تاڕادەیەك بەهێز هەڵی کردووە. بە هەڵەدا چووبووم، شەقامی باس دۆڤۆیی تەنیا ماڵێکی کاتی بوو: ئەو شتە لە کۆتایی گۆڕەپانی دۆکۆتۆن چاوەڕێمە. پەلەم نییە دووبارە بە ڕێ کەومەوە. وای بۆ دەچم کە بە لوتکەی بەختەوەری گەیشتووم. لە مارسی، لە شەنگهای، لە مێکناس چیم نەکرد کە بەم هەستە بگەم؟ ئەمڕۆ چاوەڕوانی شتێکی زیاترم نییە، لە کۆتایی یەکشەممەی نێو بەتاڵدا دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵێ: ئەو لەوێیە:

بەڕێدەکەوم. با دەنگی ئاژیرێك بە گوێم دەگەیەنێ. تەنیای تەنیام، بەڵام هاوشێوەی پۆلێك سەرباز کە لە شارێك دادەبەزن بەڕێدا دەڕۆم. لە ئێستادا پاپۆڕەکان لەنێو دەریادان کە ئاوازی مۆسیقا زایەڵەیان تێدا دروست دەکات. گڵۆپەکان لە هەموو شارەکانی ئەورووپا هەڵدەکرێن. کۆمۆنیستەکان و نازییەکان لە شەقامەکانی بەرلین تەقە لە یەکتری دەکەن.

بێ کارەکان لە شەقامەکانی نیویۆرك بەڕێدا دەڕۆن. ژنەکان لەبەردەم مێزی خۆڕازاندنەوەیان دانیشتوون و لە ژوورێکی گەرمدا و ریمڵ بە برژانگەکانیاندا دەکێشن. منیش لێرەم، لەنێو ئەم شەقامە چۆڵەدا و هەر فیشەکێك کە لە نویکۆڵن دەتەقێ، هەر نزگەرەیەکی خوێناوی ئەو بریندارانەی کە هەڵیان دەڕازێننەوەو وەڵامی هەریەك لە هەنگاوەکانی من و ترپەکانی دڵم دەداتەوە. لەبەرامبەر ڕێڕەوەکەدا شیلەیە ئیدی نازانم چی بکەم. ئایا لە کۆتایی ڕێڕەوەکەدا چاوەڕێم ناکەن؟ بەڵام لە گۆڕەپانی دۆکۆتۆن، کۆتایی شەقامی تورن برێد، هەروەها شتێکی دیاریکراو هەیە کە بۆ لەدایکبوون پێویستی بەمن هەیە. دڵەڕاوکێ دایگرتووم: بچووکترین جووڵە تووشم دەکات. ناتوانم مەزەندە بکەم کە چییان لەمن دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەڵبژێری! ڕێڕەوی شیلە دەکەمە قوربانی، هیچ کاتێك نازانم کە چ شتێکم بۆ لە هەگبەدایە. گۆڕەپانی دۆکۆتۆن چۆڵە. ئایا بە هەڵەدا چوو بووم؟ ئەگەر چووم پێم وانییە دەمتوانی خۆی لەبەر ڕاگرم. ئایا بەڕاستی شتێك ڕوو نادات؟ لە گڵۆپەکانی کافەی مابلی نزیك دەبمەوە. گێژ و سەرگەردانم، نازانم بچمە ژووری یان نا، لە پشت پەنجەرە گەورە تەماوییەکانەوە سەیرێك دەکەم.

لە هۆڵەکەدا هەراو هۆریایە. هەوا لە دووکەڵی جگەرەو هەڵمێك کە لە جلە شێدارەکانەوە هەڵدەستێ ڕەنگ شینە. کچە سندوقدارەکە لە پشت پێشخوانەکەیە. باش دەیناسم: وەکوو من قژ سوورە. نەخۆشییەکی لە زگیدا هەیە، بە زەردەخەنەیەکی خەماویەوە خەریکە بە ئارامی ژێر تەنوورەکەی بۆگەن دەبێت، هاوشێوەی بۆنی وەنەوشەیەك کە هەندێك جار لەو لاشانە هەڵدەستێ کە خەریکی ڕزینن. مچوڕکێك بەسەر هەموو لەشمدا دێت: ئەوە... ئەوە کە چاوەڕێم دەکات. ئەو لێرە بوو، لە کاتێکدا کە سینگی لەسەر پێشخوانەکە قیت ڕاگرتووە. ئەو زەردەی دەهاتێ. لە بنی ئەم کاخەیەدا شتێك لەسەر ساتە پەرش و بڵاوەکانی ئەم یەکشەممەیە دەگەڕێتەوەو پێکەوەیان گری دەدات، واتایەکیان پێ دەبەخشێت. من تەواوی ئەم ڕۆژەم تەی کردووە، تاکوو سەرەنجام بگەمە ئێرە، نێوچاوان لەسەر ئەم پەنجەرەیە دانێم و سەیری ئەو ڕوخسارە ناسکە بکەم کە لە بەرامبەر پەردەیەکی سووردا دەپشکوێت. هەموو شتێك ڕاوەستاوە، ژیانی من ڕاوەستاوە: ئەم پەنجەرە گەورەیە، ئەم هەوایە قورسە، شین وەکوو ئاو، ئەم گیا گۆشتن و سپییە لەژێر ئاودا، ئەوسا خۆم، ئێمە گشتییەکی بێ جووڵە و کامڵ پێکدەهێنین! من شادومانم.

کاتێك خۆم لە جووت سایدی ڕۆدۆت دیتەوە، جگە لە ئەفسوسێکی تاڵ هیچیترم بۆ نەمایەوە. بەخۆمم گوت: ((ڕەنگە لە دنیادا هیچ شتێك نەبێت کە من زیاتر لەم هەستی بەسەرهاتە پێیەوە و دڵی خۆمم دابێتێ، بەڵام هەرکاتێك بیەوێ دێت، زۆر زوو دەڕوات و کاتێك کە دەڕۆیشتەوە چەندە هەست بە وشکی دەکەم! ئایا ئەم دیدارە گاڵتەجاڕی و کورتانە بۆ لەگەڵ مندا سازدەکات، تاکوو نیشانم بدات کە ژیانم بە فیڕۆ داوە.

(دووشەممە)

دوێنێ چۆن توانیم ئەم ڕستە پوچ و پڕ زایەڵە بنووسم:

((تەنیا، بووم، بەڵام وەکوو پۆلێك سەرباز کە لە شار دادەبەزن بەڕێدا دەڕۆیشتم.))

من کە نیازێکم بە ڕستەسازی نییە. ئەوە دەنووسم کە هەندێك دۆخ و هەلومەرج ڕوون بکەمەوە. دەبێ خۆ لە ئەدەبیات بپارێزم. دەبێ واز لە پێنووس بهێنم، بە کەیفی خۆی بنووسێت، بەبێ ئەوەی بەدوای وشەکاندا بگەڕێم.

ئەو شتەی کە بەڕاستی لە دڵم دەدات، حاڵەتی پایەبەرزی دوێنی شەوم بوو. کاتێك بیست ساڵان بووم سەرخۆش دەبووم و پاشان ڕوونم دەکردەوە کە من مرۆڤێکی هاوشانی دێکارتم. بەباشی ئاگادار بووم کە خۆم لە پاڵەوانی فوو دەدا، بەڵام وازم لەخۆم دەهێنا، کەیفم بەم کارە دەهات. پاشان، بۆ سبەینێ ئەوەندە دڵ تێکەڵ هاتوو بووم کە دەتگوت لەسەر قەرەوێڵەیەکی بە پێز لە خەو هەستاوم. کاتێك سەرخۆش بم بێزێ ناکەم، بەڵام ئەگەر بمکردایە باشتر بوو. دوێنی تەنانەت بڕوبیانوی سەرخۆشیشم نەبوو. هاوشێوەی گێلەکان بە کەیف هاتبووم. پێویستە کە خۆم بە ئەندێشەگەلی تەجریدی کە وەکوو ئاو زوڵاڵن پاك بکەمەوە.

بە دیارکەوت کە ئەم هەستی بەسەرهاتە بە دڵنیاییەوە لە ڕووداوەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. زیاتر شێوازی پێکەوە ئاڵقەبوونی ساتەکانە. پێمولیە ئەوەی ڕوو دەدات ئەمەیە! لەناکاو هەست دەکەین کە زەمەن بەردەوامە، کە هەر ساتێك ڕێگا دەباتە ساتێکی تر، ئەوە بۆ ئەوی دیکە هەتا دوایی. کە هەرساتێك دەبێتەوە نەبوو، کە سوودی نییە هەوڵ بدەین ڕای بگرین، ئیدی و ئیدی. پاشانیش ئەو خەسڵەتە دەدەینە ئەو ڕووداوانەی کە لە نێو ساتەکاندا لەسەر ئێوە دەردەکەون. ئەوەی کە پەیوەستە بە دەم و چاوەوە ناوەڕۆکی شمولی دەدەینێ. بە کورتی، زۆر قسە لەسەر ئەم بەسەرچوونەی زەمەن دەکەن، بەڵام کەم ڕوو دەدات کە بیبینین. ژنێك دەبینم، بیردەکەمەوە کە ڕۆژێك پیردەبێت، بەڵام پیر بوونەکەی نابینم، بەڵام ناوە بە ناوە

وامدێته بەرچاو کە پیر بوونی دەبینم و هەست دەکەین لەگەڵ ویدا پیر دەبین: ئەم هەستە بەسەرهاتە.

ئەگەر بە دروستی بەبیرم مابێت، بەمە دەڵێن لە ئاوەژوو نەهاتنی زەمەن. هەستی بەسەرهات تەنیا هەمان هەستی لە ئاوەژوو نەهاتنی زەمەنە، بەڵام بۆچی مرۆڤ هەمیشە ئەو هەستەی نییە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە زەمەن هەمیشە لە ئاوەژوو نەهاتوو نییە؟ کۆمەڵە ساتێك هەن کە تێیاندا هەست دەکەین هەرچییەکی حەزمان لێیە بیکەین، بڕۆینە پێشێ یان بۆ دواوە بگەڕێینەوە، کە ئەمە بایەخی نییە، جگە لەمەش کۆمەڵە ساتێکی دیکە هەن کە تێیاندا دەڵێی ئاڵقەکانی زریزە تیك سڕماون و لە وەها حاڵەتێکدا، نابێ لە مەبەستی خۆت ناکام بی، چونکە ئیدی ناکرێ سەرلەنوێ دەست پێ بکرێتەوە. ئانی زۆرترین بەهرەی لە زەمەن وەردەگرت. لەوکاتەدا کە ئەو لە جیبۆتی بوو و منیش لە عەدەن، کاتێك دەچووم کە بۆ بیست و چوار کاتژمێر بیبینم، بە توندی ئەوەی دەگرتەبەر کە بە هەڵە لێك تێگەیشتنەکانی نێوانمان زیاد بکات، تا ئەو کاتەی کە ڕێك شەست خولەکی دەما بۆ ماڵئاوایی و بەس، شەست خولەك، ڕێك ئەو ماوە زەمەنییەی کە پێویستە تاکوو مرۆڤ هەست بکات، چرکەکان یەك یەك تێدەپەڕن. یەکێك لەو شەوە تۆقێنەرانەم دێتە یاد. دەبوایە نیوەشەو ماڵئاوایی بکەم. چووبووینە سینەمایەك لە شوێنێکی سەر بەتاڵ، بێ هیوا بووین، ئەو بە ئەندازەی من، بەڵام ئەو یارییەکەی بەڕێوە دەبرد. کاتژمێر یازدە، لە دەسپێکی فیلمی سەرەکیدا، بێ ئەوەی قسەیەك بکات، دەستی گرتم و لەنێو دەستەکانی گوشی.

شادیەکی تاڵ لەخۆی گرتم و بێ ئەوەی پێویست بکات سەیری سەعاتەکەم بکەم بۆم دەرکەوت کە کاتژمێر یازدەیە. لەو ساتە بەدواوە دەستمان کرد بەوەی کە هەست بە بەسەرچوونی خولەکەکان بکەین. ئەوجارە تاکوو سێ مانگان لێك دادەبڕاین. لەو ساتەوەختەدا دیمەنێکی سپی کەوتە سەر پەردەکە، تاریکی کەم بۆوەو دیتم ئانی دەگری. پاشان، نیوەشەو، بە توندی دەستی گوشیم و پاشان بەرەڵای کرد. من لەجێی هەستام و بەبێ ئەوەی وشەیەکی پێ بڵێم بە ڕێکەوتم ڕۆیشتم. ئەمە کاریك بوو کە باش بە ئەنجام دەگەیشت.

((کاتژمێر حەوتی شەو))

ڕۆژی کار. زۆر خراپ بەرەوپێش نەچوو، بە جۆرێك چێژەوە شەش لاپەڕەم نووسی. بەتایبەتی کە ئەمانە کۆمەڵە تێبینییەکی تەجریدی بوو، دەربارەی پاشایەتی پاوڵی یەکەم. لە

پاش شەوق و هەرای دوێنێ، تەواوی ڕۆژەکە ئارامم گرت. هیچ نەدەبوایە لەبەر دڵم بپاڕێمەوە! بەڵام لە پارچەپارچە کردنی حکومەتی دیکتاتۆڕی ڕووسیا زۆر ڕازی بووم. تەنیا ڕقم لەم رۆڵبوونە هەڵدەستێ. بچووکترین شت دەکاتە نهێنیاوی. ئەو لە مانگی ئابی ١٨٠٤دا دەیتوانی چ کارێکی لە ئۆکرانیا هەبێت؟ بە شێوەیەکی سەربەستانە باس لە سەفەرەکەی دەکات:

((وەچەی داهاتوو بڕیار دەدەن کە ئایا کۆششەکانم، کە سەرکەوتنیش نەیدەتوانی پاداشتی بداتەوە، شایانی شتێکی باشتر نەبوو جگە لە دەرکردنێکی دڕندانە و سوکایەتی پێکردن کە دەبوایە لە بێدەنگیدا لە گەڵیدا هەڵکەم؟ ئەویش کاتێك کە لە سینگمدا هۆکاری کوژاندنەوەو ترساندنی ئەوانەم هەبوو کە گاڵتەیان پێ دەکردم.)) من جارێك فریویم خوارد، کاتێك کە ئەو دەربارەی کورتە سەفەرێك بۆ بۆڤیل لە ١٧٩٠دا بەشێوەیەکی زۆر بە خێزانە بێ دەنگی هەڵبژارد. مانگێك کاتم بە فیڕۆدا تا سەرم لە کارەکانی دەربچێت. سەرەنجام دەرکەوت کە کچی یەکێك لە کرێچییە جوتیارەکانی ئاوس کردووە. ئایا مومکینە کە ئەو جگە لە مرۆڤێکی خۆدەرخەر نەبێت؟

خۆم لەدەست ئەو بچکۆڵە لەخۆ ڕازی و درۆزنە زۆر تەنگ بووە. ڕەنگە لە ڕق و قینەوە بێت: لە درۆکردنی لەگەڵ کەسانی تردا چێژم وەردەگرت، بەڵام حەزم دەکرد کە ئەمە من نەگرێتەوە، وامزانی کە بەسەر هەموو ئەم مردووانەی ئێمەوە وەکوو دوو هاودەست گونجاوین و ئەو سەرەنجام تەنیا ڕاستییەکەی بەمن دەڵێ! بەمنی نەگوتووە، بە هیچ جۆرێك هیچ شتێك، زۆر بۆم گرنگە کە رۆڵبۆن مرۆڤێکی چاك بوایە.

بێ گومان ئەو مایە پووچە! چ کەسێك نییە؟ بەڵام مایە پووچی گەورە یان بچووك؟ من توێژینەوەی مێژوویی ئەوەندە بە نرخ نازانم کە کاتم لەسەر مردوویەك بە فیڕۆ بدەم، کە ئەگەر زیندوو بوایە بە شیاوم نەدەزانی دەستی لێ بدەم. لەوێ چی دەزانم؟ ناتوانرێت ژیانێکی بەرزتر لە ژیانی وی خەیاڵ بکرێت، بەڵام ئایا ئەو ئەم ژیانەی بەسەر بردووە؟ ئەی خۆزگە نامەکانی ئەوەندە پڕ تکا نەبوونایە... خۆزگە دەکرا بە نیگای چاوەکانی ئاشنا بوومایە، ڕەنگە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بۆ چەماندنەوەی سەر لەسەر شانەکانی هەبێت، یان بە حاڵەتێکی قەشمەریانە پەنجەی ئاماژەی درێژی دەبردە پەنا لووتی، یان جاری وایە، لەنێو دوو درۆی بە

ئەدەبانەوە تووشی تووڕەییەکی کورت خایەن دەبوو کە یەکسەر قووتی دەدایەوە، بەڵام ئەو مردووە: نامەیەك دەربارەی ستراتیژی و ئەندێشەگەلێك دەربارەی فەزیلەت لەوی بەجێماوە.

ئەگەر خۆم بەرەڵا بکەم، دەتوانم بەباشی لە خەیاڵدا بەرجەستەی بکەم: لەژێر تەنزی درەوشاوەی کە زۆرانی کردۆتە قوربانی، مرۆڤێکی سادەیە، تارادەیەك سادە دڵ. کەم بیردەکاتەوە، هەروەها لە هەموو کاتەکاندا، بەهۆی ناسکییەکی قوڵەوە، ڕێك ئەو کارە ئەنجام دەدات کە دەبێ بیکات. مایە پووچییەکەی بێ توێکڵ و فرت و فێڵە، سروشتی، سەخاوتمەندانەیە، بە هەمان ئەندازە ڕاستگۆیانەیە کە عەشقی بۆ فەزیلەت. کاتێکیش ڕێك و پێك ناپاکی لەگەڵ وەلی نیعمەت و هاوڕێیانی دەکات، بە ویقارەوە بەرەو ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە، تاکوو دەرەنجامی ئەخلاقیان لێ دەرکێشێ. هەرگیز بیری نەکردۆتەوە کە بچووکترین مافی لەسەر خەڵکانی تر هەیە و یان کەسانی دی مافیان بەسەرییەوە هەیە: ئەو بەخششانەی کە ژیان بەوی بەخشیووە بێ پاساو و بەبێ هۆ دەزانێ. بە توندی دڵ بە هەموو شتێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بە ئاسانی دڵی لێ سارد دەبێتەوە. هەروەها ئەوەش کە نامەکانی یان بەرهەمەکانی هەرگیز لەلایەن خۆیەوە نەنووسراون: داویەتی نووسەرێکی هەمەلایەنە بیاننووسێتەوە.

بەڵام ئەگەر بەرهەمی هەموو کارم ئەمەیە، باشتر بوو ڕۆمانێك دەربارەی مرکی دۆرلبون بنووسم.

((کاتژمێر یازدەی شەو))

لە کافەی ڕاندۆڤ دشمینۆ نانی ئێوارێم خوارد. لەبەر ئەوەی خاتوونی خاوەن کافە لەوێ بوو، دەبوایە سەرجێی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا لە ڕووی ئەدەبەوە بوو. کەمێك دڵم تێکەڵ دێنێ، زۆر سپییە و جگە لەمەش بۆنی تازە لەدایك بوان دەدات. لەسەر کێشی شەهوەتەوە، سەرمی بە سینگییەوە دەگوشی! پێیوایە ئەمە کارێکی دروستە، بەڵام من بە زەین بڵاوی لەژێر لێفەوە بە فلانی ئەوەوە یاریم دەکرد، پاشان لەسەر قۆڵم خەوی لێکەوت. خەریکبووم بیرم لە مارکی دۆرلبون دەکردەوە: بەهەرحاڵ، چ شتێك من لە نووسینی ڕۆمانێك دەربارەی ژیانی دەوەستێنی؟ قۆڵم بە جووڵە بە درێژایی کەلەکەی خاتوون بەرەڵاکرد و لە ناکاو باخچەیەکم دیت بە درەختی کورت و پانەوە کە گەڵای تووکنی ئەستووریان پێدا هەڵواسرابوو. مێرولەکان و هەزار پێیەکان و ئەسپێیەکان لەملاولا ڕاکەڕاکیان بوو. گیاندارانی ترسناکتریش

هەبوون: جەستەکانیان لە بڕدراوی نانی برژاو دروست کرابوون، لەوانەی کە دەیخەنە ژێر کۆتری برژاوەوە. ئەوان بەلاقی قرژاڵییەوە لەسەر یەکلا دەڕۆیشتن. کۆمەڵە گەڵایەکی پان لە گیانداری ڕەش بوو. لە پشت کالیتۆز و دار هەنجیرەکانی خاوەندارە بەربەرەکان، پەیکەری ڤالْدای باخی میللی ئاماژەی بە خوار جەستەیەوە دەکرد. من هاوارم کرد:

((ئەم باخە بۆنی ئێق دەدات.))

خاتوون گوتی: ((نەمدەویست هەڵت بستێنم، بەڵام سەرچەفی بن ڕانم کۆبېۆوەو هەروەها دەبێ بچمە خوارێ پێشوازی لە کڕیارەکانی شەمەندەفەری پاریس بکەن.))

((ماردی گڕا))[١]

من شەقم لە موریس بارسدا. ئێمە سێ سەرباز بووین و یەکێکمان کونێکی لە ناوەڕاستی دەم و چاوی هەبوو. موریس بارس هاتە لامان و گوتی: ((بەهـ بەهـ!)) و چەپکە وەنەوشەیەکی دایە هەریەکمان. سەربازە سەرکونەکە گوتی: ((دەبێ بیخەیە نێو کونی سەرت.)) سەربازەکە وەڵامی دایەوە: ((دەیخەمە نێو کۆمتەوە.)) ئەوسا ئێمە موریس بارسمان لەسەر زگ درێژ کردو پانتۆڵەکەمان دانا. لەبن پانتۆڵەکەی جبەی سووری کاردینالەکانی پۆشیبوو. جبەکەمان هەڵکێشاو موریس بارس دەستی بە قیژە کرد: ((وریابن من پانتۆڵەکانم ئاوزەنگی دارن.)) بەڵام ئێمە ئەوەندەمان شەق تێهەڵدا کە خوێنی لێهات، گەڵای وەنەوشەی سەری دڕولۆمان لەسەردانا.

ماوەیەکە کە بەردەوام دەکەومە یادی خەیاڵەکانمەوە. جگە لەوەش بە دڵنیاییەوە لەکاتی نووستندا زۆر خلۆر دەبمەوە چونکە هەموو ڕۆژێ بەیانی پێخەفەکانم لەسەر تەختی زەوی دەدۆزمەوە. ئەمڕۆ ماردی گڕایە، بەڵام ئەمڕۆژە لە بۆڤیل واتایەکی ئەوتۆی نییە. بە زەحمەت

---

١- Mardi pras ڕۆژی پێش چوارشەممەی خۆڵەمێشی (دەسپێکی ڕۆژووی گەورەی مەسیحیان)... (ئەم وشەیە) بە واتای ((سێ شەممەی چەور)) دێت، ئەو ناونانەش لەبەر ئەوەبوو کە لەم ڕۆژەدا دەستیان بە خۆشگوزەرانی کردووەو لە خواردن و خواردنەوەدا زێدەڕەویان کردووە. لە شارەکانی هەندێك وڵاتانی کاتۆلیکی ڕۆحی، بە نەریتی سەدەی ناوەڕاست، لە یەك هەفتە یان زیاتر پێشەوە لە ((ماردی گڕا)) کەرنەڤاڵی ڕازاوە بەرپا دەکەن و ئاهەنگ و خۆشی و سەمای سەر شەقام ئەنجام دەدەن... بە کەمێك گۆڕانەوە لە ئینسکلۆپیدیای فارسی، لەژێر ئاسۆی ((سێ شەممەی دانپیانان)).

لە نێو شاردا سەد کەس خۆی بۆ ئامادە دەکەن. کاتێك لە قادرمەکان دەهاتمە خوارێ، خاتوون بانگی کردم: ((نامەیەکت بۆ هاتووە.))

نامەیەك: دوایین نامەی کە بەدەستم گەیشت لەلایەن خاوەنی کتێبخانەی ڕوئان بوو لە مانگی ئایاری ڕابردوو بوو. خاتوون دەمباتە نووسینگەکەی، زەرفێکی ئەستوور و درێژ و زەردم بۆ ڕادەوێری: ئانی بۆی ناردووم. پێنج ساڵ دەبوو کە لێی بێ ئاگا بووم. نامەکە لە شوێنی حەوانەوەی جارانم لە پاریس بۆم چووە، لەسەر پولی نامەکە ڕێکەوتی یەکی شوباتی لێدراوە.

دەچمە دەرێ، زەرفەکەم لەنێو پەنجەکانمدا ڕاگرتووە، ناوێرم بیکەمەوە، ئانی نامە نووسینەکەی نەگۆڕیوە، نازانم داخۆ هێشتاش لە هەمان پەڕاوگە بچووکەی گەڕەکی پیکادیلی کەرەستەی نووسین دەکڕێت یان نا. پێموایە ئاڕایشی قژیشی بە هەمان شێوازی جاران هێشتۆتەوە، ئەو قژە زەردە پڕەی کە نەیدەویست کورتی بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە لەبەر ئاوێنەکان سەبورانە هەوڵ دەدات تاکوو ڕوخساری بپارێزێت. ئەمە لەبەر خاتری خۆنواندن یان ترسان لە پیربوون نییە، بەڵکوو دەیەوێ هەروا بمێنێتەوە، کە هەیە. ڕێك وەکوو کە هەیە. ڕەنگە ئەمە هەمان ئەو شتە بێت کە من لەوێدا پتر لە هەموو شتێك خۆشم دەوێت، ئەمە بە ئەمەکی تووندو پتەوە بەرامبەر بچووکترین هێڵی شکاو شێوەی

پیتەکانی ناونیشان کە بەدەستێکی پتەو و بە مەرەکەبی وەنەوشەیی نووسراوە (مەرەکەبەکەشی نەگۆڕیوە) هێشتا کەمێك دەدرەوشێتەوە.

## ((کاك ئانتوان ڕووکانتن))

چەندەم پێ خۆشە کە ناوەکەم لەسەر ئەم زەرفانە بخوێنمەوە. لەنێو شێوازە تەمێکدا، یەکێك لە زەردەخەنەکانیم هێناوەتەوە یاد، چاوەکان و سەری دانەوێندراوی دەهێنمە پێش چاوان: کاتێك دانیشتبووم، دەهات بە زەردەخەنەوە لەبەردەمم ڕادەوەستا. لەو حاڵەتەدا سەرو شانێك لەمن بەرزتر بوو، شانەکانی دەگرتم و بە قۆڵی کراوەوە دەیجووڵاندم. زەرفەکە قورسە، دەبێ لانی کەم شەش لاپەڕەی لەخۆ گرتبێت. خەتی خوار و خێچی خاوەن ماڵەکەی پێشووم، کەوتۆتە سەر ئەم نووسینە جوانەوە:

((هوتێل پرنتانیا-بۆڤیل.))

ئەم پیتە وردانە درەوشاوەییان نییە.
کاتێك نامەکە دەکەمەوە، داکەوتوویم شەش ساڵ گەنجترم دەکاتەوە.
((نازانم ئانی چۆن لە دەستی دێت زەرفەکانی بەو جۆرە فوو بدات:
هیچ کاتێك هیچی تێدا نییە.))

ئەم ڕستەیەم سەد جار لە بەهاری ١٩٢٤دا گوتووە. لەکاتێکدا کە وەکو ئەمڕۆ هەوڵم دەدا تاکوو پارچە کاغەزێکی شەترەنجی لە قۆڵم دەربێنم. قۆڵ شتێکی شاراوەیە بە ڕەنگی سەوزی تاریك بە ئەستێرەی زێڕین، وەکوو پارچەی قورسی قەناوچە لێدراو دەچێت. بۆ خۆی بە تەنیا سێ لەسەر چواری کێشی زەرفەکە پێکدەهێنێ.

ئانی بە قەڵەم دار نوسیوویەتی:

((تا چەند ڕۆژێکی تر بە پاریسدا تێدەپەڕم. ڕۆژی بیستی شوبات وەرە لە هوتێل و سپانی بمبینە. تکا دەکەم (ئەو ((تکا دەکەم))ەی لەسەر دێرەکە زیاد کردووەو بەهۆی مارپێچێکی سەر بە ((بمبینە))یەوە نووساندووە)، دەبێ چاوم پێت بکەوێ، ئانی.)) لە مێکناس، لە تەنجە، جاری وایە ڕووی دەدا، شەو کە دەگەڕامەوە ماڵێ، یاداشتێکم لەسەر قەرەوێڵەکەم دەدۆزییەوە. ((دەمەوێ بێ دواکەوتن چاوم پێت بکەوێ.)) بە تاوەغار دەچووم, ئانی بە برۆی هەڵکشاو و شکڵ و شێوەی سەرسووڕهێنەرەوە دەرگای لێدەکردمەوە: ئیدی هیچی نەبوو پێمبڵێ، کەمێك لە هاتنم دڵگران بوو. دەچم، ڕەنگە وەرم نەگرێت. یان لە نووسینگەی هوتێل پێم بڵێن: ((کەسێك بەو ناوەوە لێرە نیشتەجێ نییە. ((پێموانییە ئەو کارە بکات. تەنیا ڕەنگە لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، بۆم بنووسێت کە نیازی گۆڕاوەو چاوپێکەوتن دەمێنێتەوە بۆ کاتێکی تر.

خەڵك لەسەر کارەکانیانن. وادیارە کە ئەم ماردی گڕایە زۆر بێ وزەو بێ ڕەنگە. شەقامی موتێلەکە بۆنی تووندی داری شێدار دەدات، وەکوو هەموو ئەو کاتانەی کە خەریکە باران ببارێت. کەیفم بەم ڕۆژە سەیرو سەمەرانە نایە: سینەماکان دوای نیوەڕۆ فیلم نمایش دەکەن، قوتابیانی خوێندنگا بیستویانە، لە شەقامدا حاڵەتێکی ون بووی پشوو هەیە کە بەردەوام تێدەکۆشێ سەرنجڕاکێشێ و هەر کە مرۆڤ سەرنجی بۆ لای ڕاکشا بزر دەبێت.

بە دڵنیاییەوە دەچمە دیداری ئانی، بەڵام ناتوانم بڵێم کە بەتایبەتی ئەم بیرە خۆشحاڵم دەکات، لەو کاتەیەوە کە نامەکەی بەدەستم گەیشتووە، هەست بە بێکاری دەکەم.

خۆشبەختانە نیوەڕۆیە، برسیم نییە، بەڵام دەمەوێ بۆ بەسەربردنی کات نان بخۆم. دەچمە نێو کافەی کامی لە شەقامی ئورلۆژێ.

شوێنێکی چەپەك و ئارامە. تەواوی شەو خواردنی کەلەم یان ڕاگو دەدەنە کڕیارەکان. خەڵك لە دوای شانۆ تێر نانی ئێوارێ دەخۆن، پاسەوانەکان ئەو گەشتیارانەی کە شەو دەگەنەجێ دەنێرنە ئێرە. هەشت دانە مێزی مەڕمەڕی. کورسییەکی چەرمی لە دیوارەکان دەسووڕێتەوە. دوو دانە ئاوێنە کە پەڵەژەنگ خواردوونی. شووشەی دوو پەنجەرەو دەرگاکە نارێکە. پێشخوانەکە لەنێو شوێنێکی رۆچوودایە. ژوورێکیش لەلایەکە، بەڵام من قەت نەچوومە ناویەوە، بۆ خێزاندارەکانە.

((هێلکە و ڕۆنێکی ژامبۆن بدەنە من))

گارسۆن، کچێکی زلەیە بە گیپی سوورەوە، هەرکاتێك لەگەڵ پیاوێکدا قسە دەکات ناتوانێ بەر بە پێکەنینی بگرێت.

((نابێت، هێلکە و ڕۆنی بە پەتاتەت دەوێ؟ دەرگای ژامبۆن داخراوە، تەنیا ئاغا دەتوانێ بیبات.))

ڕای دەسپێرم بۆ ڕادۆیەك. خاوەن کافەکە ناوی کامیە و مرۆڤێکی توونڕ و تیژە.

گارسۆن دەڕوات. لەم ژوورە کۆنە تاریکەدا تەنیام. لەنێو کیسە باخەڵەکەمدا نامەیەکی ئانی هەیە. شەرمێکی درۆزن لە خۆی، خوێدنەوەی دووبارەی ڕامدەگرێ. هەوڵ دەدەم وشەکان یەك یەك وەبیر بێنمەوە.

((ئانتوانی ئازیزم))

زەردەخەنە دەکەم: دیارە کە نا، دیارە کە ئانی نەینوسیووە.

((ئانتوانی ئازیزم))

شەش ساڵ لەمەوبەر-ئێمە تازە بەڕێکەوتن لێك جیا ببووینەوە- بڕیارمدا بچمە تۆکیۆ. چەند وشەیەکم بۆ نووسی. ئیدی نەمدەتوانی بانگی بکەم ((عەشقی ئازیزم))، ڕێك و ڕاستگۆیانە ئاوا دەستم پێکرد: ((ئانی ئازیزم.)) وەڵامی دامەوە: ((کەیفم بە دڵ ساخیت دێ، من هەرگیز ئانی ئازیزت نەبووم و نیم. تۆش تکات لێدەکەم کەوا نەزانی کە ئانتوانی ئازیزمی. ئەگەر نازانی بەچی بانگم بکەی، بانگم مەکە. ئاوا لە هەمووی باشترە.))

نامەکەیم لە کیسە باخەڵەکەم هێنایە دەرێ. نەینووسیوە ((ئانتوانی ئازیزم.)) لەژێر نامەکەش فۆرمولی ڕێکەوتن لە ئارادا نییە: ((دەبێ بتبینم. ئانی.)) هیچ شتێك نییە کە بتوانێت نیشانەیەکی هەستەکانیم بداتێ.

ناتوانم بەگلەیی بم! لێرەدا ئەوپەڕی هاوڕێیەتی دەناسمەوە. هەمیشە حەزی دەکرد بگاتە ((ساتە کامڵەکان)). ئەگەر کات لەبار نەبوایە، ئیدی ڕەغبەتی نەدەچووە سەر هیچ شتێك، نیشانەکانی ژیان لە چاوەکانیدا بزر دەبوو و هاوشێوەی کچێکی زلە لە تەمەنی باڵق بووندا بە تەمبەڵی بەملاولادا دەسووڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای بیانوودا دەگەڕا، تاکوو هەرام لەگەڵدا بکات.

((تۆ وەکوو بۆرژوایەك بیرم دەکەی، بە ئەها، و بە ڕەزامەندییەوە لەنێو دەستەسڕەکەتدا دەکۆکی.))

نەدەبوایە وەڵام بدرێتەوە، دەبوایە چاوەڕێ بکەی: لەناکاو، بەهێمایەك کە ئاگام لێی نەدەبوو جووڵەیەکی دەکرد، ڕوخساری جوانی لە ماڵ کەوتووی تووندو ڕەق دەبوو و کارە مێروولە ئاساکەی دەست پێدەکرد. جادوێکی حوکم کەرانە و دڵڕفێنی هەبوو، لەنێو ددانەکانی ئاوازێکی دەگوتەوەو لەوکاتەدا سەیری تەواوی دەوروبەری دەکرد، پاشان بەدەم پیاسەکردنەوە باڵای هەڵدەکێشا، دەهات شانەکانی دەبزاوتن و بۆ چەند ساتێك دەتگوت فەرمان بۆ شتەکانی دەوروبەری دەردەکات. بە دەنگێکی نزم و توونا بۆی ڕوون دەکردمەوە کە چ چاوەڕوانییەکی لێم هەیە.

((گوێ بگرە، تۆ کۆششێك دەکەی، وانییە؟ جاری دوایی زۆر گەمژەبووی. دەبینی کە ئەم ساتە ئەگەری هەبوو چەندە جوان بێت؟ سەیری ئاسمان بکە، سەیری ڕەنگی هەتاو بکە لەسەر فەرشەکە. من جلە سەوزەکانم لەبەر کردووەو دەموچاوم ئاڕایش نەکراوە، بە تەواوی ڕەنگ بزرکاوم. بڕۆ دواوە، بڕۆ لە سێبەر دانیشە، تێدەگەی دەبێ چی بکەی؟ ئۆهـ، وازبێنە! چەندە گەمژەی! قسە لەگەڵ مندا بکە.))

هەستم دەکرد کە سەرکەوتنی ئەو ئەرکە لەدەست من دایە! ساتەکە واتایەکی نادیاری هەبوو کە دەبوایە هەڵی پەردێوی و کامڵ بکرێت. دەبوایە جووڵەی دیاریکراو ئەنجام بدرێت، قسەی دیاریکراو بکەی. لەژێر گوشاری باری بەرپرسیاریەتیمدا چەمابوومەوە، چاوەکانم بە تەواوی کردنەوەو هیچ شتێکم نەدەدیت، لە ناوەڕاستی ئەو ڕێوڕەسمانەدا کە ئانی هەر لەو

کاتەدا دایدەهێنان پەلەقاژەم بوو و وەکو تاڵی جاڵجاڵۆکە بە قۆڵە درێژەکانم دامدەدڕین. لەو کاتانەدا ئەو ڕقی لێم بوو.

بە دڵنیاییەوە دەچمە دیداری. هێشتاش لە قولایی دڵەوە ڕێزی بۆ دادەنێم و خۆشم دەوێت. ئەی خۆزگە کەسێکی دیکە لە گەمەی ساتە کامڵەکاندا کارامەیی زیاتری هەبێت.

دەیگوت: ((قژی نەفرەت لێکراوی تۆ هەموو شتێك تێك دەدات. دەتەوێ مرۆڤ لەگەڵ پیاوێکی قژ سووردا چی بکات؟))

زەردەی دەهاتێ. من سەرەتا بیرەوەرییەکانی چاوەکانیم لەبیر چۆوە، پاشان بیرەوەری بەژنی بەرزی. تا ئەو کاتەی کە توانیم زەردەخەنەکەیم لە یاد بوو و پاشان، سێ ساڵ لەمەوبەر، ئەویشم فەرامۆش کرد. کەمێك پێش ئێستا، لە ناکاو، هەر کە خەریکبووم نامەکەم لە دەستی خاتوون وەردەگرت، ئەو زەردەخەنەیە گەڕایەوە. وامهاتە پێش چاوان کە ئانی دەبینم زەردەخەنە دەکات. هەوڵ دەدەم بیهێنمەوە یاد: پێویستیم بەوەیە تەواوی ئەو ناسکییە هەست پێ بکەم کە ئانی ئیلهامم بۆ دەکات. ئەو ناسکییە لەوێیە، زۆر نزیکە، تەنیا دەیەوێ کە لە دایك ببێت، بەڵام زەردەخەنە ناگەڕێتەوە. تەواو بوو. پووچ و وشك دەمێنمەوە. پیاوێك کە لەسەرمان دەلەرزی هاتە ژوورێ.))

((سڵاو لە هەموان.))

بێ ئەوەی پاڵتۆ ڕەنگ سەوزەکەی داکەنێ، دادەنیشێت. دەستە درێژەکانی لێك دەخشێنێ و لەو کاتەدا قامکەکانی تێك ئاڵقە دەکات.

((حەزت لە چییە؟))

دادەچڵەکێ، چاوەکانی نیگەرانن.

((چی؟ بیرەیەك لەگەڵ ئاودا بدەنە من.))

گارسۆن نقەی لێوەنایە. لە ئاوێنەدا ڕوخساری وادەنوێنێ کە دەڵێی خەوتووە. لە ڕاستیدا چاوەکانی کراوەن، بەڵام تەنیا دوو دانە کەلێنە. ئەو هەر ئاوایە، بۆ خزمەتکردنی کڕیارەکان پەلەی نییە، هەمیشە لە ڕاسپاردەکانیان هەڵوەستە دەکات. ڕەنگە بیر لەو شووشەیە بکاتەوە کە لەسەر پێشخوانەکە هەڵیدەگرێ و لەسەر ئەو ئاڕمە سپییەی کە پیتی سووری لەسەرن و شەربەتی خەستی ڕەش کە تێی دەکات: دەڵێی بۆخۆی دەیخواتەوە. نامەکەی ئانی لە کیسە باخەڵەکەم دەپەستم. ئەم نامەیە ئەوەی کە توانیویەتی پێی داوم. من ناتوانم بگەڕێمەوە لای

ئافرەتێك کە لە نێو دەستەکانیدا گرتوویەتی، نوشتاندوویەتییەوەو خستوویەتییە نێو زەرفەوە. ئایا تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کە بیر لە کەسێك لە ڕابردوودا بکرێتەوە؟ مادام کە عاشقی یەکتری بووین، دەرفەتمان نەدا کە بچووکترین ساتەکانمان، وردترین خەمەکانمان لێمان جیاببنەوەو پاش بکەون. دەنگەکان، بۆنەکان، پلەکانی تیشك، تەنانەت ئەو بیرۆکانەی کە بە یەکترمان نەگوتبوو-هەموو ئەمانەمان لەگەڵ خۆماندا بردن و هەموویان زیندوو مانەوە: لە چێژ وەرگرتن و ڕەنجکێشان لێیان لە زەمەنی نووکەدا ڕانەوەستاین. بیرەوەرییەك لە نێواندا نەبوو، عەشقێکی ئارام وەرنەگرو سووتێنەر، بەبێ سێبەر، بەبێ پاشەکشە، بەبێ خۆهەتڵەکردن. سێ ساڵ لە کاتی حاڵی حازردا. لەبەر ئەوە بوو کە لێك جیا بووینەوە: ئیدی ئەندازەی پێویست توانامان نەبوو کە ئەو بارە هەڵگرین. پاشانیش، کاتێك کە ئانی لەلام ڕۆیشت، ئەو سێ ساڵە لە ناکاو و یەکسەر داڕمایە نێو ڕابردووەوە. من تەنانەت ڕەنجیشم نەکێشا، خۆمم بە بەتاڵ هەست پێدەکرد. پاشان زەمەن لە نوێوە دەستی پێکردەوەو کەلێنەکە گەورەتر بوو. دوای ئەوە لە سایگۆن، لەبەر ئەوەی بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ فەڕەنسا، هەرچییەکی هێشتا مابۆوە-ڕوخسارە نامۆکان، گۆڕەپانەکان، بەندرگاکانی قەراغ ڕووبارە درێژەکان- هەموویان بۆ ئەوە نەبوو و ئێستا ڕابردووی من لە کونێکی گەورە زیاتر هیچی تر نییە. زەمەنی نوکەیی من: ئەو گارسۆنە بلوز ڕەشەیە کە لە نزیك پێشخوانەکە خەیاڵ دەهۆنێتەوە، ئەم کابرا لۆکە. وای بۆ دەچم کە هەرچییەکی لەبارەی ژیانەوە دەیزانم لە کتێبەکانەوە فێری بووم. کۆشکەکانی بنارس، هەیوانی ((پاشای گڕدێ)) پەرستگاکانی جاوە بە قادرمە گەورە شکاوەکانیانەوە، بۆ ساتێك لە چاوەکانمدا ڕەنگیان دایەوە، بەڵام لەوێ لە شوێنی خۆیان مانەوە. ئەو تڕاموایەی کە شەوانە بە بەردەم هوتێل پرنتانیادا تێدەپەڕێت، ڕەنگدانەوەی هێمای غازی نیۆن ناباتە نێو پەنجەرەکانییەوە، لە ناکاو گڕدەگرێ و بە پەنجەرە تاریکەکان دوور دەکەوێتەوە, ئەم پیاوە چاوم لەسەر هەڵناگرێت: ئازارم دەدات. بەو بەژن و باڵایەی کە هەیەتی دیسان خۆی نیشان دەداتەوە. گارسۆن سەرەنجام بڕیار دەدات ڕاسپاردەکەی دابین بکات. بە تەمبەڵی قۆڵە ڕەشە درێژەکەی بەرز دەکاتەوە، شووشەکە هەڵدەگرێ و لەگەڵ پەرداخێکدا دەیهێنێ.

((فەرموو کاکە.))

پیاوەکە بە ئەدەبەوە دەڵێ: ((کاك ئاشیل.))

گارسۆن بەبێ وەڵامدانەوە تێی دەکات، لەناکاو، پیاوەکە قامکی لە لووتی دوور دەخاتەوەو لەپی هەردووك دەستەکانی تەخت لەسەر مێزەکە دادەنێت. سەری کێشاوەتە دواوەو چاوەکانی دەدرەوشێنەوە.

بە دەنگێکی ساردەوە دەڵێ:

((کچە داماوەکە.))

گارسۆن دادەچڵەکێت و منیش دادەچڵەکێم: جۆرە حاڵەتێکی لە پێناسە نەهاتوو، ڕەنگە حاڵەتی سەرسووڕمان، تووشی پیاوەکە دەبێت، دەتگوت کەسێکی دیکەش ئێستا قسەی کردبوو. هەرسێکمان شڵەژاین. گارسۆنە قەڵەوەکە لەپێش هەمووماندا دێتەوە سەرخۆ: ئەو خەیاڵی نییە. بە ئارامییەوە چاو بە کاك ئاشیلدا دەگێڕێ: باش دەزانێ کە دەتوانێ بە دەستێك کاك ئاشیل لە شوێنی خۆی هەڵکەنێ و فڕێی بداتە دەرێ.

((فەرموو بزانم داخۆ بۆچی من کچە داماوەکەم؟))

پیاوەکە گومان بۆ دڵی دروست دەبێت. بەشێواوی سەیری گارسۆن دەکات، پاشان پێدەکەنێ. دەم و چاوی پڕ دەبن لە لۆچ و لوول دەخوات، لەگەڵ مەچەکیدا خەریك دەبێت:

((ئەم قسەیە دڵگرانی کردووە، هەر ئاوا گوتم. خەڵك هەر ئاوا دەڵێت! کچی داماو. مەبەستێکی تێدا نییە.))

بەڵام کچەکە ڕووی لێ وەردەسووڕێنێ و دەچێتە پشت پێشخوانەکە: بەڕاستی ڕەنجاوە. پیاوەکە دیسانەوە پێدەکەنێ:

((ها ها! دەزانن، لە دەمم دەرچوو. دڵگران بووی؟)) و بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ من دەکات: ((دڵگران بوو.))

ئاوڕ دەدەمەوە. ئەو کەمێك پەرداخەکەی بەرزدەکاتەوە، بەڵام نیازی خواردنەوەی نییە: سەرسووڕماو و هەراسان چاو دەتروکێنێ، دەڵێی هەوڵ دەدات شتێك بێنێتەوە یاد. گارسۆن لە پشت سندوقەکە دانیشت، کارێکی درومان بەدەستەوە دەگرێت، هەموو شتێك گەڕاوەتەوە بۆ بێدەنگی، بەڵام ئیدی بێدەنگی جاران نییە. باران دەستی بە بارین کردووە. بە نەرمی بە شووشە تاریکەکان دەکەوێ، ئەگەر هێشتا کۆمەڵە منداڵێکی دەمامکدار لە شەقامەکاندا هەبن، باران دەمامکە کارتۆنییەکانیان دەخوسێنێتەوەو تێکیان دەدات.

گارسۆن گڵۆپەکان هەڵدەکات: هێشتا کاتژمێر نەبۆتە دوو، بەڵام ئاسمان ڕەش ڕەشە، ئیدی چاوی باش نابینیٚ، درومان بکات. تیشکێکی کز، خەڵك لە ماڵەکانیانن، بە دڵنیاییەوە ئەوانیش گڵۆپەکانیان پیٚ کردووە، شت دەخوێننەوە، لە پەنجەرەوە سەیری ئاسمان دەکەن. بۆ ئەوان... دۆخەکە جۆرێکی دیکەیە. ئەوان بە جۆرێکی دیکە بە ساڵاچوون. ئەوان لەنێو میرات و دیارییەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و هەر پارچە کەلوپەلێکیان بیرەوەریەکە. سەعاتەکان، مەدالیاکان، وێنەکان، سەدەفەکان، قورسایی کاغەزەکان، پەردەکان، ملپێچەکان.

دۆڵابەکانیان پڕن لە شووشە، پارچە، بەرگی کۆن، ڕۆژنامە، هەموویان هەڵگرتوون. ڕابردوو، ڕازاوەیی خاوەنەکانە. من ڕابردووم لە کویٚ هەڵگرم؟ ناکریٚ ڕابردوو لە گیرفان بهاوی، بۆ ئەوەی بەردەوام ڕێکی بخەی دەبیٚ خانوێکت هەبێت. من جگە لە جەستەم خاوەنی هیچی دیکە نیم. پیاوێکی زگورتی و تەنیا، لەگەڵ هیچ شتێکدا جگە لە جەستەی، ناتوانیٚ بیرەوەرییەکان بوەستێنیٚ، بیرەوەریەکان بەناویدا تێدەپەڕن. نابیٚ سکاڵا بکەم: من تەنیا خوازیاری ئەوەبووم کە تەنیابم. کابرا دەجولیٚ و ئاخ هەڵدەکێشیٚ، خۆی لەنێو پاڵتۆکەیدا مەلاس داوە، بەڵام ناوە ناوە قیت دەبێتەوەو خۆی ڕادەنیٚ. ئەویش ڕابردووییەکی نییە، ئەگەر باش بگەڕانایە، بیٚ شك لە ماڵی ئەو کوڕە مامانەی کە ئیدی هەقیان بەسەریەوە نییە، وێنەیەکتان دەدۆزیەوە کە ئەو لە ئاهەنگێکی زەماوەندا نیشان دەدات، بە یەخەیەکی پەپولەییەوە، کراسێکی قەناوچە لێدراو و سمێڵێکی قیتی پیاوێکی گەنج. پێموانییە لەمن تەنانەت ئەمەش مابێتەوە.

دیسان وا سەیرم دەکات. ئەمجارە نیازی هەیە قسەم لەگەڵدا بکات. هەست دەکەم تەواوی جەستەم وشك و ڕەق بوو. ئەمە لەبەر خاتری هاودڵی نێوانمان نییە: ئێمە هاوشێوەی یەکترین، ئەوەندەو بەس. ئەو وەکوو من تەنیایە، بەڵام لەمن زیاتر لە تەنیاییدا ڕۆچووە. بە دڵنیاییەوە چاوەڕێی هێڵنجی خۆی یان شتێك لەم بابەتە دەکات. کەواتە ئێستا کەسانێك هەن کە من دەناسنەوە، کە لە دوای تێڕامانم بیر دەکەنەوە: ((ئەو یەکێکە لە ئێمە.)) ئیٚ، ئەو چی گەرەکە؟ دەبیٚ باش بزانێت کە ئێمە ناتوانین هیچ کارێك بۆ یەکتری ئەنجام بدەین. خێزانەکان لە ماڵەکانیاندا و لە نێو بیرەوەرییەکانیاندان ئێمەش لێرە، دوو دانە مرۆڤی بەرماوەی بەبیٚ بیرەوەری. ئەگەر لەناکاو هەڵدەستا، ئەگەر قسەی لەگەڵدا دەکردم، هەڵدەپەڕیم.

دەرگا بە دەنگە دەنگ دەکرێتەوە: دوکتۆر ڕۆژێیە.

((سڵاو لە هەموان.))

گرژ و بەدگومان دێتە ژووریٰ، لە کاتێکدا کە لەسەر لاقە درێژەکانی ڕەتەڵان دەبات. یەکشەممەکان بەزۆری لە رێستۆڕانتی فزلیز دەیبینم، بەڵام من ناناسێت. هەیکەلی وەکوو مامۆستایانی وەرزشی ژوئان ڤیل دەچێ: قۆڵی هاوشێوەی ڕان، لەگەڵ سەدو دە سانتی مەتر لە دەوری سینگ، ئەمەش هەمووی ناتوانیٰ خۆی لەسەر لاقان ڕاگرێت.

((ژان، ژانە بچکۆڵەکەم.))

بە سەرە تاشکەوە بەرەو لای خۆگۆڕین دەچێت، تاکوو کڵاوە لبادییە ڕۆخ پانەکەی بە جلگرەوە هەڵواسێت. گارسۆن کاری درومان وەلا دەنیٰ و بەبیٰ پەلەکردن و خەواڵوو، دێت تاکوو پاڵتۆکەی دوکتۆر لەبەری دانیٰ.

((حەزت لە چییە، دوکتۆر؟))

دوکتۆر بە سەنگینی چاوی پێدا دەخشێنیٰ. ئەو ڕوخسارێکی هەیە کە من بە ڕوخساری جوانی پیاوێکی ناو دەنێم. ژیان و هەڵچوونەکانی ڕزاندویانەو چرچ و لۆچی لیٰ پەیدا کردووە، بەڵام دوکتۆر لە ژیان گەیشتووەو زاڵ بووە بەسەر هەڵچوونەکانیدا.

بە دەنگێکی نزم دەڵیٰ: ((هیچ نازانم چیم دەوێت.)) خۆی هاویشتە سەر کورسییەکی بەرامبەر من. نێوچاوانی دەسڕێتەوە. هەر کە لەسەر لاقان نامێنیٰ، ئاسوودە دەبێت. چاوە گەورەو ڕەش و فەرماندانەی ترسێنەرن. ((بۆم... بۆمن، بۆمن کالوا دۆسێکی کۆنە بێنە، ئازیزم.))

گارسۆن بەبیٰ هیچ جووڵەیەك ئەو ڕوخسارە گەورە پڕ لۆچە تەماشا دەکات. لە خەیاڵ دایە. کابرا بە زەردەخەنەیەکی دەربڕی ڕزگاربوونی سەری بەرزکردەوە: ئەم دێوەنێرە ئێمەی ڕزگار کردووە. لێرە شتێکی ترسناك هەبوو کە دەیویست بمانخاتە چنگیەوە. هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشم: ئێستا لەنێو مرۆڤەکانداین.

((ئەی کوا کالوا دۆسی من؟))

گارسۆن لە شوێنی خۆی ڕادەپەڕیٰ و دەڕوا. دوکتۆر قۆڵە ئەستوورەکانی درێژکردوون و بە سووچی مێزەکەوە نوساوە. کاك ئاشیل شادو دڵخۆشە. دەیەویٰ سەرنجی دوکتۆر ڕاکێشیٰ، بەڵام ئەوەندەی لاقەکانی دەجولێنیٰ و جووڵەجووڵ دەکات، لەبەر ئەوەی ئەوەندە وردیلەیە ناتوانیٰ دەنگە دەنگێك دروست بکات.

گارسۆن کالوادۆسەکە دەهێنێ. بە جووڵەی سەر، دراوسێی دوکتۆر نیشانی دەدات. دوکتۆر ڕۆژێ جەستەی بە خاوی دەسووڕێنێ، ناتوانی جووڵە بە ملی بکات. هاوار دەکات:

((ئەها، تۆی، ئەکبیری پیر، هێشتا نەمردووی؟))

ڕووەو گارسۆن دەڵێ:

((ڕێگە بەمە دەدەن بۆ کافەکەتان؟))

بە چاوە شەڕەنگێزەکانی سەیری کابرا دەکات. نیگایەکی بێ توێکڵ کە هەموو شتێك لە جێی خۆی دادەنێتەوە. ڕوونی دەکاتەوە: ((ئەو گێلێکی پیرە، بەڵێ هەر ئەوەی کە گوتم.))

دوکتۆر تەنانەت ئەو زەحمەتەش دەبەر خۆی نادات کە نیشان بدات گاڵتە دەکات. دەزانێ کە گێلی پیر ڕقی هەڵناستێ، بەڵکوو زەردەخەنە دەکات. هەرواش بوو. کابرا داماوانە زەردەخەنە دەکات. گێلێکی پیر! جەستەی لێك دەکێشێتەوە، هەست دەکات کە لە گەزەندی خۆی دەپارێزرێت. ئەمڕۆ هیچ شتێکی بۆ ڕوو نادات. خۆشی لەوە دایە کە منیش ئاسوودە بوم. گێلێکی پیر: کەواتە ئەمە بوو، هەر ئەمە بوو و بەس.

دوکتۆر پێدەکەنێ، سەیرێکی من دەکات، دەڵێی دەیەوێ بەو نیگایە منیش تووش و هاودەستی خۆی بکات: ڕەنگە لەبەر بەژن و باڵام-جگە لەوەش کراسێکی خاوێنم لەبەردایە- دەیەوێ من لە گاڵتەکەیەوە بگلێنێ. من پێناکەنم، وەڵامی بانگێشتەکانی نادەمەوە: کەواتە، بێ ئەوەی پێکەنینەکەی کپ ببێتەوە، ئاگری بڵێسەداری چاوەکانیم لەسەر تاقی دەکاتەوە. چەند ساتێك لە بێدەنگیدا تەماشای یەکتری دەکەین، بە چاوی تەسك کراوەوە سەرو خوارم دەکات، ڕیزبەندیم دەکات.

لە گوتاری گێلەکاندا؟ بە گوتاری لاتەکاندا؟

لەگەڵ ئەوەشدا، خودی ئەوە کە ئاوڕ دەداتەوە: شکستێکی بچووك لە بەرامبەر مرۆڤێکی تەنیادا، بەبێ بایەخی کۆمەڵایەتی، شیاوی ئەوە نییە کە باسیشی بکەن، زوو لە بیر دەکرێت. سیغارێك دەپێچێتەوەو هەڵی دەکات، پاشان هاوشێوەی پیرەمێردەکان بە چاوی بێ جووڵەو ڕەقەوە بێ جووڵە دەمێنێتەوە. چرچ و لۆچی جوان، هەمووی هەیە: هێڵەکانی ئاسۆیی نێوچاوان، هێڵی پەنا چاوەکان، چرچەکانی تاڵی دوولای دەم، هەروەها کەلافەی (داو) زەردی کە لەژێر چەناگە هەڵواسراوە. ئەو پیاوێکی خۆش شانسە: هەرکە چاوتان پێی بکەوێ، بەخۆتان دەڵێن کە بە دڵنیاییەوە ڕەنجی کێشاوەو کەسێکە کە ژیانی بەسەر بردووە. جگە

لەمەش شیاوی ڕوخساریەتی، چونکە بۆ ساتێکیش دەربارەی شێوازی هەڵگرتن و سوودوەرگرتن لە ڕابردووی بە هەڵەدا نەچووە: زۆر سادە بەکا ئاخنیویەتی و گۆڕیویەتی بۆ ئەزموونێك بۆ سوودوەرگرتن دەربارەی ژنان و گەنجان. کاك ئاشیل ئەوەندە دڵخۆشە کە دەڵێی زۆر لەمێژە وانەبووە. زەینی لە دەستخۆشی پاراوە، بیری خۆی قوم قوم و بە هەڵامسانندنی گیپەکانی دەخواتەوە. بە دڵنیاییەوە دوکتۆر دەیزانی چۆن چۆنی چارەی بکات! دوکتۆر کەسێك نییە لێگەڕێ گێلی پیری لەسەروبەندی تووش بوون بەهێرشێك پەلکێشی بکات. تانەیەکی بەهێز، چەند وشەیەکی توندو بڕەویان پێویستە. دوکتۆر ئەزموونی هەیە لە ئەزموونداوە، مرۆڤێکی پیشەییە: پزیشکەکان، قەشەکان، دادوەرەکان، ئەفسەرەکان، مرۆڤ بە جۆرێك دەناسن کە دەڵێی بۆخۆیان دروستیان کردوون.

لەبارەی کاك ئاشیلەوە شەرم دەکەم. ئێمە لە یەك گرووپین، دەبێ سوپایەك لە دژیان پێك بهێنین، بەڵام ئەو منی بەجێهێشت و چووە پاڵ ئەوانەوە: ڕاستگۆیانە بڕوای بە ئەزموون هەیە. نەك بە ئەزموونی خۆی یان هی من. بە ئەزموونی دوکتۆر ڕۆژێ. کەمێك لەمەوبەر کاك ئاشیل هەستی دەکرد، بوونەوەرێکی سەیرە، هەستی دەکرد تەنیای تەنیایە، ئێستا دەزانێ کەسانی دیکەش وەکوو وی بوون، زۆرانی دیکە: دوکتۆر ڕۆژێ تووشیان بووە، دەیتوانی بەسەرهاتی هەرکامیان بۆ کاك ئاشیل بگێڕێتەوەو بڵێ کە چۆن کۆتایی پێدێت. کاك ئاشیل تەنیا یەك بابەتە و بە ئاسانی لێدەگەڕێ کە بیگۆڕن بۆ چەند مەزەندەیەکی گشتی.

چەندە حەزم دەکرد پێی بڵێم کە خەریکن فریوی دەدەن، خەریکە لە بەرژەوەندی مرۆڤی خۆبین گەمە دەکات. مرۆڤ گەلی پیشەیی لە ئەزمووندا؟ ئەوان ژیانیان بە حاڵەتی سڕو خەواڵووەوە خڕەخڕ کێشاوە، ترسناکانەو بێ توانا زەماوەندیان کردووەو خۆ و شانسانە منداڵیان فڕێداوە. ئەوان تووشی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیکە بوون لەنێو کافەکاندا، لەنێو زەماوەندەکاندا، لەنێو تازییەکاندا. جاری وایە کە لە گێژاودا گیریان خواردووە، پەلەقاژەیان کردووە بەبێ ئەوەی بزانن چیان بەسەر هاتووە. هەرچییەکی لە دەوروبەریان ڕوویداوە، لە دەرەوەی مەودای دیدیان دەستی پێکردووەو کۆتایی پێهاتووە. شکڵی درێژی ڕەش، کۆمەڵە ڕووداوێك کە لە دوورە دەستەوە دەهاتن، بە قایی بە تەنیشتیاندا تێپەڕیوەو بڵێی و نەڵێی دەستی لێداون و کاتێك ویستویانە سەیریان بکەن ئیدی هەموو شتێك کۆتایی پێهاتبوو. پاشانیش، لە دەوروبەری چل ساڵیدا، بیرە بوودەڵە بزێوەکانیان و چەند پەندێکی پێشینان ناودەنێن ئەزموونً.

دەست پێدەکەن کە لاسایی ئامێری بڵاوکەرەوەی ئۆتۆماتیك بکەنەوە. سکەیەك بخەنە کەلێنی لای چەپ و کۆمەڵە چیرۆکێکی داپۆشراو لە کەلێنی کاغەزێکی زیویندا دێتەدەرێ. سکەیەك لە تیکی لای ڕاست بهاوێژن و ئامۆژگاری گەلێکی گرانبەهاتان دەست دەکەوێت کە وەکوو کاراملێکی[1] نەرم بە ددانەکانەوە دەنووسێت. کەواتە منیش دەمتوانی خۆم بۆ ماڵەکانی خەڵك بانگهێشت بکەم و ئەوان بە یەکتریان دەگوت کە من گەشتیارێکی گەورەم لە بارەگای سەرمەدیدا. بەڵێ: عارەبەکان بە هەڵتروشکانەوە میزی دەکەن، دایەنەکانی هیندۆس لەبری ئێرگۆتین شووشەی ڕنراو لە تەپاڵەی مانگادا بەکاردەبەن، لە بۆرنیۆ کاتێك کچێك بکەوێتە حەیزی مانگانەوە، سێ شەو و رۆژ لە سەربانی ماڵەکەیان بەسەر دەبات. من لە ڤێنز ڕێوڕەسمی ناشتن لە بەلەمدا، لە سێڤیل ئاهەنگەکانی ((هەفتەی پیرۆز))، لە ئۆبرامێرگاو نمایشی تازیەی مەسیحم دیتووە. ئەڵبەتە ئەمانە هەمووی مشتێکن لە خەرواری زانستی من: دەمتوانی لەسەر کورسی پاڵ بدەمەوە و دڵخۆشانە دەست پێبکەم:

((ئایا بێلاو دەناسن، خاتوونی ئازیز؟ شارۆچکەیەکی سەرسووڕهێنەر لە مۆڕاڤی هەیە کە من لە ١٩٢٤دا لەوێ نیشتەجێ بووم...))

سەرۆکی دادگاش کە سکاڵای زۆری بینیووە لە کۆتایی بەسەرهاتەکەمدا جڵەوی قسەکردن دەگرێتە دەست: ((چەندە ڕاستە، کاکی ئازیز، چەندە مرۆییە، من دۆسیەی هاوشێوەم لە دەسپێکی ژیانی پیشەیی خۆمدا دیتووە، لە ساڵی ١٩٠٢دا بوو. من لە لیمۆز جێگری دادوەر بووم...))

تەنیا کێشەکە لەوەدایە کە لە تەمەنی گەنجێتیمدا بە وەها شتگەلێك تەنگاویان دەکردم. من لە خێزانێکی پیشەییدا نەبووم، بەڵام نا پیشەییەکانیش بوونیان هەیە. ئەمانە سکرتێرەکان، کارمەندان، هەروەها کاسبکارانن، ئەوانەی کە لە کافەکاندا گوێ بۆ کەسانی دیکە دەگرن: ئەوان لە دەوروبەری تەمەنی چڵ ساڵیدا هەست دەکەن لەو ئەزموونەی کە ناتوانن بیدەڵێنن هەڵامساون. خۆشبەحتانە کۆمەڵە منداڵێکیان فڕیداوەو هەر لەجێدا ئەو ئەزموونەیان دەرخوارد دەدەن. پێیان خۆشە کە بە ئێمەی قبوڵ بکەن کە ڕابردوویان بە فیڕۆ نەچووە، کە بیرەوەرییەکانیان کەڵەکە بوون و بە نەرمی و ئاسانی گۆڕاون بۆ زانایی. ڕابردووی

---

١- کاڕامل: جۆرە شیرنەمەنییەکە. ((وەرگێڕ)).

به کەڵك! ڕابردووی بڕینی گیرفانێك، کتێبی لێوار زێڕینی پڕ لە نموونە و حوکمی جوان. ((بڕوا بکەن، من لە ڕووی ئەزموونەوە قسە لەگەڵ ئێوەدا دەکەم، ئەوەی دەیزانم لە ژیانەوە فێری بووم.)) ئایا ئەوهایە کە ژیان لە ئەستۆگر لە بری ئەوان بیر بکاتەوە؟ ئەوان نویٚ لەگەڵ کۆندا ئاشکرا دەکەن و-کۆنیان بە ڕووداوی دیسانەوە کۆنتر دیاری کردووە، هاوشێوەی ئەو مێژوونووسانەی کە لە لینین یەك ڕوبسپیری ڕووسی و لە ڕوبسپیریش یەك کڕامولی فەڕەنسایی دروست دەکەن: لە کۆتاییدا، بەهیچ جۆرێك سەریان لە هیچ شتێك دەرنەچووە... لە دواوەی خۆبینانەیان دەتوانرێت پەی بە تەمبەڵییەکی عەبوسانە ببردرێت: ڕەواڵەتەکان هاوشێوە دەبینن و، باوێشکێك دەدەن، بیردەکەنەوە کە هیچ شتێکی نویٚ لەژێر ئاسماندا نییە. ((گێلێکی پیر))- دوکتۆر ڕۆژیش بیر لە گێلی دیکەی پیر دەکاتەوە کە هیچ کامیان بە شێوەیەکی تایبەت ناهێنێتەوە یاد. ئێستا هەر کارێك کە کاك ئاشیل بیکات، بۆمان سەرسووڕهێنەر نییە: لەبەر ئەوەی ئەو گێلێکی پیرە!

ئەو گێلێکی پیر نییە: ئەو دەترسیٚ. ترسی لە چییە؟ کاتێك مرۆڤ بیەویٚ لە شتێك بگات دەکەوێتە بەرامبەری، تاق و تەنیا، بەبیٚ هاوکاری، تەواوی ڕابردووی جیهان بەکارنایە. پاشان ئەو شتە بزردەبێت و ئەوەی کە مرۆڤ تێی گەیشتووە هاوڕیٚ لەگەڵیدا بەدیار نامێنیٚ.

مەزەندەگەلی گشتی دڵخۆشکەرترن. جگە لەوەش پیشەییەکان و ناپیشەییەکان هەمیشە لەسەر هەق بوونی خۆیان ئەنجام دەدەن. زانایان ڕایان دەسپێریٚ کە تاکوو دەکریٚ کەمتر دەنگەدەنگ بکەن، تا دەکریٚ کەمتر بژین، خۆتان بە فەرامۆشی بسپێرن. باشترین چیرۆکەکان دەربارەی مرۆڤە سەرەڕۆکان و سەیرو سەمەرەیە کە بە سزا گەیشتوون. بەڵیٚ، ئاوا ڕوو دەدات و هیچ کەسێك پێچەوانەکەی ناڵێت. ڕەنگە کاك ئاشیل کەمێك ویژدانی نائاسوودەیە. ڕەنگە بەخۆی بڵیٚ کە ئەگەر گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی باوك و خوشکە گەورەکەی گرتبوو، وەها حاڵ و ڕۆژێکی نەدەبوو. دوکتۆر مافی قسەکردنی هەیە: ئەو ژیانی خۆی بەفیڕۆ نەداوە، زانیویەتی چۆن چۆنی خۆی سوودمەند بکات. لەسەر سەری ئەم مرۆڤە داماوە بوودەڵەیە، ئارام و بەهێز باڵا قیت دەکاتەوە، ئەو تاشە بەردە.

دوکتۆر ڕۆژیٚ کالوا دۆسەکەی خواردۆتەوە. هەیکەلە زلەکەی پان دەبێتەوەو پێڵوەکانی بە قورسی لێك دەنێت. یەکەمجارە کە ڕوخسارە بەبیٚ چاو دەبینم: وەکوو دەمامکێکی کارتۆنی دەچیٚ، وەکو ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە دوکانەکان دەیانفرۆشن. گیپەکانی ڕەنگی پەمەیی

تۆپێنەریان هەیە... ڕاستی لەناکاو بۆم بەدیار دەکەوێت: ئەم پیاوە بەزوویی دەمرێت، بە دڵنیاییەوە ئەو ئەمە دەزانێ. ئەوەندە بەسە کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی بکات: هەموو ڕۆژێك زیاتر وەکو ئەو تەرمەی لێدێت کە دەیبینێ. تەواوی ئەزموونی هەر بریتییە لەمە. بۆیە چەندەها جار بە خۆمم گوتووە کە ئەزموون بۆنی مەرگ دەدات: دوایین بەرگرییانە. دوکتۆر حەز دەکات باوەڕی بەمە هەبێت، حەزدەکا چاوەکانی بەڕووی ڕاستەقینەی مەدار لەگەڵ نەکراودا دابخات: کە ئەو تەنیایە، بەبێ بەشی، بەبێ ڕابردوو، بەزەینێکی سڕ و جەستەیەك کە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت. لەمڕۆەوە دڵخۆشی بێ زمانی بەباشی داڕشتووە. بەخۆی دەڵێ کە خەریکە گەشە دەکات. ئایا لەبیرکردنەوەیدا کۆمەڵە درزێك هەیە، ئایا لە چەند ساتێکدا کەللەی پووچ دەبێت؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە هێزی بڕیاردانی ئیدی چاپوکی سەردەمی گەنجێتی نییە. ئایا ئەوەی کە لە کتێبەکاندا دەیانخوێنێتەوە ئیتر تێیان ناگات؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە ئێستا زۆر لە کتێبەکانەوە دوورە. ئایا ئیدی ناتوانێ ئەوین بکاتە دیاری؟ بەڵام ئەو کارەی کردووە. ئەوین کردنە دیاری و خۆشویستن لە ڕابردوودا زۆر لەوە باشترە کە مرۆڤ دیسانەوە ئەوین بکاتە دیاری: بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو دەتوانرێت بڕیاردان، بەراوردو بیر بکرێتەوە. بۆ ئەوەش کە بتوانێ دیمەنی ڕوخساری تۆقێنەری تەرمەکە لە ئاوێنەدا لە گەڵی هەڵ بکات، لە هەوڵی ئەوەدایە بەخۆی بقەبوڵێنێ کە دانەکانی ئەزموونی تێدا هەڵکەندراوە.

دوکتۆر کەمێك سەری خۆی دەسووڕێنێ. پێڵوەکانی بە نیوەیی دەکرێنەوە، بەو چاوانەی کە لەبەر ئەو سوورهەڵگەڕاون تەماشام دەکات. زەردەخەنەی بە ڕوودا دەدەم. حەز دەکەم ئەم زەردەخەنەیە هەموو ئەو شتەی بۆ ئاشکرا بکات کە هەوڵ دەدات لەخۆی بشارێتەوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بەخەبەری دەهێنێ، ئەگەر بێتوانیایە بەخۆی بڵێت: ((ئێرە کەسێکی لێیە کە دەزانێ من بەم نزیکانە دەمرم!)) بەڵام دووبارە پێڵوەکانی دادەکەون: خەوی لێدەکەوێ. من بەڕێدەکەوم بڕۆم. کاك ئاشیل بەجێدەهێڵم کە چاودێری خەوەکەی بکات.

باران خۆشی کردۆتەوە، هەوا باشە، کۆمەڵە وێنەیەکی ڕەشی جوان بە ئارامی لەسەر پانتایی ئاسمان دەنەخشێن: ئەمە بۆ دروستکردنی چوارچێوەی ساتێکی کامڵ لە ڕادەبەدەر بەسە. بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم وێنانە، ئەو ئامادە دەبێت شەپۆلگەلێکی تاریك لە دڵەکانماندا بەدی بێنێت، بەڵام من دەزانم چۆن سوود لەم دەرفەتە بێنێت، بەڵام من دەزانم چۆن سوود لەم دەرفەتە وەربگرم: بەڕێکەوت بەڕێدا دەڕۆم، بە تاڵ و ئارام، لەژێر ئەم ئاسمانەدا بەفیڕۆ چووە.

((چوار شەممە))

نابێ بترسێی.

((پێنج شەممە))

چوار لاپەڕەم نووسیوە. پاشان ساتێکی دوورو درێژی شادومانی. نابی ئەوەندە بیر لە بایەخی مێژوو بکرێتەوە. ئەو مەترسییە هەیە کە مرۆڤ لێی بێزار ببێت. نابێ ئاشکرا بکرێت کە مارکی دۆرلبۆن بەگشتی دەرخەری تاکە پاساوی بوونی منە. تا هەفتەیەکی دیکە دەچمە سەردانی ئانی.

((هەینی))

لە جووت سایدی ڕدووت تەم و مژ ئەوەندە چڕ بوو کەوام بە باش زانی بە رۆخی دیوارەکانی سەربازگەدا بڕۆم، لای ڕاستم، گڵۆپەکانی پێش ئۆتۆمبیلەکان تیشکێکی تەڕیان دەپرژاندە بەرامبەر و نەدەکرا تێبگەی کە پیادەڕۆ لە کوێ کۆتایی پێدێت. دەوروبەرم خەڵك بوو، دەنگی هەنگاوەکانیان پان، جاری وایە، هات و هاواری قسەکانیانم گوێ لێدەبوو، بەڵام هیچ کەسێکم نەدەدیت. لە پڕێکدا ڕوخساری ژنێك لەسەر شانم ڕا بەدەرکەوت، بەڵام یەکسەر تەم و مژ لە خۆیدا ڕۆی برد، جارێکی دی، کەسێك بە هەناسە بڕکێوە خۆی لێ خشاندم و تێپەڕی. نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم. ئەوەندە نوقمی تەم و مژ بووم: دەبوایە بە پارێزەوە بەرەو پێش برۆی، بە نوکی پێ بەدەست و پێ کوتان زەوی بدۆزیەوەو تەنانەت دەستەکانیش بۆ پێشەوە درێژ بکەی. هیچ کەیفم بەو کارە نەدەهات، لەگەڵ هەمەوو ئەمەشدا لەبیری گەڕانەوەدا نەبووم بۆ ماڵێ، گرفتار ببووم. سەرەنجام، لە دوای نیو کاتژمێر، لە دووررا چاوم بە هەڵمێکی ڕەنگ شین کەوت. ئەو هەڵمەم وەکوو چاوساغم وەرگرت و هێندەی پێ نەچوو کە گەیشتمە رۆخی ڕووناکییەکی گەورە، لە ناوەڕاستدا، کافەی مابلیم ناسییەوە کە بە گڵۆپەکانی درِی بە تەم و مژ دەدا.

کافەی مابلی دوازدە گڵۆپی کارەبایی هەیە، بەڵام تەنیا دوو دانەیان هەڵکرابوون، یەکێك لەسەر سندوقەکە، ئەوی تریش لەبن میچ. تەنیا گارسۆنی کافەکە منی بە زۆر پاڵنا بۆ سوچێکی تاریك.

((لێرە نابێ کاکە، خەریکم کاری پاککردنەوە دەکەم.))

چاکەتی لەبەردابوو، بەبێ یەلەگ و یەخە، هەروەها کراسێکی سپی ڕاڕای وەنەوشەیی پۆشیبوو. هەر باوێشکی دەدان، لە کاتێکدا کە قامکەکانی ڕۆدەبردە نێو قژەکانییەوە بە گرژو مۆنی تەماشای دەکرد.

((قاوەیەکی تاڵ و چەند دانە کرواسان.))[١]

بەبێ وەڵامدانەوەی چاوی گلۆفین و دوور کەوتنەوە. تاریکی دەگەیشتە چاوەکانمەوە، تاریکییەکی پیس و بەستەڵۆك. ڕەنگە ڕادیاتەر پێ نەکرا بێ. تەنیا نەبووم. ژنێك بە ڕوخسارێکی مۆم ڕەنگی بەرامبەرم دانیشتبوو و بەردەوام دەستەکانی دەجولاَن، جاری وابوو بۆ ڕێکخستنی بلوزەکەی، جاری واشبوو بۆ ڕاستکردنەوەی کلاوە ڕەشەکەی. پیاوێکی بالاّبەرزی سوورەشی لەگەڵدا بوو کە بە بێدەنگی بریوشی[٢] دەخوارد. بێدەنگی قورس دەهاتە بەرچاوم. حەزم چووە سەر پێکردنی سەبیلەکەم، بەلاّم پێم خۆش نەبوو بە دەنگی لێدانی شقارتە سەرنجیان ڕاکێشم.

تەلەفۆن زەنگی لێدا. دەستەکان ڕاوەستان: هەروا بە بلوز نووساوەوە مایەوە. گارسۆن پەلەی نەبوو، بەر لەوەی بڕوات تەلەفۆنەکە هەڵگرێت، بە ئارامی کاری ماڵینی کۆتایی پێ هێنا.

((ئەلۆ، جەنابت کاك ژۆرژی؟ سلاّو کاك ژۆرژ... بەڵێ کاك ژۆرژ... ئانما لێرە نییە... بەڵێ، دەبێ تائێستا هاتبێتە خوارێ... ئاە! لەم هەوا تەم و مژەدا... بەشێوەیەکی گشتی کاتژمێر هەشت دێتە خوارێ... بەڵێ، کاك ژۆرژ، پەیامەکەی پێ دەگەیەنم. ماڵئاوا کاك ژۆرژ.)) تەم و مژ وەکوو پەردەیەکی قورس لە مەخمەری خۆڵەمێشی کەوتبووە سەر پەنجەرەکان. ڕوخسارێك بۆ ساتێك بە شووشەکەوە نووساو بزر بوو.

ژنەکە بە ناڵاندنەوە گوتی:

((پێڵاوەکە داخە.))

پیاوەکە بەبێ سەیرکردن گوتی: ((نەکراوەتەوە.)) ژنەکە هەڵچوو. دەستەکانی وەکوو جالّجالۆکەی گەورە لەسەر بلوز و ملی دەهاتن و دەچوون.

---

١- (ro) ssant: جۆرە نانێکی شیرینی بچووك لەسەری شێوەی هیلالی مانگ. (وەرگێڕ)

٢- brioche، جۆرە نانێکی شیرین. (وەرگێڕ)

((بەڵێ، بەڵێ، پێڵاوەکەم داخە.))

کابرا بە شکڵ و شێوەیەکی بێ تاقەتانەوە نوشتایەوە، لەژێر مێزەکە دەستێکی لە قاچیدا:

((داخرا.))

ژنەکە ڕەزامەندانە زەردەخەنەی کرد. پیاوەکە بانگی گارسۆنی کرد.

((گارسۆن، چەندی کرد؟))

گارسۆن پرسی: ((چەند دانە بریوشقان هەبوو؟)) من چاوم داخستبوون تاکوو وانەیەمە بەرچاو کە تێیان ڕاماوم. لە دوای ماوەیەك، گوێم لە دەنگی جیڕەجیڕێك بوو و دیتم کە ڕۆخی داوێنێك و دوو پۆتینی ئاوێتە بە قوڕی وشك بۆوە بەدیارکەوت. پۆتینەکانی پیاوەکە بەدوادا دەهاتن، بریقاوەو نوك تیژ بوون. پۆتینەکان بەرەو لای من دەهاتنە پێشێ، لە جووڵە کەوت و نیو سووڕێکی دا: پیاوەکە پاڵتۆکەی لەبەر دەکردەوە. لەو کاتەدا دەستێك لە کۆتایی قۆڵێك وشك و ڕەق لە داوێنەکە شۆڕ بۆوە، کەمێك هەڵوەستەی کرد و ئەوسا داوێنەکەی خوڕاند.

پیاوەکە پرسی: ((ئامادەی؟))

دەستەکە کرایەوەو هات پارچە قوڕێکی لەسەر پۆتینی ڕاست لەمس کرد، پاشان ون بوو.

پیاوەکە گوتی: ((ئۆڤ!))

ئەو جانتایەکی لە نزیك شوێنی جل داتات هەڵگرتبوو. ئەو دوانە چوونە دەرێ، بینیمن، کە لە نێو تەم و مژدا ڕۆچوون.

کاتێك گارسۆن قاوەکەی بۆ هێنام گوتی: ((ئەمانە ئەکتەرن، لە سینە پالاس نمایشی ئانتراکت یان ئەنجام داوە. ژنەکە پەڕۆیەك بە چاوانییەوە دەبەستێت و بە دەنگی بەرز ناو و تەمەنی بینەران دەخوێنێتەوە. ئەوان ئەمڕۆ دەڕۆن لەبەر ئەوەی هەینییە و بەرنامەکان دەگۆڕێن.))

ڕۆیشت قاپێك کرواسان لەسەر ئەم مێزەیە کە ئەکتەرەکان هەر ئێستا بەجێیان هێشتبوو.

((زەحمەت مەکێشە.))

مەیلم لە خواردنی ئەو کرواسانە نەبوو.

((دەبێ کارەبایەکە بکوژێنمەوە. دوو گڵۆپ بۆ یەك کڕیار، لە کاتژمێر نۆی بەیانیدا! ئاغا هەرام لەگەڵدا دەکات.))

کافەکە لە نیمچە تاریکدا رۆژە و تیشکێکی کز ئاوێتە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی و قاوەیی ئێستا لە پەنجەرە گەورەکانەوە دیار بوو.

((دەمویست کاك فاسکڵ ببینم.))

ئاگاداری هاتنە ژوورەوەی پیرێژنەکە نەبووم، سەرمایەکی بەستەڵۆك لەرزاندمی.

((کاك فاسکڵ هێشتا نەهاتۆتە خوارێ.))

پیرێژنەکە درێژەی بە قسەکەیدا: ((خاتوو فلۆران منی ناردووە، حاڵی باش نییە. ئەمڕۆ نایە.))

خاتوو فلۆران سەر سندوقە، هەمان ئافرەتی قژ سوور.

پیرێژنەکە گوتی: ((ئەم هەوایە بۆ سکی خراپە.))

گارسۆن حاڵەتێکی گرنگی بەخۆیەوە گرت و وەڵامی دایەوە:

((هی تەم و مژە. کاك فاسکڵیش هەروایە، سەرم دەسووڕمێ کە تاکوو ئێستا نەهاتۆتە خوارێ. لە تەلەفۆندا داوایان دەکرد. بەگشتی کاتژمێر هەشت دێتە خوارێ.))

پیرێژنەکە بێ ویستی خۆی سەیری بن میچی کرد:

((لەو سەرەوەیە؟.))

((بەڵێ، ئەوە ژوورەکەیەتی.))

پیرێژنەکە بە دەنگێکی کشاوەوە کە دەتگوت قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، گوتی:

((ئەی ئەگەر مردبێت چی...))

تووڕەییەکی تووند لە ڕوخساری گارسۆندا بەدی کرا:

((ئەی هاوار چ جۆرە قسەیەك!))

ئەگەر مردبێت چی... ئەم بیرەم بە مێشکدا هاتبوو. لە وەها هەوایەکی تەم و مژاویدا ئەم بیرانەن کە بە مێشکی مرۆڤدا دێن.

پیرێژنەکە ڕۆیشت. دەبوایە منیش پەیڕەوی لێ بکەم: هەوا سارد و تاریك بوو، تەم و مژ لە بن دەرگاوە دەهاتە ژوورێ، خەریك بوو کە بە ئارامی سەرکەوێ و هەموو شتێك نوقم بکات. ئەگەر بچوومایە کتێبخانەی شارەوانی تیشك و گەرمام وەگیر دەکەوت.

جارێکی تر ڕوخسارێك هات و بەر پەنجەرە کەوت، شکڵ و شێوەی دروست دەکردن.

گارسۆن بە تووڕەییەوە گوتی: ((ڕاوەستە بزانم)) و غاری دایە دەرێ. ڕوخسارەکە ون بوو، من تەنیا مامەوە. لەوەی کە ژوورەکەمم بەجێهێشتبوو زۆر خۆمم سەرکۆنە کرد. ئێستا دەبێ تەم و مژ دایپۆشیبێت، دەترسام بگەڕێمەوە ئەوێ. لە پشت سندوقەکە، لە تاریکیدا، شتێك جرقە جرقی کرد. ئەو دەنگە لە قادرمە تایبەتییەکانەوە دەهات: ئایا سەرەنجام بەڕێوەبەری کافەکە خەریکی هاتنە خوارەوە بوو؟ نا: کەس بەدیار نەکەوت، قادرمەکان هەر لە خۆیانەوە جرقە جرقیان دەکرد. کاك فاسکڵ هێشتا لە خەودا بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەی سەر سەرم مردبوو. لە بەیانییەکی تەماویدا بە مردوویی لە نێو قەرەوێڵەکەیدا دۆزیانەوە. لە ناونیشانی لاوەکیشدا: لە کافەدا کڕیاران خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون بێ ئەوەی گومانی ئەوە بکەن...

بەڵام ئایا هێشتا لە نێو قەرەوێڵەکەیدا بوو؟ ئایا لە کاتێکدا کە سەرچەفەکانی ڕاکێشاون و سەری لە میچی ژوورەکەی داوە، فڕێ نەدرابووە دەرێ؟

زۆر بە باشی کاك فاسکڵ دەناسم. ناوە ناوە ئەحواڵ پرسی لەگەڵدا کردووم. مرۆڤێکی قەڵەوی ڕووخۆشە و ڕیشێکی ڕازاوەی هەیە: ئەگەر مردبێت لە دڵە کپێوەیە. دەچێتە سەر ڕەنگی باینجان، بە زمانی دەرکشاوەوە لە زاردا، ڕیشی لە نێو بۆشاییدا، ملێکی شین هەڵگەڕاو لەژێر قژێکی لوولدا.

قادرمەی تایبەتی لە تاریکیدا بزر دەبوو، بە زەحمەت دەمتوانی قوتکی عاموودی محەجەرەکە لێك جیا بکەمەوە. دەبێ لەو تاریکییە تێپەڕم. قادرمەکان جرقە جرق دەکەن. لە سەرێ دەرگای ژوورەکە دەدۆزمەوە...

تەرمەکە لەوێیە، لەسەر سەری من. پلاکی کارەبایەکە دادەگرم: دەست لەو پێستە شیلەتێنە دەدەم تا بزانم. ئیدی خۆ ڕاناگرم، هەڵدەستم. ئەی ئەگەر گارسۆن لەسەر قادرمەکان وەگیرم بخات، پێی دەڵێم کە گوێم لە دەنگە دەنگ بووە.

ئەی گەمژە! بۆ لام هات.

((دەکاتە دوو فرانك.))

پێمگوت: ((لەو سەرەوە گوێم لە دەنگە دەنگ بوو.))

((کاتی هاتبوو!))

((بەڵێ، بەڵام پێمواپە شتێك بووە! دەتگوت پرخە پرخی گیان سپاردن بوو و دوای ئەوەش دەنگێکی کپ هات.))

لەو هۆڵە تاریکەدا، بەو تەمەوە لە پشت شووشەی پەنجەرەکانەوە، ئەم گوتەیە بە تەواوی سروشتیی دەهاتە بەرچاو. حاڵەتی چاوەکانیم لەبیر ناچێتەوە.

قەشمەریانە زیاتر گوتم: ((دەبێ بچیە سەرەوە سەیربکەی.))

گوتی: ((ئاه، نا.)) پاشان: ((دەترسێم بمدۆزێتەوە. سەعات چەندە؟))

((سەعات دەیە.))

((ئەگەر نەیەتە خوارێ سەعات دە و نیو دەچم.))

هەنگاوێك بەرەو دەرگا دەنێم.

((دەڕۆی؟ نامێنیەوە؟))

((نا.))

((هەر بەڕاستی پرخە پرخی گیان سپاردن بوو؟))

بەدەم چوونە دەرەوەوە پێمگوت: ((نازانم، ڕەنگە لەبەر ئەوە گوتبێتم، پرخە پرخی گیان سپاردن، چونکە بیرم لە شتی لەو بابتە دەکردەوە.))

تەم و مژ کەمێك هەڵکشابوو. پەلەم بوو خۆم بگەیەنمە شەقامی توورن برێد. پێویستیم بە گلۆپەکانی هەبوو. دامام: ئەڵبەتە ئەوێ ڕووناکایی لێ بوو، لە جامخانەی دوکانەوە دادەباری، بەڵام ڕووناکییەکی شاد نەبوو: بەهۆی تەم و مژەوە سپی سپی بوو و وەکوو دوشی ئاو بەسەر شانی مرۆڤدا هەڵدەڕژا.

حەشامەتێکی زۆر لەوێ بوو، لە هەمووی زیاتر ئافرەتان: کارکەرەکان، خزمەتکارەکان، رۆژانە، هەروەها کابانەکان، لەوانەی کە دەڵێن: ((بۆ خۆم شت دەکرم، دڵنیاترە.))

ئەوان لەبەردەم جامخانەکان بۆنێکیان دەکردو لە کۆتاییدا دەچوونە ژوورێ.

لەبەردەم قەسابخانەی گۆشتی بەرازی ژولین ڕاوەستام. ناوە ناوە لە پشت شووشەکان ڕا دەستێکم دەدیت کە ئاماژەی بۆ پارچە گۆشتی بەرازەکانی ڕازاوە بە کارگی دومبەلان دەکرد. پاشان کچێکی سوورەی خەپلە بە سینگی دەرپڕیویەوە دەچەمایەوەو پارچە گۆشتی مردووی بە پەنجەکانی هەڵدەگرت. بە مەودای پێنج خولەك لەوێ، کاك فاسکلێ لە ژوورەکەیدا مردبوو.

لە دەورووپشتم بە دوای شوێنێکدا دەگەڕام پاڵی پێوەدەم، بەدوای هۆکارێکی بەرگری لە بەرامبەر بیرکردنەوەکانم. هیچ نەبوو: بەرەبەرە تەم و مژ ڕەوی بۆوە، بەڵام شتێکی دڵەڕاوکێ پێکەر لە شەقامدا مابۆوە. ڕەنگە نەك هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە: ڕەنگ و ڕوو کاڵ بۆوەو درەوشاوە بوو، بەڵام ڕێك هەر ئەوە بوو کە سەرەنجام مرۆڤی دەترساند. نێوچاوانم بە جامخانەکەوە دایەوە. لەسەر مایۆنز یەك هێلکە، سەرنجم بۆ لای دڵۆپەیەك ڕاکشا بە ڕەنگی سووری تاریك: خوێن بوو. ئەو ڕەنگە سوورە لەسەر ئەو ڕەنگە زەردە، دڵی تێکەڵ هێنام.

لە ناکاو خەونێکم دیت: کەسێك لەسەر ڕووان کەوتبوو و خوێنەکەی دەڕژایە نێو خواردنەکانەوە. هێلکەکە لە خوێندا گەوزا بوو، کاغەزی تەماتەکە کەوتبووە سەری جیا ببۆوەو کەوتبوو، سوور لەسەر سوور. مایۆنز کەمێك بەڕێکەوتبوو: چاڵێك لە قەیماغی زەرد کە جۆگەلەی خوێنەکەی کردبووە دوو لق.

((زۆر گەمژانەیە، دەبێ خۆم کۆبکەمەوە. دەچمە نێو کتێبخانە کار بکەم.))

کار بکەم؟ چاك دەمزانی کە دێڕێکیش نانووسم. دیسانەوە ڕۆژێکی دیکە بە فیڕۆ چوو. لەکاتی تێپەڕبووندا لە باخی میللی، لەسەر ئەو کورسیەی کە بە زۆری لە سەری دادەنیشتم، باڵا پۆشێکی شینی گەورەی بێ جووڵەم دیت. لێرە کەسێکی لێیە کە سەرمای نییە. کاتێك چوومە ژووری موتالا، زانست وەرگر خەریکبوو لێی دەهاتە دەرێ. خۆی بۆ لای من تاودا: ((دەبێ سوپاست بکەم، کاکە. لەگەڵ وێنەکانتدا کاتێکی لەبیر نەکراوەم گوزەراند.))

کاتێك کە دیتم، بۆ ساتێك ئومێدەوار بووم: ڕەنگە دوو قۆڵی ئاسانتر بتوانرێ ئەم ڕۆژە بەسەر ببرێت، بەڵام لەگەڵ زانست وەرگردا بوون، تەنیا بە ڕەواڵەت دوو قۆڵییە. دەستی لە کتێبێکدا. مێژووی ئایینەکان بوو.

((کاکە، هیچ کەس لە نوسپایە مۆڵەت پێدراوتر نەبوو کە دەست بکات بە نووسنێکی ئەوا بەرفراوان. ئایا ئەمە ڕاستە؟))

ماندوو دەهاتە بەرچاو و دەستەکانی دەلەرزین. پێمگوت: ((بە نەخۆش دێیە بەرچاو.))

((ئاه، بە دڵنیاییەوە، کاکە! لەبەر ئەوەی ڕووداوێکی ناخۆشم بۆ هاتۆتە پێشێ.))

پاسەوان بەرەو لامان دەهات! مرۆڤێکی جەستە بچووکی توندوتیژی خەڵکی کۆرسە و سمێڵێکی وەکوو سمێڵی سەرکردەی تەپڵ ژەنانی هەیە. چەندەها کاتژمێر بەنێو مێزەکاندا ڕێ

دەکات و پاژنەکانی تەقە تەق بە دەنگ دەهێنێ. زستانان تف لەنێو دەستە سڕەکانی دەکات کە دواتر لەسەر سۆبە وشکیان دەکاتەوە.

زانست وەرگەر ئەوەندە لێم نزیك بۆوە کە هەناسەی بە دەم و چاوم دەکەوت. مەحرەمانە پێی گوتم:

((لەبەردەمی ئەم پیاوە هیچت پێ نالێم، ڕەنگە، کاکە...))

((ڕەنگە چی؟))

سوور بۆوە و سمتی بە نەرمی بۆملاو لا بادران:

((کاکە، ئاه! قیرسیای لێدەکەم. دەکرێ سەربەرزم بکەی و ڕۆژی چوارشەممە نانی نیوەڕۆم لەگەڵدا بخۆی؟))

((بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە.))

من بە هەمان ئەندازە حەزم لێبوو لەگەڵیدا نان بخۆم کە پێم خۆشبوو خۆم لە قەنارە بدەم.

زانست وەرگر گوتی: ((چەندە بەختەوەرم دەکەی.)) بە توونذی زیاتر گوتی: ((ئەگەر حەز بکەی، لە هوتێل دێم بە شوێنتدا.)) و بزر بوو، بێ شك لە ترسی ئەوەی ئەگەر دەرفەتم پێ بدات ڕام بگۆردرێت.

سەعات یازدەو نیو بوو. تاکوو چارەك بۆ دوو کارم کرد. کاری خراپ: کتێبێکم لە بەرامبەر چاوانم هەبوو، بەڵام بەردەوام بیرم دەگەڕایەوە بۆ کافەی مابلی. ئایا کاك فاسکلێ تاکوو ئێستا هاتبووە خوارێ؟ لە قوڵایی دڵمەوە باوەڕێکی ئەوتۆم بە مردنی نەبوو و ئەمە ڕێك هەمان ئەو شتە بوو کە هەڵی دەچواندم. ئەم بیرە لە زەینمدا باڵەفڕێلا بوو و نە دەمتوانی قبوڵی بکەم، خۆمی لێ قوتار بکەم. پێڵاوەکانی پاسەوانی کەرسی لە تەختی ژوورەکەدا قرچە قرچی دەکرد. چەندجار هات و کەوتە بەرامبەرم، دەتگوت دەیەوێ قسەم لەگەڵدا بکات، بەڵام ڕای دەگۆڕاو دوور دەکەوتەوە.

دەوروبەری کاتژمێر یەك، دوایین خوێنەران ڕۆیشتن. برسیم نەبوو، بەتایبەتی کە نەمدەویست بچمە دەرێ. دیسان ماوەیەك کارم کرد، پاشان تەکانێکمدا: هەستمکرد کە لە نێو بێدەنگیدا ژێر خاك کراوم.

سەرم هەڵبڕی: تەنیا بووم. کۆرسی دیارە ڕۆیشتبووە خوارێ لای ژنەکەی کە خاوەنداری کتێبخانەکە بوو، حەزم لە ئاوازی دەنگی پێیانی بوو. تاکە شتێك کە بیستم دەنگی کەوتنە

ناوەوەی خەڵوزێکی بەردی بچووك بوو بۆ نێو سۆبەکە. تەم و مژ ژوورەکەی داپۆشیبوو: نەك تەم و مژی ڕاستەقینە کە ماوەیەك بوو بڵاو ببۆوە، بەڵکوو ئەو تەمەی دیکە کە شەقامەکان هێشتا پڕ بوو لێی، کە لە پیادەڕۆ و دیوارەکانەوە دەهاتە دەرێ. جۆرێك ناپتەوی شتەکان. ئەڵبەتە کتێبەکان هەروا لەوێ بوون، بە تەرتیبی ئەلف و بێ لەسەر ڕەفەکان، بە رۆخی ڕەشەوە یان قاوەیی یان وو مۆرەکانیان: ا. ع، ا. ف ٧/١٩٦٠ (سوردی گشتی-ئەدەبیاتی فەڕەنسا) یان ا.ع-ع.ط (سوودی گشتی-زانستی زیندەوەرناسی)، بەڵام... چۆن بڵێم؟ بەگشتی ئەوان، کە ئەو خەپلە، لەگەڵ سۆبەدا، گڵۆپی سەوز، پەیژەکان، بەر لە داهاتوو دەگرن. تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ لەنێو ئەم دیوارانەدا بمێنێتەوە، ئەوەی بگاتە جێ دەبێ لەلای ڕاست یان چەپی سۆبەکەوە بگاتە جێ. ئەگەر بڕیار بوایە خودی قدیس دینێ[1] لە کاتێکدا کە سەری لەنێو دەستەکانیدا ڕادەگرێت بێتە ژوورێ، دەبێ لەلای ڕاستەوە بێتە ژوورێ و لەنێوان رەفەکانی تایبەت بە ئەدەبیاتی فەڕەنسا و مێزی تایبەتی خوێنەرانی ژندا بەڕێدا بڕوات. ئەگەریش لاقی نەکەوێ، ئەگەر لە بەرزایی بیست سانتیمەتری زەویدا بفڕێت، ملە خوێن لێ تکاوەکەی ڕێك دەبێتە هاوبەرزایی سێهەمین رەفی کتێبەکان. بەم شێوەیە ئەم شتانە لانی کەم بۆ ئەوە دەشێن کە سنووری ڕاست نوێنی دەستنیشان بکەن.

ئێ، ئەوان ئەمڕۆ ئیدی هیچ شتێکیان دەستنیشان نەدەکرد: وادێتە بەرچاو کە هەر بوونیان کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، کە بۆ تێپەڕین لە ساتێکەوە بۆ ساتێکیتر تووشی کوێرەوەرییەکی زۆر دەبوو. بە توندی ئەو کتێبەم لەدەستمدا گوشی کە دەمخوێندەوە، بەڵام توندترین هەستەوەرییەکان خاو ببوونەوە. هیچ شتێك خۆی بەڕاستەقینە نەدەنواند. خۆم لەنێو دەورە دراوی دیکۆرێکدا هەست پێدەکرد، کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە پڕێکدا جێ گۆڕکێ بکات، لە کاتێکدا کە دنیا هەناسەی گرتبوو، خۆی بچووك دەکردەوە، چاوەڕوانی دەکرد-چاوەڕوانی قەیرانی دەکرد، چاوەڕوانی هێڵنجی، وەکوو کاك ئاشیل لە چەند رۆژ لەمەوبەردا.

هەستام، ئیدی نەمدەتوانی لەناوەڕاستی ئەم شتە لاوازکراوانەدا لەسەر جێی خۆم بم. چووم لە پەنجەرەڕا سەیرێکی سەری ئیمپتڕازم کرد. لەبەر خۆمەوە گوتم: ئەگەری ئەوە هەیە هەر

---

١- Daint Denis ((سەدەی سێیەمی زایینی؟، قدیسی پشتیوانی فەڕەنسا، دەڵێن یەکەمین ئۆسقۆفی پاریس بوو و لە مونمارتەر شەهید بوو.)) ئەنسکلۆپیدیای فارسی.

شتێك ڕوودات، مومكینە هەموو شتێك بقەومێت. ئەڵبەتە نەك هاوشێوەی ئەو شتە تۆقێنەرانەی كە مرۆڤەكان دایان هێناون، ئیمپتڕاز نیازی نەبوو لەسەر پایەكەی دەست بكات بە سەما. ئەمە دەبێتە شتێكی دیكە.

ئەم هەبوونانەی ناپایەدارم بە هەراسانی سەیر دەكرد كە تاكوو یەك كاتژمێر یان یەك خولەكی دیكە ئیدی ڕەنگە دادەڕمان: بەڵێ، من لەوێ بووم، لەنێو ئەو كتێبانەی سیغناغ لە زانستدا دەژیام، كە هەندێكیان ڕوخسارگەی لە گۆڕان نەهاتووی جۆرەها گیانداریان وەسف دەكردو هەندێكیشیان ڕوونیان دەكردەوە كە ڕێژەی وزە لە جیهاندا ناگۆڕێت، من لەوێ بووم لەبەر پەنجەرەیەك ڕاوەستابووم كە شووشەكەی شوێن شكاوێكی دیاری كراوی هەبوو، بەڵام چ بەربەستێكی لاواز! پێموایە لە تەمبەڵییەوەیە كە دنیا لە ڕۆژێكەوە هاوشێوەی ڕۆژێكی ترە. ئەمڕۆ واخۆی دەنواند كە دەیەوێ قڵپ ببێتەوە. كەواتە، هەرشتێك، ئەگەری ئەوە هەبوو هەر شتێك ڕوو بدات.

كاتێكم بۆ بە فیڕۆ دان نییە: مەسەلەی كافتریای مابلی سەرچاوەی ئەم نائارامیەیە. دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، دەبێ كاك فاسكلێ بە زیندوویی ببینم، دەبێ ئەگەر پێویست بكات دەست لە دەستەكانی یان ڕیشی بدەم. ئەوسا، رەنگە، دەربازم ببێت.

بە پەلە پالتۆیەكەم هەڵگرت و بێ ئەوەی لەبەری بكەم بە شانانم دادا، كاتی تێپەڕین لە باخی میللی، ئەو كابرا بالاپۆشەم لەوێ دیتەوە، لە ناوەڕاستی دوو گوێی سوور هەڵگەڕاو لە سەرمان، دەم و چاوێكی زلی ڕەنگ بزركاوی هەبوو.

كافتریای مابلی لە دوور ڕا دەبریقایەوە: ئەمجارەیان بە دڵنیاییەوە دوازدە گڵۆپ هەڵكراون.

هەنگاوەكانم خێرا كردن: دەبوایە كارەكە یەكسەرە بكەم.

سەرەتا لە پەنجەرە گەورەكەوە سەرێكم پێداكرد، هۆڵەكە چۆڵ بوو، سەر سندوق لەوێ نەبوو، هەروەها گارسۆن-كاك فاسكلێش لەوێ نەبوو. بۆچوونە ژوورەوە دەبوایە هەوڵ بدەم، دانەنیشتم، هاوارم كرد: ((گارسۆن!)) كەس وەڵامی نەدایەوە. فنجانێكی بەتاڵ لەسەر مێزە، كڵۆ شەكرێك لەنێو ژێر پیاڵەدا.

((ئێرە كەسی لێ نییە؟))

پالتۆیەك بە جلگرەكانەوە هەڵواسرابوو. لەسەر كورسییەكی بچوك، كۆمەڵە گۆڤارێك لەنێو كارتۆنێكی ڕەشدا لەسەر یەك كەڵەكە كرابوون. لە كاتێكدا كە هەناسەم لە سینگمدا

بەند کردبوو، گوێم بۆ بچووکترین دەنگ تیژ ببوون. قادرمە تایبەتی بە ئارامی جرقە جرقی بوو. لە دەرەوە، فیکەی پاپۆڕێك. پاشەو پاش چوومە دەرێ، بێ ئەوەی چاو لەسەر قادرمەکان هەڵگرم.

چاك دەزانم: لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆدا، کڕیارەکان تاق و لۆقن. کاك فاسکلێ سەرمای ببوو، بێ شك گارسۆنی بۆ کارێك ناردبووە دەرێ. ڕەنگە بۆ هێنانی دوکتۆر. بەڵێ، بەڵام من پێویستم بەوە هەبوو کاك فاسکلێ ببینم، لە زارکی شەقامی تورن برێد، ئاوڕم دایەوە، بە بێزاریەوە تەماشای کافتریا ڕووناك و چۆڵەکەم کرد. لە نهۆمی یەکەم پەردە کڕکڕەکان داخرابوون.

ترسێکی تەواو دایگرتم. ئیدی نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم. بەدرێژایی شوێنی بارخستنەکان غارمدا، سووڕامەوە نێو کۆڵانەکانی چۆڵی گەڕەکی بۆڤازی: ماڵەکان بە چاوی کەسەراوییەوە دەیاندیتم کە ڕادەکەم. بە دڵەڕاوکێوە لەبەر خۆمەوە دووبارەم دەکردەوە: بۆ کوێ بڕۆم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ ئەگەری ئەوە هەیە هەر شتێك ڕووبدات ناوە ناوە، لە کاتێکدا کە دڵم ترپەی دەهات، لەناکاو نیوە خولێکم دا: لە پشتمەوە چی ڕوویدەدا؟ ڕەنگە لە دوامەوە دەست پێ بکات، کاتێ: کە لە ناکاو دەگەڕامەوە ئیدی زۆر درەنگ ببوو. تا کاتێك کە دەمتوانی شتەکانم لە شوێنی خۆیاندا جێگیر ڕاگرت هیچ ڕووی نەدەدا: ئەوەندی دەمتوانی سەیری شتی زیاترم دەکرد، پیادەڕۆکان، ماڵەکان، چرا گازییەکان، چاوەکانم بە خێرایی لە یەکێکەوە دەچوون بۆ یەکێکی تر، تاکوو خافڵگیریان بکات و ئەوان لەمیانەی پوکانەوەیاندا بوەستێنێ. ئەوان هێندە سروشتیانە خۆیان نەدەنواند، بەڵام من بەهێزەوە بە خۆمم دەگوت: ئەم چرایەکی گازییە، ئەو ئاو خۆرەوەیەکە، ئەوسا هەوڵم دەدا ئەوان وەکوو دەرخستنی ڕۆژانەیان لێ بکەمەوە. چەندینجار لەسەر ڕێگام تووشی کۆمەڵە بارێك بووم: کافەی برتۆن، باری دۆلاماریت، ڕادەوەستام. لەبەردەم پەردەی تۆڕی ڕەنگ پەمەییان هەڵوەستەم دەکرد. ڕەنگە لەسەر ئەم خەڵوەتگایە مابێتەوە، ڕەنگە ئەوان پاچەیەکی تەنیا ماوەو فەرامۆش کراویان لە دنیای دوێنێ لە خۆیاندا هەڵگرتبێت، بەڵام دەبوایە بە پاڵنان دەرگاکە بکەمەوەو بچمە ژوورێ. نەدەوێرام، دیسان بەڕێکەوتمەوە. دەرگای ماڵەکان لە هەمووی زیاتر دەیان ترساندم. دەترسام لەوەی کە نەکا هەر لە خۆیانەوە بکرێنەوە. کارم بەو شوێنە گەیشت کە لە ناوەڕاستی شەقام بەڕێدا دەڕۆیم.

لە ناکاو لە لەنگەرگەی باسن دۆنور خۆم دیتەوە کە قوت بوومەوە. بەلەمەکانی ماسیگرتن، بەلەمەکانی بچووکی گەشتیاری. لاقم لەسەر ئالقەیەك دادەنێم کە لەبەرد پڕکراپۆوەز لێرە دوور لە ماڵەکان، دوور لە دەرگاکان، ساتێك وچان دەدەم. لەسەر ئاوێکی ئارام کە کۆمەڵە پەڵەیەکی ڕەشی کەوتبووە سەر، سەرە شووشەیەکی تەپەدۆر سەراو بوو.

((ئەی لەژێر ئاو چی؟ بیرت نەکردۆتەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە لەژێر ئاودا چی هەبێت؟))

گیانداریك؟ کیسەڵێکی ئەستوور کە تاکوو نیوەی لە خۆردا ڕۆچوو بوو؟ دوازدە جووت چنگاڵ بە خاوی زەلکاوەکەیان دەکێلا. گیاندارەکە جاری وایە کەمێك خۆی بەرز دەکاتەوە. بن ئاوەکە چوومە نزیکتر: لەسەر هەست بووم کە گێژاوێك، شەپۆلێك، شتێك پەیدا ببێت. سەرە شووشە تەپەدۆریەکە لەنێو پەڵە ڕەشەکاندا جووڵەی نەدەکرد. لەو کاتەدا دەنگی قسەم بیست. کاتی هاتبوو سوورێکداو دووبارە دەستم کردەوە بە ڕاکردن لە شەقامی کاستیلیۆن تووشی دوو پیاو بووم کە قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. لە دەنگی هەنگاوەکانم بە توندی داچڵەکین و دوو قۆڵی ئاوڕیان دایەوە. چاوە نیگەرانەکانیانم دیت کە کەوتنە سەر من، دوای ئەوە پشتەوەم، تاکوو بزانن داخۆ شتێك دێت یان نا. کەواتە ئەوانیش وەکوو من بوون، ئەوانیش دەترسان؟ کاتێك بە پەنایاندا تێپەڕیم، سەیری یەکترمان کرد: ئەوەندەی نەمابوو قسان پێکەوە بکەین، بەڵام لەناکاو بێ متمانەیی لە نیگاکاندا بەدیارکەوت: لە وەها ڕۆژێکدا مرۆڤ لەگەڵ هەرکەسێك کە بوو خۆ قسە ناکات.

پرزە لێبڕاو خۆم لە شەقامی بولیبە دۆزیەوە. ئێ، چارەنووسی کارەکە ئاشکرا ببوو:

نیازم هەبوو بگەڕێمەوە بۆ کتێبخانە، ڕۆمانێك هەڵگرم، هەوڵ بدەم بیخوێنمەوە. کاتێ: کە لە مەجەرەی باخی میللی تیپەڕیم، چاوم بە پیاوە بالاپۆش لە بەرەکە کەوت. هێشتا لەوێ بوو، لەو باخە کوێر و کەتەرەدا، لووتی بە قەد گوێچکەکانی سوور ببۆوە.

دەمویست دەرگای باخەکە بکەمەوە، بەڵام حاڵەتی ڕوخساری لە شوێنی خۆم بزمار کوتی کردم: چاوەکانی تێك نابون و بە جۆرێکی گەمژانە و بێ چاوەڕوانە لاقرتێ دەهاتێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، لەو شتەی بەردەمی ڕامابوو کە من نەمدەتوانی ببینم، بە نیگایەکی ئەوەندە تێڕاماو و توندەوە کە یەکسەر سووڕام. بەرامبەر، کیژۆڵەیەکی دە دوازدە ساڵانی، بە هیگڵە شەلەو بە زاری نیوە کراوەوە، بە حاڵەتی شەیداییەوە سەیری دەکرد، لە کاتێکدا کە مل پێچەکەی بە حاڵەتێکی تووڕەییانەوە ڕادەکێشا ڕوخساری نوك تیژی هێنابووە پێشێ.

کابرا لای خۆی زەردەخەنەی کرد، وەکوو کەسێك کە بیەوێ قۆشمەیی بکات. لە ناکاو لەجێی خۆی هەستا، دەستەکانی لە گیرفانی بالاپۆشەکەیدا بوون کە دەگەیشتە سەر قاچەکانی. دوو سێ هەنگاوی بۆ پێشەوە هاویشت و چاوەکانی ئەبلەق بوون. پێموایە خەریکە بکەوێت، بەلام ئەو خەوالوانە هەروا زەردەی دەهاتێ.

لە ناکاو تێگەیشتم: بالاپۆشەکە! دەمویست پێشی پێ بگرم. ئەوەندە بەس بوو بکۆخم یان پالێ بە دەرگاوە بنێم، بەلام منیش بە نۆرەی خۆم پەلکێشی ڕوخساری کیژۆلەکە ببووم. هێلەکانی دەم و چاوی لە ترس کێشرابوو، لەوانەیە دلی خێرا لێی دەدا، بەلام لەسەر ئەو ڕوخسارە ڕەساسییە هەروەها دەمتوانی شتێکی بەهێز و ئەهریمەنی ببینم. هەستی زانین نەبوو، بەلکوو زیاتر جۆرێك چاوەڕوانی دلنیایی ئامێز بوو. هەستم بەبێ توانایی دەکرد: من لە دەرێ بووم، لە تەنیشت باخەکە، لە پەنا نمایشی بچکۆلەی ئەوان، بەلام ئەوان بەهۆی هێزی شاراوەی باوەڕیان پێکەوە گرێ درابوون و دوانەیەکیان پێکهێنابوو. هەناسەم لە سینگمدا ڕاگرت، دەمویست بزانم ئاخۆ کاتێك کابرا لە دوامەوە داوێنی بالاپۆشەکەی لێك بلاو دەکات، چ حالەتێك لەسەر ئەو ڕوخسارە پیرێژنانەیە دەنەخشێت.

بەلام لەناکاو، کچەکە کە مۆرتاری ببوو، سەری لەقاند و هەلات. کابرای بالاپۆش لەبەر منی دیتبوو: هەر ئەوە ڕایگرتبوو. بۆ ساتێك لە ناوەڕاستی جادەی باخەکە مایەوە، پاشان ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. پشتی خڕبوو. بالاپۆشەکەی بە پشت بەلەکی قاچی دەکەوت.

دەرگای باخەکەم کردەوە بە بازێك پێی گەیشتم. هاوارم کرد:

((ئەهای، سەرکە!))

بە لەرزین کەوت.

کاتێك کە بە پەنایدا تێدەپەڕیم بە ئەدەبەوە پێمگوت: ((هەڕەشەیەکی گەورە قورسایی لەسەر شار دەکات.))

گەیشتمە نێو خوێندنگەوە لەسەر مێزە (پەرستگای پارمم[1] هەلگرت. هەولمدا خۆم لەو بابەتەدا ڕۆببەم کە خوێندمەوەو لە ئیتالیای جوانی ستاندالدا پەناگەیەك وەدۆزم. چەند ساتێك بە کۆمەکی خەیالی کورتخایان سەردەکەوتم، دوای ئەوە دووبارە دەکەوتمەوە نێو ئەم ڕۆژە

---

١- ڕۆمانێکە لە نووسینی ستاندال نووسەری فەڕەنسایی ١٨٤٢-١٧٨٣. (وەرگێڕ)

هەرڕەشەوە، بەرامبەر بە پیرەمێردێکی جەستە وردیلە کە سینگی خۆی ساف دەکرد و پیاوێکی گەنج کە لەسەر کورسییەکەی خۆی ئاواڵە کردبۆوەو خەیاڵی دەهۆنینەوە.

ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو، پەنجەرەکان تاریك ببوون. ئێمە چوار کەس بووین، بەبێ هەژمار کردنی پاسەوانی کۆرسی کە لە پشت مێزەکەی مۆری کەتیبە تازەکانی کتێبخانە دەدا. لەوێ ئەو پیرەمێردۆکە بوو، پیاوێکی گەنجی سوورەو ژنێکی گەنج کە بۆ وەرگرتنی بەکالۆریۆس کار دەکات و من جاری وابوو یەکێك لە ئێمە سەری بەرز دەکردەوەو نیگایەکی تووندو گومان خراپی دەگرتە سێیەکەی دیکە، دەتگوت لێیان دەترسێت. بۆ ساتێك پیرەمێردۆکەکە دایە قاقای پێکەنین: ژنە گەنجەکەم دیت کە لەرزدایگرت، بەڵام من دیتبووم کەچی دەخوێنێتەوە: ڕۆمانێکی کۆمیدی بوو. دە خولەکی ماوە بۆ حەوت. لە ناکاو کەوتەوە یادم کە کتێبخانە کاتژمێر حەوت دادەخرێت. دیسانەوە فڕێ دەدرامەوە نێو شار. بۆ کوێ بچم؟ چی بکەم؟

پیرەمێردەکە ڕۆمانەکەی تەواوی کردبوو، بەڵام هەڵنەدەستا بڕوات. بە لێدانی وشك و ڕێکی قامك، لەسەر مێزەکەی دەکوتا.

کۆرسی گوتی: ((برایان، بەم نزیکانە کتێبخانە دادەخرێت.))

پیاوە گەنجەکە ڕاچەنی و نیگایەکی تووندی گرتە من. ژنە گەنجەکە ڕووی بۆ لای کۆرسی سووڕاندبوو، پاشان دووبارە کتێبەکەی بەدەستەوە گرتەوەو بەڕەواڵەت خەریکی خوێندنەوەی بوو.

پێنج خولەك دوای ئەوە کۆرسی گوتی: ((کاتی داخستنە.))

پیرەمێردەکە بە حاڵەتی نابڕیاردەرانە سەری لەقاند. ژنە گەنجەکە کتێبەی وەلاناو بەڵام لەجێی خۆی هەڵنەستا.

کۆرسی مابۆوە، چی بکات. چەند هەنگاوێکی ڕاڕای هاویشت، پاشان پلاکی کارەبایەکەی بادا. گڵۆپەکانی سەرمێزەکانی خوێندنەوە کوژانەوە. تەنیا گڵۆپی ناوەندی مایەوە. پیرەمێردەکە بە ئەسپایی پرسی: ((دەبێ بڕۆین؟))

پیاوە گەنجەکە بە ئەسپایی و نابەدڵانە هەستا. مەسەلەکە ئەوەبوو کە چ کەسێك بۆ پاڵتۆ لەبەر کردنەوە زۆرترین کات دەکوژێت. من کە چوومە دەرێ، ژنەکە هێشتا دانیشتبوو و دەستێکی تەخت لەسەر کتێبەکەی دانابوو.

له خوارێ، دەرگای هاتنە ژوورەوە دەمی بەڕووی شەودا کردبۆوە. پیاوە گەنجەکە کە لە پیشەنگەوە دەڕۆیی، ئاوڕی دایەوە، لەسەرخۆ لە قادرمەکان چووە خوارێ، لە دالآنەکە تێپەڕی، لە نێو دەرگا ساتێك وەستاو پاشان خۆی هەڵدایە نێو شەوەوەو ون بوو.

کە گەیشتمە سەر قادرمەکان سەرم بەرزکردەوە. لەدوای کەمێك پیرەمێردۆکە کە لە کاتێکدا کە قۆپچەکانی پاڵتۆکەی دادەخستن ژووری خوێندنەوەی بەجێهێشت. کاتێك لە یەکەمین سێ قادرمە هاتە خوارێ، من حەمبازمدا و بە چاوی نوقاوەوە شۆڕبوومەوە بۆ دەرێ.

لەسەر دەم و چاوم لاواندنەوەیەکی کزی فێنکم هەست پێکرد. لە دوورەوە کەسێك فیتووی لێدەدا. پێڵاوەکانم کردنەوە: باران دەباری. بارانێکی نەرم و ئارام. چوار گڵۆپەکەی شەقام گۆڕەپانەکەی بە تیشکێکی نەرم ڕووناك کردبۆوە. گۆڕەپانێکی شارۆچکەیی لەژێر باران. پیاوە گەنجەکە بە هەنگاوی درێژەوە دوور دەکەوتەوە، ئەو بوو فیتوی لێدەدا: حەزم دەکرد بەرەو ئەو دوو کەسەی کە هێشتا نەیاندەزانی، هاوار بکەم کە دەتوانن بەبێ ترس بێنە دەرێ و هەڕەشەکە نەماوە.

پیرەمێردۆکەکە لەنێو دەرگادا بەدیارکەوت. بە شڵەژاوی ڕوومەتی خوراند، پاشان تا بنانگوێ دەمی داپچڕی و چەترەکەی کردەوە.

((شەممە بەیانی))

خۆرەتاوێکی دڵڕفێن، لەگەڵ تەمێکی سووك کە بەڵێنی ڕۆژێکی خۆش دەدات. نانی بەیانیم لە کافتریای مابلی خوارد.

خاتوو فلۆڕان، سەر سندوق، زەردەخەنەیەکی ناسکی بەڕوودا دام. لەسەر مێزەکەمەوە هاوارم کرد:

((کاك فاسکلێ نەخۆشە؟))

((بەڵێ، کاکە، زۆری سەرمابووە: دەبێ چەند ڕۆژێك لەنێو جێدا بێت. ئەمڕۆ بەیانی کچەکەی لە دۆنکرکەوە هاتووە. لێرە دەمێنێتەوە تاکوو ئاگاداری لێ بکات.))

یەکەمینجار لەدوای بەدەست گەیشتنی نامەی ئانی، بەڕاستی لە بیرکردنەوەی دووبارەی دیداری خۆشحاڵم. لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا چی کردووە؟ ئایا کاتێك دووبارە چاومان بەیەکتری دەکەوێتەوە، دەشڵەژێین؟ ئانی نازانێ شڵەژان یانی چی. بە جۆرێك وەرمدەگریتەوە کە دەڵێی هەر دوێنێ بووە کە بەجێم هێشتووە. خۆزگە وەکوو گەمژان هەڵسوکەوت نەکەم و

هەر لە سەرەتاوە ڕقی هەڵنەستێنم. دەبێ لەبیرم بێت کاتێك دەگەمەجێ دەستمی بۆ ڕانەدێرم: لەو کارە بێزارە.

چەند ڕۆژ پێکەوە دەمێنینەوە؟ ڕەنگە بیهێنمە بۆڤیل. ئەگەر چەند سەعاتێك لێرە ژیان بەسەر ببات، ئەگەر شەوێك لە هوتێلێ پرنتانیا بخەوێت، بەسە. پاشان، دۆخەکە وەکوو جاران نابێت، ئیدی مومکین نەبوو بترسێم.

((دوای نیوەڕۆ))

ساڵی پار کاتێك کە بۆ یەکەمینجار چوومە دیتنی مۆزەخانەی بۆڤیل، وێنەی کێشراوی ئۆلیڤێر بلوینی سەرنجی ڕاکێشام. ئایا خەوشێك لە لێوەشاوەییەکاندا هەبوو؟ لە پرسپکتیڤ چی؟ نەمدەتوانی بڵێم چی بوو، بەڵام شتێك ناڕەحەتی دەکردم. ئەم نوێنەرەی ئەنجوومەن دۆخێکی ڕاست و دروستی لەسەر پەردەی وێنەکێشانەکەی نەبوو.

لەوسا بەدواوە چەندجارێك چوومەتە سەردانی، بەڵام ناڕەحەتییەکەم هەر مابۆوە. بڕوام نەدەکرد کە بۆردۆن، برەوەی ((خەڵاتی ڕۆما)) و شەش مەدالیا، تووشی هەڵەیەك لە نەخشەسازیدا بووبێت.

بەڵێ، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ کە لاپەڕەکانی کۆمەڵەی ساتیریك بۆڤیلوام هەڵدەدایەوە- ڕۆژنامەیەکی مافی بێدەنگی وەرگرت کە خاوەنەکەی لەمیانەی شەڕدا بە ناپاکی لەگەڵ وڵاتدا تاوانبار کرا- تێ بگەی و تێ نەگەی ڕاستیم بۆ دەرکەوت. بەبێ دواکەوتن لە کتێبخانە وەڕێکەوتم تا بچم سەرێك لە مۆزەخانە بدەم.

بە ڕاکردن لە دالانەکە تێپەڕیم. هەنگاوەکانم لەسەر خشتە سپی و ڕەشەکان دەنگێکیان دروست نەدەکرد. لە دەوروبەرم، تەواوی گەلێکی گەچی قۆڵەکانیان خواروخێچ دەکرد. لەکاتی تێپەڕیندا، لەنێو دوو ڕۆژانەی فەڕاحدا چاوم بە چەند سواڵەتێکی تێك خواردو کەوت، چەند قاپێك، پەیکەرێکی ساتیری[1] شین و زەرد لەسەر پایە. ئەمە تەلاری بیڕنار-پالیسی و تایبەتی بە کارەکانی سێڕامیك و هونەرە لاوەکییەکان بوو، بەڵام سێڕامیك حەزم نابزوێنێ. ژن و

---

١- ساتیرەکان (Satyres): ((لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا، کۆمەڵە بوونەوەرێك کە لە شاخەکان و دارستانەکاندا نیشتەجێ بوون و لە پلەی خوار خوایانی بە بڕشت دەژمێـردێن، سـاتیریان وەکـوو پیرەمێردێکـی پـڕ تـووکی وردیلەی بە کلك و گوێی بزن شێوە وێنەکێشاوە... (ئینسکلۆپیدیای فارسی)

پیاوێك لە بەرگی تازیەدا لە نیگایەکی رێز ئامێزەوە سەیری ئەم شتە گولێندراوانەیان دەکرد. لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوەی تەلاری گەورە یان تەلاری بۆردۆرن-رنودا، پەردەیەکی گەورەیان، بێگومان کەمێك لەمەوبەر، هەڵواسیبوو کە نەمدەناسی. بە واژۆی ریشار سوڕان بوو و ناوی ((مردنی پیاوی عازەب)) بوو. دیاری دەوڵەت بوو.

پیاوە عازەبەکە، تاکوو پشتێن ڕووت و بە بەرگێکی بەشی سەرەوەی کەمێك سەوز، بەجۆرێك کە شیاوی مردووەکان بوو، لەسەر قەرەوێڵەیەکی نارێك درێژاودرێژ کەوتبوو. سەرچەف و پێدادەرەکان تێکەڵ و پێکەڵ، گەواهی لەسەر عەزابی مردنی درێژخایەن دەدا. کەوتمە یادی کاك فاسکڵ و زەردەم هاتێ. ئەو تەنیا نەبوو: کچەکەی وریایی لێ دەکرد. لەسەر پەردەکە، هەر لە ئێستاوە کارەکەر، خزمەتکارێکی کابان بە ڕوخسارێکی گوناە ئامێزەوە، چەکمەجەی مێزێکی کردبۆوەو پارەکانی دەژمارد. دەرگایەکی کراوە، پیاوێکی کڵاو بەسەری لە نیمچە تاریکیدا نیشان دەدا کە جگەرەیەکی بەلێوی ژێرەوەیەوە نووسابوو و چاوەڕێی دەکرد. لە نزیك دیوار پشیلە بەبێ خەیاڵی شیری دەلستەوە.

ئەو پیاوە تەنیا بۆخۆی ژیابوو. ئەوەی کە لە سەرە مەرگدا کەسێك نەهاتبووە سەر سەری تاکوو چاوەکانی دابخات، سزایەکی قورس بوو کە ئەو شیاوی بوو. ئەو وێنەیە، دوایین هۆشداری دەدایە من: هێشتا دەرفەتم هەبوو، دەمتوانی بەرێی خۆمدا بگەڕێمەوە، بەڵام ئەگەر لەبەرچاو نەگرتووانە تێدەپەڕیم، دەبێ بەباشی ئەم خاڵە بزانم: لەو تەلارەی کە دەمویست بچمە ناویەوە، زیاتر لە سەدو پەنجا وێنەی کێشراو بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو، جگە لە چەند نەوجەوانێك کە خێزانەکانیان و دایکی پیرۆزی هەتیوخانەیەك داخی مردنیانیان دیتبوو. هیچ کام لەو کەسانەی کە وێنەیان کێشرابوو بە عازەبی نەمردبوون. هیچ کامێکیان بەبێ منداڵ یان وەسێت نەکردو بەبێ ئەنجامدانی دوایین رێوڕەسمی ئایینی نەمرد بوون. ئەم پیاوانە کە ئەو رۆژە، هاوشێوەی رۆژەکانی تر هەموویان لەگەڵ خواو دنیادا گونجاو بوون، بە ئارامی خزابوونە نێو مەرگەوەو تاکوو بچن بەباشی خۆیان لە ژیانی هەتا هەتایی داوا بکەن کە مافی خۆیان بوو.

لەبەر ئەوەی ئەوان مافی هەموو شتێکیان هەبوو: مافی ژیان، مافی کار، مافی سامان، مافی فەرمانڕەوایی، مافی رێز، سەرەنجامیش مافی سەرمەدی.

کەمێك کەوتمە بیرکردنەوەوەو چوومە ژووریّ. پاسەوانێك لە نزیك پەنجەرەیەك نوستبوو. ڕووناکییەکی زەرد کە لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ناوەوە کۆمەڵە پەڵەیەکی دەخستە سەر پەردەکان. لەم تەلارە گەورە شێوە لاکێشیەدا، هیچ شتێکی زیندووی لێنەبوو، جگە لە پشیلەیەك کە ئەویش لە هاتنم ترساو تێی تەقاند، بەڵام نیگای سەدو پەنجا جووتە چاوم لەسەر خۆم هەست پێدەکرد.

ئەو کەسانەی کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٥ و ١٩١٠دا لە نوخبەکانی نۆڤیل دەژمێردران هەموویان لەویّ بوون، ژن و پیاوان، هەموویان بە وردبینیەکی ڕاڕاوە بەدەستی ڕێنودا و بۆردۆن کێشرابوون. پیاوەکان کڵێسەی سێنت سیسل دۆرمریان دروست کرد. ئەوان لە ١٨٨٢دا ((ئەنجوومەنی خاوەن کەشتییەکانیان و بازرگانانی بۆڤیل)) یان دامەزراند ((تاکوو هەموو خێرخوازان لە گرووپێکی بەهێزدا یەك بخەن، لە پێناو ئەرکی چاکترکردنی میللیدا هاوکاری بکەن و ڕێگە لە ئاژاوەگێڕان بگرن...)) ئەوان بۆ بە تاڵکردنی خەڵوزی بەرد و تەختە، بۆڤیلیان وەکوو ڕازاوەترین بەندەری بازرگانی فەڕەنسا لێکرد. بەرفراوانکردنی پانتایی و درێژایی لەنگەرگا، کاری ئەوان بوو. ئەوان گەشە پێکردنی پێویستیان وایە وێستگەی بەندەری و بە جۆماڵی بەردەوام، قووڵایی ئاوی لەنگەرگایان لەکاتی داکشاندا گەیاندە دە مەتر و حەفتا سانتیمەتر. لە سەدەقەی سەری ئەوانەوە، لەماوەی بیست ساڵدا، گرتوی کەشتییە ماسیگرەکانیان لە ٥٠٠٠ بەرمیلەوە لە ١٨٦٩دا زیاد کرد بۆ ١٨٠٠٠ بەرمیل. ئەوان کە بۆ خۆشکردنی ڕێگای پێشکەوتنی تاکەکان چینی کرێکار درێخیان لە هیچ فیداکاریەك نەکرد، بەداهێنانی خۆیان ناوەندی جۆراوجۆریان بۆ فێربوونی هونەری و پیشەیی دروستکرد کە لەژێر پشتیوانی بەرزی ئەوان گەشەی سەند. ئەوان مانگرتنی بەناوبانگی بارفەرەکانیان لە ١٨٩٨دا شکاند و لە ١٩١٤دا کوڕەکانیان پێشکەشی نیشتمان کرد. ئافرەتان، هاوەڵانی شیاوی ئەم خەباتگێڕانە، زیاتر یانەکان لاوان، باخچەی ساوایان و کارگەی خێرخوازیان دامەزراندن، بەڵام ئەوان لەپێش هەموویدا، هاوسەرو دایك بوون. منداڵی لێوەشاوەیان پەروەردەکردن، فێری ئەرك و مافەکانیان کردن و فێری ئایین و ڕێزگرتن لە نەریتە دروستکەرەکانی فەڕەنسایان کردن.

ڕەنگی گشتی وێنەکێشراوەکان لە قاوەیی تێری دەدا. ڕەنگە ڕوونە لێدەرەکانیان لەبەر پاراستنی لێوەشاوەیی وەلانابوون و بەهەرحاڵ، لە وێنە کێشراوەکانی کاری ڕێنۆدا، کە زیاتر حەزی لێ بوو پیرەمێردەکان بکێشێت، سپێتی بەفرئاسا و قژ و قەنافیزەکان لەسەر تختی ڕەشدا

بەرجەستە خۆیان دەنواند. باڵادەستی لە کێشانی دەستەکاندا بوو. لە کارەکانی بۆردۆندا، کە وردەکاری شێوازی کەمتر بوو، دەستەکان کەمێك فیدا ببوون، بەڵام یەخەکان وەکوو مەڕمەڕی سپی دەدرەوشانەوە. هەوا زۆر گەرم بوو و پاسەوانەکە بە ئارامی پرخەپرخی دەکرد. سەیرێکی دەوران دەوری دیوارەکانم کرد! کۆمەڵە دەست و چاوێکم دیتن، هەر لەجێدا پارچە شوقێك لە ڕوخسارێکی دابوو.

هەروا کە بەرەو لای وێنەی ئۆلیڤێر بلوینی دەچوومە پێشێ، شتێك ڕایگرتم: پاکومی بازرگان لەسەر دیوارەوە نیگایەکی ڕوونی تێدەگرتم.

ئەو بەسەرێکی کەمێك بۆ دواوە کشاوەوە ڕاوەستابوو، بە یەك دەست کڵاوی سیلەندەر و دەستەوانە لە تەك پانتۆڵێکی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی مرواری شێوە ڕاگرتبوو. نەمتوانی خۆم لە جۆرە دەستخۆشییەك بپارێزم: هیچ شتێکی کەم مایەم لەوێدا نەدەدیت، شتێك کە ببێتە هۆی ڕەخنەگرتن! قاچی بچووك، دەستی ناسك، شانی پانی زۆران بازێك، لێوەشاوەییەکی ئارام بە کەمێك نامۆییەوە. ئەو پاکیزەیی بێ چرچ و لۆچی ڕوخساری ڕەشێوەیەکی ئەدەبانەوە پێشکەش بە سەردانیکەرەکانی دەکرد. تەنانەت سێبەری دەوری لێوەکانیشی گەمەی کرد.

بەڵام چاوە خۆڵەمێشییەکانی زەردە لەسەر نەبوون. ئەگەری ئەوە هەبوو تەمەنی پەنجا ساڵ بێت: هاوشێوەی پیاوێکی تەمەن سی ساڵان گەنج و گەشاوە بوو. دەستم لە خەوش دۆزینەوەی هەڵگرت، بەڵام ئەوبوو کە وازی لێنەدەهێنام. بڕیاردانێکی ئارام و بێ لێبووردەیم لە چاوانیدا خوێندەوە.

ئەوسا هەستم بە شتێك کرد کەلێکی جیا دەکردینەوە: هەرچییەکی کە موکین بوو من دەربارەی بیربکەمەوە پێی نەدەگەیی. ئەمە تەنیا دەروونناسی بوو، لە هەمان ئەوەی کە لە ڕۆمانەکاندا وەگیر دەکەوێ، بەڵام بڕیاری وی وەکوو شمشێرێك کونی دەکردم و تەنانەت لە مافی هەبوونیشمدا مقۆمقۆی دەکرد. ئەوەش ڕاست بوو، هەمیشە لێی ئاگادار بووم: من مافی هەبوونم نەبوو. بە گوێرەی ڕێکەوت هاتبوومەوێ. وەکوو بەردێك، گیایەك، میکرۆبێك بوونم هەبووە ژیانم خۆ و و بە هەر ئاراستەیەکدا دەڕوا. جاریوایە هێماگەلێکی شاراوەی بۆ دەناردم و جاریواش بوو جگە لە ویزە ویزێکی بێ بایەخ هەستم بە هیچ شتێکی دیکە نەدەکرد.

بەڵام بۆ ئەو پیاوە بێ خەوشەی کە ئەمڕۆکە مردووە، بۆ ژان پاکۆم، کوڕی پاکۆم پەیوەستە بە ((دەوڵەتی بەرگری میللی))، دۆخەکە بە گشتی جۆرێکی دیکە بووە: ترپەکانی دڵی و هات و هاواری بێ زمانی ئەندامەکانی جەستەی لەسەر شێوەی مافەکانی بچووك و نووکەیی و بێ خەوش پێیدەگەیشت. شەست ساڵ، بەبێ هیچ ناموراديیەك، سوودی لە مافی ژیان بەسەربردن وەرگرتبوو. هەرگیز کەمترین گومان نەچووبووە نێو ئەو چاوە خۆڵەمێشیە شکۆدارانەوە. هەروەها پاکوم هەرگیز هەڵەی نەکردبوو.

هەمیشە ئەرکەکەی ئەنجام دابوو، تەواوی ئەرکەکەی، ئەرکی منداڵبوونی، مێردایەتی، باوکایەتی، ڕێبەرایەتی. ئەو هەروەها بەبێ سستی داوای مافەکانی کردبوو: لە منداڵیدا، مافی باش ڕاهاتن لە خێزانێکی یەکگرتوودا، مافی بە میرات وەرگرتنی ناوێکی بێ خەوش و کاروباری پڕ ڕەونەق، لەکاتی مێردایەتیدا، مافی ئەوەی کە پەرستیاری لێ بکەن و لە هەموو لایەکەوە سۆز و خۆشەویستی پێشکەش بکەن، لەکاتی باوك بووندا، مافی بەرێزبوون، لەکاتی رێبەرایەتیدا، مافی گوێڕایەڵی بێ چەند و چون. چونکە ماف هەرگیز شتێك نییە جگە لە ڕوویەکی دیکەی ئەرك. کام بابی لە ڕادەی بەدەری (پاکوومەکان ئەمڕۆکە دەوڵەمەندترین بنەماڵەی بۆڤیلن) دیارە قەت نەبۆتە هۆی سەرسووڕمانی. هەرگیز بەخۆی نەگوتبوو کە بەختەوەرەو کاتێك دەستی بە چێژ وەرگرتنێك کردووە میانەڕەوی گرتۆتە بەرو گوتوویەتی:

((ماندوێتی دەحەسێنمەوە))

بەم شێوەیە چێژ وەرگرتن، کە ئەویش دەگاتە پلەی ماف، بێهودەیی دلڕفێنی خۆی لەدەست دەدا. لەلای چەپ، کەمێك سەرتر لە قژی خۆڵەمێشی ئامالْ شینی، سەرنجم بۆ لای چەند کتێبێك لەسەر ڕەفەکە ڕاکشا. بەرگەکانیان جوان بوون، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی کلاسیکی بوون. پاکوم بێگومان شەوانە بەر لە نووستنی چەند لاپەڕەیەکی لە ((مۆنتی ئازیزی)) یان یەکێك لە قەسیدەکانی هوراسی بەدەقی سەرەکی لاتینی خوێندۆتەوە. جاری واش بووە بە دڵنیاییەوە بەرهەمێکی هاوچەرخی بۆ زانیاری وەرگرتن خوێندۆتەوە. هەر ئەوەیە کە بارس و بودژێی ناسیبوو. هێندەی پێ نەدەچوو کە کتێبەکەی دادەنا. زەردەخەنەی دەکرد. نیگای کە هۆشیاری ستایش ئامێزی بزر دەکرد، تاڕادەیەك دەبووە خەیاڵ پلاْوانە.

دەیگوت: ((ئەنجامدانی ئەرکی خۆت چەندە سادەتر و چەندە ئەستەمترە!))

ئەو لە پشکنینی ماڵی نەفسی خۆی هیچ کاتێك لەوە پێشتر نەکەوتبوو: ئەو یەك ڕێبەر بوو. کۆمەڵە ڕێبەرێکی دیکە بە دیوارەوە هەڵواسرابوون: ڕاستییەکەی هیچ شتێکی دیکە لەوێ نەبوو. ئەم پیرەمێردە باڵابەرزە ژەنگاوییە لە قەنەفەکەیدا، ڕێبەرێك بوو. یەلەگە سپییەکەی ڕەنگدانەوەیەکی شادومان بوو لە قژی ڕەنگ زێوینی. (لەم جۆرە وێنانە، کە پتر لە هەمووی بەنییەتی پەروەردەکردنی ئەخلاقی کێشابوویانن و وردبینی تێیاندا گەیشتبووە ڕادەی گەزاف ئامێز، تێبینی و پاکی هونەری بە تەواوی نەسڕدرابۆوە.) ئەو دەستە درێژە ناسکەکەی لەسەر سەری کوڕێژگەیەك دانابوو، لەسەر ئەژنۆیەکانی کە فەرشێکی بچووك داپۆشیبوون کتێبێکی کراوەیان لەسەر بوو. بەلای نیگای بڕدرابووە دوورە دەست. ئەو هەموو ئەو شتانەی دەدیتن کە بۆ گەنجەکان لە دیتن نەهاتوو بوون. ناوی لەسەر پارچەدارێکی زێڕ کفتی بادامی شێوەیەك لەژێر وێنەکەی نووسرابوو: دەبێ ناوی پاکۆم یان پاڕوتن یان شینیۆ بێت. نیازم نەبوو بچم سەیری بکەم. بۆ خێزانەکەی، بۆ ئەم منداڵە، بۆ خۆی، ئەو ((باپیرە)) بوو و بەس. بەزوویی، ئەگەر پێی وابوو کە کاتی هاتووە تاکوو کەمێك لە ئەرکەکانی داهاتوو فێری نەوەکەی بکات، باسی خۆی لە کەسی سێهەمەوە دەکرد: ((کوڕم، تۆ دەبێ بەڵێن بە باپیرت بدەی کە هەڵسوکەوتت ماقوڵ بێت و ساڵی داهاتوو تێکۆشەر بی. لەوانەیە ساڵی داهاتوو باپیرە لێرە نەبێت.))

لە زەردەپەڕی ژیاندا، میهرەبانی دلۆڤانی خۆی پێشکەشی هەموو کەس دەکات. خودی من، ئەگەر منی دەدیت -بەڵام من لە بەرامبەر نیگاکانیدا شەفاف بووم- لە دیدیدا پەسەند دەکرام. بیری دەکردەوە کە من کاتێك باپیر و نەنکێکم هەبوو. ئەو خوازیاری هیچ شتێك نەبوو: لەو تەمەنەدا ئیدی مرۆڤ ئاواتێکی نییە. هیچ ئاواتێك جگە لەوەی کە لەکاتی هاتنیدا ئامادەبوان دەنگیان نزم بکەنەوە. جگە لەوەی لەکاتی تێپەڕینیدا خۆشەویستی و ڕێز لە زەردەخەنەکانیاندا پەیدا ببێت. جگە لەوەی کە جاری وایە بوکەکەی بڵێ: ((باپیرە لە ڕادەبەردەرە، ئەو لە هەموانمان گەنجترە))، جگە لەوەی تاکە کەسێك بێت کە بتوانێت بەدەست خستنە سەر سەری نەوەی (کوڕی کوڕەکەی) تووڕەیی دامرکێنێتەوەو پاشان بڵێ: ((باپیرە دەزانێ چۆن چۆنی ئەم خەمە دژوارانە سەبووری بدات.)) جگە لەوەی کە کوڕەکەی ساڵی چەند جارێك بێت و لە ئامۆژگارییەکانی وی بپرسێت دەربارەی مەسەلە ئالۆزەکان، سەرەنجام جگە لەوەی هەست بە خۆشی و ئارامی و زانایی بکات. دەستی کاکی بەساڵاچوو لەسەر تاڵە

مووەکانی نەوەکەی ئەوەندە گوشار ناهێنیێ: تاڕادەیەك وەکوو متفەڕك پێدان وابوو. ئەو بیری لەچی دەکردەوە؟ لە ڕابردووی پڕ سەروەری کە ئەو مافەی بەدی دەدا تاکوو دەربارەی هەموو شتێك قسە بکات و لە هەموو شتێکدا قسەی کۆتایی هی ئەو بێت. یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر بە ئەندازەی پێویست بەرەوپێش نەچووبووم: ئەزموون زۆر زیاتر لە بەرگری لەبەرامبەر مەرگ دابوو، ئەزموون مافێك بوو، مافی پیرەکان. ژەنەڕاڵ ئۆبری، کە بە شمشێرە درێژەکەیەوە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو، یەك ڕێبەر بوو. ڕێبەرێکی دیکە سەرۆك هیبر بوو، پیاوێکی پایەبەرز و هاوڕێی ئیمپڕاز بوو. ڕوخساری درێژ و لەباربوو بە چەناگەیەکی تەواو بوو نەبوو کە ڕیشێکی بزنی ڕێك لەژێر لێو، زیاتر بەرچاوی دەکرد. کەمێك شەویلاگەی هێنابووە پێشیێ، بە حاڵەتی سەرگەرمانە کە دەڵێی خۆنواندن دەفرۆشێت، هەروەها ڕەخنەیەکی ماقووڵی قبوڵ دەکرد، وەکوو قرپێکی لاواز. لە جیهانی خەیاڵدا بوو، پێنووسێکی لە تووکی قاز بەدەستەوە بوو: ئەڵبەتە ئەویش ماندوێتی دەحەساندەوە، ئەمجارە بە شیعر گوتن، بەڵام ئەو چاوی هەڵۆیی ڕێبەرانی هەبوون. ئەی سەربازەکان چی؟ من لە ناوەڕاستی تەلار و لەژێر لێشاوی هەموو ئەو چاوە جیدی و بە ویقارانەدا بووم. من نە باپیرە بووم، نە باوك، نە تەنانەت مێردیش. ڕام دەرنەدەبڕی، ئەوەندەشم باج نەدەدا. نەدەمتوانی بانگەشەکەری مافەکانی باجدەران بم نە بانگەشەکەری ڕادەربڕەکان، نەك تەنانەت بانگەشەکەری مافی بێ فیزانەی کە ماوەی بیست ساڵان دەچێتە ژێر باری کارمەندییەوە. بوونم بەرە بەرە بەشێوەیەکی جیدی دەبووە هۆی سەرسووڕمانم. ئایا من دیاردەیەکی لە سەدا سەد نەبووم؟

لەناکاو بەخۆمم گوت: ((ئەها، خۆ منم سەربازم!))

ئەم بانگەوازە بەبێ هەستکردنی ڕق و قین بە پێکەنینی هێنام.

پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵەی خرپن لە زەردەخەنەیەکی جوانەوە، بە ئەدەبەوە وەڵامی دامەوە. ڕێنودا لە ڕووی عەشقەوە کێشابووی. نەیتوانیبوو بۆ گوێیە بچووکە گۆشتنەکان و جوانەکان سوود لە نوکی پەڕەمووچ وەربگرێت، گرنگتر لە هەمووی بۆ دەستەکان، دەستە درێژ و هەستیارەکان بە پەنجەی باریکەوە: دەستە ڕاستەقینەکانی زانایان یان هونەرمەندان. ڕوخساری نەناسراو بوو بۆم! بە دڵنیاییەوە چەندەها جار بێ گوێدان بەوی لە بەردەمی پەردەکەم دانابوو. چوومە پێشەوە، خوێندمەوە: ((رمی پاڕوتن، لە دایکبووی بۆڤیل لە ١٨٤٩، مامۆستای کۆلیژی پزیشکی پاریس.))

پاڕوتن: دوکتۆر ویکفیڵد باسی وی بۆ کردبووم: ((جارێك له ژیانمدا تووشی پیاوێکی گەورە بووم. ئەو ڕمی پاڕوتن بوو. له زستانی ١٩٠٤دا دەچوومە پۆلەکانی وانەکانی (دەزانن کە من بۆ خوێندنەوەی دایەنی دوو ساڵم له پاریس بەسەربرد). تێی گەیاندم کە ڕێبەر یانی چی. بڕوابکەن کە دزەکردنێکی جادوویی و نهێنی ئامێزی هەبوو. وەکوو کارەبا دەیگرتین. ئامادە بووین تاکوو ئەوپەڕی دنیا لەگەڵیدا بڕۆین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، یەك پارچە پیاو بوو! سامانێکی زۆری هەبوو کە بەشی زۆری بۆ ئەو قوتابیانەی زانکۆ خەرج دەکرد کە کەم دەرامەت بوون.

بەم شێوەیە بوو کە ئەم زانایە بەنرخە لە هەمان یەکەمجاری کە بۆیان باس کردم بە قوڵی کاری تێ کردم. ئێستا لە بەرامبەریدا بووم و زەردەی بە ڕوودا دەدام. چ هۆشمەندی و سۆزێکی لە زەردەخەنەکەیدا هەبوو! جەستەی قەڵەوی لە ولاییەکی قەنەفەیەکی گەورەی چەمیدا ڕۆچووبوو. ئەم زانایە بێ فیزە یەکسەر هەستی ئاسوودەیی بە خەڵك دەبەخشی. ئەگەر لەبەر خاتری ڕووحانی بوونی نیگای نەبوایە، دەکرا تەنانەت لەبری مرۆڤێکی ئاسایش وەربگیردرێت.

مەزەندەکردنی هۆی شان و شەوکەتی هێندە ئەستەم نەبوو: خۆشیان دەویست لەبەر ئەوەی کە لە هەموو شتێك دەگەیشت، دەکرا هەر شتێکی پێ بگوترێ. بەگشتی کەمێك لە ڕێنان دەچوو، گریمان بە کەسایەتییەکی تر لەوانەبوو کە دەڵێن:

((سۆشیالیستەکان؟ ئەڵبەتە کە من لێیان واوەتر دەچم.))

کاتێك کە لەسەر ئەم جادە مەترسیدارە بەدوایدا دەچوون، دەبوایە بەزوویی خێزان، نیشتمان، مافی خاوەندارێتی، هەروەها پیرۆزترین بەهاکان بە لەرزۆکی بەرەڵا بکەن. تەنانەت ساتێکیش گومان لە مافی فەرمانڕەوایی نوخبە بورژواکان دەکەن. ئەگەر هەنگاوێکی دیکەتان بۆ پێشەوە بهاویشتایە، لەناکاو هەموو شتێك بە شێوەی موعجیزە ئاسا لەسەر بناغەی هۆکاری بەهێز و بەشێوەی ڕابردوو لە نوێوە بەرقەرار دەبوو. ئاوڕتان دەدایەوەو لە دواتانەوە سۆشیالیستەکانتان دەدیتن کە وەلانراون و بە بچووك خۆ دەنوێنن، دەستە سڕەکانیان ڕادەوەشێنن و هاوار دەکەن:

((ڕاوەستن با ئێمە بگەین.))

هەروەها لە گوتەی ویکفیلدەوە دەمزای کە مامۆستا، هەروەکوو کە بەدەم زەردەخەنەوە دەیگوت، حەزی لێ بوو ((ڕوحەکانیان ببێت.)) لەبەر ئەوەی بە گەنجی مابۆوە گەنجەکان

دەوروبەریان پڕ دەکرد: بەزۆری پێشوازی لەو گەنجانە دەکرد کە هی بنەماڵە باشەکان بوون و لە بەشی پزیشکی دەیانخوێند. ویکفیلد چەند جارێك لە ماڵەکەی نانی خواردبوو. لە دوای خواردن هەموویان دەچوونە ژووری جگەرەکێشان. مامۆستا لەگەڵ ئەو قوتابیانەی کە زۆر بەسەر جگەرەکێشانیاندا تێنەدەپەڕی وەکوو پیاو هەڵسوکەوتی دەکرد: جگەرەی دەدانێ. لەسەر قەنەفە ڕادەکشاو بە چاوی نیمچە داخراوەوە ماوەیەکی زۆر قسەی قوتابییەکانی بە دەوریدا ئاڵقەیان دەبەست. کۆمەڵە بیرەوەرییەکی دەورووژاند، چیرۆکی دەگێڕانەوەو لە هەر کامیان دەرەنجامێکی ئەخلاقی دڵگیر و پڕ مێشکی دەردەکێشا. ئەگەریش لەنێو ئەو گەنجە پەروەردەکراوانەدا کەسێك وەگیر کەوتبایە کە کەمێك هاوڕەنگی کۆڕەکە نەبوایە، پاڕوتن بە تایبەتی دڵی پێ دەبەست. ناچاری دەکرد قسە بکات، بە وردی گوێ بۆ قسەکانی بگرێت، کۆمەڵە ئەندێشەیەك یان کۆمەڵە بابەتێکی بۆ بیرکردنەوە بۆ فەراهەم دەکرد. وادەهاتە پێش کە ڕۆژێك لە ڕۆژەکان ئەو گەنجە، سیغناغ لە ئەندێشەی بەرزو ورووژاو لە دوژمنایەتی کەسەکانی و لە بیرکردنەوە بە تەنیایی و لە دژایەتی کردن لەگەڵ هەمواندا، داوای لە مامۆستا دەکرد کە بە تەنیا پێشوازی لێ بکات و لە کاتێکدا کە لە شەرمان مینگە مینگی دەکرد خۆمانەترین بیرەکان، تووڕەییەکان و ئومێدەکانیان بە نهێنی بە مامۆستا دەگوت. پاڕوتن ئەوی بە سینگی خۆیەوە دەگوشی. دەیگوت: ((جەنابت دەرك دەکەم، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە جەنابتم دەرك کردووە.)) پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد. پاڕوتن دوور دەڕۆیی، ئەوەندە دوور کە گەنجە لە بەدواکەوتنیدا تووشی زەحمەت دەبوو. لە دوای ماوەیەك گفتوگۆی لەم بابەتە، چاکتربوونێکی بەرچاو لە حاڵ و ڕۆژی گەنجە یاخی بووەکەدا پەیدا دەبوو. بە ڕوونی دەروونی خۆی دەویست. فێردەبوو ئەو ئاڵقانە بناسێت کە ئەویان بە خێزان و دەوروبەری دەبەستێتەوە. لە کۆتاییدا، ڕۆڵی لە ستایش کردنی نوخبەکان دەگەیشت. سەرەنجام، وەکوو بڵێی بەهێزی جادوو، ئەو مەڕە ڕێ هەتڵەکردووەی کە هەنگاو بە هەنگاو بەدوای پاڕوتن کەوتبوو، نورانی و تۆبەکەرانە دەگەڕایەوە بۆ ئاغەڵەکەی. ویکفیل ئەوا دەرەنجامی وەردەگرت کە: ((ئەوەندەی کە شیفای ڕوحەکانیدا، من جەستەکانم شیفا نەداوە.))

ڕمی پاڕوتن بە سۆزەوە بە ڕوومدا پێدەکەنی. ڕاڕابوو، هەوڵی دەدا لە بابەتی من تێ بگات تا بە ئەسپایی بە دەوریدا بگەڕێ و لە تەنیشتەوە خۆی پێداداو بمگەڕێنێتەوە نێو ئاغەڵ، بەڵام من لێی نەدەترسام: من مەڕ نەبووم. سەیری نێوچاوانی ئارام و بێ چرچ و لۆچی،

زگی بچووکی، هەروەها دەستی کە بەڕێکی لەسەر ئەژنۆی دانابووم دەکرد. زەردەخەنەکەیم گەڕاندەوەو بەجێم هێشت. ژان پاڕوتنی برای، سەرۆکی (S, A, B)، بە دوو دەستی پاڵی دابووە رۆخی مێزێك کە لە کاغەز ئاخنرا بوو. هەموو شتێکی شکڵ و شێوەی بە سەردانیکەری ڕادەگەیاند کە بار کۆتایی پێ هاتووە. نیگای لە ڕادەبەدەر بوو، تاڕادەیەك بڵاو بوو و لە مافی بێ خەوشەوە دەدرەوشایەوە. چاوە تێڕاماوەکانی بەسەر هەموو دەموچاویدا زاڵ بوون. لەژێر ئەو درەوشاوەییەدا، هەستم بە دوو لێوی ناسك و پێکەوە نوساوی زانایەك کرد. بە خۆمم گوت: ((خۆشە، وەکوو ڕمی پاڕوتن دەچێ.)) بەرەو لای مامۆستای گەورە سووڕامەوە: لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئەو وێکچوونە چاوم پێداگێڕا، لەناکاو دیتم کە حاڵەتێکی بەیارو دڵتەنگ لەسەر ڕوخساری ئارامی دەرکەوت، حاڵەتی بنەماڵەیی. گەڕامەوە لای ژان پاڕوتن.

ئەم پیاوە سادەیی مەزەندەیەکی هەبوو. لەودا هیچ شتێك جگە لە ئێسك و گۆشتی مردوو و مافی بێ خەوش نەمابۆوە. بیرم کردەوە: بابەتێکی ڕاستەقینە لە جندۆکاوی بوون. هەر کە دەستی بەسەر مافی کەسێکدا گرت، هاتنی پاڵنانی جندۆکەیی نییە کە بتوانێ بیتۆرێنێ. ژان پاڕوتن تەواوی تەمەنی خۆی لەسەر بیرکردنەوە بۆ مافی خۆی دانابوو: نە هیچ شتێکی دیکە. لەبری سەرئێشەیەکی کەم کە هەستم دەکرد تووشم دەبێت، وەکوو هەموو جارێك کە دەچمە سەیرکردنی مۆزەخانەیەك، لەسەر نێوچاوانی هەستی بە مافی بە ئازاری جێی سەرنجی و سەرپەرشتیاری کردنی کردووە. بەهیچ جۆرێك نەدەبوایە ناچار بە بیرکردنەوەی زۆر بکرێت، یان سەرنجی بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان و مردنی مومکینی ڕەنجی کەسانی تر ڕابکێشێت.

بێگومان لەسەرە مەرگیدا، لەو کاتەوەی کە لە سەردەمی سوقڕاتەوە بەملاوە دەربڕینی چەند وشەیەکی بەرز بۆتە نەریت، بە ژنەکەی گوتبوو-بەهەمان شێوە کە یەکێك لە مامەکانم بە ژنەکەی گوتبوو کە دوازدە شەوان لەسەر سەری دانیشتبوو- تێرێز، من سوپاست ناکەم، تۆ تەنیا ئەرکی خۆتت جێبەجێ کردووە. کاتێك مرۆڤێك دەگاتە ئەو خاڵە، دەبێ بۆ ڕێزلێنانی کڵاو لەسەر سەر لادەی.

چاوەکانی، کە بە سەرسووڕماوی تێیان ڕامابووم، پێیان دەگوتم کە دەتوانی بڕۆی. من نەرۆیشتم، بڕیارم دابوو کە نهێنیەکەی ئاشکرا بکەم. لەبەر سەیرکردنی وردو درێژی وێنەیەك لە فلیپی دووەم لە کتێبخانەی ئیسکوریال، دەمزانی کە کاتێك کەسێك سەیری ڕوخسارێکی

درەوشاوە لە ماف دەکات، لە دوای ساتێك ئەم درەوشاوەییە دەکوژێتەوەو پاشماوەیەکی خۆڵەمێش ئاسا بەجێ دەمێنێ: هەر ئەو پاشماوەیە بوو کە حەز و سەرنجی ڕاکێشام.

پاڕوتن باش بەرگری دەکرد، بەڵام لەناکاو نیگای کوژایەوەو وێنەکە تاریك بوو. چی مایەوە؟ چاوە نابیناکان، دەمێکی باریك وەکوو مارێکی مردوو و ڕوومەتەکان. ڕوومەتە ڕەنگ بزڕکاوەکانی منداڵێك. لەسەر پەردەکە سست بوو. ستافی (S, A, B) ڕومیان لە بوونی ئەو ڕوومەتانە ئاگادار نەبوو: ئەوەندە لە نوسینگەی پاڕوتندا نەدەمانەوە تاکوو پەی ببەن. کە دەچوونە ژووری، وەها تووشی ئەو نیگا ترسێنەرە دەبوون کە دەتگوت بەر دیوارێك کەوتوون. ڕومەتە سپی و شلەکان لە پشت ئەو نیگایەدا لە ئەماندابوون. لە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك ژنەکەی تێیگەیستبوو؟ دوو ساڵ؟ پێنج ساڵ؟ پێموایە ڕۆژێك، کاتێك کە مێردەکەی لە تەکیدا نوستبوو خۆرەتاو لووتی دەلاواندەوە، یان ئەوەی کە کاتێك لە گەڕمای ڕۆژێدا بە چاوی نیوە داخراوەوە لەسەر قەنەفەیەك پاڵی دابۆوەو بە سەختی خواردنەکەی هەرس دەکرد و پارچە تیشکێکی خۆر کەوتبووە سەر چەناگەی، ژنەکەی وێرابوو سەیری ڕوخساری بکات: تەواوی ئەو گۆشتە، بێ بەرگری، هەڵامساو، تفاوی و بەشێوەیەکی شاراوە دزێو لەبەرچاوی دەرکەوتبوو. بە دڵنیاییەوە لەو ڕۆژە بەدواوە خاتوو پاڕوتن جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرتبوو.

چەند هەنگاوێك پاشەو پاش کشامەوەو هەموو ئەو کەسایەتییە گەورانەم خستنە بەر نیگایەکەوە: پاکوم، سەرۆك ڕێبەر، دوو دانە پاڕوتن، ژەنەڕاڵ ئۆبری. ئەوان کڵاوی سلێندەریان لەسەری دەکرد.

ڕۆژانی یەکشەممە بە شەقامی تورن برێد تووشی خاتوو گڕاسینی هاوسەری سەرۆکی شارەوانی دەبوون کە بە خەون قدیسە سیسیلی دیت. بە ئێهێن و مینگە سڵاوگەلێکی تەڕ و پاراویان ئاراستە دەکرد کە نهێنی ئەوە ئێستا ون بووە.

زۆر بە وردی کێشابوویانن و لەگەڵ ئەوەشدا، لەژێر پەرەمووچدا، ڕوخسارەکانیان لەو لاوازییە نهێنی ئامێزەی ڕوخساری مرۆڤەکان دارووتابۆوە. ڕوخسارەکانیان، تەنانەت کز و لاوازترەکانیشیان، وەکوو قاپی چینی لووس و پاك بوون. لەواندا بەبێ هودەیی وێکچوونێك لەگەڵ درەخت و گیانداراندا، بەبیرکردنەوەی زەوی یان ئاودا دەگەرام. پێموایە ئەو کاتەی زیندوو بوون هەستیان بەم زەرورەتە نەکردبوو، بەڵام لە سەروبەندی ڕەگەڵ سەرمەدی کەوتندا،

خۆیان بەدەستی وێنەکێشێکی ناودار سپاردبوو، تاکوو ئەو لە ڕووی نهێنیداری ئەم ماڵێن و سمین و ئەو ئاودێریانە کە بەهۆیەوە لە تەواوی دەوروبەری بۆڤیل گۆڕانیان بەسەر دەریاو زەویدا هێنابوو لە ڕوخسارياندا جێبەجێ بکەن.

بەم شێوەیە، بە هاوکاری ڕێنوداو بوردۆن یەکسەر سروشتیان بە دیل گرتبوو: لە دەرەوەی خۆیان و لەناو خۆیاندا، ئەوەی کە ئەو پەردەیە پێشکەش بە نیگای منی دەکرد، بریتی بوو لە مرۆڤێك کە لەلایەن مرۆڤێکەوە دیسان بیری کردبۆوە، بە تاکە ڕازاندنەوەی کە جوانترین سەرکەوتنی مرۆڤ بوو: چەپکەگوڵی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی. بەبێ هیچ جۆرە نیەتێکی شاراوە، ستایشی فەرمانڕەوایی مرۆڤم کرد.

ژن و پیاوێك هاتبوونە ژوورێ. بەرگی ڕەشیان لەبەر کردبوو و لە هەوڵدا بوون خۆیان لە دیدەکان حەشار بدەن. لەبەر دەرگا بە داچڵەکیوی ڕاوەستان و پیاوەکە بێ ویستی خۆی کڵاوەکەی لەسەری هەڵگرت.

ژنەکە کە زۆر شێوا بوو گوتی: ((ئاه، خوایە!))

پیاوەکە زۆرتر گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی. بە ئاوازە دەنگێکی بەرێزەوە گوتی: ((سەردەمێکی تەواو لێرەیە!))

ژنەکە گوتی: ((بەڵێ، سەردەمی داپیرەم.))

چەند هەنگاوێکیان هاویشت و تووشی نیگای ژان پاڕوتن بوون.. ژنەکە بە دەمی داپچڕاوەوە لە جێی خۆی ڕاوەستا، بەڵام پیاوەکە بە فیز نەبوو! خۆ بە کەم زان دەهاتە بەرچاو، بە دڵنیاییەوە ئاشنایی لەگەڵ نیگا ترسێنەرەکان و بانگهێشتە کورت خایانەکاندا هەبوو. بە ئەسپایی قۆڵی ژنەکەی ڕاکێشاو گوتی: ((سەیری ئەمەیان بکە.)) بزەی سەر لێوی ڕمی پاڕوتن هەمیشە ئاسوودەیی بەخۆ بەکەم زانان بەخشیبوو. ژنەکە چووە پێشێ و بە هەوڵەوە ئاوای خوێندەوە: ((وێنەی ڕمی پاڕوتن، لە دایکبووی بۆڤیل لە ساڵی ١٨٤٩دا، مامۆستای کۆلێژی پزیشکی پاریس، کارڕێنودا.))

مێردەکەی گوتی: ((پاڕوتن ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای زانست، کار رینودا ئەندامی ئەنجوومەنی (ئەنستیتۆ) دۆفرانس، ئەمە مێژووە.))

خاتوونەکە سەرێکی لەقاندو پاشان سەیری مامۆستای گەورەی کرد. گوتی: ((چەندی جوانە، ڕوخسارێکی چەند هۆشیاری هەیە!))

مێردەکە بەدەست جووڵەیەکی درێژی کرد. بە سادەیی گوتی: ((ئەمانە هەموو ئەو کەسانەن کە بۆڤیلیان دروست کردووە.))

خاتوونەکە بە ئاوازە دەنگێکی سۆزدارانەوە گوتی: ((کارێکی چەند باشیان کردووە کە هەموویان لێرە داناون.))

ئێمە سێ سەرباز بووین کە لەم تەلارە فراوانەدا مەشقی سەربازیمان دەکرد. مێردەکە کە لە ڕووی ڕێزەوە بە ئارامی پێدەکەنی، نیگایەکی مشەوەشانەی گرتە لای من و لە ناکاو لە پێکەنین وەستا. من ڕووی خۆم سووڕاند و چوومە بەرامبەر وێنەی ئۆلیڤێر بلوینی ڕاوەستام. خۆشییەکی شیرین دایگرتم: ئێ، من لەسەر هەق بووم. بەڕاستی زۆر گاڵتەجاڕ بوو! ژنەکە هاتبووە نزیکم. لەناکاو بوێری پەیدا کردو گوتی: ((گارسۆن، وەرە بۆ ئێرە!))

مێردەکە بەرەو لای ئێمە هات.

ژنەکە درێژەی بە قسەکەیدا: ((بڕوانە، ئەمەیان شەقامێکی بەناوەوەیە: ئۆلیڤێر بلوینی. دەزانی هەر ئەو شەقامە بچووکەی کە ڕێك بەر لە گەیشتن بە ژۆکتبۆڤیل بەلای کۆتۆڤۆردا سەردەکەوێت.))

کەمێك دوای ئەوە درێژەی دایە: ((شکڵ و شێوەیەکی خۆنەرمانەی نییە.))

((نا، دیارە بە تەواوی دەرەقەتی مرۆڤە مینگە مینگکەرەکان هاتووە.))

ئەم ڕستەیە ڕووەو من گوترابوو. پیاوەکە بە تیلەی چاوان تەماشای کردم و دایە پێکەنین، ئەمجارە کەمێك بەرز، بە حاڵەتێکی لووت بەرزانەو ڕاڕاوە، دەتگوت بۆخۆی ئۆلیڤێر بلوینییە.

ئۆلیڤێر بلوینی پێ نەدەکەنی. شەویلاگەی ڕق گرتووی سێرەی لە ئێمە گرتبوو و خڕایی قوڕ قوڕاگەی دەرپەڕیبوو.

بۆ ساتێك بێدەنگی هاتە پێشێ.

خاتوونەکە گوتی: ((دەڵێی خەریکە بجولێ.))

مێردەکە بە سۆزەوە ڕوونی کردەوە:

((ئەو بازرگانی سەرەکی پەمۆ بوو، پاشان ڕووی کردە سیاسەت، بوو بە نوێنەری ئەنجوومەن.))

من ئەمەم دەزانی. دوو ساڵ لەمەوبەر سەیری فەرهەنگی گەورەکانی بۆڤیلم کرد لە نووسینی ئابێ مورلێ. یاداشتم لەسەر وتارەکە هەڵگرت!

بلوینی، ئۆلیڤێر، مارسیال، کوڕی کەسایەتی پێشوو، لە دایکبوو و کۆچکردوو لە بۆڤیل (١٨٤٩-١٩٠٨)، لە پاریس دەستی بە خوێندن کرد لە بواری مافدا و لە ساڵی ١٨٧٢دا پلەی بەکالۆریۆسی وەرگرت. ئەو کە بە توندی کەوتبووە ژێر کاریگەری یاخیبونی کۆمۆنەوە-کۆمۆن ئەوی وەکوو زۆربەی پاریسییەکان ناچار کردبوو تاکوو بۆ پشتیوانی ئەنجوومەنی میللی لە ڤێرسای ببێتە پەنابەر- لە تەمەنێکدا کە لاوەکان جگە لە خۆشگوزەرانی بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، سوێندی خوارد کە تەمەنی خۆی بۆ بەرقەراری سەقامگیری تەرخان بکات. بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر: لە دوای گەڕانەوەی بۆ شاری ئێمە، ((یانەی سەقامگیری)) دامەزراند کە هەموو شەوێك لەمیانەی ساڵانێکی دوورودرێژدا بازرگانە سەرەکییەکان و خاوەن پاپۆڕەکانی بۆڤیلن لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە. ئەم کۆڕە ئەشرافیە کە بە گاڵتە دەگوترا لە ((یانەی سوارچاکان)) پاوان کراوترە، تا ساڵی ١٩٠٨ کاریگەریەکی سەلامەت بەخشی لەسەر چارەنووسی بەندەری بازرگانی گەورەی ئێمە بەجێهێشت. لە ١٨٨٠دا ئۆلیڤێر بلوینی لەگەڵ ماری لویز پاکوم بچووکترین کچی بازرگان شارل پاکومدا (دك پاکۆم) کرد لە دوای مردنی ناوبراو کۆمپانیای پاکوم-بلوینی و کوڕی دامەزراند. هێندەی پێنەچوو کە ڕووی کردە کاری چالاکی سیاسی و خۆی کردە کاندیدی نوێنەرایەتی ئەنجوومەن. ئەو لە وتارخوێندنەوەیەکی بەناوبانگدا گوتی:

((وڵات تووشی قوڵترین نەخۆشییەکانە. چینی فەرمانڕەوا ئیدی نایەوێ فەرمانڕەوایی بکات برایان، ئەی چ کەسێك فەرمانڕەوایی دەکات بە جۆرێك کە کەسانێك میراتگری، خوێندن، هەروەها ئەزموونیان ئەوانی بۆ دەستڕۆیشتوویی زیاتر لە هەموان شایستە کردووە بە دەست لەکارکێشانەوە یان بەهۆی ماندوێتی وازی لێ بێنن؟ هەروەکوو کە چەندەها جار گوتوومە، فەرمانڕەوایی مافی نوخبەکان نییە، بەڵکوو ئەرکی سەرەکی نوخبەکانە. بریان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم: وەرن بنەمای دەسەڵات و شایستەیی سەرلەنوێ بەرقەرار بکەین!))

ئەو لە یەکەمین دەنگداندا لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥دا هەڵبژێردراو لەوە بەدواوە بەردەوام هەڵدەبژێردرایەوە. بەو هێزی دەربڕینەو پتەویەی کە هەیبوو، وتارگەلێکی زۆر و درەوشاوەی پێشکەش کرد. لە ١٨٩٨دا کە ئەو مانگرتنە تۆقێنەرە ڕوویدا، ئەو لە پاریس بوو. یەکسەر گەڕایەوە بۆ بۆڤیل و لەوێ ڕووحی وروژێنەری بەرگری بوو. لە وتووێژکردن لەگەڵ مانگرتووواندا پێشەنگ بوو. ئەم وتووێژە کە ئیلهام وەرگرتوو بوو لە ڕووحێکی ئاشتی

مەزنانە، بەهۆی یاخیبوونی ژوکستبووڤێل پچڕا. هەروەکوو کە هەموو دەزانن، دەستێوەردانێکی سەربازی بێ هەراو هۆریا ئارامیی گەڕاندەوە بۆ ڕومەتەکان.

مردنی لەناکاوی ئۆکتاوی کوڕی کە لە نەوجەوانیدا چووبووە خوێندنگای پۆلی تەکنیك و دەیویست ((ڕێبەرێك لەو دروست بکات)) زەبرێکی کاریگەری لە ئۆلیڤێر بلوینی وەشاند. هەرگیز نەیتوانی لە لێدانی ئەم زەبرە بێتەوە سەرخۆی و لە دوای دوو ساڵ لە شوباتی ١٩٠٨دا کۆچی دوایی کرد.

کۆمەڵەی وتاربێژییەکانی: هێزە ئەخلاقییەکان (١٨٩٤، نایاب) ئەرکی سزادان (١٩٠٠، وتاربێژییەکانی ئەم کۆمەڵەیە هەمووی دەربارەی مەسەلەی دریفوسە، نایاب) ئیرادە (١٩٠٢، نایاب) لە دوای مردنی دوایین وتاربێژیەکانی و چەند نامەیەك بۆ هاوڕێکانی وەکوو کۆتایی کار (بلاوکراوەی پلون، ١٩١٠) کۆکرانەوە. ئەو وێنانەی کە لەوی کێشاون! وێنەیەکی جوان و بەرز لەوی کاری بۆردۆن لە مۆزەخانەی بۆڤیل هەیە.

وێنەیەکی لە ڕادەبەدەر جوان، باشە. ئۆلیڤێر بلوینی سمێڵێکی بچووکی ڕەشی هەبوو و ڕوخساری ڕەنگ زەیتوونی کەمێك وەکوو ڕوخساری موریس پارس دەچوو. ئەم دوو پیاوە دیارە یەکتریان ناسیووە: لەسەریەك کورسی دادەنیشتن، بەلام نوێنەری بۆڤیل بێ دەربەستی سەرۆکی ((یەکێتی نیشتمان پەروەران))ی نەبوو. وەکو گۆچان ڕەق و تەق بوو و وەکو شەیتانۆکێك کە لە قالغەکەی دێتەدەرێ، لەسەر پەردەکە دەردەپەڕێتە دەرێ. چاوی دەبریقانەوە! بیلبیلەکانی ڕەش بوون و گلێنەکانیشی سوور. لێوی گۆشتنی بچووکی توونذ لەسەر یەك دەگوشین و دەستی ڕاستی لەسەر سینگی دەگوشی.

ئەو وێنەیە چەندەی ئەزیەتدابووم. بلوینی جاری وایە لەبەر چاوم بالابەرز و جاری واشبوو زۆر وردیلە خۆی دەنواند، بەلام ئەمڕۆکە هەموو شتێکم بۆ ڕوون ببۆوە.

لەمیانەی هەڵدانەوەی ساتیریك بۆڤیلوادا ڕاستییەکەم بۆ دەرکەوتبوو. ژمارە ٦ی تشرینی دووەم ١٩٠٥ هەمووی تایبەت بوو بە بلوینی. زۆر بە وردەکارییەوە وێنەکەیان لەسەر بەرگ و هەڵواسراو بە قژی پڕی باباکومب کێشی بوو، بەم ڕوونکردنەوە: ((نەڕە شێر)) لە هەمان لاپەڕەی یەکەمیشدا هەموو شتێك ڕوون کرابۆوە: ئۆلیڤێر بلوین بالای مەترێك و پەنجاو سێ سانتیمەتر بوو.

بلاّوکراوەکە بالاّی وردی و هەروەها دەنگە شێوە بۆڤیەکەی کە چەندەها جار تەواوی کۆمەڵی ئەنجوومەنی میللی بە پێشکەشێکی زۆر هێنابوو، نیشان دەدا. تاوانبار کرابوو بەوەی کە پاژنە پێی لاستیك لە پۆتینەکانی دەهاوێ. لەبەرامبەردا، خاتوو بلوینی کە ناوی کچێنی پاکوم بوو، لەسەر شێوە ئەسپ کێشابوویان. نووسەر زیاتر دەڵێ: ((جێی خۆیەتی بڵێم کە خێزانەکەی، هاوتەمەنی ئەوە.))

مەترێك و پەنجاو سێ سانتیمەتر! بەڵێ، ئەڵبەتە: بووردون بە ئاوڕدانەوەیەکی تامەزرۆییانەوە، بە کۆمەڵە شتێك کە لە کڕان نەهاتووبوو بچووکی بکەنەوە دەوروبەری پڕ کردبوو، کورسییەکی بچووك، قەنەفەیەکی کورت، ڕەفێك بە چەند بەرگە کتێبێکی لێك جیاکەرەوە، مێزێکی بچووکی ئێرانی، بەلاّم هەموو بالاّی دراوسێکەی ژان پاڕوتنی دابوو بەوی، هەردووکیان هاوبالاّ بوون. دەرەنجام ئەوە دەبوو کە لە پەردەیەکدا، مێزی بچووك تاڕادەیەك بە هەمان ئەندازەی مێزی گەورە بوو لە پەردەکەی دیکەدا و کورسیە بچووکەکە دەگەیشتە شانی پاڕوتن. چاو بە شێوەیەکی غەریزەیی دەستی بە هەڵسەنگاندنی دوو وێنەکە دەکرد: نائارامی من لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئێستا حەزم دەکرد پێبکەنم: مەترێك و پەنجا و سێ سانتیمەتر! ئەگەر ویستبام قسە لەگەڵ بلوێنیدا بکەم، دەبوایە بەسەریدا بچەمێمەوە تاکوو ئەژنۆیەکانم بنوشتێمەوە. ئیدی سەرم نەدەسووڕما کە بۆچی ئەو ئەوەندە بێ باکانە لووتی لە هەواودا بەرز ڕادەگرت! چارەنووسی پیاوانی بەم بالاّو ڕادەیە هەمیشە لە چەند سانتیمەتری سەرسەریان جێبەجێ دەکرێت. هێزی هونەر چەندە ستایش ئامێزە: لەو پیاوە وردیلەیەوە دەنگ ناسکە هیچ شتێك بە وەچەی داهاتوو نەدەگەیی لە ڕوخسارێکی هەڕەشە ئامێز، هەڵسوکەوتی شکۆدار، هەروەها چاوی خوێناوی گایەك. قوتابی ترسێندراوی کۆمۆن، نوێنەری کورتە بالاّ و میزاج توووند، ئەمانەی بە مەرج وەرگرتبوو، بەلاّم لە سایەی سەری بۆردۆنەوە، سەرۆکی ((یانەی سەقامگیری)) و وتاربێژی هێزە ئەخلاّقییکان ببووە لە فەنا نەهاتوو.

((ئۆهـ! داماوە کوڕیژگە!))

خاتوونەکە هاوارێکی قورتدراوەی کردبوو: لە ژێر وێنەی ئۆکتاو بلوینی، ((کوڕی کەسایەتی پێشوو))، دەستی مرۆڤێکی دیندار ئەم وشانەی نوسیبوون:

((کۆچکردوو لە پۆلی تەکنیك لە ساڵی ١٩٠٤دا.))

((ئەو مردووە! ڕێك وەكوو كوڕی ئارِوندێل. هۆشیار دەهاتە بەرچاو. دایکی چ ئازارێکی دەچەشت! لەو قوتابخانە گەورانەدا زۆر بەکاریان دەبەن. مێشکی قوتابییەکان تەنانەت لە خەویشدا کاردەکەن. من زۆر کەیفم بەو کلاوە دوو گوێچکانە دێت، لێوەشاوەیە. ناویان کازو ئارە؟))

((نا. لە کۆلێژی سان سید کازو ئار لەسەر دەکەن.))

منیش بە نۆرەی خۆم سەیری قوتابی جوانەمەرگی پۆلی تەکنیك دەکەم. ڕەنگی مۆمیانەی پێستی جەستەی و سمێڵی وەکو نەریتی کۆمەڵگای کاتۆلیك و بورژوا بوو ئەوەندەی بەس بوو کە بیری مەرگێکی کوت و پڕ لە کەسانی تردا بە ئاگا بێنێ. جگە لەوەش ئەو چارەنووسی خۆی پێشبینی کردبوو: جۆرێك پشت بەستن لە چاوە ڕوونەکانیدا کە سەیری دوورە دەستیان دەکرد، دیار بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەری بەرز ڕاگرتبوو، ئەو لەو یونیفۆڕمەدا، هێمای سوپای فەڕەنسا بوو.

The Marcellus evis! Mani bus uatelilia… Plenis.

سوورە گوڵێکی لە چڵ کردۆتەوە، قوتابییەکی مردووی پۆلی تەکنیك: چ شتێك دەیتوانی خەفەتبارانەتر بێت؟ تەلارە درێژ مەوداکەم بە ئارامی تەی کرد. لە میانەی تێپەڕین و بێ ئەوەی بوەستم سڵاوم لەو ڕوخسارە خاوەن کەسایەتیانە دەکرد کە لە سێبەرەکانەوە دەردەکەوتن: کاك بوسوئار سەرۆکی دادگای پیشەییەکان، کاك فابی، سەرۆکی لیژنەی باڵای بەندەری سەربەخۆی بۆڤیل، کاك بولانزا بازرگان لەگەڵ خیزانەکەیدا، کاك ڕانکن، سەرۆکی شارەوانی بۆڤیل، کاك لووسین، لە دایکبووی بۆڤیل، باڵوێزی گەورەی فەڕەنسا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەروەها ئەهلی شێعر، نەناسراوێك لە بەرگی پارێزگاردا، سێنت ماری لویز، دایکی پیرۆزی هەتیوخانەی گەورە، کاك و خاتوون ترزۆن، کاك تیبودست گۆردۆن، سەرۆکی لیژنەی چارەسەری سکاڵا لە کاروباری کاردا، کاك بوبو، بەڕێوبەری گشتی ناونووسی دەریایی، کاك بریۆن، کاك مینت، کاك گرلۆ، کاك لوفوڕا، دوکتۆر و خاتوو پاین و هەروەها خودی بۆردۆن کە پیەری کوڕی بۆردۆن وێنەی کێشابوو. نیگای ڕوون و سارد، هێڵی ناسکی ڕوخسار، لێوی تەنك.

کاك بۆلانژ قەڵەوەو لەسەرخۆ بوو، دایکی ڕوحانی سێنت ماری لویز خاوەنی دینداریيەکی هەوڵدەرانە بوو. کاك تیبووست گۆرۆن بە هەمان ئەندازە دەربارەی خۆی بە قورسی وەردەگرت

که لەگەڵ خەڵکی تردا. خاتوو ترزۆن بەجۆرێکی لە سست بوون نەهاتووەوە ململانێی لەگەڵ نەخۆشییەکی قووڵدا دەکرد. دەمی زۆر ماندوی بە ئاشکرا هەواڵی ئازار چەشتنی دەدا، بەڵام ئەم ژنە خواپەرستە و تەرکەدنیایە هەرگیز نەیگوتبوو ((من نەخۆشم.)) ئازارەکەی دەشاردەوە. پارچەگەلێکی دەچڕی و سەرپەرشتیی ئەنجوومەنە خێرخوازەکانی دەکرد. ناوە ناوە، لەمیانەی ڕستەیەکدا، بە ئەسپایی پێڵوەکانی دەکەوتنە سەریەك و نیشانەکانی ژیان لە ڕوخساریدا بزر دەبوون. ئەم بێ تاقەتییە هیچ کاتێك زیاتر لە ساتێکی نەدەخایاند، هێندەی پێ نەدەچوو کە خاتوو ترزون دووبارە چاوی دەکردنەوەو ڕستەکەی دەگەیاندە کۆتایی. لە کارگەی خێرخوازیشدا بە پچەپچ دەگوترا: ((داماوە خاتوو ترزون! هیچ کاتێك سکاڵا دەرنابڕێت.)) من تەواوی تەلاری بۆردۆن-رنودام تەی کردبوو. ئاوڕم دایەوە. ماڵئاوا ئەی ئەو گوڵە سوێسنە جوانانەی کە هەمووتان لە پانتایی بچووکی کێشراوتاندا ڕەعنان، ماڵئاوا گوڵە سوێسنە جوانەکان، جێی شانازی و هۆی هەبوونی ئێمە. ماڵئاوا، پیاوەکان.

((دووشەممە.))

ئیدی کتێبەکەم دەربارەی ڕولبۆن نەنووسم، تەواو بوو، ئیدی ناتوانم بینووسم. نیازم هەیە چی لەگەڵ ژیانمدا بکەم؟

کاتژمێر سێ بوو. لەسەر مێزەکەم دانیشتبووم، ئەو بەستە نامانەی کە لە مۆسکۆ دزیبوومن لە پەنا خۆمم دانابوون. دەمنووسی:

((هەوڵ درابوو کە خراپ خوازانەترین دەنگۆکان بڵاو بکەنەوە. بە دڵنیاییەوە مارکی دۆرلبۆن خۆی خستبووە دوای ئەم پیلانەوە چونکە لە ١٣ی ئەیلوولدا بۆ برازایەکەی نووسی کە وەسیەت نامەکەی ڕێك خستووە.))

مارکی ئامادەبوو: لەمیانەی ئەوەدا کە بە شێوەیەکی بەکاڵا لە بوونی مێژوویەکدا جێگیرم دەکرد، ژیانم بە قەرز دەدایەوی. ئەوم وەکوو گەرمیەکی کەم لە قوڵایی گەدەمدا هەست پێدەکرد.

لە ناکاو هەستم بە ڕەخنەیەك کرد کە لەمن دەگیرا: ڕۆڵبۆن لە هیچ جۆرێك لەگەڵ برازایەکەیدا ڕوو ڕاست نەبوو، دەیویست کە ئەگەر پیلانەکە بێ ئاکام دەبوو وەکو شایەدحاڵێکی بێ گوناهی لەلای پاوڵی یەکەم سوود وەربگرێت. ئەگەری زۆر هەبوو کە چیرۆکی وەسێتنامەی دروستکردبێت تاکوو خۆی بێ کێشەو بێشە نیشان بدات.

ئەم رەخنەیە کەم و کەم بایەخ بوو، شتێك نەبوو کە نیگەرانی بێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندە بەس بوو کە من لە خەیاڵ پڵاودا خەمناکدا ڕۆببات. لە ناکاو کەوتمە یادی گارسۆنە قەڵەوەکەی کافتریای کامی و هەروەها دەموچاوی داشکاوی کاك ئاشیل و یادی هۆڵێك کە تێیدا بە تەواوی هەستم دەکرد فەرامۆش کراوم و لە سەردەمی ئێستادا بەجێهێڵراوم. بە ماندوێتی بەخۆمم گوت:

((من کە توانای ئەوەم نەبووە کە ڕابردووی خۆم هەڵبگرم، چۆن دەتوانم ئومێدم بە رزگارکردنی ڕابردووێکی دیکە هەبێت؟))

قەڵەمەکەمم هەڵگرت و هەوڵمدا دەست بەکارکردن بکەمەوە. لەم بیرکردنەوانەی دەربارەی ڕابردوو ئێستای دنیا بێزار و ماندوو ببووم. تەنیا هەر ئەوەم دەویست کە لێگەڕێن بە یادێکی ئاسوودەوە کتێبەکەم تەواو بکەم، بەڵام هەر کە نیگام کەوتە سەر کۆمەڵە کاغەزە سپییەکان، لە شکڵکەی داچڵەکیم و هەر ئاوا بە قەڵەمی بەرزکراوەوە لەسەر تەماشاکردنی ئەم کاغەزە درەوشاوەیە مامەوە! چەندە دژوار و بەرچاو بوو، چەندە ئامادە بوو. هیچ شتێك جگە لە زەمەنی نوکەی تێدا نەبوو. ئەو پیتانە هێشتا وشك نەببوونەوە کە نوسیبوومن و هەر لە ئێستاوە هی من نەبوون.

((هەوڵ درابوو کە خراپخوازانەترین دەنگۆکان بڵاو بکەنەوە...))

من بیرم لەم ڕستەیە کردبۆوە، سەرەتا کەمێك لە خودی منەوە بوو. ئێستا لەسەر کاغەز هەڵکەندرابوو، لە دژی من ببووە هاودەست. ئیدی نەمدەناسییەوە. تەنانەت نەمدەتوانی دیسان بیبینمەوە. ئەوێ بوو، بەرامبەر من، بێ سوودبوو ئەگەر تێیدا دەستم بە گەڕان بە دوای نیشانەی سەرهەڵدانمدا دەگەڕام. هەر کەسێکی دیکە دەیتوانی ئەوە بنووسێت، بەڵام من، من دڵنیا نەبووم کە نووسیبێتم. ئێستا ئیدی پیتەکان نەدەدرەوشانەوە، وشك ببوونەوە. ئەویش ون ببوو، لەو درەوشاوەیی زوو بەسەرچوویان شتێك نەمابۆوە.

بە دڵەڕاوکێوە تەماشایەکی دەوروبەرمم کرد: زەمەنی نووکە، هیچ شتێك جگە لە زەمەنی نووکە. قەنەفە سووك و رەقەکان کە لە نوێژی زمەنی نوکەیاندا رۆژووبوون، مێزێك، قەرەوێڵەیەك، دۆڵابێکی ئاوێنەدار-و بۆ خۆم. ئێستا ماهیەتی زەمەنی نوکە ئاشکرا دەبوو: هەر ئەوە بوو کە هەیە و ئەوەی کە ئێستا نەبوو بوونی نەبوو. ڕابردوو بوونی نەبوو. بە هیچ جۆرێك. نە لە نێو شتەکاندا نە تەنانەت لە نێو بیرکردنەوەمدا. بەڵێ، لەمێژبوو تێگەیشتبووم

کە ڕابردووم لەبەرم هەڵاتووە، بەڵام تا ئەو کاتە باوەڕم هەبوو کە تەنیا لەبەردەستم نەماوە. ڕابردوو بۆمن لە حوکمی تەنیا خانەنشینێکدا بوو! شێوازی دیکە بۆ هەبوون هەبوو، بارودۆخێکی داخراوی جموجۆڵ. بۆ هەبوون هەبوو، بارودۆخێکی داخراو و بێ جموجۆڵ. هەر ڕووداوێك کاتێك کۆتایی بە ڕۆڵی دەهات بیرمەندانە خۆی لەنێو سندوقێکدا هەڵدەچنی و دەبووە ڕووداوێکی شانازیانە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە خەیاڵ کردنی نەبوون گرفتە بۆمان. ئێستا دەمزانی: شتەکان ڕێك هەر ئەوانەن کە خۆ دەنوێنن- لەپشت ئەوانیشەوە... هیچ شتێك نییە.

ئەم بیرکردنەوەیە هەروەها تاکوو چەند خولەکێك ڕایکێشام. پاشان بە توندی شانەکانم هەڵتەکاندن تاکوو خۆم رزگار بکەم کۆمەڵە کاغەزەکەم بۆ لای خۆم ڕاکێشا.

((... کە وەسێت نامەکەی ڕێکخستبوو.))

لەناکاو دڵ تێکەڵ هاتنێکی توند دایگرتم و قەڵەم لە پەنجەکانم کەوتە خوارێ و مەرەکەبەکەی پڕژا. چی ڕوویدا؟ ئایا تووشی هێڵنج ببووم؟ نا، ئەو نەبوو، ژووورەکە حاڵەتی سۆز ئامێزی ڕۆژانەی خۆی هەبوو. نەدەکرا بگوترێ کە مێزەکە قورستر، ئەستوورتر و قەڵەمە پەندانەکەم کەلەکەبووتر دێتە بەرچاو. تەنیا مارکی دورلبۆن کەمێك لەمەوبەر بۆ دووەمجار مردبوو.

تا کەمێك لەمەوبەر ئەو لەوێ، لەمندا بوو، ئارام و گەرم و ناوە ناوە هەستم دەکرد دەجوڵێت. ئەو زیندوو بوو، بۆلە زیندووتر لە زانست وەرگرو خاتوونی خاوەن کافتریای ڕاندۆڤ دشمینۆ بوو. گومان نییە کە ئەو کۆمەڵە هەوەسبازیەکی هەبوو. دەیتوانی چەند ڕۆژێك بەبێ خۆی نیشاندان بەسەر ببات، بەڵام ڕەنگە، لە هەوای خۆش و نهێنیاویدا هاوشێوەی داوە لێ شێ پیێ لووتی دێنێتە دەرێ و من چاوم بە ڕوخساری بزرکاوی و گیپە شین هەڵگەڕاوەکانی دەکەوت. تەنانەتیش کاتێك کە خۆی نیشان نەدەدا، قورسایی لەسەر دڵم دەکردو من هەستم بە پڕی دەکرد.

ئێستا شتێك لەوی بەجێ نەمابوو. بەو شێوەیە کە تێیدا نیشانەکانی مەرەکەبی ویشکی دیکە بیرەوەری درەوشاوەیی تازەیان نەبوو. خەتای من بوو: تەنیا ئەو قسانەی کە نەدەبوایە بکرێن من دەرم بڕیبوون: گوتم کە ڕابردوو بوونی نییە و بێ دواکەوتن، بێ دەنگە دەنگ، مارکی دورلبۆن گەڕابۆوە بۆ نەبوونی.

نامەکانیم لە دەستەکانمدا بەرز کردنەوە، بە جۆرێك بێ ئومێدی دەستم پێداخشاندن. بە خۆمم گوت: ((لەگەڵ هەموو ئەوەشدا خودی ئەوە کە ئەم پیتانەی یەك بە یەك نوسیوون. پاڵی دایەوە سەر ئەم کاغەزە، پەنجەکانی خستنە سەر کاغەزەکە تاکوو ژێر قەڵەمەکەی جووڵە نەکات.))

زۆر درەنگ بووە: ئەم وشانە ئیدی واتایەکیان نەبوو. ئیدی هیچ شتێك جگە لەو کاغەزە زەردانەی کە لە دەستمدا دەیانگوشم بوونی نەبوو. ئەڵبەتە ئەم چیرۆکە ئاڵۆزە لەنێودا بوو: برازای رۆڵبۆن لە ساڵی ١٨١٠دا بەدەستی پۆلیسی تێزار کوژرا، دەست بەسەر کاغەزەکانیدا دەگرت و دەیانبە ئەرشیفی نهێنی، ئەوسا سەدو دە ساڵ دوای ئەوە ئەم کاغەزانە لەلایەن سۆڤیەتییەکانەوە کە گەیشتنە دەسەڵات دەکەونە بەردەستی کتێبخانەی دەوڵەتی کە لەوێ من لە ١٩٢٣دا دزیمن، بەڵام ئەمە ڕاست نەدەهاتە بەرچاو و من لەو دزیەی کە بۆ خۆم ئەنجامم دابوو هیچ بیرەوەرییەکی ڕاستەقینەم هەڵنەگرتبوو.

بۆ ڕوون کردنەوەی بوونی ئەم کاغەزانە لە ژوورەکەمدا، دۆزینەوەی سەد چیرۆك باوەڕ کردنێکی دیکەی دژوار نەبوو: هەموویان ڕووبەڕووی ئەم کاغەزە زۆرانە، نێوبەتاڵ و سووك وەکوو بڵقی سەر ئاو خۆیان دەنواند. لەبری ئەوەی کە ئومێد بەم کاغەزانە ببەستم کە لەنێوان من و بۆرلۆندا پەیوەندی دروست بکات، واباشترە کە یەکسەر بچمە لای ئەنجوومەنی بانگهێشت. رۆلبۆن ئیدی نەبوو. ئیدی هەرگیز نەبوو. ئەگەر هێشتا چەند پارچە ئێسکی لێ مابۆوە، بۆ خۆی و سەربەخۆبوونی هەبوو، شتێك کەمێك لە فۆسفات و کاربۆنات و کالیسیۆم بەخۆیی ئاو نەبوو.

دوایین هەوڵی خۆمم دا، لەبەر خۆمەوە ئە وشانەی مەدام دۆژانلیم دووبارە کردنەوە کە بەهۆیەوە بە زۆری مارکی دەهێنمەوە یاد: ((ڕوخسارێکی ورد و هەڵقرچاو، پاك و پاکیزە، خڕۆێکە نیشان و خاوەنی شەڕەنگێزییەکی دیار کە هەرچەندەی هەوڵی دەدا بیشارێتەوە واش هەر بەرچاو دەکەوت.))

ڕوخساری گوێڕایەڵانە هاتە لای چاوم، لووتە نوك تیژەکەی، گیپە شین هەڵگەڕاوەکەی، زەردەخەنەکەی. دەمتوانی بەدڵخواز هێڵی ڕوخساری بکێشم، لەوانەیە بە ئاسانییەکی زیاتر لە جاران. وایدانێ ئەمە شتێك نەبوو جگە لە ڕوخسارێکی خەیاڵی لە دەروونمدا، دەم و چاوێکی

وەهمی. ئاخێکم هەڵکێشا، خۆم بە هەستێکی جۆرێك لەدەستچوونی لەگەڵدا هەڵنەکڕاو بۆ دواوەی کورسییەکە پاڵ دایەوە.

سەعات زەنگی چوار لێدەدات. کاتژمێرێك دەبێت کە بە قۆڵی هەڵواسراوەوە لێرە لەسەر کورسی دانیشتووم. دنیا خەریکە تاریك دادێت. جگە لەوە، شتێك لەم ژوورەدا نەگۆڕاوە: کاغەزە سپییەکە هێشتا لەسەر مێزەکەیە، لە پەنا قەڵەمدان و شووشەی مەرەکەب... بەڵام من ئیدی هەرگیز لەسەر ئەو کاغەزە شت نانووسم کە دەستم پێکردووە.

ئیدی قەت، بە تەی کردنی شەقامی موتیلە و جوت سایدی ڕووت، ناچمە کتێبخانە تاکوو لەوێ بچمە لای ئەرشیف. حەزدەکەم لە شوێنی خۆم ڕاپەڕم و بچمە دەرێ و بۆ سڕکردنی خۆم هەرچییەك بێت بیکەم، بەڵام ئەگەر پەنجەیەك بەرز بکەمەوە، ئەگەر بە دروستی لەسەر جێی خۆم ئارام نەگرم، باش دەزانم چیم بەسەر دێت. هێشتا نامەوێ ئەوەم بەسەر بێت. هەمیشە زوو دێت. جووڵە ناکەم، ئەمێر ئاسا لەسەر کۆمەڵە کاغەزەکە، ئەو دەستەواژە دەخوێنمەوە کە نیوە چڵم کردووە:

((هەوڵ درابوو کە خرپ خوازانەترین دەنگۆکان بڵاوبکەنەوە، مارکی دورلبۆن بە دڵنیاییەوە خۆی خستبووە داوی ئەو پیلانەوە لەبەر ئەوەی لە ١٣ی ئەیلوولدا بۆ برازایەکەی نووسی کە وەسێت نامەکەی رێکخستووە.))

مەسەلەی گەورەی ڕولبۆن هاوشێوەی عەشقێکی ئاگرین کۆتایی پێهاتووە. دەبێ شتێکی دیکە بدۆزمەوە. چەند ساڵ لەمەوبەر، لە شانگهایی لە نووسینگەی مێرسیە، لەناکاو لە خەیاڵێکەوە هاتمە دەرێ، بە خەبەر هاتم. پاشان خەونێکی دیکەم دیت لە درباری ترزارەکاندا دەژیام، لە کۆشکی کۆنی وەها ساردا کە زستانان لەژێر سەردا لە لێقەوماوان فانۆسی دەبەست. ئەمڕۆ بەرامبەر کۆمەڵە کاغەزێکی سپی لەخەو هەڵدەستم. مەشخەڵەکان، سەهۆڵە بەستووەکان، یونیفۆرمەکان، شانە لەرزۆکە جوانە ون بووەکان. لەجیاتیان شتێکی گەرم لە ژوورێدا دەمایەوە، شتێك کە نامەوێ بیبینم.

مارکی دۆرلبۆن هاوبەشم بوو: ئەو بۆ هەبوون پێویستی بەمن هەبوو و منیش بۆ هەست نەکردن بە بوونم پێویستیم بەوی هەبوو. من کەرەستەی خاوم دابین دەکرد، کەرەستەیەك  کە زۆرم هەبوو و نەمدەزانی چی لێ بکەم! بوون، بوونی من، ئەو، پشکی وی کردنەوە بوو. لەبەرامبەرم ڕادەوەستاو ژیانی داگیرکردبووم، تاکوو ژیانی خۆی بۆمن بکاتەوە. ئیدی هەستم

نەدەکرد کە بوونم هەیە، ئیدی نە لە خۆمدا بەڵکوو لەودا بوونم هەبوو، لەبەر خاتری وی بوو کە دەمخوارد، لەبەر خاتری وی بوو کە هەناسەم هەڵدەکێشا هەر کام لەم جووڵانەم واتاکەی لە دەرەوە بوو، لەوێ، ڕێك بەرامبەرم، لەودا، ئیدی نەدەستمم دەدیت کە پیشەکانی لەسەر کاغەز دەنووسی نە تەنانەت ئەو ڕستەیەی کە نوسیبووم- بەڵکوو لە پشتەوە، لە دواوەی کاغەزەکە، مارکیم دەدیت، کە داوای ئەو جووڵەیەی کردبوو، بوونیشی ئەو جووڵە درێژ و پایەدارەی هەڵدەسووڕاند. من تەنیا هۆکارێك بووم بۆ ناچارکردنی بۆ ژیان بەسەر بردن، ئەو بەڵگەی بوونی من بوو، ئەو منی لە خۆم ڕزگار کردبوو. ئێستا نیازم هەیە چی بکەم؟ لە هەمووی زیاتر ئەوەیە کە نابێ جوڵە بکەم، نابێ بجوڵێم... ئاها! نەمتوانی بەر لە جوڵەی ئەم شانانە بگرم...

ئەو شتەی کە چاوەڕوانی دەکرد هەرسان ببوو، خۆی پێدادام، لە دەروونمدا بەرێدەکەوێ، لێی پڕ دەبم. هیچ نییە! ئەو شتە منم ، سەربەست بوو، رزگار بوو، بەسەرمدا شەپۆل دەدات. من بوونم هەیە.

من بوونم هەیە. ئەمە شیرینە، زۆر شیرین، زۆرخاو. هەروەها سووك! دەڵێی ئەو تاك و تەنیا لە هەوادایە. دەبزوێت، بزوانی لاواز لە هەموو شوێنێك کە دەتوێتەوەو ون دەبێ. زۆر ئارام، زۆر ئارام، ئاوی کەکاوی لە دەمم دایە، قووتی دەدەم، بە فورگمدا رۆدەچێ، دەملاوێنێتەوە ئەوسا دیسانەوە لە دەممدا لەدایك دەبێت، لەنێو دەممدا چاڵێکی بچووکی ئاوی سپی شێوەی بەردەوام هەیە کە ئاشکرا نییە و بەر زمانم دەکەوێ. ئەم چاڵە بچووکەش، منە. هەروەها زمان، هەروەها قورگی منە.

دەستم دەبینم کە لەسەر مێزەکە ڕادەفرێت. زیندوو، منە. دەکرێتەوە، پەنجەکان لە کۆکراوەیی دێنەدەرێ و ڕاست دەبنەوە. دەستم بە پشتم کە دیتووە. ورگە زلەکەیم نیشان دەدات. وەکوو گیاندارێکی لەسەر پشتکەوتوو دەچێت. قامکەکان، لاقەکانی لە تووند جولاندیان بە کەیف دێم، وەکو لاقی قرژاڵێك کە لەسەر پشت کەوتبێت. قرژاڵەکە مرد: لاقەکان لوول دەخۆن، دەستم لەسەر زگ کۆدەبنەوە، نینۆکەکان دەبینم و تاکە شتێك لەمندا کە زیندوو نییە. تەنانەت ئەمەش دڵنیایی نییە، دەستان لوول دەخوات، لەسەر ڕوان دەکەوێ، ئێستا پشتیم نیشان دەدات. پشتێکی زیوکفت و کەمێك درەوشاوە، ئەگەر لە نزیك بەندی قامکەکان مووی سووری لێ نەبوایە، واتدەزانی ماسییە. هەست بە دەستم دەکەم. ئەو دوو

گیاندارەی کە لە کۆتایی قۆڵەکانمدا دەبزوێن، منن. دەستم یەکێك لە لاقەکانی بە نینۆکی لاقەکەی دیکە دەڕوشێنێ، قورسایی لەسەر ئەو مێزە هەست پێدەکەم من، من نییە. ئەم هەستی کێشە زۆر درێژخایەنە، ناڕوات. هۆیەك نییە کە بڕوات. سەرەنجام، دەبێتە هەڵنەکراو لەگەڵیدا... دەستم دەکێشمەوە، دەیخەمە نێو گیرفانمەوە، بەڵام یەکسەر دەستم لە گیرفان دەهێمەدەرێ، بەرەوپشت لەسەر کورسییەکە بەرەڵای دەکەم. ئێستا لە کۆتایی قۆڵم هەست بە کێشەکەی دەکەم. کەمێك لێك دەکشێتەوە، نەك زۆر زۆز، بە نەرمی، بە ئەسپایی، بوونی هەیە. پێداگری ناکەم: لە هەر کوێیەکی دانێم، هەروا بوونی دەبێت و من هەر ئاوا هەست دەکەم کە بوونی هەیە. نەدەتوانم لەناوی ببەم، نە پاشماوەی جەستەم، نە گەرمای شێدار کە کراسەکەم پیس دەکات، هەروەها نە ئەم چەوریە گەرمە کەبە تەمبەڵی دەسووڕێتەوە-دەڵێی کەسێك بە کەوچك تێکی وەردەدات- هەروەها نەهەموو ئەو هەستانەی کە لە دەروونمدا دەگەڕێن، کە دێن و دەچن، لە کەلەکەمەوە سەردەکەون یان ئەوەی لە بەییانییەوە تاکوو شەو لە گۆشەی خووپێوە گرتوویانەوە دەڕوێن.

لە جێی خۆم ڕادەپەڕم، ئەگەر دەمتوانی لەبیرکردنەوە بووەستم، باشتر دەبوو. بیردنەوەکان بێ تامترین شتەکانن. تەنانەت بێ تامتریش لە گۆشتی جەستە. بەردەوام لێك دەکشێنەوەو تامێکی سەیر بەجێ دەهێڵن. پاشانیش وشەکانن، لەنێو بیرکردنەوەکاندا، وشە ناتەواوەکان، کۆمەڵە ڕەستەیەکی بە کەم و کوڕ کە بەردەوام دەگەڕێنەوە: ((دەبێ تەواو بکە... من بوون... مردو... مارکی دورل مردووە... نیم... من بوون...)) هەروا درێژەی دەبێت... و قەت کۆتایی پێنایە ئەمە لە ئەوانیتر خراپترە لەبەر ئەوەی خۆم بەلێپرساو و هاوبەشی تاوان هەست پێدەکەم. بۆ نموونە، ئەوە منم کە درێژە بە ئەم جۆرە کاوێژە بە ئازارە دەدەم: بوونم هەیە. من. جەستە هەر کە جارێك دەستی بە ژیان کرد، خود بە خود ژیان بەسەر دەبات، بەڵام کاتێك دەگەینە ئەندێشە، منم کە درێژەی پێدەدەم، بەرفراوانی دەکەم. من بوونم هەیە. بیردەکەمەوە کە هەم. ئۆه، ئەم هەستەی هەبوونە چ پێچاوپێچێکی دوور و درێژە-منیش بە فراوانی دەکەم، ئارام ئارام... خۆزگە بمتوانیایە خۆم لەبیرکردنەوە ڕابگرم! هەوڵ دەدەم، سەردەکەوم! دەڵێی سەرم پڕ دەبێت لە دووکەڵ... و ئەمانە دیسان دەست پێدەکەنەوە: ((دووکەڵ... نابێ بیربکەیەوە... نامەوێ بیربکەمەوە... بیردەکەمەوە کە نابێ بیربکەمەوە. نابێ بیربکەمەوە چونکە نامەوێ بیر بکەمەوە. لەبەر ئەوەی ئەمە هەروا بیرکردنەوەیە کە... ئایا هەرگیز کۆتاییەکی تێدا نییە؟

بیرکردنەوەی من، خودی منە: لەبەر ئەوەیە کە ناتوانم بوەستم. من بەهۆی ئەوەوە بوونم هەیە کە پێی بیر دەکەمەوە... و ناتوانم خۆم لەبیرکردنەوە ڕابگرم. لەم کاتەدا -چەند ترسناکە- ئەگەر هەم، لەبەر ئەوەیە کە دڵم لە هەبوون لێدراوە. منم، منم کە خۆم لە ژیان و ویستەکانی دەردەکێشم: ڕق و بێزاریش لە هەبووندا کۆمەڵە شێوازێکن بۆ ناچارکردنم بە هەبوون، بەڕۆبردنم بۆ دەڕوونی بوون. بیرکردنەوەکان هاوشێوەی سەرگێژەیەك لە پشتم لەدایك دەبن، هەستیان پێدەکەم کە لە دوامەوە لەدایك دەبن... ئەگەر ڕێگە بدەم، دێنە ئێرە لە پێشەوە، لەنێو چاوەکانمدا -و من هەروا ڕێگە دەدەم، ئەندێشە شانازی دەکات، شانازی دەکات و بە گەورەیی دادەبەزێت، یەکسەر پڕم دەکات و بوونم نوێ دەکاتەوە.

ئاوی زارم شیرین و جەستەم گەرمە، هەست بەبێ تامی دەکەم. چەقۆیەکەم لەسەر مێزەکەیە. دەیکەمەوە. بۆچی نا؟ بەهەرحاڵ، جۆرە سەرگەرمیەکە. دەستی چەپم لەسەر کاغەزەکە دادەنێم و لێدانێکی بەهێز لە لەپی دەستم دەدەم. جوڵەکەی لەناکاو بوو، تیغەکە خلیسکا، برینەکە ڕووکەشییە. خوێنی لێدێت، ئێ کە چی؟ چی گۆڕا؟ لەگەڵ ئەوەشدا، بە ڕەزامەندییەوە لەسەر کاغەزە سپییەکە، لە ناوەڕاستی ئەو دێڕانە کە کەمێك لەمەوبەر نووسیمن، سەیری چاڵە خوێنەکە دەکەم کە ئیدی بەشێك نییە لەمن. چوار دێڕ لەسەر کاغەزی سپی، پەڵە خوێنێك، هەر ئەمانە پێکەوە بیرەوەرییەکی جوان دروست دەکەن. دەبێ لە ژێرییەوە بنووسم: ((ئەو ڕۆژەی من دەستم لە نووسینی هەڵگرت دەربارەی مارکی دورلبۆن.))

بچم خەریکی دەستم بم؟ بێ گومان. سەیری دەڵەوانی بەردەمی خوێن دەکەم. ئێستا خەریکە دەیبەستێ، تەوا بوو. پێستم لە دەوری شوێنە بڕدراوەکە خۆی بە ژنگ هەڵهێناو دەنوێنێ. جگە لە هەستێکی لاواز لە ژێر پێستدا هیچ شتێکی دیکە نەماوەتەوە، تەنانەت ڕەنگە بێ تامتر.

زەنگی سەعات پێنج و نیوە کە لێدەدات. هەڵدەستم، کراسە ساردەکەم بە گۆشتی جەستەمەوە نووساوە. دەچمە دەرێ، بۆ؟ ئێ، لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکیشم نییە کە نەچمە دەرێ. تەنانەت ئەگەر لە سوچێکی بێدەنگدا خۆم کرۆش هەڵێنم، خۆم لەبیر نابەمەوە. لەوێ دەبم، قورسایی لەسەر تەختی ژوورەکە دەکەم، منم.

لەسەر ڕێگا ڕۆژنامەیەك دەکڕم. هەواڵی شاگەشکەهێنەر. تەرمی کیژۆڵە لووسین دۆزراوەتەوە! بۆنی مەرەکەب، کاغەزەکە لەنێو پەنجەکانمدا گرمۆڵە دەبێت. بکوژە بێ

شەرەفەکە هەڵاتووە. منداڵەکە بی ڕەنگ و ڕوو بووە. تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە، لەکاتێکدا کە پەنجەکانی بە قوڕ و قاڵەوە نووسابوون، ڕۆژنامەکە فڕدەکەمەوە، قامکەکانم کاغەزەکەی بە چنگەوە گرتووە، بۆنی مەرەکەب، ئەی هاوار، ئەمڕۆ شتەکان چەند بە توندی بوونیان هەیە. لووسین بچکۆڵە بێ ڕەنگ و ڕوو بووە. خنکاندویانە. جەستەی هێشتا بوونی هەیە، گۆشتە برینداره‌کەی. ئەو ئیدی بوونی نییە. دەستەکانی ئەو ئیدی بوونی نییە. ماڵەکان. بەنێو ماڵەکاندا بەڕێدا دەڕۆم، لەنێو خانووەکاندام، ڕاست لەسەر بەردڕێژەکە، بەردڕێژی ژێر قاچم بوونی هەیە، خانووەکان لە خۆیان گرتووم، دەڵێی ئاو لە خۆی گرتووم، بەو جۆرەی کە قولنگێك کاغەزێك لەخۆ دەگرێت، منم. منم، من بوونم هەیە، بیردەکەمەوە کەواتە هەم. من هەم چونکە بیردەکەمەوە، بۆچی بیر دەکەمەوە؟ ئیدی نامەوێ بیربکەمەوە، من هەم چونکە بیردەکەمەوە کە نامەوێ هەبم؟ بیردەکەمەوە کە من... چونکە... ئۆڤ! من هەڵدێم، بکوژی بێ شەڕەف هەڵاتووە، جەستە ڕەنگ و ڕوو نەماوی کچەکە. ئەو، ئەو گۆشتەی تری هەست پێکردووە کە خزاوەتە نێو گۆشتەکەیەوە. من... ئێستا من... ڕەنگ و ڕووی نەماوە. مەیلێکی شیرین بە ڕەنگ و ڕوو نەماوە. مەیلێکی شیرین بە ڕەنگ و ڕوو نەمان لە پشتەوەڕا دەمگرێت، بە ئارامی، لە پشت گوێچکەکان، گوێیەکان لە پشتمەوە پەلە دەکەن، قژی سوور، قژەکان لەسەر سەرم سوورن، سەوزەی سوور، سەوزەی تەڕ، ئایا ئەویش منە؟

ئایا ئەم ڕۆژنامەش من نییە؟ هەڵگرتنی ڕۆژنامە بوون لە پەنا بووندا، شتەکان لە پەنا یەکتری بوونیان هەیە، واز لەم ڕۆژنامەیە دێنم. خانووەکە خۆی تاودەدات، ئەو بوونی هەیە، لەبەرامبەردا بە پەنا دیدارێکدا دەڕۆم، لە پەنا دیواری درێژدا بوونم هەیە، لە بەرامبەر دیواردا، هەنگاوێك، دیوار لە بەرامبەرم بوونی هەیە، یەك، دوو، دوامەوە، پەنجەیەك کە نێو پانتۆڵەکەم دەڕوشێنێ، دەیڕوشێنێ، دەیڕوشێنێ و پەنجەی قوڕاوی کیژۆڵەکە ڕادەکێشێ. قووڕەکە لەسەر پەنجەم کە لە جۆگایەکی قوڕاویەوە دەهاتە دەرێ و بە ئارامی دەکەوێ، بە ئارامی، شل بوو، نەرمتر لە پەنجەکانی ئەو کیژۆڵەیەی کە دەیان خنکاند دەڕوشا، بکوژی بێ شەڕەف، قوڕ و زەوی نەرمتر دەڕوشاند، پەنجە بە ئارامی دەخزێ، بەسەر سەردا دەکەوێ و لوول خواردوو گەرم ڕانم دەلاوێنێتەوە. بوون نەرمە و خلۆردەبێتەوە، بەملاولا دەکەوێ، من لەنێو ماڵەکاندا بە ئێرەو ئەوێ دەکەوم، منم، من بوونم هەیە، من بیردەکەمەوە بۆیە بەملاولا دەکەوم، من هەم، بوونی بەربوونەوەیەك بەربۆتەوە، ناکەوێ، دەکەوێ، پەنجە پەنجەرەکە

دەڕوشێنی، بوونی ناتەواو یەکە. کاکە. کاکی لێوەشاوە بوونی هەیە. کاکم هەست دەکات کە بوونی هەیە. نا، ئەو کاکە لێوەشاوەی کە تێدەپەڕێ لووت بەرز و نەجیب وەکوو نیلووفەڕ، هەست ناکات کە هەیە. پشکوتن، دەستە بڕدراوەکەم تەزوان دەکات، بوونی هەیە، بوونی هەیە، بوونی هەیە. کاکی لێوەشاوە هەروەکوو نیشانەی لایۆن دونۆر بوونی هەیە، وەکو سمێڵ بوونی هەیە، هەمووی هەر ئەمە. مرۆڤ دەبێ چەند بەختەوەر بێت کە شتێك نییە جگە لە نیشانەیەکی لژیۆن دونۆرد سمێڵێك و هیچ کەس پاشماوەکەیتر نابینێت، ئەو دوو نووکی تیژی سمێڵی لە دوولای لووت دەبینێت، من بیر ناکەمەوە کەواتە سمێڵم. ئەو نە جەستەی لاوازی دەبینێت، نە لاقە گەورەکانی. ئەگەر لەنێو پانتۆڵەکەیدا بگەڕانایە، بە دڵنیاییەوە جووتە گۆیەکی لاستیکی خۆڵەمێشیتان دەدۆزیەوە. ئەو نیشانەی لژیۆن دونوری هەیە، پیاوەکان مافی هەبوونیان هەیە: ((من بوونم هەیە چونکە ئەوە مافی خۆمە.)) من مافی هەبوونم هەیە، کەواتە مافی بیرنەکردنەوەم هەیە: پەنجە بەرز دەبێتەوە. ئایا نیازم هەیە کە...؟ لە پشکوتوویدا سەرچەفی سپی گۆشتی سپی کە بە ئارامی دەکەوێتە سەر پشت بلاوێنمەوە، بچمە نێو بوونێکی ترەوەو لەنێو کۆمەڵە بۆرییەکی سوور بە بۆنێکی قورسی بوون، لەنێو لێوی تەڕی شیریندا کە وەکوو چاو دەگریا بوونم هەیە؟ جەستەی گۆشتنی زیندووم، گۆشتێك کە لە جموجۆڵ دایە و بە ئارامی خواردنەوەکان دەسووڕێنێ، کە قەیماغ دەسووڕێنێ، ئەو گۆشتەی کە دەسووڕێتەوە، دەسووڕێتەوە، دەسووڕێتەوە، ئاوی شیرین و شەکر ئاسای گۆشتەکەم، خوێنی دەستم، تەزوێکی ئارام لە گۆشتی بریینداری خۆمدا هەست پێدەکەم کە دەسووڕێتەوەو بەڕێدا دەڕوات، من بەڕێدا دەڕۆم، هەڵدێم، من بکوژێکی بێ شەڕەفم بە گۆشتی بریندارەوە، برینێك لە بوونی لای ئەم دیوارانە. سەرمامە، هەنگاوێك دەنێم، سەرمامە، هەنگاوێك، بۆ لای چەپ دەسووڕێمەوە، ئەو بۆ لای چەپ دەسووڕێتەوە، ئەو بیردەکاتەوە کە بۆ لای چەپ دەسووڕێتەوە، شێتە، ئایا من شێتم؟ ئەو دەڵێ کە لە شێت بوون دەترسێت، هەبوون، ئایا تۆ دەروونی بوونی من دەبینی، ئەو دەوەستێ، جەستە دەوەستێ، ئەو بیردەکاتەوە کە دەوەستێ، لە کوێڕا دێ؟ چی دەکات؟ دووبارە بەڕێدەکەوێتەوە، دەترسێت، زۆر دەترسێ، بکوژی بێ شەڕەف، میلی تەم شێوە، میل، دڵ تێکەڵ هاتن، ئەو دەڵێ کە لە هەبوون دڵی تێکەڵ هاتووە، ئایا دڵی تێکەڵ هاتووە، لە دڵ تێکەڵ هاتنی بوونی ماندووە؟ غاردەدا. چ هیوایەکی هەیە؟ ئایا غاردەدات بۆ ئەوەی لەبەر خۆی ڕاکات، خۆی بهاوێتە نێو حەوزی سەر بەتاڵەوە؟ ڕادەکات، دڵ، ئەو دڵەی

که ترپەی دێت شادمانه. دڵ بوونی هەیه، قاچەکان بوونیان هەیه، هەناسه بوونی هەیه، ئەوان به حاڵی غاردان، هەناسەو بڕکێ، بەترپه، بوونیان هەیه، به ئەسپایی به ئەسپایی هەناسەی سوار دەبێ، هەناسەم سوار دەبێ، ئەو دەڵێ که هەناسەی سوار دەبێت، هەبوون له پشتەوەڕا ئەندێشەکانم دەگرێت و به ئارامی له پشتەوەڕا دەیقلّیشێنێتەوه، له دواوەرا دەیگرن، له دواوەرا ناچارم دەکەن بیر بکەمەوه کەواته شتێك ببم، پشتمەوەم که له بلّقی سووکی هەبووندا هەناسه هەڵدەکێشێ، ئەو بلّقێکی تەمی مەیله، ئەو له ئاوێنەدا وەکو پیاوان ڕەنگ بزرکاوه، رۆلبۆن مردووه، ئانتوان ڕووکانتن نەمردووه، خەریکم بێ هۆش دەبم: ئەو دەڵێ که دەیەوێ بێهۆش ببێت، ئەو غاردەدات، ئەو غاردەدات، (له پشتەوەڕا) له پشتەوەڕا له پشتەوەڕا، له پشتەوەڕا پەلاماری لوسی بچکۆڵەیان داوه، له پشتەوەڕا بەهۆی هەبوونەوه بێ رەنگ و ڕوو بووه، ئەو داوای بەزەیی دەکات، لەوەی که داوای بەزەیی دەکات شەرم دەکات، بەزەیتان هەبێ، یارمەتیم بدەن، یارمەتیم بدەن کەواته بوونم هەیه، ئەو دەچێته نێو باڕی دۆلا مارین، ئاوێنەکانی بچووکی سۆزانی خانەی بچووك، ئەو له ئاوێنه بچووکەکانی سۆزانی خانەدا بچووکی رەنگ بزرکاوه، قژسوورێکی زلەی نەرمی که لەسەر کورسی دەکەوێ، گرامافۆن دەژەنێ، بوونی هەیه، هەموو شتێك دەسوورێتەوه، گرامافۆن بوونی هەیه، دڵ ترپەی دێت: بسوورێنەوه، بسوورێنەوه خواردنەوەکانی ژیان، بسوورێنەوه شیلەکان، شەربەتەکانی گۆشتی جەستەم، شیرینەمەنیەکان... گرامافۆن.

When thelow moon be geins to beam Evry night I dream a little dream.

دەنگێکی کپ و زل له ناکاو پەیدا دەبێت دونیا ون دەبێ، دونیای بوونەکان. ژنێکی گۆشتن ئەو دەنگەی هەبوو، له جوانترین بەرگیدا له بەردەم قادانێك گوتی و دەنگیان تۆمارکرد. ژنێك: بەهـ! ئەو وەکوو من بوونی هەبوو، وەکوو رۆلبۆن، نامەوێ بیناسم، بەڵام ئەمانه. ناتوانرێ بگوترێت که ئەو بوونی هەیه، ئەو دەنگەی که کاریگەری خستە سەر قاوانەکه بوونی هەبوو. من که گوێ دەگرم بوونم هەیه. هەموو شتێك پڕه، هەموو جێیەك بوون، ئەستوور و قورس و شیرین، بەڵام له پشت هەموو ئەم شیرینییەدا، له دەست پێگەیشتن نەهاتوو، نزیکی نزیك، بەداخەوه ئەوەندە دوور، گەنج، بێ بەزەیی و لەسەرخۆ، ئەمه... ئەمه وردبینییه.

((سێ شەممە))

هیچ. بوونم هەبوو.

((چوارشەممە))

تیشکێکی خڕی خۆرەتاو کەوتۆتە سەر سەرمێزە کاغەزیەکە لەم تیشکە خڕەدا، مێشێك گێژو وێژ بە خشە خش خۆی ڕادەکێشێت، خۆی گەرم دەکاتەوەو قاچەکانی پێشەوەی لێك دەخشێنێ. نیازم وایە خزمەتی پێ بکەم و پانی بکەمەوە. گەیشتنی ئەم پەنجەی شایەتمانە زەبەلاحە نابینێت کە توکە زێڕینەکانی لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە.

زانست وەرگر هاوار دەکات کە ((مەیکوژە، کاکە!)) مێشەکە دەتەقێ، ورگ و ریخۆڵە بچووکەکەی لە ورگی دێتە دەرێ. لە هەبوون رزگارم کرد. بە ئاوازە دەنگێکی وشك بەزانست وەرگر دەڵێم:

((خزمەتێکم پێکرد.))

بۆچی لێرەم؟-ئەی بۆچی دەبێ لێرە نەبم؟ نیوەڕۆیە، چاوەڕێم کاتی نووستن بێت (خۆشبەختانە خەو لەبەرم ڕاناکات.) تاکوو چوار رۆژیتر ئانی دەبینمەوە: دیارە ئەو تەنیا بەڵگەیەکە بۆ ژیانی من. ئەی دوای ئەوە چی؟ کاتێك کە ئانی لەلام رۆیشت؟ باش هیوای شاراوەم دەزانم: هیوادارم کە ئەو قەت بەجێم نەهێڵێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ باش بزانم کە ئانی قەت قبوڵ ناکات کە لەبەر چاوانم پیر ببێت. من لاواز و تەنیام، پێویستیم پێی هەیە. حەزم دەکرد تا کاتێك کە بەهێزم دووبارە بیبینمەوە: ئانی بەزەیی بە لێقەوماواندا نایەتەوە.

((حاڵت باشە، کاکە؟ حاڵت باشە؟))

زانست وەرگر بە چاوی پێکەنیناوییەوە یەکلایەنە سەیرم دەکات، کەمێك هەناسەی سوارە، زاری وەکوو سەگێکی هەناسە سوار کراوەیە. دانی پیادەنێم: ئەمرۆ بەیانی لەوەی کە دووبارە دەیبینمەوە شادمانم، پێویستیم بە قیەکردن هەبوو.

دەڵێ: ((ئەوەی کە لەسەر مێزەکەمی چەندە دڵخۆشم. من خەریکم لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا قسە دەکەم: ساڵەهای ساڵ دەبێت کە وەها شتێکم بۆ نەهاتۆتە پێشێ.

((خەریکن دەڕۆن، حەزدەکەی شوێنەکانمان بگۆڕینەوە؟))

دوو پیاو جگەرەیان پێکردووە، دەچنە دەرێ بەر هەوای پاك و هەتاوی. لەکاتێکدا کە کلاوەکانیان بەدوو دەست ڕاگرتووە، بە بەردەم جامخانە گەورەکاندا تێدەپەڕن، پێدەکەنن. با پاڵتۆیەکانیان هەڵدامووسێنێ نا، حەزناکەم شوێنەکەم بگۆڕم. چ سوودی هەیە؟ جگە لەمەش،

لە پشت پەنجەرەکانەوە، لەنێو کەلێنی سەربانە سپییەکانی کۆختەی مەلەوانان، دەریای سەوزو تێك پەستراو دەبینم.

زانست وەرگر دوو پارچە کارتۆنی وەنەوشەیی لاکێشەیی لە کیشە باخەڵەکەی دەرهێناوە. بە زوویی دەیانداتە سندوق. لە پشت یەکێکیان ئەمەم بۆ دەردەکەوێ:

خۆراك لێنەری بوتانە، خۆراکی سادو باش.

خواردنی نیوەڕۆ بە نرخی جێگیر: ٨ فرانك.

ئۆردوڤیر بە هەڵبژاردن.

خۆراکی گۆشت.

پەنیر یان میوەی دوای خواردن.

هەر بیست کارتەکە، ١٤٠ فرانك.

ئێستا ئەو مرۆڤەی کە لەسەر مێزی خڕ دەناسمەوە لە نزیك دەرگا نان دەخوات: زۆرترین کاتەکان لە هوتێل پرنتانیا نیشتەجێ دەبێت، بازرگانی گەڕۆکە. ناوە ناوە نیگای وردە وردە لە سەرم تێدەگرێت، بەڵام نامبینێ، تون ئەو شتەیە کە دەیخوات. لەوبەری سندوقەکە دوو پیاوی دەم و چاو سوور بە ئیشتیاوە سەدەف دەخۆن و شەرابی سپی دەخۆنەوە. پیاوە وردیلەترەکە کە سمێڵی باریکی زەردی هەن، چیرۆکێك دەگێڕێتەوە کە خۆی دەخافڵێنێ. ناوە ناوە هەڵوەستە دەکات و پێدەکەنێ و ددانە بریقاوەکانی دەردەخات. ئیدی پێناکەنێ، چاوەکانی ڕەقن، بەڵام بەردەوام بەسەر لەقاندن دەڵێ ((بەڵێ)). لە نزیك پەنجەرە، پیاوێکی لاواز و گەنم ڕەنگ، بە شکڵ و شێوەی خاوەن کەسایەتی و قژی سپی جوان کە هەڵی داونەوە، بیرمەندانە ڕۆژنامەکەی دەخوێنێتەوە. لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی جانتایەکی چەرمی داناوە. ئاوی (کان)ی ویشی دەخۆنەوە. هێندەی پێناچێ کە هەموو ئەم مرۆڤانە دەچنە دەرێ، لەکاتێکدا کە خواردن قورسی کردوون، شەماڵ دەیانلاوێنێتەوە، داوێنی پاڵتۆکانیان لێك بڵاوبوونە و سەریان کەمێك گەرمە و ویزەویز دەکات، لە پەنا مەجەرەکەی قەراغ دەریا پیاسە دەکەن و سەیری منداڵی کەنار دەریای بەلەمەکان دەکەن. دەچنە سەر کارەکانیان، بەڵام من، من بۆ هیچ جێیەك ناچم، کارێکم نییە.

زانست وەرگر بێ گوناهانە پێدەکەنێ و تیشکی خۆر لەنێو قژە تەنکەکەیدا یاری دەکات:

((حەز دەکەی ڕاسپێری.))

لیستی خواردنەکانم بۆ ڕادەدێرێ: من مافم هەیە ئۆردۆ ڤێری هەڵبژێرم! یان پێنج پارچە سوسیس یان ڕۆبیان یان خۆراکێك لە کەرەوز و ساس. دەبێ پارەی زیاتر بدرێت بۆ حەلەزونی[1] بۆرگونی. بە گارسۆنە ژنەکە دەڵێم: ((سوسیس بۆ من بێنە.)) زانست وەرگر لیستی خواردنەکانم لەدەستی دەفڕێنێ:

((شتێکی باشتر نییە؟ حەلەزونی بۆرگونی هەیە.))

((ئاخر من ئەوەندە حەزم لە حەلەزون نییە.))

((ئاه! ئەی سەدەف؟))

گارسۆن دەڵێ: ((چوار فرانك زیاتر دەکات.))

((زۆر باشە، سەدەف، مادمازێل-هەروەها توزێکیش بۆ من.))

لەکاتێکدا کە ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێ بۆم ڕوون دەکاتەوە:

((من زۆر حەزم لە توورە.))

منیش هەروام.

دەپرسێت: ((ئەی دوای ئەوە؟))

لە لیستی خواردنە گۆشتییەکاندا دەگەڕێم. گۆشتی مانگای کولاو دنەم دەدات، بەلام لە پێشەوە دەزانم کە مریشك دەخۆم، ئەمە تاکە خواردنێکی گۆشتییە بە نرخی زیادەوە.

دەڵێ: ((ئەم کاکە مریشك دەخوات. بۆ من گۆشتی مانگای کولاو، مادمازێل.))

لیستی خواردنەکان دەباتەوە: لیستی خواردنەوەکان دێتە گۆڕێ.

بە حاڵەتێکی کەمێك جیدی و ویقارەوە دەڵێ:

((ئێمە شەڕاب دەخۆینەوە.))

گارسۆن دەڵێ: ((ئێ، ئێ، خەریکە هەڵە دەکەن! خۆ ئێوە قەت شەرابتان نەدەخواردەوە.))

((بەلام بە ئاسانی دەتوانم جاری وایە لەگەڵ پەرداخێك شەڕابدا هەڵبکەم. مادمازێل، تکایە گۆزەیەك شەڕابی ڕۆزێ دانژۆمان بۆ بێنە.))

---

١- گیاندارێکی بچووکە کە جەستەی لەنێو سەدەفێکی مارپێچی دایە و لە ئاوی شیریناو یان ڕۆخی ڕووبارەکان لەژێر زەویدا دەژیا. سەرچاوە: (فەرهەنگی فارسی عەمید). (وەرگێڕ)

زانست وەرگر لیستی خواردنەکان دادەنێ، نانەکەی ورد ورد وەکوو دەسماڵە سفرەییەکەی بە چەقۆ و چنگاڵەکاندا دەهێنێ. سەیرێکی ئەو پیاوە قژ سپییە دەکات کە ڕۆژنامەکەی دەخوێنێتەوە، پاشان زەردەخەنەم بەڕوودا دەدات:

((من بەگشتی بەخۆ و بە کتێبێکەوە دێمە ئێرە، هەرچەندە دوکتۆرێك لەم کارە ئاگاداری کردوومەوە! مرۆڤ خێرا خێرا خواردن دەخوات و خواردنەکە ناجوێت، بەڵام گەدەی من وەکوو گەدەی وشترمرە، دەتوانم هەموو شتێك هەڵلووشم. زستانی ساڵی ١٩١٧ کە دیلی شەڕ بوو، خواردن بە ئەندازەیەك خراپ بوو کە هەموو نەخۆش بوون و کەوتن. دیارە کە منیش وەکوو ئەوانی تر نەخۆش بووم، بەڵام هیچ شتێکم نەبوو.))

ئەو دیلی شەڕ بووە... جاری یەکەمە کە باسەکە بۆمن دەکات. ناتوانم واز لە بابەتەکە بێنم! ناتوانم جگە لە زانست وەرگر بە شتێکی دیکەی بزانم.

((لە کوێ دیل بووی؟))

وەڵام ناداتەوە. چنگاڵەکەی داناوەو بە توندییەکی سەیرەوە تەماشام دەکات. نیازی هەیە دەردە دڵم لەگەڵدا بکات: ئێستا بەبیرم دێتەوە کە لە کتێبخانە ڕووداوێکی ناخۆشی بەسەر هاتووە. سەرتاپا گوێم: تەنیا شتێکی کە دەمەوێ ئەوەیە کە دڵ بۆ گرفتاری خەڵکانی تر بسوتێنم، ئەم کارە حاڵم دەگۆڕێ. من گرفتاریم نییە، داهاتێکی ساڵانەم هەیە، سەرۆك و ژن و منداڵم نییە. من بوونم هەیە، هەمووی هەر ئەمە. ئەم گرفتاریەش ئەوەندە لەسەرووی سروشتەوەیە (میتافیزیکی) کە شەرمی لێدەکەم.

دەڵێی زانست وەرگر نایەوێ قسە بکات. نیگایەکی چەندە سەیرم تێدەگرێ: ئەم نیگایە بۆ دیتن نییە، بەڵکوو زیاتر بۆ یەکخستنی هەناسەکانە. هەناسەی زانست وەرگر تاکوو ئاستی چاوە شکۆمەندەکانی سەرکەوتووە کە وەکوو چاوی نابینایان دەچن. ئەگەر هەناسەی منیش وابکات، ئەگەر بێت و لووتی بە شووشەی پەنجەرەکەوە بنووسێنێ، هەردووکیان دەتوانن بژین و سڵاو ئاڵوگۆڕ بکەن. من یەکخستنی هەناسەکانم ناوێت، هێندە زەلیل نەبووم. خۆم دەکێشمەوە، بەڵام زانست وەرگر بێ ئەوەی چاوم لەسەر هەڵبگرێت، بەشی سەرەوەی جلەکانی لەسەر مێزەکە دێنێتە پێشەوە. خۆشبەختانە گارسۆن توورەکانی هێنان. دووبارە لەسەر کورسییەکەی پاڵ دەداتەوە، هەناسەی لە چاوانیدا بزر دەبێت، دەستەمۆ و گوێڕایەڵانە دەست بە خواردن دەکات.

((گرفتاریەکەت کۆتایی پێهات؟))
دادەچڵەکێت. سەراسیمە دەپرسێت: ((چ جۆرە گرفتاریەك، کاکە؟))
((ئیێ دەزانی، چەند ڕۆژ لەمەوبەر بۆت باس کردم.)) تاکوو بنانگوێیان سوورهەڵدەگەڕێ.
بە دەنگێکی وشك دەڵێ: ((ئەها! بەڵێ، چەند رۆژ لەمەوبەر، ئێ، لە دەستی ئەو کۆرسییە بوو، کاکە، ئەو پاسەوانە کۆرسییەی کتێبخانە.))
بۆ جاری دووەم بە کەللە ڕەقی مەڕ ئاسا هەڵوەستە دەکات.
((ئەمانە شتی کەم بایەخ و لاوەکین، کاکە. نامەوێ بەوانە سەرت بێشێنم.))
ناچمە ناوەرۆکەوە.
بێ ئەوەی بێتە بەرچاو، بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەرەوە شت دەخوات. تاکوو سەرەکانی من دێنن ئەو تورەکانی خۆی خواردون. جگە لە چەند جلێکی سەوز و تۆزێك خوێی تەڕ هیچی دیکەی لە قاپەکەیدا نەماوەتەوە.
لە دەرێ، ژن و مێردێکی گەنج لە بەردەم لیستی خواردن وەستاون کە چێشت لێنەر کارتۆنێك بەدەستی چەپ بۆیان ڕادەدێرێ (تاوەیەکی بەدەستی ڕاستەوەیە) ڕاڕان. ژنەکە سەرمایەتی، چەناگەی لە ڕۆخی یەخەی پێستی ڕۆدەبات. پیاوە گەنجەکە سەرەتا بڕیار دەدات، دەرگا دەکاتەوەو خۆی لادەدا تاکوو هاوڕێکەی ڕەت ببێت.
ژنێك دێتە ژوورێ بە حاڵەتێکی خۆشەوە سەیری دەوروبەری دەکات و کەمێك دەلەرزێت. بە دەنگێکی کپ دەڵێ: ((گەرمایە.))
پیاوە گەنجەکە دەرگاکە دادەخات. دەڵێ: ((سڵاو لە هەموان.))
زانست وەرگر ڕووی خۆی دەسووڕێنێ و بە سۆزەوە دەڵێ: ((سڵاو.))
کڕیارەکانی دیکە وەڵام نادەنەوە، بەڵام پیاوێکی خاوەن کەسایەتی کەمێك ڕۆژنامەکەی دێنێتە خوارێ و بە نیگایەکی قووڵ چاو بە تازە هاتووەکاندا دەگێڕێ.
((سوپاس، زەحمەت مەکێشە.))
بەر لەوەی گارسۆن، کە بۆ یارمەتیدانی پیاوە گەنجەکە غاری دایە پێشێ، جووڵە بکات، ئەو بە چابوکی پاڵتۆکەی داکەندبوو. گارسۆن بە کەمێك ڕاڕایی بەرەو لای ژنە گەنجەکە دەبێتەوە، بەڵام پیاوەکە دیسانەوە پێشی دەکەوێتەوەو بە جووڵەیەکی ئارام و وردبینانە یارمەتی هاوڕێکەی دەدات، تاکوو پاڵتۆیەکەی دانێ. لە نزیك ئێمەوە دەکەونە دلێ یەکترەوە.

وادیارە زۆر بەسەر ناسیاوەتیاندا تێنەپەڕیوە. ژنە گەنجەکە ڕوخساری هیلاك و پاك و کەمێك مۆنە لەناکاو کلاوەکەی لادەداو بەدەم زەردەخەنەوە قژە ڕەشەکەی ڕادەوەشێنێ.

زانست وەرگر ماوەیەك بە سۆزێکی تەواوەوە نوقمی سەیرکردنیان دەبێت. پاشان بەرەولای من دەبێتەوە و چاوێکی خۆشەویستانە دادەگرێت کە دەڵێی دەیەوێ بڵێ: ((چەند جوانن!))

ئەو دوانە دزێو نین. بێدەنگن، لەگەڵ یەك بووندا ڕازین، خۆشحاڵن بەوەی پێکەوە دەیانبینین. جاری وایە، کاتێك من و ئانی دەچووینە چێشتخانەیەك لە پیکاویلی، هەستمان دەکرد کەوتووینە بەر لێشاوی سەیرکردنی بەسۆزەوە. ئانی ڕقی لەم سەرنجدانە هەڵدەستا، بەڵام دانی پێدادەنێم کە کەمێك خۆم پێوەهەڵدەکێشا، بەتایبەتی، سەرم دەسووڕما، من قەت شکڵ و شێوەی پاك و خاوێنی ئەم گەنجەم نەبوو کە زۆری لێدەوەشێتەوەو تەنانەت ناتوانرێ بگوترێ کە دزێوی من دڵ تێکهێنەرە، بەڵام ئێمە گەنج بووین. ئێستا لە تەمەنێك دام کە لاوێتی خەڵکانی تر هەستی سۆزم بورووژێنێ. سۆزم ناورووژێنرێت. ژنەکە چاوەکانی تاریك و ئارامن. پیاوە گەنجەکە پێستێکی نارنجی، کەمێك دانە دانە و چەناگەیەکی جوان و بچووك و بڕیاردەرانەی هەیە.

ڕاستە کە ئەوان دڵم دەگۆڕن، بەڵام کەمێکیش دڵم تێکەڵ دەهێنن. زۆر لە خۆم دوور هەستیان پێ دەکەم. لەگەرمان تووشی حاڵەتی سستی دەبن. لە دڵیاندا سەودایەکی یەکسان دەکولێنن، سەودایەکی زۆر شیرین و زۆر لاواز. دڵ ئاسودەن. بە متمانەوە سەیری دیوارە زەردو خەڵکەکە دەکەن. وای لێك دەدەنەوە کە دنیا وەکوو ئەوەی کە هەیە باشە، ڕێك وەکوو کە هەیە و هەر کامێکیان واتای ژیانی خۆیان لە ژیانی ئەوی ترەوە دەردەکێشنە دەرێ. ئەوەندەی پێ ناچێ کە دوو قۆڵی ژیانێکی یەکگرتوو پێك دەهێنن، ژیانێکی خاو و شیلەتێن کە ئیدی بە هیچ جۆرێك واتایەکی نابێت، بەڵام لێی تێ ناگەن.

دەڵێی شەرم لە یەکتری دەکەن. سەرەنجام، پیاوە گەنجەکە بە حاڵەتێکی نەزانانە و بڕیاردەر دەستی هاوڕێکەی بە نووکی پەنجەکان دەگرێت. هەناسەی ژنەکە خێرا دەبێت و هەردووکیان پێکەوە بەسەر لیستی خواردندا دەچەمێنەوە. بەڵێ، ئەوان شادمانن، بەڵام ئێ، دوای ئەوە چی؟ زانست وەرگر حاڵەتێکی کەمێك نهێنی ئامێز و خافڵێنەر بەخۆیەوە دەگرێت: ((پێرێ چاوم پێت کەوت.))

((لە کوێ؟))

بە ئەدەبەوە پێم ڕادەبوێرێ: ((ها! ها!))
بۆ ماوەیەك بە چاوەڕوانی ڕان دەگرێ، پاشان: ((خەریکبووی لە مۆزەخانە دەهاتییە دەرێ.))
دەڵێم: ((ئاه! بەڵێ، پێرێ نا! شەممە.))
بە دڵنیاییەوە پێرێ تاقەت و زەوقی گەڕان لە مۆزەخانەم نەبوو.
((ئەو پەیکەرە دواییەت دیتووە، لە پەلاماری کوشتنی ئورسینی بۆ سەر ناپلیۆن؟))
((نایناسم.))
((ئۆن دەبێ؟ لە نێو تەلارە بچووکەکە دایە، کاتێك دەچییە ژووری، لەلای ڕاست. کاری یەکێك لە یاخیبوانی کۆمۆنە کە تاکوو سەردەمی لێبووردنی گشتی لەنێو ژوورێکی هەورە یان لە بۆڤیل بە نهێنی دەژیا. دەیویست بە پاپۆڕ بچێتە ئەمەریکا، بەڵام بەندەرگەی ئێرە بەباشی پاسەوانی لێ دەکرێ. پیاوێکی جێی دەستخۆشی بوو. دەسبەتاڵی بە ناچاری بە هەڵکەندن لەسەر پارچە دارێکی گەورەی بەڕوو بەسەر برد. جگە لە قەڵەمتەراش و بڕبەندی نینۆك هیچ کەرەستەیەکی دیکەی نەبوو. شوێنە ناسکەکانی بە بڕبەند ئەنجام دەدا: دەست و چاوەکان. ئەم دارە مەترێك و پەنجا سانتیمەتر درێژی و مەتریك پانییەکەیەتی. تەواوی کار یەکپارچەیە. حەفتا کەسایەتی تێدان، هەر کامیان بەقەد دەستی من، بەبێ هەژمارکردنی دوو ئەسپ بۆ ڕاکێشانی گالیسکەی ئیمپڕاتۆر. هەروەها ڕوخسارەکان، کاکە، ئەو ڕوخسارانەی کە بە بڕبەند هەڵکەندراون، هەموویان خاوەنی ڕوخسارگەل و حاڵەتی مرۆیین. کاکە، ئەگەر بتوانم مۆڵەتی ئەم قسەیە بە خۆم بدەم، ئەمە بەرهەمێکە کە نرخی دیتنی هەیە.))
نامەوێ خۆم تێوەبگلێنم:
((من تەنیا دەمویست پەردەکانی کاری بۆردۆن دووبارە ببینمەوە.))
زانست وەرگر دووبارە خەفەتبار دەبێت. بە بزەیەکی لەرزۆکەوە دەڵێت:
((ئەو وێنانەی نێو تەلاری گەورە دەڵێی، کاکە؟ من هیچ سەرم لە وێنەکێشان دەرناچێ. ئەڵبەتە دەزانم کە بۆردۆن وێنەکێشێکی گەورەیە، باش دەرك بەمە دەکەم کە باڵادەستە، بەڵام چێژ، کاکە، چێژی جوانی ناسینێکی نەناسراوە بۆم.))
هاوڵانە پێی دەڵێم:
((بۆمن پەیکەریش وەها دۆخێکی هەیە.))

((ئاه، کاکە! بەداخەوە کە بۆ منیش هەروایە، هەروەها دەربارەی مۆسیقاو سەماش. لەگەڵ ئەوەشدا بەهرەیەکم لە زانستدا هەیە. ئێ، ئەم بابەتە جێی باوەڕ نییە: من کۆمەڵە لاوێکم دیتووە کە نیوەی زانیاری منیان نەبووەو کاتێك کە دەکەوتنە بەردەم پەردەیەك، وا دەهاتنە بەرچاو کە چێژ وەردەگرن.))

بەدڵ گەرم کردنەوە دەڵێم: ((ڕەنگە واخۆیان نیشان دابێت.))

((ڕەنگە...))

زانست وەرگر بۆ ساتێك لە بیرکردنەوە ڕادەچێ: ((خەمم لەوەیە کە لە جۆرێك چێژ وەرگرتن بێ بەشم، بەڵکوو زیاتر لەوەوەیە کە تەواوی لقێك لە چالاکی مرۆیی بۆمن نەناسراوە... لەگەڵ ئەوەشدا من مرۆڤێکم و مرۆڤەکان ئەو پەردانەیان خولڤاندوون...))

لەناکاو بە دەنگێکی گۆڕان بەسەر هاتوودا درێژە بە قسەکەی دەدات:

((کاکە، جارێك وێرانی ئەم بیرکردنەوەیەم دایە خۆم کە جوانی کارێکە پەیوەست بە زەوق و سەلیقەوە. ئایا بۆ هەر سەردەمێك بنەمای جیاواز نییە؟ تکایە دەرفەتم بدە، کاکە؟))

بەسەرسامییەوە دەبینم کە دەفتەرچەیەك بە بەرگی چەرمی ڕەشەوە لە گیرفانی دێنێتە دەرێ. ماوەیەك لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە: لاپەڕەی سپی زۆری هەن و پەڵەپەڵە چەند دێڕێکی بە مەرەکەبی سوور نوسیووە. ڕەنگی بە تەواوی بزڕکاوە. دەفتەرچەکەی هەر ئاوا بە کراوەیی لەسەر مێزێك داناوەو دەستە گەورەکەی دەخاتە سەر لاپەڕە کراوەکە. بە شڵەژاوی دەکۆخێ. ((هەندێك جار کۆمەڵە شتێك-ناوێرم بڵێم، ئەندێشە گەلێك- بەزەینمدا دێن زۆر سەیرە: دانیشتووم شت دەخوێنمەوەو لەناکاو نازانم لە کوێوە دێت، تووشی جۆرە ڕووناکییەك دەبم. لە سەرەتادا گوێم پێ نەدەدا، پاشان بڕیارمدا دەفتەرچەیەك بکڕم.))

هەڵوەستە دەکاو سەیرم دەکات! چاوەڕوانە!

دەڵێم: ((ئاه! ئاه!))

((کاکە، ئەم نموونە و حوکمە ئەڵبەتە کاتییە! فێربوونی من تەواو نەبووە.))

بەدەستە لەرزۆکەکانی دەفتەرچەکە هەڵدەگرێت، بە توندی گۆڕاوە:

((بۆ نموونە لێرە بابەتێك دەربارەی وێنەکێشان هەیە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی بۆتانی بخوێنمەوە.))

دەڵێم: ((بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.))

دەیخوێنێتەوە:

((ئیدی هیچ کەس باوەڕی بەوەی کە خەڵکی سەدەی هەژدەهەم ڕاستە، دەیانزانی. بۆچی وا چاوەڕوان لە ئێمە دەکرێت کە چێژ لەو بەرهەمانە وەربگرین کە لەو سەرەیەدا بە جوانیان دەژماردن؟))

بە پاڕانەوەوە تەماشام دەکات.

((لەم بارەیەوە دەبێ چی بیربکرێتەوە، کاکە؟ ڕەنگە ئەم قسەیە کەمێك لە دەرەوەی کێ بێت؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە وامدەزانی دەتوانم شکڵی خاڵێك بدەمە بیرکردنەوەکەم.))

((ئێ، من... پێموایە زۆر سەرنجڕاکێشە.))

((ئایا پێشتر ئەوەت لە شوێنێك خوێندۆتەوە؟))

((بەدڵنیاییەوە نا.))

((بەڕاستیتە؟ لە هیچ جێیەك؟)) لە زەوق دراو دەڵێ: ((کەواتە، کاکە، یانی ڕاست نییە. ئەگەر ڕاست بوایە، کەسێ: پێشتر بیری لێکردبۆوە.))

پێی دەڵێم: ((ڕاوەستە بزانم، ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، پێموایە شتێکی هاوشێوەیم خوێندۆتەوە.)) چاوی بریسکەی دەدەن. قەڵەم دارەکەی دێنێتە دەرێ بە ئاوازە دەنگێکی وردەوە دەپرسێ:

((لە کتێبی کام نووسەردا؟))

((لە کتێبی... لە کتێبی ڕێناندا.))

ئەمە تێری دەکات.

لەکاتێکدا کە نووکی قەڵەمەکەی دەمژێ، دەڵێ: ((دەکرێ لوتف بکەی و وردەکارییەکەیم بۆ بگێڕییەوە؟))

((دەزانی، زۆر لەمێژە خوێندوومەتەوە.))

((ئۆه! گرینگ نییە، گرینگ نییە.))

ناوی ڕێنان لەنێو دەفتەرچەکەیدا لەژێر گوتەکەی خۆیدا دەنووسێت.

((من و ڕێنان لەسەر یەك باوەڕ بووین!)) شادمانە ڕوونی دەکاتەوە: ((ناوەکەیم بە قەڵەمی دار نووسی، بەڵام ئەمشەو بە مەرەکەبی سوور لەسەری دەنووسم.))

بۆ ساتێك دەفتەرچەکەی بە گەشییەوە سەیر دەکاو من چاوەڕێم گوتەی دیکەم بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام بە پارێزەوە وایدەخاتەوەو لە گیرفانی دەئاخنێ. بێگومان وادەزانێ کە هەر ئەم ڕادە بەختەوەرییە بۆ جارێك بەسە.

بە حاڵەتێکی خۆمانەوە دەڵێ: ((چەندە دڵگیرە کە جاری وا هەیە، بکرێ بەم شێوەیە بە دڵ ئاسوودەییەوە قسە بکرێت.))

ئەم ستایشە نەزانانە، هەروەکوو کە دەکرا وا بزانرێت، گفتوگۆی ساردو بێ گیانی ئێمە تێك دەشکێنێ. بێدەنگییەکی درێژخایان دێتە پێشێ.

لەکاتی هاتنی ژن و پیاوە گەنجەکەوە، ژینگەی چێشتخانەکە گۆڕاوە. دوو پیاوە دەم و چاو سوورەکە بێ دەنگ بوون بێ شەرمانە چاو بە جوانییەکانی ژنە گەنجەکەدا دەگێڕن. پیاوە خاوەن کەسایەتییەکە ڕۆژنامەکەی داناوەو بە سۆزەوە، تاڕادەیەك بە هاودەستی سەیری ژن و پیاوەکە دەکات. ئەو بیردەکاتەوە کە پیری، زانابیە و لاوێتی جوانە. سەری بە جۆرە دڵبەرییەکەوە دەلەقێنێ: چاك دەزانێ کە هێشتا جوانە، زۆر بە بەرزی ماوەتەوە، بە ڕەنگی گەنم ڕەنگی و جەستەی ناسکی هێشتا دڵڕفێنە. خەریکی یاریکردنی (خۆبە باوك هەست پێکردن)ە. هەستی گارسۆن سادەتر خۆدەنوێنێ: لەبەردەم ژن و پیاوە گەنجەمە بەبێ جووڵە ڕاوەستاوەو بە زاری قژەوە تەماشایان دەکات، ئەو دوانە بە دەنگی نزم قسە دەکەن. ئۆردوفۆریان بۆ هێناون، بەڵام دەستی لێنادەن. بەگوێ هەڵخستن دەتوانم بە پچڕ پچڕ گوێم لە قسەکانیان ببێت. باشتر لە قسەکانی ژنەکە دەگەم کە بە دەنگێکی پڕ مایەو گیراوەوە دەردەبڕدرێن.

((نا، ژان، نا.))

پیاوە گەنجەکە بە شەوق و زەوقەوە دەڵێ: ((بۆچی نا؟))

((خۆم پێم گوتی))

((ئەمە خۆنابێتە بەڵگە.))

چەند وشەیەك لەبەر گوێم دەزرینگێتەوە و تێیان ناگەم، پاشان ژنە گەنجەکە بە جووڵەیەکی سست و دڵگیرەوە ڕادەوەشێنێ.

((چەندەها جار هەوڵم داوە. من لەو تەمەنە تێپەڕیوم کە بکرێ ژیان لە نوێوە دەست پێ بکرێت. دەزانی، پیر بووم.))

پیاوە گەنجەکە بە تانە لێدانەوە پێدەکەنێ. ژنەکە درێژە بە قسەکەی دەدات:

((تاقەت و هەڵکردن لەگەڵ یەك... خلیسکانێکمدا نەبوو.))

پیاوە گەنجەکە دەڵێ: ((دەبێ متمانەت هەبێت. ئەو دۆخەی کە ئێستا هەتە ژیان بەسەر بردن نییە.))

ژنەکە ناڵە دەکات:

((دەزانم!))

سەیری ژانێت بکە...

ژنەکە لێوان بادەدا کە: ((بەڵێ.))

((پێموایە ئەو کارەی ئەو کردی زۆر باش بوو بوێری نواند.))

ژنە گەنجەکە دەڵێ: ((دەزانی، ڕاستییەکەی ئەو دەرفەتەکەی قۆزتەوە. پێت بڵێم کە من ئەگەر دەمویست، سەدان جۆرە دەرفەتی وەهام بۆ دەهاتە پێش. بە باشترم زانی چاوەڕێ بکەم.))

پیاوەکە بە ئەسپایی دەڵێ: ((کارێکی دروستت کرد، کارێکی دروستت کرد کە چاوەڕێ مایەوە))

ژنەکە بە نۆرەی خۆی پێدەکەنێ.

((چەند لەخۆ ڕازی! خۆ من قسەی وام نەکردووە.))

ئیدی گوێیان لێ ناگرم: ڕقم هەڵدەستێنن. نیازیان هەیە لە تەنیشت یەکتری بخەون. ئەمە دەزانن هەر کامیان دەزانێ کە ئەوی دیکە ئەمە دەزانێ، بەڵام لەبەر ئەوەی گەنج و داوێن پاك و ڕەوشت پاکن، لەبەر ئەوەی هەرکام دەیەوێ عێزەتی نەفسی خۆی هی ئەویتر بپارێزێ، لەبەر ئەوەی عەشق شتێکی گەورەی شاعیرانەیە کە نابێ بڕەوێنرێتەوە، هەفتەی چەند جارێك دەچنە کۆڕی سەماو ڕێستوراں تاکوو نواندنی سەما نەریتییەکان و ئامێر ئاسایان بەڕووی خەڵکانی تردا بدەن...

بەڵێ دەبێ کات بکوژرێت. ئەوان گەنج و تەندروستن، هێشتا سی ساڵێکیان لەبەردەم دایە. کەواتە پەلەیان نییە، هەڵوەستە دەکەن و لە هەڵە دوورن. هەر کە پێکەوە نووستن، دەبێ شتێکی دیکە بدۆزنەوە تاکوو پوچی گەورەی بوونیان بشارنەوە. هەرچۆنێك بێت... ئایا زەرورییە کە درۆ لەگەڵ یەکتردا بکرێت؟ نیگام بە دەوروبەری هۆڵەکەدا دەگێڕم. چ نواندنێکی پێکەنیناوی! هەموو ئەم خەڵکە بە حاڵەتی جیدیانەوە دانیشتوون، خواردن دەخۆن. نا، خواردن ناخۆن: خۆیان بەهێز دەکەنەوە تاکوو ئەرکی پێ سپێردراویان بەباشی ئەنجام بدەن. هەرکامێکیان ئەو سەرسەختییە بچووکە یانی کەسایەتی هەیە کە ناهێڵێ ئەو پەی بە هەبوونی خۆی ببات. لە نێویاندا هیچ

کەسێك نییە کە خۆی بۆ کەسێك یان شتێك بە زەروری لە قەڵەم نەدات. ئایا زانست وەرگر نەبوو کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر پێی دەگوتم: ((هیچ کەسێك دەسەڵاتدارتر لە نوساپیە نەبوو کە دەست بکات بەم نووسینە بەرفراوانە؟)) هەر کامیان کارێکی بچووك دەکەن و هیچ کەس لەو دەسەڵاتدارتر نییە لەو بازرگانە گەڕۆکە نییە بۆ فرۆشتنی مەعجونی ددانی سوئان نیشان. هیچ کەس زیاتر لەو پیاوە گەنجە بۆی نییە بۆ دەست پێداهێنانی ژێر داوێنی پەنای. منیش لەناویاندام و ئەگەر سەیرم بکەن، دەبێ بیر بکەنەوە کە هیچ کەس زیاتر لەمن بۆی نییە بۆ کردنی ئەوەی دەیکەم.

بەڵام من دەزانم، من بە مرۆڤێکی ئەوەندە گرینگ خۆنانوێنم، بەڵام دەزانم کە من بوونم هەیە و ئەوانیش بوونیان هەیە. ئەگەریش ئاشنایەتیم لەگەڵ هونەری قەناعەت پێکردنی خەڵکانی تر هەبوایە، دەچوومە لای ئەو پیاوە جوانە سپییە دادەنیشتم و بۆم ڕوون دەکردەوە کە هەبوون چییە. لە مەزەندەی ئەو خۆرانانەی کە بەخۆیەوە دەگرت، دەدەمە قاقای پێکەنین. زانست وەرگر واق وڕماو سەیرم دەکات حەزدەکەم بەر لەخۆم بگرم، بەڵام بەدەستی خۆم نییە! ئەوەندەی پێدەکەنم، فرمێسکم لە چاوان دێت.

زانست وەرگر بە حاڵەتێکی خۆمانانەوە دەڵێ: ((خۆشحاڵی، کاکە؟))

بە پێکەنینەوە دەڵێم: ((لە بیری ئەوەدا بووم کە هەمووومان لێرە خەریکین دەخۆین و دەخۆینەوە تاکوو بوونە بە نرخەکەمان بپارێزین و ئەمە لە کاتێکدایە هیچ، هیچ جۆرە بەڵگەیەك بۆ هەبوون نییە.))

زانست وەرگر شکڵ و شێوەی جدی دەبێت. هەوڵ دەدا لە قسەکەم تێ بگات. بەدەنگی بەرز پێکەنیم: چەند سەرێکم دیتن کە بۆ لام سووڕان. پاشان پەشیمان بوومەوە کە بۆچی ئەوەندە دەربارەی قسەم کرد. بەهەرحاڵ، ئەمە پەیوەندی بە کەسەوە نییە. بەخاوی دووبارەی دەکاتەوە:

((هیچ جۆرە بەڵگەیەك بۆ هەبوون نییە... لەوانەیە بتەوێ بڵێی، کاکە، کە ژیان بەبێ ئامانجە؟ ئەمە ئەوە نییە کە بە ڕەشبینی ناودەبرێت؟))

دیسان ماوەیەك بیردەکاتەوە، پاشان بە ئەسپایی دەڵێ:

((چەند ساڵێك لەمەوبەر کتێبێکم لە نوسەرێکی ئەمەریکایی خوێندەوە بەناوی (ئایا ژیان نرخی بەسەربردنی هەیە؟) ئایا ئەمە هەمان پرسیار نییە کە تۆ لە خۆتی دەپرسی؟))

نا، ئەڵبەتە ئەمە ئەو پرسیارە نییە کە لە خۆمی دەپرسم، بەڵام نامەوێ شتێك ڕوون بکەمەوە. زانست وەرگر بە ئاوازێکی سەبوردەرانەوە دەڵێ: ((ئەو دەرەنجامی لە بەرژەوەندی گەشبینی ئیختیاری، وەرگرت. ژیان لە خۆگری واتایەکە، ئەگەر بێت و کەسێك بیەوێ واتایەکی پێ بدات. سەرەتا دەبێ کاری بۆ بکرێت، دەبێ دەست بە کارێکی گرینگ بکرێت. ئەگەر دواتر بیری لێ بکەیەوە، دەبینی کە چارەنووسی کارەکە دەرکەوتووە و تۆ تووش بووی. نازانم لەمبارەیەوە چۆن بیردەکەیەوە، کاکە؟))

دەڵێم: ((هیچ.))

یان باشتر بڵێم، پێموایە کە ئەمە ڕێك هەمان درۆیەیە کە بازرگانی گەڕۆك، دوو گەنج و کاکی موو سپی بەردەوام لەگەڵ خۆیانی دەکەن.

زانست وەرگر بە کەمێك ویقارەوە زەردەخەنە دەکات.

((بڕوای منیش ئاوا نییە. پێموایە پێویست ناکات لە دوور دوورەکان بەدوای واتای ژیانماندا بگەڕێین.))

((ئاه؟))

((ئامانجێك هەیە، کاکە، ئامانجێك هەیە... مرۆڤەکانن.))

ڕاستە: لەبیری چوو بوو کە مرۆڤ دۆستە. (ئۆمانسیت) ماوەیەك بێدەنگ دەبێت، دەرفەتێك بۆ ئەوەی دروست و بێ بەزەییانە نیوەی گۆشتە مانگا کوڵاوەکەی و پارچە نانێك بزر بکات ((مرۆڤەکان...)) ئەم پیاوە دڵ ناسکە هەر ئێستا وێنەیەکی کامڵی لەخۆی کێشاوە. بەڵێ، بەڵام شارەزا نییە باش بیدرکێنێ گومانی تێدا نییە کە چاوەکانی لەگەڵ گیاندان، بەڵام لەگەڵ گیان بووندا بەس نییە. من پێشتر تێکەڵاویم لەگەڵ چەند مرۆڤ دۆستێکی پاریسیدا هەبوو. دەیان جار بیستوومە کە دەڵێن: ((مرۆڤەکان هەن.)) ئەوەش بە تەواوی شتێکیتر بوو! ڤیرگان هاوتای نەبوو. چاویلکەکەی هەڵدەگرت، دەتگوت دەیەوێ خۆی ڕووت و لە گۆشتی مرۆڤی خۆیدا نیشان بدات. چاوە دزەکەرەکانی بڕیە من، نیگای قورس و هیلاك بوو و دەتگوت ڕووتم دەکاتەوە، تاکوو ماهییەتی مرۆڤیم وەچەنگ بێنێ. پاشان بە ئاوازێکی خۆش دەیگوت: ((مرۆڤەکان هەن، هاوڕێ، مرۆڤەکان هەن.)) جۆرێك جەختکردنی دەدا بە ((هەن))، دەتگوت عەشقی بەردەوام تازەو سەرسووڕماوی پڕی بە پاڵە زەبەلاحەکانی مرۆڤەکاندا دەکرد.

دەربڕینەکانی زانست وەرگر ئەو نەرمییەی پەیدا نەکردووە. عەشقی بەرامبەر مرۆڤەکان دڵ سافانە و پەروەردە نەکراوە! مرۆڤ دۆستێکی ویلایەتییە. پێی دەڵێم: ((مرۆڤەکان، مرۆڤن... هەرچۆنێك بێت وا نایەتە بەرچاو کە تۆ ئەوەندە باکت پێیان هەبێت: تۆ هەمیشە تەنیای، هەمیشە سەرت لەسەر کتێبە.))

زانست وەرگر دەستان لێك دەدات، شەیتانانە دەداتە قاقای پێکەنین:

((بە هەڵەدا چووی. ئاه! کاکە، دەرفەتم بدەیە بڵێم بە توندی بە هەڵەدا چووی!))

بۆ ماوەیەك لە خۆیدا ڕۆدەچێ و بە ئارامی هەڵلووشین کۆتایی پێ دێنی. ڕوخساری وەکوو بەرەبەیان درەوشاوەیە. لە دوایەوە، ژنە گەنجەکە قاقای شادمانی دەکات. هاوڕێکەی بەسەریدا چەماوەتەوەو لەبن گوێی پچە پچ دەکات.

زانست وەرگر دەڵێ: ((هەڵەکەت بە تەواوی سروشتییە. دەبوایە زۆر پێشتر پێم بگوتایە... بەڵام من زۆر شەرمنم، کاکە! بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕام.)) بە ئەدەبەوە دەڵێم: ((ئەو دەرفەتە ڕەخساوە.))

((منیش وای بۆ دەچم، منیش وای بۆ دەچم! کاکە، ئەو بابەتەی دەمەوێ پێتان بڵێم...)) ڕادەوەستێ و سوور دەبێتەوە: ((بەڵام ڕەنگە ببمە هۆی گرفتاریتان؟))

دڵنیای دەکەمەوە. ئاخێکی بەختەوەرانە هەڵدەکێشێ و مرۆڤ هەموو ڕۆژێك تووشی کەسانی وەکوو جەنابت نابێت، کاکە، کەسانێك کە بۆچوونی بەرزیان دەست داوەتە دەستی تیژبینی. چەندین مانگە کە حەزم کردووە قسەت لەگەڵدا بکەم، بۆتی ڕوون بکەمەوە کە من چی بووم، بوو بە چی...))

قاپەکەی بەتاڵ و خاوێنە، دەڵێی هەر ئێستا بۆیان هێناوە. لەناکاو لە پەنا قاپەکەی خۆم قاپێکی تەنەکە دەدۆزمەوە کە ڕانە مریشکێکی لەنێو ساسێکی قاوەیی ڕەنگدا تێدایە، دەبێ بیخۆم.

((هەر ئێستا بوو کە باسی دیلی خۆم بۆ کردی لە ئەڵمانیا، لەوێ بوو کە هەموو شتێك دەستی پێ کرد. بەر لە شەڕ تەنیا بووم و ئاگام لەو تەنیاییە نەبوو، لەگەڵ دایك و باوکمدا کە مرۆڤانی باش بوون دەژیام، بەڵام لەگەڵیاندا نەدەگونجام. کاتێك بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە... بەڵام چۆن دەمتوانی بەو شێوەیە ژیان بەسەر بەرم؟ من مردبووم، کاکە، هیچیش لەوە بە ئاگا نەبووم، کۆمەڵەی پوم هەبووە.))

سەیرم دەکاو قسەکەی دەبڕێ:
((کاکە، ڕەنگت تێکچوو، ماندو دێیە بەرچاو، خۆ بێ تاقەتت ناکەم؟))
((قسەکانت زۆر خۆشن بۆم.))

((شەڕ هاتە پێش و من بەبێ ئەوەی هۆیەکەی بزانم چوومە ڕیزی سوپاوە، دوو ساڵ هەروا بەبێ تێگەیشتنم بەسەربرد، لەبەر ئەوەی ژیان لەبەرەی شەڕدا دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ بیرکردنەوە نەدەڕەخساند و جگە لەوەش سەربازەکان زۆر توندوتیژ بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا بەدیل گیرام. لەوە بەدواوە بیستوومە کە زۆرێك لە سەربازەکان بڕوای مداڵیان لەکاتی دیلیدا وەرگرتۆتەوە.))

زانست وەرگر لە کاتێکدا کە پێڵوی چاوانی لەسەر بیلبیلە گڕگرتووەکانی لێك دەنێ دەست پێدەکاتەوە: ((کاکە، من بڕوام بەخوا نییە، زانست، بوونی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام لە گرتوخانە، خێر بوو کە باوەڕم بە مرۆڤەکان ببێت.)) ئایا ئەوان و لێرانە خۆیان لەبەر چارەنووسیان ڕادەگرن؟))

بە حاڵەتێکی شاراوەوە دەڵێ: ((بەڵێ، ئەویش هەبوو جگە لەوەش، هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ ئێمەدا دەکرا، بەڵام دەمویست باسی شتێکی دیکە بکەم. لە مانگەکانی کۆتایی شەڕدا کاریان پێ نەدەکردین. باران کە دەباری، دەیانبردینە نێو عەمباری دارینی گەورەوەو کە ئەگەر تێك بسڕماینایە، دوو سەد کەسێکی لەخۆ دەگرت. دەرگایان دادەخست و لە تاریکی ڕەهادا، لە تەنیشت یەکتری بەڕەڵایان دەکردین.))

ساتێك هەڵوەستەی کرد.

((نازانم چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە، کاکە. هەموو ئەو مرۆڤانە لەوێ بوون، بە زەحمەت دەکرا بیانبینی، بەڵام دەکرا لە پەنا خۆت هەستیان پێ بکەی، دەکرا گوێت لە دەنگی هەناسە هەڵکێشانیان ببێت... لە سەرەتاکاندا جارێك کە لەنێو عەمباردا بەندیان کردین، پاڵەپەستۆ ئەوەندە توونە بوو کە سەرەتا وامزانی دەخنکێم، دوای ئەوە لەناکاو شادییەکی سەیر سەرتاپای داگرتم و هێندەی نەمابوو ببوورێمەوە: لەو کاتەدا هەستمکرد کە مرۆڤەکانم وەکوو برا خۆش دەوێن، دەمویست هەموانیان ماچ بکەم. لەوە بەدواوە، هەر جارێك کە دەگەڕامەوە ئەوێ هەمان شادیم تووش دەبوو.))

دەبێ مریشکەکەم بخۆم کە بە دڵنیاییەو ساردبۆتەوە. زانست وەرگر لەمێژە تەواوی کردووەو گارسۆن چاوەڕێیە تاکوو قاپەکان بگۆڕێ.

((ئەو عەمبارە چۆنیەتییەکی پیرۆزی لە دیدمدا پەیدا کردبوو. جاریوایە سەردەکەوتم و دەمتوانی کە دوور لە چاوی پاسەوانەکان بەدزییەوە بۆخۆم بەتەنیا بچمە ژووریٚ و لەویٚ، لە تاریکیدا، لە یادی ئەو شادیانەی کە لەو شوێنە بەسەرمدا هاتبوون لە جۆرەکێش کردنێکدا ڕۆدەچووم. چەندین کاتژمێر تێدەپەڕی، بەڵام من گوێم پێنەدەدا. جاری وابوو گریانم دەهاتیٚ.))

لەوانەیە نەخۆش بم: بەجۆرێکی دیکە ناتوانم ئەو تووڕەییەی کە سەرتاپامی داگیرکردووە ڕوون بکەمەوە. بەڵیٚ، تووڕەیی مرۆڤێکی نەخۆش: دەستەکانم دەلەرزین، خوێن فیچقەی بەستە نێو سەرم، سەرەنجام لێوەکانیشك بەلەرزین کەوتن. هەموو ئەمانە تەنیا هۆیەکەی ئەوەبوو کە مریشکەکە سارد ببۆوە. جگە لەوەش، منیش سەرمام بوو و ئەمە لە هەمووی بە ئازارتر بوو! مەبەستم ئەوەیە کە دەروونم لە سی و شەش کاتژمێری پێشەوە یەکسەر سارد و بەستەڵۆك مابۆوە. تووڕەیی هاوشێوەی گێژەلۆکەیەك تەی کردم، وەکو جۆرە لەرزینێك بوو، کۆششێك لەلایەن زەینمەوە بۆ کاردانەوە نواندن، بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو دابەزینی پلەی گەرمیە. کۆششی بیٚ هودە: بێگومان بە کەمترین شت بارانی جنێو و لێدانم دادەباراندە سەر زانست وەرگر یان گارسۆن، بەڵام بە هەموو بوغەوە ئەو کارەم نەدەکرد. تووڕەییم لەسەر ئاستدا هەوڵی دەدا و بۆ ساتێك تووشی ئەو هەستە بە ئازارە بووم کە پارچە سەهۆڵێکی داپۆشراو بە ئاگرم، واتدەزانی ئۆملیتێکی سوور پریزم[1]. ئەم هەڵچوونە ڕووکەشییە ون بوو و گوێم لیٚ بوو کە زانست وەرگر دەڵیٚ:

((هەموو یەکشەممەکان دەچوومە مەڕاسیمی ئێوارەی ڕەبانی کاکە، من قەت بڕوادار نەبووم، بەڵام ئایا ناتوانرێت بگوتریٚ کە نهێنی ڕاستەقینەی مەڕاسیمی ئێوارەی ڕەبانی لە یەکڕیزی نێوان مرۆڤەکانە؟ قەشەیەکی فەڕەنسایی کە قۆڵێك زیاتری هەبوو ڕێوڕەسمەکەی جێبەجیٚ دەکرد. ئێمە هارمونییەکمان هەبوو، بەڕاوەستان و سەری ڕووتەوە گوێمان دەگرت، کاتێك کە ئاوازی هارمونیۆم بیٚ ئاگای دەکردم، هەستم دەکرد کە لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەرم بوومەتە یەك. ئاھ! کاکە، چەندە ئەو ڕێوڕەسمەی ئێوارەی ڕەبانیم خۆشدەویست! ئێستاش کە ئێستایە، هەر کاتێك دەکەمەوە یادیان، جاریوایە یەکشەممە بەیانیەکەی دەچمە کلێسە. ئێمە لە کلێسەی سێنت سیسیل ئۆرگ ژەنێکی بەرجەستەمان هەیە.))

((ڕەنگە زۆربەی کاتەکان دڵت بۆ ئەم ژیانە تەنگ دەبێت؟))

---

1- Omelette Surprise جۆرە ئۆملیتێك کە دۆندرمەی لە ناوەڕاستی دەکەن و لەو حاڵەتەدا نێوەکەی ساردو دەرەوەی گەرمە. (وەرگێڕ)

((بەڵێ، لە ساڵی ١٩١٩. ئەمە ساڵی ئازادیم بوو. چەند مانگێکی زۆر بە ئازارم بەسەر برد. نەمدەزانی چی بکەم. لەناو دەچووم، لە هەرجێیەك دەمدیت کۆمەڵە مرۆڤێك لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە، بە ئارامی ڕەگەڵیان دەکەوتم.)) بەدەم زەردەخەنەوە زیاتر دەڵێ: ((جاری وابوو ڕووی دەدا کە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی کەسێکی نەناسراودا بەشداریم دەکرد. ڕۆژێك، لە ڕووی بێ ئومێدییەوە، کۆمەڵە پولەکەمم خستنە نێو ئاگرەوە... بەڵام ڕێگاکەمم دۆزیەوە.))

((بەڕاست؟))

((کەسێك ئامۆژگاری کردم کە... کاکە، دەزانم دەتوانم متمانە بە پاراستنی نهێنییەکەمتان بکەم. من-ڕەنگە ئەمانە بیروبۆچوونی جەنابت نەبن، بەڵام جەنابت خاوەنی بیرو بۆچوونی بەرزی-من سۆشیالیستم.))

چاوی داخستوون و برژانگە درێژەکانی دەلەرزن.

((لە مانگی ئەیلوولی ١٩٢١وە ئەندامی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسام. ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە کە دەمویست پێتی بڵێم.))

لەخۆبایی بوون لە سەر و ڕووی دەباری. لەکاتێکدا کە سەری کێشاوەتە دواوە، چاوی نیوە نوقاو، دەمی نیوە کراوە سەیرم دەکات، وەکوو شەهید دێتە بەرچاو دەڵێم: ((زۆر باشە، زۆر بەرزە.))

((کاکە، دەمزانی لاگیریم دەکەی و چۆن دەتوانرێ کەسێك سەرکۆنە بکرێت کە دێت و پێتان دەڵێ: من ژیانی خۆم بە فلانە و بە هەمان شێوە ڕێکخستووەو ئێستا بە تەواوی بەختەوەرم؟))

قۆڵەکانی لێك بڵاوکردن و لەپی دەستەکانی بۆ لام ڕاگرتووەو پەنجەکانی ڕووەو زەوین، وادەزانی کە دەیەوێ مۆری شەهید بوون وەربگرێت. چاوەکانی شووشە شێوەن، خلۆربوونەوەی قەبارەیەکی ڕەنگ پەمەیی لە دەمیدا دەبینم.

دەڵێم: ((ئاه، کە بەختەوەری...))

((بەختەوەر؟)) نیگای ناڕەحەتکەرە، پێڵوی چاوانی هەڵکێشاوەو بە چاوی بێ پێچ و پەناوە سەیرم دەکات. ((جەنابت دەتوانی بڕیاری لەسەر بدەی، کاکە. بەر لە بڕیاردان، هەستم بە تەنیاییەکی ئەوەندە تۆقێنەر دەکرد کە بیری خۆکوشتنم کەوتە مێشکەوە. ئەو شتەی کە ڕێگری لێ کردم، ئەوەبوو کە هیچ کەس، بەشێوەی ڕەها هیچ کەس، پەرۆشی مردنی نابێت و من لە مەرگدا زۆر تەنیاتر دەبم.))

خۆی ڕاست دەکاتەوە، گیپەکانی هەڵدامسێن.

((من ئیدی تەنیا نیم، کاکە. ئیدیش قەت وانابم.))

دەڵێم: ((ئاه، کەواتە لەگەڵ زۆر خەڵکدا ئاشنای؟))

زەردەخەنە دەکاو یەکسەر هەست بە دڵ سادەیم دەکەم.

((مەبەستم ئەوەیە کە ئیدی خۆم بە تەنیا هەست پێ ناکەم، بەڵام ئەڵبەتە، کاکە، پێویست ناکات لەگەڵ کەسدا بم.))

دەڵێم: ((کەواتە، لە ناوچەی پارتی سۆشیالیست...))

((ئاه، لەوێ هەموان دەناسم، بەڵام زۆربەیان تەنیا بەناو.))

بە قۆشمەییەوە درێژەی دەداتێ: ((کاکە، بۆ ناچارین کە هاوڕێکانمان بەو شێوە سنووردارە هەڵبژێرین؟ هاوڕێکانی من هەموو مرۆڤەکانن. بەیانیان کە دەچمە دەوام، لە پشتمەوەو لەبەردەممدا کۆمەڵە مرۆڤێکی دیکە هەن کە دەچنە سەر کارەکانیان. دەیانبینم ئەگەر بوێرامایە زەردەخەنەم بەڕوودا دەدان. پێموایە کە من سۆشیالیستم و ئەوانیش هەموو ئامانجی ژیان و کۆششەکانی منن و هێشتا ئاگادار نین. ئەمە مایەی شادمانی زۆرمە، کاکە.))

سەیرم دەکات. بە جووڵەی سەر، پشتگیریم دەردەبڕم، بەڵام هەست دەکەم کە کەمێك لەنگاوەو خوازیاری شەوق و زەوقی زیاترە. من چ کارێکم لەدەست دێت؟ ئایا تاوانی منە کە لە تەواوی ئەو قسانەی کە پێم دەڵێ، قسەی وەرگیراو و گێڕانەوەی کەسانی تر دەناسمەوە؟ ئایا تاوانی منە کە لەمیانەی قسەکردنیدا دەبینم هەموو ئەو مرۆڤ دۆستانە بەدیار دەکەون کە ناسیومن؟ بەداخەوە، زۆریانم دەناسین! مرۆڤ دۆستی ڕادیکاڵ بەتایبەتی هاوڕێی کارمەندانی دەوڵەتە. مرۆڤ دۆست بە دەستەواژەی (دەستە چەپی) باکی سەرەکی پاراستنی بەها مرۆییەکانە. ئەو ئەهلی هیچ پارتێك نییە لەبەر ئەوەی نایەوێ ناپاکی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بکات، بەڵکوو هاوخەمییەکانی ئاراستەی دەست کورتانە، فەرهەنگی ناسراوی جوانی بۆ دەست کورتان تەرخان دەکات. ئەو بەشێوەی گشتی بێوەیە کە بە چاوی جوان و هەمیشە فرمێسکاویەوە: لە ڕێوڕەسمەکانی ساڵوەگەڕدا دەگریا. ئەو هەروەها پشیلە و سەگ و هەموو گیاندارە مەمکدارە بەرزەکانی خۆش دەوێن. نووسەری کۆمۆنیست مرۆڤەکانی لە دووەمین ((بەرنامەی پێنج ساڵە)) بەملاوە خۆش ویستووە، ئەو سزا دەدات چونکە سۆز دەنوێنێ. ئەو کە وەکوو هەموو دەسەڵاتداران لە خۆبایە، دەزانی چۆن هەستەوەرییەکانی بشارێتەوە ئەو هەروەها دەزانێ کە چۆن، بە یەك نیگایان بە گۆڕینی شێوازی

دەنگی، لە پشت قسە گەورە دادپەروەرە خوازانەیەوە بریسکەیەك لە عەشقی تاڵ و شیرینی بەرامبەر برایەکانی دەرببڕێت. مرۆڤ دۆستی کاتۆلیك، درەنگ هاتووە، بن تەغاری خێزان، بە حاڵەتێکی سەرسووڕماوەوە دەربارەی مرۆڤەکان قسە دەکات دەڵێ: سوکەڵەترین ژیانەکان، ژیانی کرێکارێکی بارداگرتنی لەندەنی، یان ژیانی کچێك لە کارگەی پێڵاو دروونە، چ ئەفسانەیەکی پەریانی دڵکەشە! ئەو مرۆڤ دۆستی فریشتەکانی هەڵبژاردووە. بۆ پەروەردەکردنی فریشتەکان کۆمەڵە ڕۆمانێکی درێژ و خەماوی و جوان دەنوسێت کە ڕەنگە خەڵاتی مەکینا بباتەوە.

ئەوان ڕۆڵە سەرەکییەکان دەگێڕن، بەڵام کەسانی دیکەش هەن، چرپیەکی دیکە: فەیلەسوفی مرۆڤ دۆست کە هاوشێوەی برایەکی گەورەتر بەسەر براکانیدا دەچمێتەوەو ئاگاداری بەرپرسیاریەتییەکانییەتی. مرۆڤ دۆستێك کە مرۆڤەکانی وەکوو هەن خۆش دەوێ، کەسێك کە ئەوانی بەو جۆرەی کە دەبێ بن خۆش دەوێ، کەسێك کە گەرەکییەتی ئەوان بە ڕەزامەندی خۆیان ڕزگار بکات و کەسێك کە ئەوان سەرەڕای خۆیان ڕزگار دەکات، کەسێك کە دەیەوێ ئەفسانەی نوێ بخولقێنێ و کەسێك کە لە ئەفسانەکانی کۆن ڕازییە، کەسێك کە مرۆڤی لەبەر مردنی خۆشدەوێت، کەسێك کە مرۆڤی لەبەر خاتری ژیانی خۆشدەوێ، مرۆڤ دۆستی شادومان کە هەمیشە دەزانێ بۆ بە پێکەنین هێنانی خەڵك چی بڵێ، مرۆڤ دۆستی خەمبار کە زیاتر لە کۆڕەکانی شەونخونیدا لەسەر مردوو تووشی دەبین. هەموویان لە یەکتری بێزارن: ئەڵبەتە لە ڕووی تاکەکانەوە نەك لە پلەی مرۆڤەکاندا، بەڵام زانست وەرگر لەمە بێ ئاگایە: ئەو ئەوانی وەکوو کۆمەڵە پشیلەیەك لەنێو تورەکەی چەرمیدا، لەنێو خۆیدا بەندکردووەو ئەوان بێ ئەوەی ئەو ئاگادار بێت خەریکن یەکتر لەت و پەت دەکەن.

ئێستا ئیدی بە متمانەیەکی کەمترەوە سەیرم دەکات.

((ئایا جەنابت وەکوو من هەست ناکەی، کاکە؟))

((ئەی بابا!...))

لە بەرامبەر حاڵەتی پەرۆشی و کەمێك بە قینەیدا، بۆ ساتێك لەبێ هیوا کردنی ژێوانم، بەڵام ئەو بە سۆزەوە درێژە بە قسەکەی دەدات:

((دەزانم! جەنابت کتێبەکان و لێکۆڵینەوەکانت هەیە، تۆ بە شێوازی خۆت خزمەت بە هەمان ئارمانج دەکەی.))

کتێبەکانی من، لێکۆڵینەوەکانی من. لەمە خراپتر نەیدەتوانی خۆی لاڕێ بکات.

((لەبەر ئەوە نییە کە دەنووسم.))

یەکسەر ڕوخساری زانست وەرگر دەگۆڕێ: دەڵێی بۆنی دوژمنایەتی لەبەر لوتی کەوتووە. هیچ کاتێك وەها حاڵەتێکم لە ڕوخساریدا نەدیبوو. لە نێوانماندا شتێك مردووە.

لەکاتێکدا کە وانیشان دەدا سەری سووڕماوە، دەپرسێ: ((بەڵام... ئەگەر خۆتێهەڵقورتاندن نەبێ، ئەی بۆ دەنووسی، کاکە؟))

((ئێ... نازانم! هەر ئاوا، لەبەر نووسین.))

لە ڕووی ڕەزامەندییەوە زەردەخەنە دەکات، پێی وایە بە داوێوەی کردووم:

((ئایا ئامادەی لە دووڕگەیەکی چۆڵدا بنووسی؟ ئایا مرۆڤ هەمیشە بەو نییەتەوە نانووسێت تاکوو نووسینەکەی بخوێننەوە؟))

لە ڕووی ڕاهاتنەوەیە کە حاڵەتی پرسیاری دەداتە ڕستەکەی لە ڕاستیدا، ڕستەیەکی خەبەری دەردەبڕێت. پەردەی ئارامی شەرمنیەکەی لادراوە، ئیدی نایناسمەوە. عینادییەکی توندی لە ڕوخساردا دەردەکەوێ، دیوارێك لەخۆ بەزل زانییە.

هێشتا لەسەر سووڕمانم نەهاتوومە دەرێ کە دەبیستم دەڵێ:

((پێم بڵێن: من بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، یان بۆ بەشێك لە هاوڕێیان دەنووسم. ئەمە زۆرباشە، ڕەنگە جەنابت بۆ وەچەی داهاتوو بنووسی... بەڵام، کاکە، سەرەڕای خۆت، تۆ بۆ کەسێك دەنووسی.))

چاوەڕێی وەڵام دەبێت. لەبەر ئەوەی وەڵام نابێت، زەردەیەکی کاڵ دەکات.

((ڕەنگە جەنابت مرۆڤ بێزار بی؟))

دەزانم کە ئەم هەوڵە بە هەڵە بردنی ئاشتی خوازانەیە، چ شتێکی لە خۆیدا شاردۆتەوە. ڕاستییەکەی شتێکی زۆرم داوا لێ ناکات! تەنیا ئەوەی ئارمێك قبوڵ بکەم، بەڵام ئەمە تەڵەیە! ئەگەر ڕازی ببم، زانست وەرگر سەرکەوتوو دەبێت، یەکسەر بەسەرمدا دەدرێ، دووبارە دەبمەوە بەدیل، بۆ دواوەم پاڵ دەنێن، چونکە مرۆڤ دۆستی هەموو تێڕوانینەکانی مرۆڤ دەگرێ و پێکەوەیان گرێ دەدات. ئەگەر لە پێشەوەڕا دژایەتی بکەن، ئەوە بە گوێرەی ڕەغبەتی وی گەمەتان کردووە، هەوێن لە بەرهەڵستکارانی وەردەگرێت. کۆمەڵێك مرۆڤی سەرسەخت و بیر تەسك و خوێڕی هەمیشە پێی دەدۆڕێن: هەموو قۆرت و پێچەکان، خراپترین زێدەڕەوییەکانیان هەرس دەکاو دەیگۆڕێ بۆ لینفێکی سپی و کەفاوی. دژی عەقڵ باوەڕی، ڕێبازی مانەوی، عیرفان، ڕەشبینی،

ئانارڕشیزم، و خۆویستی هەرس کردووە: ئەمانە جگە لە قۆناغ نین، ئەندێشەگەلێکی ناتەواو کە کەژاوەی عەقلانیان لە مرۆڤ دۆستیدا پەیدا دەکاو بەس. مرۆڤ بێزاریش لەم کۆنسێرتەدا، شوێنێکی بۆخۆی هەیە: تەنیا نەگونجانێکی پێویست بۆ هەماهەنگی گشتییە. مرۆڤ بێزار، مرۆڤە! کەواتە دەبێ مرۆڤ دۆست تارادەیەك مرۆڤ بێزار بێت، بەڵام ئەو مرۆڤێکی مرۆڤ بێزاری زانستییە تەنیا بۆ ئەوەی دواتر بتوانێ زیاتری خۆشبوێن.

من نەدەمەوێ، ئاوێتەی کۆمەڵێکم بکەن و نە ئەوەی کە خوێنی سووری چاکم بڕوات و ئەو گیاندارە لینفاوییە قەڵەو و پەروەردە بکات: ئەم گەمژەییە ناکەم کە بڵێم کە ((دژی مرۆڤ دۆست))م. من مرۆڤ دۆست نیم، هەمووی هەر ئەمە.

بە زانست وەرگر دەڵێم: ((بەبڕوای من بێزار بوون لە مرۆڤەکان بە هەمان ئەندازە مومکین نییە کە خۆشویستنیان.))

زانست وەرگر بە حاڵەتێکی پاڵپشتییانەو دوورەوە تەماشام دەکات. بە جۆرێك کە بڵێی ئاگای لە قسەکانی نەبێت، دەڵێ:

((دەبێ خۆشت بوێن، دەبێ خۆشت بوێن...))

((دەبێ چ کەسانێکت خۆش بوێ؟ ئەو خەڵکانەی کە لێرەن؟))

((ئەوانیش. هەموان.))

ئاوڕدەداتەوە تاکوو سەیری ژن و پیاوە گەنجە چالاکەکە بکات. پاشان نیگای بۆلام دەسووڕێنێ، پرسیارێکی شاراوە لەسەر ڕوخساری دەخوێنمەوە. بەسەر دەڵێم ((نا.))

وادێتە بەرچاو کە دڵی پێم دەسووتێ.

ڕقم هەڵدەستێ و پێی دەڵێم: ((تۆش خۆشت ناوێن.))

((بەڕاست، کاکە؟ مۆڵەتم پێدەدەی کە دژایەتی بۆچوونتان بکەم؟))

دووبارە بۆتەوە یەك پارچە ئەدەب و ڕێز، بەڵام لە چاوانیدا ئەو نیگا تەنز ئامێزەی کەسێك هەیە کە بە تەواوی سەیران دەکات. ڕقی لەمنە. هەڵەیەکی سەیرم کرد کە زگم بەم شێتە دەسووتا. بە نۆرەی خۆم لە پرسیاری دەگرم:

((باشە کە ئەو ژن و پیاوە گەنجەی دواتانت خۆشدەوێن؟))

دیسانەوە سەیریان دەکات، لە بیرکردنەوە ڕادەچێ بە بەدگومانییەوە درێژە بە قسەکەی دەدات: ((دەتەوێ ناچارم بکەی بڵێم کە بەبێ ناسینیان ئەوانم خۆشدەوێ. باشە، کاکە، دانی پێدا دەنێم کە نایانناسم...)) بە پێکەنینێکی زمان لوسانەوە زیاتر دەڵێ:

((مەگەر ئەوەی کە عەشق، ناسینی ڕاستەقینە بێت.))

((بەڵام چ شتێکت خۆشدەوێ؟))

((دەبینم کە ئەوان لاون و لاوییەتی ئەوانم خۆشگەرەکە، هەروەها شتی دیکەش، کاکە.))

کۆتایی بە قسەکەی هێناو گوێی هەڵخست:

((تێدەگەی دەڵێن چی؟))

تێدەگەم؟ پیاوە گەنجەکە کە لە هاوخەمی دەوروبەرییەکانی بوێر بووە، بەرز بەرز خەریکی گێڕانەوەی یارییەکی تۆپی پێیە کە پار تیپەکەی لە یانەیەکی لۆهارۆی بردۆتەوە.

بە زانست وەرگر دەڵێم: ((پیاوەکە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە.))

((ئاه! من بە باشی نابیستم، بەڵام گوێم لە دەنگیانە، دەنگێکی شیرین، دەنگێکی کپ! بە نۆرە دێن. زۆر دڵفرێنە.))

((بەڵام بەدبەختانە گوێم لە قسەکانیشیان دەبێت.))

((ئێ؟))

((ئێ، خەریکن یاری نمایش دەکەن.))

بە تەنزەوە دەپرسێ: ((بەڕاست؟ لەوانەیە نمایشی لاوێتی یاری دەکەن؟ کاکە؟ دەرفەتم بدەیە بڵێم کە بەرای من ئەمە مەشقێکی بە سوودە. ئایا یاری کردنی لاوێتی بۆ گەڕانەوە بۆ تەمەنی ئەوان بەسە؟))

تەنزەکەی پشتگوێ دەخەم، درێژە بە قسەکەم دەدەم:

((جەنابت پشتت لەوانە، گوێت لە قسەکانیان نابێت... قژی ژنە گەنجە چ ڕەنگێکە؟))

دەشڵەژێ:

((ئێ، من...)) سەیرێکی جووتە لاوەکە دەکات و متمانەی بەدەست دێنێتەوە... ڕەش!))

((باشە دەبینی.))

((چ شتێك؟))

((ئێ ئەوە دەبینی کە ئەو دوانەت خۆش ناوێن. ڕەنگە ئەتوانی لەسەر شەقام بیانناسییەوە. ئەوان لە دیدی تۆدا تەنیا لە حوکمی سیمبولێکن. ئەوان بەهیچ جۆرێك تۆ ناوروژێنن، تەنیا لاوێتی مرۆڤ، عەشقی پیاو و ژن و دەنگی مرۆیی تۆ دەوروژێنن.))

((ئێ، بۆ ئەوانە بوونیان نییە؟))

((بەدڵنیاییەوە بوونیان نییە! نە لاوێتی، نە تەمەنی پێگەیشتوویی، نە پیری، نە مەرگ...))

ڕوخساری زانست وەرگر، زەرد ڕەنگ و ڕەق هاوشێوەی بەهێ، بە حاڵەتی گرژبوونێکی بێزارکەری لێهاتووە. بەم وەسفەوە، درێژە دەدەم:

((وەکوو ئەو پیاوە پیرەی دواتەوە کە ئاویش دەخواتەوە پێموایە تۆ ئەو پیاوە بە تەمەنەی کە تێیدایە خۆشتدەوێ. پیاوێکی بەساڵاچوو کە بە ئازایەتییەوە بەرەو ئاوابوونی خۆی بەرەو پێش دەچێ و کاروباری خۆی ڕێکدەخات، لەبەر ئەوەی نایەوێ واز لە خۆی بێنێ؟))

شەرخوازانە دەڵێ: ((ڕاستە.))

((جەنابیشت نابینی کە پیاوێکە؟))

پێدەکەنێ، پێی وایە قسەی بێ سەرەوبەرە دەکەم. نیگایەکی توند و کورت بەو ڕوخسارە جوانەدا دەگێڕێ کە کەوتۆتە چوارچێوەی موی سپییەوە:

((بەڵام، کاکە، وای دانێین، ئەو ئاوا خۆی بنوێنێ کە تۆ باسی دەکەی، چۆن دەتوانی لەسەر ڕوخسار بڕیار لەسەر ئەو پیاوە بدەی؟ کاکە، ڕوخساری لە حاڵەتی جێگیریدا هیچ شتێك نادرکێنێ.))

مرۆڤ دۆستانی کوێر! ئەو ڕوخسارە زۆر گۆیا، زۆر بوونە، بەڵام قەت ڕوحی نیان و تەجریدییان ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕوخسارێکەوە.

زانست وەرگر دەڵێ: ((چۆن دەتوانی مرۆڤێك سنووردار بکەی، چۆن دەتوانی بڵێی کە ئەو ئەمە یان ئەوەیە؟ کێ دەتوانێ مرۆڤێك بگەیەنێتە بنێ؟ کێ دەتوانی سەرچاوەکانی مرۆڤێك بناسێت؟)) مرۆڤێك بگەیەنێتە بنێ! لەمیانەی تێپەڕیندا سڵاو دەنێرم بۆ مرۆڤدۆستی کاتۆلیك کە زانست وەرگر بەبێ ئاگایانە ئەم بنەمایەی بە قەرز لێ وەرگرتووە.

پێی دەڵێم: ((دەزانم، دەزانم کە مرۆڤەکان هەموویان جێی ستایشن. تۆ جێی ستایشی، من جێی ستایشم. ئەڵبەتە لە پلەی دروستکراوانی خوادا.))

تێگەیشتوانە تەماشام دەکات، پاشان بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە دەڵێ:

((بە دڵنیاییەوە گاڵتە دەکەی کاکە، بەڵام ئەوە ڕاستە کە هەموو مرۆڤەکان شیاوی ستایشی ئێمەن. مرۆڤ بوون ئەستەمە، کاکە، زۆر ئەستەمە.))

ئەو بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت عەشقی مەسیحی (س) بەرامبەر بە مرۆڤەکان پەڕاندووە. سەری دەلەقێنێ و بەهۆی دیاردەیەکی سەیری لاسایی کردنەوەوە، بۆتە هاوشێوەی ئەو گینوە[1] داماوە.

پێی دەڵێم: ((بمبوورە، بەڵام ئەگەر وایە دڵنیانیم کە مرۆڤ بم: هەرگیز زۆرم بەوژدار نەزانی بوو. هەمیشە وامدەزانی کە تەنیا دەبێ واز لە خۆبینی زانست وەرگر بە ئاشکرایی پێدەکەنێ، بەڵام چاوەکانی هەروا قین لە دڵ دەنوێنن.

((جەنابت زۆر بێ فیزی، کاکە. بۆ هەڵکردن لەگەڵ چارەنووستدا، چارەنووسی مرۆڤێك، وەکوو هەموو کەس، پێویستیت بە ئازایەتی زۆر هەیە. کاکە، ساتی دواتر ڕەنگە ساتی مەرگ بێت، تۆ ئەمە دەزانی، بەڵام دەتوانی زەردەخەنە بکەین: فەرموو، ئەمە جێی ستایش نییە؟)) بەڕووگرژییەوە زیاتر دەڵێت: ((لە بێ بایەخترین کارتاندا پاڵەوانێکی گەورە هەیە.))

گارسۆن دەڵێ: ((دوای خواردن حەزتان لە چییە، برایان؟))

ڕەنگی زانست وەرگر سپی سپییە، پێڵوەکانی تاکوو ناوەڕاست بەسەرچاوە بەرد ئاساکاندا هاتوونە خوارێ. بەدەست جووڵەیەکی لاواز دەکات، دەڵێی دەیەوێ بانگهێشتی هەڵبژاردنم بکات.

بە قارەمانەتییەوە دەڵێم: ((پەنیر.))

((ئەی جەنابت؟))

ڕادەچڵەکێ.

((چی؟ ئاه، بەڵێ: ئێ، من هیچ ناخۆم، تێر بووم.))

((لوئیز!))

---

1- Jean Quehehnno: نووسەری فەڕەنسایی، ١٩٧٨، ١٨٩٠. ئەو کوڕی پێڵاو دروویەك بوو لە بەرهەمەکەیدا بەناوی دەفتەری بیرەوەرییەکانی پیاوێکی چل ساڵە Le Journal dum home de quarante ons دەگێڕێتەوە کە چۆن کرێکارێکی لاو لە گرتنی فەرهەنگێکدا سەرکەوتوو دەبێت. (وەرگێڕ)

دوو پیاوی زلە پارەی مێزەکەیان دەدەن و دەڕۆن. یەکێکیان دەلەنگێ، خاوەن کافەکە تاکوو بەردەرگا بەڕێیان دەکات: ئەوان کڕیاری گرنگن، شووشەیەك شەڕابیان بۆ لەناو سەتڵێك بەفراودا هێنا.

بە کەمێك پەشیمانییەوە سەیری زانست وەرگر دەکەم: تەواوی هەفتە لە خەیاڵی ئەم خواردنەی نیوەڕۆیە چێژ وەرگرتووە، خواردنێك کە لەسەری توانیویەتی باسی عەشقی خۆی بەرامبەر مرۆڤەکان بەشێوەیەکی مرۆیی بکات. ئەو دەرفەتگەلی زۆر کەمی بۆ قسە کردن هەیە. ئێستاش من لێم تێکداوە. لە ڕاستیدا ئەو بە ئەندازەی من تەنیایە، کەس لە بیریدا نییە. وای دانێم کە هەست بە تەنیاییەکەی ناکات.

ئێ، بەڵێ، بەڵام بەمن چی کە چاوانی بکەمەوە؟ زۆر ناڕەحەتم! ڕاستە کە تووڕەم، بەڵام نەك لەوێ، بەڵکوو لە دیرگان و کەسانی تر، هەموو ئەوانەی کە ئەم مێشکە داماوەیان ژەهراوی کردووە. ئەگەر دەمتوانی ئەوان بێنمە ئێرە بۆ بەردەمی خۆم، زۆرم قسە هەبوون، پێیان بڵێم. هیچ بە زانست وەرگر ناڵێم، جگە لە هاوخەمی شتێکی دیکەم بۆی نییە. ئەو کەسێکی وەکوو کاك ئاشیلە، کەسێك لە مادەی منە، کە بەهۆی نەزانی و خێرخوازییەوە ناپاکی کردووە!

قاقای پێکەنینی زانست وەرگر لە بیرو خەیاڵی تاریك دەرمدەهێنێ.

((لێم ببوورە، بەڵام کاتێك بیر لە قووڵی عەشقم بەرامبەر مرۆڤەکان و هێزی ئەو پاڵنەرانە دەکەمەوە کە من بەرەولایان ڕادەکێشێ و کاتێك خۆمان دەبینم کە لێرە بەڵگە دەهێنینەوەو مقۆ مقۆ دەکەین... پێکەنینم دێت.))

بێدەنگ دەبم، زەردەخەنەیەکی زۆر لەخۆکراو دەکەم، گارسۆن قاپێك لەگەڵ پارچە پەنیرێکی گەچی کاممبێرم لەپێش دادەنێ، نیگام بە دەوروبەری هۆڵەکەدا دەگێڕم و دڵ تێکەڵ هاتنێکی تووندم تووش دەبێت. چی دەکەم لێرە بۆچی خۆم تێکەڵ بە باسێك دەربارەی مرۆڤ دۆستی کرد؟ ئەو خەڵکە بۆچی لێرەن؟ بۆچی خواردن دەخۆن؟ ڕاستە کە ئەوان نازانن کە بوونیان هەیە. حەزدەکەم هەستم بڕۆم، بچمە جێگایەك کە بەڕاستی تێیدا لە شوێنی خۆم بم، شوێنێك کە لەگەڵیدا بگونجێم... بەڵام جێی من هیچ شوێنێك نییە، من زیادەم.

زانست وەرگر ئارام دەگرێ. ترسابوو لەوەی کە مەبادا بەرگری زیاتر بکەم. حەز دەکات هەرچییەکم گوتووە لەبیر خۆی بباتەوە. خۆمانیانە سەری بۆ لام لار دەکاتەوە:

((لە قووڵایی دڵتەوە خۆشت دەوێن، کاکە، وەکوو من خۆشت دەوێن: تەنیا وشەکان لێکمان جیا دەکەنەوە.)) ئیدی ناتوانم قسە بکەم، سەرم لار دەکەمەوە.

ڕوخساری زانست وەرگر ڕێك لەبەر دەم ڕوخساری من دایە، بە حاڵی لە خۆڕازییەوە زەردەخەنە دەکات، ڕێك لەبەردەم دەم و چاوم، ڕێك وەکوو ئەو دۆخەی کە لە کابوسەکاندا دێتە پێشێ. بە زەحمەت پارچە نانێك دەجووم کە ناتوانم بڕیار بدەم قووتی بدەم. دەبێ مرۆڤەکان خۆش بویسترێن. مرۆڤەکان جێگای ستایشن. دەمەوێ بیهێنمەوەو لەناکاو ئەمانە: هێڵنج هێرشی قورس: لە تەپڵی سەرەوە تاکوو نوکی لاقانم دەهەژێنێ. لە کاتژمێرێك لەمەوبەرەوە دەمدیت کە خەریکە بێت، وایدەزانی نەمدەویست بەسەر خۆمی بێنم. ئەم تامەی پەنیر لە نێو دەممدا... زانست وەرگر بەردەوام زۆر بڵێی دەکات و دەنگی بە هێواشی لە گوێچکەکانمدا ویزە ویز دەکات، بەڵام ئیدی بە هیچ جۆرێك نازانم باسی چی دەکات. ئامێر ئاسا بەسەر پشت ڕاستی دەکەمەوە. دەستم بە توندی دەسکی چەقۆی پەنیر خواردنی گرتووە. هەست بە دەسکە ڕەشە دارینە دەکەم. ئەوە دەستی منە کە ڕایگرتووە. دەستی من. ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە، وام بەباش دەزانی ئەم چەقۆیە بە ماڵی خۆی وازلێ بێنم. چ سوودی هەیە کە هەمیشە دەست لە شتێك بدەم؟ شتەکان بۆ ئەوە دروست نەکراون کە مرۆڤ دەستیان لێ بدات. زۆر باشترە کە لە نێویاندا بخلیسکێت، تا دەکرێ خۆیان لێ بپارێزرێت. جاری وایە یەکێکیان بەدەست دەگرم و ناچارم بە زووترین کات فڕێی بدەم. چەقۆکە دەکەوێتە سەر قاپەکە. پیاوە موو سپییەکە لەجێی خۆی ڕادەپەڕێ و سەیری دەکات. دووبارە چەقۆکە هەڵدەگرمەوە، دەمەکەی بەمێزەکەوە دەنوسێنم و دەینوشتێنمەوە.

کەواتە ئەمە هێڵنجە! ئەمە ئاشکرایە کوێرکەرە؟ چەندە زەینم لەبەری پشکنی! چەندەم دەربارەی شت نووسی. ئێستا دەزانم: من بوونم هەیە، جیهان بوونی هەیە- منیش دەزانم کە جیهان بوونی هەیە. هەمووی هەر ئەمە، بەڵام جیاوازی نییە بۆم. سەیرە کە هەموو شتێك بۆم وەکوو یەك بێت: دەمترساند. لە هەمان ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە دەمویست وردە وردە کایە بکەم. دەمویست وردە بەردە بهاوێژم، سەیرم کردو لە هەمان وەختەوە بوو کە هەموو شتێك دەستی پێکرد: هەستم کرد کە بوونی هەیە. دواترین کۆمەڵە هێڵنجێکی دیکە دەستیان پێکرد. ناوە ناوە شتەکان لەنێو دەستەکانتاندا دەست بە هەبوون دەکەن. هێڵنجی کافەی ڕاندۆ دشمینۆ ڕوویدا و دیسانەوە یەکێکی تر بەر لەوە، شەوێك کە لە پەنجەرەڕا تەماشای دەرێم

دەکرد و پاشان یەکێکی دیکە لە باخی میللیدا، ڕۆژێکی یەکشەممە، پاشانیش ئی دیکە، بەڵام قەت بەو توونديەی ئەمڕۆ نەبوو.

((...لە ڕۆمی کۆن، کاکە؟))

پێموایە زانست وەرگر پرسیارێکی لێ کردم. ڕووی تێ دەکەم و بەڕوویدا پێدەکەنم. ئێ؟ چی بووە؟ بۆچی لەسەر کورسییەکەی گرمۆڵە دەبێت؟ کەواتە ئێستا دەبمە هۆی ترسان؟ دەبوایە کارەکە بە ئێرە بگات. بەهەرحاڵ جیاوازی نییە بۆم. ئەوەندەش هەڵە نین کە دەترسن: هەست دەکەم هەر کارێکم لەدەست دێت. بۆ نموونە ئەم چەقۆیە پەنیربڕە ڕۆببەمە نێو چاوی زانست وەرگرەوە. دوای ئەوە، هەموو ئەم خەڵکە لەبن پێیان پان و پلێشم دەکەنەوە و بە شەق ددانەکانم دەشکێنن، بەڵام ئەمە شتێك نییە کە ڕێگام لێ بگرێت: لەبری تامی پەنیر لە دەمدا تامی خوێن، جیاوازی بۆ حاڵم نییە، بەڵام تەنیا دەبێ جووڵەیەك بکەم، ڕووداوێکی زیادە دروست بکەم. ئەو هاوارەی کە زانست وەرگر دەیکات زیادە دەبێ-و هەروەها ئەو خوێنەی بە ڕوومەتیدا دێتە خوارێ و لە جێی ڕاپەڕینی هەموو ئەم خەڵکە. بە ئەندازەی پێویست کۆمەڵە شتێك هەن کە بەم جۆرە بوونیان هەیە.

هەموو خەریکن سەیرم دەکەن. دوو نوێنەری لاو گفتوگۆ شیرنەکەیان ڕاگرتووە. ژنەکە لیچی بەرداونەوە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دەبێ پەی ببەن کە من بێ زیانم.

هەڵدەستم، هەموو شتی دەورەم دەسووڕێتەوە. زانست وەرگر بە چاوی هەڵدراوەوە کە من نایان تەقێنم تێم ڕاماوە.

بە زایەڵەوە دەڵێ: ((وا زوو دەڕۆی؟))

((کەمێك ماندووم. زۆر لوتفت نواند کە بانگهێشت کردم، ماڵئاوا.))

لەکاتی ڕۆیشتندا، بۆم دەردەکەوێ کە چەقۆی پەنیر خواردنم لە دەستی چەپمدا ڕاگرتووە. فڕێی دەدەمە سەر قاپەکەم کە زرینگەی لێ دێت. لە نێو بێدەنگیدا بەهۆڵەکەدا تێ دەپەڕم. ئەوان دەستیان لە خواردن کێشاوەتەوە: خەریکن سەیرم دەکەن، ئیشتیایان نەماوە. ئەگەر بۆلای ژنە گەنجەکە دەچووم و پخەم لێدەکرد، بە دڵنیاییەوە دەیقیژاند. ئەوە ناهێنێ.

بەڵێ، بەر لە چوونە دەرەوە، ئاوڕ دەدەمەوەو دەم و وچاومیان نیشان دەدەم، تاکوو بتوانن لە تۆماری مێشکیاندا هەڵیکەنن.

((ماڵئاوا، خوشکان و برایان.))

وەلاّم نادەنەوە، دەڕۆم، ئێستایە کە ڕەنگ بۆ گۆناکانیان بگەڕێتەوەو دەست بکەن بە بۆڵە و پرتە.

نازانم بۆ کوێ بچم، هەروا لە پەنا چێشت لێنەری کارتۆن ڕادەوەستم. پێویست ناکات ئاوڕ بدەمەوە تاکوو بزانم ئەوان لەو دیو پەنجەرەوە سەیرم دەکەن. بە واقی وڕماوەوە سەیری پشتم دەکەن. پێیان وایە من وەکوو ئەوان بووم، کە مرۆڤێك بووم، منیش هەڵم خەڵەتاندن. لەناکاو شکڵ و شێوەی مرۆییم لەدەستداو ئەوان قرژاڵێکیان دیت کە لە هۆڵی ئەوەندە مرۆیی پاشەو پاش هەڵوێ. ئێستا دەست درێژکەری دەمامك لەڕو هەڵماڵدراو، ڕایکردووە: نمایش درێژەی دەبێت. رقم هەڵدەستێ کە لە دوامەوە ئەو کۆمەڵە پڕ لە جموجۆڵەی چاوەکانی و بیرۆکەکانی ترس لێ نیشتوو هەست پێدەکەم. پیادەڕۆیەکی دیکە بەدرێژایی کەنار دەریا و کابینەکانی مەلەوانانی لێیە.

کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆخی دەریا پیاسە دەکەن، لەکاتێکدا کە ڕوخسارە بەهاری و شاعیرانەکانیان بەرەو دەریا دەسووڕێنین.

بەهۆی تیشکی خۆر بەجۆرێکن کە دەڵێی لە پشوودا بەسەر دەبەن. کۆمەڵە ئافرەتێك هەن کە بەرگی ڕوونی ساڵی پاری بەهاریان پۆشیوە، ئەوان درێژ و سپی وەکوو دەستەوانەی شیڤیرۆ تێدەپەڕن. هەروەها کۆمەڵە کوڕێك هەن کە دەچنە قوتابخانەی ئامادەیی و بەشی بازرگانی و هەروەها کۆمەڵە پیرەمێردێکی مەدالیا لێدراو. یەکتری ناناسن، بەلاّم بە حاڵەتێکی پیلانگێڕانە سەیری یەکتری دەکەن، لەبەر ئەوەی هەوا زۆر خۆشە و ئەوان مرۆڤن. لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی شەڕدا، مرۆڤەکان یەکتری لە ئامێز دەگرن بەبێ ئەوەی یەکتر بناسن. هەموو ساڵێك بەهار بە ڕووی یەکدا زەردەخەنە دەکەن. قەشەیەك بەدەم خوێندنەوەی کتێبی نزاکەی بە هەنگاوی لەسەرخۆوە بەڕێدا دەڕوات. جاریوایە کە سەری لەسەر هەڵدەگرێ و پشتڕاستکەرەوانە سەیری دەریا دەکات: دەریاش کتێبێکی نزایە، باسی خوا دەکات. ڕەنگە نەرم و نیانەکان، بۆ نەخۆشەکان، ڕوحەکانی بەهاران. ((هەوایەکی چەندە خۆش، دنیا سەوز ڕەنگە، ئەم وشکە سەرمایەم زیاتر لە شێداری پێخۆشە.))

شاعیران! ئەگەر یەخەی پاڵتۆی یەکێکیانم بە چنگ دەگرت، ئەگەر پێم دەگوت ((وەرە بۆ یارمەتیم.))، وادەزانێ ((ئەم قرژاڵە چییە ئیدی؟)) و تێی دەتەقاند و هەڵدەهات و پاڵتۆیەکەی لە نێو دەستەکانمدا بەرەلاّ دەکرد.

پشتیان تێدەکەم، بە دوو دەست پاڵ بە مەجەرەکەوە دەدەم. دەریا ڕاستەقینە ساردو ڕەش و پڕە لە گیاندار، لەژێر ئەم توێکڵە تەنك و سەوز ڕەنگەدا کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك دروست بووە، دەخزێت. ئەو پەریانەی کە لە دەوروبەرمن فریوی ئەویان خواردووە: شتێك نابینن جگە لە توێکڵێکی تەنك، ئەمە هەر ئەوەیە کە بوونی خوا دەسەلمێنێ.

من ژێرەوە دەبینم! ڕەنگ و لیکەکان دەتوێنەوە، پێستە مەخمەریە بچووکە درەوشاوەکان، پێستە بچووکەکانی کۆخ لە هەموو شوێنێك لەژێر نیگامدا دەتەقن، دەقڵشێتەوەو دەمی لێك دەکاتەوە. تڕاموای سێنت ئەلمێر دەگاتەجێ، بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوەو شتەکانیش لەگەڵ مندا دەسووڕێنەوە، شتە ڕەنگ کاڵبووەکان و سەوز وەکوو سەدەف. بێهودە، بێهودە بوو کە خۆم هەڵداو سواری بووم لەبەر ئەوەی نامەوێ بچمە هیچ جێیەك.

لە پشت شووشەکانەوە شتی شین شێوە، ناسك و لەشکان هاتوو، بە جوڵە جوڵ مەسیرە دەکەن. خەڵك، دیوارەکان، ماڵێك لە کەلێنی پەنجەرە کراوەکانییەوە دڵی ڕەشی نیشانم دەدات و شووشەکان ڕەنگی شین دەدەنە هەرچییەکی ڕەش و ڕەنگ کاڵبووەیە بەم بینایە گەورە خشتەییە، ڕەنگی شین دەدات کە هەڵوەستەکەرانە، لەرزۆك لەرزۆك بەرەوپێش دەچێ و لەناکاو کە لووتی بۆ پێشەوە هەڵدەدا ڕادەوەستێ. پیاوێك سوار دەبێ و لە بەرامبەرم دادەنیشێ. بینا زەردەکە دیسان بەرێدەکەوێتەوە، بە بازێك خۆی دەگەیەنێتە شووشەکان، ئەوەندە نزیکە کە ناتوانرێت جگە لە بەشێکی ببینرێت، تاریك بووە. شووشەکان دەلەرزن. بینایەکە ورد بوو، بەرزدەبێتەوە، زۆر بەرزتر لەوەی بکرێ ببیندرێ، بە سەدان پەنجەرەی کراوەوە بۆ دڵە ڕەشەکان، بە پەنا تڕاموادا دەخلیسکێ، لێی دەخنێ، تاریکایی شەو دەکەوێتە نێو شووشە لەرزۆکەکانەوە. بەردەوام دەخلیسکێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات، وەکوو قوڕ زەردەو شووشەکان لەسەر ڕەنگی شینی ئاسمانین. ئیدی لەوێ نییە، دواکەوت، تیشکی خۆڵەمێشی درەوشاوەی تڕاموا لە خۆیدا ڕۆدەبات و بە دادپەروەرییەکی بێ بەزەییانە بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە: ئەمە ئاسمانە، لە پشت شووشەکانەوە دەتوانرێت توێژە تیکهەڵکشاوەکانی ئاسمان ببیندرێت، لەبەر ئەوەی خەریکین لە گردی ئێلغار سەردەکەوین و مرۆڤ هەردووك بەر بە ڕوونی دەبینێ، لەبەری ڕاست تاکوو دەریا، لەبەری چەپیش تاکوو فڕۆکەخانە. جگەرەکێشان قەدەغەیە تەنانەت جگەرەیەکی ژیتانیش.

دەستم دەخەمە سەر کورسییەکە، بەڵام بە پەلە دەیکێشمەوە! بوونی هەیە. ئەو شتەی کە لە سەری دانیشتووم، کە دەستم خستە سەری، بە کورسی ناو دەبرێت. ئەوەیان بە ئەنقەست بۆ ئەوە دروستکردووە کە بتوانرێت لەسەری دانیشرێت، چەرم و ئیسپرینگ و پارچەیان هەڵگرت و دەست بەکاربوون، بەو بیرەوە کە نیشینگەیەك دروست بکەن، کاتێکیش کە تەواویان کردبوو، ئەمەیان دروست کردبوو. هێنایانە ئێرە، نێو ئەم تراموایە، تراموایش ئێستا بە شووشەی لەرزۆك و خلۆرەوە جووڵەکراوەوە بەرەو پێش دەچێت، ئەو شتە سوورەش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەدەم ورتە ورتەوە، کەمێك وەکوو کۆنترۆڵ کردنی ئەجندە، دەڵێم: ((ئەمە کورسییە.))، بەڵام وشەیەك لەسەر لێوەکانم دەمێنێتەوە! لە ڕۆیشتن و جێگرتن لەسەر شتێك خۆی دەبوێرێ. شتەکە خۆی وەکوو ئەوە دەنوێنێ کە هەیە، بە ڕووکەشی ریشوداری سووری، هەزاران لاقی بچووکی سوور لە هەوادا، هەموویان وشك و برینگ، لاقی بچووکی مردو. ئەو ورگە زلە ڕوو لە هەوا کردووە، خوێنرێژ، هەڵامساو-بە هەموو لاقە مردووەکانییەوە هەڵامساوە، ئەم ورگەی کە لەم تراموایەدا، لەنێو ئەو ئاسمانە خۆڵەمێشیەدا شەپۆڵ دەدات کورسی نییە. بۆ نموونە دەتوانێت کەرێکی تۆپیویش بێت، هەڵامساوە لە ئاو، کەرێك کە لەسەر پشتی لە کەناری ڕووبارێکی خۆڵەمێشی، ڕووبارێکی هەستاو، شەپۆل دەدات، منیش لەسەر ورگی کەرەکە دادەنیشم و لاقەکانم لەنێو ئاوی زوڵاڵدا تەڕ دەبن. شتەکان خۆیان لە ناوەکانیان ڕەواندۆتەوە. ئەوان لەوێن، بە شکڵی سەیرەوە، دزێو، زەبەلاح، هەروەها پێکەنیناوی خۆیان دەنوێنن کە بە کورسیان ناو ببەین یان بابەتێکیان لە بارەوە بڵێین: من لە ناوەڕاستی شتەکاندام، ناو وەنەگرەکان. تەنیا، بەبێ وشەکان، بەبێ بەرگری، دەوران دەوریان گرتووم، ژێرم، پشتم، سەر سەرم. ئەوان داوای هیچ شتێك ناکەن، خۆیان ناسەپێنن: ئەوان لەوێن. لەژێر سەرینۆکەی کورسی، هێڵێکی بچووکی سێبەردار لە پەنا دیوارە دارینەکەدا هەیە، هێڵێکی بچووکی ڕەش کە بە حاڵەتێکی نهێنیاوی و قۆشمەییەوە تاڕادەیەك هاوشێوەی زەردەخەنەیەك بەدرێژایی کورسییەکە دەڕوات. باش دەزانم کە زەردەخەنەیەك نییە و لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەیە، بەژێر شووشە سپی شێوەکەدا دەڕوات، هەروەها هەراو هوریای شووشەکان، بزێوی دەکات، لەژێر وێنە ڕەنگ شینەکاندا کە لە پشت شووشەکانەوە مەسیرە دەکات و ڕادەوەستێ و دیسان بەرێدەکەوێتەوە، بزێوی دەکات، هاوشێوەی بیرەوەری کاڵبۆوەی بزەیەك، وەکوو وشەیەکی نیمچە فەرامۆش کراو کە تەنیا بەشی یەکەمی دێتەوە یاد و باشترین

کار کە دەکرێ بکرێت ئەوەیە کە چاوەکان دوور بخاتەوە و بیر لە شتێکی دیکە بکرێتەوە، لەو پیاوەی کە لەسەر کورسی بە نیوەیی ڕاکشاوە، بەرامبەر من، لەوێ ڕوخسارێکی لەسەر ڕەنگی قوڕی سوورکراوە و چاوی شینی هەن. تەواوی بەشی لای ڕاستی جەستەی داتەپیوە، قۆڵی ڕاست بە جەستەوە نووساوە، کەلەکەی ڕاستە، ئەوەندەی ژیان تێدا نییە، بە زەحمەت و قرچۆکانە ژیان بەسەر دەبات، دەڵێی شەلەل لێی داوە، بەڵام لەسەر تەواوی کەلەکەی چەپە، بوونێکی بچووکی مشەخۆری هەیە کە زیاد دەکات، سوزنەکێك: قۆڵ دەستی بە لەرزین کرد پاشان هەستاو دەست لە کۆتاییدا وشك بوو. ئەوسا دەستیش دەستی بە لەرزین کردو کاتێك گەیشتە ئاستی سەر، پەنجەیەك هەڵهاتەوەو بە نینۆك دەستی بە خوراندنی پێستی سەر کرد. جۆرە شێوەیەکی شەهوەتناك هات و سوچی ڕاستی دەمی نیشتەوەو سوچی چەپیشی بە مردوویی مایەوە. شووشەکان دەلەرزین، قۆڵ دەلەرزێ، نینۆك دەخورێنێ، دەخوێنێ، دەم لە ژێر چاوی بێ پێچ و پەنا بەستوودا زەردەخەنە دەکات و پیاوەکە بێ ئەوەی هەست پێ بکات ئەو بوونە بچووکە کە لە پەنا دەستی ڕاستی هەڵدامسێن، کە قۆڵ و ڕوومەتی ڕاستی بۆ بە ئاکام گەیشتن خۆی بە قەرز وەرگرتووە، بادەدات. یارمەتی شوفێریش دادەخات.

((هێواشبە، ڕاوەستە.))

بەڵام من وەلای دەخەم و لە تراماوە خۆم هەڵدەدەمە دەرێ. ئیدی تاقەتم بەسەرچوو بوو. ئیدی خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، کەشتەکان ئەوەندە نزیك بن. دەرگای محەجەرەییەکە پاڵ پێوە دەنێم و دەیکەمەوە، دەچمە ژوورێ، بوونە سووکەکان بە بازێك خۆ هەڵدەدەن و لەسەر پۆپی درەختەکان هەڵدەنیشن. ئێستا خۆم دەناسمەوە، دەزانم لە کوێم: لە باخی میللی دام.

لەسەر کورسی پاڵ دەکەوم، لەنێو قەدی درێژی ڕەشدا، لەنێو دەستی ڕەشی گرێواویدا کە بەرەو ئاسمان هەڵکشاون. درەختێك بە نینۆکی ڕەش زەوی ژێر لاقانم دەڕوشێنێ.

زۆر حەز دەکەم خۆم بەرەڵا بکەم، خۆم لەبیر ببەمەوە، بخەوم، بەڵام ناتوانم، خەریکە دەخنکێم: بوون لە هەموو لایەکەوە دزە دەکاتە نێوم نا لە چاوەکانەوە، لە لووتەوە، لە دەمەوە...

لە ناکاو، لە پڕێکدا، پەردەکە ڕادەماڵرێ، من تێگەیشتم، من بینیم.

((کاتژمێر شەشی ئێواری))

ناتوانم بڵێم کە هەست بە سووکی یان ڕازی بوون دەکەم، لە پێچەوانەوە، ئەمە وردم دەکات، بەڵام بە ئامانجم گەیشتووم! ئەوەی کە دەمویست بیزانم، دەزانم. تەواوی ئەوەی کە لە

مانگی کانوونی دووەمەوە بەدواوە تووشم بووە تێی گەیشتووم. هێڵنج بەری نەداوم و پێم وانییە بەمزووانە وازم لێ بێنێ، بەڵام ئیدی لەدەستی ناچێژم، ئیدی نەخۆشیەك یان قەیرانی زوو تێپەڕیوو نییە! خودی منە. من هەر ئێستا لە باخی میللی بووم. ڕەگی درەختی دار بەڕوو ڕێك لە ژێر کورسییەکەم لە زەوی ڕۆدەچوو. ئیدی نەدەهاتەوە یادم کە ئەوە ڕەگە. وشەکان ون ببوون و لەگەڵیاندا، بەڵگەی شتەکان، شێوازی بەکارهێنانیان، هێماکانی ڕێگاوبانی سست کە مرۆڤەکان لەسەر ڕووکەشیان کێشاون. دانیشتووم، کەمێك چەماوە، سەردانەواندو، تەنیا بەرامبەر ئەو کۆمەڵە ڕەش و گرێواوییە، کە یەکسەر خاو بوو و منی دەترساند. ئەوسا تووشی ئەم بریسکەیە بووم. هەناسەی بڕیم، بەر لەم چەند ڕۆژەی دوایی، قەت مەزەندەم نەکردبوو کە ((هەبوون)) چ واتایەکی هەیە. وەکو خەڵکانی تر بووم، وەکو ئەوانەی کە بە بەرگی بەهارییانەوە لە کەناری دەریا پیاسەیان دەکرد. وەکوو ئەوان دەمگوت: ((دەریا سەوزە، ئەو پەڵە سپییەی دوورەوە باڵندەیەکی دەریاییە))، بەڵام هەستم نەدەکرد کە بوونی هەیە، کە باڵندەی دەریایی یەك ((باڵندەی دەریای هەبوو))یە، بەگشتی هەبوون، خۆی دەشارێتەوە، لەوێیە، لە دەورو پشتی ئێمە، لە دەروونی ئێمەدا، خودی ئێمەیە، مرۆڤ ناتوانێ دوو سێ وشە بڵێ بێ ئەوەی باسی بکات و لەکۆتاییشدا، مرۆڤ دەستی لێ نادات. کاتێك کە باوەڕم پێی هەبوو، بیرم دەکردەوە، پێموایە بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، سەرم سووك بوو، یان تەنیا یەك وشەم لە مێشکدا بوو، وشەی ((بوون)) ئەگینا بیرم دەکردەوە...

چۆن چۆنی بیڵێم؟ بیرم لە دابەشبوون دەکردەوە، بە خۆمم دەگوت کە دەریا هی بەشی شتە سەوزەکانە یان سەوزی بەخشێکە چۆنیەتییەکی دەریا پێك دەهێنێ.

تەنانەت کاتێك سەیری شتەکانم دەکرد، چەندەها فەرسەخ دوور بووم، لەو مەزەندەیەی کە ئەوان بوونیان هەیە: ئەوان وەکوو ڕازاندنەوەی دیمەن دەهاتنە بەرچاوم. بەدەست هەڵم دەگرتن، هەروەکوو کەرەستە بە کەڵکم دەهاتن، پێشبینی بەرگریەکانیانم دەکرد، بەڵام هەموو ئەمانە لەسەر ڕووکەش ڕوویان دەدا. ئەگەر کەسێك پرسیاری لێ بکردمایە کە هەبوون چییە، ڕاستگۆیانە وەڵامم دەدایەوە کە هیچ شتێك نییە، تەنیا ڕوویەکی (فۆڕم) بەتاڵ کە دەهات خۆی لەسەر شتەکانی دەرەوە زیاد دەکرد، بێ ئەوەی گۆڕان لە سروشتیاندا بکات. ئەوسا، لەناکاو، ئەو لەوێ بوو، وەکوو ڕۆژی ڕووناك وابوو: لە پڕێکدا ئاشکرا ببوو، خۆنواندنی بێ زیانانەی لە پلەی گوتەیەکی تەجریدیدا ون کردبوو! هەمان هەویری شتەکان بوو، ئەم ڕەگە لە

هەویری هەبووندا قاڵبی وەرگرتبوو. یان باشتر بڵێم، ڕەگ، مەجەرەکانی باخ، کورسی، چەمەنی تەنکی سەر چەمەنزار، هەموویان ون ببوون، جۆراوجۆری شتەکان، تاك بوونیان، جگە لە هێما هیچی دی نەبوو، لیکێك. ئەو لیکە توابۆوە، کۆمەڵە زەبەلاحەکان و نەرم و بێ سامان مابوونەوە-هەموویان ڕووت، بە جۆرە ڕوحییەکی ترسناك و دزێوەوە. وریا بووم کە بچووکترین جووڵە نەکەم، بەڵام پێویست نەبوو بجوڵێم تا لە پشت درەختەکانەوە پایە ڕەنگ شینەکان و گلۆپی ژووری ژەنیاران، هەروەها پەیکەرەی ڤێڵدا لە ناوەڕاستی چڕییەکی دەوەنەکاندا لەنێو ئەشکەوت ببینم. هەموو ئەوشتانە... چۆن بیلێم؟ ئەوان ناڕەحەتیان دەکردم، حەزم دەکرد بە توندییەکی کەمتر بوونیان هەبێت، بە جۆرێکی وشك تر، تەجریدی تر، یان خۆ بەدوور گرتنی زیاتر، درەختە دار بەڕووەکە خۆی لەسەر چاوانم دەگوشی. ژەنگاوی بوون، تاکوو نیوەی قەدەکەی دادەپۆشی، توێکڵی ڕەش و هەڵامساو وەکو چەرمی کوڵاو دەچوو. خوڕەی ئاوی کانی ماسکرە دەئاخنرایە نێو گوێیەکانم و لەوێ هێلانەی ساز دەکرد، بە ئاخ دەیئاخنین، کونە لوتەکانم لیَوا لێو بوون لە بۆنی سەوز و بۆگەنیو. هەموو شتەکان، نەرم و باڵ سووك، خۆیان بەرەڵا کردبوو کە بەرەو بوون برۆن، هاوشێوەی ئەو ئافرەتە ماندوانەی کە خۆیان دەدەنە دەستی پێکەنین و بە دەنگی گریانەوە دەڵێن: ((پێکەنین باشە.)) ئەوان بەرامبەر یەکتری ڕاخرابوون، لەڕووی بودەڵەییەوە نهێنی بوونیان بۆ یەکتری ئاشکرا دەکرد.

بۆم دەرکەوت کە لە نێوان نەبوون و ئەم زۆر بەشەیداییەدا مام ناوەندییەك نییە. ئەگەر کەسێك هەبووایە، دەبوایە تا ئەو ڕادەیەك بوونی هەبێت، تارادەی کەڕو، تاڕادەی هەڵامسان، تاکوو ڕادەی دزێوی. لە دنیای دیکەدا، بازنەکان و ئاوازە مۆسیقییەکان هێڵە بێ خەوش و وردەکانیان دەپارێزن، بەڵام هەبوو و چەمانەوەییە کە درەختەکان، پایە شینەکانی شەو، خۆڕەی شادومانەی کانیەك، بۆنە زیندووەکان، هۆرمەکانی بچووکی گەرمایەك کە لە هەوای سارددا شەپۆل دەدات، ئەو پیاوە مورسوورەی کە لەسەر کورسییەك بە هەرسکردنەوە دانیشتبوو: هەموو ئەم خەواڵوییانە، هەموو ئەم هەرسکردنانەمان کە بە یەکەوە لەبەرچاو بگرتایە، بە جۆرێکی شاراوە پێکەنیناوی خۆیان دەنواند. پێکەنیناوی... نا! تا ئەو ڕادەیە نەدەڕۆین، هیچ شتێك لەوەی کە بوونی هەیە مومکین نییە، پێکەنیناوی بێت، هاوشێوە ویکچوونێکی شاراوەو تاڕادەیەك هەست پێنەکراو لەگەڵ هەندێك پێگەگەلێکی کۆمیدیایی سووك بوو. ئێمە کۆمەڵەیەك لە بوونەوەرگەلی ناڕەحەت و بێزار بووین بەدەستی خۆمان، ئێمە کەمترین

بەڵگەمان بۆ هەبوون لەوێ نەبوو، هیچ کامان، هەر بوونەوەرێك، ئاڵۆز، بە جۆرێکی شاراوە، نائاسوودە، خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی تردا بە زیادە هەست پێ دەکات. زیادە! ئەمە تاکە پەیوەندییەك بوو کە دەمتوانی لە نێوان ئەو درەختانەدا، ئەو محەجەرانە، ئەو لمانە دروستی بکەم. بێهودە هەوڵم دەدا، تاکوو دار بەڕووەکان بژمێرم، کە لە پێوەندی لەگەڵ ڤێلڕادا ((دارین بنێم))، کە بەرزاییەکەیان لەگەڵ بەرزایی دار چناردا بپێوم: هەر یەکێکیان لەو پەیوەندیەی کە هەوڵم دەدا تێیدا پاوانی بکەم هەڵدەهات، گۆشەگیری هەڵدەبژارد، لێواو لێو دەبوو.

لە خۆ سەریانەی ئەو پەیوەندیانە ئاگادار بووم، ئەو پەیوەندیانەی کە لە ڕاگرتنیاندا پێداگریم دەکرد بۆ ئەوەی داڕمانی جیهانی مرۆیی، ئەندازەکان، چۆنیەتییەکان، هەروەها ئاراستەکان دوابخەم، ئەمانە ئیدی شتەکانیان لە چنگی خۆیاندا نەبوو. زیادە، دار بەڕوو، لەوی بەرامبەرم، کەمێك لای چەپ. زیادە، ڤێلدا...

ئەوسا من- لێقەوماو، سست بوو، دزێو، خۆش هەوەس، لە کاتێکدا کە کۆمەڵە بیرێکی تاریکم بۆ ئەملاو لا هەڵدەدا- منیش زیادەبووم. خۆشبەختانە ئەمەم هەست پێ نەدەکرد، زیاتر تێی دەگەیشتم، بەڵام نائاسوودە بووم لەبەر ئەوەی دەترسام هەستی پێ بکەم (تەنانەت ئێستاش لێی دەترسێم-دەترسێم نەبادا لە پشتەوەڕا بمگرێ و وەکوو شەپۆڵە ئاوێك بەرزم کاتەوە). بە جۆرێکی شاراوە خەیاڵی کوشتنی خۆمم دەهۆنییەوە تاکوو لانی کەم یەکێك لەو هەبوونە زیادانە لەناو ببەم، بەڵام تەنانەت مردنیشم زیادەبوو. زیادە، تەرمەکەم، خوێنم لەسەر ئەم لمانە، لەنێو ئەم گیایانەدا، لە قوڵایی ئەم باخە دڵخۆشکەرە. هەروەها گۆشتی مردوو تەراشراو لە زەوییەکدا کە دەبوایە وەری بگرێت زیادەبوو، لە کۆتاییشدا ئێسکەکانم، پاك کراوە، پێست لێ داماڵراو، هەروەها پاك و خاوێن وەکوو ددان، ئەویش زیادەبوو: من تاکوو سەرمەدی زیادەبووم. وشەیەکی پووچ ئێستا لەژێر پێنووسەکەم لەدایك دەبێ، کەمێك لەمەوبەر، لە باخدا، نەمدۆزییەوە، بەڵام بە دواشیدا نەدەگەڕام، پێویستم پێی نەبوو: من بەبێ وشەکان بیرم دەکردەوە، دەربارەی شتەکان، لەگەڵ شتەکاندا پووچی نەمەزەندەیەك بوو (لەسەر)دا نە ئاوازی دەنگێك، بەڵکوو ئەو مارە مردووەی درێژی لای قاچەکانم بوو، ئەو مارە دارینە. مار یان چنگاڵ یان ڕەنگ یان نینۆکی داڵە گۆشت خۆر، گرنگ نییە. بەبێ ئەوەش بە ئاشکرایی شتێك دەربڕم، تێدەگەیشتم کە کلیلی هەبوون، کلیلی هێڵنجەکانم، کلیلی ژیانی

خۆمم دۆزیوەتەوە. بەڕاستی، هەموو ئەوەی توانیم دواتر تێی بگەم، بۆم پوچییە بوونیادییە دەگەڕێتەوە. پووچی: دیسانەوە وشەیەکی دیکە، من لەگەڵ وشەکاندا شەڕ دەکەم، لەوێ، دەستم لە شت دا، بەڵام لێرە دەمەوێ خەسڵەتی رەهای ئەم پوچییە دەستنیشان بکەم. جووڵەیەك، ڕووداوێك لەنێو دنیای بچووکی ڕەنگاوڕەنگی مرۆڤەکاندا هەرگیز جگە لە ڕووی ڕێژەیی پووچ نییە: لە پێوەندی بە دۆخ و هەلومەرجی کە پێویستی ئەوەن. بۆ نموونە قسەکانی شێتێك لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەو پێگەی تێی دایە پووچە، بەڵام نەك لە پێوەندی بە شێتییەکەی، بەڵام من، کەمێك لەمەوبەر، ڕەهام تاقیکردەوە! ڕەها یان پووچ. ئەو رەنگە هیچ شتێك نەبوو لە پەیوەندی لەگەڵیدا، ئەم ڕەگە پووچ نەبێت. ئۆه! چۆن دەتوانم بیکەمە وشە؟ پووچ: لە پێوەندی لەگەڵ لمەکاندا، لەگەڵ قوبەی سەوزەی زەرد، لەگەڵ قوڕی وشك هەڵاتوودا، لەگەڵ درەختدا، لەگەڵ ئاسماندا، لەگەڵ کورسیە سەوزەکاندا. پووچ، لە ورگێڕان نەهاتوو، هیچ شتێك -تەنانەت سەرسامێکی قوڵ و شاراوەی سروشت - نەیدەتوانی ڕوونی بکاتەوە. دیارە کە من هەموو شتێکم نەدەزانی، چرۆ دەرکردن و چاندن و ڕواندنی درەختم نەدیبوو، بەڵام ڕووبەڕووی ئەو پەنجە گەورەو ناهەموارە، نەزانایی نە نەزانی گرینگی نەبوو: دنیای ڕوونکردنەوەو بەڵگەکان، دنیای هەبوون نییە. بازنە پووچ نییە، بە سووڕانی ڕاستە هێڵ بە دەوری یەکێك لە نووکەکانی خۆیدا بە ڕوونی شیاوی ڕوونکردنەوەیە، بەڵام وەکوو بازنە بوونی نییە. ئەو ڕەگە، بە پێچەوانەوە، بەڕادەیەك بوونی هەبوو کە نەمدەتوانی ڕوونی بکەمەوە. گرێیاوی، بێ جووڵە، بێ ناو، دڵی دەڕفاندم، چاوکانی پڕ دەکردم، بەردەوام منی بۆ هەبوونی خۆی دەگێڕایەوە. هەرچەندە دووبارەم دەکردەوە ((ئەمە ڕەگێکە))، ئیدی کاریگەری نەبوو بۆم دەرکەوت کە مرۆڤ ناتوانێ لە کارکردنی وەکوو ڕەگ، لە ڕووی پەلپێکی مژەر تێپەڕێ، پێی بگات، بەو پێیە ڕەق و کەڵەکە بوو، بەو ڕوخسارە چەور و پینەدارو قەتیسە. کارکرد، شتێك ڕوون ناکاتەوە: توانایی دەدایە مرۆڤ کە بە شێوەی گشتی تێ بگات ڕەگ چییە، بەڵام هەرگیز نە ئەمەیان. ئەم ڕەگە، بە ڕەنگەکەیەوە، ڕوخسارییەوە، جووڵەی بەستەڵۆکی، لەژێر هەر جۆرە ڕوونکردنەوەیەکدا بوو. هەرکام لە چۆنییەتییەکانی کەمێك لێی ڕادەکرد، لێی دەڕژایە دەرێ، تاکوو دەبووە نیمچە ڕەق، تاڕادەیەك دەبووە شتێك، هەرکامیان لە نێو ڕەگدا زیادبوو، کۆلکی جارەکەش ئێستا یەکسەر ئەو هەستەی پێ دەدام کە خەریك بوو کەمێك لەخۆی خلۆر دەبۆوە دەرێ، نکۆڵی خۆی دەکرد، خۆی لە ئەو پەڕێکی سەیردا ون دەکرد. پاژنەم بەو پەنجە ڕەشەدا

هێنا: حەزم دەکرد کەمێك لە پێستەکە لێ بکەمەوە. لەبەر هیچ، بەهۆی شەڕەنگێزییەوە، بۆ دەرخستنی ڕەنگی پەمەیی ڕووشانێك لەسەر چەرمە خورماییەکە: بۆ گەمە کردن لەگەڵ پووچی دنیادا، بەڵام کاتێك قاچم کێشاوە دواوە، دیتم توێکڵەکە هەروا بەڕەشی مایەوە ڕەش؟ هەستم کرد کە ئەم وشەیە بایەکەی خاو بۆوەو بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەرەوە لە ماناکەی بەتاڵ بوو. ڕەش؟ ڕەگە ڕەشەکە نەبوو، ئەو شتەی کە لەسەر ئەو پارچەدارە بوو، ڕەشایی نەبوو-شتێکی دیکە بوو! ڕەشایی، هاوشێوەی بازنە، بوونی نەبوو. تەماشای ڕەگەکەم کرد: ئایا زیاتر لە ڕەش بوو یان تاڕادەیەك ڕەش؟ بەڵام خێرا وازم لە پرسیارکردن لەخۆم هێنا چونکە هەستم دەکرد کە لە شوێنێکی ئاشنا دام. بەڵێ، من بەرلەمە بە هەمان نیگەرانییەوە شتە ناو وەرگرەکانم بە وردی پشکنی بوو، بەر لەمە هەوڵمدا بوو-بێهودە- کە شتێك لە بارەیانەوە بیر بکەمەوە: هەروەها لەمەوبەر هەستم کردبوو کە چۆنییەتییە سارد و بێ جموجۆڵەکانیان ڕادەکەن، بە نێو پەنجەکانمدا دەخلیسکێن. قایشی پانتۆڵی ئادۆڵف، چەند شەو لەمەوبەر، لە کافەی ڕاندۆڤ دشمینۆ. ئەو وەنەوشەیی نەبوو. دوو پەڵەی لە پێناسە نەهاتووم لەسەر کڕاسەکە دێتەوە. هەروەها وردە بەردەکە، ئەو وردە بەردە درۆزنەی، سەرچاوەی هەموو ئەم شتانە: ئەو... نەبوو بەباشی بیرم نایە کە ئەو لە بوونی چ شتێك خۆی بە دوور دەگرت، بەڵام بەرگری کردنی هەڵچوونیم فەرامۆش نەکردبوو. هەروەها دەستی زانست وەرگر، ڕۆژێك لە کتێبخانە ئەوەم گرتبوو و ڕامگوشی بوو، پاشان ئەو هەستەم بۆ دروست بوو کە ئەو بە تەواوی دەست نەبوو. بیرم لە کرمێکی سپی قەڵەو کردبۆوە، بەڵام ئەویش نەبوو. هەروەها شەفافییەتی گوماناوی پەرداخی بیرە خواردنەوە لە کافەی مابلیدا. گوماناوی: هەر ئەوە بوون، دەنگەکان، بۆنەکان، تامەکان. کاتێك وەکوو کەروێشکی ڕاونراو بە پڕتاوەوە بەژێر لوتتاندا غاریان دەدا و ئەوەندە گوێت پێ نەدەدان، دەکرا ئەوان سادەو ئاسوودەکەر لە قەڵەم بدرێن، دەکرا بڕوا بکرێت کە شینی ڕاستەقینە، سووری ڕاستەقینە، بۆنێکی ڕاستەقینەی بایەوە یان وەنەوشە لە جیهاندا هەیە، بەڵام هەر کە ڕاتان دەگرتن، ئەم هەستەی ئاسایش و سەقامگیرییە شوێنی خۆی دەدایە دڵەڕاوکێیەکی قووڵ: ڕەنگەکان، تامەکان، بۆنەکان هەرگیز ڕاستەقینە نەبوون، هەرگیز لە سەدا سەد بۆخۆیان نەبوون و هیچ شتێك جگە لە خۆیان کەم بایەخترین و لەدابەش نەهاتووترین چۆنیەتی لە پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا، لە خۆیدا، لە دڵیدا، شتێکی زیادەی هەبوو. ئەو ڕەشە، لەوێ، لەبن پێیانم، ڕەش وەکوو ڕەش خۆی نەدەنواند، بەڵکوو زیاتر کۆششێکی

ئالۆز و بالۆز بوو بۆ خەیاڵکردنی ڕەشایی لەلایەن کەسێکەوە کە هەرگیز ڕەشایی نەدیبوو نەیزانیوە چۆن بوەستێ، کەسێك کە لە پشت ڕەنگەکانەوە بوونی شاراوەی خەیاڵ کردووە. ئەو لە ڕەنگێك دەچوو، بەڵام هەروەها... لە برینداریيەك یان دیسانەوە لە شێدارییەك، لە ڕۆنی خوری-هەروەها لە شتێکی دیکە، بۆ نموونە بۆنێك، لە بۆنی زەوییەکی شێدار دەتوایەوە، لە بۆنی دری شیلەتێن و شێدار، لە بۆنی ڕەشاییەك کە وەکوو لێك لەسەر ئەو دارە ڕەقە پیوی پەخش کردبوو، لە تامێکی شیرینی کارتۆنێکی ئەستووری هەویردار. من ئەو ڕەشاییەم لە سەدا سەد نەدەدیت: بینایی داهێنانێکی تەجریدییە مەزندەیەکی پاك کراوەو سروشتی کراو، مەزەندەیەکی مرۆییە. ئەو ڕەشاییە، ئامادەبوونێکی بێ شکڵ و کاڵ بۆوەیە، لە بینایی و بۆنکردن و چێژایی زۆر دەردەچوو، بەڵام ئەو دەگۆڕا بۆ لێواو لێوێکی پەرێشانی. سەرەنجام ئیدی هیچ شتێك نەبوو، چونکە زیادە بوو. ئەو ساتە لە ڕادەبەدەربوو. من لەوێ بووم، بێ جووڵە و بەستەڵۆك، نوقمی کێشێکی ترسناك، بەڵام ڕێك لە دڵی ئەو کێشەدا، شتێکی تازە هەر ئێستا بەدیار کەوتبوو، من هەستم بە هێڵنج کرد، هەمبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من دۆزینەوەکانم بۆ خۆم دەرنەدەبڕین، بەڵام پێموایە کە ئێستا ئاسان بوو بۆم کە بیانخەمە نێو قاڵبی وشەکانەوە. کاری سەرەکی، هەمان ئیمکانە. مەبەستم ئەوەیە کە، بە گوێرەی پێناسە، بوونی مرۆڤەکان و شتەکان بریتی نییە لە پێویست بوون. هەبوون بەشێوەیەکی سادە واتە لەوێ بوون، بوونەوەرەکان بەدیاردەکەون، لێدەگەڕێن توشیان ببین، بەڵام هەرگیز ناتوانرێ دەرەنجامیان وەربگیرێت. پێموایە کەسانێك هەن کە لەمە تێگەیشتوون، بەڵام ئەوان هەوڵیانداوە کە بە داهێنانی بوونێکی زەروری و کۆتایی بە خۆیان و بەڵگەنامەکانی بەخۆیان، زاڵ بن بەسەر ئەم ئیمکانەدا، بەڵام هیچ بوونێکی زەروری کە مرۆڤەکان دەیکەنە بەڵگەی خۆیان ناتوانێ هەبون ڕوون بکاتەوە: ئیمکان، ڕەواڵەتی درۆ نییە، هێمایەك کە بکرێ ڕەش بکرێتەوە، ئەو ڕەهایە، لەم ڕووەوە بێ هۆیی تەواو. هەموو شتێك بێ هۆیە، ئەم باخە، ئەم شارەو خودی من. کاتێك کە پەی پێ دەبەن، دڵتان تێکەڵ دێنێ و هەموو شتێك دەست بە شەپۆل لێدان دەکات، وەکوو چەند شەو لەمەوبەر لە کافەی ڕاندۆڤ دشمینۆ: ئەوە هێڵنجە. هەر ئەوەیە کە-خەڵکی کۆتۆڤۆر و ئیدیکە- هەوڵ دەدەن تاکوو بە یارمەتی مەزەندەیان لە ماف، لە خۆیانی بشارنەوە، بەڵام چ درۆیەکی بوودەڵە: هیچ کەس مافێکی نییە، ئەوان یەکسەر بێ

هۆن، هاوشێوەی مرۆڤەکانی تر سەرکەوتوو نابن کە خۆیان بە زیادە هەست پێ نەکەن. ئەوان وەکوو خۆیان، بە نهێنی، زیادەن، واتە بێ شکڵ و شاراوە، خەمناك.

ئەو کێشکردنە تاکوو کەی خایاند؟ من ڕەگی دار بەڕوو بووم یان باشتر بڵێم، من ڕاستەوخۆ بە ئاگابوون لە بوونی بووم. هێشتا پچڕاو لەوی-چونکە لێی ئاگاداربووم- لەگەڵ هەموو ئەوەشدا بزربوو تێیدا، هیچ شتێك جگە لەوە. ئاگادارییەکی نائاسودە و بەم وەسفە ئاگادارییەك کە دەچوو بە هەموو کێشیەوە لەسەر ئەو پارچە دارە بێ مولەیە جێگیر دەبوو.

زەمەن ڕاوەستابوو! قۆڵتێکی رەسك لەبن پێیەکانم، مەحاڵ بوو کە شتێك لە دوای ئەو ساتە بێت. حەزم دەکرد کە خۆم لەو چێژە شێرانەیە بپچڕمەوە، بەڵام تەنانەت بە خەیاڵیشمدا نەدەهات کە مومکین بێت، من لە دەروونمدا بووم، کۆلکە دارە ڕەشەکە تێنەدەپەڕی، لەوێ لە نێو چاوەکانمدا مابۆوە، وەکوو پارویێکی گەورە کە لە قوڕگمدا گیر دەخوات.

نەدەمتوانی قبوڵی بکەم و نە ڕەتیشی بکەمەوە. بە چ زەحمەتێك چاوم بەرز کردنەوە؟ بەڕاستیش ئایا بەرزم کردنەوە؟ ڕاستتر ئەوە نییە کە بڵێم خۆم لەو ساتەدا لەناوبرد تاکوو لە ساتێکی دیکەدا بەسەری کێشراوە دواوەوەو چاوی بەرەو ژوورەوە لە نوێ لە دایك ببم؟ لە ڕاستیدا، لە ڕێڕەوێك ئاگادار نەبووم، بەڵام، لەناکاو، مەحاڵ بوو بۆم کە بیر لە بوونی ڕەگەکە بکەمەوە. ئەو پووکابۆوە. هەرچەندە بۆ خۆمم دووبارە دەکردەوە: ((ئەو بوونی هەیە، هێشتا لەوێیە، لەژێر کورسیەکە، لەلای لاقی ڕاستم))، بێ سوود بوو و ئیدی واتایەکی نەبوو. بوون شتێك نییە کە لێ گەڕێ لە دوورەوە بیری لێ بکرێتەوە: دەبێ لە ناکاو پەلامارتان بدات، لە سەرتان ڕادەوەستێ، هاوشێوەی گیاندارێکی بێ جموجۆڵی پەیکەر زل لەسەر دڵتان قورسایی بکات، ئەگینا ئیدی بە هیچ جۆرێك شتێك نامێنێتەوە.

ئیدی هەر هیچ نەمابۆوە، چاوەکانم بەتاڵ بوون و لە ڕزگار بوونم زۆر دڵخۆش بووم. پاشانیش، لە پڕێکدا، شتێك لە بەرامبەر چاوەکانمدا دەستی بە جموجۆڵ کرد، کۆمەڵە جووڵەیەکی لاواز و نادیار: با خەریك بوو پۆپی درەختەکەی دەلاژاندەوە.

پێم خراپ نەبوو کە ببینم شتێك جووڵە دەکات، لەدوای ئەو هەموو بوونە بێ جموجۆڵەکان کە هاوشێوەی چاوی تێڕاماو تەماشایان دەکردم خۆخافڵاندنێك بوو، هەروا کە لاژانەوەی لقەکانم سەیر دەکرد، بە خۆمم دەگوت: جووڵەکان هەرگیز بە تەواوی بوونیان نییە، ئەوا ڕێڕەو

گەلێکن، ناوەندی نێوان دوو بووندا، زەمەنگەلێکی لاواز. خۆم ئامادەکرد کە ببینم لە نەبوونەوە دێنە دەرێ، بەرە بەرە پێدەگەن و دەپشکون.

سەرەنجام دەچووم کە بەسەر بوونەکاندا بدەم لە کاتی لەدایك بوونیاندا.

پتر لە سێ چرکەی نەخایاند کە هەموو هیوا و ئاواتەکانم بە بادران. لەسەر ئەو لقە ڕاڕایانەی کە هاوشێوەی نابینایان دەست و پێیان لە دەورو بەریان دەکوتان، سەرکەوتوو نەبووم کە ((ڕێڕەو))ی هەبوون بدۆزمەوە. ئەم مەزەندەی ڕێڕەویش یەکێکی تر لە داهێنانەکانی مرۆڤەکان. مەزەندەیەك کە زیادە ڕوون بوو. هەموو ئەو جوولە بچووکانەی خۆیانیان دەپچڕاندن، بۆ خۆیان جێگیر دەبوون. ئەوان لە هەموو جێیەك لە لق و تەڕکە لێواولێو بوون. بە دەوران دەوری ئەو دەستە وشکەدا دەسووڕانەوە، لە نێو گێژەڵووکەی بچووکدا لە خۆیان دەگرتن. بەڵێ بەدڵنیاییەوە جوولە شتێکی جگە لە درەختەکە بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ڕەهایەك بوو. شتێك کە چاوەکانم هەرگیز جگە لە شتێکی لە پڕی توش نەببوو. بوونەکان لە نوکی لقەکاندا دەخولانەوە، هەبوونگەلێك کە بەردەوام خۆیان نوێ دەکردەوەو هەرگیز لەدایك نەدەبوون. بایەکە وەکوو مێشێکی گەورە دەهات و لەسەر درەختەکان جێگیر دەبوو، درەختەکە دەلاژایەوە، بەڵام لاژانەوەی چۆنیەتییەکی لەدایك بوو، یان ڕێڕەوێك لە هێزی نووکەیی نەبوو، ئەو شتێك بوو، یەك ((شت-لاژانەوە)) بەرەو درەختەکە شۆڕ دەبۆوە، وەچنگی دێنا، دەیلاژاندەوەو لە ناکاو بەجێی دەهێشت، دوورتر دەڕۆیی بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. هەموو شتێك پڕ بوو، هەموو شتێك لە حاڵی حازردا بوو، ترپەی هەموو شتێك توونd بوو، هەموو شتێك، تەنانەت هەست پێنەکراوترین جموجۆڵ، لە هەبوون دروست کرابوو. هەروەها هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە لە چواردەوری درەختەکە لە جموجۆڵدا بوون لە هیچ جێیەکەوە نەدەهاتن و نەدەچوونە هیچ شوێنیك. ئەوان لە ناکاو بوونیان هەبوو و پاشان، یەکسەر، ئیدی بوونیان نەبوو: هەبوون بەبێ زەینە، هیچ لە ون بووەکان هەڵناگرێ -تەنانەت بیرەوەریەکیش. هەبوون لە هەموو شوێنێك، تاکوو کۆتایی، زیادە، هەمیشە و لە هەموو جێیەك، هەبوون-کە لەگەڵ هیچ شتێکدا جگە لە هەبوون سنووردار نابێت. خۆم لەسەر کورسی بەرەڵا کرد، لەو زۆربەی هەبوونەکانی بەبێ سەرچاوە مات و گێژ بووم! لە هەموو جێیەك پشکوتنەکان و پشکوتووەکان، گوێیەکانم ویزە ویزی لە هەبوون دەکرد، گۆشتەکە ترپەی دەهات و دەکرایەوە، خۆی بە پشکوتنی هەمەلایەنە دەسپارد. لە دڵی دەدام. بیرم کردەوە: ((بەڵام بۆچی، بۆچی ئەو

هەموو بوونە، لەبەر ئەوەی هەموویان وەکوو یەك دەچن؟)) سودی ئەم هەموو درەختە هاوشێوانە چی بوو؟ ئەم هەموو هەبوونی ناکام بوو و عینادانە لە نوێ دەستی پێدەکردو دووبارە ناکام بوو- وەکوو هەوڵەکانی نەزانانەی جانەوەرێکی لەسەر پشت کەوتوو؟ (من یەکێك بووم لەو کۆششانە.) ئەو زۆربەی هەستی دڵکراوەیی دروست نەدەکرد. بەپێچەوانەوە، تاریك، نەخۆش، هەروەها گرفتاری خۆی بوو. ئەو درەختانە، ئەو جەستە گەورە نارێکانە... دامە قاقای پێکەنین لەبەر ئەوەی بیرم لە بەهارانی بێ وێنە کردەوە کە لە کتێبەکاندا وەسفی کراوە، پڕ لە کۆمەڵە دەنگی تێکشکان، تەقەنیەکان، پشکوتنە زەبەلاحەکان.

کۆمەڵە نەفامێك بوون کە دەهاتن لە گەڵتاندا باسی هێزی ئیرادەو هەوڵدان بۆ ژیانیان دەکرد. ئایا ئەوان قەت سەیری گیاندارێك یان درەختێکیان نەکردبوو؟ ئەو دارچنارە بە توێکڵە گڕگرتووەکەی، ئەو دار بەڕووە. نیوە ڕزیوە، داوایان لەمن دەکرد کە ئەوان وەکوو هێزی لاو و پڕ توانا بزانم کە بەرەو ئاسمان بزاوون. هەروەها ئەو ڕەگە؟ بەدڵنیاییەوە پێویست بووە کە من وەکوو پەنجەیەکی چلێس سەیری بکەم کە زەوی دادەڕێ و خۆراکەکەی لێ دەفڕێنێ.

دیتنی شتەکان بەو جۆرە نامومکینە. سستییەکان، لاوازەکان، بەڵێ. درەختەکان باڵەفڕەیان بوو. بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان؟ باشتر وایە بڵێم کە دادەورین، هەموو کاتێ چاوەڕێ بووم کە قەدی دارەکان وەکوو ئالەتی ماندوو هەڵقرچێن، تێك بئاڵێن و وەکوو تۆپەڵەیەکی ڕەش و نەرم و گرمۆڵە بوو بکەونە سەر زەوی. ئەوان نەیاندەویست بوونیان هەبێت، بەڵام نەیاندەتوانی ڕێگەی لێ بگرن، خاڵەکە هەر ئەمە بوو. بۆیە هەموو ئەرکە بچووکەکانیان بە ئارامی و بەبێ شەوقی و چالاکی ئەنجام دەدا، شیلەی گیایەك ئارام بە پێچەوانەی حەزەوە لە بەردەکان سەردەکەوت، ڕەگەکانیش ئارام ئارام لە زەویدا ڕۆدەچوون، بەڵام هەموو کاتێ دەتگوت لەسەروبەندی ئەوەدا بوون کە واز لە هەموو شتێك بێنن و خۆیان لە ناو ببەن. ماندو پیرو بەنابەدڵی درێژەیان بە هەبوون دەدا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە لاوازتر لەوە بوون کە بمرن، چونکە مردن دەیتوانی تەنیا لە دەرەوەڕا بۆیان بێت! تەنیا نەواکانی مۆسیقا دەتوانن مەرگی خۆیان هاوشێوەی زەرورەتێکی دەروونی لووت بەرزانە لە خۆیاندا هەڵگرن، بەڵام ئەوان بوونیان نییە. بوونەوەرێك بەبێ هۆ لە دایك دەبێت، لە ڕووی لاوازییەوە خۆی درێژ دەکاتەوەو بە ڕێکەوت دەمرێ. پاڵم داوەتەوە پشتەوەو پێڵووی چاوانم داخستوون، بەڵام ڕوخسارە خەیاڵییەکان، کە یەکسەر ئاگادار بوون، پازیاندا هاتن و چاوە نوقاوەکانمیان پڕکردن لە بوون: بوون پڕیەکە کە مرۆڤ قەت ناتوانێ وازی لێ بێنێ. ڕوخسارە

خەیاڵییە سەیرەکان. دنیایەك شتیان دەنواند. نەك شتە ڕاستەقینەکان، بەڵکوو کۆمەڵە شتێکی دیکە کە وەکوو ئەوان دەچوون. شتی دارین کە وەکوو کورسی و پێڵاوی دارین دەچوون، شتی دیکەش کە وەکوو گژوگیا دەچوون. پاشانیش دوو ڕوخسار! ئەو جووتە کە ئەو یەکشەممەیە لە ڕێستورانی ڤزلیز لە نزیك من نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. قەڵەو، گەرم، شەهوەتناك، پووچ، بەگوێی سوورەوە. شانەکان و سینگی ژنەکەم دەدیت، هەبوون ڕووت. ئەو دوو کەسە-بیری لەناکاو تۆقاندمی- ئەو دوو کەسە لە شوێنێك لە بۆڤیل هەر ئاوا درێژەیان بە هەبوون دەدا، لە جێیەك-لەنێو چ بۆنێکدا؟- ئەو سینگە نەرمە هێشتا خەریك بوو خۆی بە پارچەی فێنکەوە دەلاواندەوەو لە نێو تۆڕدا پاڵکەوتبوو، ژنەکە هەروا هەستی بە مەمکی دەکرد کە لە نێو بلوزکەیدا بوونی هەیە و هەروەها بیری دەکردەوە: ((مەمکەکانم، میوە نازەنینەکانم))، هەر ئاوا نهێنیاویانەش زەردەخەنەی دەکرد، ئاگای لە قلێشانەوەی مەمکەکانی بوو کە قدی قدی دەداو پاشان هاوارم کرد و خۆم بە چاوی کراوەوە دۆزییەوە. ئایا ئەو ئامادەبوونە گەورەیەم لە خەودا بینی؟ ئەو ئامادەبوونە لەوێ بوو، کەوتبووە سەر باخەکە، هەڵدرابۆوە نێو درەختەکانەوە، نەرمی نەرم، هەموو شتێکی کفت کردبوو، ئەستووری ئەستوور، مرەبایەك. منیش لەگەڵ تەواوی باخدا لە دەرووندا بووم؟ دەترسام، بەڵام پتر لە هەموو شتێك تووڕە بووم، ئەوە لەبەر چاوانم زۆر گەمژانەو زۆر نابەجێیانە خۆی دەنواند، زۆر ڕقم لەو مرەبا بودەڵەیە دەبۆوە. زریشی لێ هەبوو، زۆری لێ بوو، تاکوو ئاسمان سەردەکەوت، بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبۆوە، هەموو شتێکی بە نیشتنی جەلاتینیەکەی پڕ دەکرد و من دەمدیت کە قوڵتر و قوڵتر ڕۆدەچێ، زۆر دوورتر لە سنووری باخ و ماڵەکان و بۆڤیل، من ئیدی لە بۆڤیل و هیچ جێیەکی دیکە نەبووم، شەپۆلم دەدان. سەرسووڕماو نەبووم، باش دەمزانی کە ئۆە، دنیایە، دنیای ڕووتی ڕووت کە لەناکاو بەدیاردەکەوت، منیش خەریك بووم لە تووڕەییان بەرامبەر بەو هەبوونە گەورە پووچە دەخنکام. مرۆڤ تەنانەت نەیدەتوانی بپرسێت کە ئەو هەمووە لە کوێ دەهاتە دەرێ، یان ئەوەی کە چۆن دەبوو کە لە بری هیچ شتێك، دنیایەك بوونی هەبێت. بێ مانا بوو، دنیا لە هەموو جێیەك ئامادەبوو، لە پێشەوە، لە پاشەوە. هەر ئەوە بوو کە بێزاری دەکردم! دیارە کە هیچ هۆیەك بۆ هەبوونی ئەو کرمە نەبوو، بەڵام مومکین نەبوو کە ئەو بوونی نەبێت. نەدەکرا بیریشی لێ بکرێتەوە. بۆ خەیاڵکردنی نەبوون، دەبوایە مرۆڤ پێشتر لەوێ بێت، لە ناوەڕاستی دنیادا، بە چاوی کراوەی کراوەو زیندووەوە. نەبوون تەنیا مەزەندەیەك بوو لەسەری مندا، مەزەندەیەکی نووکەیی کە لەو کەشە بێ کۆتاییەدا شەپۆلی دەدان! ئەو نەبوونە لە

پێش هەبوونەوە، نەهاتبوو، بوونێك بوو وەكوو هەموو بوونێكی دیكەو لە دوای زۆر بوونی دیكە هاتبووە دی. هاوارم كرد كە ((چ چەپەڵەیەك، چ چەپەڵەیەك!)) ئەوسا تەكانی خۆمدا تاكوو لەو چەپەڵیە نووسێنەرە ڕزگارم ببێت، بەڵام تووند پێوەنوسابوو و ئەو زۆر بوو، خەروار و خەروارەها هەبوون، بەرێژەی بێ سنوور: خەریك بووم لەبن ئەو خەمۆكییە گەورەیەدا دەخنكام. پاشان، لە ناكاو، باخەكە دەتگوت لە ڕێگای كونێكی گەورەوە بەتاڵ بوو، دنیا بە هەمان شێوازی كە هاتبوو ون بوو، یان ئەوەی كە من بەخەبەرهاتم، بەهەر حاڵ ئیدی نەمدیتەوە، زەوییەكی ڕەنگ زەردم لە دەورەمایەوە كە لە نێویدا لقی مردوو ڕووەو ئاسمان هەڵكشابوون.

هەستام، چوومە دەرێ. كاتێك گەیشتمە دەركەی باخەكە، ئاوڕم دایەوە. ئەوسا باخ زەردەی بە ڕووداوام. پاڵم بە دەرگا دایەوەو ماوەیەكی زۆر خەریكی تەماشاكردن بووم. زەردەخەنەی درەختەكان و قوبەی دەوەنەكانی ئەشكەوت، واتایەكی نەبوو، ئەمە هەمان نهێنی ڕاستەقینەی بوون بوو. هاتەوە بیرم كە ڕۆژێكی یەكشەممە، لە سێ هەفتە لەمەو پێشترەوە نابێت، جۆرە حاڵەتێكی پیلانگێڕانەم لە شتەكاندا بۆ دەركەوتبوو ئایا ڕووەو من بوو؟ بە نیگەرانییەو هەستم دەكرد كە من هیچ كەرەستەیەكم بۆ تێگەیشتن نییە. هیچ كەرەستەیەك لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بە حاڵی چاوەڕوانییەوە لەوێ بوو، لە نیگایەك دەچوو. ئەو لەوێ بوو، لەسەر قەدی دار بەڕووەكە... ئەو خودی دار بەڕووەكە بوو. دەتگوت شتەكان، بیركردنەوەكانن كە لە نیوەی ڕێگادا ڕادەوەستان، كە خۆیان لە بیردەكرد، كە لە بیریان دەچوو ویستبوویانە بیر بكەنەوەو هەروا دەمانەوە. بە لەنگەر لێدانەوە، بە واتایەكی بچووكی پێكەنیناوییەوە كە بەواندا تێدەپەڕی. ئەو واتایە بچووكە ڕقی هەڵدەستاندم: نەمدەتوانی تێی بگەم، ئەگەر هاتبا و سەدو حەوتساڵیش پاڵ داوە بە دەرگاوە دەمامەوە. من تەواوی كە دەمتوانی بزانم دەربارەی هەبوون فێری ببووم. بەڕێكەوتن، گەڕامەوە هوتێل، ئەوانەش، نووسیم.

((كاتی شەو))

بڕیاری خۆمم داوە! ئێستا كە وازم لە نووسینی كتێبەكەم هێناوە، ئیدی هۆیەكم بۆ مانەوە لە بۆڤیل نییە، دەچم لە پاریس ژیان بەسەر دەبەم، ڕۆژی هەینی سواری شەمەندەفەری سەعات پێنج دەبم، ڕۆژی شەممە ئانی دەبینم، پێمۆایە چەند ڕۆژێك بەیەكەوە بەسەر دەبەین. پاشان دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە تاكوو چەند كارێك ڕێك بخەم و جانتاكانم بپێچمەوە. لانی زۆری تاكوو ڕۆژی یەكەمی مانگی ئازار بەشێوەی یەكالا لە پاریس جێگیر دەبم.

((هەینی))

لە ڕاندۆڤ و شمینۆ شەمەندەفەرەکەم تاکوو بیست خولەکی دیکە وەڕێ دەکەوێت. گڕامافۆن هەستی توووندی ڕووداو.

((شەممە))

ئانی لە نێو بەرگێکی ڕەشی درێژدا دەرگام لێ دەکاتەوە. دیار کە دەستیم بۆ ڕانادێری. من دەستی ڕاستم خستۆتە ناو گیرفانی پالتۆیەکەمەوە. بۆ ڕزگاربوون لە داب و نەریت و ڕێورەسم، بە ئاوازە دەنگێکی زۆر عەبوس و توووند دەڵێ:

((وەرە ژووری و لە هەر شوێنێك پێت خۆشبوو دانیشە، جگە لە قەنەفەی نزیك پەنجەرەکە.))

خۆیەتی، خودی خۆیەتی. قۆڵەکانی بە هەڵواسراوی بەرەڵا دەکات، هەمان ڕوخساری گرژی هەیە کە ئەو کاتانە حاڵەتی کیژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتووی دەدایە، بەڵام ئیدی وەکوو کیژۆڵە کەم تەمەنەکان ناچێ. قەڵەوە، سینگێکی گەورەی هەیە.

دەرگا دادەخات، بیرمەندانە بە خۆی دەڵێ:

((نازانم لەسەر قەرەوێڵە دانیشم یان شوێنێکی دیکە...))

لە کۆتاییدا لەسەر جۆرە سندوقێکی داپۆشراو بە فەرشی بچووك دادەنیشێت. شێوازی بەڕێدا ڕۆیشتنی ئیدی وەکوو جاران نییە: بە قورسیەکی شکۆدارانەی کە بێ ناسکی نییە، دەجولێتەوە: لە قەڵەوی گەنجانەی شلەژاو دەهاتە بەرچاو، بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خودی خۆیەتی، ئانییە.

ئانی دەداتە پێکەنین.

((بۆ پێدەکەنی؟))

هەروەکوو خۆی وایە یەکسەر وەڵام ناداتەوەو حاڵەتی ڕەخنەگرانە بەخۆی دەگرێ.

((بڵێ بۆچی))

((لەبەر ئەو پێکەنینەیان و بەرەڵایەی کە لە کاتی هاتنتەوە لەسەر لێوانتە. وەکوو باوکێك دەچێ کە تازە کچەکەی بە شوو داوە. یاڵا، لەوێ ڕامەوەستە، پالتۆیەکەت لە شوێنێك دانێ و دانیشە. ئا، لەوێ، ئەگەر حەزت لێیە.))

بێدەنگیەیەك دێتە پێشێ کە ئانی هەوڵی شکاندنی نادات. ئەم ژوورە چەند بەتاڵە! پێشتر ئانی لە هەموو سەفەرەکانیدا جانتایەکی گەورەی ئاخندراو لە ملپێچ، دەستەسڕ، لەچکە، وێنەی بچووکی ژاپۆنی، نەخش و نیگاری لەگەڵ خۆیدا دەبرد. هێشتا گەیشتوو نەگەیشتووە هوتێل-

تەنانەت بۆ شەوێکیش- یەکەم کاری ئەوەبوو کە ئەو جانتایەی دەکردەوەو هەموو شتەکانی نێوی دەردەهێناو بە دیوارەکانییەوە هەڵدەواسین، بە گلۆپەکانییەوە دەنوساندن، لەسەر زەوی یان مێزەکان ڕایدەخستن و لەو کارەدا پەیڕەویی لە سیستەمێکی ئاڵۆز و لە گۆڕان نەهاتوو دەکرد، لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێردا ئاسایی ترین ژوورەکان کەسایەتییەکی سەنگین، شەهوەتناك، تارادەیەك هەڵنەکراو لە گەڵی دای بەخۆدەگرت. ڕەنگە جانتاکە ون بووبێت یان لە عەمباری زەخیرەدا بێت... ئەم ژوورە ساردە، بە دەرگایەکی نیوەکراوە بۆ حەمام، شتێکی شوومی هەیە. وەکوو ژوورەکەی من دەچێ لە بۆڤیل، هەرچەندە خەماویتر و ڕازاوەترە.

ئانی دووبارە پێ دەکەنێتەوە، ئەو پێکەنینە وردو تیژ و کەمێك گنانە زۆر بەباشی دەناسمەوە.

((ئێ، تۆ نەگۆڕاوی، بەو نیگا گێژ و وێژانەت بەدوای چیدا دەگەڕێی؟))

زەردەخەنە دەکات، بەڵام نیگای بە هەستی زانینێکی دوژمنانەوە لێم ڕاماوە.

((تەنیا خەریکبووم بیرم دەکردەوە کە ئەم ژوورە واخۆی نانوێنێ کە دەڵێی تۆ تێیدا دەژی.))

بە حاڵەتێکی کپەوە وەڵام دەداتەوە: ((بەڕاست؟)) بێدەنگییەکی دیکە، ئێستا لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتووە، لە جلی ڕەشیدا زۆر ڕەنگ کاڵبۆوەیە. قژی کورت نەکردۆتەوە. بە ئارامی و لە کاتێکدا کە کەمێك برۆیەکانی هەڵدەکێشێت سەیرم دەکات. کەواتە شتێکی نییە پێم بڵێ؟ بۆچی ویستی بێم؟ ئەم بێدەنگییە زۆر ناخۆشە. لە ناکاو بە دەنگێکی ناسك دەڵێم:

((خۆشحاڵم کە دەتبینم.))

وشەی دوایی لە قوڕگمدا گیر دەخوات: ئەگەر ئەمە تەواوی ئەو شتەیە کە بۆ گوتن دەیدۆزمەوە، واباشترە بێدەنگ بم. بە دڵنیاییەوە تووشی هەڵچوون دەبێت. چاوەڕێم دەکرد کە چارەگە سەعاتی سەرەتا بە ئازار بێت. پێشتر، کاتێك دووبارە نانیم دەدیتەوە، جا چ لە دوای دیارنەبوونێکی بیست و چوار کاتژمێری بێت یان بەرەبەیانی کاتی لە خەو هەستان، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو وشانە بدۆزمەوە کە چاوەڕێم دەکرد، کۆمەڵە وشەیەك کە بە کەڵك بن، بە جلەکانی، بە هەواوە، بە دوایین وشەی کە شەوی پێشوو درکاندبوومن. چی دەوێ؟ ناتوانم مەزەندەی بکەم. دووبارە چاوانم بەرز دەمەوە. ئانی بە جۆرێك سۆزەوە سەیرم دەکات.

((کەواتە تۆ نەگۆڕاوی؟ هێشتاش هەر گەمژەکەی جاران؟.))

ڕوخساری دەربڕی ڕەزامەندییە، بەڵام چەندە ماندوو خۆی دەنوێنێ!

دەڵێ: ((تۆ بەردێکی کیلۆمەتر پێوی، بەردی کیلۆمەتر پێوی لە پەنا جادە. ئارام و لەسەرخۆ ڕوونی دەکەیەوە هەر ئاواش لە تەواوی تەمەنتدا ڕوونی دەکەیەوە کە تاکوو ملیۆن و بیست و حەوت کیلۆمەتر ڕێگایە و تاکوو مونتاژی چل و دوو کیلۆمەتر. لەبەر ئەوەیە کە ئەوەندە پێویستم پێتە.))

((پێویستیت بەمنە؟ لەو چوار سالەی کە نەمدیتووی پێویستیت پێم هەبوو؟ ئێ، بەخوا مرۆڤێکی بەناوکی.))

بەدەم پێکەنینەوە قسەم کردن، ئەگەری ئەوە هەبوو وا بیر بکاتەوە، کینەم بەرامبەری لە دڵدایە. هەست بەو زەردەخەنە درۆینە لەسەر زارم دەکەم، نارەحەتم.

((چەندە گەمژەی! ئەڵبەتە پێویستم بە چاوپێکەوتنت نییە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە. دەزانی تۆ چاوی ئەوەندە داگیرت نین. من پێویستیم هەیە کە تۆ هەبی و نەگۆڕێی. تۆ وەکوو ئەو مەترە پلاتینییەی کە لە شوێنێك لە پاریس یان نزیکی هەڵی دەگرن. پێموانییە هیچ کاتێك ویستبێتی ببینیێ.))

((لێرەیە کە بە هەڵەدا چووی.))

((بەهەر حاڵ گرینگ نییە، من کە نەمویستووە. ئێ، من خۆشحاڵم کە بزانم ئەو بوونی هەیە، کە ڕێك لە دەرپایەکی میلیۆنیم چواریەکی خولگەی نیوەڕۆمە. هەر کاتێك کەسێك باڵاخانەکان دەپێوێ، یان پارچەیەکم بە مەتر پێ دەفرۆشێ، بیری لێ دەکەمەوە.))

بە ساردی دەڵێم: ((بەڕاست؟))

((بەڵام دەزانی، بە ئاسانی دەکرا، جگە لە پلەی بەخششێکی تەنیا و جۆرە نورێك بیر لە تۆ نەکەمەوە. دەبێ سوپاسم بکەی کە هەموو جارێك ڕوخسارت بە بیر خۆم دەهێنمەوە.)) دووبارە خەریکین بکەوینەوە، نێو ئەو قسە ناسکانە کە دەبوایە لە ڕابردوودا لەگەڵیاندا هەڵبکرێ، ئەویش کاتێ کە مەیلی سادەو ئاساییم لە دڵمدا هەبوون، وەکوو مەیلی گوتنی خۆشم دەوێی یان لە باوەشی بگرم. ئەمرۆکە هیچ مەیلێکم نییە، ڕەنگە جگە لە بێدەنگی و تەماشا کردنی و بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕووداوە زۆر خۆشە لە بێدەنگیدا! ئامادەبوونی ئانی لە بەرامبەرمدا. ئایا بۆ ئەویش، ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژانی دیکەیە؟ دەستەکانی نالەرزن. لە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژەی کە نامەی بۆ نووسیم، شتێکی هەبوو پێمبڵێ-یان ڕەنگە هەوەسێکی کەوتبێتە دڵەوەو بەس، ئێستا، لەمێژە

کە ئەوە لە گۆڕێدا نییە. ئانی لە ناکاو بە خۆشەویستییەکی بەو ڕادەیەی کە فرمێسکی لە چاوان هێنام، بە ڕوومدا پێکەنی.

((من زۆر زیاتر لە مەتری پلاتینی بیرم لێ کردوویەوە. ڕۆژێك نەبووە کە بیرم لێ نەکردبێتەوەو بچووکترین شێوەی شکڵت بە ڕوونی دەهاتەوە بیرم.)) هەڵدەستێ و دێ دەستەکانی لەسەر شانم دادەنێ.

((تۆ کە گلەیت لە من هەیە، ئازایەتیت هەیە، پێم بڵێ کە ڕوخسارم دێنییەوە یاد.))

دەڵێم: ((ئەمە ویژدانانە نییە، باش دەزانی کە من زەینم کۆڵە.))

((دانی پێدادەنێی: بە تەواوی لە بیرت چوو بوو، ئەگەر لەسەر شەقام منت دیتبایە دەتناسیم؟))

((ئەڵبەتە کە دەمناسی، مەسەلەکە لەسەر ئەوە نییە.))

((ئایا تەنیا ڕەنگی قژەکانمت لە یادە؟))

((دیارە! زێڕینە.))

دەداتە قاقای پێکەنین.

((چەندە لەخۆباییانە ئەو قسەیە دەکەی. ئێستا کەوا دەیان بینی، کارێکی زۆر گەورەت نەکردووە.))

دەست دەکات بە ئاڵۆزکردنی قژەکانم.

لاسام دەکاتەوە کە: ((قژی تۆ سوورە، قەت یەکەم جارم لەبیر ناچێ کە چاوم پێت کەوت، کڵاوێکی نەرمت لەسەری بوو، کە لە وەنەوەشەیی دەداو قەت لە قژە سوورەکەت نەدەوەشایەوە. هەر سەیر کردنی ئازاردەر بوو. کڵاوەکەت لە کوێیە؟ دەمەوێ بزانم ئاخۆ سەلیقەت وەکوو جاران خراپە.))

((ئیدی کڵاو لەسەر ناکەم.))

لە کاتێکدا کە چاوەکانی ئەبڵەق دەکات، فیتووێکی کورت لێ دەدات.

((تۆ کە بۆخۆت تەنیای، نەکەوتوویە بیری، کەوتووی؟ باشە، پیرۆزبایت لێ دەکەم. ئەڵبەتە کە نابێ کڵاو لەسەری بکەی! بەڵام دەبوایە بیرت لێ بکردایەوە. ئەو قژەی کە هەتە لەبەر هیچ شتێك خۆڕاناگرێ، بە کڵاوەوە، بەسەر نیۆکەی قەنەفە، تەنانەت لەگەڵ کاغەزی دیواری وەکوو یەك نییە. ئەگینا ئەگەر کڵاوت لەسەری بکردایە، دەبوایە تاکوو سەرگوێیانت دایکێشی، وەکوو ئەو کڵاوە

لبادەییەی کە لە لەندەن کڕیبووت. ئەو کۆمەڵە قژەت دەخستە سەر ڕۆخی دواوە و ئیدی مرۆڤ نەیدەزانی داخۆ قژت هەیە یان نا.))

بە ئاوازێکی بڕیاردەرانە کە بەهۆیەوە ئەو شەڕو تێك هەڵچوونە کۆنانە دەسڕدرێتەوە، زیاتر دەڵێ:

((هیچ لێت نەدەوەشایەوە.))

بە بیرم نایە باسی کام کڵاوە دەکات.

((بۆ دەتگوت لێم دەوەشێتەوە؟))

((دڵنیام دەتگوت! جگە لەوە باسی شتێکی دیکەت نەدەکرد. هەرجارەش کە بە خەیاڵی خۆت نەمدەدیتی، بە دزی لە ئاوێنەدا سەیری خۆتت دەکرد.))

ئەم ناسینەی ڕابردوو ورد و خاشم دەکات. ئانی تەنانەت حاڵەتی وروژاندنی بیرەوەریەکانیشی نییە. ئەو ئەم ئاوازە گۆڕان بەسەردا هاتووەو دوورە دەست ئەو کارەی نییە کە بە کەڵکی دێت، دەڵێی باسی ئەمڕۆ دەکات، یان ئەگەر زۆر بیڵێین دەربارەی دوێنی هەموو بیروبۆچوونەکان، عینادییەکان، هەروەها قینەکانی ڕابردووی پاراستووە.

بەپێچەوانەوە، بۆمن، هەموو شتێك لە کەلێنێکی شاعیرانەدا نوقم بووە، ئامادەم هەموو جۆرە سازشێك بکەم.

لەناکاو بە دەنگێکی بێ حاڵەوە دەڵێ:

((دەبینی، قەڵەو بووم، پیربووم، دەبێ دەست بە خۆدا بێنم.))

بەڵێ، چەندەش ماندوو خۆی دەنوێنێ! تا دێم قسە بکەم، یەکسەر زیاتر دەڵێ:

((لە لەندەن نەمایشم کرد.))

((لەگەڵ کەندلێردا؟))

((نا، لەگەڵ کەندلێردا نا. خودی خۆتی. نازانم بۆچی لە قسەکەتت چەقاندبوو کە من لەگەڵ کەندلێردا یاریم کردووە. چەندجار دەبێ پێت بڵێم کە نە دلێر ڕێبەری ئۆرکێسترایە؟ نا، لە شانۆیەکی بچووکدا لە گۆڕەپانی سوهۆ، شانۆی ئیمپڕاتۆر جۆنز، چەند شانۆیەکی شون نوکیسی و شانۆی بریتا تیکۆسم هێنایە سەر تەختە.))

بەسەر سووڕمانەوە دەڵێم: ((بریتانیکۆس؟))

((ئێ بەڵێ، بریتانیکۆس. لەبەر ئەوە بوو کە وازم هێنا. خودی من پێشنیاری هێنانە سەر تەختەی بریتانیکۆسم کردو ئەوانیش داوایان لێکردم کە ڕۆڵی ژونی بگێڕم.))

((بەڕاست؟))

((ئێ دیارە کە من نەمدەتوانی جگە لە ڕۆڵی ئاریپیێن، ڕۆڵی هیچ کەسێکی دیکە بگێڕم.))

((ئەی ئێستا چی دەکەی؟))

هەڵەم کرد کە ئەمەم لێ پرسی. نیشانەکانی ژیان بە تەواوی لە ڕوخساریدا بزر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکسەر وەڵام دەداتەوە:

((ئیدی کاری نمایش ناکەم. سەفەر دەکەم. کەسێك هەیە کە وریام دەبێت.))

زەردەخەنە دەکات:

((ئۆه، وا بە نیگەرانییەوە تەماشام مەکە، کارەسات خوڵقێنە. هەمیشە پێمگوتووی کە کێشە نییە بۆم کە کەسێك ئاگای لێم بێت. جگە لەوەش ئەو پیرە، جێی کێشە و گرفت نییە.

((ئینگلیزە؟))

ڕقی هەڵدەستێ کە: ((چ پێوەندی بە تۆوەیە؟ ئێمە دەربارەی وی قسە ناکەین. نە بۆ من و نە بۆ تۆ هیچ گرنگییەکی نییە. چیت دەوێ؟))

دەچێتە حەماوەوە. گوێم لێ دەبێت کە بێرەو بەوێدا دەچێ، شوێن گۆڕکێ بە قابلەمەکان دەکات، لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، دەنگێکی تیژو لە تێگەیشتن نەهاتوو. لەسەر مێزی تەنیشت قەرەوێڵەکەی وەکوو جاران بەرگێکی مێژوویی فەرەنسا لە نووسینی میشیلەی لێیە. لە پشت قەرەوێڵەکەوە، هەست پێ دەکەم کە وێنەیەکی، تەنیا یەکێك، لە وێنەی ئیمێلی برۆنتی کاری برایەکەی هەڵواسیووە. ئانی دەگەڕێتەوە لە ناکاو پێم دەڵێ:

((ئێستا دەبێ باسی خۆتم بۆ بکەی.))

پاشان دووبارە لە نێو حەمامدا بزر دەبێت. سەرەڕای زەین کۆڵیم ئەمەم دێتەوە یاد: ((هەمیشە بەم شێوەیە ئەو پرسیارە ڕاستەوخۆیانەی لێ دەکردم کە دەیشلەژاند.)) چونکە، هەم هەستم بە پێوەندییەکی عاقڵانە پێیانەوە دەکردو هەم رەغبەتی ئەوەی کە هەرچی زووترە بیان کەمەوە.

بەهەرحاڵ، لەدوای ئەم پرسیارە، ناکرێ گومانێك هەبێت: ئەو شتێکی لەمن دەوێ. جارێ ئەمانە پێشەکین: مرۆڤ خۆی لە دەستی هەر شتێکی سەرگرانکەر ڕزگار دەکات، مەسەلەگەلی پلە دوو بەشێوەی یەکالا بە کۆتا دێنێ:

((ئێستا دەبێ باسی خۆتم بۆ بکەی.)) هەر ئێستایە کە باسی خۆیم بۆ دەکات. لە پڕێکدا، ئیدی کەمترین مەیلم نییە کە شتێکی بۆ بگێڕمەوە. چ سوودێکی هەیە؟ هێڵنج، ترس، بوون... واباشترە هەموان بۆخۆم هەڵگرم.

لەودیو پەردەوە هاوار دەکات: ((یاڵڵا، بجووڵێ.)) بە قۆریەکەوە دەگەڕێتەوە.

((تۆ چی دەکەی؟ لە پاریس ژیان بەسەر دەبەی؟))

((لە بۆڤیل دەژیم.))

((بۆڤیل؟ بۆچی؟ هیوادارم ژنت نەهێنابێ؟))

داچڵەکاو دەڵێم: ((ژنم هێنابێ؟))

زۆر بۆم جێی دڵخۆشییە، کە ئانی وەها بیرێکی کردبێتەوە. ئەو بابەتەی پێ دەڵێم.

((بێ دەربەستە. ڕێك هەمان خەیاڵی نا توراڵیستیانەیە کە ئەو کاتانە بەهۆیەوە سەرکۆنەت دەکردم. دەزانی، کاتێك تۆم بە بێوەژن و دایکی دوو کوڕەکەم لە خەیاڵمدا بەرجەستە دەکرد. هەروەها هەموو ئەو چیرۆکانەی کە بۆم دەگێڕایەوە کە چیمان بەسەر دێت. تۆ ڕقت لێی بوو.))

بە ئارامی وەڵام دەداتەوە: ((تۆش کەیفت پێی دەهات. ئەو قسانەت دەکردن کە شانازی بەخۆتەوە بکەی. جگە لەمەش، تۆ لە قسەکردندا لاسایی ئەو جۆرە تووڕەییانەت دەکردەوە، بەڵام لێت دەوەشێتەوە کە ڕۆژێك بەدزی ژن بێنی! ساڵێکی تەواو بە تووڕەیی دەتگوت کە قەت ناچیە سەیرکردنی وەنەوشەکانی ئیمپڕاتۆڕی. پاشان ڕۆژێك کە من نەخۆش بووم، بۆخۆت لە سینەمایەکی ناوچەیی چووی بۆ سەیرکردنی.))

بەشێوەیەکی مەزنانە دەڵێم: ((من لە بۆڤیلم، لەبەر ئەوەی خەریکم کتێبێك دەربارەی مارکی دۆرلبۆن دەنووسم.))

ئانی بە سەرنجێکی هەوڵدەرانەوە تەماشام دەکات.

((مارکی دۆرلبۆن؟ لە سەدەی هەژدەهەمدا دەژیا؟))

((بەڵێ))

بەشێوازێکی کپ دەڵێ: ((بەڕاست دەربارەیەوە قسەت بۆ کردبووم. کەواتە کتێبێکی مێژووییە، وانییە؟))

((بەڵێ.))

((ئەها!))

ئەگەر پرسیارێکی دیکەم لیٚ بکات، هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم، بەڵام ئیدی پرسیار ناکات. دیارە وادەزانیٚ کە بە ئەندازەی پێویستم دەربارە دەزانیٚ. ئانی شارەزایە، گوێگرێکی چاك بێت، وادانێم تەنیا ئەو کاتەی حەز بکات. سەیری دەکەم: پێڵووی چاوەکانی ڕاکێشاون، بیر لەو شتە دەکاتەوە کە دەیەویٚ پێم بڵیٚ و چۆن دەست پیٚ بکات. ئایا منیش دەبیٚ بە نۆرەی خۆم پرسیاری لیٚ بکەم؟ پێموانییە بیەویٚ وابکەم. کار کاتێك بە باشی بزانیٚ، قسە دەکات. دڵم خێرا لیٚ دەدات.

لەناکاو دەڵیٚ:

((من گۆڕاوم.))

ئەمە سەرەتایەتی، بەڵام ئێستا بێدەنگ دەبێت. چایی لە فنجانی سپی چینی دەکات. چاوەڕێیە کە من قسە بکەم: دەبیٚ شتێك بڵێم. نەك هەر شتێك کە ببیٚ، بەڵکوو ڕێك ئەوەی کە ئەو چاوەڕوانی دەکات. ئۆقرەم نییە. ئایا ئەو بەڕاستی گۆڕاوە؟ قەڵەو بووە، ماندوو خۆی دەنوێنیٚ! بەڵام بە دڵنیاییەوە مەبەستی ئەوە نییە.

((نازانم، وای بۆ ناچم. پێکەنینت، شێوازی هەستان و دەست خستنە سەرشانم، شێتی قسەکردنت لەگەڵ خۆتدا، هەر وایە. هێشتا مێژووی میشێلە دەخوێنێتەوە. دوای ئەوەش زۆر شتی دیکە...))

ئەو ئاوڕدانەوە و حەزە قووڵەی کە لەگەڵ ماهییەتی سەرمەدیمدا هەیەتی و بیٚ دەربەستی لە سەداسەدی بەوەی هەچییەك لە ژیانم بۆم ڕوو دەدات-جگە لەوەش ئەو دروستکراوە پێکەنیناویەی کە هەم فیز فرۆشانەو هەم دڵفڕینە- و پاشان، لە سەرەتای سەرەتاوە، ئەو شێوەی سڕینەوەی هەموو دیسپلینە ئامێریە ئەدەبی و هاوڕێیەتییە، هەرچییەکی پێوەندی خەڵك ئاسانتر دەکات و ناچارکردنی بەرامبەرەکانی بەداهێنانی بەردەوام.

شانان هەڵدەتەکێنیٚ و بە ئاوازە دەنگێکی وشك دەڵیٚ:

((بەڵی من گۆڕاوم، بە تەواوی گۆڕاوم. ئیدی ئەو مرۆڤەی جاران نیم. پێم وابوو کە تۆ لە یەکەم تەماشاکردندا هەستی پیٚ بکەی. لەبری ئەوەش دێی و باسی مێژووی میشێلە لەگەڵ مندا دەکەی.))

دێت دەکەوێتە بەرامبەرم.

((بابزانم ئاخۆ ئەم پیاوە بە هەمان ڕادەی کە پێی وایە زیرەکە. یاڵڵا بگەڕێ: من لە چ ڕوویەکەوە گۆڕاوم؟))

دڵ بە گومان دەبم. بە هێواشی قاچی لە زەوی دەدات، هێشتا زەردەی لەسەر لێوانە، بەڵام هەر بەڕاست بە تەواوی هەڵچوو.

((ئەو سەردەمە شتێك هەبوو کە عەزابی دەدای. لانی کەم واتدەگوت. ئێستا ڕۆیشتووە، ون بووە لەوانەیە هەستت پێکردبێ، ئایا ئاسوودەتر نی؟))

ناوێرم بڵێم نا: ڕێك وەکوو پێشوو، لەسەر ڕۆخی کورسییەکەم دانیشتووم و ئاگادارم کە خۆم لە تەڵەکان بپارێزم، تووڕەیی لە ڕونکردنەوە نەهاتوو لە خۆم بڕەوێنمەوە.

لە نوێوە دانیشت.

لەکاتێکدا کە لە ڕووی دڵنیاییەوە سەری دەلەقاند، دەڵێ: ((ئێ، ئەگەر تێ ناگەی لەبەر ئەوەیە کە زۆر شتت لەبیر چۆتەوە. زۆر زیاتر لەوەی بیرم لێ دەکردەوە. بابزانم تۆ کارە خراپەکانی ڕابردووت لەبیر چۆتەوە؟ دەهاتی، قسەت دەکرد، دووبارە دەڕۆیشتییەوە! هەمووی بێ جێ. وابزانە هیچ نەگۆڕاوە! دەهاتییە ژووری، وێنەی بچووك ملپێچ لەسەر دیوارەکان بوون، من لەسەر قەرەوێڵە دادەنیشتم و پێم دەگوتی (سەری بۆ دواوە پاڵ دەنێ، پەردەکانی لووتی فەڕاح دەکات و بە دەنگی شانۆکارییەوە کە دەڵێی دەیەوێ خۆی سووك بکات، قسە دەکات) ئێ، چاوەڕوانی چی؟ دانیشە ئەڵبەتە خۆپارێزانە لە گوتنی جگە لەسەر قەنەفەی نزیك پەنجەرەکە، خۆم دەپاراست.))

((تەڵەت بۆ دادەنام.))

((ئەوانە تەڵە نەبوون... پاشان ئەڵبەتە تۆش دەچووی لە هەمان شوێن دادەنیشتی.))

دەپرسم: ((بۆ چیم بەسەر دەهات؟)) ئەوسا بەدوای قەنەفەکەدا دەگەڕێم.

ڕواڵەتێکی ئاسایی هەیە، بە سۆز و ئاسوودە خۆی دەنوێنێ.

ئانی بەکورتی وەڵام دەداتەوە: ((تەنیا ڕووداوێکی ناخۆش.))

بابەتەکەی لێك ناکێشمەوە: ئانی هەمیشە دەوروبەری خۆی لە قەدەغەکراوەکان پڕکردووە. لە ناکاو پێی دەڵێم: ((پێموایە مەزەندەی شتێکم کردبێت، بەڵام زۆر خۆشە ڕاوەستە با بیر بکەمەوە: ڕاستییەکەی، ئەم ژوورە بەتاڵ بەتاڵە. دەبێ بە ویژدانەوە لاگیریم بکەی کە یەکسەر ئەمەم بۆ دەرکەوت. زۆر باشە، دەهاتمە ژووری، بەڕاستی ئەو ڕوخسارۆچکەی سەر دیوار و هەموو شتەکانی ترم دەدیتن.

هوتێلەکە هەمیشە لەبەردەم دەرگای ناوەوە دەوەستا. ژوورەکەی تۆ شتێکی تر بوو... نەدەهاتی دەرگام لێ بکەیەوە. تۆم لە گۆشەیەك، بە ئەگەری زۆر لەسەر تەختی ژووریٚ لەسەر ئەو فەرشە بچووکە سوورە دەدیت کە بەردەوام لەگەڵ خۆتدا دەتبردو لەسەری کرووش هەڵدەهانی و بیٚ بەزەییانە سەیرم دەکەی و چاوەڕێی... هێشتا بەبیٚ ئەوەی هۆیەکەی بزانم بە قووڵی هەستم بە کەم وکووڕی خۆم دەکرد. پاشان خولەك بە خولەك تاوانەکانم زیادیان دەکرد، لە تاوانمدا زیاتر ڕۆدەچووم...))

((ئەمە چەند جار ڕووی داوە؟))

((سەد جار.))

((لانی کەم! ئێستا زیرەکتر و وریاتر بووی؟))

((نا!))

((خۆشحالّم لەوەی دەبیستم ئەوە دەڵێی. ئیٚ دوای ئەوە؟ ))

((ئیٚ دوای ئەوە، لەبەر ئەوەی کە ئیتر...))

بە دەنگی شانۆکارانەوە هاوار دەکات کە: ((ئەها! ناوێریٚ بڕوای پیٚ بکات!))

بە ئارامی بەردەوام دەبێت لە قسەکەی:

((ئیٚ، دەتوانی باوەڕ بە قسەکەم بکەی: ئیدی نین، ساتە کامڵەکان ئیدی نین؟))

((نا))

سەرم دەسووڕمیٚ. بەدوای بابەتەکەدا دەچم.

((دەتەویٚ بڵێی کە سەرەنجامی تۆ... تەواو بوو، ئەو... تراژیدیانە، ئەو تراژیدیایانەی سەرەتا کە تێیاندا ڕوخسارۆچکەکان، ملپێچەکان، کەلوپەل و خودی من هەرکاممان ڕۆڵێکی بچووکمان دەگێڕا -تۆش ڕۆڵی سەرەکیت هەبوو؟))

زەردەخەنە دەکات.

((سپڵە! جاری وابووە ڕۆڵی گرنگترم لە هی خۆم داوەتیٚ! بەڵام هەر بە خەیاڵیدا نەهاتووە. ئیٚ، بەڵیٚ، تەواو بوو: بەڕاست سەرت دەسووڕمیٚ؟))

((ئاه! بەڵیٚ، سەرم دەسووڕمیٚ! پیٚم وابوو کە هەموو ئەوان بەشێك لە تۆیان پێك دەهێناو ئەگەر لێیان بستاندایەوە وەکو ئەوەبوو دڵت دەربێنن.))

دەڵێی بۆ هیچ بە پەرۆش نییە، دەڵێ: ((منیش ئاوام بیر لێ دەکردەوە.)) بەجۆرێك گاڵتەجاڕی کە کاریگەرییەکی زۆر ناخۆش لەسەر من دروست دەکات، زیاتر دەڵێت:

((بەڵام دەبینی کە دەتوانم بە بێ ئەو ژیان بەسەربەرم.))

دەستەکانی لەسەر ئەژنۆیەکی تێك ئاڵقە کردوون بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە کە ڕوخساری گەنجتر دەکات لە بۆشایی ڕادەمێنێ وەکوو کیژۆڵەیەکی خرپن دەچێ، نهێنیاوی و ڕازی.

((بەڵێ، خۆشحاڵم کە تۆ هەروا ماوییەوە. ئەگەر گۆڕانت بەسەردا هاتبایە، ڕەنگت دەگۆڕا، دەکەوتیە پەنا شەقامێکی ترەوە، ئیدی شتێکی دیاری کراوم نەبوو، تاکوو بەهۆیەوە پێگەکەم دەستنیشان بکەم. تۆ بۆمن زەروری: من دەگۆڕێم، بەڵام بڕیار وایە کە تۆ لە گۆڕان نەهاتوو بمێنییەوە و من گۆڕانەکانم لە پەیوەندی بەتۆوە بسپێرم.))

بەو حاڵەشەوە، کەمێك ڕقم هەڵدەستێ.

بە توندی دەڵێم: ((ئێ، ئەم قسەیە ڕاست نییە. بە پێچەوانەوە، من لەم ماوەیەدا وەرچەرخانی گشتیم بەسەردا هاتووە، لە قوڵایی دڵمەوە، من...)) بە سوکایەتییەکی ورد و خاشکەرەوە دەڵێ:

((ئۆها! گۆڕانە فکرییەکان! من تاکوو گلێنەی چاوەکانم گۆڕاوم.))

تاکوو گلێنەی چاوانی... ئەی ئەوە چییە کە لە دەنگیدا من دەشێوێنێ؟ هەرچۆنێك بێت لەناکاو دەجولێم! دەست لە گەڕان بە دوای ئانی ونبوودا هەڵدەگرم. هەر ئەم کچە، هەر ئەم کچە قەڵەوەو بە شکلێ و شێوەی وێرانەوەیە کە هەستم دەبزوێنێ و من خۆشم دەوێ.

((من جۆرە دڵنیاییەکی... جەستەییم هەیە. هەست دەکەم کە ساتە کامڵەکان لە گۆڕێدا نین. تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتنیشدا لە قاچەکانمدا هەست بەمە دەکەم هەمیشە هەستی پێ دەکەم، تەنانەت لەکاتی نوستنیشدا من هیچ وەختێك شتێکم لە وێنەی دەزین و دۆزینەوە نەبووە. ناتوانم بڵێم کە لە فلان و بەهەمان ڕۆژ، لە فلان و لە هەمان سەعاتدا، ژیان گۆڕاوە. بەڵام ئێستا، هەمیشە کەمێك جۆرێك هەست دەکەم کە دەڵێی ئەم، لە ناکاو شەوی ڕابردوو بۆم ئاشکرا بووە. گێژ و نارەحەتم ناتوانم لەگەڵیدا ڕابێم.))

ئەم وشانە بە دەنگێکی ئارام دەردەبڕێ کە برێك لە خۆبایی بوونی لەم هەموو گۆڕانە لەخۆدا هەیە. خۆی بەناسکییەکی لە ڕادەبەدەرەوە لەسەر سندوقەکەی بادەدا. لەو دەمەوە کە هاتوومە ژووری ئەوەندە لە ئانی ڕۆژگاری ڕابردوو، ئانی مارسی نەچووە. دیسان کۆنترۆڵی کردووم، دووبارە چوومەوە نێو جیهانە سەر سووڕهێنەرەکەیەوە، لە پشت گاڵتەجاڕییەکان و دروستکردن و

وردەکارییەکان تەنانەت ئەو نۆبەتیەم لێیە کە هەمیشە کاتێك لەگەڵ ویدا بووم بە شاگەشکەی دەهێنام، هەروەها ئەو تامە تاڵەی بنی زارم.

ئانی دەستەکانی والآ دەکات و ئەژنۆیەکانی شل دەکات، بێ دەنگە. ئەمە بێدەنگییەکی حیساب بۆ کراو و پێوراوە. ڕێك وەکوو ئەودەمەی لە ئۆپێرا، دیمەنەکە بۆ حەوت هێڵی میزانی مۆسیقا بەتاڵ دەمێنێتەوە و چایەکەی دەخواتەوە. پاشان پیاڵەکەی لەسەر زەوی دادەنێ و خۆی قیت ڕادەگرێ و دەستە نوقاوەکانی لەسەر ڕۆخی مێزەکە دادەنێ.

لەناکاو ڕوخساری پڕ سام و هەیبەتی مەدوز[1] ئاسای دەردەخات کە زۆرم خۆشدەویست. ڕۆوخسارێکی سەرانسەر هەلامساو لە رق و بێزاری، گرژ، ژەهراوی. ئانی کەمتر حاڵەتەکانی شکڵ و شێوەی دەگۆڕێ، ڕوخسار دەگۆڕێ، هەروەکو کە ئەکتەرەکانی یۆنانی کۆن ڕوخسارۆچکەیان دەگۆڕی! لەناکاو: هەر کام لەو ڕوخسارۆچکانەش بۆ ئەوەیە کە ژینگەیەك بجولقێنن کە کەش و هەوای ڕووداوەکانی داهاتوو بدات.

ڕوخسارەکە بەدیار دەکەوێ و تاکوو وەختێك کە قسە دەکات لەسەر جێی خۆی دەمێنێتەوە. پاشان دەکەوێ، خۆی لێ دەپچڕێنێتەوە.

چاوی بڕیونە من بێ ئەوەی وابێت بەرچاو کە سەیرم دەکات نیازی قسەکردنی هەیە. چاوەڕێی وتارێکی تراژیکی دەکەم، وتارێك کە بگاتە ئاستی گڕان و سەنگینی ڕوخساری دالآنەوەیەك.

تەنیا رستەیەك دەڵێ:

((من خەریکە تەمەنم لەخۆم درێژتر دەبێت.))

ئاوازە دەنگ هیچ وەکو ڕوخسار نا چێت. تراژیك نییە، ترسێنەرە: بێ ئومێدیەکی وشك دەردەبڕێ، بەبێ فرمێسك، بەبێ بەزەیی. بەڵێ، شتێك بە جۆرێکی لە چارەسەر نەهاتوو لەودا ویشکەڵ بووە. ڕوخسارۆچکە کە دەکەوێ، ئەو زەردەخەنە دەکات.

---

1- Meduse یان مەدوسا (Medusa): یەکێك لە سێ گۆرگۆنەکان. گۆرگۆنەکان لە ئەفسانەکانی یۆنان ((بریتی بوون لە سێ عیفریتی باڵدار کە ماری تێك بادراویان لەنێو قژەکانیاندا هەبووەو هەر کەسێك تەماشای بکردنایە دەبووە بەرد. سەرەکی ترینیان مەدووسا بوو کە بەدەستی پرسنۆس کوژرا.)) (ئینسکلۆپیدیای فارسی)

((من بەهیچ جۆرێك خەمبارنیم. ئەمە بەزۆری بۆتە هۆی سەر سوورِمانم، بەلاّم بە هەلّەدا چوو بووم: بۆچی دەبیّ خەمبار بم؟ ئەو کاتانە هەلّچوونی توندی سەیر لەمن دەردەکەوتن. بە تووندی رقم لە دایکم بوو.)) دلێرِانە دەلّیّ: ((بەلاّم تۆ، تۆم بە تووندی خۆشدەویست.))

چاوەرِێی وەلاّمێك دەبێت. من هیچ نالّێم.

((ئەلّبەتە هەموو ئەم شتانە کۆتایی پیّ هاتووە.))

((چۆن دەزانی؟))

((دەزانم، دەزانم کە ئیدی هەرگیز تووشی شتێك یان کەسێك نابم کە هەلّچوون لەمندا بورِوژێنیّ. دەزانی، دەستکردن بە خۆشەویستی کەسێك، کارێکی گەورەیە. دەبیّ هێز، هەستی زانین، نابینایت هەبیّ... تەنانەت ساتێك هەیە، رێك لە سەرەتادا، کە دەبیّ بەسەر قوّلّتێکدا بازبدەی: ئەگەر کەس بیری لێبکاتەوە، ئەو کارە ناکات. دەزانم کە من هیچ کاتێك باز نادەم.))

((بۆ؟))

نیگایەکی گالّتەجارِیم تێدەگریّ و وەلاّم ناداتەوە. دەلّیّ: ((جاریّ لەنێو هەلّچوونە مردووەکانمدا دەژیم. هەولّ دەدەم ئەو توورِەییە شکۆدارە بێنمەوە یاد کە منی لە پەنجەرەی نهۆمی سێهەمەوە فریّ داوەتە خواریّ، ئەم رِووداوە کاتێك تەمەنم دوازدە سالاّن بوو، رِۆژێك کە دایکم لێی دەدام رِووی دا.))

بە نیگایەك بۆ دوورە دەست، بیّ هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرا زیاتر دەلّیّ:

((بۆشم باش نییە کە مادەیەکی زۆر لە شت رِامێنم. سەیریان دەکەم بۆ ئەوەی چین، دەبیّ پاشان چاوانم زوو بگەرِێنمەوە.))

((بەلاّم بۆچی؟))

((حالّم دەشێوێنن.))

دەلّێی وەکوو ئەوە وایە کە... هەر چۆنێك بێت کۆمەلّە وێکچوونێك هەیە. پێشتر جارێك لە لەندەن رِوو بدا، ئێمە هەردووکمان بە جیاجیا تارِادەیەك لە یەك کاتدا دەربارەی کۆمەلّە بابەتێك بیرمان کردبۆوە. زۆر حەز دەکەم کە... بەلاّم زەینی ئانی قۆرت و پێچی زۆری هەن، مرۆڤ هەرگیز ناتوانیّ دلّنیابێت کە بە تەواوی تێی گەیشتووە. دەبیّ باش پەی ببەن.

((گویّ بگرە، دەتەویّ شتێکت پیّ بلّێم: دەزانی کە هیچ کاتێك باش تیّ نەگەیشتووم کە ساتە کاملّەکان چین، تۆ قەت بۆت رِوون نەکردوومەوە.))

((بەڵێ، دەزانم، تۆ هیچ هەوڵێکت نەداوە. تۆ بەبێ هیچ کاردانەوەیەك لەلام دەمایەوە.))

((بەداخەوە! دەزانم بە چ نرخێك لە سەرم کەوت.))

((هەرچییەکی بۆتی ڕوو دا شیاوی بووی، هەمووی تاوانی خۆت بوو، منت بە شکڵ و شێوەی پتەو جێگیرت تووشی هەڵچوون دەکرد. دەتگوت دەتەوێ بڵێی: من ڕێکم و ئاگادار بووی کە تەندروستی لێت بېریقێتەوە، تەندروستی مەعنەویت لێ دەباری.))

((لەگەڵ ئەوەشدا پتر لە سەد جار داوام لێ کردی، کە بۆم ڕوون بکەیەوە کە یەك...))

بە تووڕەییەوە دەڵێ: ((بەڵێ، بەڵام بە چ ئاوازە دەنگێك، ڕاستییەکەی تۆ گەورە پیاوانە پرسیارت دەکرد. پرسیارەکەت بە شێوازێکی بەسۆزەوە دەکرد لە کاتێکدا کە زەینت لە شوێنێکی دیکە بوو، وەکوو خاتوونە پیرەکانی کاتێ: کە منداڵ بووم لێیان دەپرسیم خەریکی چ یاری کردنێکم.)) ترسناکانە دەڵێ: ((لە ڕاستیدا لەخۆم دەپرسم کە ئایا تۆ ئەو کەسە نی کە من لە هەموو شتێك زیاتر ڕقم لێی بووە.))

وریای خۆی دەبێ، ئارام دەبێتەوەو زەردەخەنە دەکات، گۆناکانی هێشتا بڵێسەدارن. زۆر جوانە.

((حەزدەکەم ئەوانەت بۆ ڕوون بکەمەوە. ئێستا ئەوەندە بەسەر تەمەنمدا تێ پەڕیوە، کە لەگەڵ پیرێژنانی وەکوو تۆ دەربارەی یارییەکانی منداڵیم بەبێ تووڕەیی قسە بکەم. یاڵڵا بڵێ بزانم دەتەوێ چی بزانی.))

((کە ئەوان چی بوون.))

((ئایا دەربارەی کاتە نایابەکان بۆم باس کردووی؟))

((پێم وانییە.))

بە دڵنیاییەوە دەڵێ: ((با قسەم کردووە، لە ئایکس، لەو گۆڕەپانەی کە ناوەکەیم لەبیرچۆتەوە. ئێمە لە باخچەی کافەیەکدا بووین، لەبەر تیشکی خۆر، لەژێر چەتری نارنجییەوە. تۆ بە بیرت نایە: خەریکی خواردنەوەی ساردی بووین و من چەند دانە مێشی مردووم لە نێو شەکردا دۆزییەوە.))

((ئاها! بەڵێ، لەوانەیە...))

((ئێ، لەو کافەیەدا بۆم باسی ئەوانە کردی. من دەربارەی چاپی گەورەی مێژووی میشێلە لەگەڵ تۆدا باسی ئەوانەم کردبوو، هەمان ئەو چاپەی لە منداڵیدا هەمبوو. لەمەیان زۆر گەورەتر بوو و ڕەنگ و ڕووی لاپەڕەکانی کاڵ ببۆوە، وەکو فێری کارگ و بۆنی کارگیشی دەدا. باوکم کە

مرد، مامە ژۆزێن هەڵی گرت و هەموو بەرگەکانی بردن. هەر ئەو ڕۆژە بوو کە بە بەڕازی پیر بانگم کرد و دایکم بەر قامچیانی دام و منیش لە پەنجەرەوە خۆم فڕێ دا.))

((بەڵێ، بەڵێ... بەدڵنیاییەوە تۆ دەربارەی ئەو مێژووەی فەڕەنسا قسەت لەگەڵدا کردووم... ئەی لە ژووری بن هەورەبان نەتدەخوێندەوە؟ دەبینی، لەبیرمە. دەبینی هەر ئێستا کە من بە فەرامۆشی تاوانبار دەکەی بە ویژدان نەبوو.))

((بێدەنگ بە، بەڵێ هەروەکوو کە باش وەبیرت دێ، ئەو کتێبە گەورانەم هەڵدەگرتن و دەمبردنە ژووری ژێر هەورەبان. وێنەی زۆریان تێدا نەبوون، لەوانەیە سێ چوارێك لە هەر بەرگێکدا، بەڵام هەر وێنەیەك لاپەڕەیەکی داگیرکردبوو و پشتەکەی سپی بوو. ئەم دۆخەی دیمەنەکان زیاتر لەو ڕووەوە کاری تێ دەکردم، تاکوو لاپەڕەکانی تر، دەقی کتێبەکە لە دروستبووندا هەڵچندرابوون تا جێیەکی کەمتر بگرێت. من عەشقێکی سەیرم بەرامبەر بەو وێنانە هەبوو، هەمووم دەناسینەوە، کاتێکیش کە یەکێك لە کتێبەکانی میشێلەم دووبارە دەخوێندەوە، لە پەنجا لاپەڕەی پێشەوە چاوەڕێیان دەبووم، هەمیشە دۆزینەوەیان لە دیدمدا بە موعجیزەیەك دەچوو. جگە لەوەش، لوتفێکی دیکەشیان هەبوو: ئەو دیمەنەی کە نیشانیان دەدا هەرگیز پێوەندییان بە لاپەڕەکانی تەنیشتییەوە نەبوو، دەبوایە بۆ گەڕان لە ڕووداوەکانی پەیوەست بەوانەوە نزیکەی سی لاپەڕە بچییە پێشێ.))

((تکات لێ دەکەم دەربارەی ساتە کامڵەکان قسەم لەگەڵدا بکە.))

((من خەریکم دەربارەی هەلومەرجە نایابەکان قسەت لەگەڵدا دەکەم. ئەوان هەمان ئەوانە بوون کە لە دیمەنەکاندا خۆدەرخەر بوون. من بووم کە ناوم دەنان نایاب. بە خۆمم دەگوت ئەوانە دەبێ زۆر گرینگ بن کە ببنە بابەتی ئەو وێنە دەگمەنانە. ئەوانیان لەنێو هەمواندا هەڵبژادبوون، تێدەگەی: لەگەڵ هەموو ئەمەشدا زۆر ڕووداوی دیکە هەبوون کە بەهای وێنەگرتنی زیاتریان هەبوو، کۆمەڵێکی دیکە کە گرینگیی مێژوویی زیاتریان هەبوو. بۆ نموونە، بۆ تەواوی سەدەی شازدەهەم تەنیا سێ وێنە هەبوو. یەکێکیان بۆ مردنی هانری دووەم، یەکێك بۆ کوشتنی دوك دۆگیز، یەکێکیش بۆ هاتنی هانری چوارەم بۆ پاریس. پاشان هاتە خەیاڵمەوە کە ئەو ڕووداوانە چۆنیەتییەکی تایبەتیان هەبوو. جگە لەوەش، وێنەکان ئەم بیرەیان پیشتڕاست دەکردەوە: داڕشتنیان خاو بوو، قۆڵ و لاقەکان هەرگیز وەکوو پێویست بە جەستەکانەوە نەلکێندرابوون، بەڵام شکۆداربوون. بۆ نموونە، کاتێك کە دوك دۆگیز کوژرا، بینەران سەرسامی و تووڕەیی خۆیان بە

هێنانە پێشی لەپی دەستەکانیان و سووڕاندنی سەدەکانیان نیشان دەدا. زۆر جوان بوو دەتگوت گرووپی هاونشینگەکانن. واشنەزانییەکان کە بەشە چێژ بەخشەکە یان چیرۆکیان لەیاد بردبوو. مرۆڤ دەیدیت کە خزمەتکارەکان دەکەونە سەر زەوی، سەگە بچووکەکان تێی دەتەقێنن، قۆشمەکان لەسەر قادرمەکانی تەختی پاشایەتی دانیشتوون، بەڵام هەموو ئەم وردەکاریەیان بەوەها شکۆ و کەم ئەزموونییەوە کردبوو کە لەگەڵ وێنەکانی تردا هەماهەنگی تەواویان هەبوو: پێموانییە قەت تووشی وێنەگەلێك بووبم کە وەها یەکگرتووییەکی ڕێکیان لەنێودابێت. ئێ، لەوێ سەرچاوەی گرت.))

((هەلومەرجە نایابەکان؟))

((بەڵێ، مەزەندەیەك کە لەوانم بەدەست هێنا. هەلومەرج گەلێك بوون کە چۆنیەتییەکی کەم وێنە و گرانبەهایان هەبوو، ئەگەر پێت باشترە ئەوە خاوەنی سەبك بوون. کاتێك هەشت ساڵان بووم، بۆ نموونە پاشابوون پێموابوو هەلومەرجێکی نایابە. یان مردن. پێ دەکەنی، بەڵام ئەوەندە کەسانێك هەبوون کە لەسەرەمەرگدا نەخشاندبوویانن، هەروەها ئەوەندە کەسانێك هەبوون کە لەو کاتەدا قسەی بەرزیان دەربڕیبوو، کە من ڕاستگۆیانە باوەڕم هەبوو... ئێ، پێم وابوو کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە گیانەڵا، ئاگای لەخۆی نامێنێ، جگە لەوەش، بەس بوو کە لە ژووری مردوێك دابین: شتێك لە مەرگ هەڵدەستا کە هەلومەرجی نایابە و دەگوازرایەوە بۆ هەموو ئامادەبووان جۆرە سکاڵایەك، باوکم کە مرد، منیان بردە ژوورەکەی تاکوو بۆ دوایین جار بیبینم. لە کاتی سەرکەوتن لە قادرمەکان زۆر خەفەتبار بووم، بەڵام بە جۆرێکیش بووم کە دەتگوت لە جۆرێك نەشئەی ئایینی مەستم، سەرەنجام دەگەیشتمە هەلومەرجی نایاب. پاڵم بە دیوارەوە دەدا، هەوڵم دا جموجۆڵی شیاو ئەنجام بدەم، بەڵام پور و دایکم لەوێ بوون، لەسەر جێیەکەی چۆکیان دادابوو و بە نوزەو کڕوزەی گریانیان هەموو شتێکیان تێك دەدا.))

ئەم وشانەی دوایی بە ڕووگرژی دەردەبڕێ، دەڵێی بیرەوەری ڕووداوەکە هێشتاش ئازاری دەدات. قسەکەت دەبڕێ، نیگای ماتە، برۆکانی هەڵکشاون. بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دیمەنە بۆ جارێکی دیکە، دەرفەتەکە بە هەل دەزانێ.

((دواتر هەموو ئەوانەم لە خۆمدا پەروەردەکردن، سەرەتا هەلومەرجێکی نوێم لەسەر زیاد کردن، عەشق (مەبەستم کاری عەشق کردنە دیارییە) سەیرکە، ئەگەر قەت تێ نەگەیشتووی کە بۆچی هەندێك داخوازیەکانتم ڕەت دەکردنەوە، ئێستا دەرفەتت هەیە تێ بگەی! بۆ من، شتێك

هەبوو کە دەبوایە لە زیان و لەناوچوون بیپارێزم. پاشان بە خۆمم گوت کە بە دڵنیاییەوە ئەوەندە هەلومەرجی نایابی دیکە هەن کە ناتوانم بیانژمێرم، لە کۆتاییدا دانم بە ژمارەی بۆ کۆتاییاندا هێنا.))

((بەڵێ، سەرەنجام ئەوانە چی بوون؟))

بەسەر سوورمانەوە دەڵێ: ((بەڵام من کە پێم گوتی، لە چارەگە سەعاتێك لەمەوبەرەوە خەریکم بۆت ڕوون دەکەمەوە.))

((بەڵام ئایا گرینگترین شت بۆ خەڵك ئەوەبوو کە تووشی هەڵچوونی توند بین، بۆ نموونە ڕق یان عەشقی بە بادراویان، یان ئەوەی کە ڕوخساری دەرەوەی ڕووداو دەبوایە شکۆدار بێت، یانی: ئەوەی دەکرا لێی ببیندرێ...))

بە گرژو مۆنییەوە دەڵێ: ((هەردووك... بابزانم چی ڕوودەدات.))

((ساتە کامڵەکانیش؟ ئەوان لە کوێوە دێنە ناوێ؟))

((ئەوانە پاشان دێن. سەرەتا نیشانەکانی هەواڵدەرن. دوای ئەوە هەلومەرجی نایاب، ئارام ئارام، شکۆمەندانە، دەچنە نێو ژیانی خەڵکەوە. پاشان ئەم پرسیارە دێتە پێشێ کە بزانین ئایا مرۆڤ گەرکییەتی ساتێکی کامڵی لێ دروست بکات یان نا.))

دەڵێم: ((بەڵێ، تێگەیشتم. لە هەر هەلومەرجێکی نایابدا کۆمەڵە کردارێکی دیاریکراو هەن کە دەبێ ئەنجام بدرێن، ئەو تێڕوانینانەی کە دەبێ هەڵبژێردرێن، ئەو قسانەی کە دەبێ بکرێن-هەروەها تێڕوانینەکانی دیکە، قسەکانی تر بە هەموو جۆرێك قەدەغەن. وایە؟))

((ئەگەر حەزبکەی...))

((بەکورتی ئەوەی کە هەلومەرج، کەرەستەی خاوە: دەبێ بەردەوام بکرێت.))

دەڵێ: ((هەر ئەمەیە! سەرەتا دەبێ لەنێو شتێکی جیاکەرەوەدا نوقم ببی و هەست بکەی کە خەریکین ڕێکی دەخەین. ئەگەر هەموو ئەم حاڵ و بارودۆخانە بە ئاگا دەگەیشتن، دەکرێ بگوترێ کە ساتێکی کامڵ بووە.))

((بەکورتی ئەمە جۆرێك بەرهەمی هونەری بوو.))

بە ڕق هەستاوی دەڵێ: ((پێشتریش ئەمەت پێ گوتووم. نا! یەك... ئەرك بوو. دەبوایە هەلومەرجە نایابەکان بکرێتە ساتە کامڵەکان. ئەمە کارێکی ئەخلاقی بوو. بەڵێ، ئەگەر حەز دەکەی پێبکەنە: کارێکی ئەخلاقی بوو. بەڵێ، من هیچ جۆرێك پێناکەنم.

به گوێرەی خودی خۆم پێی دەڵێم: ((گوێ بگرە، من دەمەوێ دان بە کەم و کوڕییەکانمدا بنێم. من قەت بەباشی تۆم دەرك نەکردووە، هیچ کاتێك ڕاستگۆیانە هەوڵم نەداوە یارمەتیت بدەم. ئەگەر دەمزانی کە...)) بەتانە لێدانەوە دەڵێ: ((سوپاست دەکەم، زۆر سوپاست دەکەم. هیوادارم بۆ ئەو درێغییە بەسەر چوانەت چاوەڕوانی منەتکردن نەکەی. هەرچۆنێك بێت کینەیەکم بەرامبەرت لە دڵمدا نییە، من هەرگیز شتێکم بە ڕوونی بۆ ڕوون نەکردوویەوە، گرێدراو بووم، نەمدەتوانی لەگەڵ کەسێکدا دەربارەی قسە بکەم، تەنانەت لەگەڵ تۆشدا -بەتایبەتی لەگەڵ تۆدا. هەمیشە لەو ساتانەدا شتێك هەبوو کە درۆزن دەهاتە بەرچاو. لەم ڕووەوە من سەرگەردان بووم. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم دەکرد کە خەریکم چیم لە دەست دێت دەیکەم.))

((بەڵام دەبوایە چی بکرێت؟ چ کارێك؟)).

((چەندە گێلی، ناتوانرێ نموونە بهێندرێتەوە، دەبێ ببینرێت چی دێتە پێش.))

((بەڵام بۆم باس بکە کە هەوڵت دەدا چی بکەی.))

((نا، نامەوێ دەربارەی قسە بکەم، بەڵام ئەگەر حەزبکەی چیرۆکێك هەر کە کاتێك دەچوومە قوتابخانە بە سەختی کاری تێ کردم. پاشایەك هەبوو کە لە شەڕدا تێك شکابوو و کرابووە دیل. ئەو لەوێ، لە سوچێکی سوپای سەرکەوتوودا بوو. کوڕ و کچەکەی دیتن کە زنجیر کرابوون و بە بەردەمیدا تێ پەڕین. نەگریا، هیچی نەگوت. لەدوای ئەوە یەکێك لە خزمەتکارەکانی دیت کە تێ دەپەڕی، ئەویشیان کۆت و زنجیر کردبوو. دەستی کرد بە ناڵاندن و خۆ ڕنینەوە. تۆ دەتوانی نموونەگەلێك لەخۆت دروست بکەی. دەبینی! سەردەمانێك هەن کە مرۆڤ نابێ بگری، ئەگینا ناپاك دەبێ، بەڵام ئەگەر کولکەدارێکی بکەوێتە سەر لاقی، دەتوانی چی حەزدەکات بیکات. گریان و زاری بکات، بناڵێنێ، لەسەر لاقەکەی دیکەی هینگڵە شەلە بکات. شتی گەمژانە ئەوەیە کە تەواوی کات ڕەواقی[1] مەشرەب بێت! بۆ هیچ و پوچ خۆی دەڕزێنێ.))

زەردەخە دەکات:

---

١- Stoigve ڕەواقی یان ڕەواقی مەشرەب، پەیوەستە بە فەلسەفەی ڕەواقی یان خاوەن مەشرەبی، ڕەواقی کە یەکەم جار دەوروبەری ٣٠٠ی پ. ز. لە ئەسینا بەهۆی زنونەوە داهێنراو بڵاوبۆوە. رزگاربوون لە ڕەنج و چێژ. گوێ نەدان بە خۆشی یان کەسەر، توانایی بۆ دامرکاندنەوەی هەستەوەری و هەڵچوونەکان و هەڵکردن لەگەڵ دەرد و ئازاردا لە خێرکراوەکانی ڕێبازی ڕەواقییە. (وەرگێڕ)

((لە کاتەکانی تردا دەبێ زیاتر ڕەواقی مەشرەب بێ. لالانەوەی جاری یەکەمت لەبیر نییە کە ماچم کردی؟))

سەرکەوتووانە دەڵێم: ((با لەبیرمە، زۆرباش، لە باخەکانی کێو لە کەناری ڕووباری تەحز بوو.))

((بەڵام شتێك کە هیچ کاتێك نەتدەزانی ئەوەیە کە من لەسەر گەزگەزگ دانیشتبووم: جلەکەم هەڵکشابوو، ڕانەکانم لە گەزەی چقڵەکان پڕ ببوو. هەرجارەش کە بچووکترین جووڵەم دەکرد، چقڵی دیکە لە جەستەم ڕۆدەچوو. ئێ، مەشرەبی ڕەواقی لە وێ بەس نەبوو. تۆ بە شاگەشکەت نەدەهێنام، من هیچ مەیلێکی تایبەتیم لە لێوەکانت نەبوو. ئەو ماچەی کە خەریکبووم بتدەمێ گرنگییەکی زۆر زیاتری هەبوو، پابەندبوونێك، پەیمانێك بوو. کەواتە دەبینی کە ئەو ئازادە بۆی هەبوو، ڕەوا نەبوو لە وەها ساتێکدا بیر لە ڕانەکانم بکەمەوە، بەسی نەبوو کەوا نیشانی نەدەم کە ئازار دەچێژم: پێوست بوو کە ڕەنج بکێشم.

بە خۆهەڵکێشانەوە تەماشام دەکات، هێشتاش لەوەی کە کردوویەتی زۆر سەرم سووڕماوە: ((تاکوو پتر لە بیست خولەك، تەواوی ئەو ماوەیەی کە پێداگریت بۆ ئەو ماچە دەکرد کە من بڕیاری دانیم دابوو، تەواوی ئەو کاتەی کە بە چاوەڕێ ڕامدەگرتی-چونکە دەبوایە بەرێوڕەسم ئەو ماچەت بدەمێ- سەرکەوتم کە خۆم یەکسەر بێ هەست بکەم، بەڵام خوا دەزانێ کە من پێستێکی هەستیارم هەیە، تا کاتێك کە هەستاین، من هەستم بە هیچ نەدەکرد. خۆیەتی، ڕێك بۆ خۆیەتی. ڕووداوێك نییە-ساتێکی کامڵ نییە... ئێمە کۆمەڵە خەیاڵێکی یەکسانمان لەدەست داوە، کۆمەڵە جادەیەکی یەکسانمان تەی کردووە. ئەوی تر مەزەندە دەکەم- تەنانەت دەتوانم لەبری وی قسە بکەم، بۆ خۆم بڵێم کە ئەو هێشتا چ شتێکی بۆ گوتن هەیە:

((بەم شێوەیە تۆ بۆت دەرکەوت کە هەمیشە کۆمەڵە ژنێکی چاو بە گریان هەن، یان پیاوێکی قژ سوور یان شتێکی دیکە هەیە، کە ئاسەوارەکانی تۆ بپوکێنێتەوە؟)) بەبێ شەوتیەو دەڵێ: ((بەڵێ، ئەڵبەتە.))

((ئەمە هەمان ئەوە نییە؟))

((ئۆها! دەزانی، من ڕەنگە بمتوانیایە خۆم سەرەنجام بدەمە دەست بێ ئەزموونییەکانی پیاوە قژ سوورەکە. بەڵێ، کارێکی باشم دەکرد کە بەو شێوازەی کەسانی تر ڕۆڵەکانیان دەگێڕن، حەزیان لێ بکەم... نا، باشتر وایە بڵێم کە هەلومەرجە نایابەکان بوونیان نییە؟))

((خۆیەتی، ئەو کاتانە بیرم دەکردەوە کە ڕق لێبوون، عەشق، یان مـردن هاوشـێوەی کڵپـەکانی ئاگر لە هەینی[1] پیرۆزدا بەسەرماندا دەبارن. پێموابوو کە مرۆڤ دەتوانێ ڕق یـان مـەرگ لـە خـۆی بداتەوە. چ هەڵەیەك، بەڵێ، بەڕاستی بیرم دەکردەوە کە ڕق بوونی هەیە، کە بەسـەر خەڵکدا دێتـە خواریّ و ئەوان بۆ سەر خۆی بەرزدەکاتەوە. ئەڵبەتە، تەنیا منم کـە ڕقـم هەیـە، عەشـق دەکەمـە یاری. ئەو منەش هەمیشە شتێك، هەورێك کە بەردەوام لێـك دەکشـێتەوە، لێـك دەکشـێتەوە... تەنانەت ئەوەندە وەکوو خۆی دەچێ کە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت، چۆن خەڵك بیری داهێنانی ناوەکان و جێگیرکردنی جیناوەکان لە سەری داون.))

ئەو وەکوو من بیر دەکاتەوە. دەڵێ قەت من بەجێم نەهێشتووە.

پێی دەڵێم: ((باش گوێ بگرە، لە کەمێك لەمەوبەرەوە بیر لە شتێك دەکەمـەوە کـە زۆر زیـاتر کەیفم پێی دێت تا لە ڕۆنی بەردی ڕێنمایی کە تۆ دەستکراوانە بۆت دیاری کردم: ئەوەی کـە ئێمـە پێکەوە و بە یەك جۆر گۆڕاوین. دەزانی، ئاوا زیاترم پێ خۆشە تـا نـەوەی ببیـنم تـۆ هـەر دوورتـر دەڕۆی و مەحکوم بی خاڵی ڕۆیشتن بۆ هەمیشە دیاری بکەی. هەرچییەکی کـە بـۆت گێڕامـەوە، هاتبووم بۆت بگێڕمەوە-هەرچەندە بە دڵنیاییەوە بە وشەگەلی دیکە. ئێمە لە مەنزڵگـەی دواییـدا بەیەك دەگەین. ناتوانم پێت بڵێم کە ئەمە چەندە بۆمن خۆشە.))

بە ئەسپایی، بەڵام بە حاڵەتێکی دزێوەوە دەڵێ: ((بەڕاست؟ ئێ، من بە هەر حاڵ حەزم لێ بـوو کە تۆ نەیگۆڕی، ئەوا ئاسانتر بوو. من وەکوو تۆ نیم، بۆم ناخۆشە کە تێ بگـەم کەسـێك بـیری لـە هەمان ئەو شتانە کردۆتەوە کە من بیرم لێ کردوونەوە. جگە لەوەش، بە دڵنیاییەوە تۆ بـە هەڵـەدا چووی.))

بەسەرهاتەکانمی بـۆ دەگێڕمـەوە. دەربـارەی بـوون قسـەی لەگەڵـدا دەکـەم-ڕەنگـە بـە تێـرو تەسەلییەکی لە ڕادەبەدەرەوە. بە چاوی ئەبڵەق و برۆی هەڵکشاوەوە، بەدووی گوێ دەگرێ.

کاتێك تەواوم کرد، وادەهاتە بەرچاو کە ئاسوودە بوو.

((ئێ، تۆ بە هیچ جۆرێك بیر لە هەمان ئەو شتانە ناکەیەوە کە من دەیکەم. تۆ سکاڵات هەیـە لەبەر ئەوەی شتەکان خۆیان لە دەوروبەرت وەکوو چەپکە گوڵێك ڕێك ناخەن. بەبێ ئەوەی زەحمـەتی ئەنجامدانی هیچ کارێك بەخۆت بدەی، بەڵام من قەت ئەوەندەم داوا نەکردووە: من دەمویست کاری

---

١- Vendredisaint ساڵوەگەڕی مەرگی عیسای مەسیح (س). (وەرگێڕ)

پێ بکەم. دەزانی، کاتێك کە ئێمە یارییە مەترسیدارەکانمان دەکردن، تۆ ئەو کەسە بووی کە ڕووداوەکانت بۆ دەهاتنە پێشێ، من کەسێك بووم کە دەبووە هۆی ئەوەی ئەوانە ڕوو بدەن، دەمگوت: (من مرۆڤی ئەهلی کارم) بە بیرت دێ؟ ئێ، ئێستا تەنیا دەڵێی: هیچ کەس ناتوانێ ئەهلی کاربێت... دیارە وەڵام دراوە نایەمە بەرچاو، لەبەر ئەوەی ئەو بەشاگەشکە دێت و بە چرپەکی زیاترەوە پاشماوەی قسەکەی دەردەبڕێت: ((جگە لەوەش شتی زۆری دیکە هەن کە پێیم نەگوتوی. چونکە ڕوونکردنەوەیان زۆر دەخایەنێت. بۆ نموونە، ڕێك لە هەمان ساتە وەختدا کە کارم دەکرد، دەبوایە بتوانم بەخۆم بڵێم کە ئەوەی خەریکی کردنی بووم ئایندەی... ناچاری بەدواوە دەبێت. ناتوانم زۆر باش بۆت ڕوون بکەمەوە...)) بە کەمێك زانا نوێنی دەڵێم: ((بەڵام پێویست ناکات، منیش بیرم لەمە کردۆتەوە.)) بە بەدگومانییەوە سەیرم دەکات.

((کەواتە بەبڕاوی تۆ، تۆ دەبارەی هەر شتێك بە هەمان شێوە بیرت کردۆتەوە کە من کردوومە: تۆ بەڕاستی توشی سەرسووڕمانم دەکەی.))

ناتوانم قەناعەتی پێ بهێنم. ئەگەر درێژەی بدەمێ، تەنیا تووڕەی دەکەم. بێ دەنگ دەبم. حەزدەکەم لە ئامێزی بگرم. لە ناکاو بە شکڵ و شێوەی نیگەرانەوە سەیری دەکات.

((بەڵام ئەگەر تۆ بیرت لە هەموو ئەوانە کردۆتەوە، ئێمە دەتوانین چی بکەین؟)) سەرم دادەنەوێنم.

بە قورسی دووبارەی دەکاتەوە: ((من... خەریکم تەمەنم لەخۆم درێژتر دەبێت.)) دەتوانم چی پێ بڵێم؟ ئایا من شارەزای هۆکارەکانی ژیان هەم؟ هاوشێوەی وی بێ هیوا نیم، چونکە چاوەڕێی زۆرم نەبوو. زیاتر دەبێ بڵێم کە... لە بەرامبەر ئەو ژیانەی کە دراوەتە من-لەبەر هیچ و پووچ دراوە- سەرگەردانم. سەرم هەروا بە دانەواوی ڕادەگرم، نامەوێ لەو ساتەوەختەدا ڕوخساری ئانی ببینم.

بە دەنگێکی کەسەراوییەوە درێژەی دەداتێ: ((من سەرفەر دەکەم، تازە لە سوید گەڕاومەوە. هەفتەیەك لە بەرلین لامدا. کەسێك هەیە کە وریایم لێ دەکات...))

لە ئامێزی بگرم؟ چ سوودی هەیە؟ هیچ کارێکم بۆی لەدەست نایە؟ ئەو وەکوو من تەنیایە.

بە دەنگێکی شادترەوە پێم دەڵێ:

((ئەوە لەبن لێوانەوە چ بۆڵە و پرتەتە؟))

چاوانم هەڵدەبڕم. بە سۆزەوە سەیرم دەکات.

((هیچ. تەنیا خەریك بووم، بیرم لە شتێك دەكردەوە.))

((ئەی مرۆڤی نهێنیاوی! ئیێ، قسە بكە یان بیێ دەنگ بە، بەڵام هەڵبژێرە.))

بۆی باسی ڕاندۆڤ دشمینۆ دەكەم، لەڕیزبەندی جازێكی كۆنە كە ناچارم دەكات بە گرامـافۆن بـۆم لیێ بدەن، لەو خۆشییە سەیرەی كە بۆم دروست دەكات.

((خەریك بووم لە خۆمم دەپرسی كە ئایا ئێمە ناتوانین شتێك لـەو ئاراسـتەیە بدۆزینـەوە، یـان لانی كەم لێی بگەڕێین...))

وەڵام ناداتەوە، پێم وانییە حەزی لەو شتە بێت كە باسم كرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لـەدوای كـەمێك درێژە بە قسەكەی دەدات-و من نازانم كە ئایا بـەدوای زنجـیرەی بیركردنەوەكانییەوەیـە یـان ئەمـە وەڵامێكە بۆ شتێك كە هەر ئێستا پێم گوت.

((وێنەكێشـانەكان، پەیكـەرەكان نـاتوانرێن بـەكار بـبرێن: ئـەوان لەبەرامبـەر منـدا جـوانن. مۆسیقا...))

((بەڵام لە شانۆدا...))

((ئیێ، لە شانۆدا چی؟ دەتەویێ هەموو هونەرە جوانەكان یەك بە یەك بژمێری؟))

((ئەو سەردەمە دەتگوت دەتەویێ كاری نواندن بكەی چونكە لەسەر تەختەی شانۆ ڕەنگە بكـریێ ساتە كامڵەكان بە ئاكام بگەیەندرێن!))

((بەڵیێ، ئەوانم بە ئاكام گەیاندوون: بۆ كەسانی تـر. مـن لـەنێو تـۆز و خۆڵـدا، لـە بـەردەمی هەوادا، لەژێر تیشكی تیێ چەقیودا، لەنێو دیكۆرە كارتۆنییەكاندا بووم. بەزۆری ڕۆڵـی بەرامبـەری توڕندایكم دەگێڕا. پێموایە نواندنەكەیت لە كاڕونت گاردێن دیتبێت، من هەمیشە لـە قاقـا لێـدان لەنێو دەموچاویدا دەترسام.))

((بەڵام قەت رۆڵی خۆت پەلكێشی نەدەكردی؟))

((كەمێك، جار جارەیەك، نە قەت زۆر بە توندی شـتی سـەرەكی بـۆ هـەموومان ئـەو كونـە ڕەشە، ڕێك لە پێشمان بوو كە لە بنەكەیدا كۆمەڵە خەڵكێك هەبوون كە ئێمە نەمان دەتوانی بیـان بینین. دیارە كە بۆ ئەوان ساتێكی كامڵمان نمایش دەكرد، بەڵام دەزانی، ئەوان تێی دا نەدەژیان: لـە بەردەمیان ڕادەخرا. ئایا پێت وایە كە ئێمەی نمایشكار لە نێویدا دەژیایین؟ لە كۆتاییدا، ئـەوە هـیچ جێیەك نەبوو، نە لەم لایەی ڕیزی گلۆپەكانی بەردەم دیمەنەكە و نـە لەلایـەكی تـر بـوونی هـەبوو و

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بیریان لێ دەکردەوە.)) بە دەنگێکی درێژ و بە حاڵەتی بێ دەربەستییەوە درێژەی دەداتێ: ((کەواتە ئازیزم، دەبینی کە وازم لە هەموو شتێك هێناوە.))

((من هەوڵم دابوو ئەو کتێبە بنووسم...))

قسەکەم پێ دەبڕێ.

((من لە ڕابردوودا ژیان بەسەر دەبەم. هەموو ئەو شتانەی وەبیرم دێتەوە کە بەسەرم هاتوون و ڕێك و پێکی دەکەم. لە دوورەوە، هەر ئاوا، هیچ زیانێك ناگەیەنێ، تاڕادەیەك خۆم لەبەر دەستیدا بەرەڵا دەکەم. چیرۆکی ئێمە هەمووی جوانە. چەند دەستکارییەك لێرە و لەوێ دەکەم و زنجیرەیەك ساتی کامڵ دروست دەبن. پاشان چاوانم دەنوقێنم و هەوڵ دەدەم خەیاڵ بکەم کە هێشتاش خەریکم ژیانیان تێدا بەسەر دەبەم. من کەسایەتی دیکەشم هەن. دەبێ بزانی کە چۆن بیر و هەستەکان جێگیر بکەی. دەزانی چیم خوێندەوە؟ ورزشە ڕوحییەکانی قدیس لویلا. زۆر سوودمەند بووە بۆم. لەپێش هەموو شتێکدا شێوازێك بۆ ڕازاندنەوەی دیکۆڕ هەیە، دوای ئەوەش شێوازێك بۆ هێنانە سەر تەختەی کەسایەتییەکان. ((بە حاڵەتێکی جادوییەوە زیاتر دەڵێ: ((دەتوانرێ سەرکەوتن لە دیتندا بەدەست بێت.))

دەڵێم: ((ئێ، ئەمە بە هیچ جۆرێك دڵخۆش و ڕازیم ناکات.))

((پێت وایە من دڵخۆش و ڕازی دەکات؟))

بۆ ساتێك بێدەنگ دەبین. شەو دەگاتە جێ بە زەحمەت دەتوانم ڕەنگی کاڵ بۆوەی ڕوخساری لێك جیا بکەمەوە. بەرگە ڕەشەکەی لەگەڵ ئەو سێبەرانەدا ئاوێتە دەبێت کە ژوورەکەیان داپۆشیوە. ئامێرئاسا فنجانەکەم بەرەو لێوەکانم دەبەم کە هێشتا کەمێك چای تێدا ماوە. چایەکە ساردە. حەزدەکەم سەبیلە بکێشم، بەڵام ناوێرم، ئەو هەستە بە ئازارەم تووش دەبێ کە ئێمە ئیدی هیچمان نەماوە بە یەکتری بڵێین. هەردوێنێ بوو کە من پرسیارگەلێکی زۆرم هەبوون کە لێی بپرسم: لە کوێ بووە، چی کردووە، چ کەسانێکی دیتبوون؟ بەڵام ئەوانە لەو ڕووەوە جێگای حەزم بوون کە ئانی دڵی پێوە بەستبوون. ئێستا هیچ هەستێکی زانینم نییە: هەموو ئەو وڵاتانە، هەموو ئەو شارانەی کە پێیاندا تێپەڕی بوو، هەموو ئەو پیاوانەی کە عەشقیان بۆ دەربڕیبوو و لەوانەیە ئەو خۆشی ویستن-پەیوەندی لەگەڵ هەمواندا پسandبوو، لە بناغەدا بەرامبەر هەموان بێ دەربەست بوو: بەرکەوتنی کەمی خۆرەتاو بۆ سەر ئاستی دەریایەکی تاریك و سارد. کانی بەرامبەر بە منە، چوار ساڵە کە یەکترمان نەدیتووە و ئیدی هیچمان نییە بۆ یەکتری باس بکەین.

ئانی لە ناکاو دەڵێ: ((ئێستا دەبێ بڕۆی چاوەڕێی کەسێکم.))

((چاوەڕێ...))

((نا، چاوەڕێی ئەڵمانییەکم، وێنەکێشێك.))

دەداتە قاقای پێکەنین. ئەم پێکەنینە لە ژووڕێدا ئاوازێکی غەریبی هەیە.

((بڕوانە، ئەو کەسێکە کە وەکوو ئێمە ناچێ-هێشتا نا. ئەو کار دەکات تێ دەکۆشێ.))

بە نا بەدڵێیەوە هەڵدەستم.

((کەی دووبارە دەتبینمەوە؟))

((نازانم، سبەی شەو بەرەو لەندەن بەڕێ دەکەوم.))

((لە ڕێگای دیپۆوە؟))

((بەڵێ، پێشم وایە کە دوای ئەوە دەچمە دیر. لەوانەیە زستانی داهاتوو دووبارە بە پاریسدا تێپەڕم، بۆت دەنووسم.))

شەرمنانە دەڵێم: ((من بەیانی دەسبەتاڵم.))

بە دەنگێکی وشك وەڵام دەداتەوە:

((بەڵێ، بەڵام من زۆرم کار هەن. نا، ناتوانم بتبینم. لە میسرەوە نامەت بۆ دەنووسم. هەر ئادرسەکەتم بدەیەی.))

((باشە.))

لە نیو تاریکیدا ئادرسەکەم لەسەر پارچە زەرفێك خێرا خێرا دەنووسم. دەبێ بە هوتێل برنتانیا بڵێم کە کاتێك بۆ ڤیم بەجێ هێشت، نامەکانم بۆ بنێرێ. لە قولایی دڵم، زۆرباش دەزانم کە ئەو نامە نانوسێت. لەوانەیە دە ساڵی دیکە بیبینمەوە، ڕەنگە ئەمە دوایین جار بێت کە دەیبینم. تەنیا هەر بەجێ هێشتنی نییە کە دەم فەوتێنێ، لە گەڕانەوە بۆ تەنیایشم دەترسێم.

هەڵدەستێت، لەبەر دەرگا بە ئارامی لێوەکانم ماچ دەکات. بە دەم زەردەخەنەوە دەڵێ: ((ئەمە بۆ ئەوەی کە لێوەکانتم وەبیربێنێتەوە. دەبێ من بیرەوەرییەکانم گەنج بکەمەوە، بۆ وەرزشە ڕوحییەکانی خۆم.))

قۆڵی دەگرم و بۆ لای خۆمی ڕادەکێشم. بەرگری ناکات، بەڵام بەسەری دەڵێ نا. ((نا، ئیدی سەرنجڕاکێش نییە بۆم. ناتوانین لە نوێیەوە دەست پێ بکەینەوە... جگە لەوەش، لە بەرامبەر

ئەوەی دەکرێ لەگەڵ خەڵکدا بکرێ، یەکەمین مرۆڤی کەمێك قۆز کە بگاتە جێ بە هەمان باشیی تۆیە.))

((بەڵام نیازت هەیە چی بکەم؟))

((پێم گوتی، دەچمە بەریتانیا.))

((نا، مەبەستم...))

((ئێ، هیچ.))

قۆڵێم بەرنەداوە، بە هێواشی پێی دەڵێم: ((کەواتە من دەبێ لە دووبارە دۆزینەوەت، بەجێت بێڵم.))

ئێستا دەتوانم بە ڕوونی ڕوخساری ببینم. لەناکاو ڕەنگ بزرکاو و درێژ دەبێت. ڕوخساری پیرێژنێك، بە توندی ترسێنەر، دڵنیام ئەو بە ئەنقەست ئەو ڕوخسارەی بەخۆ نەگرتووە: ئەو ڕوخسارە لەوێیە، بەبێ ئاگاداری وی، یان ڕەنگە سەرەڕای ئەو. بەخاوی دەڵێ: ((نا، نا. تۆ دووبارە نەتدۆزیووەمەوە.))

قۆڵەکانیم لەدەست دێنێتە دەرێ. دەرگا دەکاتەوە. داڵانەکە بەهۆی تیشکەوە دەدرەوشێتەوە. ئانی دەداتە قاقای پێکەنین.

((داماوە! هیچ شانسی نییە. یەکەمجار کە بە باشی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، پێزانینی بەرامبەر نانوێندرێ. ئێ، ئیدی بڕۆ.))

گوێم لە دەنگی داخرانی دەرگا لەسەرم دەبیستم.

((یەکشەممە.))

ئەمڕۆ بەیانی چوومە سەردانی نووسینگەی ڕێنمایی هێڵی ئاسن: وای دانێ کە کانی درۆی لەگەڵدا نەکردبم، بە شەمەندەفەری دیپ لە کاتژمێر پێنج و سی و هەشت خولەکدا بەڕێ دەکەوێ، بەڵام لەوانەیە ئەو هاوڕێی پیادەی بە ئۆتۆمبیل بیبات؟ تەواوی بەیانییەکە لە شەقامەکانی مێنیل مونتان و ئەوسا پاش نیوەڕۆ لە شەقامەکانی کەنار دەریا سووڕامەوە. چەند هەنگاو، چەند دیوارێك من لەو جیا دەکردەوە. لە کاتژمێر پێنج و سی و هەشت خولەکدا گفتوگۆی دوێنێمان وەکوو بیرەوەری لێ دێت، ئەو ژنە قەڵەوەی کە لێوەکانی لە دەمم خشابوون، لەنێو ڕابردوودا لەگەڵ کیژۆڵە لاوازەکەی مێکناس و لەندەن دەکەوێت، بەڵام ئێستا ئەوەندەی پێ نەچوو بوو، لەبەر ئەوەی ئەو هەر لەوێ بوو، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو دووبارە بیبینمەوە، قەناعەتی پێ بکەم، ئەوسا بۆ

هەتا هەتایە لەگەڵ خۆمدا ببیەم. هێشتا هەستم بە تەنیایی نەدەکرد. دەمویست بیرم لە کانی بپسێنم. چونکە، لە بیکردنەوە لە جەستە و ڕوخساری بە توندی ڕقم هەستابوو: دەستەکانم دەلەزرین و مچوڕکی سارد بە لەشمدا دەهاتن. دەستمکرد بە سەیرکردنی کتێبە ڕاخراوەکانی کتێبە فرۆشە کۆنەکان، بەتایبەتی کتێبە بێ سوودەکان، چونکە، سەرەڕای هەر شتێك، ئەمانە زەینی مرۆڤ خەریك دەکەن.

کاتێك کاتژمێری وێستگەی هێلی ئاسنی ئۆرسای زەنگی پێنجی لێ دا، خەریکبووم وێنەکانی کتێبێکم بەناوی پزیشکێك بە قەمچییەوە سەیر دەکرد. وێنەکان ئەوەندە جۆراوجۆریان نەبوو. لە زۆربەیاندا پیاوێکی ڕیشداری باڵابەرز قامچی سواربوونی لەسەر کەلەکانی زلی ڕووتی تاودەدا. هەر کە تێگەیشتم کاتژمێر پێنجە، کتێبەکەم هەڵدایەوە سەر ئەوانی تر و خۆم هەڵدایە نێو تەکسی کە بمگەیەنێتە وێستگەی هێلی ئاسنی سێن لازار. بیست خولەکێك پیاسەم کرد و پاشان چاوم پێیان کەوت. ئانی باڵتۆیەکی قورسی لەبەر کردبوو کە ئەوی وەکوو خاتوونێك دەنواند و ڕووبەندێکی کورتی بە دەم و چاوەوە بوو. پیاوەکە باڵتۆیەکی لە تووکی وشتر لەبەردابوو. گەنمی، هێشتا گەنج، زۆر باڵابەرز، زۆر جوان بوو. بە دڵنیاییەوە بیانی بوو، بەڵام ئینگلیز نەبوو، لەوانەیە میسری بووبێت. بەبێ ئەوەی ببینن سواری شەمەندەفەر بوون. پێکەوە قسەیان نەدەکرد. پاشان پیاوەکە لە شەمەندەفەر دابەزی و چەند دانە ڕۆژنامەی کڕین. ئانی جامی فارگۆنەکەی دادایەوە، منی بینی. ماوەیەکی زۆر بەبێ تووڕەیی، بە چاوی بێ تاقەتەوە تەماشای دەکردم. پاشان پیاوەکە گەڕایەوە نێو فارگۆنەکەوەو شەمەندەفەر بەڕێکەوت. لەو ساتە وەختەدا ریستوڕانی پیکادیلیم بە ڕوونی دیت، ئەو جێیەی کە جاران نانمان لێ دەخوارد. پاشان هەموو شتێك پوکایەوە. هەنگاوم نا، کاتێك هەستم بە ماندوێتی کرد، هاتم لەنێو ئەم کافەیەدا خەوم لێ کەوت. گارسۆن هەر ئێستا بە خەبەری هێناوم و نیوە خەوتوو نیوە بەخەبەر خەریکم ئەم بابەتانە دەنووسم. بەیانی بە شەمەندەفەری نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ بۆڤیل. دوور ڕۆژ مانەوە لەوێ بەسمە: بۆ پێچانەوەی جانتاکانم و کاروباری حیسابە بانکییەکەم پێموایە لە هوتێل پرنتانیان داوام لێ دەکەن کە کرێی دوو هەفتە زیادە بدەم، چونکە لە ڕۆیشتنم ئاگادارم نەکردبوونەوە. هەروەها دەبێ هەموو ئەو کتێبانەی وەرم گرتوون بیانگەڕێنمەوە بۆ کتێبخانە. هەرچۆنێك بێت، تا بەر لە کۆتایی هەفتە دەگەڕێمەوە پاریس.

لەم گۆڕانەش چیم دەست دەکەوێ؟ دیسانەوە لە شارێك دەبم: ئەمەیان ڕووبارێك کردوویەتی بە دوو بەش، ئەوی تر لە قەراغ دەریایە، کە واز لەمە بێنین، هاوشێوەی یەکن. پارچە زەویەکی

ڕووتەنی بەیار هەڵدەگرن، ئەوسا چەند تەختە بەردێکی نێو بەتاڵی بەسەردا خلۆر دەکەنەوە. لە نێـو ئەو بەردانەدا بۆنەکان ئەسید دەبن، ئەو بۆنانەی کە لە هـەوا قورسـترن. نـاوە لـە پەنجـەرەوە هەڵیان دەدەنە نێو شەقامەکان و لەوێ دەمێننەوە تاکوو بایەکان پارچە پارچەیان بکەن. لـە هـەوای ساف و ڕووناکدا، دەنگە دەنگەکان لەلایەکی شارەوە دێن و لە پاش تێپـەڕین بـە نێـو دیوارەکانـدا لەلایەکی دیکەوە دەچنە دەرێ. کاتەکانی تر، ئەوان لەنێو ئەو بەردانەی کە خۆرەتاو دەیانکولێنێ و سەهۆڵ بەندانیش دەیانتەقێنێ، دەسووڕێنەوە.

من لە شارەکان دەترسێم، بەڵام نابێ لێیان بچیە دەرێ. ئەگەر ڤیرۆسیای لـێ بکـەن و زۆر دوور بڕۆن، تووشی پنچکە گیایەکان دەبن. گیاکان تاکوو مەودای چـەندەها کیلۆمـەتر بـەرەو شـارەکان خزاون. چاوەڕوانن کاتێك کە شار دەمرێت، گیاکان هێرشی بۆ دەهێنن، لە بـەردەکان سـەردەکەون، پڕیان پێدا دەکەن، لێیان دەگەڕێن، بە گازە ڕەش و درێژەکانیان دەیانتەقێنن، کونەکان پڕ دەکەنەوەو لاقە سەوزەکانیان لە هەموو جێیەك هەڵدەواسن. تا کاتێك کـە شـارەکان زینـدوون دەبـێ تێیانـدا بمێندرێتەوە، نابێ قەت بە تەنیا بچنە دەرەوەی بۆ نێو ئەو کۆمەڵە گەورەیـە لێـوە کـە لـە بـەردەم دەروازەکانیانە: دەبێ لێ گەڕێی هەر بۆ خۆی شەپۆل بدات و بتەقێ. لە شارەکاندا ئەگەر لە دەسـتی مرۆڤ بێت و ئەو زەمەنانەی کە هەڵیاندەبژێرێ کە گیانـداران لـە کونەکانیانـدا، لـە پشـت پاشمـاوە ئامێریەکان خەریکی هەرس کردنی خواردنن یان نوستوون، کەم ڕوودەدات کە تووشی شـتێك جگـە لە کانزاییەکان ببێت، واتە ئەو بوونەوەرانەی کە لە هەموو بوونەوەرەکانی تر کەمتر ترسێنەرن. مـن نیازم وایـە بگەڕێمـەوە بـۆ بۆڤیـل. گیایـەکان تـەنیا لـە سـێ لاوە دەوری بۆڤیلیـان داوە. لـەلای چوارەمەوە، کونێکی گەورەی پڕ لە ئاوی ڕەش هەیە کە هەر بۆخۆی دەجووڵێ. با بـەنێو ماڵەکانـدا گڤەی دێ. بۆنەکان ماوەیەکی کەمتر لە هەر جێیەکی دیکە دەمێننـەوە: لـە دوای ئـەوەی کـە بـا بەرەو دەریا ڕەتاندنی، هاوشێوەی دەمە هارو هاجەکان لەسەر ئـاوە ڕەشـەکە دێـن و دەچـن. بـاران دەبارێ. لێگەڕاون کە گیاکان لەنێو چوار محەجەرەدا بڕۆێن. گیایە خەساوەکان، ماڵی کراو، ئەوەنـدە گەڵاکانیان ئەستوورە کە بێ ئازارن. ئەوان کۆمەڵە گەڵایەکی سـپی شـێوەی گـەورەیان هەیـە کـە وەکوو گوێ هەڵواسراون. کاتێك دەستیان لێ بدەن، وەکوو ئێسکە نەرمە هەست پـێ دەکـرێن. لـە بۆڤیل هەموو شتێك قەڵەو و سپییە، لەبەر ئەو هەموو ئاوەی کە لە ئاسمانەوە دادەبارێ. من نیـازم هەیە بگەڕێمەوە بۆڤیل. چەندە ترسناکە! لە خەو ڕادەپەڕم. نیوە شەوە. شـەش سـەعاتە کـە نـانی

پاریسی بەجێ هێشتووە. کەشتی لەنگەرگای بەجێ هێشتووە، ئـانی لـە کابینەیەکـدا نووسـتووەو لەسەر عەرشە، هاوڕێ جوانە ڕەشتاڵەکەی جگەرە دەکێشێ.

((سێ شەممە لە بۆڤیل))

ئایا ئازادی هەر ئەمەیە؟ لەژێر پێمدا باخەکان بە شێوەیەکی کـەم وا بـەرەو لای شـار دەڕۆنـە خوارێ، لە هەر باخێکیشدا ماڵێك هەیە. دەریـا دەبیـنم، قـورس و بـێ جوولـە، بۆڤیـل دەبیـنم. ڕۆژێکی خۆشە. من ئازادم: ئیدی هیچ هۆیەك بۆ ژیان بەسـەربردنم بـۆ نەماوەتـەوە، هـەموو ئـەو هۆکارانەی کە تاقیم کردوونەتەوە داشکاون و من ناتوانم هۆکارگەلێکی دیکـە خـەیاڵ بکـەم. مـن هێشتا گەنجم، هێشتاش وزەم تێداماوە کە لە نوێوە دەست پێ بکەم، بەڵام دەبێ چ شتێك لە نوێـوە دەست پێ بکرێت؟ تەنیا ئێستایە کە بۆم دەردەکـەوێ چـەندە، لـە ناوەڕاسـتی توونـدترین تـرس و هێڵنجەکانمدا، ئومێدم بە ئانی بەستبوو کە ڕزگـارم بکـات. ڕابـردووم مـردووە، مـارکی دورلبـۆن مردووە، ئانی تەنیا بۆ ئەوە گەڕایەوە تاکوو هەموو ئومێدێك لەمن بسـتێنێ. لـەنێو ئـەم کۆڵانـە باخەدا تەنیام. تەنیاو سەربەست، بەڵام ئەم سەربەستییە کەمێك لە مەرگ دەچـێت. ئـەمڕۆ ژیـانم کۆتایی پێدێت. سبەینێ شارێك بەجێدێڵم کە لە ژێر پێمدا ڕاخراوەو ماوەیـەکی زۆر تێیـدا ژیـاوم. ئیدی جگە لە ناوێك هیچـی دی نابێـت، خـراپن، بـورژوا، زۆر فەڕەنسـایی، ناوێـك لـە تۆمـاری مێشکمدا بە ئاوازێك کەمتر لە ئاوازی فلۆرانس یان بەغدا. سەردەمێك دێت کە لە خۆم دەپرسم:

((ئێ، کە لە بۆڤیل بووم، دەمتوانی بە درێژایی ڕۆژ چی بکەم؟)) لـەم خۆرەتـاوەش، لـەم دوای نیوەڕۆیە، هیچ شتێك نامێنێتەوە، تەنانەت بیرەوەریەکیش.

سەرانسەری ژیانم لە دوامەوەیە. هەمووی دەبینم، شێوەی و جووڵە خاوەکانی کە منی تا ئێـرە هێناوە. باسێکی ئەوەندەی بۆ گوتن دەربارەی نییە: ئەوە یارییەکی دۆڕاوە، هەر ئەمـە. سـێ سـاڵ لەمەوبەر بە شێوەی فەرمی و بەڕێوڕەسمەوە هاتمە بۆڤیل. خۆی یەکەمم دۆڕانـدبوو. دەمویسـت لـە خۆی دووەمدا یاری بکەم، بەڵام دیسان دۆڕامەوە.

تەواوی یاریەکەم دۆڕاند. لە هەمانکاتدا، بۆم دەرکـەوت کـە مـرۆڤ هەمیشـە دەدۆڕێ. تـەنیا مایەپووچەکان پێیان وایە کە دەیبەنەوە. ئێستا دەمەوێ وەکوو ئـانی کاربکـەم، دەمـەوێ تەمـەنم لەخۆم درێژتر ببێت. بخۆم، بخەوم، بخەوم، بخـۆم. بـە خـاوی و هێـواش بـوونم هـەبێت، وەکـوو ئـەم درەختانە، وەکوو چاڵە ئاوێك، وەکوو کورسی ڕەنگ سووری تراموا. هێڵنج ڕزگـاربوونێکی کـورتی پێداوم، بەڵام دەزانم کە دێتەوە. هێڵنج دۆخی ئاسایی منە، بەڵام ئـەمڕۆ جەسـتەم بەڕادەیـەك بـێ

تاقەت و بێ تواناو کوتراوە کە نـاتوانێ خـۆی لەبـەر ڕاگـرێ. نەخۆشـەکانیش لاوازی بەختـەوەری هێنەریان هەن کە ئەوان چەند سەعاتێك لە بەئاگابوون لە ڕەنجەکانیان دەرەوێنێتـەوە. دامـاو بـووم، هەر ئەمە. جاریوایە وا باوێشك دەدەم کە فرمێسك بە گۆناکانمدا دێنـەخوارێ. ئەمـە داماوییـەکی قووڵە، قووڵ، دڵی قووڵی هەبوون، هەمان مادەی کە لێی دروست کراوم. لە خۆم خافڵ نـابم، ڕێـك بە پێچەوانەوە: ئەمڕۆ بەیانی خۆم شووشت، ڕیشم تاشی. گریمان کاتێك بیر لـە هـەموو ئـەو کـارە بچووکانە دەکەمەوە، سەر دەرناکەم کە چۆن توانیم ئەنجامیان بـدەم: زۆر بێهـودەن. بـە دڵنیاییـەوە نەریتەکانم بۆیان ئەنجام داوم. نەریتەکانم نەمردوون، بەردەوامن لە جموجۆڵ، بە ئـارامی و شـاراوەیی تاڵەکانیان دەتەنن، وەکوو منداڵ بەخێوکەرەکان دەمشۆن، وشکم دەکاتەوە، جلم لەبەر دەکەن. ئایـا هەر ئەوان بوون کە ڕێنماییان کردم بۆ سەر ئەم گردە؟ ئیدی نایەتەوە یادم کە چۆن هاتووم. بێ شـك لە قادرمەی دواترە، ئایا بەڕاستی لە سەدو دە قادرمەی یەك بـە یـەك سـەرکەوتووم؟ ئـەوەی کـە ڕەنگە دیسانەوە خەیاڵ کردنی دژوار بێـت، ئەوەیـە کـە دوای کـەمێك دووبـارە پێیانـدا دەچـمەوە خوارێ. لەگەڵ هەموو ئەمەدا دەزانم کە دەچم: بەم نزیکانە خـۆم لـە کۆتۆقـۆر دەبینمـەوەو ئەگـەر سەربەرز بکەمەوە دەتوانم لە دوورا ڕووناك بوونەوەی پەنجەرەکانی ئەم خـانووە نزیکانـە ببیـنم. لـە دوورەوە، لەسەر سەرم، ئەم ساتە نوکەییەش کە ناتوانم لێی دەرچم، کە لە خۆیـدا بەنـدی کـردووم و لە هەموو لایەکەوە لە خۆی گرتووم، ئەم ساتەی کە لێی دروست کراوم ئیـدی بەشـێك لـە خـەونی ئاڵۆز نابێت.

لەژێر پێمدا سەیری بریسکە بریسکی ڕەنگ خۆڵەمێشی بۆقیل دەکەم. لە ژێر خۆرەتاودا دەڵێی کۆمەڵە سەدەن، پارچە ئێسك و لمن. وردە شووشەکان یان میکا[1] کە لە ناوەڕاستیدا پارچە وردەکان ون بوون، ناوە ناوە کەمێك درەوشاوەییان هەیە. تاکوو کاتـژمێرێکی تـر خەندەقـەکان، قۆڵتـەکان، هێڵە باریکـەکان کـە بـەنێو سـەدەفەکاندا دەڕۆن، دەگـۆڕێن بـۆ شـەقامەکان. مـن لـە نێـو ئـەو شەقامانەدا، لەنێو دیوارەکاندا بەڕێدا دەڕۆم. ئەو داوەڵانەی ڕەشـی کـە لـە شـەقامەکاندا لێکیـان جیادەکەمەوە، تاکوو کاتژمێرێکی دەبمە یەکێك لەوان.

لەسەر ئەم گرەوە چەندە خۆم دوور لەوان هەست پێ دەکەم. وادێتە بەرچاوم کە مـن هـی جـۆرە گیانداریکی ترم. ئەوان لە دوای کاری ڕۆژانەیان لە ئیدارەکانەوە دێنـە دەرێ، بـە شـکڵ و شـێوەی

---

١- جۆرە بەردێکە. (وەرگێڕ)

دڵخۆشەوە سەیری ماڵ و گۆڕەپانەکان دەکەن، بیردەکەنەوە کە ئەم شـارە هـی ئەوانـە، ((شـارێکی جوانی بورژوا)) ناترسێن، خەیاڵیان تەخت و ئاسوودەیە. قەت شتێکیان نەدیتووە جگە لـە ئـاوێکی ماڵی کراو کە لە بەلۆعەکان دێتە خوارێ، هـەروەها کۆمەڵـە درەختێکـی دوو ڕەگـەی بیـژوو کـە پایەیان لەبن داناون. ڕۆژی سەد جار بەڵگەیان بۆ دەهێندرێتەوە کە جیهان پـەیڕەوی لـە یاسـاگەلی جێگیر و لە گۆڕان نەهاتوو دەکات. ئەو تەنانەت کە لـە بەتاڵاییـدا بـەرەڵا بکـرێن هـەموویان بـە خێراییەکی یەکسان بەردەبنەوە، باخی میللی زستانان هەموو ڕۆژێك کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ و هاوینان کاتژمێر شەشی پاش نیوەڕۆ دادەخرێت، قورقوشم لە ٣٣٥ پلەدا دەتوێتەوە، دواین ترامـوا کاتژمێر بیست و سێ و پێنج خولەك لە بەردەم بینایەی شارەوانیەوە بەڕێ دەکەوێ. ئـەوان ئاشـتی خوازن، کەمێك مۆن، بیر لە سبەینێ دەکەنـەوە، واتـە ڕێـك لـە ئـەمڕۆی نـوێ، شـارەکان تـەنیا ڕۆژێکیان لەبەردەستدایە کە هەموو بەیانییەك ڕێك بۆ یەکسان دەگەڕێتەوە. یەکشەممەکان کـەمێك دەیرازێننەوە. گەمژەکان لە بیری ئەوەی کە دووربارە شکڵ و شێوەی قەبـە و ئاسـوودەیان دەبیـنم، دڵم تێکەڵ دێت. ئەوان یاسا دادەنێن، ڕۆمـانی گـەلی دەنووسـن، زەماوەنـد دەکـەن، تووشـی بـێ ئەقڵیەکی گەورەی منداڵ دەرهاویشتن دەبن. لەو نێوەندەدا، سروشتێکی بەرفراوانی شاراوە خزاوەتـە نێو شارکەیانەوە. دزەی کردۆتە هەموو جێیەك، بۆ نێو ماڵەکانیان، بۆ نێـو ئیـدارەکانیان، بـۆ نێـو خۆیان جووڵەی نەدەکرد، ئارام جێگیر دەبێ، ئەوانیش ڕێـك لەنێویـدان، بـۆنی دەکـەن و نـاییبینن، پێیان وایە ئەو لە دەرێیە، لـە مـەودای بیسـت فەرسـەنگی شـار. مـن دەیبیـنم، ئـەو سروشـتە، دەیبینم... دەزانم کە فەرمانبـەرداری تەمبەڵییـە، دەزانم کـە هـیچ یاسـایەکی نییـە: ئـەوەی بـە سەقامگیری وی دەزانن بوونی نییە... شتێکی جگە لە نەریت نییە و ڕەنگە سـبەینێ نەریتـەکانی بگۆڕێ. ئەی ئەگەر شتێك ڕووی دابایە چی؟ ئەگەر ئەو یەکسەر دەستی بـە ترپـەی لێـدان دەکـرد چی؟ پاشان ئەوان هەستی پێ دەکەن کە ئەو لەوێیە و وادێتە بەرچـاویان کـە دڵیـان لەسـەروبەندی تـەقین دایـە. ئەودەمـە بەربەسـتەکان و خولڕێـژکراوەکان و وزەخانـەکان و کوڕەکـان و کوتکـە ئامێرییەکەیان بە کەڵکی چییان دێت؟ ئەگەری هەیە ئەو ڕووداوە هەرکاتێك ڕوو بدات، ڕەنگە زوو: هێماکانی هەواڵدەری لەوێن. بۆنموونە، باوکی خێزانێك کە چۆتە سەیران، دەبینێـت کـەتێکی کۆنـە سوور خەریکە لەو سەری شەقامەوە بەرەولای دێت، دەڵێی با لێی دەخورێ. کاتێکیش کە لەتکەکە گەیشـتە نزیکـی، دەبینێـت کـە کەرتـە گۆشـتێنی بۆگـەنی خۆڵاوییـە کـە بـە خـزین و بـازدان ڕادەکێشرێت، پارچە گۆشتی ئەشـکەنجە دراوی مرۆیـی کـە لـە جۆگاکانـدا خلـۆر دەبێتـەوەو بـە

گرژبوونەوە خوێنی لێ دەتکێ. یان ئەوەی کە ڕەنگە دایکێك سەیری گیپی منداڵەکەی بکات و لێی بپرسێ: ((ئەوە چییە؟ کۆڵان؟)) و دەبینێت کە گۆشتەکە کەمێك هەڵواسێت، دەقلیشێتەوە، دەم لێك دەکاتەوە، ئەوسا لە بن کەلێنەکەوە چاوێکی سێهەم، چاوێکی دەم بە پێکەنین، بە دیاردەکەوێ. یان ئەوەی کە ئەوان هەست بە دەست پێداهێنانێکی نەرم دەکەن، لەسەر تەواوی جەستەیان، هاوشێوەی ئەو لاواندنەوانەی کە قامیشەکانی ڕووبار بە جەستەی مەلوانانی دەدەن. بۆشیان دەردەکەوێ کە جلەکانیان گۆڕاون بۆ شتی زیندوو. کەسێکی دیکەش هەست دەکات کە شتێکی نێودەمی دەڕوشێنێ. ئەوسا دەچێتە بەر ئاوێنەیەك و دەمی لێك دەکاتەوە: زمانیشی بۆتە هەزار پێیەکی چالاك کە خێراخێرا دەخزێ و مەلاشووی دەڕوشێنێ. دەیەوێ بیتفێتەوە دەرێ، بەڵام هەزارپێیەکە بەشێکە لە خۆی و ئەو ناچارە کە بە دەستەکانی هەڵی کەنێ. ئەوسا دنیایەکی دیکە شت بەدیار دەکەون کە دەبێ ناوی نوێیان بۆ بدۆزرێتەوە. چاوی بەردین، قۆڵی گەورەی سێ سوچ، گۆچانی ژێر قامکە گەورە، شەویلاگەی جاڵجاڵۆکەیی، کەسێکیش کە لە نێو جێی گەرمیدا، لە ژووری نووستنی گەرم و نەرمیدا خەوی لێکەوتووە، ڕووت ڕووت لەسەر پارچە زەوییەکی شین هەڵگەڕاو بەخەبەردێت، لە دارستانێکی ئامێری خشەخشکەر کە هەموویان سوور و سپی وەکوو لوولە سۆبەکانی ژۆکستبوڤیل بەرەو ئاسمان هەڵکشاون، بە هێلکۆکەی گەورەوە لەنیوەی ڕێگای هاتنەدەر لە زەوی، توکدار و پیازشێوە.

باڵندەکانی دەوروبەری ئەو ئەندامانەش باڵەفڕە دەکەن و دەنوکیان لێ دەدەن و خوێن دەڕژێنن. منی ئارام و لەسەرخۆ لەم برینانە بەڕێ دەکەوێ، منی خوێناوی، شووشەیەکی شیلەتێن بە بلقی بچووکەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە شتێکی لەم بابەتە ڕوونادات، هیچ گۆڕانێکی هەستپێکراو نایەتە پێش، بەڵام ڕۆژێك بەیانی کاتێك خەڵك پەردە کرکرەکانیان دەکەنەوە، لە جۆرێك حاڵەتی ترسێنەر کە بە قورسی نیشتۆتە سەر شتەکان و دەڵێی چاوەڕوان دەکات، سەریان دەسوورمێ. تەنیا هەر ئەمە: بەڵام ئەگەر ئەم دۆخە کەمێك بەردەوام بێت، سەدان کەس خۆیان دەکوژن. ئێ، بەڵێ! لێگەڕێ با شتەکان کەمێك بگۆڕێن، تەنیا بۆ ئەوەی بزانم چی دەبێ، هیچ شتێکم لەمە باشتر ناوێ. ئەوکاتە مرۆڤ کەسانێکی دیکە دەبینێت کە لە ناکاو لە تەنیاییدا ڕۆژچوون. مرۆڤگەلی تەنیای تەنیا، تەواو تەنیا، بە شکڵ و شێوەی زەبەلاح ئاسای تۆپێنەرەوە کە لە شەقامەکاندا غاردەدەن، بە قورسی بە بەردەممدا تێدەپەڕن، بە چاوی تێڕاماوەوە، لەبەر نەخۆشییەکانیان ڕادەکەن و لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان دەگرن، زارکراوە، لەگەڵ زمانی جانەوەریان کە باڵەفڕێ دەکات. ئەوسا من

به قاقا پێدەکەنم، هەرچەندە جەستەم لە برین و ئیلتیهابی گەرمی گوماناوی داپۆشرا بێت کە گوڵـە گۆشتییەکان، وەنەوشەو هەڵاڵەیان لێ دەپشکوێت. پاڵ بە دیوارێکەوە دەدەم هـەروا کـە تێدەپـەڕن بەسەریاندا دەقیژێنم: ((ئێوە چیتان بە زانستەکەتانەوە کردووە؟ ئێوە چیتان لەگەڵ مرۆڤ دۆستیتاندا کردووە؟ کەرامەتی ئێوە لە پلەی بیرمەند لە کوێیە؟)) من ناترسێم-یـان لانـی کـەم نـەزیاتر لـەم ساتە. ئایا ئەوە دیسانەوە هەبوون یـان حاڵەتـەکانی وەرسـوڕان لـە هـەبوون نابێـت؟ هـەموو ئـەو چاوانەی کە بە ئارامی تەواوی ڕوخسارێك دەخۆن-گومان نییە کـە ئـەوان زیـادە دەبـن، بـەڵام نـە زیادتر لە دوو دانەی یەکەم. لە هەبوونەکە دەترسێم.

شەو دەگاتـە جـێ، یەکـەمین گڵۆپـەکانی شـار هەڵـدەکرێن. ئـەی هـاوار! سـەرەڕای نەخشـە ئەندازیارییەکانی شار چەندە سروشتی خۆی دەنوێنێ و چەند شـەوتێکی شـکاندووە. لێـرەوە زۆر... زۆر ڕوونە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە من تاکە کەسێك بم کە شەو دەبینم؟ ئایا لە هیچ شـوێنێکی دیکە کاسندرێکی[1] دیکە لەسەر گردێك نییە کە سەیری ئەو شارەی ژێرپێی بکات کـە بـە قـوڵایی سرِوشتدا ڕۆچووە؟ جگە لەمەش ئەمە چ ڕنگییەکی بۆم هەیە؟ من دەتوانم چی پێ بڵێم.

جەستەم ئارام ڕووەو ڕۆژهەڵات دەڕوا، کەمێك لەنگەر دەگرێ و بەرِێ دەکەوێ.

((چوارشەممە: دوایین ڕۆژی من لە بۆڤیل))

سەرانسەری شارم لە گـەڕان بـەدوای زانسـت وەرگـردا تـەی کـرد. دڵنیـام کـە نەگەڕاوەتـەوە ماڵەکەی. لەوانەیە مردبوو لە شەرم و ترس دەسووڕێتەوە، ئەم مرۆڤ دۆستە داماوەی کەمرۆڤـەکانی تر نایانەوێ. بەڕاست کاتێك کە ئەو ڕووداوە ڕووی دا، من زۆر سەرم نەسـووڕما: دەمێـك بـوو کـە هەستم دەکرد ئەو ڕوخسارە ئارام و ترسنۆکە ریسوایی بۆ خۆی دەکرێ. تاوانی ئـەو زۆر کـەم بـوو! ئەوەندە ناکرێ بگوترێ کـە خۆشەویسـتی بـێ فیزانـە و بیرمەندانـەی بەرامبـەر کوڕێژگـەکان لـە شەهوەتەوە بێت-زیاتر شکڵێکە لە مرۆڤ دۆستی، بەڵام چارەیەك نەبوو کە ئـەو ڕۆژێـك ڕۆژگارێـك خۆی بە تەنیا بدۆزێتەوە. وەکوو کاك ئاشیل، وەکوو خودی من: ئەو لە نەژادی منە، نییـەت پـاکی هەیە. ئێستا چۆتە نێو تەنیاییەوە- و بۆ هەتا هەتایە. هەموو شتێك لە ناکـاو دارِمـاوە، خـەون و خەیاڵەکانی دەربارەی ڕۆشنبیری، خەون و خەیاڵەکانی دەربـارەی لێکگەیشـتن لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا.

---

1- Roseav Pensant: بە لێکدانەوەی باسکاڵ، مرۆڤی (نابیرکەرەوەیە)ـ واتە بوونەوەرێکی لاواز و لەشکان هاتوو کە بەهێزی ئەندێشەوە فەرمان بەسەر ماددەدا دەکات.

سەرەتا ترس، تۆقین، هەروەها شەوە بێ خەوەکان دەبن، پاشـانیش، لـە دوای ئـەوە، ڕۆژە یـەك لـە دوای یەکەکان و درێژ و لە دوور خراوەییدا. شەوانە دەگەڕێتەوە تاکوو لە دەوری گۆڕەپانی هیپوتـك بسووڕێتەوە، لە دوورەوە تەماشای پەنجەرە ڕووناکەکانی کتێبخانە دەکـات، کـاتێکیش بکەوێتــەوە یادی ریزە کتێبەکان، بەرگە چەرمییەکەیان، هەروەها بۆنی لاپەڕەکان، دڵی دادەخورپێ. بەداخــەوەم کە لەگەڵێدا نەچووم، بەڵام حەزی نەدەکرد، ئەو بوو کە داوای لێ کردم بـە تـەنیا جێـی بـێڵم: ئــەو خەریك بوو فێرکارییەکی تەنیایی دەست پێ دەکـرد. ئـەم بابەتانـە لـە کافـەی مـابلی دەنووسـم. بەڕێوڕەسم هاتمە ئێرە، دەمویست سەیری بەڕێوەبەر و سندوقدار بکەم و بە تووندی هەست بکەم کـە خەریکم بۆ دواجار دەیان بینم، بەڵام نـاتوانم بـیری زانسـت وەرگـر لـە سـەرم دەرکـەم، هێشــتاش ڕوخساری پەرێشان و داماو و یەخەی شەڵاڵ لە خوێنیدا لەبەر چاوانمە. لەسەر ئەوە کاغەزم ویسـت. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەسەری هاتووە.

دەوروبەری کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ چوومە کتێبخانە. بیرم دەکردەوە: ((کتێبخانە بۆ دواجار دێمە ئێرە.))

تەلارەکە تاڕادەیەك چۆڵ بوو. ناسینەوەی دژوار بوو بۆم، چونکە دەمزانی کە قـەت ناگەڕێمــەوە بۆی هاوشێوەی هەڵمێکی سووك بوو، تاڕادەیەك ناڕاستەقینە، سوور سوور بـوو، زەردەپـەڕی خـۆر ڕەنگێکی سووری دەخستە سەر مێزی تایبەتی خوێنەرە ئافرەتەکان، دەرگا و سـەر کتێبـەکان. بـۆ ساتێك ئەو هەستە دڵکەشەم تووش بوو کە چوومە نێو چل خانەیەکی پڕ لە گـەڵای زێـڕین، زەردەم کرد. بیرم کردەوە: ((چەندە لـە مێـژە کـە زەردەخەنـەم نـەکردووە.)) پاسـەوانی کۆرسـی دەسـتی خستبوونە پشتەوەو لە پەنجەرەوە تەماشای دەرێی دەکرد. چی دەدیت؟ سەری ئیمپتڕاز؟ ((مـن کـە ئیدی هیچ کات سەری ئیمپتڕاز و کڵاوە سیلەندەرکەی و پاڵتۆکەی دووبارە نابینمەوە. تاکوو شـەش سەعاتی دیکە بۆڤیل بەجێ دەهێڵم.)) ئەو دوو بەرگە کتێبەم لەسـەر مێـزی یـاری دەدەری خـاوەن کتێبەکان دانا کە مانگی ڕابردوو وەرم گرتبوون. ئەو پارچەیەکی سەوزی دادڕی و بۆی ڕاداشتم:

((فەرموو، کاك ڕووکانتن.))

((سوپاس.))

بیرم کردەوە: ((ئێستا ئیدی هیچیان قەرزدار نیم. ئیدی هیچ شتێك قەرزداری کەس نـیم، هــەر ئێستا دەچمماڵئاوایی لە خاتوونی خاوەن کافەی ڕاندۆڤ دۆشمینۆ دەکەم. مـن ئـازادم.)) ماوەیــەك هەڵوەستەم کرد: ئایا ئەم دواین ساتانە بـە گـەڕانی دوور و درێـژ لـە بۆڤیـل بگـوزەرێنم و جـووت

سایدی ڤیکتۆر هوگۆ، شەقامی گالوانی، شـەقامی تـورن بریـو و دووبـارە ببینمـەوە؟ بـەڵام ئـەم دارستانە زۆر ئارام و پاك بوو: وام دەهاتە بەرچاو کە ئەوەندە بوونی نییە و هێڵنج لەسەری مـابۆوە. چوومە نزیك سۆبە دانیشتم. ژۆرنال دۆ بۆڤیل لەسەر مێز کەوتبوو. دەستم برد و هەڵمگرت.

((سەگەکەی ڕزگاری کرد.))

((موسیۆ دوبوسك، یەکێك لە خاوەندارانی رمیردۆن، دوێنێ شـەوێ بـە پاسـکیل لـە بـارزاڕی نوژی دەگەڕایەوە...))

خاتوونێکی قەڵەو هات لەلای ڕاستم دانیشت، کڵاوە لبادییەکـەی لـە تەنیشـتی دانـا. لـووتی وەکوو چەقۆیەکی ڕۆچوو لە سێودا، کەوتبووە سەر ڕوخساری. لەبن لووتی، کونێکی دزێوی بچـووك بە سوکەڵانەیی مۆن ببوو. کتێبێکی بـەرگ ئەسـتووری لـە جانتاکـەی هێنایـە دەرێ و ئانیشـکی خستنە سەر مێزەکەو سـەری لەسـەر دەسـتە خرپنـەکانی پاڵدایـەوە. بەرامبـەرم، پیـاوێکی پـیر نوستبوو. دەمناسی: هەمان شەو کە ترسانێکی وەها ڕووی تێ کردم لـە کتێبخانـە بـوو. پێموایـە ئەویش ترس دایگرتبوو. بیرم کردەوە: ((ئەو هەموو ڕووداوانە چەندە دوورن.))

کاتژمێر چوار و نیو زانست وەرگر هاتە ژوورێ. حەزم دەکرد تۆقەی لەگەڵدا بکەم و ماڵئـاوایی لێ بکەم، بەڵام ڕەنگە دوایین دیدارمان بیرەوەرییەکی ناخۆشی لەسەر جێ هێشتبێ: لـە دوورەوە بـە نیشانەی سڵاو سەری بـۆ لەقانـدم و بـە مەودایـەکی تاڕادەیـەك دوور لـەمن چـوو دەستەسـڕێکی بچووکی سپی لەسەر زەوی دانا، کە بە دڵنیاییەوە جاران پارچە نانێـك و شـوکولاتی تێـدابوو. لـە دوای ماوەیەك بە خۆ و بە کتێبێکی وێنەدارەوە گەڕایـەوەو لـە نزیـك دەستەسـڕەکەی دانـا. بـیرم کردەوە: ((وا دواجار دەیبینم.))

سبەی شەو، دووسبەی شەو، هەروەها هەموو شەوەکانی دواتر، دەگەڕێتەوە تاکوو لەسـەر ئـەو مێزە بەدەم نان و شکولات خواردنەوە کتێب بخوێنێتەوە، سەبورانە درێژە بە کرۆشتنی مشك ئاسـای دەدات، بەرهەمەکانی نابو، نۆردۆ، نۆدیە، نیس، دەخوێنێتەوەو نـاوە نـاوە دەسـت لـە خوێندنـەوە هەڵدەگرێ تاکوو گوتەیەکی پڕ مێشـك لـە دەفتەرچـەکەیدا یادداشـت بکـات. منـیش خـەریکی پیاسەکردن لە پاریس، لە شەقامەکانی پاریس دەبم، ڕوخساری تازە دەبینم. تا ئەو کاتەی کـە ئـەو لێرەیە، تا ئەو کاتەی کە چرای گەورەو بیرمەندانەی دەم و چاوی هەڵکراوە، چ ڕووداوگەلێك بۆ مـن ڕوو دەدەن؟ ڕێك لەکاتی خۆیدا هەستم کرد کە خەریکم جارێکی تر خۆم گرفتاری تراویلکەی ڕووداو دەکەمەوە. شانم هەڵتەکاندن و دەستم کردەوە بەخوێندنەوە.

((بۆڤیل و دەوروبەری.))

((مونیستیە.))

((چالاکی لیوای سوپا لە ساڵی ١٩٣٢دا.))

عەریف سوار گاسیار، لە پلەی فەرماندەیی لیوای مونیستیە و چوار سەربازەکەی، بەرێزان لاگوت، نیزان، پیربوون و گیل، لە ساڵی ١٩٣٢دا بە زۆری خەریکی کار بوون. لە ڕاستیدا سەربازەکانی ئێمە ٧ تاوان، ٨٢ سەرپێچی، ١٥٩ تاوانی بچووك، ٦ خۆکوشتن و ١٥ ڕووداوی ئۆتۆمبیلیان تۆمارکردووە کە ٣ دانەیان کارەساتی مردنیان لێکەوتۆتەوە...

((ژۆکستبوڤیل.))

((گرووپی هاوڕێیانی شەیپورژەنی ژۆکستبوڤیل .))

((ئەمڕۆ مەشقەکانی کۆتایی، بڵاوکردنەوەی پسوولە بۆ کۆنسێرتی ساڵانە.))

((کومپوستل.))

((بەخشینی نیشانەی ژیۆن دۆفور بە سەرۆکی شارەوانی.))

((گەشتیاری بۆڤیلی ڕێکخراوی پێشەنگی بۆڤیل، ١٩٢٤.))

((ئەمشەو، لە کاتژمێر ٢٠.٤٥دا، دانیشتنی مانگانە لە بنکەی کۆبوونەوەکان، ژمارە ١٠، شەقامی فردنیان-بایرۆن، ژووری ئەلیف. بەرنامەی دانیشتن: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دانیشتنی ڕابردوو.))

نامەکان، میوانداری ساڵانە، پشك دانانی ساڵی ١٩٣٢، بەرنامەی گەشتەکانی مانگی ئازار، بابەتی جۆراوجۆر، ئەندامانی نوێ.))

((پاراستنی گیانداران (ئەنجوومەنی بۆڤیل).))

((دانیشتنی گشتی پێنج شەممەی داهاتوو، لە کاتژمێر ١٥ تاکوو ١٧، ژووری پ، ژمارە ١٠، شەقامی فردینان-بایرۆن، بۆڤیل. نامەکان دەبێ بە ناونیشانی سەرۆك لە خانەی ئەنجوومەن یان ناونیشانی ژمارە ١٥٤، شەقامی گالوانی بنێردرێن.))

((یانەی سەگەکانی پاسەوانی بۆڤیل... لێژنەی نەخۆشەکانی شەڕی بۆڤیل... سەندیکای خاوەن تەکسییەکان... کۆمیتەی هاوڕێیانی زانستگەکانی بۆڤیل...))

دوو کوڕ بە جانتای قوتابخانەوە هاتنە ژوورێ، قوتابیانی ئامادە. پاسەوانی کورسیەکە قوتابیانی ئامادەیی خۆشدەوێن چونکە دەتوانێ باوکانە وریایان بێت. بە زۆری، بۆ حەزی خۆی،

لێدەگەڕێ کە ئەوان لەسەر کورسیەکانیان جووڵەجووڵ بکەن و دەم درێژی بکەن، پاشان، لە ناکاو، هێواش هێواش دەچێتە پشتیان و سەرکۆنەیان دەکات: ((کوڕی گەورە ئاوا هەڵسوکەوت دەکەن؟ ئەگەر هەڵسوکەوتتان چاك نەکەن، جەنابی خاوەن کتێب لای بەڕێوەبەری قوتابخانە سکاڵا دەکات.)) ئەگەر ئەوانیش دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە، بە چاوە ترسناکەکانی مۆڕەیان لێ دەکات: ((ناوەکانتانم پێ بڵێن.)) ئەو هەروەها لە خوێندنەوەشدا ڕێنماییان دەکات! لە کتێبخانەدا، کۆمەڵە کتێبێکی دیاریکراو کە یانی دۆزەخ! ڕێزبەندییەکانی ژێر، دیدرۆ، بۆدلێر، هەروەها چەند نامەیەکی پزیشکی. کاتێك کوڕێکی قوتابی داوای خوێندنەوەی یەکێك لەو کتێبانە بکات، کورسی هێمای بۆ دەکات، دەیباتە سوچێك و پرسیاری لێ دەکات. لە پاش ماوەیەك دەتەقێ و دەنگەکەی تەلاری خوێندنەوە هەڵدەگرێ: ((بەڵام بۆ کوڕێکی لە تەمەن تۆدا کتێبی سەرنجڕاکێشی دیکە هەن. کتێبی فێرکاری. جارێ پێم بڵێ ئاخۆ ئەرکەکانت تەوا کردووە؟ پۆلی چەندی؟ پۆلی دوو؟ ئەی لەدوای کاتژمێر چوار هیچ کارێکی دیکەت نییە؟ مامۆستاکەتان بە زۆری دێتە ئێرە من دەربارەی تۆ قسەی لەگەڵدا دەکەم.))

ئەو دوو کوڕە لەلای سۆپەکە ڕاوەستان. کوڕە بەتەمەن ترەکە قژی قاوەیی جوان، پێستی ناسك و دەمی بچکۆڵەی لە خۆبایی و قۆشمەی هەبوو. هاوڕێکەی، کوڕێکی زلەو جەستە بەهێز، بە سمێڵێکی بلێی و نەڵێی تازە ڕوواوەوە، نە قوچکی تێکوتاو بە سرتە چەند قسەیەکی کرد.

کوڕە قژ قاوەییەکە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام زەردەخەنەیەکی کاڵ و سیغناغ لە خۆبەزل زانین و خۆپەسندی کرد. پاشان هەردووکیان بەبێ شەوق و زەوقەوە فەرهەنگێکیان لەسەر ڕەفەکە هەڵگرت و چوونە نزیك زانست وەرگر کە بە نیگایەکی هیلاکەوە تێیان ڕامابوو. وادەهاتە بەرچاو کە ئەوان لە هەبوونی بێ ئاگان، بەڵام ڕێك لە پەنای دانیشتن، کوڕە قژ قاوەییەکە لەلای چەپی و کوڕە جەستە زلەکەش لەلای چەپی کوڕە قژ قاوەییەکە دانیشت. ئەوان دەسبەجێ دەستیان کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەیان. نیگای زانست وەرگر بە دەوروبەری تەلارەکەدا گەڕاو ئەوسا گەڕایەوە سەر کتێبەکەی. هەرگیز تەلاری هیچ کتێبخانەیەك وەها دیمەنێکی دڵ ئاسوودەکەری پێشکەش نەکردبوو: جگە لە هەناسەی خاتوونە قەڵەوەکە هیچ دەنگێکی دیکەم نەدەبیست و جگە لەو سەرانەی کە لەسەر کتێبەکان چەمابوونەوە هیچم نەدەدیت. لەگەڵ ئەمەشدا، لەو ساتە بەدواوە، ئەو هەستەم تووش بوو کە ڕووداوێکی ناخۆش لە سەروبەندی ڕوودان دایە. هەموو ئەو خەڵکەی کە بە قەڵافەت هەوڵدەرانەوە چاویان دانەواندبوون و دەتگوت خەریکی

نواندنی نمایشن! ماوەیەك بەر لە ئێستا هەستم کردبوو کە شتێك وەکوو هەناسەیەك لە بێ بەزەیی بەسەرماندا تێپەڕی. خوێندنەوەم تەواو کردبوو، بەڵام نیازم نەبوو بڕۆم: لە کاتێکدا کە وام نیشانددا ڕۆژنامە دەخوێنمەوە، چاوەڕێ مامەوە. ئەوەی زیاتر هەستی زانین و دڵەڕاوکێی زیاد دەکردم، ئەوەبوو کە ئەوانی دیکەش چاوەڕوانیان دەکرد. وام هاتە خەیاڵەوە کە ئەوەی تەنیشتم خێراتر لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵ دەداتەوە. چەند خولەکێك تێپەڕی، پاشان دەنگی چرپەچرپ بەرگوێم کەوت. بە پارێزەوە سەرم بەرز کردەوە. دوو کوڕەکە فەرهەنگەکەیان داخستبۆوە. کوڕە قژ قاوەییەکە قسەی نەدەکردن، ڕوخساری نەخشێنراوی لە ڕێزو حەزی بەرەو لای ڕاست سووڕاندبوو. کوڕە زەردەکە نیوە شاراوە لە پشت شانی وی، گوێی ڕادەگرت و بەبێ دەنگە دەنگ پێ دەکەنی. بیرم کردەوە: ((ئەی کێیە قسە دەکات؟)) زانست وەرگر بوو. ئەو بەسەر ئەوەی پەنایدا چەمابۆوەو چاوی بڕیبووە چاوانی، زەردەخەنەی بەڕوودا دەکرد، جووڵانی لێوەکانی و جاری واشبوو، لەرزینی برژانگە درێژەکانیم دەدیت. بەر لەمە هیچ کاتێك نەمدیتبوو کە ئەو ئەوەندە گەنج خۆی بنوێنێ، ئەو تاڕادەیەك قۆز بوو، بەڵام ناوە ناوە قسەکەی دەبڕی و نیگایەکی نیگەرانی دەگرتە پشتی. دەتگوت کوڕەکە قسەکانی دەخواتەوە. هیچ شتێکی لە ڕادەبەدەر لەو دیمەنەدا نەبوو و من خەریك بووم، دەگەڕامەوە سەر خوێندنەوەکەم کە ویستم کوڕەکە بە هێواشی دەستی لە پشتییەوە دەخزێنێتە سەر ڕۆخی مێزەکە. بەم جۆرە بەدەستی شاراوەوە لەبەرچاوی زانست وەرگر ماوەیەك چووە پێش و دەستی کرد بە دەستکوتان لە دەوروبەری، پاشان بەرقۆڵی گەورەی کوڕە زلەکە کەوتەو تێهەڵ قولێنجاند! کوڕەکە ئیدی کە نوقمی چێژ وەرگرتن بوو لە قسەکانی زانست وەرگر، هاتنی دەستەکەی نەدیتبوو. لەجێی خۆی ڕاپەڕی و لەژێر کاریگەری سەرسووڕمان و دەستخۆشیدا زاری بە تەواوی کرایەوە. کوڕە قژ قاوەییەکە سەرنجی ڕێزدارانەی خۆی پاراستبوو. مرۆڤ گومانی دەکرد کە ئەو دەستە بزێوە هی وی بووە. بیرم کردوە: ((ئەوان نیازیان هەیە چی لەگەڵدا بکەن؟)) باش دەمزانی کە شتێکی چەپەڵ خەریکی ڕوودانە و هەروەها دەمدیت کە بۆ ڕێگە لێ گرتنی هێشتاش دەرفەت هەیە، بەڵام نەمدەتوانی مەزەندە بکەم کە دەبێ ڕێگە لە چی بگیرێت. بۆ ساتێك کەوتمە بیری ئەوەی هەستم و بچم لەسەر شانی زانست وەرگر بدەم و بە قسەکردنی بخەم، بەڵام لەوکاتەدا چاوی بەمن کەوت کەوا سەیری دەکەم. یەکسەر دەستی لە قسەکردن هەڵگرت و لێوەکانی بە چڕی لەسەر یەك گوشین. من کە نائومێد ببووم، چاوم توندکردن و بۆ پاراستنی ڕەواڵەت چوومەوە سەر ڕۆژنامەکەم. لەو نێوەندەدا ژنە قەڵەوەکە کتێبەکەی وەلانابوو و سەری بەرزکردبۆوە. وادەهاتە

بەرچاو سەرنجی ڕاکێشابێت. بە ئاشکرایی هەستم دەکرد کە ژنەکە خەریکە بتەقێ: ئەوان هەموویان دەیانویست شتێك بتەقێ. من چیم لەدەست دەهات؟ سەیرێکی لای کۆرسیم کرد: ئیدی لە پەنجەرەوە سەیری دەرێی نەدەکرد، تا نیوە بۆ لامان گەڕابۆوە. چارەگە سەعاتێك تێ پەڕی. زانست وەرگر سرتەکەی دەست پێ کردبۆوە. ئیدی نەدەوێرام تەماشای بکەم، بەڵام دەمتوانی شکڵ و شێوەی گەنجانە و سۆزدارانە و ئەو نیگا قورسانە بکەمە خەیاڵ لەلای خۆم کە بەبێ بە ئاگابوون قورسایی لەسەر دەکرد. بۆ ساتێك گوێم لە پێکەنینی بوو، پێکەنینی بچووکی منداڵانە و هاوشێوەی ئاوازی شمشاڵ. دڵی گوشیم! وام هاتە خەیاڵەوە کە چەند منداڵێکی شەڕانی دەیانەوێ پشیلەیەك نوقم بکەن. پاشان، لە پڕێکدا، سرتەسرت تەواو بوو. ئەم بێدەنگییە بە کارەسات خولقێن دەهاتە خەیاڵمەوە: کۆتایی بوو، لێدانی مەرگ. سەرم خستبووە سەر ڕۆژنامەو وام نیشان دەدا خەریکی خوێندنەوەم، بەڵام هیچم نەدەخوێندەوە: برۆم هەڵکێشان و تا ئەو جێیەی کە دەکرا چاوم هەڵبڕین و هەوڵمدا ببینم لەو بێدەنگییەی بەردەممدا چی ڕوو دەدات. بە کەمێك سووڕاندنی سەرم توانیم نە تیلەی چاو شتێك ببینم. ئەوە دەستێك بوو، دەستێکی سپی کە لە کەمێك لەمەوبەرەوە بەدرێژایی مێزەکە خزابوو. ئێستا بە پشتی کەوتبوو، لە حاڵەتی کشاندا، نەرم و شەهوەتناك، خاوەنی ڕووتیەکی بێ بەندو بارانەی ژنێك کە لە کەناری دەریا خۆی لەبەر خۆرەتاو هەڵدەخات. شتێکی قاوەیی و توکدار لێی نزیك دەبۆوە، قامکێکی ئەستوور بوو کە بەهۆی تووتنەوە ڕەنگی زەرد ببوو، لە پەنا ئەو دەستە، ئەو قامکە تەواو دزێوی ئالەتێکی هەبوو. ساتێك وەستا، ڕەق، لەپی دەستەکە ناسك بوو، پاشان، لەناکاو، شەرمنانە دەستی بە لاواندنەوە کرد. سەرم نەسووڕما، لە هەمووی زیاتر لە زانست وەرگر تووڕە بووم! گەمژە نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، هەستی نەدەکرد کە چ مەترسییەکی بە گیان کڕیوە؟ هێشتا دەرفەتی هەبوو، دەرفەتێکی بچووك، ئەگەر هەردووك دەستی لەسەر مێزەکە لە دووبەری کتێبەکەی دانایە، ئەگەر بە تەواوی بی جووڵە دەبوو، ڕەنگە بیتوانیایە ئەمجارە لەبەر چارەنووسی ڕابکات، بەڵام دەمزانی کە ئەو دەرفەتەکەی لەکیس دەچێ: قامکەکە بەهێواشی و بێ فیزانە بەسەر گۆشتە بێ جووڵەکەدا تێ دەپەڕی، بلێی و نەڵێی لێی دەخشا، نەدەوێرا پاڵەپەستۆی بخاتە سەر، دەتگوت ئاگاداری دزێویەکەیەتی! من لەناکاو سەرم هەڵبڕی، ئیدی نەمدەتوانی لەبەرامبەر ئەو هاتوچۆکردنە بچووك و دزێوەدا خۆم ڕاگرم: هەوڵم دا نیگای زانست وەرگر بۆ لای خۆم ڕاکێشم و بۆ ئاگادارکردنەوەی بە توندی بکۆخم، بەڵام ئەو پێڵووی چاوانی لێك نابوون، زەردەخەنەی دەکرد. دەستەکەی دیکەی

لەژێر مێزەکە بزر ببوو. کوڕەکـان ئـیتر پـێ نەدەکـەنین، ڕەنگـی ڕوانیـان نـەمابوو، قـژە قاوەییـە بچکۆڵەکە لێوی دەکرۆشتن، ترسـی لـێ نیشـتبوو، دەتگـوت واهەسـت دەکـات کـە ڕووداوەکـانی لەدەست دەرچوون. لەگەڵ ئەوەشدا دەستی نەدەکشاندەوە، بـەبێ جووڵـە و کـەمێك نوقـاو لەسـەر مێزەکەی دانابوو. دەمی هاوڕێکەی بە حاڵەتێکی نەفامانە و ترس لێ نیشتوو قژ ببوو. لە هـەمان کاتدا بوو کە کۆرس نەڕاندی.

ئەو بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات هاتبوو، کەوتبووە پشت کورسـی زانسـت وەرگـرەوە. ڕەنگی سوور بوو و وادەهاتە بەرچاو کە پێ دەکەنی، بەڵام ئاگری لـە چـاوان دەبـاری. مـن لەسـەر کورسییەکەم ڕاچەنیم، بەڵام تاڕادەیەك هەستم بە ئاسوودەیی کـرد: چـاوەڕوانی زۆر بـە ئـازار بـوو. دەمویست بە زووترین کات تەواو ببێت و ئەگەر حەزیان لێ بێت فڕێی دەنە دەرێ، بەو مەرجەی کە تەواو ببێت. دوو کوڕەکە، بە ڕەنگ و ڕووی وەکوو گەچی سپییەوە لە چـاوتروکانێکدا جانتاکانیـان هەڵگرت و بزربوون. کۆرسی کە لە تووڕەییان مەست ببوو نەڕاندی کە ((چاوم لێت بوو، چاوم لێـت بوو، ئەمجارە ئیدی نەڵێی کە ڕاست نییە ها. دەتەوێ بڵێی کەوا نییە، ئا؟ وادەزانی چاوم لـێ نـەبوو کە دەتویست چ هەڵەیەك بکەی؟ من لە نێو سەرمدا چـاوم هەیـە، هـاوڕێ، لای خـۆم دەمگـوت، ڕاوەستێ، ڕاوەستێ! کاتێك بەسەریدا بدەم، گرانی لەسەر دەوەسـتێ. ئـۆها! بـەڵێ، گرانـت لەسـەر دەکەوێ. ناوەکەت دەزانم، ناونیشانەکەشت پێ دەزانم، دەیبینـی، لـە بارەتـەوە پرسـیارم کـردووە. سەرۆکەکەشت دەناسم، موسـیۆ شـوئیلیە. سـبەینێ بـەیانی کـە نامەیـەکی لـە جـەنابی خـاوەن کتێبخانەوە پێ گەیشت زۆر سەری دەسووڕمێ.)) بەچاوی سوورهەڵگەڕاوەوە پێی گوت: ((ها؟ بـێ دەنگ بە! وامەزانە مەسەلەکە لێرە کۆتایی پێ دێت. بۆ کەسـانی وەکـوو تـۆ لـە فەڕەنسـا دادگـا هەیە. کاکم فێری زانست دەبوو! کاکم خوێندنی تەواو کردووە! کاکم هەمیشە بۆ زانیـاری و کتێـب سەری دەهێشاندم. دەزانی، قەت نەتتوانیوە هەڵم خەڵەتێنی.))

سەرسووڕمانێك لە ڕوخساری زانست وەرگردا هەبوو. بـە دڵنیاییـەوە، چـەندین سـاڵ بـوو کـە چاوەڕوانی ئەم کۆتایی ڕووداوەی کردووە. بە دڵنیاییەوە سەد جار لای خۆی وای دانـاوە کـە ڕۆژێـك کۆرسی بەهێواشی بخزێتە پشتەوەی و دەنگە تووڕەکەی لە گوێچکەکانیدا بچەقێ، چـی ڕوو دەدات. لەگەڵ هەموو ئەمـەشدا، هەموو شەوێ دەهاتە ئێرە، درێژەی بە موتاڵاکردنی دەدا. ئـەوەی کـە لـە چاوانیدام دەخوێندەوە زیاتر خۆ بەدەستەوەدان بوو تـا شـتێکی دیکـە. بەلاڵـە پەتەییـەوە گـوتی: ((نازانم مەبەستت چـییە، مـن چـەندین سـاڵە کـە دێمـە ئێـرە...)) وای نیشـاندەدا کـە سـەری

سوورماوەوە تووڕەیە، بەڵام باوەڕی بەمانە نەبوو، باش دەیزانی کە ڕووداوەکە لەوێیە و هیچ شتێك ناتوانێ ڕێگری بێت و ئەو دەبوایە هەموو چرکەکان یەك بە یەك ژیان بەسەر ببات.

ئەوەی پەنام هات کە ((گوێ بۆ قسەکانی مەگرە، من بینیم.)) بە قورسی لەجێی خۆی هەستابوو: ((ئاه! نا. یەکەمجار نییە کە دەیبینم، هەر دووشەممەی ڕابردوو بوو کە چاوم پێی کەوت و نەمویست هیچ بڵێم، چونکە بڕوام نەدەکرد کەچی دەبینم و هەر باوەڕم نەدەکرد کە لە کتێبخانەدا، شوێنێکی جیدی کە خەڵك بۆ خوێندنەوە دێن، کۆمەڵە شتێك ڕوو دەدەن کە مرۆڤ لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێ. من خۆم منداڵم نییە، بەڵام زگم بەو دایکانە دەسووتێ کە منداڵەکانیان بۆ کارکردن دەنێرنە ئێرە، بەو نیازەوە کە لە ئێرە لە ئاسایش و متمانەدان، لە کاتێکدا کە بۆ یاساکانی وا لێرەن کە ڕێز بۆ هیچ شتێك دانانێن و ناهێڵن منداڵەکان ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.))

کۆرسی لە زانست وەرگر نزیك کەوتەوەو بەسەریدا نەڕاند:

((گوێت لێیە ئەو خاتوونە دەڵێ چی؟ پێویست ناکا کاری نواندن بکەی. ئێمە دیتمانی، مرۆڤی چەپەڵ!))

زانست وەرگر بە ویقارەوە دەڵێ:

((کاکە، فەرمانت پێ دەدەم کە بە ئەدەب بی.)) ئەو ڕۆڵی خۆی دەگێڕا. لەوانەیە حەزی لێ بوو‌بێت دانی پیابنێت، تێیی بتەقێنێ، بەڵام دەبوایە تا کۆتایی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. تەماشای کۆرسی نەدەکرد، چاوەکانی تاڕادەیەك نوقابوون. قۆڵی بەردابوونەوە، ڕەنگی وەکوو مردوان بزرکابوو. پاشان، لە ناکاو خوێنی لە دەم و چاوان خزا. کۆرسی لە ڕق هەستاو یان خەریك بوو بخنکێ.

((بە ئەدەب؟ چەپەڵ! ناکا وابزانێ کە نەمدیتی. پێت دەڵێم کە چاودێریم دەکردی. چەندین مانگە چاودێریت دەکەم.))

زانست وەرگر شانی هەڵتەکاندن و وای نیشاندا کە دەستی بە خوێندنەوە کردۆتەوە. بە ڕەنگ و ڕووی وەنەوشەیی و چاوی پڕ فرمێسکەوە حاڵەتێکی قوڵی سەرنجی بەخۆوە گرت و بە وردی چاوی بڕیبووە وێنەیەکی موزائیکی بێزانسی.

ژنەکە سەیری کۆرسی کرد و گوتی: ((دووبارە خەریکە دەخوێنێتەوە، مرۆڤێکی چەندە بێ چاو و ڕووە.))

ئەمەیان بە گومان بوو، چی بکات. لە هەمان کاتدا، یاریدەدەری خاوەن کتێبخانەکە، گەنجێکی ڕێك و گوێڕایەڵ کە سەرنجی بۆ کۆرسی ڕاکشابوو، بە هێواشی لە پشت مێزەکەی هەستاو هاواری کرد کە: ((پائۆلی، چ باسە؟)) ساتێك هەڵوەستە کراو دەکرا ئومێدەوار بم کە مەسەلەکە لێرە کۆتایی پێ دێت، بەڵام کۆرسی بە دڵنیاییەوە خۆی بە گاڵتە جاڕ بەو بیرکردنەوەیە هەست پێ کردبوو. بێزار ببوو و ئیدی نەیدەزانی چی بەو قوربانییە بێ دەنگە چی بڵێ. باڵای خۆی بە تەواوی بەرزکردەوەو کۆڵەمستی لە هەوادا ڕاگرت. زانست وەرگر بە تۆقیوی سەری سووڕاند. بەزاری قژەوە سەیری کۆرسی دەکرد ترسێکی بەهێزی لە چاواندا بوو بە زەحمەت گوتی: ((ئەگەر لێم بدەی، سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم. حەزدەکەم بە ئارەزووی خۆم لێرە بڕۆم.))

من بە نۆرەی خۆم هەستا بووم، بەڵام درەنگ بوو: کۆرسی ناڵاندنێکی کەمی لێهەستاو لەناکاو مستی سرەواندە لووتی زانست وەرگر. بۆ ساتێك جگە لە چاوەکانی ئەمەیان هیچی ترم نەدەدیت، چاوە شکۆدارەکان، کە لەسەر قۆڵێك و مستێکی ڕەنگ تاریك لە ئازار و شەرمەزاری. کاتێك کۆرسی مستەکەی کێشایەوە، خوێن لە لووتی زانست وەرگر فیچقەی بەست. دەیویست دەستەکانی بخاتە سەر دەم و چاوی، بەڵام دووبارە کۆرسی لە سوچی دەمی دا. زانست وەگر لەسەر کورسییەکەی لە پێ پەڕی و بە چاوی شەرمەزارەوە لە پێش خۆی ڕاما. خوێنی لووتی تکایە سەر جلەکانی. بەدەستی ڕاستی پەڵەکوتەی دەکرد بۆ دەستە سڕەکەی لەکاتێکدا کە دەستی چەپی بزێوانە هەوڵی دەدا کونە لووتی خوێن لێ تکاوی بسڕێتەوە. بەجۆرێك وەکوو بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات، گوتی: ((لێرە دەڕۆم.)) ژنەکەی پەنای ڕەنگی بەردابوو و چاوی دەدرەوشانەوە. گوتی:

((چەپەڵە، هەقی خۆیەتی.))

من لەبەر تووڕەییان دەلەرزیم. بە دەوری مێزەکەدا سووڕامەوە، بە ملی کۆرسیە وردیلەکەوە نوسام و لەکاتێکدا کە لینگە فڕەی دەکرد هەڵم ستاندەوە. حەزم دەکرد لە مێزەکەی بکوتم. ڕەنگی شین هەڵگەڕا بوو و هەوڵی دەدا پڕم پێدا بکات، بەڵام قۆڵە کورتەکانی نەدەگەیشتنە دەم و چاوم. من هیچ وشەیەکم نەدرکاند، بەڵام دەمویست لە لووتی بدەم ڕەنگی تێك دەم. هەستی بەمە کرد، ئانیشکی بۆ پاراستنی دەم و چاوی بەرز کردەوە: خۆشحاڵ بووم، چونکە دەمدیت کە ترساوە. لەناکاو دەستی بە پرخە پرخ کرد:

((وازم لێ بێنە، ئاژەڵی دڕندە، مەگەر تۆش منداڵ بازی؟))

هێشتاش لەخۆم دەپرسم کە بۆچی بەرەڵام کرد، ئایا لە ڕووبەڕووبوونەوە و گرفتاری دەترسام؟ ئایا ئەو ساڵە بیریانە لە بۆڤیل ژەنگم هەڵێنا بوو؟ ئەگەر ئەو سەردەمە بوایە بەبێ وردکردنی ددانەکانی وازی لێ نەدەهێنا. ڕووم بۆ لای زانست وەرگر سووڕاند کە سەرەنجام هەستا بۆوە، بەڵام نیگای لێ دەشاردمەوە، سەری بەرداوەوە و چوو باڵتۆکەی هەڵگرت. بەردەوام دەستی چەپی بە لووتیدا دەهێنا، دەتگوت دەیەوێ ڕێگە لە خوێن هاتن بگرێت، بەڵام خوێن هەروا دەهات و من دەترسام نەکا بکەوێ. بەبێ ئەوەی سەیری کەس بکات، لەبەر خۆیەوە گوتی:

((چەندەها ساڵە کە دێمە ئێرە...))

بەڵام کابرا هێشتا هەڵنەستابۆوە سەرپێیان کە جارێکی تر زاڵ بوو بەسەر دۆخەکەدا. بە زانست وەرگری گوت: ((ملی خۆت بشکێنە و ئیدی بە ئێرەدا نەیەوە ئەگینا بەزەبری پۆلیس دەرت دەکەم.))

لەلای قادرمەکان خۆم گەیاندە زانست وەرگر. شڵەژابووم، لە شەرمی وی شەرمم دەکرد، نەمدەزانی چی پێ بڵێم. دەتگوت ئاگای لەمن نییە. سەرەنجام دەستە سڕەکەی هێنایە دەرێ و شتێکی تفییەوە، خوێنی لووتی کەمێك وەستابوو.

پێمگوت: ((لەگەڵ مندا وەرە بچینە دەرمانخانە.)) وەڵامی نەدایەوە. دەنگە دەنگێکی بەرز لە هۆڵی خوێندنەوەوە دەهات. بە دڵنیاییەوە لەوێش خەریکی قسەکردنن. ژنەکە بە قاقایەکی تیژەوە پێکەنی.

زانست وەرگر گوتی: ((ئیدی قەت ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئێرە.)) ئاوڕی دایەوەو بە شکڵ و شێوەی سەرسامەوە سەیری قادرمەکانی لای چوونە ژوورەوەی هۆڵەکەی کرد. ئەو تەکانە وایکرد کە کەمێك خوێن بە یەخەو ملیدا بڕژێ. دەم و لووتی شەڵاڵی خوێن ببوو.

قۆڵم گرت و گوتم: ((وەرە.))

پێی ناخۆش بوو و خۆی پچڕاندەوە.

((وازم لێ بێنە.))

((بەڵام ناکرێ بە تەنیا بی. دەبێ کەسێك دەم و چاوت بشوات و وریات بێ.))

دووبارەی کردەوە:

((وازم لێ بێنە، تکات لێ دەکەم کاکە، وازم لێ بێنە.))

لە سەرو بەندی قەیرانی دەمارە مێشك دابوو: وازم لیٚ هێنا، دوور کەوتمەوە. خۆر ئـاوابوون بـۆ ساتێك پشتە کوورەکەی ڕووناك کردەوە، پاشان دیـار نـەما. لەبـەر دەگـار پەڵـە خوێنێـك لەسـەر شێوەی ئەستێرە کەوتبوو.

((سەعاتێك دوای ئەوە))

ئاسمان خۆڵەمێشییە، خۆر خەریکی ئاوابوونە، شەمەندەفەر تـاکوو کاتـژمێرێکی دیکـە بـەڕیٚ دەکەویٚ، بۆ دواجار بە باخی میللیدا تێپەڕیوم و خەریکم لە شەقامی بولیبـە بەڕێـدا دەڕۆم. دەزانم کە ئەمە شەقامی بولیبەیە، بەڵام نایناسمەوە، بەگشتی کاتێك دەهاتمە سەری، وام دەهاتە خەیاڵەوە کە لە توێژێکی ئەستوور و قووڵ لە عەقڵی سەلیم تێدەپەڕم: شەقامی بولیبە، نارێك و ڕەق و تـەق، بە نابەدڵ بوونی عەبوس و جیدییەوە، جادە چەماوەو قیرتاوەکەی، وەکو شارێکان دەچوو کاتێك کـە بە نێو شارۆچکە دەوڵەمەندەکاندا تیٚ پەڕن و لە قەراغەکانیان تاکوو پتر لە یەك کیلۆمـەتر خـانووی گەورەو دوو قاتی لێیە، من بە جـادەی لادێـی نـاوی دەبـەم و بـۆم دڵخۆشـکەر بـوو، چـونکە لـە بەندەرێکی بازرگانیدا زۆر نابەجیٚ و دژە یەك خۆی دەنواند. ئەمڕۆ خانووەکان لەوێن، بەڵام نوانـدنی لادێیانەی خۆیانیان لەدەست داوە: ئەوانە کۆمەڵە بینایـەکن، هـەر ئـەوەو بـەس. وەهـا هەسـتێك کەمێك لەمەوبەر لە باخی میللی تووشم هات: گیاکان، چـەمەنەکان، سەرچـاوەی کـانی ئۆلیڤیـە ماسکرە لەبەر بیٚ تاقەتیان، دزێو خۆیان دەنواند. تیٚ دەگەم: سەرەتا شار بەجێم دێڵیٚ. هێشـتا لـە بۆڤیل دەرنەچووم و هەر لە ئێستاوە ئیدی لێرە نیم. بۆڤیل بیٚ دەنگـە. سـەیرە بـۆم کـە دەبـیٚ دوو سەعاتی دیکە لە شارێکدا بمێنمەوە کە ئیدی بەبیٚ ئەوەی گرنگیم پیٚ بدات کەلوپـەلی تێـك نـاوەو خستوویەتییە ژێر ڕووپۆشەوە، تاکوو بتـوانیٚ ڕووپۆشـەکە لاداو تـەڕو پـاراو بـەتارا. گەیشـتووانی ئەمشەو یان سبەینیٚ یان پێشکەش بکات. پتر لە ڕابردوو هەست دەکەم کە فەرامۆش کراوم.

چەند هەنگاویٚ: دەنێم و دەوەستم. کەیفم بەو فەرامۆشـکردنە لـە سەداسـەدە دێـت کـە تێـی کەوتووم. من لە نێوان دوو شاردام، یەکێکیان هیچم دەربارە نازانیٚ، ئەوی تر ئیدی نامناسـیٚ. کـی من وەبیر دێنێتەوە؟ ڕەنگە ژنێکی قەڵەوی گەنج، لـە لەنـدەن... و تەنانـەت لـەو حاڵەشـدا، ئایـا دەربارەی منە کە بیر دەکاتەوە؟ جگە لەوەش ئەو پیاوە هەیە، ئەو میسریە. لەوانەیە تـازە چـوبێتە ژوورەکەیەوە، ڕەنگە لە باوەشی گرتبێت.

من حەسوود نیم، زۆر باش دەزانم کە ئانی خەریکە تەمەنی لەخۆی درێـژتر دەبێـت. تەنانـەت ئەگەر ئەوی بە تەواوی دڵیەوە خۆشدەویست، دیشانەوە عەشقی ژنێکی مردوو بوو. دوایین عەشـقی

زیندووی هی من بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شتێك هەیە کە ئەو پیـاوە دەتـوانێ بیـداتێ: چێژ ئەگەریش ئەو خەریکە لە هۆش دەچێ و لە نەشئەدا ڕۆدەچێ، کەواتە شتێك لەویـدا نییـە کـە دووبارە بەمنیەوە گرێداتەوە. ئەو دەگاتە لوتکەی چێژ وەرگرتن و من لـە دیدیـدا هـەر ئـەوەم کـە دەڵێی هیچ کاتێك دیدارم لەگەڵیدا نەکردووە. ئەو بە جارێك هۆی لە مـن بـەتاڵ کـردووەو هـەموو زینەکانی تری دنیاش لەمن بەتاڵ بوونە. ئەم دۆخە، پێکەنیناویم دەکات. لەگەڵ هـەموو ئەمەشـدا زۆر باش دەزانم کە من بوونم هەیە، کە لێرەم.

ئێستا کاتێ دەڵێم من، بە پووچ دێتە بەرچاوم. ئیدی ناتوانم زۆرباش هەسـت بـە خـۆم بکـەم، لەبەر ئەوەی هێندە فەرامۆش کراوم. تەنیا شتێکی ڕاستەقینە کە لەمندا ماوەتـەوە، هەبوونـە کـە دەتوانێ هەست بە خۆی بکات کە بـوونی هەیـە. باوێشـکێکی درێـژو ئـارام دەدەم. هـیچ کـەس. ئانتوان ڕووکانتن بـۆ هـیچ کـەس بـوونی نییـە. ئەمـە دەبێتـە خـۆی سـەرگەرمیم. ئـەو ئـانتوان ڕووکانتنەش چییە؟ شتێکی تەجریدییە. بیرەوەرییەکی بچووکی ڕەنگ کاڵبۆوە لە خۆم لـە زەینمـدا بەکزی دادێ. ئانتوان ڕووکانتن... و لەناکاو مـن ڕەنگـی کـاڵ دەبێتـەوە، ڕەنگـی کـاڵ دەبێتـەوەو سەرەنجام دەکوژێتەوە.

ئاگاداری ڕووناك بێ و بێ جووڵە و وەلانراو، کەوتۆتە نێـو دیوارەکانـەوە، بـەردەوامی بـەخۆی دەبەخشێ. ئیدی کەس تێیدا نیشتەجێ نییە. کەمێك لەمەوبەر کەسێك دەیگـوت مـن، دەیگـوت ئاگاداربوونی من. کێ؟ لەدەرێ، کۆمەڵە شەقامێك وەکو بلێی لەگەڵ ڕەنگەکان و بۆنەکاندا ئاشـنا بوون. دیوارە بێ ناونیشانەکان و ئاگادارییەکی بێ ناونیشـان ماونەتـەوە. ئـەو شـتانەی کـە هـەن ئەمانەن: دیوارەکان و نێو دیوارەکان، شەفافیەتێکی بچـووك و زینـدوو و ناکەسـایەتی. ئاگـاداری هاوشێوەی درەختێك، وەکوو لاسکی گیایەك بوونی هەیە. وێـژینگ دەدات، تاقـەتی بەسەرچـووە. بوونە بچووکەکان بە تێپەڕینەوە تێیدا جێگیر دەبن، وەکوو باڵندەکان لەسەر چڵ و پۆپـەکان. تێیـدا جێگیر دەبن و بەدیار نامێنن.

ئاگاداری لە بیرکراو، وەلانراو لەنێو دیوارەکاندا، لەژێر ئاسمـانی خۆڵەمێشـیدا. ئـەم چـەمکەی بوونیشی: ئەوەی کە ئەو ئاگاداریە لە زیادە بوونییەوەیە. خۆی ناسك دەکات، خـۆی بڵاودەکاتـەوە، هەوڵدەدا خۆی لەسەر دیواری قاوەیی، لەسەر دار عەموود، یان لەوێ لە دوکەڵ و تـۆزی شـەوانەدا ون بکات، بەڵام قەت خۆی فەرامۆش ناکات، ئەو بە ئاگابوونە لە هەبوون بە ئاگابوونێکە کە خـۆی لەبیر دەکات. بەشەکەی ئەمەیە. دەنگێك کپ هەیە کە دەڵـێ: ((شـەمەندەفەر تـا دوو کاتـژمێری

دیکە وەرێ دەکەوێ)) و بە ئاگابوون لەو دەنگەدا هەیە. هەروەها بە ئاگایی لە ڕوخسارێك هەیە. ئارام تێ دەپەڕێ، خوێناوی، ئالوودە، هەروەها چاوە گەورەکانی دەگریەن. ئەو لەنێو دیوارەکاندا نییە، لە هیچ جێیەك نییە. بەدیار نامێنێ، جەستەیەکی کووڕ بە ڕوخساری خوێناوییەوە شوێنی دەگرێتەوە، بە هەنگاوی لەسەرخۆوە دوور دەڕوات، دەڵێی لە هەر هەنگاوێکدا دەوەستێ، قەت ڕاناوەستێ. ئەو لە نێو دیوارەکاندا نییە، لە هیچ شوێنێك نییە. هەروەها بە ئاگایی لە دەنگێك هەیە کە دەڵێ: ((زانست وەرگر خەریکە لە شاردا دەسووڕێتەوە.)) نە لە هەمان شاردا، نا! لەنێو ئەو دیوارە بێ ماڵانەدا، زانست وەرگر لە شارێکی شەڕەنگێزدا بەڕێدا دەڕوات کە ئەو لە یاد نابات. کەسانێك هەن کە بیری لێ دەکەنەوە، کۆرسی، ژنە قەڵەوەکە، لەوانەیە هەموو مرۆڤەکانی شاریش. هێشتا خۆی لەدەست نەداوە، ناتوانێ لەدەستی بدات، ئەو خۆیەی ئەشکەنجە دیدەو خوێن لێ تکاوە کە ئەوان نەیانویست چارەی بکەن. لێوەکانی، کونە لووتەکانی ئازار دەچێژن، ئەو بیردەکاتەوە: ((ئازار دەچێژم)). بەڕێدا دەڕوات، دەبێ بڕوات. ئەگەر تەنیا ساتێك ڕاوەستابایە، دیوارە بڵندەکانی کتێبخانە لەناکاو بە دەوروبەری ڕاست دەبوونەوەو لە خۆیاندا بەندیان دەکرد، کۆرسی بەرەو لای حەمباز دەبوو و دیمەنەکە لە نوێوە دەستی پێ دەکردەوە، ڕێك بە هەمان شێوەو بە هەموو وردەکارییەکانیەوە و ژنەکە پێکەنینی ژەهراوی دەکرد: ((چەپەڵ گەلی وەکوو وی دەبێ لە بەندیخانەدا بن.)) ئەو بەڕێدا دەڕوات، نایەوێ بگەڕێتەوە ماڵەکەی: کۆرسی و ژن و دوو کوڕەکەی لە ژوورەکەیدا چاوەڕێی ئەون: ((نەکا نکۆڵی لێ بکەی، چاوم لێت بوو.)) دیمەنەکەش سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە. ئەو بیر دەکاتەوە: ((ئەی هاوار، خۆزگە ئەو کارەم نەکردبایە، بریا نەمتوانیبایە ئەو کارە بکەم، خۆزگە ڕاست نەبوایە!))

ڕوخساری بێ ئۆقرە لە بەردەم بە ئاگابووندا دەڕواتە پاش و پێش: ((ناکا ئەو نیازی کوشتنی خۆی هەبێت.)) بەڵام نا: ئەو ڕووحە نەجیب ناتوانێ خەیاڵی مەرگی بکەوێتە سەرەوە. بە بەئاگابوون، ناسین هەیە. خۆی سەرانسەر دەبینێ، ئارام نێو بە تاڵ لەنێو دیوارەکاندا، ڕزگار بوو لە مرۆڤێك کە لەودا نیشتەجێ بوو، زەبەلاح ئاسا لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك نییە. دەنگەکە دەڵێ: ((جانتاکان تۆمارکراون. شەمەندەفەر تا دوو سەعاتی دیکە بەڕێدەکەوێ.)) دیوارەکان بۆ ڕاست و چەپ دەسووڕێن. بە ئاگایی لە بەردرێژ هەیە، ئاگاداری لە دوکانی ئاسنگەری، لە ڕۆژنەکانی دیواری سەربازگەو دەنگەکە دەڵێ: ((بۆ دواجار)).

به ئاگایی له ئانی، له ئانیه قەڵەو، له ئانی پیر، له ژووری هوتێلەکەی، بــه ئاگــایی لــه ڕەنــج هەیە، ڕەنجیش لەنێو دیواری درێژدا که دوور دەڕۆن و قەت ناگەڕێنەوە به ئاگایە:

((ئایا قەت کۆتایی پیٚ نایە؟)) دەنگ، ئــاوازێکی جــاز لــه نێــو دیوارەکانــدا گــۆرانی دەڵــێ: Some of these days، ئایا هەرگیز کۆتایی پیٚ نایە؟ و ئاوازەکه بــه نــەرمی دەگەڕێتــەوە، لــه دواوەڕا، به شاراوەیی تا دووباره دەنگه لەخۆ بگرێتەوەو دەنگێــك بــەبیٚ ئــەوەی ڕادەســتی گــۆرانی دەڵیٚ و جەسته بەڕێدا دەڕواو له هەموو ئەمانه به ئاگابوون هەیــه و بــه ئاگــابوون، بەداخــەوە، بــه ئاگابوون، بەڵام کەسێك لەویٚ نییه که ڕەنج بکێشیٚ و دەســتان لێــك بخشــێنیٚ و بــەزەیی بەخۆیــدا بێتەوە. هیچ کەس. ئەوە ڕەنجێکی بیٚ خەوشی چوار ڕیانەکانه، ڕەنجێکی فەرامۆش کراو که ناتوانیٚ خۆی فەرامۆش بکات و دەنگەکه دەڵیٚ: ((ڕاندۆڤ دشمینۆ ئەوەتانیٚ)) و من و خۆی تاو دەداتــه نێــو بەئاگابوونەوە! ئەوە منم، ئانتوان ڕووکانتن، تاکوو کەمێکی تر بەرەو پاریس بەڕیٚ دەکــەوم، هــاتووم ماڵئاوایی له خاتوونی خاوەن کافەکه بکەم.

((هاتووم ماڵئاواییتان لیٚ بکەم.))

((ئەوە دەڕۆی، کاك ئانتوان؟))

((دەچمه پاریس ژیان بەسەر بەرم، بۆ جێگۆڕکیٚ.))

((مرۆڤێکی چەنده به شانس.))

چۆن توانیومه لێوەکانم لەسەر ئەو دەم و چاوە پان و خڕپنه داگــرم؟ جەســتەی ئیــدی هــی مــن نییه. دوێنیٚ هێشتا دەمتوانی لەژێر جلی خۆری ڕەشەوە لــه خەیاڵمــدا بەرجەســته بکــەم. ئــەمڕۆ جلەکه وزەی ناکرێته نێویٚ. ئەو جەسته سپییه به کۆمەڵه دەمارێکەوە لەســەر ئاســتی پێســتەکە، ئایا خەون بوو؟

خاتوون دەڵێت: پەرۆشمان دەبی. حەزت له هیچ نییه بخۆیەوە؟ لەسەر حیسابی من.))

دادەنیشم، پەرداخەکانمان لێك دەدەین. کــەمێك دەنگــی نزیــك دەکاتــەوەو بــه درێغێکــی بــه ئەدەبانەوە دەڵیٚ:

((هەر بەڕاستی لەگەڵتدا ڕاهاتبووم، ئیٚ پێکەوە دەگونجاین.))

((دێمەوە بۆ بینینت.))

((ڕاسته موسیۆ ئانتوان، جاری پاشان که بــه بۆڤیلــدا تێپــەڕی ســەرێکمان لــیٚ بــدەو چــاك و چۆنییەکمان لەگەڵدا بکە.

بەخۆت بڵێ: دەچم سڵاو لە خاتوو ژان دەکەم، ئەو کارەی پێ خۆشە. ڕاست دەکەم. مرۆڤ دەیەوێ بزانێ چی بەسەر کەسانی تر هاتووە. جگە لەوەش، خەڵك هەمیشە بۆ ئێرە دەگەڕێنەوە لامان. دەزانم، ئێمە کۆمەڵە دەریاوانێکمان هەن کە لە کۆمپانیای ئەودیو ئەتڵەسدا خزمەت دەکەن: جاری وایە، دوو ساڵ تێ دەپەڕێ و نایان بینم، لەبەر ئەوەی یان لە بەڕازیلن یان نیویۆرك یان لە کەشتی نەفەر هەڵگردا لە بۆردۆ کاردەکەن. پاشانیش ڕۆژێك لە ڕۆژەکان دەیان بینمەوە. سڵاو خاتوو ژان و پێکەوە گلاسێك هەڵدەدەین، دەتەوێ بڕوا بکە، حەزیش دەکەی بڕوا مەکە، من هەمیشە لەبیرم دەبێت کە هەرکامیان لەگەڵ چ جۆرە خواردنەوەیەکدا ڕاهاتوون. لە دوای دوو ساڵ دابڕان! بە مادلین دەڵێم: ڤێرمۆنێکی بێ خەوش بدە بەو پیاوە پیرە و بۆ موسیۆ لیۆنیش یەك نۆئیلی سینزانۆ. پێم دەڵێن: چۆن چۆنی ئەوەت لەبیر ماوە خاتوون؟ پێیان دەڵێم: کارم ئەمەیە.

لەو سەری هۆڵەکە کابرایەکی هیچ و پووچ هەیە، کە بەم تازەییە لەگەڵیدا دەخەوێ. بانگی خاتوون دەکات:

((خاتوون گیان!))

لەجێی خۆی هەڵدەستێ:

((ببوورە، کاك ئانتوان.))

گارسۆن دێتە لام:

((کەواتە هەر ئاوا بەجێمان دەهێڵی؟))

((دەچمە پاریس.))

بەفیزێکەوە دەڵێ: ((من لە پاریس ژیاوم، دوو ساڵ لە کافەی سیمئۆندا کارم کردووە، بەڵام پەرۆشی ئێرەم بوو.))

ماوەیەك هەڵوەستە دەکات، پاشان بۆی دەردەکەوێ کە ئیتر هیچی نییە پێم بڵێ:

((ئێ، ماڵئاوا، کاك ئانتوان.))

دەستی لەسەر بەروانکەکەی دەسڕێتەوە، بۆم درێژ دەکات:

((ماڵئاوا، مادلین.))

دەڕوات ژۆرناڵ دۆبۆڤیل ڕادەکێشم و پاشان دووبارە وەلای دەنێم: کەمێك لەمەوبەر لە کتێبخانە خوێندمەوە، لە یەکەم دێڕەوە تاکوو دوایین دێڕ.

خاتوون ناگەڕێتەوە: دەستە خرپنەکانی ڕادەستی هاوڕێیەکەی دەکات و ئەویش بە شەوق و گەرمییەوە دەستیان پێدا دێنێ، شەمەندەفەر تاکوو سێ چارەکی تر وەڕێ دەکەوێ.

بۆ خۆ خافلاندن خەریکی حیسابە مادییەکانم دەبم.

هەزار و دووسەد فرانك لە مانگدا شتێك نییە، بەڵام کەمێك بەر لەخۆم بگرم دەبێ بەس بێت. سێ سەد فرانك بۆ ژوورەکە، ڕۆژی پەنجا فرانك بۆ خواردن و خۆراك: چوارسەد و پەنجا فرانك بۆ جل شووشتن، دەمێنێتەوە خەرجییەکانی وردەو سینەمایی. جاری ئێستا پێویستم بە جلی بنەوەو جلی دیکە نییە. هەردوو دەستە جلەکەم خاوێنن، گریمان هەندێك لەسەر ئانیشکەکان پەڵەی تێکەوتبێ: ئەگەر وریایان بم، تاکوو سێ چوار ساڵی دیکە بەشم دەکەن.

ئەی هاوار! ئایا ئەوە منم کە نیازم هەیە ئەو بوونە کارگ ئاسایە بگرمە پێش؟ چی لەگەڵ ڕۆژەکانمدا دەکەم؟ دەچمە سەیران. دەچمە باخەکانی تویلیدی لەسەر کوریی ئاسن-یان باشتر وایە بۆ دەست پێوەگرتن لەسەر کورسی- دادەنیشم[1]. دەچمە کتێبخانەکان کتێب دەخوێنمەوە. ئەی پاشان چی؟ هەفتەی جارێك سینەما. ئەی دوای ئەوە؟ ئایا یەکشەممەکان بە جگەرەیەکی بەرگی ڤلتێژۆر خزمەتی خۆم دەکەم؟ بڕۆم لەگەڵ خانەنشینەکان لە باخەکانی لۆگزامبۆرگدا یاری کرۆکە بکەم؟ لە تەمەنی سی ساڵیدا! بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە. سەردەمانێك دێنە پێشێ کە لەخۆم دەپرسم لە هەمووی باشتر نییە کە ئەو سێ سەد هەزار فرانکە کە بۆم ماوەتەوە لە ماوەی ساڵێکدا خەرجی بکەم-و دوای ئەوە... بەڵام ئەمە چیم دەداتێ؟ جلی نوێ؟ ژن؟ سەفەر؟ هەموو ئەمانەم هەبوون، ئێستاش تەواو بووە، ئیدی ڕەغبەتم لێیان نییە: نە لە بەرامبەر ئەوەی لێیان دەستم دەکەوێ! ساڵێکی دیکە خۆم بە هەمان ڕادەیە پووچ هەست پێ دەکەم کە ئەمڕۆ هەم، تەنانەت بەبێ بیرەوەریەك و ترساو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردندا. سی ساڵان و داهاتی ساڵانە بە بڕی ١٤.٤٠٠ فرانك. کۆموونەکانی سوودی پشك کە مانگانە بیانکەمە نەخت. لەگەڵ ئەوەشدا من پیاوێکی پیر نیم! شتێکم بدەنێ بیکەم، هەرچی بوو باشە... باشتر وایە بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە، چونکە لەم ساتەدا خەریکم یاری نواندن (نمایش) دەکەم. زۆر چاك دەزانم کە نامەوێ هیچ کارێك بکەم: کردنی شتێك یانی خولقاندنی هەبوون-هەر ئاواش هەبوون بە ئەندازەی پێویست هەیە.

---

١- لەبەر ئەوەی بۆ دانیشتن لەسەر کورسی ئاسن دەبێ پارە بدەم، بەڵام کورسی دیکە بەخۆڕاییە. (وەرگێڕ)

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ناتوانم قەڵەمەکەم دانێم: پێموایە کە تووشی هێڵنج دەبم و واهەست دەکەم کە بە یارمەتی نووسین دوای دەخەم. کەواتە ئەوەی بە مێشکمدا دێت دەینووسم.

مادلین کە گەرەکیەتی خۆشحاڵم بکات، لە دوورەوە قاوانێکم نیشان دەداو هاوار دەکات:

((کاك ئانتوان، قاوانەکەت، ئەوەی کە حەزت لێیەتی، دەتەوێ بۆ دواجار گوێت لێ بێت؟))

((تکادەکەم.))

ئەمەم لە ڕووی ئەدەبەوە گوت، بەڵام هەست ناکەم کە ڕەغبەتی بیستنێ ئاوازێکی جازم هەبێت. بەهەرحاڵ نیازم وایە سەرنجی پێ بسپێرم، لەبەر ئەوەی، هەروەکوو کە مادلین دەڵێ، بۆ دوایین جار گوێم لەو تاوانە دەبێ: قاوانێکی زۆر کۆنە، زۆر کۆن، تەنانەت بۆ شارۆچکەکانیش، لە پاریس گەڕان بۆی بێ سوودە.

مادلین دەچێ دەیخاتە سەر گرامافۆن، قاوانەکە دەسووڕێتەوە، لە هێڵەکاندا، دەرزی پۆڵایین دەست دەکا بە گەڕان و خشەخش کردن و دوای ئەوە، کاتێك لەسەر شێوەی مارپێچ گەیشتە ناوەندی قاوانەکە، کۆتایی پێ دێت، دەنگێکی ڕووشاو کە ((Some of these days)) دەست پێ دەکات. سەیر ئەوەیە کە هەندێك گەمژە هەن لە هونەرە جوانەکاندا سەبووریان دێ. وەکوو پوورە (خوشکی باوك) بوژوار من: ((داماوە مامت کە مرد پر لودە شوپنەکان زۆر بە هانامەوە هاتن.)) و تەلارەکانی کۆنسێرت لێواو لێون لە مرۆڤگەلی سوکایەتی پێکراو و ئازار چەشتووی کە چاوەکانیان دەنوقێنن و هەوڵ دەدەن ڕوخسارە بزرکاوەمانیان بگۆڕن بۆ ئالیارەکانی وەرگر. پێیانوایە ئەو دەنگانەی کە وەریاندەگرن ڕوانەی دەروونیان دەبێت، شیرین و خۆراك دەر و ڕەنجەکانیان وەکوو ڕەنجەکانی ڤێرتێری[1] لاو دەگۆڕێ بۆ مۆسیقا، بە خەیاڵیان جوانی لەگەڵیاندا بە سۆزە. ئەو گەمژانە. حەزم دەکرد پێم بڵێن کە ئایا ئەم مۆسیقایە بە بەسۆز دەزانن یان نا.

هەر ئێستا، من بە دڵنیاییەوە لە بەسراوبوون لە بەختەوەرەی مەعنەویدا زۆر دوور بووم. لەسەر ئاستدا خەریکبووم ئامێر ئاسا حیسابەکانی خۆمم دەکردن. لەژێرەوە، هەموو ئەندێشەکانی نالەباری مەند وەستابوون کە شکڵی سەرسووڕمانە لاڵەکان کە ئیدی نە شەو بەرۆکم بەردەدەن نەڕۆژێ. ئەندێشە گەلێك دەربارەی ئانی، دەربڕاەی ژیانی بەفیڕۆدراوم. پاشانیش دیسانەوە خوارتر،

---

١- Wertner پاڵەوانی چیرۆکێك بەناوی ڕەنجەکانی ڤێرتێری لاو نووسینی گۆتەی شاعیر، چیرۆکنووس، شانۆنامەنووس، ڕەخنەگر، بیرمەند، هەروەها زانای ئەڵمانیایی ١٧٤٩-١٨٣٢. (وەرگێڕ)

هێڵنجە کەوتووتیێ کە بە شەرمنی بەرەبەیانە، بەڵام لەو ساتە تایبەتەدا هیچ مۆسیقایەك نەبوو، من ئارام بووم. هەموو شتەکانی دەوروبەرم هاوشێوەی من لە یەك مادە دروست کرابوون، لە جۆرێك ڕەنجی بێ بایەخ و دزێو. لە دەرەوەی مندا جیهان بەڕادەیەك دزێو بوو، ئەم پەرداخە چڵکانەی سەر مێزە بە ئەندازەیەك دزێو بوون و پەڵە قاوەییەکانی سەر ئاوێنەکە و بەردانکەی مادلین نیگای میهرەبانی دۆستی زەبەلاحی خاتوونی خاوەن کافەکە بەڕادەیەك دزێو بوو، خودی هەبوونی جیهان بە ئەندازەیەك دزێو بوو کە من هەستم دەکرد ئاسوودەم و لە ئامێزی خێزانمدام. ئێستا، ئەو ئاوازەی ساکسۆفۆن دەگاتە جێ. من شەرمەزارم. ڕەنجێکی بچکۆڵەی شکۆمەند تازە لەدایك بووە، ڕەنجێکی نموونەیی. چوار نۆتە ساکسۆفۆن. دێن و دەڕۆن، وادەزانی دەڵێن: ((دەبێ وەکوو ئێمە کاربکرێ، دەبێ (بەشێوەی پێواو) ڕەنج بکێشرێت.)) ئێ، بەڵێ! ئەڵبەتە بەڕاستی حەزدەکەم ئاوا ڕەنج بکێشم، بەشێوەی پێوراو، بەبێ هیچ ڕەزامەندییەك، بەبێ هیچ زگ پێ سووتانی خۆم، بەبێ خەوشییەکی بەیارەوە، بەڵام ئایا تاوانی منە کە بیرەی بنی پەرداخەکەم شیلەتێنە، ئەگەر کۆمەڵە پەڵەیەکی قاوەیی لەسەر ئاوێنەکە هەیە، ئەگەر من زیادەم، ئەگەر ڕاستگۆیانەترین و ویشکترین ڕەنجەکانم بە قورسی خۆیان بە خشەخش ڕادەکێشن، بەگۆشتێکی زۆر زیاد و پێستێکی زۆر شلەوە، وەکو فیلی دەریایی، بە چاوی گەورەو شێدار و کاریگەر و بەڵام زۆر دزێوەوە؟ نا، ئەڵبەتە ناکرێ بگوترێ کە ئەو بە سۆزە، ئەم ئازارە بچوکەی ئەڵماس کە لەسەر تاوانەکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو تووشی ڕامانم دەکات. تەنانەت گاڵتەجاڕیش نییە. شادومانە دەسووڕێتەوە، بە تەواوی پەلکێشی خۆیەتی، هاوشێوەی داسێك یەك ڕەنگی بێ تامی دنیای دروەتەوەو ئێستا دەسووڕێتەوەو هەموو ئێمە، مادلین، پیاوە زەبەلاحەکە، خاتوونی خاوەن کافە، خودی من و مێزەکان، کورسییەکان، ئاوێنەی پەڵەدار، پەرداخەکان، هەموو ئێمەی کە خەریکبووین خۆمان دەدایە دەستی هەبوون، چونکە لە نێو خۆماندا بووین، لە نێو خۆماندا و بەس، ئەو ئێمەی لە بێ دەربەستی و بێ بەندوباری ڕۆژنەماندا خافڵگیر کردووە: من لە بارەی خۆمەوەو ئەوەی لە پێشیەوە بوونی هەیە، شەرمەزارم.

ئەو بوونی نییە. تەنانەت لەم حاڵەشدا مرۆڤ بێ تاقەت دەکا، ئەگەر هەڵدەستام، ئەگەر پڕم دەدایە تاوانەکە لەسەر گرامافۆنەکە کە ڕایگرتووەو دوو کەرتم دەکرد، بە ئەو نەدەگەیشتم، ئەو. ئەو لە دواوەیە-هەمیشە لەدوای شتەوە، لە دوای دەنگێك، لەدوانی نۆتەیەکی ڤیالۆن. لەنێو کەلێنی چڕی هەبووندا بەدیار دەکەوێ، ناسك و قایم و کاتێك کەسێك بیەوێ بیگرێ، جگە لە

بوونەوەر تووشی شتی دیکە نابێت، لەگەڵ بوونەوەری داڕووتاوە لـە واتـادا بەریـەك دەكـەوێ. ئـەو دوای ئەوانەوەیە: من تەنانەت ئەو نابیستم، من كۆمەڵە دەنگێك دەبیستم، لەرینـەوەكانی هـەوایی كە بە دیاریان دەخات. ئەو بوونی نییە، لەبەر ئەوەی هیچی زیادەی نییە: تەواوی پاشماوەیە كـە لـە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا زیادەیە. ئەو (هەیە).

منیش ویستم كە (هەبم). شتێكی دیكەم جگە لەمە نەدەویست، ئەمە دوایـین قسـەی ژیانمـە: لەبن هەموو ئەم كۆششانەی كە نا بەردەام دەیانكرد، من ئارەزوویەكی تاك دەدۆزمەوە: ئـەوەی كـە هەبوون لە خۆم دەربكەم، ساتەكان لە چەورییەكانیان بەتاڵ بكەم، بیانگوشم، ویشـكیان بكەمـەوە، خۆم بپاڵێوم، خۆم ڕەق بكەم، تاكوو سـەرەنجام دەنگـی ڕوون و وردی نۆتەیـەكی ساكسـوفۆن بـەدی بێنم. ئەمە تەنانەت دەتوانێ وەكوو ئەفسانەیەكی ئەخلاقی بەكاربێت: پیاوێكی دامـاو هـەبوو كـە چوو بووە دنیایەكی مایە پووچەوە. ئەو هاوشـێوەی خـەڵكانی تـر لـە دنیـای باخـەكانی میللـی، بیسترۆكان، شارە بازرگانییەكانـدا بـوونی هـەبوو و دەیویسـت قەناعـەت بـەخۆی بكـات كـە لـە شوێنێكی دیكـە ژیـان بەسـەر دەبـات، لـە پشـت پـەردەكانی وێنەكێشـان، لەگـەڵ دوجـەكانی[1] وێنەكێشـراوەكانی تینتۆرتـو[2]، لەگـەڵ فلۆڕانسـیە باشـەكانی گوتوسـولی[3]، لـە پشـت لاپـەڕەی كتێبەكانەوە، لەگەڵ فابریچە دل دۆنگۆ[4] و ژۆلین سورێل[5]، لە پشت قاوانـەكانی گرامـافرن، لەگـەڵ ناڵەكانی درێژ و وشكی جاز. پاشان دوای ئەوەی بە تەواوی بێ ئـەقڵی كـرد، تێگـەیی، چـاوەكانی كردنەوەو دیتی كە هەڵەیەك ڕووی داوە. بەڕاستی ئەو لە بیسـترۆیەكدا بـوو، بەرامبـەر پـەرداخێك بیرەی شیلەتێن. لەوێ لەپێ پەڕیوانە لەسەر كورسی مایەوە، بیری كردەوە: من گەمژەم. ڕێـك لـەو ساتەشدا، لەوپەڕی بوونەوە، لەو دنیایەی دیكەدا كە دەتوانرێ لـە دوورەوە ببینـدرێت، بـێ ئـەوەی هەرگیز نزیك ببیەوە، ئاوازێكی بچووك دەستی بەسەما كرد، دەستی بە گۆڕانی گوتن كرد: ((دەبـێ وەكوو من بێ، دەبێ بەشێوەی پێدراو ڕەنج بكێشی.)) دەنگەكە دەیگوت:

---

١- سەرۆكەكانی كۆماری كۆنی جنیواو ڤنیز. (وەرگێڕ)

٢- وێنەكێشی ئیتاڵیایی ١٥١٨-١٥٩٤ (وەرگێڕ)

٣- وێنەكێشی ئیتاڵیایی، ١٤٢٠-١٤٩٧. (وەرگێڕ)

٤- پاڵەوانی ڕۆمانی ئەشكەوتی پاڕەما نووسینی ستانداڵ، نووسەری فەڕەنسایی، ١٧٨٣-١٨٤٢. (وەرگێڕ)

٥- پاڵەوانی ڕۆمانی سوور و ڕەش نووسینی ستاندال. (وەرگێڕ)

Som of these days

You'll Miss me honex

بەدڵنیاییەوە کەسێك قاوانەکەی لەو خاڵە ڕوشاندووە، لەبەر ئەوەی دەنگێکی سەیری لێ دەردەچێ. هەروەها شتێك هەیە کە دڵ دەگوشێ: ئەوەی کە ئاوازەکە لە کاریگەری ئەو بڕدراوە بچووکەی دەرزیەکە لەسەر قاوان بە تەواوی وەلا دەکەوێ. ئەو زۆر دوورە-دوور دوورەکان لە پشتەوە. لەوە تێ دەگەم: قاوانەکە خەریکە دەڕووشێ و دەڕزێ، لەوانەیە گۆرانیبێژەکە مردبێ، من بۆخۆم خەریکم دەڕۆم، دەچم سواری شەمەندەفەر ببم، بەڵام لە پشت بوونەوەرێکەوە کە لە زەمەنێکی نوکەیی دەکەوێتە زەمەنێکی نوکەی دیکەوە، بەبێ ڕابردوو، بەبێ داهاتوو لە پشت ئەم دەنگانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەناودەچن، پێستیان هەڵدەوەرێ و بەرەو مەرگ شۆڕ دەبنەوە، ئاوازەکە بە هەمان حاڵەت دەمێنێتەوە، گەنج و پتەو، وەکوو شایەدێکی بێ بەزەیی. دەنگی گۆرانیبێژەکە کپ دەبێتەوە. قاوانەکە کەمێك خشە خش دەکات، پاشان لە جووڵە دەکەوێ. کافەکە لە خەونێکی موزاحیم ڕزگاری بووە، زللە لە گیپە ئەستوور و سپییەکانی هاوڕێکەی دەدات، بێ ئەوەی سەرکەوێ ڕەنگێك بداتە ئەوان. گیپی مردوو. من لەسەر حاڵەتی ڕووت و مەند کەوتووم، دەکەومە نیوە خەوەوە. تاکوو چارەکێکی دیکە لە شەمەندەفەردا دەبم، بەڵام بیری لێ ناکەمەوە. بیر لەو ئەمەریکاییە ڕیش تاشراوە دەکەمەوە بە بڕۆی ڕەشی بڕەوە کە لە نهۆمی بیستی بینایەکی نیویۆرك خەریکە لە گەرمان بخنکێ. ئاسمان بەسەر نیویۆرکەوە سووتێنەرە، ڕەنگی شینی ئاسمان گڕی گرتووە، بڵێسە گەورە زەردەکان دێن و سەربانەکان دەلێسێتەوە کوڕوکاڵی بڕوکلین دەیانەوێ بە توێی مایۆوە بچنە ژێر لوولەکانی ئاوپڕژێن ڕاوەستن. ژوورە تاریکەکە لە نهۆمی بیستەمدا لە گەرمان خەریکە دەکوڵێ. ئەمەریکاییە بڕۆ ڕەشەکە ئاخ هەڵدەکێشێ، هەناسە بڕکێیەتی و ئارەقەی بەڕوومەتاندا دێتە خوارێ. بەلایەکی کراسەوە لە پشت پیانۆکەی دانیشتووە، لەناو دەمیدا تامی دووکەڵ هەیە و لەسەریشیدا، بە جۆرێکی شاراوە، تارماییەك لە ئاوازێك.

Som of these days.: تۆم تاکوو سەعاتێکی دیکە مەتارە بە قەدەوە دەگاتەجێ. پاشان هەردووکیان دەکەونە سەر قەنەفەی چەرمی و پەرداخە پڕە کحولەکانیان دەخۆنەوەو ئاگری ئاسمان دێت و قوڕگیان دەسوتێنێ، ئەوان هەست بە کێشی خەوی گەرمی گەورە دەکەن، بەڵام بەر لە هەموو شتێك دەبێ نۆتەکانی ئەو ئاوازە بنووسرێنەوە. These miss me honey some of days. You'll

ئاوا ڕوویدا. ئاوا یان جۆرێکی دی، ئەوەندە گرینگ نییە. بەم جۆرە لەدایك بوو. جەستەی هیلاك و ماندووی ئەو جوولەکە برۆ خەڵووزیە بوو کە ئەو، بۆ لەدایکبوونی هەڵی بژارد. ئەو قەڵەمدارەکەی شل ڕاگرتبوو و دڵۆپە ئارەقە لە قامکە ئەنگوستیلە پۆشەکەیەوە دەرژایە سەر کاغەز. ئەی بۆچی من نا؟ بۆ دەبوایە ڕێك ئەم لاشە گەورەیەی سیغناغ لە بیرەی پڕ و پووچ و کحول بێت تا ئەوەی کە ئەو موعجیزەیە ببێتە ڕاستەقینە؟

((مادلین، دەکرێ دووبارە قاوانەکە بخەیەوە سەری؟ تەنیا یەك جار، بەر لەوەی کە بڕۆم.))

مادلین دەداتە قاقای پێکەنین. دەسکی گرامافۆنەکە دەسووڕێنێ و دووبارە دەست پێدەکاتەوە، بەڵام من ئیدی بیر لەخۆم ناکەمەوە. بیر لەو پیاوە دەکەمەوە کە ئێستا لەو سەرانەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی حوزەیرانی، لەنێو گەرمای ڕەشی ژوورەکەیدا ئەو ئاوازەی چڕیوە. هەوڵ دەدەم لەمیانەی ئەو ئاوازەدا بیر لەوی بکەمەوە، لەمیانەی دەنگە سپی و تام ترشی ساکسوفۆن. ئەو دروستی کرد. ئەو کۆمەڵە گرفتارییەکی هەبوون، هەموو شتێك وەکوو پێویست گونجاو و لەبار نەبوو بۆی: دەبوایە کرێیەکان بدات-لەوانەشە ژنێك لە جێیەك بوو کە بەو جۆرەی ئەو حەزی دەکرد، بیری لێ نەدەکردەوە-پاشانیش ئەو گڕەی گەرمای تۆقێنەر بوو کە مرۆڤەکانی دەکردنە چاڵێکی چەوری تواوە. لە هەموو ئەمانەدا هیچ شتێکی زۆر جوان یان هیچ شتێکی شکۆدار نییە، بەڵام کاتێك گوێ بیستی ڕیزبەندی دەبم و بیردەکەمەوە کە ئەو پیاوە دروستی کردووە، ڕەنج و ئارەقەی... بۆمن وروژێنەرن. ئەو خۆش بەخت بوو. ئەڵبەتە پێویست نەبوو پەی بەمە بردبێت. بەدڵنیاییەوە بیری کردۆتەوە: بە کەمێك شاشەوە، ئەم داهێنانە دەبێ پەنجا دۆلارم بە نسیب بکات! ئێ، لەدوای ساڵانێکی دوور و درێژ ئەمە یەکەمجارە کە مرۆڤێك لەبەر چاوم ورووژێنەرە. حەزم دەکرد شتێك دەربارەی ئەو پیاوە بزانم. حەزدەکەم زانیاری پەیدا بکەم کە چ جۆرە گرفتاریەکی هەبوون، کە ئایا ژنی هەبووە یان بە تەنیا ژیاوە. ئەم حەزە بەهیچ جۆرێك لە ڕووی مرۆڤدۆستییەوە نییە: بە پێچەوانەوە. بەڵکوو لەبەر ئەو هۆیەی کە ئەوی دروست کردووە. مەیلێکم بۆ ناسینی نییە، جگە لەوەش لەوانەیە مردبێت، تەنیا دەمویست هەندێك زانیاری لە بارەوە بەدەست بێنم و بتوانم ناوە ناوە، کە گوێ لەم قاوانە دەگرم، بیری لێ بکەمەوە.

پێم وانییە ئەگەر پێیان بگوتایە کە لە حەوتەمین شاری گەورەی فەڕەنسا، لە نزیك وێستگەی هێڵی ئاسن کەسێك هەیە کە بیر لەوی دەکاتەوە، کەمێك دادی بدات، بەڵام ئەگەر من لە جێی ئەو

بوومایە، شادمان دەبووم. ئیرەییم پێ دەبرد. دەبێ بەڕێ بکەوم. هەڵدەستم، بەڵام ساتێك هەڵوەستە دەکەم، حەز دەکەم گۆرانی گوتنی ژنە ڕەش پێستەکە ببیستم. بۆ دواجار.

ئەگەر گۆرانی دەڵێ. دوو کەس ڕزگاریان بووە! پیاوە جولەکەکە و ژنە ڕەش پێستەکە ڕزگاریان بووە. لەوانەیە بیریان کردبێتەوە کە تا کۆتایی لەدەست چوون، لە نێو هەبووندا نوقم بوون. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هیچ کەس نەیدەتوانی بەو جۆرە سۆزەوە بیریان لێ دەکەمەوە، بیرم لێ بکەنەوە. هیچ کەس، تەنانەت ئانیش. بۆم کەمێك وەکوو مرۆڤی مردوو، کەمێك هاوشێوەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانن، ئەوان خۆیان لە گوناهی هەبوون پاڵاوتووە. ئەڵبەتە نە بە تەواوی، بەڵکوو تا ئەو جێیەی کە لە توانای کەسێکدا بێت. ئەم بیرە لەناکاو بە توندی دام دەچڵەکێنێ، لەبەر ئەوەی تەنانەت ئومێدیشم پێی نەبوو. هەست دەکەم کە شتێك شەرمنانە لێم دەخشێ و من ناوێرم جووڵە بکەم، لەبەر ئەوەی دەترسێم مەبادا بڕوات. شتێك کە ئیدی نەمدەناسی: جۆرە شارییەك، ژنە ڕەش پێستەکە گۆرانی دەڵێ. کەواتە ئایا مرۆڤ دەتوانێ بوونی خۆی پاساو بدات؟ تەنیا کەمێك؟ زۆر هەست بە ترسنۆکی دەکەم. ئە ئەوەی کە ئومێدێکی زۆرم هەبێت، بەڵام لە کەسێك دەچم کە لە دوای سەفەرێك لە بەفردا بە تەواوی تەزیوەو لەناکاو دەچێتە ژوورێکی گەرمەوە. پێموایە لەبەر دەرگا بێ جووڵە دەبێت، لەکاتێکدا کە هێشتا سەرمایەتی، مچوڕکی سارد دەکەوێتە تەواوی جەستەیەوە.

Som of these days

Yov'll miss me holex

ئایا من ناتوانم هەوڵی خۆم بدەم... ئەڵبەتە قسە لەسەر ئاوازی مۆسیقا نییە... بەڵام ئایا ناتوانم لە حەوزەیەکی دیکە؟... دەبێ کتێبێك بێت: شارەزانیم هیچ کارێکی دیکە بکەم، بەڵام نەك کتێبێکی مێژوویی: مێژوو لەبارەی شتێکەوە قسە دەکات کە هەبووە-بوونەوەرێك هەرگیز ناتوانێ هەبوونی بوونەوەرێکی دیکە پاساو بدات. هەڵەکەم ئەوەبوو کە هەوڵم دەدا مارکی دورلبۆن زیندوو بکەمەوە. کتێبێك لە جۆرێکی دیکە. بەباشی نازانم چ جۆرێك، بەڵام دەبێ لە پشت وشە چاپکراوەکاندا، لە پشت لاپەڕەکانەوە، مەزەندەی شتێك بکرێ کە بوونی نەبێت، کە لەسەر هەبوون بێت. بۆ نموونە، مێژوویەکی کە قەت ئەگەری ڕوودانی نەبێت، بەسەرهاتێك. ئەو دەبێ جوان و وەکوو پۆڵا ڕەق بێت و خەڵك لە هەبوونی خۆی شەرمەندە بکات.

بەڕێ دەکەوم دەڕۆم، هەستێکی شاراوە و پوکاوە دەکەم. نـاوێرم بڕیارێـك بـدەم. ئەگـەر دڵنیـا بوومایە کە توانام هەیە... بەڵام هەرگیز هەرگیز شتێکم لەو جۆرە نەنوسیووە، وتارە مێژووییەکان، بەڵێ-ئەگەر بکرێ وایان ناو لێ بنرێت. کتێبێك. یەك ڕۆمان. کەسانێکیش دەبن کـە ئـەو ڕۆمانـە دەخوێننەوەو دەڵێن:

((ئانتوان ڕووکانتن نوسیوویەتی، مرۆڤێکی قژ سوور بوو کـە لـە کافەکانـدا دەسـووڕایەوە.)) و ئەوان بیر لە ژیانم دەکەنەوە هەروەکوو چۆن من لە بیر لە ژیانی ئـەو ژنـە ڕەش پێسـتە دەکەمـەوە: وادەزانی لە شتێکی گرانبەهاو ئەفسانەیی. کتێبێك ئەڵبەتـە، لـە سـەرەتادا کـارێکی بێزارکـەر و ماندووکەر دەبێت و بەس، لەمپەری هەبوونی من یان ئەوەی کە هەست دەکەم بوونم هەیـە نابێـت، بەڵام بەڕاستی سەردەمێك دێت کە کتێبەکە نووسراوە، لە دوامەوەیە، منـیش بـیر دەکەمـەوە کـە کەمێك لە ڕووناکیەکەی دەکەوێتە سەر ڕابردوم. پاشان لەوانەیە بتوانم لە نێویدا ژیانم بـەبێ لـە دڵ دران بێنمەوە یاد. ڕەنگە ڕۆژێك کە ڕێك لەم ساتەدا، لەم ساتە کەسەراوی و تاریکە بیر دەکەمـەوە کە تێیدا بە کوێری چاوەڕوان دەکەم تا کاتی سواربوونی شەمەندەفەر بێت، ڕەنگە هەست بکەم کـە ترپەکانی دڵم خێراتر دەبن و بەخۆم دەڵێم: ((لەو ڕۆژەدا، لـەو سـەعاتەدا بـوو کـە هـەموو شـتێك دەستی پێ کرد.)) و سەردەکەوم-لە ڕابردوودا، تەنیا لە ڕابردوودا کە خۆم قبوڵ بکەم. شەو دەگاتـە جێ. لە نهۆمی یەکەمی هوتێل پرنتانیادا هەر ئێستا دوو پەنجەرە ڕووناك بوونەوە. کارگـەی نـوێی هێڵی ئاسن بۆنی توندی داری شێدار دەدات: سبەینێ باران بەسەر بۆڤیلدا دەبارێ.